سیلڤیا ڕافائیل

چیرۆکی ژیان و مردنی سیخورێکی مۆساد

ڕام ئۆرێن و مۆتی کفیر

بە کوردی کردنی: کەریم قادر

- **ناوی کتێب:** سیلڤیا ڕافائیل، چیرۆکی ژیان و مردنی سیخورێکی مۆساد
- **نووسینی:** ڕام ئۆرێن و مۆتی کفیر
- **بە کوردی کردنی:** کەریم قادر
- **هەڵەچنی:** یاسین فەریق سێلکی
- **دیزاینی ناوەوە:** ڕەنجبەر شەوکەت پیرانی
- **دیزاینی بەرگ:** دیار سەعید پیرانی
- **سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی
- **ساڵی چاپ و شوێن :** ٢٠٢١- هەولێر
- **چاپخانە:** ڕۆژهەڵات
- **تیراژ:** ٢٠٠٠

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (....) ساڵی ٢٠٢١ پێدراوە.

پێرست

- پێشدەست ٥
- تێبینی دانەران ٧
- بەرایی ٩
- پلانی کوشتن ١٣
- میوانێکی چاوەڕوان نەکرا ٢٠
- شەوێک لە گوندێکی عەرەباندا ٦٣
- دەستگیرکردن و لێپرسینەوە ١٠٥
- زیندانیکردن لە کەمپی ئاوارەاندا ١٧٦
- پیاوێک بە پۆشاکی ژنانەوە ٢٧٥
- چیرۆکی خۆشەویستی ٣١٠
- دوا وتە ٣٨٧

پێشەست

کاتێک چیرۆکی خۆشەویستی (سیلڤیا ڕافائیل)م بەناوی "ژیان و مردنی سیخوڕێکی مۆساد"خوێندەوە، بۆ هاوواڵاتییەکی بێ دەوڵەت و خاک پارچە پارچە کراو و هەڕەشە لێکراوی منی کورد، هەم مایەی واقوڕمان هەم ئیرەییبردن بوو، چونکە وڵات بە کەسانی ئازا و لەخۆبردوو بە پێوە دەمێنێ و باڵا دەبێت کە خۆشییەکانی ژیانێکی کپ و بێ ژاوەژاو و ترس و لەرز ناکەنە پێشینەی ویست و حەزەکانیان، نەک بە کەسانی لەرزۆک، مشەخۆر و خەمسارد بەرامبەر بونیاتنان و پاراستنی نیشتمان.

ئیسرائیلێکی چەند ملیۆن کەسی، سەرباری ناتەبایی و ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان پارتە سیاسییەکانی، بە لەخۆبردوویی و چاونەترسی هاوواڵاتییەکانی وەک سیلڤیا، کە ئەرکی پاراستنی وڵات لە سەرووی ژیانی کەسی خۆیان دادەنێن، توانیویەتی بەرامبەر هەوڵەکانی قڕکردن و ڕەتکردنەوە بوەستێت و وەک چیا بە پێوە بمێنێتەوە. ئەگەر ئەو هەڵوێستە جێی شانازی گەلی ئیسرائیل بێت، بۆ بێبەشکراوان لە مافە ڕەواکان جێی پەند و بەخۆداچوونەوەیە.

لە ماوەی کەرەنتینەدا، ئەو کتێبەم خوێندەوە، کە چیرۆکی کارمەندێکی مۆساد دەگێڕێتەوە و لە تۆغیانی تەمەنیدا لەپێناو پاراستنی شکۆی خوێنی شەهیدان و دووبارە نەبوونەوەی هۆلۆکۆست، دەست لە ژیانە خامۆشە مەیسوورەکەی هەڵدەگرێت و سەرکێشی و جەربەزیی بە گیانی خۆی دەکات. لە هەنگینرا بە کوردی کردنی لە کەلکەلەی دام، بەڵام بە هۆکارگەلێک سارد بوومەوە و دەستم بۆی نەبرد.

دواجار بە هاندانی دۆستێکم ملم لەبەر بە کوردی کردنی نا بەو مەبەستەی بتوانم خزمەتێک بە کتێبخانەی کوردی بکەم. ئەوەتە ئەمن ئەرک و گفتی خۆم بە جێهێنا، دواجار بڕیار لە کن ئێوەی خوێنەرە کە ئایا ئەم کتێبە بە سوودە یان نا؟

پێویستە باس لەوەش بکەم کە لە ناو گەلەکەماندا کەسانی نیشتمانپەروەر و گیانفیدا هەبوونە هەموو ژیانی خۆیان بۆ پاراستن و پێشکەوتنی گەلەکەیان تەرخانکردووە، بەڵام بەداخەوە بە هۆکارگەلێک خەباتەکەیان بزرە، لە کاتێکدا ئەگەر هەوڵ و خەباتی بێوچانی ئەو ڕۆژە نیشتمانپەروەرانە نەبا، سەخت بوو گەلەکەمان بەرگەی پیلان و هەوڵە نەپساوەکانی تواندنەوە و قڕکردنی بگرتبا.

بۆیە کاتی هاتووە دەست بە نوسینەوەی بیرەوەریەکانیان بکەن بۆئەوەی بەشدار بن لە هەڵگێڕانەوەی ئەو خەمساردی و نائومێدییەی خەریکە تاکەکانی کۆمەڵگە، بەتایبەتی نەوەی تازە پێگەیشتوو بگرێتەوە.

تێبینی دانەران

چیرۆکی سیلقیا ڕافائیل،جەنگاوەری نهێنی مۆساد، بەرەنجامی تـوێژینەوەیەکی فراوان و ژمارەیەک چاوپێکەوتن و کـۆکردنەوەی بەڵگەنـامەی تـایبەت بە ژیـان و چالاکییەکـانیەتی، بەڵام بەهـۆی کۆتەکـانی پەیوەسـت بە ئاسایشـەوە نـاوی ڕاسـتەقینەی هەنـدێ کەس لەگەڵ وردەکارییەکـانی هەنـدێ لە ئۆپەراسـیۆنەکانی مۆسـاد دەسـتکاری کـراون. لە هەنـدێک حاڵەتیشـدا بـۆ شـاردنەوەی نەدەکـرا وردەکارییەکانی بخرێنەڕوو، دانەران بە شێوازێکی ئەدەبیانە جڵەوی خەیاڵیان شل کردووە.

بەرایی

لەناو ئەندامانی دەزگا هەواڵگرییەکان گوتەزایەکی باو هەیە: هەواڵگری دووەمین پیشەی دێرینی جیهانە، تاقە جیاوازی نێوان ئەم پیشەیە لەگەڵ یەکەمین دێرینترین پیشەدا ئەوەیە کە کەم مۆراڵترە.

بەڵام چیرۆکی سیلڤیا ڕافائیل، جەنگاوەری نهێنی سەر بە یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی مۆساد، ئەم گوتەزایە دەخاتە ژێر پرسیار، چونکە لە لایەک ئەوە شیدەکاتەوە کە بە باوەڕی هەواڵگریی هەر حیلەییێکی کارا چەندێک جێی گومانیش بێت، لێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕەوایەتی خۆی هەیە. لەلایەکی دی پیشان دەدات دەبێت ئەو سیخوڕانە لە خۆ کۆنترۆڵکردن و دڵسۆزیدا ڕژد و خۆڕاگر بن لە بەرامبەر دوژمنێکدا کە (دەست لە هیچ شتێک ناپارێزێت) وێڕای لەبەرچاوگرتنی پاراستنی بەها مۆراڵییەکان و هەوڵی بەردەوام بۆ دوورکەوتنەوە لە زیانگەیاندن بە خەڵکی لابەلا، ئێجا بە هەر نرخێک بێت.

دانەرانی ئەم پەرتووکە باس لە چیرۆکی تێکۆشانی بێوچانی سیلڤیا ڕافائیل دژ بە ئەندامانی یەکەی بلاک سێپتەمبەری سەر بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەڵەستین و وردەکاری پرۆسەی هەڵاوێردن و هەڵبژاردن و تاقیکردنەوەی سەخت و گشتگیر و ڕاهێنانی چڕ و قوڵ دەکەن کە جەنگاوەر بەرلەوەی ئەرکی پێ بسپێردرێت، دەبێت پێیدا تێپەڕێت.

ڕووداوی لیلەهامەر و بە هەڵە پاکتاوکردنی ئەحمەد بوشیکی بێ گوناهی لاوی نەرویجی بە ڕەگەز مەغریبی، لەزۆر ڕووداو لەگەڵ سیاسەتی وریایی و دیقەتەکان تێکناکاتەوە کە بەداخەوە هەندێجار بەهۆی پەلە کردن لە ئەنجامدان، باز بەسەر کۆت و ڕێکارەکان دەدرێت. لەگەڵ ئەوەی پێویستی بە چاوەڕوانی هەبێت تا دەرفەتێکی باشتر دەڕەخسێت بۆئەوەی لە بارودۆخێکی کەمتر خەیاڵیدا

بڕیار لە پێشڤەبردنی کردەوەکە بدرێت. بەداخەوە ئەوەی لە لیلەهامەر ڕووێدا و زۆر ڕووداوی نەخوازراوی دی، تەنیا لەناو دەزگا خزمەتگوزارییە نهێنییەکانی ئیسرائیل بوونیان نییە، بەڵکوو لە هەموو ڕێکخراوەکانی هەواڵگریدا هەن و ڕوودەدەن.

سیلڤیا ڕافائیل ئافرەتێکی خوێن گەرم، وێڕای ئەوەی بڕوای تەواوی بە سەرووی خۆی هەبوو، بەڵام بە هەڵە کوشندەکەی لیلەهامەر تووشی نا ئومێدییەکی قوڵ بوو، چونکە بەهۆی داڕشتنی پلانێکی سەرنەکەوتووی کردەوەیەک، سەرەنجام تیمی ئۆپەراسیۆن دەستگیر و زیندانی کران.

بۆیە مایەی سەرسوڕمان نییە، پاش ئەو شکستە گەورەیە سیلڤیا بەمشێوەیە ناخی خۆی هەڵڕژێت و بنووسێت: "دوای ڕووداوەکەی لیلەهامەر شتێک لە ناخمدا شکا...بۆیە حەزی درێژەدانم بە خزمەتکردنی خەڵکانێک کە زۆر ڕێزم لێدەگرتن ئاسایی بوو داخورێت، چونکە لە هزرمدا پاڵەوانەکانم پیاوی بێ غەلوغەش بوون، بەڵام لە هیکڕا لەبەر ڕوناکیدا ئەوانم بە شێوەیەکی جیاواز بینی. ئای چەندە مایەی بەزەیی هاتنەوەیە..."

بێگومان، لە ڕووداوەکەی لیلەهامەر، هەر یەک لە مۆساد، دەزگای هەواڵگری ئیسرائیل و جەنگاوەرانی نهێنی یەکەی تایبەتی ئۆپەراسیۆنی تایبەت وانەیەکی بەهاداریان وەرگرت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی پلانەکەیان داڕشتبوو، ئەوانەشی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەیان لە ئەستۆبوو، هەرگیز لە خراپ لێکدانەوە و بێ بەختی بێبەری نین.

لە ڕاستیدا، شکستی لیلەهامەر بۆ لاوازکردنی جەنگاوەرانی مۆساد و هەڵکردن لەگەڵ ئەرکەکانیدا شتێک نەبوو کە لە کۆتاییدا بێ باج تێپەڕێت، بە پێچەوانەوە، دواجار هەوڵە نەپساوەکانی بۆ خستنەداو و پاکتاوکردنی عەلی حەسەن سەلامەی

گەورە تیرۆریست و فەرماندەی بـلاک سـێپتەمبەر سـەرکەوت و بەم کـردەوەیەش سیلڤیا ڕافائیلی بوێر و خوێن گەرم ئاهی هاتەوە بەر.

لە دوماهیـدا، نابێـت ئەوە لە بیـر بکرێـت کە بەشـێکی زۆری چالاکییەکـانی مۆساد و دەزگای هەواڵگری بە گشتی، تەنیا خستنەداو و پاکتاوکردنی دوژمنەکانی لەخۆ ناگرێت. جگە لە گرنگیدان بەو ئۆپەراسـیۆنانەی بێـوێنەن، ئەرکـی سـەرەکی دەزگا خزمەتگوزارییە نهێنییەکان کۆکردنەوەی زانیارییەکانی پەیوەست بەو پرس و بابەتانەیە کە بۆ ئاسایشی نیشتمانی ژیار و پێویستن.

جەنەڕاڵ شلۆمۆ گازیت

بەڕێوەبەری پێشووی هەواڵگری سەربازی سوپای بەرگری ئیسڕائیل

پلانی کوشتن

نۆ کەسی چەکداری ڕەشئەسمەری قژ ڕەش و دەموچاو خڕی بەردئاسا لە چواردەوری مێزێک ڕوونشتبوون، چەند کۆپی وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگیان لە بەردەمدا بوو، هەر یەکەیان سەر و دانەیان هەڵگرت و بە دیقەتەوە لێی ورد بوونەوە، وێنەکە، وێنەی ئافرەتێکی باڵەبەرز و ڕێکپۆشی شۆخ و شەنگ بوو کە لە بوتیکێکی فاشیۆن لە بازاڕێکی ناو شاری ئۆسڵۆی پایتەختی نەرویج دەردەکەوێ، عەلاگەی بازاڕکردن لە دەستییەتی و لۆگۆی بوتیکەکە (ستیم و ستۆهرس)ی لە سەرە.

بە ڕوونی دیارە ئەم وێنەیە لە دوورەوە بە لێنزی موگناتیزی وەرگیراوە، وێڕای دووربینەکەشی، بەڵام ڕوخساری ئافرەتەکە بە جوانی دیارە و دەبینرێت، ئافرەتێکی شۆخ و ئاسودە و بێ کێشە دیارە، بە دڵنیایی هەستی پێ ناکرێت بە گومان بێت لەوەی کەسێک تاقیبی دەکات و بە نهێنی وێنەی دەگرێت.

کەشوهەوای ژوورەکە چڕە دوکەڵە و دوکەڵی جگەرە ئاسمانی ژوورەکەی تەنیووە، هەرچەندە پەنجەرەکان داخراون، بەڵام دەنگە دەنگی شەقام و بانگی مزگەوتەکەی نزیک بە جوانی دەبیسترێت. کات دەمەو ئێوارەیەکی زووی هاوینی ساڵی ١٩٧٧ی ڕۆژئاوای بەیرووتی لوبنانە، خەڵکی لە کارەوە بەرەو ماڵ دەگەڕێنەوە و ئۆتۆمبیلەکان ڕووە و ترافیکلایتەکە ڕیزیان بەستووە، گڵۆپی شەقامەکان دەبریسکێنەوە.

لە سەری مێزەکە عەلی سەلامە ڕوونشتییە، پیاوێکی قۆزی قژ گروازەی تەمەن ٣٧ ساڵییە. هەرچەندە ئەوانی دی لە هۆکاری بانگهێشت کردنیان بۆ ئەو

کۆبـــوونەوەیە تێگەیشـــتن کە وێـــنەکەی بەردەمیـــانە، بەڵام چـــاوەڕێبوون سەرکردەکەیان زیاتریان بۆ ڕوون بکاتەوە.

سەلامە قسەی کردوو، گووتی: ئەوە وێنەی سیلڤیا ڕافائیلە.

هەرچەندە هیچ یەکێک لەوان هەرگیـز ئەویـان نەبینیـووە، بەڵام بە نـاوەکەی ئاشنا بوون. لە ڕاستیدا زۆر بە ڕێز و سەرسوڕمان و وریاییەوە باسی ئەویان کرد کە ئامرازی پاکتاوکردنی زۆرێک لە هەڤاڵانیان بووە.

سەرکردەکەیان بە لێبراوییەوە گووتی: ئەم ئافرەتە دەبێت بمرێـت. هـیچ کەس لە ئامادەبووانی سـەر مێـزەکە بەم قسـەیە چاویـان نەتروکانـد، چـونکە زۆربەیـان بکـوژی پیشـەگەر و شـارەزابوون، هەروەهـا ڕزگـاربوون لە کەسـانی وەک سـیلڤیا کاری ڕۆژانەیان بوو.

عەلی حەسەن سەلامە، ئەفسەرێکی باڵای ئۆپەراسیۆنی بـلاک سـێپتەمبەر بـوو کە یەکێـک لە ڕێکخـراوە هـوقی و مەترسـیدارەکانی جیهـان بـوو. لە ئەنجـامی پەلامـارە تیرۆریسـتییەکانیاندا ژمـارەیەکی زۆر لە خەڵکـی ئیسـرائیل و جـوو بە دەسـتی ئەو ڕێکخـراوە کـوژراون، هەروەهـا ئەنـدازیار و نەخشـەدانەری هێرشـە کوشندەکەی سەر وەرزشوانانی ئیسرائیل بوو کە لە ئـۆڵمپیکی میونشـن ڕوویـدا، هەر خۆشـی فەرمانـدەی ئەو ئۆپەراسـیۆنەی کـرد کە بـووە مانشـێتی دەزگاکـانی ڕاگەیاندی نێودەوڵەتی. لە حەفتاکاندا کاتێک ڕێکخراوەکەی لەوپەڕی چالاکیدا بوو عەلـی سـەرتۆپی شـەپۆڵی پیاهەڵـدان بـوو کە سـەرکردە تیرۆریسـتییەکانی دی خەونیان پێوە دەبینی. عەلی بە زگماک سـەرکردە، پـتەو، لێهـاتوو، بـوێر و خـودان بڕیار بوو، پیاوەکانی بێ پرسیار وەک خۆی هەموو فەرمانێکیـان جێبەجـێ دەکـرد. چونکە سیمبوڵی تێکۆشانی فەڵەستین و یاسر عەرەفاتی سەرکردەی فەتـح بـوو کە بەناوی ئەوەوە بلاک سـێپتەمبەر کردەوەکـانی دەکـرد. لە بۆنەکانـدا ڕایدەگەیانـد،

عەلی ئاواتەکانی دەباتە پێش و هەمیشە ئەوی بە کوڕی خۆی ناو دەبرد.

ئێستا، دوای حەوت ساڵ لە دامەزراندنی بەهۆی شەڕەدەمە ناوخۆییەکان و ناکۆکییە کەسییەکانەوە، بلاک سێپتەمبەر چالاکییەکانی لە کورتیان داوە، بەڵام عەلی سەلامە بۆ گەڕاندنەوەی پێگە و یەکێتی ڕیزەکان و ڕۆژە پیرۆزەکانی بلاک سێپتەمبەر کۆڵی نەداوە و لە تێکۆشان دایە.

عەلی سەلامە هەر سەرکردەیەک نەبوو، بەڵکوو سوودی زۆری لە ناوبانگی باوکیشی وەرگرتبوو کە لە سەرەتای سییەکانەوە لە ناو فەڵەستینییەکاندا بە ڕێزەوە لێی دەڕواندرا. حەسەن سەلامەی باوکی عەلی هەمیشە لەناوەڕاستی پیاوەکانی بە ڕەخت و فیشەکدانەکانی سەر سینگی و دوو دەمانچەکەی بەر پشتێنییەوە دەردەکەوت، لەناو گەورە سەرکردەکانی عەرەبی فەڵەستیندا لە ژێر چاودێری حاجی ئەمین حوسەینی موفتی ئۆرشەلیم، ژمارەیەکی قوڕس بوو. ئەو موفتییەی پشتیوانی لە هیتلەر و قڕکردنی جوو دەکرد و بەر لە شەڕی سەربەخۆیی و قۆناغەکانی بەرایی شەڕدا بە دنە و یارمەتیدانی ئەو، حەسەن سەلامە لەدژی جووان سەرکردایەتی شەڕەکانی عەرەبی فەڵەستینی دەکرد. حەسەن سەلامە سەرکردەیەکی بە ئەزموون، چەلەنگ و فێڵباز بوو کە بە شێوەیەکی سەرەکی سەرکردایەتی هێرشکردنە سەر ئامانجەکانی ئیسرائیلی لە ناوەڕاستی فەڵەستیندا دەکرد. بارەگای حەسەن لەناو باڵەخانەیەکی تۆکمەی ناوجەرگەی ڕامەڵا بوو، لەوێوە فەرمانی هێرش کردنە سەر یافا، تیبە و تۆلکەرەمی دەردەکرد.

بەلای جووەکانی بەر لە دەوڵەتی فەڵەستین، ناوی حەسەن سەلامە بە واتای وێرانکردن و خاپوورکردن دەهات، پێیانوابوو تا حەسەن وا بە گەورەیی ماوە، لەگەڵ عەرەبە هاوسێکانیان کۆتایی کێشەکانیان بەچاوی خۆیان نابینن. بۆیە پاکتاوکردنیان بە کارێکی جەوهەری و بە پەلە دادەنا و لە پێشینەی کارەکانیاندا

بـــوو. هەر لەبەر ئەوەش هێزەکـــانی جـــوو بڕیـــاری گەیشـــتن بەم کۆتاییەیانـــدا، نەخاسمە شتێکی باو بـوو کە بە شـێوەیەکی گشـتی سـەلامە لەنـاو بارەگـاکەی لە ڕامەڵا دەدۆزرێـتەوە. بەرمەبنـای ئەوە سـەربازانی جـوو پەلامـاری بارەگاکەیانـدا، بەڵام لە بەزاندنی دیوارەکـانی و کوشـتنی نێچیرەکەیانـدا سـەرکەوتوو نەبـوون. لە هەوڵەکانی دیکەیاندا لە کەرخـی پـردی گیڤاتیـدا بە هێزێکـی زێـتـرەوە هێرشـیان کردە سەر بارەگایەکی فەڵەسـتینییەکان و توانیـان ٣٩ کەس لە پیاوەکـانی سـەلامە بکوژن، دیسان لەوکاتەدا ئەو لەوێ نەبـوو، بەڵام دواتـر لە سـاڵی ١٩٤٨ لە شـەڕی ڕەئس ئەلعێندا کوژرا. ئەوکات عەلی کوڕە تاقانەکەی تەمەنـی تەنیـا ٩ سـاڵ بـوو، کاتێک گەورە بوو سوێندی خوارد تۆڵەی کوشتنی بـاوکی بکـاتەوە و جـوو لە وڵات ڕامالێ، ئەم سوێندەشی لە ڕێگەی چالاکی تیرۆرییەوە بە جێدەگەیەنێ.

لە ژووری کۆنفرانسی بەیرووت کە تێیدا ئەفسـەرە باڵاکـانی بـلاک سـێپتەمبەر لەگەڵ ســـەرکردەکانیان لە کۆبـــوونەوەدا بـــوون، لەدەرەوەش لە ڕێـــگەی پاسەوانەکانەوە ئاسایشی بۆ دابین کرابوو، بە نیگایەک لە پەنجەرەکـانەوە درک بە هەر جـووڵەیەکی گومانـاوی دەکـرا، چـونکە عەلـی پێحەسـیابوو ئیسـرائیلییەکان تـاقیبی دەکەن، بـۆیە تۆقیبـوو لەوەی ڕەنـگە لە هەر سـاتێکدا پەلامـاری بـدەن و بیکوژن.

عەلی کەسێکی ڕەقەکـار، بـێ بەزەیـی، زیـخ و سەرسـەخت بـوو، بەرپرسـیاری ئەنجامدانی چەندین پلانی گەورەی ڕفانـدن و کوشـتنی ڕاسـتەوخۆی هاووڵاتیـانی سـیڤیلی ئیسـرائیلی بـوو. بـۆ ئەنجامـدانی هێرشـی نـاقۆڵا لەنـاو ئیسـرائیلدا تیرۆریستانی ڕەوانە دەکرد، هەروەها بێ دوودڵی بەرهەڵسـتە سیاسـییەکانی پـاک دەکـردەوە و لە پـێش خـۆی ڕایـدەماڵین، یەقینـیش بـوو لەوەی مۆسـاد، دەزگـای هەواڵگـری ئیسـرائیل بـۆ وەسـتاندن و لە قاڵبـدانی بە هەمـوو دەسـەڵاتییەوە دەیەوێت شتێک بکات، بەڵام هەمیشە لە بن چاوی ئەو سیخوڕانەی بـۆ تاقیـب و

شوێن پێ هەڵگرتنی ڕەوان دەکران، دەربازی دەبوو. بۆیە بەردەوام لە شوێنێک نەدەمایەوە.

لە ئەنجامی کوشتنی جەنگاوەرە باڵاکانی بلاک سێپتەمبەر لە ئەورووپا کە ژمارەیەکی زۆریان دۆستی هەرە نزیکی بوون، عەلی ڕقێکی ئەستووری بەرامبەر مۆساد هەبوو. بلاک سێپتەمبەر تەنیا لە دوو بۆنەدا بە کوشتنی ئەفسەرانی مۆساد توانیان تۆڵە بکەنەوە، بەڵام دەنگدانەوەی ئەم کردەوانە لە بەرامبەر هێرشەکانی مۆساد کاڵ و تەنانەت نەشمابوون کە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ڕۆژنامە جیهانییەکاندا بڵاودەبوونەوە.

لە بەرئەوەی بلاک سێپتەمبەر پێویستی بە خۆ نۆژەنکردنەوە و ڕاستکردنەوەی دەستبەجێی وێنە تەڵخەکەی هەبوو، عەلی سەلامە لەوە گەیشتبوو باشترین ڕێگەی ئەنجامدانی ئەم کارە گورزوەشاندنە لە ئیسرائیل لەو شوێنەی زیاترین ئازاری پێدەگەیەنێت. بۆیە پاکتاوکردنی سیلڤیا ڕافائیلی بە کارێکی نموونەیی دادەنا.

سیلڤیا یەکێک لە جەنگاوەرە پێگەیشتوو و دێرینەکانی مۆساد بوو، ئەندامی هەڵبژێردراوی ئەو تیمە بە ئەزموونەی جەنگاوەرانی نهێنی بوو کە ئەرکیان تاقیبکردنی شوێنی عەلی سەلامە بوو. لە بەرامبەردا سەرکردەکانی بلاک سێپتەمبەر چەندینجار هەوڵی کوشتنیاندا، بەڵام گشت هەوڵەکانیان بێ سوود بوو. ئاخر ئەوان بە خوێنی سیلڤیا تینوو بوون، چونکە هەڕەشەی بەردەوامی سەریان بوو، بۆیە ئەمەیان بە دوا دەرفەتی سەرکەوتنی خۆیان دەزانی.

عەلی سەلامە تێگەیشتبوو مردنی سیلڤیا نەک تەنیا شۆک و ترس لەناو مۆساد بڵاودەکاتەوە، بەڵکوو دەبێتە جۆرێک لە تۆڵەکردنەوەش بۆ ئەندامە لە ژیاندا ماوەکانی بلاک سێپتەمبەر کە چەند فەرماندە و هەڤاڵیان لە میانەی زنجیرە

هێرشەکانی مۆساددا یەک بە دوای یەک لە دەستداوە.

عەلی گووتی: کارێکی هێندە ئاڵۆز نابێت، پیاوەکانمان ماوەی چەندین هەفتەیە بە دوای ئەون و بۆیان دەرکەوتووە بێ چەک و بێ پاسەوان بەناو ئۆسڵۆ دەسوڕێتەوە، هەروەها گومانیشی لە کەس نییە کە بۆ سەر ژیانی هەڕەشە بێت. لەسەر ئەو تێگەیشتنە بۆ پاکتاوکردنی سیلڤیا تیمێکی پێکەوەناو و تەنیا پیاوە هەرە بزۆزەکانی هەڵبژارد و سۆزیدا کە نابێت هیچ هەڵە و خلیسکانێک ڕووبدات.

عەلی پلانەکەی خۆی خستە بەردەم یاسر عەرەفات، سەرکردەی فەتح بیرۆکەکەی بەلاوە باش و پەسند بوو. لە دابینکردنی پارەی بلاک سێپتەمبەر عەلی لە کورتیدا بوو، بەڵام عەرەفات شەخسی بە دابینکردنی تیکتی فڕۆکە و کرێی مانەوە لە هوتێل و گیرفان پولییەوە ڕازی بوو تێچووی ئۆپەراسیۆنەکە لە ئەستۆ بگرێت.

پیلانی لەناوبردن هەر زوو ئامادە بوو، دیپلۆماتکارانی لیبیا کە نێوانیان لەگەڵ عەلی و ڕێکخراوەکەیدا باش بوو، باڵیۆزخانەشیان لە هەموو پایتەختەکانی وڵاتانی ئەوروپادا هەبوو لە ڕێگەی جانتای دیپلۆماتییەوە دەمانچە و پێداویستییەکانی دیکەیان گەیاندە ئۆسڵۆی پایتەختی نەرویج و بە جوانی بۆ ڕۆژی پێویست گرمەشێریان کردن.

عەلی سەلامە سەرەتای وەرزی هاوینی وەک کاتژمێر سفری دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکەی دیاریکرد. چونکە پێیوابوو کاتێک کەشوهەوا گەرم دەبێت، سیلڤیا کاتی زێتر لە دەرەوەی ماڵ بەسەر دەبات، بەمەش کردەی لەناوبردنەکەی ئاسانتر دەبێت.

زۆر بە دیقەت چوار بکوژی پیشەگەر دیاری کرا، تەنیا ئەو پیاوانە هەڵبژێردران

کە پێشـتر بەشـداریان لە ئۆپەراسـیۆنی تیرۆریسـتی ئـاڵۆز کردبـوو. کاتێـک لە سەرانسەری شارە جوداکانی ئەورووپاوە بکوژەکان گەیشـتنە ئۆسـڵۆ، بـێ کێشـە و بێ هیچ گومانێک لەلایەن پۆلیسی سنووری نەرویجییەوە پاسـپۆرتە سـاختەکانیان مۆر کران.

ئەنـدامانی تـیم هەر یەکەیـان لە هوتێلێـک مـانەوە و بـۆ مـاوەی دوو ڕۆژ بە مەبەستی شارەزابوون و دۆزینەوەی دەریچەی دەرچوون بەنـاو ئۆسـڵۆدا گەڕان و سوڕانەوە. فەرمانەکە سادە و پوخت بـوو، پـاش لەنـاوبردنی سـیلڤیا دەبێـت هەر یەکەیـان، هەنـدێک بە ئۆتۆمبیـل و ئەوانـی دی بە فـڕۆکە بچـنە وڵاتـی جـودای ئەورووپاوە.

دوای تەواوکردنـی پەیـدۆزکردنی شـارەکە، تـیمەکە دڵنیـا بـوون کە هـیچ گومانێکیـان نەهێشـتووەتەوە، هەروەهـا خۆیـان لە بەکارهێنـانی تەلەفـۆنیش بە دوورگرت و خۆیان لە ژووورەکانیانـدا شـاردەوە و تەنیـا سـاندەویجیان دەخـوارد و شەوانەش زوو دەخەوتن.

کاتێک کـاتژمێر سـفری ئۆپەراسـیۆنە نزیـک کەوتەوە، چەکەکانیـان لە شـوێنی شـاردنەوەیان لە باڵیۆزخـانەی لیبیـا کـۆکردەوە، بڕیاریشـیان ئەوە بـوو لە پـارکە گشتییەکەی بەرامبەر ماڵەکەی ئەوکـاتەی لە مـاڵ دێـتە دەرەوە پەلامـاری سـیلڤیا بدرێت و تەقەی لێ بکەن و بیکوژن و لەسەر شۆستەکە جێیبهێڵن. تیمە بکوژەکە لە سەرکەوتنی ئەرکەکەیاندا تەواو دڵنیابوون.

میوانێکی چاوەڕوان نەکراو

تۆز و غوبـاری لە بیابـانەکەوە هەڵـی کردبـوو بەری خـۆر و بینینـی کەشـتییە گەورەکەی دامێنی شارۆچکەی گراف ڕێینێتی باشووری ئەفریقای گرتبوو. بەهـۆی ئەو مژە چڕەوە بـارهەڵگرەکە بە هێواشـی لەسـەر ڕێـگە خێـراکە ڕێـی دەکـرد. لە کـابینەکەی شـوفێردا دوو کەس دانیشـتبوون، یەکێکیـان سـتێڕنەکەی گرتبـوو، ئەویدیشیان خەوە کوتکەی بوو، سەری بۆ سەر سینگی شۆڕ ببووەوە.

ئەو دەمەی بارهەڵگرەکە لە خانووەکـانی بەری بـاکوری شـار نزیـک کەوتەوە، شـوفێرەکە لایـدا و لە ڕۆخ شـەقامەکە وەسـتا و جەسـتەی نەفەرەکەی هەژانـد و گووتی: هەستە، ئێمە گەیشتینە جێ، ئاماژەی بۆ خانووە بچووکەکان و گـومبەتە سپییەکەی کڵێسـای دەچ ڕیفـۆرم کـرد کە لەسـەرووی تـۆزەکەدا زەق دیـار بـوو و گووتی: ئەوە گراف ڕێینێتە.

سەرنشینە لەڕ و پـرچ تێکقـژاوە پۆشـاک شـڕەکە لە بـارهەڵگرەکە دابەزی و بە ڕاوەشـاندنی دەسـتی سوپاسـی شـوفێرەکەی کـرد. پیـاوەکە کە لە ناوەڕاسـتی سییەکانی تەمەنیدا بوو، لە برسان گەدەی قۆڕەی لێـوە دەهـات، لەبەرئەوەی سـێ ڕۆژ پێشتر لەوکاتەی لە سەرەتای ئـابی ١٩٤٦دا کەشـتیەکە لە بەنـدەری ئلیزابێـث لەنگەری گرتـووە، لە لەتە نانێـک زیـاتر هیچـی نەخـوارد بـوو کە لەنـاو تەنەکەی خۆڵەکەوە پەیدای کردبوو. چونکە بـڕە پـارەیەکی کەمـی پێبـوو، ئەوانیشـی لەنـاو پێڵاوەکانی شاردبۆوە. لەو ڕۆژەی لە کەشتییەکە جیا ببۆوە نە ڕیشی تاشی بـوو نە خۆشی شۆردبوو، بەڵام پێدەچوو هیچ ئاگاداری ڕوخساری خۆی نەبێت، ئـاخر زۆر پەرۆشـی گەیشـتن بە ئامـانجەکەی بـوو، ئەمەش وای لـێ کردبـوو بەرەو پێشـەوە

هەنگاو بنێت بۆئەوەی بە گراف ڕێنیێت بگات.

ئەو پیاوە تەنیا بە موجیزە و پەیجوور لە ژیاندا مابۆوە، پێش ڕووداتی جەنگی دووەمی جیهان، لە قوتابخانەیەکی باڵادا مامۆستای مێژوو بوو، دوای ئەوەی شەڕ دەستی پێکرد، خوێنڕێژەکانی ئۆکرانی هەڵیان کوتایە سەر ماڵەکەی و ئەو و ژن و دوو منداڵەکەیان دەستگیر کرد، دواتر لەگەڵ سەدان جولەکەی دی لەگەڵ خۆیاندا بەرەو دۆڵێکی قوڵی پڕ لە داروبار لێیان خوڕین، لەوێش زۆر بێ بەزەییانە جووەکان لە شوێنێک کە دواتر بە بابی یار ناسرا، گوللەباران کران. کەمێک پێش گوللەبارانەکە مامۆستا گەنجەکە بەرلەوەی ڕێژنەی گوللە بیپێکێ کەوتە ناو چاڵێک، لەنێو لاشەی کوژراوەکاندا خۆی بە مردوو نیشاندا و تاکە کەسی ڕزگاربووی ئەو کوشتارگەیە بوو.

دوای شەو ڕاکشان، کاتێک ئاهو ناڵەی کوژراوەکان نەما، پیاوەکە لە نێو لاشەکاندا بە خشکەیی و بە دزی خۆی گەیاندەوە ماڵەکەی. قرمیتێکی بنمیچی یەکێک لە ژووەرەکانی لادا کە لەژێر یەکێکیاندا هاوژینەکەی زێرەکانی خۆی حەشاردابوو، کەلوپەلە بەهادارەکانی خستە ناو گیرفانەکانی لەگەڵ نامەیەک کە ئەدرێسی ماڵێکی لە شاری گراف ڕێنیێتی باشوری ئەفریقای لەسەر بوو، زۆر بە باشی لە چاوانی شاردنەوە، ئەو شەوە بە درێژایی شەو بە باریکە ڕێی ناو لێرەکەدا ڕۆیشت، بە ڕۆژ لەناو دارستانەکە خۆی حەشاردەدا و بۆ تێربوون توی دەخوارد و لە ئاوی ڕووبار و جۆگەلەکانیش ئاوی دەخواردەوە، ناوە ناوەش بۆ لە دەستدانی خێزانەکەی دەلاوایەوە، دوای ئەوەی تاریکایی باڵی بەسەر ناوچەکە ڕادەکێشا تا ڕۆژهەڵاتنان لە ڕێکردندا بەردەوام دەبوو. دوای چەند ڕۆژێک گەیشتە ماڵی هاوڕێیەکی کریستانی، ئەویش لە ژێرزەمینەکەی خۆیاندا حەشاریدا و لەبەرامبەر بەهای کەلوپەلەکانیدا خۆراکیان بۆی دابین دەکرد، بەڵام لە هەمووی گرنگتر بوونی ئەویان بۆ مردووانیش نەدرکاند، ئەڵمانەکان دووجار زۆر

بە وردی ئەو ناوچەیان پشکنی، بەڵام یەک تاقە جووشیان نەدۆزییەوە کە لە مردن ڕای کردبوو.

کاتێک شەڕ کۆتایهات، لە شوێنی خۆحەشاردانەکەی هاتە دەرەوە و گەڕایەوە زێدی خۆی کە لە ئەنجامی بۆردومانەکاندا بەشی زۆری خانووەکان وێران ببوون، لەناو پاشماوە و کەلاوەکاندا بە هیوای دۆزینەوەی کەسوکار و خزمە ڕزگاربووەکانی دەستی بە گەڕان کرد، شەوانە لە ژێرزەمینەکان دەمایەوە و لەو خواردنانەشی دەخوارد کە لە بێستانە دەست لێ هەڵگیراوەکان پەیدای دەکرد، دوای چەند هەفتەیەک لە گەڕان و سۆراغی ناسەرکەوتوو و دیدار و گفتوگۆ لەگەڵ ڕزگاربووەکان، بەو بڕوایە گەیشت کە هیچ یەکێک لە کەسوکارەکەی لە ژیاندا نەماون، بۆیە لە مانەوەی لە کیف بێ ئومێد بوو.

بە ئۆتۆمبیل و شەمەندەفەر بەرەو ئەوڕووپا پەڕیەوە و لە دەرگای ڕێکخراوە فریاگوزارییەکانیدا بۆ دۆزینەوەی کەسوکار و هەڤاڵانی سەیری لیستی ناوی ڕزگاربووانی کرد، بەڵام گشت هەوڵەکانی بێ ئاکام بوو، یەک تاکە هیوای لاوازی مابوو، ئەویش ئەدرێسی سەر زەرفی ئەو نامەیە بوو کە تایبەت بە باشوری ئەفریقا بوو، پێیوابوو ڕەنگە لەوێ خەڵکانێکی باش بدۆزێتەوە و لە خۆدروستکردنەوەدا یارمەتی بدەن.

دوا هێز و شنگی خۆی کۆکردەوە، وەک بەرتیلیش پارچە زێڕێکی کۆنی لە میراتی خێزانەکەیدا بە باش کاتبێکی ڕووسیدا بۆئەوەی لە بەدەستهێنانی پاسپۆرت و ڕوخسەتی سوار بوونی ئەو کەشتییە سۆڤیەتییە یارمەتی بدات کە بەرەو باشوری ئەفریقا دەچوو، هەروەها بێ بەرامبەر ئامادەی ئەنجامدانی هەر جۆرە کارێک بوو بۆ کەشتییەکە تەنیا بۆئەوەی بە چارەنووسی خۆی بگات، هەرگیزیش گلەیی لەوە نەبوو کە لە بەیانییەوە تا شەو ئیشیان پێدەکرد وەک خاوێن کردنەوە

و بۆیە کردنی ئامێرە کانزاییەکانی کەشتییەکە.

کاتێک کەشتییەکە لە بەندەری ئلیزابێث لەنگەری گرت جانتا دڕاوەکەی هەڵگرت کە هەندێ جلوبەرگی شڕی تێدا بوو. سامانی هەرە بە نرخی زەرفە زەرد هەڵگەڕاوەکەی باخەڵی بوو، چونکە لە پشتی زەرفەکەوە ئەدرێسی ئەو کەسەی لەسەر بوو کە پێشتر نامەکەی بۆ ناردبوو، بۆیە بەرەو ئەو ئاڕاستەیە ملی نا.

گراف ڕێینێت، شاروچکەیەکی ١٠ هەزار کەسی بوو، دوای دامەزراندنی یەکەم حکوومەتی ناوچەکە، ئەو ناوەی لێنرابوو، ئەو شارە دەکەوێتە سەر ڕۆخ ڕوباری سەندەی، خەڵکەکەی بۆ پیشەسازی خوری خۆجێی مەڕ بەخێو دەکەن و پرتەقاڵ هەناردەی دەرەوە دەکەن، عارەقیش لە ڕەزە تڕێکانیان بەرهەم دەهێنن. ئەو ڕۆژەی ڕزگاربووەکە گەیشتە ئەوێ ڕەشە بایەکی زۆر بەهێزی ڕۆژهەڵات هەڵیکردبوو، کەپرە دارەکانی خانووەکان هەمووی داخرابوون، تەنیا ئەو کەسانە لە شەقامە فرەوانەکاندا دەبینران کە بێ چارە بوون.

پۆلیسێک ئارەقەی نێوچەوانی دەسڕییەوە، ڕێبوارە نوێیەکەی بەرەو ئەو ناونیشانەی ئاڕاستە کرد کە بە دوایدا دەگەڕا. بە هەنگاوی لەرزۆک و بە لاکە لاک ڕێگەی خۆی بەرەو خانووێکی کەشخە گرتەبەر، بەو هیوایەی خەڵکانێکی باش لەوێ بدۆزێتەوە و ژیانی وەبەر بدەنەوە.

ئەندامانی خێزانی ڕافائیل کە لە هاوسەر و هاوژین و پێنج منداڵ پێکهاتبوو، هەموویان لە چواردەورەی مێزی چا خواردنەوەی پاش نیوەڕۆ کۆببوونەوە، دوو خزمەتکاری ڕەش پێست بابۆڵە و کێک و موڕەبای لە پێشدادەنان.

کەشێکی هێمن باڵی بەسەر ماڵی ئەو بنەماڵە خودا پێداوە کێشابوو، فێردیناند ڕافائیل بەخێزانەوە لە ئۆکرانیاوە بەرەو باشوری ئەفریقا کۆچیان کردبوو، ئەوکاتەی ئەو منداڵ بوو. دایک و باوکی فێردیناد بە هیوا بوون لە وڵاتە خانە

خوێکەیاندا باری ئابووریـان بەرەو باشـی بـبەن. ئەوان دەسـتیان بە بازرگـانیکردن کرد و خانوویان دەکڕی و دەفرۆشت و ڕەش پێستەکانیان بە کرێ دەگرت، تـا وای لێهـاتبوو بە یەکێـک لە کارسـازە زیرەکەکـان و لە ڕێـگەی فرۆشـتنی زەویـوزار و بەخێـوکردنی مەڕومـاڵاتەوە سـەرمایەکی قەبە پـێکەوە بنـێن، لە کۆتاییـدا بـووە خـاوەنی سـینەما خـۆجێیەکەش، هەروەهـا سـەرۆکی ئەو یـانەیەش بـوو کە خاوەندارێتی بـۆ زەنگینەکـانی نـاوچەکە دەگەڕایەوە و لەوێ گـرد دەبـوونەوە بـۆ نانخواردنی شاهانە و گـوێگرتن لە وانەی ئەو کەسـانەی خۆیـان بـۆ ئەو مەبەسـتە داوەتیان دەکردن، هەروەها لە فیستیڤالەکانیشدا ئاهەنگی فەرمی سـەما کردنیـان هەبوو.

فێردیناند ڕافائیلی تەمەن ٤٢ ساڵ، جووێێکی نەریتپارێز بوو، هەمـوو شـەموان ئامـادەی ڕێوڕەسـمی ئـایینی دەبـوو کە لە پەرسـتگا بچـووکەکەی شـارەدێکەیاندا بەڕێوەدەچـوو، زۆر بە ڕێکـوپێکی پەیـڕەوی لە ژیـانی جوولەکـایەتی دەکـرد. مەریەمی هاوژینی کە لە بنەمـاڵەی بـۆوێر بـوو، وەک کریسـتیانەک گەورە ببـوو، هەرگیزیش بە فەرمی نەبووە جوولەکە، بەڵام دەیزانـی چـۆن پارێزگـاری لە مـاڵ و هاوسەر و خێزانەکەی بکات. تەنانەت وەک هـێمایەک بـۆ ناسـاندن و ڕێزگـرتن لە خەڵکی جوو، لە یۆم کیپور بە ڕۆژوو دەبوو.

زەنگی دەرگای ماڵەوە لێدارا، هەموویـان حەپەسـان لەوەی دەبێـت کـێ بێـت بەو کـاتژمێرە لە دەرگایـان بـدات، نەخاسـمە چـاوەڕێی کەسیشـیان نەدەکـرد. خزمەتکـارە ژنەکە دەرگـای کـردەوە و بە واقوڕمـانەوە گەڕایەوە دواوە و هـاواری کرد: خێرا وەرن.

تەواوی خێـزانەکە بەرەو دەرگـا ڕایـانکرد و بینیـان پیاوێـک بە بـێ هۆشـی لە کۆسپەی دەرگاکەیان کەوتووە، سیلڤیای کچە گەورەیان گووتی: ئەوە کێیە؟ بـاوکی

وەڵامی دایەوە و گووتی: من هیچ بیرۆکەیەکم نییە و هیچی لێ نازانم.

لە شەوێکی ئەنگوستە چاوی ناوەڕاستی مانگی شوباتی ١٩٤٨، حەسەن سەلامە لە ماڵە بچووکە لەبەرد دروستکراوەکەی لە گوندی قولای سەر بە قەزای لیدا هاتە دەرەوە و بەرەو ئۆتۆمبیلە سەر کراوەکەی چوو کە لە ناوەڕاستی گوند پارکی کردبوو. دانیشتوانی گوندی قوڵە هەزار کەسێک بوو، ڕوبەرەکەی ٢٥٠ هێکتار دەبوو، بەسەر فرۆکەخانەی لیدای ئیسرائیلی دەڕوانی.

ئۆتۆمبیلە پاکاردە سەر کراوەکە مایەی شانازی و دڵخۆشی حەسەن بوو، تەنیا خێزانە دەوڵەمەندەکانی عەرەب ئۆتۆمبیلی خۆیان هەبوو، لەکاتێکدا کوڕی کرێکارێکی هەژاری کانەکان هەموو کارێکی مەحاڵێکی دەکرد بۆئەوەی پەیکەری سیمبۆڵێک بە دەست بهێنی. حەسەن بەو چاوە سەیری ئۆتۆمبیلەکەی دەکرد، وەک بڵێی ئەسپێکی ڕەسەن بێت، یەکێک لە پیاوەکانی کردبووە بەرپرسی شۆرین و سڕینەوەی، هیچ کاتێکیش دەرگای گەراجی لەسەریدا گاڵە نەدەدا یان پاسەوانی بۆی دانەدەنا، لەبەرئەوەی کەس بوێری ئەوەی نەبوو دەستی بۆ بەرێت یان بیدزێت.

تا ئەو ڕۆژەی پارەی لە دەستدا نەبوو، حەسەن لە ئەوپەڕی هەژاری و نەبوونیدا دەژیا، تەنانەت بۆ کڕینی خۆراکیش هیچ پارەیەکی لە ماڵدا نەبوو، زۆرجار بە برسیەتی شەوی دەکردەوە، بەڵام هەموو ئەوانە گۆڕانان، کاتێک کۆمەڵێک پیاوی لە خۆی کۆکردەوە و لە پێناو دەرکردنی جوو و بەریتانیا لە وڵاتەکەیاندا لە سەر پێ بوون گیانی خۆیان بکەنە قوربانی. کاتێک گیرفانەکانی حەسەن پڕ بوونن، پروپاگەندەی بڵاوەکردەوە کە هەموو ئەو پارانەی لە بڕینی بانکی بەریتانییەکان لەلایەن پیاوەکانییەوە دێتە دەست. هەروەها هۆکاریش بۆ بڕواکردن بەوە هەبوو. لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهاندا، موفتی ئۆرشەلیم

لە ڕێگەی ئەڵمانیـیە نازییەکـانەوە پـارەی بـۆ تێکۆشـانی فەڵەسـتینییەکان دابـین دەکرد.

لەو شەوە سارەدە تایبەتییەی شـوباتدا، حەسـەن کە عەلـی کـوڕە گەورەکەشـی یاوەری بوو، تفەنگێکی ئینگلیزی قوڕسی خستە کوشینی پشتەوە و ڕۆیشت.

لە پشـت پەرژیـنە بە کـاکتوز هەڵچنراوەکـانی چـواردەوری گونـدی قـوڵە، گرووپێـک لە پیـاوە هەرە بە ئەزموونەکـانی لەسـەر پشـتی ئەسـپەکانیانەوە بە تفەنگی سەر شـانیانەوە چاوەڕێیـان دەکـرد، چەنـد پیـاوێکی دیـکەی گونـدەکانی مەزارە، ڕانتـیس و حەدیـد ڕەگەڵیـان کەوتـن، ئۆتـۆمبیلە ڕەشـەکەی حەسـەن لە بەراییانەوە بە ڕێگە خۆڵەکەدا ڕێی دەکرد و تۆزێکی زۆری دروست کردبوو.

عەلـی لە کوشـینەکەی پـاڵ بـاوکی بـێ ئـۆقرە بـوو، بەڵام گلەیشـی نەدەکـرد، برژانگەکانی خەواڵۆ ببوون، جەستەی پەرۆشی بەتانییەکی گەرم بوو کە لەوکـاتەی لەگەڵ باوکی لە ماڵ دەرکەوتن لێی وەرگیرابۆوە.

عەلی گـوێڕایەڵی فەرمانەکـانی بـاوکی بـوو، ئێجـا ئەمەی بیویسـتبا یـان نـا. لە ڕاستیدا تاکە کەسێکت نە دەدۆزییەوە گوێڕایەڵی حەسـەن سـەلامەی فەرمانـدەی باڵای سوپای عەرەبی ناوەڕاستی فەڵەستین نەبێت، ئەو پیاوە تێکسمڕاوە چاویلکە لە چاوە نەخوێندەوارە چاک لێی دەزانی کە چـۆن جـۆش و خرۆشـی عەرەبەکـانی لیدا و ڕامەڵا بوروژێنێ و بۆ شەڕکردن تەیاریان بکات. خۆی نمـوونەی سـەربازێکی ئازا و لێهاتوو بوو، کاتێک لە حوزەیرانی ١٩٤٨ شەڕی سەربەخۆیی دەستی پێکـرد، پێشـتر بە زنجیـرە ئۆپەراسـیۆنەکانی دژ بە ڕووخانـدنی مـتمانەی کـۆمەڵگە نیشتەجێبووەکانی جووەکان و داگیرکاری بەریتانیا تواناکانی خۆی سەلماند بوو.

حەسەن سەلامە ئەستێرەی هەڵکشاوی ئاسمانی سەرکردەکانی فەڵەستین بـوو، بە زیرەکـی و ڕاسـتگۆیی بەناوبانـگ بـوو، ئەم جـۆرایەتییەش وای لـێ کردبـوو لە

هێرشە کتوپڕەکانیدا جووە غافڵگیرەکان دەستگیر بکات، چاپوکییەکەی بۆ دەرباز بوون لە هەر تەڵە و داوێکدا یارمەتیدەری بوو، هەمیشەش شانازی بەوە دەکرد کە ڕۆژانە پیاوی زیاتر دەچنە ڕیزەکانییەوە. سەلامە موسڵمانێکی باوەڕدار بوو، لەگەڵ ئەوەی شانازی بە نازناوی شێخایەتییەوە دەکرد، دوای دەرکردنی جووەکان لە خاکەکەدا چاوی لە سەرکردایەتی کردنی عەرەبی فەڵەستین بوو. تاکە سەرچاوەی ناڕازیبوونی، عەلی کوڕە تاقانە و میراتگرەکەی بوو. عەلی لە گوندی قوڵە چاوی بە دنیا هەڵهێنابوو، لەوێش گەورە ببوو، ئەو گوندەی دەیڕوانیە سەر ڕێگەی ڕۆژ عەین لیداوە، تەنانەت لە ڕۆژانی ساماڵدا بە چاوی ئاساییەوە لەوێوە تا تەلئەڤیڤ دەبینرا.

ئەو منداڵە لەڕ و لاواز ڕوخسار جوانە زۆر دڵی بە گەمەکردن لەگەڵ هەڤاڵەکانی خۆش دەبوو، بەڵام لە کارکردن و یارمەتیدانی خێزانەکەی لە کێلانی کێلگەکان و چاندنی دانەوێڵە و کۆکردنەوەی بەروبوومەکان چاپووک نەبوو. گوندەکە خاوەن خاکێکی بە پیت و بەرەکەت و ئاوێکی زۆر بوو، زۆربەی دانیشتووانەکەی کوڕە جووتکار بوون و چاویان لەوەبوو کوڕەکانیشیان هەمان ڕێچکە بگرنەبەر و دەست لەو نەریتە بەرنەدەن. بەڵام عەلی خەونی بەوە دەبینی ببێتە ئەستێرەی سینەما، کاتێک گەورە دەبێت.

حەسەن سەلامە سەربازێکی ڕاهێنراوی باش بوو، بە مەبەستی ئامادەکردنی بۆ سەرکردایەتی کردنی ڕاپەڕینی عەرەبی فەڵەستین دژ بە بەریتانییەکان لەلایەن سوپای نازییەکانەوە ڕاهێنانی چڕی پێکرابوو، سەلامە بە هۆی زیرەکی و چاونەترسی و نیشانشکێنێکی نایاب ناوبانگێکی باشی هەبوو، بەداخەوە، کوڕە تاقانەکەی تەواو پێچەوانەبوو، هەمیشە حەزی بەوە دەکرد لەسەر پشتی گوێدرێژەکەی بەناو کەلاوەکانی خاچپەرستەکاندا بگەڕێت کە گوندی لەسەر دروست کرابوو. حەسەن سەلامە شەرمی بە کوڕەکەی دەهات و ئیرەیی بەو

پیـاوانەی دەبـرد کە ڕاهێنـانی چەک بەکارهێنانیـان بە کوڕەکانیـان دەکـرد و لە هێرشـەکانیاندا بـۆ سـەر کـۆمەڵگە نیشـتەجێبووەکانی جـوولەکە لەگەڵ خۆیانـدا بەشداریان پێ دەکردن. عەلی تاکە کوڕی گوند بوو کە خۆشی بە کوشتن و تێکدان دژ بە جووەکان نەدەهات، زۆریش نـارەحەت دەبـوو کاتێـک بـاوکی باسـی مـافی خاوەندارێتی عەرەبـی بەسـەر ئەو خـاکە و دەرکردنـی جـووە خۆسـەپێنەکانی بـۆ دەکرد. هەروەها کاتێک بـاوکی بە شـانازییەوە لەبـارەی پەلامـارە سـەربازییەکانی دەدوا باوێشکی دەهاتێ. نەعـیمەی دایکـی عەلـیش لە بـێ مەیلـی کـوڕەکەی بـۆ بـوون بە جەنگـاوەر کەمـتر لە هاوسـەرەکەی هەسـتی بە شـەرمەزاری نە دەکـرد، نەعیمە و حەسەن بۆ ماوەیەکی درێـژ قسـەیان لەگەڵ کوڕەکەیانـدا کـرد و بۆیـان ڕوون دەکردەوە کە شـەرمەزاریی بە سـەر خێزانەکەیانـدا دەهێنێـت. لەبەرئەوەی تـاکە میراتگـری حەسـەنە، بـۆیە کە کـاتی هـات هەر فەڵەسـتینیەکی جەنگـاوەر چاویان لەوەیە درێژە بە میراتی بـاوکی بـدات و نابێـت نـا ئومێـدیان بکـات.عەلی سەری ملکەچی بەرز دەکردەوە بێئەوەی یەک وشەی لە زار بێتە دەرێ.

لە هەشـتەمین سـاڵیادی لە دایکبـوونی عەلیـدا، بـاوکی ڕایگەیانـد لە ئەمـڕۆ بەدواوە لە هەندێ لە پەلامارەکانیدا کوڕەکەی یـاوەری دەکـات، بەهیـوای ئەوەی ببێتە هاندەرێک بۆئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بیکـاتە جەنگـاوەر. بەر لەوەی بە ڕێ بکەون، دایکی چەند نوردییە نان و زەیتوون و پارچە پەنیرێکـی سـوێرکراوی بزنـی پێدا. عەلی کە هزری دایکی خوێندەوە گوتی: دوو دڵ مەبە.

حەسەن سەلامە کە عەلیشی لەگەڵدا بوو، گەیشتە بارەگا چـوار نهـۆمەکەی لە ڕامەڵا کە پێشـتر کـۆلیژی مەشـقی ئەفسـەرانی بەریتانیـا بـوو، ئەو باڵەخـانە ١٥٠ ژووریـیە بە مانـای وشـە وەک ئۆردوگـای سـوپا بەکاردەهـات، ڕۆژانە بە سـەدان خۆبەخشـی عەرەب لە گۆڕەپـانەکەدا بە بەکارهێنـانی چەکـی سـووک، نـارنجۆکی دەستی، شەڕە دەست ڕاهێنانیان دەکرد، لە ژێرزەمینەکەدا جبەخانەیەکی گەورەی

چەک هەبوو، لە دەرەوەی باڵەخانەکەشدا سێ زرێپۆش ڕاگیرابوون کە لە بەرامبەر پارەیەکی قەبە لە سەربازانی بەریتانیا دەستیان کەوتبوو. دوای ماوەیەکی کەم هێزێکی گەورەی جوو بە ئامانجی پاکتاوکردنی سەلامە هەڵیانکوتایە سەر باڵەخانەکە، بەڵام بەخت یاوەریبوو، چونکە لە کاتی هەڵکوتانە سەر باڵەخانەکەدا ئەو لە شوێنێکی دی بوو(لە ڕاستیدا لەگەڵ خانمەکەیدا بۆ کات بەسەر بردن لە دیمەشق بوو).

هەرچەندە عەلی هیچ جۆش و خرۆشێکی بۆ چەک نەبوو، بەڵام بۆئەوەی دڵی باوکی ئازار نەدات، خۆی لە دەربڕینی هەستەکانی بە دوور دەگرت: بە سادەیی پلانی پەلاماری سەربازی جێی بایەخ پێدانی نەبوو.

حەسەن سەلامە بە شانازییەوە عەلی کوڕی بە پیاوەکانی ناساند و دەستی گرت و لەگەڵ خۆیدا بردییە دەرەوە تا ڕاهێنانی تەقەکردن ببینێت، تەنانەت تفەنگێکیشی دایە دەستی، بەڵام عەلی بە نادڵییەوە تفەنگەکەی وەرگرت. بەڵام هێندە قورس و گران بوو، بۆیە تفەنگەکەی دایەوە دەست باوکی، پیاوەکانی دەوروبەر بە نا ئومێدییەوە لە کوڕەکەیان ڕوانی و لەو بڕوایەدا بوون بە دەستی باوکی تێهەڵدانێکی باش دەخوات و وای لێدەکات ڕاستەڕێ بگرێت و بایەخێکی باشتر بە شەڕ و شۆڕ بدات، بەڵام حەسەن لەگەڵ ئەوەی پیاوێکی ڕەقەکار و بێ بەزەیی بوو، پەنجەشی بۆ عەلی نەبرد.

ڕۆژی پاشتر، حەسەن و عەلی لەگەڵ تاریک و ڕۆنی بەیانی بە گرم و هۆڕی دەنگی تەقە و زرمەی نارجۆک وەئاگا هاتن، هەر زوو هەواڵ بڵاوبوویەوە کە جووەکان پەلاماری پێگەیەکی عەرەبەکانی ئەو نزیکەیان داوە، بەم هەواڵە عەلی لە ترسان دەلەرزی و بە چاوی پڕ لە ئەسرینەوە داوای گەڕانەوەی ماڵەوەی کرد.

کەمێک دواتر، کاتێک پیاوەکانی باوکی بۆ ڕاوەدونانی جووە پەلاماردەرەکان

چـوون، عەلـی گەڕایەوە نـاو جـێگەکەی، کاتێـک حەسـەن گەڕایەوە کـوڕەکەی ڕاوەشاند و قیتی کردەوە سەر پێیان و سەرزەنشتی کـرد و گـووتی: خەوتـن تەواو، هێشتا شەڕ کۆتایی نەهاتووە و کاری زۆرمان ماوە بیکەین.

هەروەهـا لە نیوەشـەوێکی مـانگی شـوباتی ١٩٤٨حەسـەن سـەلامە بە سەرکردایەتی یەکەیەکی جەنگاوەر بە ئاڕاستەی شـارۆچکەی یـازور ڕۆیشـت کە چەند کاتژمێرێک لە ئۆرشەلیمەوە دوور بوو، لەکـاتی ڕۆژهەڵاتنـدا عەرەبەکـان بە دانـانی بەرد ڕێگەکەیـان داخسـت و لە نێـو دار کالیپتۆزەکـانی هەردوو بەری ڕێگەکە سەنگەریان گرت. حەسەن کوڕەکەی ڕاکێشایە تەنیشـت خـۆی و ئامـاژەی بە هـاتنی کـاروانێکی جووەکـان کـرد کە لە بۆسـەکەیاندا نزیـک دەکەوێـتەوە و گووتی: ئێستا دەیانبینی چیان لێدەکەین، عەلی هەردوو چاوی داخستن و لە دڵـی خۆیـدا دەپـاڕایەوە بـاوکی زۆری لـێ نەکـات کـوژراو و بڕینـدارەکان ببینـێ کە لە خوێنی خۆیاندا دەگەوزن.

زرێپۆشەکان لەسەرەخۆ بە ڕێگە قیرتاوکراوە تەنگ و تەسکەکە دەهاتنە پـێش، چەنـد گەنجێکـی جـوو بـۆ لابردنـی بەردەکـان و پـاک کـردنەوەی ڕێـگەکە کە پیاوەکانی حەسەن دایان نابۆوە لە ئۆتۆمبیلە سەربازییەکان دابەزین، بەڵام عەرەبە چەکدارەکان لە سەرووی ڕێگەکە سەگێگی تۆپیوی بۆمبرێژکراویـان دانـا بـوویەوە، کاتێک جووەکان سەرقاڵی فرێدانی بەردەکان بـوون، بـۆمبە مینرێژکـراوەکەی نـاو جەستەی سەگە تۆپیووەکە تەقیەوە و هەندێکیانی بریندار کرد. دوای تەقینەوەکە سەلامە فەرمانی هێرشکردنیدا، سەدان چەکداری عەرەب شاڵاویان برد و هاواریـان دەکرد (اذبح الیهود) جووان سەر بڕن. دەستبەجێ هەموو ئەو جـووە گەنجانەیـان کوشت کە لە زرێپۆشـەکانیان دابەزیبـوون، زۆرێـک لەوانەشـی بـۆ هەڵگـرتنەوە و کۆکردنەوەی تەرمی کوژراوەکان لە زرێپۆشەکان دابەزین، یان کوژران یان بریـندار بوون. جووەکانی دی کە مابوونەوە لە زرێپۆشەکانەوە دەستیان بە تەقە کرد، بەڵام

شەڕێکی دۆڕاو بوو، چونکە لە هەر ساتێکدا پیاوەکانی سەلامە دەیانتوانی بگەنە زرێپۆشەکان و ئەوانیش بکوژن و دەست بەسەر پارە و چەکەکاندا بگرن، بۆیە شوفێرەکان بە باریکە ڕێگەیەک بایاندایەوە و کشانەوە، بەڵام گۆمە خوێنەکان لەسەر ڕێگەکە مانەوە، بێئەوەی کەس ببینێت، عەلی چووە لایەک و ڕشایەوە.

عەرەبە پەلامارەرەکان لە بێستانێکی نزیک گردبوونەوە و زۆر دڵخۆش بوون، هەندێکیان لە عەلی نزیک کەوتنەوە و پیرۆزبایی ئازایەتییەکەیان لێکرد، عەلی بە شەرمەوە سوپاسی کردن، لە ڕاستیدا حەزی دەکرد هەتا بۆی بکرێت لەو ناوەوە دوورببکەوێتەوە، بەڵام بوێری ئەوەی نەبوو.

سەلامە فەرمانی بە بەردەوامبوونی پەلامارەکان کرد و گووتی: جووەکان لە هەوڵی گەمارۆدانی شارەکە دان، ئێمە ڕێگە نادەین ئەوە ڕووبدات.

عەلی بۆ دوو ڕۆژ لەگەڵ حەسەن و پیاوەکانی لەسەر ڕێگە داخراوەکە مایەوە، لەسەر زەوی دەخەوت و نانی مەزرەقە، زەیتوون و ئەو میوانەی دەخوارد کە لە دارەکانی دەکردەوە و لەناو سەنگەرەکانەوە گوێی لە ویزەی گوللە بوو کە بەسەر سەری تێدەپەڕین و شایەدی کارەساتی عەرەب و جولەکەکانیش بوو.

لە ڕۆژی سێیەم سەلامە ئۆپەراسیۆنەکەی بە جێهێشت و ڕادەستی فەرماندەی دووەمی کرد و لەگەڵ کوڕەکەیدا گەڕانەوە گوندی قوڵە، دڵنیا و یەقین بوو کە عەلی وانەیەکی گرنگ فێربووە و دواجار کوڕەکەی تێگەیشت شوێن پێ هەڵگرتنی باوکی ئەرکێکی پێویستە. هەندێک نیشانەی ئازایەتیشی لێ دیار بوو، کوڕە بۆ تاقە جارێکیش چیە نە گلەیی هەبوو نە لە بەرەی شەڕ ڕایکرد. هەرچەندە عەلی هیچ خرۆشانێکی نەبوو، بەڵام حەسەن مەزەندەی وابوو کە ئەمە هەنگاوی یەکەمی منداڵێتی عەلیە بۆئەوەی جێگەی باوکی بگرێتەوە و بە کوڕەکەی گووت: من دڵخۆشم کە تۆم لەگەڵ بوو، کوڕەکەشی وەڵامی دایەوە و

گووتی: هەروەها منیش باوکە.

چەند میلێک لەواوەی گوندەکە لەلایەن کۆمەڵێک ئاوارەوە ڕێگە داخرابوو. حەسەن و کوڕەکەی ئەوانیان ناسیەوە کە خەڵکی قوڵەن، ئاوارەکان کەمە بزگوڕەکانیان لە کۆڵ و عارەبانەی دەستی نابوو، کلیلی خانووەکانیشیان لە بن بەڕکیان شاردبۆوە، هاوژین و دایک و باوکیشی لە نێوان ئاوارەکاندا بوون، بە مەلوولی بابەتەکەیان بۆ سەلامە گێڕایەوە کە چۆن یەکەیەکی سەربازانی جوو پەلاماری گوندەکەیاندا و ناوچەکەیان داگیر کرد. هەموو خەڵکەکەی بە پەلەپرۆزێ کەلوپەلەکانیان کۆکردەوە و بۆی دەرچوون. حەسەن ددانەکانی چیڕ کردنەوە و خێزانەکەی بەرەو ماڵی دۆستێکی دانیشتووی ڕامەڵا برد و گووتی: من دەچم قوڵە ڕزگار دەکەم و فرمێسکە نەفرەتییەکانی هاوژینەکەی فەرامۆش کرد و هاوژینەکەی پێی گووت: ئاگات لە خۆت بێت. بە هەموو دڵنیاییەکەوە وەڵامی دایەوە و گووتی: نارەحەت مەبە، خوامان لەگەڵدایە.

خزمەتکارەکانی ماڵی ڕافائیل میوانە نەناسراوە لە هۆشچووەکەیان هەڵگرت و بردیانە ژوورەوە، فێردیناندیش بانگی پزیشکی کرد. دوای پشکنین پزیشکەکە گووتی: تووشی ماندووبوون و هیلاکییەکی زۆر بۆتەوە. لێگەڕێن با بحەسێتەوە، کاتێکیش هۆشی هاتەوە بەرێ، کەمێک خواردنی پێ بدەن، بە تایبەتی شلەمەنی بدەنێ. جانتای دەرمانەکانی پێچایەوە و گووتی: ئەو پیاوە چۆن گەیشتۆتە ئێرە؟

مریەم گووتی: خزمەتکارەکە ئەوی لە کۆسپەی دەرگا دۆزیەوە.

پزیشکەکە بە دەربڕینێکی گرژ گووتی: باشترە زیاتر ئاگادار بن، کێ دەزانێت، لەوانەیە ئەو پیاوە دز یان پیاوکوژ بێت.

ئەو دەربڕینە فێردیناندی وەئاگا هێنایەوە، دەستی لە گیرفانی پیاوەکە ڕاکرد و پاسپۆرتێکی سۆڤیەتی دەرهێنا کە بەناوی ئەلێکس ڕافائیلی بە بنەچە خەڵکی

کێڤ بوو.

لەبەر خۆیەوە منگەیەکی لێوەهات و گووتی: سەیرە، ئێمە هەمان ناوی خێزانیمان هەیە، بەڵام من هیچ بیرۆکەیەکم نییە کە ئەو پیاوە کێیە.

بەڵام بینی پیاوەکە لە دەستە چەپیدا شتێکی وەک زەرفی نامەی تووند گرتووە، فێردیناند هەوڵیدا بە ئەسپایی زەرفەکە لەناو چنگی پیاوەکە دەربهێنی و ئەوەی لەسەری نووسراوە بخوێنێتەوە. نامەکە بۆ ئەدرێسی ئەلێکس ڕافائیل کیف-ئۆکرانیا نێردرابوو، ئەدرێسی گەڕانەوەی نامەکەش، ئەدرێسی فێردیناند ڕافائیل گراف ڕێینێت باشوری ئەفریقای لەسەر نووسراوە، ئیدی ئەوکات وەبیری هاتەوە کە پێشتر پارەی بۆ ئامۆزایەکی ناردووە، ئەوە ئەو پیاوەیە کە ئێستا بە بێ هۆشی لە ماڵەکەیدا کەوتووە.

لەو دەمەی شەڕ دەستی پێکردووە، فێردیناند هیچ هەواڵێکی لەبارەی خزمەکانی نیشتەجێی ئەوڕووپا نەبوو، دوای شەڕ هەوڵیدا لە ڕێگەی نامەوە پەیوەندیان پێ بکات، بەڵام هەوڵەکانی بێ ئاکام بوو، لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستاش بێ هیوا نەبووە کە بە لانی کەم هەندێکیان هەر بە زیندوویی ماونەتەوە.

لە کاتی نان خواردنی ڕۆژانی دواتردا، ئەلێکس چاوەکانی کردنەوە، مریەم چەلاوی گەرمی مریشکی دەرخواردەدا، ئەویش بە سوپاسەوە فڕی لێدەدا. دواتر بە هێواشی و بە ئازاراوە بە ئینگلیزییەکی شڕ بە غەمبارییەوە بە بنەماڵەی ڕافائیلی گووت کە تەواوی خێزانەکەی لە شەڕدا تێچوون، تەنیا کەسە کە بە موجیزە دەربازی بووە. سیلڤیا کاتێک گوێی لەم هەواڵە تراژیدیایە بوو زۆر بە کوڵ گریا.

دیاربوو تا ئەو ساتەی ئەلێکسیان بینی، ترسی ڕووداوەکانی شەڕ بۆ هەر پێنج منداڵەکە، سیلڤیا، جۆیس، هاریێت، جۆنەثان و داڤید دوور و شاراوە بووبێت.

ڕۆژنامەکانی ڕاپۆرتەکانی شەڕیان تێدابوو دەگەیشتنە گراف ڕێینێت، فێردینانـد لەبارەی خزمەکانی کە لە ئەوڕووپا مابوونەوە قسەی بۆ منـداڵەکان کردبـوو، بەڵام ئەوانە کەسانێک بوون هەرگیز نەیان بینیبوون و هیچیان لەبارەوە نەدەزانی، تەنیا ئەوکـاتە درکیـان بە قەبـارەی کارەسـاتەکە بەسـەر خزمەکانیـانەوە کـرد کە ئەم غەوارەیە گەیشتە لایان و نووزەیەکی بە بەرییەوە مابوو.

هـیچ یەکێـک لە منـداڵەکانی فێردینانـد بە پەروەردەی جوولەکـایەتی گـۆش نەکرابوون، کەسیشیان لەوە پەشیمان نەبوون، بەڵکوو لە قوتابخـانە خۆجێیەکانـدا پەروەردەیەکـی گشـتیان وەرگرتبـوو، تەنیـا بـۆ خـاتری باوکیـان بەشـداریان لە ڕێوەڕەسمە نەریتییەکاندا دەکرد.

بەهۆی چاودێری و بایەخدانی تەوای خێزانەکە، تەندروستی میوانە چـاوەڕوان نەکـراوەکە بەرەو باشـی چـوو، فێردینانـدیش پێـی ڕاگەیانـد کە هەرچەنـدێکی بخوازێت دەتوانێت لە ماڵەکەیاندا بمێنێتەوە. دوای چەند ڕۆژێک، ئەلـێکس لەنـاو جـێگە هەڵسـایەوە و لەگەڵ خانەخوێیەکەیـدا کەوتە گفتوگـۆکردن، بە سـیلڤیای گوت، کوڕەکەم تەمەنی نزیکەی هەشت ساڵ دەبوو، جودیثی کچیشم لە تەمەنـی تۆدابوو، کاتێک بۆ گۆڕەپانی بابی یار بردیـان و لەلایەن خوێنڕێژەکـانی ئـۆکرانی و ئەفسەرانی س س-ەوە گوللە باران کرا. سیلڤیا تێنووی زانیاری زیاتر بوو، ئەلـێکس لەبارەی خێزنەکەی و ژیانی ڕۆژانەیان بەر لە شەڕ و شـاڵاوی لەنـاوبردنی سـەدان هەزار جوولەکەی ئۆکرانی دەستی بە قسەکردن کرد.

سیلڤیا: بۆ بەرگریان لە خۆیان نەدەکرد؟

ئەلێکس بە نەرمی وەڵامی دایەوە: چونکە چەکیان نەبوو.

پێشتر باوکی بۆی باس کردبوون کە سێ مام و دوازدە ئامۆزای هەبووە.

سیلڤیا: بۆ دەیان کوشتن، چ هەڵەیەکیان کردبوو؟

ئەلێکس بۆی ڕوونکردەوە: هیچ هەڵەیەکیان نەکردبوو، تاکە تاوانیان جوولەکە بوون بوو.

بە دەمارگرژییەوە وەڵامی دایەوە: خۆ ئەمنیش جوولەکەم، ئایا ئەمنیش دەکوژن؟

ئەلێکس دڵنیای کردەوە: لێرە لە باشوری ئەفریقا هیچ نارەحەتییەک بەرامبەر جووەکان بوونی نییە.

سیلڤیا بۆ تێگەیشتن لە چەمکی جووێتی پەرۆشی زانیاری زیاتر بوو، ئەلێکس ڕۆژانە لە تەنیشتی دادەنیشت و بە ئینگلیزییە شڕەکەی لەبارەی هۆزە گەرۆکەکان و مێژووی پادشاکانی یەهودی و بەنی ئیسرائیل و پاڵەوانێتی مەسادە و ڕووخانی پەرستگای دووەم چیرۆکەکانی تەوراتی بۆ دەگێڕایەوە.

ئەو هەفتەیە لە قوتابخانە سیلڤیا پەخشانێکی نایابی نووسی کە زۆر مایەی پەسنی مامۆستاکەی بوو.

"تەواوی بنەماڵەکەمان کە لە ئەورووپا دەژیان، تەنانەت بەرلەوەی بەخت یاوەرمان بێت چاومان پێیان بکەوێت، هەموویان کوژراون. باوکم بۆی باسکردووم کە ئەوان کەسانی ڕەفتار جوان و گفت شیرین بوون، ماڵ و باخچە و منداڵیان هەبوو، وەک هەر خەڵکێکی دی خۆشی و ناخۆشیان چەشتبوو، بەڵام لە هیکڕا هەموو شتێک وێران کرا، بێئەوەی یەکێک پێشبینی ئەوە بکات کە ڕوویدا.تەنیا لەبەر جوولەکەبوونیان لە ماڵەکانیاندا بە زۆر دەرهێنران و کوژران، ئەگەرچی ئۆکرانی و ئەڵمانییەکان چەک و تۆپیان هەبوو، تەنانەت بنەماڵەکەمان بۆ خۆپاراستن شەش ئاگرێکیشیان لە ماڵدا نەبوو. گەلی جوولەکە پێشتریش مەینەتی زۆریان چەشتووە و هەمیشە خەڵکانی خراپ ویستوویانە جوولەکە قڕ بکەن،

ئەوانیش ژمارەیەکی کەم نەبێت دەنا بەرگریان لە خۆیان نەکردووە. جوولەکە بڕوای تەواویان بە خودا هەیە و هەموو ڕۆژێ نوێژ دەکەن و ئەرکە ئاینییەکانیان جێبەجێ دەکەن. لە باوکم پرسی، بۆ خودا جووەکان ناپارێزێت، بۆ بنەماڵەکەمانی ڕزگار نەکرد؟ لە وەڵامدا باوکم گووتی: ئەگەر جوو خۆیان بەرگری لە خۆیان نەکەن، کەس لە باتی ئەوان ئەوە ناکات."

بایەخدانی سیلڤیا بە جووێتی ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی دەسەند، لەسەر داواکاری سیلڤیا، باوکی داوای کۆمەڵێک پەرتووک و ئەلبومی لە فەڵەستین کرد. لە پشووی هاویندا سیلڤیا خۆی گەیاندە بەندەری ئلیزابێث لە پێناو پەیوەندی کردن بە ڕێکخراوی لاوانەوە کە لەلایەن جڤاتی جوولەکە خۆجێیەکانەوە دامەزرێندرابوو. لەوێ لەبارەی پاڵەوانێتی جۆزێف تریمپۆڵدەر لە تەل حای بەشداری لە شانۆگەرییەک کرد، دایکی، باوکی، خوشک، براکانی و ئەلێکسیش بۆ بینینی نمایشەکەی لە وێ ئامادەبوون، چالاکییەکانی سیلڤیا مایەی پەسنی تەواوی چڤاتی سەنتەرەکە بوو.

پاش کۆتایهاتنی شانۆگەرییەکە، ڕێک لەوکاتەی خۆیان بۆ گەڕانەوەی ماڵ کۆدەکردەوە، ئەلێکس لە هۆش خۆی چوو و کەوتە گۆڕێ، یەکڕاست بردیانە نەخۆشخانەی س ت جۆرج لە بەندەری ئلیزابێث و باشترین پزیشکیان لە خزمەتی دانا. سیلڤیا لە کەسوکاری پارایەوە ڕێگەی بدەن لە لای بمێنێتەوە و چاودێری بکات تا چاک دەبێتەوە. دۆستانی فێردینانـد کە ماڵیان لە نزیک نەخۆشانەبوو، داوایان کرد ئەوان لە کنی بمێننەوە.

بەو پێیەی سیلڤیا یەکێک لە قوتابیە نایابەکانی قوتابخانەبوو، قوتابخانە ڕێگەی چاودێریکردن و مانەوەی لە لای ئەلێکس پێدا، سیلڤیاش هەموو ڕۆژێ لە تەک قەرەوێلەکەی دادەنیشت و قسەی لەگەڵدا دەکرد. دیاربوو مەینەتییەکانی

شەڕ، بارگرانییەکی زۆریان بۆ تەندروستی دروست کردبوو، پەنجەشێر جەستەی داگیر کردبوو، شتێک نەمابوو لەگەڵیدا بکرێت. بنەماڵەی ڕافائیل هەموویان ڕوویان لە نەخۆشخانە کرد بۆئەوەی لە دوا ساتە بە ئازارەکانی ژیانیدا لە گەڵیدا بن، دوا وشەکانی ئەلێکس ئەوە بوون: ئاگاتان لە خۆتان بێت.... بە هەموو هێزی خۆتانەوە کارێک بۆ پاراستنی کوشتنی زیاتری جوولەکە بکەن.

بنەماڵەی ڕافائیل تا دوا ئارامگە لە گۆڕستانی جووەکان لەگەڵیدا بوون.

ڕۆژی دوای بە خاکسپاردنی ڕافائیل، ڕۆژنامەکانی باشوری ئەفریقا بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە دامەزراندنی دەوڵەتی جووەکان لە فەڵەستین بڵاوکردەوە، لە گراف ڕێینێت تەلارە گەورەکەی بنەماڵەی فێردیناند ڕافائیل تاقە تەلار بوو کە ئاڵای ئیسرائیلی لەسەر دەشەکایەوە، سیلڤیای کچە گەورەیان یەکەم کەس بوو لە گۆشەیەکی بەر دەرگای خانووکە ئاڵاکەی هەڵکرد. ئەو خەڵکەی بەوێدا تێدەپەڕین بە تاسەوە لێیان دەڕوانی، تەنیا ژمارەیەکی کەم دەیانزانێ ئەمە ئاڵای کام وڵاتە. بۆ ڕۆژی دواتر هەواڵێکی دی لە ڕۆژنامەیەکی ئیسرائیل بڵاوکرابووە، فێردیناند بە غەمبارییەوە بە دەنگی بەرز بۆ خێزانەکەی خوێندەوە، "لە نزیک پتاح تکڤا پاسێک کەوتۆتە بۆسەی عەرەبەکان، شەش لەسەرنشینەکانی کوژراون، نیو کاتژمێر دواتر هێرش کراوەتە سەر پاسێکی دیکە و دوو کەس بوونەتە قوربانی."

باوکی سیلڤیا بە ئاخەوە گووتی: هەتا ئێستاش جوو دەکوژرێن.

بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە دابەشکردنی فەڵەستین و دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆ جووان، حەسەن سەلامەی زۆر تورە و غەمبار کرد، وای هەست دەکرد کە گشت هەوڵەکانی بە بادا چوون و هەوڵە چەکدارییەکانی بۆ ڕزگارکردنی فەڵەستینییەکان لە جووە نیشتەجێبووەکان شکستیان هێناوە، بەڵام

هێشتا هیوای هەبوو کە دەوڵەتی ئیسرائیل نابێتە ڕاستی. ئامانجی هێرشی سااڵی ١٩٤٧ی سوپای وڵاتانی عەرەبی، بۆ سەرنەگرتنی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕادەست کردنی فەڵەستین بوو بە عەرەبان. حەسەن سەلامە بە پەرۆشەوە لە چاوەڕوانی گەیشتنی سوپای عەرەبی بوو. بە هیوای ئەوە بوو هێزەکەی لە تێکشکاندنی جووتدا ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت. پاش هەموو شتێک (هەر کێیەکی بۆ چەندین ساڵ ژیانی خۆی تاڵ کرد و کێ خێری زیاتری لە بەروبوومی سەرکەوتن خوارد)؟

سەلامە بە خێرایی تێگەیشت کە ئەوە هیوایەکی هەڵەبوو: چونکە فەرماندەکانی سوپای عەرەب داوای یارمەتیان لێی نەکرد، لەبەرئەوەی دڵنیا بوون بە ئاسانی بەسەر هەر بەرگرییەکی جوو و بەریتانییەکان سەردەکەون، بەاڵم هێشتا لە نێوان خۆیاندا بڕیاریان نەدابوو چۆن تاڵانییەکانی سەرکەوتن دابەش بکەن، هەرگیز بیریشیان نەدەکردەوە بەشی سەلامەی لێ بدەن. بە دڵێکی شکاوەوە سەلامە درکی بەوە کرد کە ئەو لە سەرکردەی خەباتی چەکداری فەڵەستینی خراوە، پێدەچێت ئەو شەڕە چیتر شەڕی ئەو نەبێت، بەڵکوو شەڕی هەموو نەتەوەی عەرەبە.

لەگەڵ ئەوەشدا، وێرای لەدەستدانی کاتیانەی پێگەکەی، بەاڵم ملی نەدا یا کڕنوشی بۆ فەرماندەکانی هێزی سوپای سوریا و عێراق نەبرد و دەستبەرداری سوود وەرگرتنی مافی خۆی لە خەباتی نزیک نەبوو. حەسەن سەلامە بڕوای بەوە هەبوو کە دەیکرد، دڵنیاش بوو تواناکەی هیچ لە توانای ئەفسەرێکی پرۆفیشناڵی سەربازی کەمتر نیە، حەسەن دڵی خۆی بەوە دەدایەوە کە لە کۆتاییدا سەرکەوتووان هیچ ڕێکارێکی دیکەیان لە پێشدا نیە، بەڵکوو هەر دەبێت لە خەاڵتی سەرکەوتندا پشکی ئەو بدەن. خوا لەگەڵ بەدیهێنانی دادگەری بیباندایە.

لە ١٥ی ئایـــاری ١٩٤٨ یەکڕاســـت دوای بڕیـــاری نەتەوە یەکگرتووەکـــانی پەیوەست بە دامەزراندنی دەولەتی ئیسڕائیل، سوپای عێـراق هێرشـی کـردە سـەر وڵات، دوو حەفتە دواتر یەکەیەکی عێراقی گوندی ڕەئس ئەلعەینـی عەرەبنشـینی داگیر کرد کە دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای کفر قاسـم. ڕەئـس ئەلعـێن لە نـاوچەی ڕۆژهەڵاتی قەڵای ئەنتیپاتریسە و لەلایەن مەلیک هێرۆد لەسەر ئەو کۆنە کـاروان ڕێـیە دامەزراوە کە یافـا بە عەمـانی پـایتەختی ئـوردن دەبەسـتێتەوە. خـانووە مێژوویی لە بەرد دروستکراوەکان لەسەر کەلاوەی شاری هێرۆدیان دروست کراوە، نەک لەبەر ڕوخسـاری دیـاری شـارەکە، بەڵکـوو بەهـۆی هەڵـکەوتەکەی بـوو کە دەکەوێتە سەر ڕووباری یارکۆن و ئاوی خـواردنەوە بـۆ ئۆرشـەلیم دابـین دەکـات، لەڕووی ستراتیژییەوەش گرنگ بوو.

کاتێک هێزەکانی عێراقی پێگەی خۆیان داکوتا، خەنـدەقیان لێـدا و سـەنگەری خۆیـان لە نزیـک کانیاوەکـانی دەڕژانە نـاو ڕووبـارەکە تـۆکمە کـرد، لەبەرامـبەردا هێزەکانی ئیتزل خۆیان بۆ پەلاماردان تەیار دەکرد، چونکە ئەو ڕۆژانە بۆ جووەکان مـایەی مەترسـی بـوو لە دژی غەزووی سـوپای عێـراق و (پـان) عەرەب (سـوپای کۆیلەکان) تەنیا چەند جووێکی هێزە نهێنییەکانی وەک: هاگانا، ئیتزل و لەهی لە گۆڕەپانەکە هەبوو، وەزارەتی بەرگری ئیسڕائیلیش تەنیا لەسەر کاغەز هەبوو.

چەکـدارەکانی ئیتـزل زۆر لە سـەربازە پڕۆفیشـناڵەکانی عێراقـی تەیـارتربوون، بەڵام چەکەکانیـان زۆر سـادەبوون و ئەزمـوونی هێرشـکرنیان لە دژی سـەنگەرە پتەوەکان سنووردار بوو، لەگەڵ ئەوەشدا پێشڕەوی بەرچاویـان کـرد: بەرگریـان لە نیشتیمانەکەیان کرد، باوەڕی تەواویشیان بە توانای خۆیان هەبـوو کە سـەرکەوتوو دەبن.

لە ئەنجـامی هێرشـەکەدا لە هەردوولادا کوشـتن و برینـدارێکی زۆر کەوتەوە،

بەڵام لە کۆتاییدا هێزی ئیتزل سەرکەوت و دەستیشی بەسەر ئەو هێڵە بەرگرییە گرت کە لەلایەن هێزە عێراقیەکانەوە دروست کرابوو.

حەسەن سەلامە گوێبیستی داگیرکردنی ڕەئس ئەلعەین بوو، هەرچەندە ئەو لەبەر پلانی زنجیرە هێرشێک بوو دژ بە نیشتەجێبوەکانی جوو لە ناوەڕاستی وڵاتدا، بە تایبەت خۆی شارەزاییەکی باشی شوێنەکە بوو، چوار ساڵ پێشتر دوای ئەوەی لە ئەڵمانیا سەردانی موفتی کرد، سەلامە هەلبژێردرا بەشداری لە هێرشی چڕی تیرۆریستی لە فەڵەستیندا بکات. موفتی بە هەماهەنگی لەگەڵ نازییەکان پلانی ئۆپەراسیۆنێکی داڕشتبوو، سەلامە و چەکداری دیکەی عەرەب و سێ ئەفسەری نازییەکان چڕترین پرۆگرامی مەشقیان کرد، دواتر بەردرانە فڕۆکەخانەیەکی بچووکی نزیک بەرلین کە لەوێ فڕۆکەیەکی جۆری هێنکل لە چاوەڕوانیدا بوو تا بیانباتە فەڵەستین. فڕۆکەکە سوڕایەوە و پێنج چەکدارەکە بە پەڕەشوت خۆیان هەڵدا و کۆڵە پشتێکی پڕ لە زێڕ، چەک، بەڵگەنامەی ساختە و ژەهری کوشندەیان هەڵگرتبوو بە مەبەستی ژەهراوی کردنی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی ئۆرشەلیم، بەڵام بەریتانییەکان لە ئاسمانەوە ئەوانیان بەردایەوە، دوو عەرەب و دوو ئەڵمانیان دەستگیر کرد، حەسەن سەلامە و ئەڵمانییەکانی دیکەش بۆی دەرچوون.

بەپێی ڕێنماییەکانی موفتی، دەبوو سەلامە ژەهرەکە لە سەرچاوەی ڕووباری یارکۆن بکات کە سەروکار و شارەزایی لە شوێنەکەدا هەبوو، چونکە نزیکی گوندی قوڵە بوو. بەڵام بەهۆی گرتنەبەری چاودێری تووندی ناوچەکە ترس بەسەریدا زاڵبوو کە لەوانەیە لەکاتی ژەهراویکردنی سەرچاوەی ئاوەکە دەستگیر بکرێت، بۆیە ئۆپەراسیۆنەکەی هەڵوەشاندەوە. هەرچەندە دواتر دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسا بگاتە سەرچاوەکە و ئاو لە جووەکان بگرێتەوە، بۆیە دڵنیابوو کاتێک شوێنەکە لە جووەکان دەستێنێتەوە، عێراقیەکان چاکەی دەدەنەوە و دەیگێڕنەوە

پێگەی پێشانی.

سەلامە بە پەلەپەروزی چەند سەد کەسێکی لە پیاوەکانی کۆکردەوە و بە ئاڕاستەی ڕەئس ئەلعێن ڕێی گرتەبەر.

جووەکان پێگەی عێراقییەکانیان داگیر کردبوو، خۆیان بۆ هەر هێرشێکی پێچەوانە تەیار کردبوو، کاتێک لەگەڵ گەردی بەیانی پیاوەکانی سەلامە بە ئۆتۆمبیلی زرێپۆشەوە هێرشیان کردە سەر گوندەکە، ئیسرائیلییەکانیش کە خۆیان بۆ جەنگ ساز و ئامادە کردبوو، شەڕ بە تفەنگ و تۆپ و هاوەن لە لایەن هەردووڵادا دەستی پێکرد، لەو شەڕەدا وەڕەی ئیسرائیلییەکان بەهێزتربوو، هەروەها ئامانجەکەشیان باشتر بوو. کاتێک سەلامە هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی سەر تەپۆڵکەکە، ئیسرائیلییەکان بە ئاڕاستەی ئەو هاوەنبارانی شوێنەکەیان کرد، لەئەنجامدا خراپ بریندار بوو، بەهۆی سەختی برینەکەی ڕەوانەی نەخۆشخانەی ڕامەڵا کرا.

لە ٣١ی ئایاری ١٩٤٨ حەسەن سەلامە لە نەخۆشخانە خەوێندرا، هەموو هەوڵی پزیشکەکان بۆ جێگیرکردنی بارودۆخی خراپی بێ هودە بوو، کاتێک ڕوون بوویەوە چاک نابێتەوە، پیاوەکانی کە لە دەرەوە لە چوارەدەورەی کاتژمێرەکە کۆڕیان بەستبوو، بە پەلە هاوژین و کوڕەکەیان هێنا سەرینی. نەعیمە کە لەسەر منداڵبوون بوو لەگەڵ عەلی کوڕی دەستی حەسەنیان لەناو دەستبوو، زۆر بە کوڵ دەگریان و لە خوا دەپاڕانەوە شیفای خۆشەویستەکەیان بدات.

پیاوە بریندارەکە چرپاندیە گوێی نەعیمە و گووتی: کاتێک گیانم بەرەو ئاسمان دەڕوات، ئەرکە مەزنەکەی سەر شانت لە بیرت نەچێتەوە: ڕاهێنان بە عەلی بکە بۆئەوەی جێگەم بگرێتەوە و لەوەش دڵنیا بە کە لە خەبات بۆ فەڵەستین بەردەوام دەبێت.

نەعیمە بە نەرمی وەڵامی دایەوە و گووتی: بەڵێنت پێدەدەم.

ڕووی لە عەلی کوڕی کرد و گووتی: کـوڕەکەم هەرگیـز ئەوە لە بیـر نەکەی کە باوکت کێ بوو. ئەوەشت لە یاد بێت کە چارەنووس وات لێدەکات شوێن پێی مـن هەڵگریت و تا مـردن شـەڕی دوژمنـانی عەرەب بـکە. سوپاسـت دەکەم کە نـاوی سەلامە بە نەقشکراوی لەسـەر ئاڵای خەبات دەهێڵیتەوە.

ڕۆژی ٢ی حوزەیرانی ١٩٤٨ حەسـەن سـەلامە ماڵئـاوایی کـرد و لە ڕێوڕەسـمی بەخاکسپاردنیدا پیاوەکانی خۆپشـاندانێکی گەورەیـان بەرێـوەبرد، ژنەکـان خۆیـان ڕەشپۆش کرد و لە خۆیـان دەدا کاتێـک جەنـازەکەی لە ڕامەڵاوە بەرەو گۆڕسـتانی خۆجێیی تێپەڕبوو.

کاتێک سیلڤیا تەمەنی بوو بە شازدە ساڵی. لە شەشەمین ساڵیادی دامەزراندنی ئیسڕائیلدا ئاهەنگێکی بۆ ئەندامانی بزووتنەوەی لاوانی جووی بەندەری ئلیزابێـث ڕێکخسـت و دەقـی وەرگێـڕدراوی ئینگلیـزی، خـوانچەی زیـوی ناتـان ئۆڵتەرمـان، گۆرانی باب ئەلواد، گۆرانی دۆستایێتی حایم گۆری و چەند دیمەنێکـی سرووشـتی ئیسڕائیلی لەسـەر شاشـەیەکی گەورە نیشـانی ئامادەبووانـدا، سـەرۆکی کـۆمەڵەی جووە خۆجییەکان و ژمارەیەک پیاوماقوڵی غەیرە جوو ئامادەی ئاهەنگەکە بـوون. بۆ ڕۆژی دواتر ڕۆژنامەی ناوخۆیی بە وێنەوە وتارێکی لەسەر بۆنەکە بڵاوکردەوە.

سیلڤیا کچێکی شۆخی باڵابەرز و ژیر و زار شیرین بوو، گیانی سەرکردایەتیشـی هەبـوو، بەردەوام لە پـۆل و لەگەڵ هەڤاڵانیـدا باسـی لە پلانـی داهـاتووی خـۆی دەکـرد کە دەیەوێ سـەردانی ئیسـڕائیل بکـات و لە دامەزرانـدی وڵاتـدا یـارمەتی جووەکان بدات.

کاتێـک ئەم پـلانەی ڕووبەڕووی بـاوانی کـردەوە و داوای ڕێپێـدانی کـرد، هەردووکیـان لەسـەر مـانەوەی لە مـاڵ سـوور بـوون، دایکـی گـووتی: تـۆ هێشـتا

منداڵی، سەرەتا زانکۆ تەواو بکە و کاتی زیاتر بدە خۆت، ئینجا بڕیار بدە کە لە ژیانتدا چ کارێک دەکەیت.

سیلڤیا تێگەیشت کە هیچ چارەیەکی نییە، جگە لە گوێڕایەڵی بۆ باوانی نەبێت، دوای ئەوەی قوتابخانەی باڵای تەواو کرد، پەیوەندی بە زانکۆ کرد و خوێندنی پرۆگرامی هونەری ئازادی خوێند، دوای چوار ساڵ بە بڕوانامەی ئەکادیمییەوە گەڕایەوە. بۆ ماوەی ساڵێک وەک مامۆستای موزیک لە قوتابخانەیەکی بەندەری ئلیزابێث کاری کرد، بەڵام هێشتا دەستی لە حەزی چوون بۆ ئیسرائیلی بەر نەدابوو، بەردەوام پلانی چوونی بۆ ئیسرائیل بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو دادەڕشت.

لەم کاتەدا سیلڤیا بووە مایەی حەیرانبوونی گەنجێک (ئاڤری سیمۆن) کە لە ماڵی یەکێک لە دۆستەکانی لە بەندەری ئلیزابێث بینیبووی و شەش ساڵ لە سیلڤیا گەورەتر بوو، کوڕی بنەماڵەیەکی زەنگینی جوو بوو، هەروەها لە کۆمپانیایەکی سەرکەوتوو پارێزەر بوو، ئەو لە یەکەم دیدارا عەشقی سیلڤیا بوو کە بە ڕووخۆشی و ژیری و هەڵسوکەوتە خاتوونیی و ڕۆمانسیەتەکەی مەندەهۆش بوو. چەند هەفتەیەک دواتر، ئاڤری بەبۆنەی ئاهەنگی لە دایکبوونی بۆ خوانی ئێوارە سیلڤیا و ماڵەوەیانی داوەتی ماڵی خۆیان کرد. باوکی بەڵێندەرێکی دیاری بینا دروستکردن بوو، دایکیشی چالاکوانی چەندین ڕێکخراوی خێرخوازی بوو. زۆر بە گەرمی پێشوازیان لە سیلڤیا کرد و کەشێکی دۆستانەی گەرموگوڕیان لەسەر مێزی نانخواردن دروست کرد. دوای نانخواردن بە بۆنەی ساڵیادی لە دایکبوونی، باوکی تۆپە کلیلێکی دایە دەست کوڕەکەی کە کلیلی خانوویێکی جوان بوو، بە تایبەت بۆ ئەوی دروست کردبوو.

باوانی سیلڤیا هەر لەو ساتەی ئاڤرییان بینی کەوتە بەر دڵیان، هەردووکیان

کۆکبوون کە زاوایەکی لەوە باشتریان دەست ناکەوێت، سیلڤیا و ئاڤری جووتە کەپلێکی لێک وەشاوەبوون، هەردووکیان سەرنجڕاکێش و زیخ و دنیایی بوون. زۆرجار بەیەکەوە گفتوگۆیان لەبارەی ئایندەوە دەکرد، سیلڤیا باسی حەزی کۆچکردنی خۆی بۆ ئیسرائیل دەکرد، بەڵام ئاڤری هەوڵی دەدا بڕوا بە خۆی بهێنێ کە لە کۆتاییدا سیلڤیا ئەو حەزەی لە بیر دەکات. کاتێک چەندجارێک داوای هاوسەرگیری لێی کرد، سیلڤیا بیری دەخستەوە کە ئەو پلانی دیکەی هەیە و جارێ بۆ شووکردن ئامادە نییە. بەڵام ئاڤری گووتی: ئەوە چی بەسەر هاتووە، ئایا دەکەوێتە دوای خەونەکەی و چارەنووسەکەی بە جێدەگەیەنێ؟ کاتێک سیلڤیا داوای لە ئاڤری کرد بۆ ئیسرائیل یاوەری بێت، ئاڤری بە غەمبارییەوە وەڵامی دایەوە و گووتی: ئەمە مەحاڵە، من تازە دەستم بەکار کردووە، بە هیوای بەختێکی باش کە لە کۆتاییدا ببمە هاوبەشێکی باڵا. من لە ئیسرائیل چ بکەم، زمانەکەش نازانم، باشە چۆن پارێزەری بکەم؟

سیلڤیا بە ئاڤری گووت، ڕێز لە بڕیارەکەی دەگرێت، بەڵام دەبێت تێبگات کە شوێنی ئەو ئیسرائیلە. پێویستە هەموو جووێک بچێتە ئەوێ بۆئەوەی یارمەتی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل بدات و بەرگری لێ بکات و گووتی: ئەوێ وڵاتی ئێمەیە نەک باشوری ئەفریقا.

لەو بابەتەدا باوانی ئاڤری لای کوڕەکەیان گرت و هەوڵیاندا سیلڤیا ڕای خۆی بگۆڕێت، وەک ڕێگەچارەیەکی مامناوەند، ئاڤری پێشنیازی کرد سیلڤیا بۆ چەند مانگێکی کەم بچێتە ئەوێ و وەک خۆبەخش کار بکات و بەڵێنی پێدا "من چاوەڕوانی تۆ دەکەم" سیلڤیا بە چاوێکی پڕ لە خۆشەویستی سەیری کرد و گووتی: ئیسرائیل خەونی منە، ناشزانم ماوەی چەند لەوێ دەمێنمەوە، ئەگەر لەگەڵم بێی، دەیسەلمێنی کە بە ڕاستی منت خۆشدەوێت.

باوکی سیلڤیا بۆ چەند کاتژمێرێک قسەی دڵی لەگەڵیدا کرد، بە هیوای ئەوەی بڕوای پێ بهێنێ ڕای خۆی بگۆڕێت و گووتی: ئیسرائیل بێ تۆش دڕێژەی دەبێت، تۆ لێرە خانەوادەیەکی خۆشەویستت هەیە، پیاوێکی گەنجیش شەیداتە، بۆچی دەچییە ئەوێ؟ بۆ هیچ.

جێی سەرسوڕمانە، کە دایکە نا جووەکەی پشتیوانی لە بڕیارەکەی دەکات.

مریەم گللەیی لە هاوسەرەکەی کرد و گووتی: لێی گەڕێ، با ئەوە بکات کە خۆی دەیەوێت، با دوای ئەو چارەنووسە بکەوێ کە خۆی گەرەکییەتی، ئێمە مافی دەستێوەردانمان نییە.

بڕیاری چوونی سیلڤیا بۆ ئیسرائیل خەفەتڕێژ بوو، لەلایەک ئاڤڕی خۆشدەویست و هیوای دەخواست یاوەری بێت، ئەوەشی دەزانی لەگەڵیدا ژیانێکی فرەخۆش و مەیسەری دەبێت، لەلایەکی دی خەونی چوونی بۆ ئیسرائیل گەلێک خورتبوو، کاتێک بڕیاری چوونی بۆ ئیسرائیلی بە ئاڤڕی ڕاگەیاند، تارماییەک ڕوخساری داپۆشی، لەوە نەدەگەیشت بۆ هێندە سەر ڕەق و چەمووشە، سیلڤیا لە بڕوا پێکردنی باوکی شکستیهێنا بەوەی ئیسرائیل نیشتمانی ڕاستەقینەیانە. سرووشتی سیلڤیا وابوو، لەبارەی بە جیاواز ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەوەی پێشبینیدەکرد، گومانی نەبوو. مەیلی بۆ شووکردن بە ئاڤڕی نەبوو، هەرچەندە بۆی دیار بوو کە پرسێکی ئاشکرایە و دەبێت بیکات، بۆیە وێڕای پێ ناخۆشبوونی باوکی، بەڵام لەسەر چوونی بۆ ئیسرائیل سوور بوو، تاقیکردنەوە دەروونییەکانی لە دواتردا لەسەر سیلڤیا کران، ئەنجامەکەی بەمشێوەیە بوو: سیلڤیا پێویستی بە دانیشتنێکی قوڵ هەیە بۆئەوەی مانا بە ژیانی بدات، ئەمەش بە ڕوونی لەوی دەبینرێت، کاتێک لەپێناو کۆچکردن بۆ ئیسرائیل دەستگیرانەکەی بەجێهێشت، بە بەڵگەی ئەوەی چوون بۆ وڵاتێکی تازەی نەناسراو زۆر لە

دەوروبەری باشوری ئەفریقای هێمن و کپ خۆشترە.

دوای ئەوەی بـــوو بە ٢٢ ســـاڵی، زۆر لە پێشـــتر بە بڕیـــارتربوو، ســـیلڤیا کەلوپەلەکانی خـۆی پێچـایەوە و بە یـاوەری بـاوانی بەرەو فڕۆکەخـانە هـاژووتی، بەرلەوەی سەرکەوێتە سەر فڕۆکە بـاوکی بە خۆشەویسـتییەوە لە ئـامێزی گـرت و کـامیرایەکی گرانبەهاشـی بە خەڵات پێـدا و گـووتی: ئـێمە لێـرە هەمووماـن لە چاوەڕوانی گەڕانەوەت داین. سیلڤیاش زۆر بە تووندی باوکی لە ئامێز گـرت، بەڵام لە دڵی خۆیدا دەیزانی تا ماوەیەکی درێژ نایبینێتەوە.

ئەگەر لەبەر خـاتری دایـک، خوشـک، پـور، مـام و ئامۆزاکـانی و هەڤاڵەکـانی بـاوکی کـۆچکردووی نەبـا، عەلـی حەسـەن سـەلامە ژیـانێکی خۆشـتری دەبـوو، هەرچییەکـی دڵـی بیویسـتبا لە پـارە بە خەسـارەتدان لە ڕێسـتۆرانت و یانەکـانی شەوان دەیکرد، بەڵام ئەوانەی چوار دەوری هەرگیز لە بەیاد هێنانەوەی عەلی بـۆ سڕینەوەی شتە زۆر خۆشەویستەکانی زهنیدا نەوەستان: شەڕی ١٩٤٨، مردووەکان و بریندارەکان، هەموو ئەو خوێنانەی ڕژان.

عەلی ڕووداوگەلێکـی کەمـی دوای مردنـی بـاوکی لە یـاد مـابوو، لێـرە و لەوێ بیرەوەرییەکی مژاوی لەسەر چۆنیەتی هەڵاتنی لە ڕامەڵا بە ئۆتۆمبیلی خزمەکـانی هەبوو. کاتێـک بە ڕێگەیەکـی تەسـکی پـڕ لە کەنـد و کۆسـپی گونـدەکانی بەرەی ڕۆژئاوای ئوردن ڕۆیشتن کە زۆرجار بۆ دووركەوتنە لە یەکەی سوپای ئوردن لەسەر ڕێی بەرەی ئیسرائیل لە ڕێگەش لایان دەدا. دایکی ئەو بڕە پـارە مـاقوڵەی لە ژێـر کەلوپەلەکانی حەشاریدا بوو کە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە جێهێڵدرا بوو، بەشـێکی زۆری لە تـاڵانکردنی دامەزراوەکـانی بەریتانیـا و سـەرانە وەرگـرتن لەو عەرەبە بەناوبانگانە دەسکەوتبوو کە هاوکاریان نەدەکرد. هاوژینە بێوەژنەکەشـی ئاگـادار بوو کە حەسەن پارەیەکی زۆری لە موفتی ئۆرشەلیم وەردەگـرت بێـئەوەی چەکـی

پێ بکرێت یا بەسەر پیاوەکانی دابەش بکات و بەرتیل بە ئەفسەرانی بەریتانی بدات بۆ ئەوەی بە تیرۆریستی دانەنێن. هیچ ڕێگەیەکی نەبوو تا بزانێت چەند لەو پارەیەی هاوسەرەکەی ماوە، بەڵام پارەیەکی باشی لەو سندوقە کانزایە حەشاردرابوو کە بۆ کاتی پێویستی خێزانەکەی لە باخچەکەیاندا تەقەت کرابوو.

دوای چوار ڕۆژ لە بێنە و بەردەی بێ کۆتایی لە شانشینی ئوردنی هاشمییەوە، خێزانەکە گەیشتە بەیروووت و دەلحاز چوونە یەکێک لە کەمپی ئاوارەکان کە بۆ میواندارکردنی فەڵەستینییەکان هاتبوونە ئاواکردن، لە ترسی زیادبوونی ژمارەی موسڵمانەکان لە وڵاتدا کریستانەکان ڕەتیان کردەوە گەرەنتی هاووڵاتیانی لوبنانی یان مافی بەکرێ گرتن و کڕینی زەوی بە پانەبەران بدەن.

خێزانی سەلامە بە ناچاری ماوەیەک لە کەمپی پەنابەران مانەوە تا ئەوکاتەی دۆستە لوبنانییەکان هاتن و ڕزگاریان کردن، ئیدی نەعیمە توانی خانوویەک لە گەڕەکی حەمرا بەکرێ بگرێت کە بنەماڵە خودا پێداوەکانی موسڵمان لەوێ دەژیان. نەعیمە تەواوی دیواری خانووە نوێیەکەی بە وێنەی هاوسەرەکەی بە پۆشاکی سەربازی، تفەنگ بە دەست، لەسەر پشتی ئەسپ و وەستان لە پشت تۆپ ڕازاندەوە، ئەو کچەشی بە ماوەیەکی کەم دوای باوکی هاتە دنیا ناوی لێنا جیهاد. نەعیمە هەرگیز دەستبەرداری ئەو بیرۆکەیە نەبوو کە کاتی هات عەلی جێگەی باوکی دەگرێتەوە و وەک پاڵەوانێکی مەزن بە هەر نرخێک بێت فەڵەستین لە دەستی جووان ڕزگار دەکات. ئەو کاتانەی هەموو خێزانەکە بە یەکەوە کۆدەبوونەوە، نەعیمە گوندەکەی خۆیانی وەبیریان دەهێنایەوە و پەلاماری قارەمانەکانی هاوسەرەکەی دەگێڕایەوە و بێ کۆتایی ئەوەی دووبارە دەکردەوە: عەلی میراتی حەسەنە، عەلی گوێی دەگرت، بەڵام دەنگی لێوە نەدەهات.

لە ٢ی حوزەیرانی ١٩٥٨ لە دەیەمین ساڵیادی مردنی حەسەندا، لە ناوەڕاستی مەیدانی بەیرووت ساڵیادێکی گەورە لەبەردەم جەماوەرێکی زۆر بەڕێوەچوو کە یاسر عەرەفاتیش ئامادە بوو، ئەوکات تەمەنی ٢٩ ساڵ بوو، ئەو و هەندێ لە هاوڕێکانی خەونیان بە دامەزراندنی ڕێکخراوێک دەبینی بکارێ فەڵەستین بۆ عەرەب بگێڕێتەوە. شەش ساڵ دواتر لە ئەنجامی یەکەمین کۆبوونەوەی لوتکەی عەرەبی، ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستین (ڕ.ڕ.ف) دامەزرا، ساڵێک دواتر قوتابییەکی پێشووی بەشی ئەندازیاری لە زانکۆی قاهیرە، فەرماندەیی فەتحی وەرگرت کە لەناو ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستین، ڕێکخراوێکی لاوەکی تایبەت بە بەکارهێنانی هێز بوو.

ئەوکاتەی لە دەیەمین ساڵیادی مردنی حەسەن سەلامەدا، هاوژینە بێوەژنەکەی و کوڕ و کچەکەی چوونە سەر ئەو ستێیجەی لە مەیدانەکە دروست کرابوو، لەبەردەم پیاوەکانی حەسەن کە وێنەیەکی گەورەی سەرکردە مردووەکەیان هەڵگرتبوو، یاسر عەرەفات لەسەر ستێیج عەلی لە ئامێز گرت و نێوچەوانی ماچ کرد و گووتی: هەموو نەتەوەی عەرەب چاویان لەوە بڕیووە ڕۆژێک تۆ تفەنگە پیرۆزەکەی باوکت لە دەست بگریت و سەرکردایەتی شەڕی جووەکان بکەیت. ئامادەبووانیش بە هوتاف کێشان پشتیوانی خۆیان نیشاندا.

ئەوکاتە عەلی سەلامە تەمەنی هەژدە ساڵان بوو، قوتابیەک بوو زۆربەی کاتەکانی خۆی لەنێوان زانکۆی بیرزێت و یانە شەوانەکانی بەیرووت و بەرلین دابەش کردبوو. عەلی قوتابی فاکەڵتی زانستی کۆمەڵایەتی بوو، بەڵام بە دەگمەن لەناو پۆڵ دەبینرا، لە چاو خۆشییە بێ کۆتاییەکانی وەک: یانەکانی شەوانە، ئافرەت و ئۆتۆمبیلی تیژڕۆوە، خوێندن بەلایەوە زۆر جێی بایەخ نەبوو، عەلی پارەیەکی لە مشەی هەبوو، چەشەی لە سەرفکردنیدا لە گرانترین ڕێستۆرانت و یانە و پۆشینی نوێترین پۆشاکی مۆدێلدا دەبینی. بەردەوام بە ئۆتۆمبیلە تایبەت دروستکراوە

ڕەنگ جەرگییەکەیەوە لە شەوچەرەیەکەوە بۆ شەو چەرەیەکی دی ڤڕەی دەهات.

عەلی پیاوێکی قۆزی سەرنجڕاکێش بوو، جووتە چاوە سەوزە سحراوییەکانی هۆکارگەلی شکاندنی چەندان دڵ بوون. هاوپۆلەکانی بە زەحمەت کۆنترۆڵی ئیرەیی خۆیان پێدەکرا، کاتێک لەوپەڕی گەرمەی خوێندنی دوا تاقیکردنەوەدا لەپێناو خۆگەیاندنە شۆخێکی قشتی سەماکەردا کە لە یانەی شەوانەدا دەیبینی وازی لە کتێبەکانی قوتابخانە دەهێنا. کچان نامەی بۆنداریان بۆی دەنارد و ئافرەتانیش بە گەرمی دوای دەکەوتن.

ماوەی چەندین ساڵ دایکی عەلی بە تووڕەییەوە بە دوای سەرکێشی کوڕەکەیەوە بوو، دۆستەکانی لەبارەی چۆنیەتی بەسەربردنی کاتەکانی قسەیان بۆی دەهێنایەوە و داوایان دەکرد بۆ وەستاندنی عەلی و پاراستنی شەڕەف و ناوبانگی خێزانەکەیان کارێک بکات، ئەویش چەندین جار لەگەڵ کوڕەکەی گفتوگۆی دەکرد و لەبەری دەپاڕایەوە خوێندنەکەی بە جدی وەربگرێت و خۆی لە ژنان و چوونە یانە شەوانەکان دووربگرێت. هەرچەندە گللەییەکان عەلیان تووڕە دەکرد، بەڵام هەر چۆنێک بێت، دایکی بوو، بۆیە بە لاقرتێیەکەوە گللەییەکانی قبوڵبوو. لە دڵەوەش هیوای دەخواست دایکی شتێکی دی بدۆزێتەوە و پێوەی سەرقاڵ بێت بۆئەوەی واز لە سەرزەنشت وحوکمەکانی بهێنێ. بەڵام نەعیمە وازی لە پلانەکانی خۆی نەهێنا، چونکە دەیزانی هەتا مێشکی عەلی بە کچە سەماکەرەکانەوە سەرقاڵ بێت، لە ژیانیدا هیچ دەرفەتێکی نابێت شتێکی جدی بکات و بار گرانی کێشەی فەڵەستین لە ئەستۆ بگرێت کە باوکی لە دوا ساتەکانی ژیانیدا ڕاسپاردەی کردووە، دایکی بە لایەوە بابەتێکی جەوهەری بوو عەلی ببێتە ئەندامێکی قەدرگرانی کۆمەڵگە، بۆیە لەگەڵ خۆیدا بەجدی کەوتە بیرکردنەوە و بڕیاریدا ژنی بۆ بهێنێ.

نەعیمە لیستێکی بەناوی کچە عازەبەکانی بزنسمان و ئەفسەرانی سوپا و سیاسەتوانە سەرکەوتووەکان دروستکرد، لە کۆتاییدا زەینەبی خزمی عەبدولقادر ئەلحوسەینی بۆ خواست کە لە شەڕی سەربەخۆیدا دژ بە جووەکان فەرماندەیی سوپای فەڵەستینی دەکرد تا لە جەنگی قەستەل لەسەر ڕێگەی ئۆرشەلیم کوژرا. زەینەب کچی یەکێک لە پیاوماقوڵە دیارەکانی جیهانی عەرەب بوو، پارە و مۆڵکێکی زۆری لە باوکییەوە بە میرات بۆ مابوویەوە. موفتی ئۆرشەلیم حاجی ئەمین ئەلحوسەینی کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر عەلی و حەسەنی باوکییەوە هەبوو، ئەندامێکی دیکەی ئەو خێزانە فەیسەل ئەلحوسەینی بوو کە دواتر دۆسییەی ئۆرشەلیمی دەسەڵاتی فەڵەستینی گرتە دەست.

گوتەگوتە بەردەوامەکانی دایکی، عەلی هیلاک کردبوو، بۆیە بە مەبەستی دیداری زەینەب سەردانی ئۆرشەلیمی کرد و زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی مااڵی خۆیانی کرد، لەگەڵ کچە و خزمەکانیدا بیروڕایان لەبارەی کێشەی فەڵەستین گۆڕییەوە، لەگەڵ هەموویاندا هەوڵی شاردنەوەی جیاوازییەکانی دەدا، بووکە هەستی نەجووڵاند، بەاڵم دایکی و ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی ئۆقرەیان لێ بڕیبوو، چەندین جار دووبارەیان دەکردەوە کە بۆ بە یەکگەیشتنی ئەو دوو خێزانە ناسراوەی فەڵەستین بۆ هەردووکیان شەڕەفێکی لەوە گەورەتر نییە. دایکی لە خۆشیان فرمێسکی شادی بارانـد و پێی گووت: هیچ گومانی تێدا نییە، ئەم زەماوەندە گیانی باوکیشت لە بەهەشتدا شاد دەکات.

لە کۆتاییدا عەلی ملی بۆ گووشارەکاندا، لە ئاهەنگێکی گەورەدا کە سەدان میوان لە دەستەبژێرانی کۆمەڵگەی فەڵەستینی ئامادەی بوون، عەلی ئەو کچەی هێنا کە دایکی بۆی هەڵبژارد. مێزەکان لە بن خواردنی بەلەزەت ناڵەیان لێوە دەهات، عەلیش بەرمەبنای نەریتی کۆن بایەخێکی تایبەتی بە مەحشی کۆترا کە گوایە توانای سێکسی پیاوان زیاد دەکات. دوای ئاهەنگەکە عەلی بەرەو یەکێک لە

یانە شەوانەکان خزی بۆئەوەی شەو لەگەڵ ئافرەتێکی دی سەما بکات.

نووسینگەی خۆبەخشانی بزووتنەوەی کیبوتز ئارتز کە لە باڵەخانەیەکی شەقامی لیۆناردۆ داڤنسی تەلئەڤیڤ بوو، سیلڤیای تەمەن بیست و دوو ساڵ، سەرلەبەیانییەکی زووی هاوینی ١٩٥٩ ڕاستەوخۆ لە فڕۆکەخانەوە گەیشتە ئەوێندەرێ، پێشتر چەند گەنجێکی خوێن گەرم لە هەردوو ڕەگەز لەبەردەم دەرگای داخراوی کیبوتز لە چاوەڕوانی ئەو نوێنەرانەدا بوون کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکردن و بریاریان دەدا ڕەوانەی کام کیبوتزیان بکەن، لە سەر کورسییەکانی دەرەوەی نووسینگەکە کۆمەڵێک گەنجی جۆراوجۆری جووی ڕووخۆش لە چاوەڕوانیدا بوون: کە لە خۆبەخشی تەمەن ٢٠-٣٠ ساڵی بە خۆیان و کۆڵە پشتەکانیانەوە لە کەسانی ڕەبەنی سەرکێش و قوتابی و کچانێک بە هیوای دۆزینەوەی هاوسەر لە ئیسرائیل پێکهاتبوون. زۆربەیان بە سیلڤیایان گووت دەخوازن بۆ چەند هەفتەیەک لە ئیسرائیل بمێننەوە و لەویشیان پرسی کە ئاخۆ چەند دەمێنێتەوە.

لە وەڵامدا گووتی: تا ئەوەندەی بتوانم سوودێکم هەبێت، دەمێنمەوە.

کاتژمێر نۆ سیلڤیا لە بەرامبەر ئەو ئەندامە گەنجەی کیبوتز ڕووینشت کە مامەڵەی خۆبەخشە نوێیەکانی ڕایی دەکرد، بە کورتی دیراسەیەکی کچە کرا و ناوی نووسرا و لە تەندروستیان پرسی.

ئەوەندەی بزانم باشم.

ئایا هیچ پیشەیەکت هەیە؟

من مامۆستای موزیکم.

چاوپێکەوتنەکە گەرموگوڕی پێوە دیار نەبوو.

کیبوتیزەکەمان پێویستی بە مامۆستای میوزیک نییە، دەتوانی شتی دی بکەیت؟

هەر کارێک داوام لێ بکرێت، بێ دوودڵی دەیکەم، من لە کاری قورس ناترسێم.

دوای ماوەیەکی کورت و پاش وەرگرتنی نامەی ئیحالە، سیلڤیا بەرەو غان شەموئێل کەوتەڕێ کە لە شارۆچکەی حەدەراوە بە ئۆتۆمبیل دە خولەک رێگا بوو، پێشتر هەرگیز ناوی ئەو کیبوتزەی نەبیستبوو، هیچ بیرۆکەیەکیشی نەبوو کە لەوێ چ کارێک دەدۆزێتەوە. لە ڕاستیدا کەمۆکەکی لەبارەی ژیانی کیبوتز دەزانی، هەندێ شتی لەبارەی شێوەژیانی میللیانە، قەشەئاسا و کاری قورسی ئەوێ خوێندبوویەوە، بەڵام هەموو ئەوانە ناڕەحەتیان نەکرد، بەڵایەوە شتی سەرەکی بەشداری کردنێکی سوودبەخش بوو، هەرچەندەکی سەختیش بایە.

لە وێستگەی ناوەندی تەلئەڤیڤەوە تیکتی پاسی پێدرا، پاسی کیبوتز بە کن خانوو، ماڵە تایبەتەکان و بێستانی پرتەقاڵ و کێڵگەکانەوە تێدەپەڕی، سیلڤیا بە دیمەنەکان مەفتون بوو کە لە پەنجەرەکەوە دەیبینین. هەروەها بە بایەخەوە دیراسەیەکی هەڤاڵە کیبوتزییەکانی کرد: ئەندامانی کیبوتز بە هەردوو ڕەگەزەوە جلوبەرگی خاکیان دەپۆشی، پیاوە بە تەمەنەکان قاتیان لەبەر دەکرد، سەربازەکان یەکپۆش بوون. لە ژیانیدا ئەوە یەکەمجار بوو ڕووبەڕوو سەربازانی ئیسرائیل ببینێت و گوێی لەو خەڵکە زۆرە بێت بە عیبری قسە دەکەن.

پاش نیوەڕۆ گەیشتە غان شاموئێل، بەڵای ئەو ئەندامانەی کیبوتز ڕەتبوو کە لە کار گەڕابوونەوە، ئەوانیش زەردەخەنەیەکی دۆستانەیان بۆ کرد، هەرزەکارەکان بلووزی شین و ملپێچی سپیان لەبەربوو بە تەنیشتی تێپەڕین و بە دەنگی بەرز هاواریان کرد. سیلڤیا بە جوانی باخچەکە و بۆنی گوڵەکانی ڕۆخ ڕارەوەکە مەستبوو، دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکێک لە ئەندامانی کیبوتز لەبارەی ماف و پابەندییەکانی وەک خۆبەخشێک، بەردرایە قاوشی خۆبەخشەکان کە لە دار

دروست کرابوو، هەر دوو خۆبەخش لە ژوورێکدا پێکەوە بوون. دوای ئەوەی سیلڤیا قەرۆڵە، چەرچەف، بەتانیە، جلوبەرگی کار و پێداویستییەکانی سەر ئاوی وەرگرت، بۆ خوانی ئێوارە پەیوەندی بە خۆبەخشەکانی دی کرد، دوای گەڕانەوە لە نان خواردن لەگەڵ هاوژووەرەکەی بووە هاوەڵ کە کچێکی بااڵبەرزی پرچ کورتی سوێدی بوو، لەسەر تەختەکەی پاڵکەوت و خەوت تا بەیانی دواتر زوو لە خەو ڕابوو بۆ یەکەم ڕۆژی کارکردنی لە قتووناندا.

بەیانییەکی فێنک و خۆش بوو، بەاڵم کە خۆر دەرکەوت ئاماژەی ڕۆژێکی گەرمی دەدا، ماکینەکانی کارگە گەرمییەکی لە ڕادەبەدەریان فڕێدەدا و سیلڤیا عارەقەیەکی شین و مۆری کرد، لەبەرئەوەی لە باشوری ئەفریقا گەورە ببوو لە گەرمای هاوین ڕاهاتبوو، بەاڵم گەرما و شێی کیبوتز لە سەرووی هەموو گەرمیەک بوو کە ئەو ئەزموونی کردبوو، مانەوەی لە یەکەم ڕۆژی کارکردندا تێکۆشانێکی موستەهەقی دەویست، هەرگیز پێشبینی نەکردبوو هێندە سەخت بێت.

دوای تەواوبوونی کار لە پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ، گەڕایەوە شوێنەکەی، لە گەرماوی هاوبەشی ژنانەدا دووشێکی کرد و جلوبەرگی خاوێنی پۆشی، چووە دەرەوە بۆئەوەی دەم و دوو بکات لەگەڵ ئەو گەنجانەی لە سەرانسەری جیهانەوە بۆ یارمەتیدان هاتبوونە کیبوتز، ئەو تاقە کەس بوو کە لە باشوری ئەفریقاوە هاتبوو.

ڕۆژانی دواتری کارکردن سەختتر بوون، پێکەوە لەگەڵ ئەندامانی کیبوتز و خۆبەخشەکانی دی دیاریکران کە لە کاتی حەسانەوەی خۆیاندا کاتژمێری دیکەی سەربار کار بکەن بۆ یارمەتیدانی کارگەکە کە لە ترۆپکی وەرزی خۆیدا بوو، هەرچەندە زۆر ماندووش بوو، بەاڵم زۆر بە حەزەوە کاری کرد.

سیلڤیا بە پێچەوانەی خۆبەخشەکانی دی کەمۆکەک عیبری دەزانی و دەیتوانی

لەگەڵ ئەندامانی کیبوتز گفتوگۆی سادە بکات، بەڵام تەواو تێری نە دەکرد، بۆیە لە کاتی دەست بەتاڵیدا لە ئۆلپان وانەی عیبری دەخوێند و بەهۆیەوە باڵادەستی خۆی بەسەر زمانەکە سەلماند، ڕۆژانە کتێبی عیبری لە کتێبخانەی کیبوتز وەردەگرت و تا درەنگی شەو دەیخوێندەوە. بە گوێرەی نەریتی کیبوتز هەر خۆبەخشێک لە خێزانەکە وەرگیرابا، پێویستە وا هەست بکات کە لە ماڵەوەیە، بەمەش زۆر بە ئاسانتر دەتوانێ خۆی لەگەڵ ژیانی چوارچێوە کۆمەڵایەتییە نا ئاشناکە ڕابهێنێ. داڤید و دۆریت کە ژن و مێردێکی گەنج بوون، ئەوان لە کیبوتز لە دایکبوون، ئەو دووانە بوونە باوانی بەخێوکەری سیلڤیا، دۆریت مامۆستای باخچەی ساوایان بوو، هاوسەرەکەشی باخەوانی مێوە بوو.

ئەوکاتەی بۆ یەکەمجار سیلڤیا پێی نایە ژوورە ڕایەخراوە قنجەکەیان، هێندە بە گەرمی پێشوازیان لێیکرد، هەر زوو خۆشیانی ویست، داڤید و دۆریت لەبارەی یەکەم ڕۆژی کارکردنی پرسیاریان لێیکرد، بە عیبری و ئینگلیزییەکی تێکەڵاوەوە وەڵامی دانەوە و گووتی: زۆر سەخت بوو، هەرچەندە پێشبینی ئەوەم نەدەکرد کارێکی ئاسان بێت. پاشان سیلڤیایان بردە ژووری نانخواردن کە ئەندامان و خۆبەخشەکان پێکەوە نان دەخۆن، دیوارەکانی بەو وێنە و سلۆگانانە ڕازابوونەوە کە لەلایەن ئەندامانی کیبوتز کێشرابوون و پیا هەڵدان بوو بە کاری جەستەیی، سیلڤیا خۆشی لە گەرموگوڕی ژووری نانخواردن و میوە تازانەی کێڵگەکان و نانە برژاوەکانی فڕنی کیبوتز وەرگرت و نانی تەندوری دەستی دایکی بە بیرهێنایەوە کە لە پشتەوەی ماڵەکەیاندا لە باشوری ئەفریقا دروستی دەکرد.

داڤید لەبارەی پەرەنسیپەکانی ژیانی کیبوتز هەندێ ڕێنمایی کرد کە چۆن کار دەکرێت و چۆن منداڵەکان پێکەوە لە ماڵێکی هاوبەش دەژین، چۆن کیبوتز لەلایەن سکرتاریەتییەکی هەڵبژێردراو و کۆبوونەوەی گشتییەوە بەڕێوە دەبردرێت. کورتە باسێکی مێژووی کیبوتزی بۆ باسکرد هەر لە ساڵی

دامەزراندنیەوە لە (١٩١٠)ەوە، هەروەها باسی لە چاککردنی زەوی و ڕۆژانی بەرایی نەداری و دوژمنداریّتی خەڵکی عەرەب و تێکۆشانی بێ کۆتایی بۆ بەدیهێنانی باشترین بەرهەمی بۆ کرد. سیلڤیا زۆر بە چیرۆکی ئوری ئیلانی کۆڕی غان شمۆئیل سەرسام بوو کە لەلایەن سوورییەکانەوە دەستگیر کرا، کاتێک بۆ جێبەجێکردنی ئەرکێکی تایبەت لە خاکی دوژمندا بوو و لە لێکۆڵینەوەیەکی پڕ لە ئەشکەنجەدا لە ناو زیندان خۆی کوشت. کاتێک جەنازەکەی گەڕێندرایەوە ئیسڕائیل و لەسەر سنگی تێبینییەکیان دۆزییەوە کە بە دەنکە شقارتەی سووتاو نووسرابوو: هیچ شتێکم نە درکاندووە.

سیلڤیا بە باوانە بەخێوکەرەکەی گووت، منیش هەمان شت دەکەم. هەفتەکانی یەکەم لە کیبوتز سیلڤیایان خرۆشاند، بێ وەستان کاری دەکرد، ئێوارەی هەینییەکان لە ژووری نانخواردن لەسەر ئاوازی ئۆکۆردیۆن بەشداری بازنەی سەماکارانی دەکرد، بەڵام خرۆشانەکەی بەخێرایی کاڵ بوویەوە، چونکە هەستی کرد لەباریدایە بەشداری کاری گەورەتر بکات، ئەگەر دەرفەتی پێ بدرێت، بۆ ئەم خواستەشی ڕاوێژی بە دۆریت و داڤید کرد کە لەگەڵیدا هاوسۆز بوون، دۆریت گووتی: هەر لەو ساتەی تۆم بینی، بۆم دەرکەوت تۆ لەو تەرزانە نیت بە کاری ساکار ڕازی بیت، دەزانم دەخوازی بە دوای ئالینگاری دی بگەڕێیت، ئەگەرچی لە قوتوونان بۆ ئابووری کیبوتز گرنگە، بەڵام پێناچێت کاری تۆ بێت.

دۆریت هەوڵی زۆریدا لە کیبوتز کارێکی دی بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، چونکە لەسەر خۆبەخشە گەنجەکە ڕاوەستابوو کە بڕیار بدات چ کارێک بکات. بیری کردەوە بۆ ئەو کارکردن لە بواری پەروەردەدا زۆر گونجاوترە لە کاری قوڕسی کارگەدا، بەڵام پێشتر تەواوی پۆستەکانی مامۆستایێتی لە کیبوتز پڕ کرابوونەوە.

دوای چوار مانگی کاری قوڕس، سیلڤیا کەمە کەلوپەلەکانی خۆی پێچایەوە و خواحافیزی لە دۆریت و داڤید کرد و کیبوتزی بەجێهێشت، لەگەڵ کچێکی دیکەدا پێکەوە چوونە تەلئەڤیڤ و شوقەیەکیان بە کرێ گرت و بەرە بەرە کۆمەڵێک ئافرەت و پیاوی گەنجی ئیسرائیلی لە خۆی کۆکردەوە کە گفتوگۆ زیرەک و توانا و ڕووخۆشییەکەیان بە بەرزی هەڵدەسەنگاند. لە کاتی پێویستیشدا ڕۆڵی دەروونناس یا قەشەی دەگێڕا.

لەو سەروبەندەدا کاری دەستکەوت و بووە مامۆستای ئینگلیزی لە قوتابخانەیەک لە هۆلۆن لە نزیک تەلئەڤیڤ، بە لای هەندێ لە قوتابییەکانی زاڵبوون بەسەر زمانێکی نامۆ کارێکی سەخت بوو، بۆیە لە دوای دەوامی قوتابخانە دەمایەوە و وانەی تایبەتی پێدەدان، سیلڤیا لە وانە گوتنەوە و خۆشکردنی کەشی ناو پۆڵ هەموو شنگ و توانای خۆی بەکاردەهێنا، لەلایەن مامۆستایان و باوانی قوتابیانەوە جێی پەسند بوو، لەگەڵ قوتابیانی هێمن و نیان بوو، بەڵام هێشتا چاوی لە کاری باڵاتر بوو، پێیوابوو دەرس گوتنەوە تەنیا بەشێکی بچووکی بەکارهێنانی تواناکانیەتی، بۆیە دەکرێت بۆ بەرەپێشچوون سوود لە تواناکەی وەربگرێت.

هەرچەندە لە کاری خۆی وەک مامۆستا بەردەوام بوو، بەڵام بە چڕی بەدوای کاری دی دەگەڕا، پێشێ باش بوو لە جۆری پڕۆژەی بە سەنگ بێت، زۆریش بە دواکەوتن و ئاوەدان نەکردنەوەی باشوری ئیسرائیل کاریگەر بوو، بۆیە بە مەبەستی کارکردن سەردانی دەریای مردووی کرد، بەڵام لەوێ پێیان گووت تەنیا دەتوانێت وەکو سکرتێرە کاربکات، ئەویش حەزی بەو جۆرە کارە نەدەکرد، بۆیە سەردانی شاری ئیلاتی کرد، بەڵام لەوێش ئەو کارەی نەدۆزیەوە کە بە دوایدا دەگەڕا، نامەیەکی بۆ باوانی نووسی: هەرچەندە ئەمن ئەو وڵاتەم خۆش دەوێت، بەڵام هێشتا لێرە شوێنی ڕاستەقینەی خۆم نەدۆزیوەتەوە. هەرچەندە هیچ

پەیوەندییەکی لەگەڵ ئاڤری نەمابوو، بەڵام ڕۆژێک ئاڤری بروسکەیەکی بۆ کرد: "هێشتا بە تاسەوە لە چاوەڕوانی گەڕانەوەتم، زۆرم خۆش دەوێیت."

وەڵامێکی کورتی دایەوە: خۆشەویستم ئاڤری، من بۆ ماوەیەکی درێژتر لێرە دەمێنمەوە، کارێکی ئاسان نییە، بەڵام هێشتا ملم نەداوە.

ئێوارەیەکی ساردی بەهار، سیلڤیا لە ژوورەکەیدا سەرقاڵی پشکنینی پێپەڕی تاقیکردنەوەی قوتابیان بوو، لە ڕادیۆ گوێی لە دەنگی موزیکێکی کلاسیکی گرتبوو، لەهیکڕا بە دەنگێکی گڕ موزیکەکە پچڕا: "کنێست لەلایەن داڤید بنگۆریۆنی سەرۆک وەزیرانەوە ئاگادار کراوەتەوە کە تاوانباری شەڕ ئەدۆڵف ئیخمان لە ئەرجەنتین دەستگیرکرا و بۆ ئیسڕائیل گەڕێندرایەوە تا بە سزای ڕەوای بگات." بەپەلە هەواڵەکە لە ڕفاندنەکەدا مۆساد بەشدار بووە، ئەمە یەکەمجار بوو سیلڤیا بوونی دەزگای خزمەتگوزاری نهێنی ئیسڕائیلی بەر گوێ بکەوێت.

ئەدۆڵف ئیخمان ئەنجامدەری سەرەکی پلانی هیتلەر بوو بۆ قڕکردنی جووەکە، لە کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانیدا ڕایکردبووە ئەرجەنتین، لەوێ ناسنامەیەکی ساختەی بەناوی ڕیکاردۆ کلەمنت دەرکردبوو، هەروەها خانوویێکی بچووکیشی لە ناوچەیەکی چۆڵی بۆینس ئایریز کڕیبوو، مۆساد شوێن پێی ئەوی هەڵگرتبوو، لە ڕۆژی ١١ی ئایاری ١٩٦٠ کاتێک لە پاس هاتە خوارەوە ڕفێندرا و قۆڵبەست کرا و بە فڕۆکە ڕەوانەی ئیسڕائیل کرا، دوای دوو هەفتە کەمتر بنگۆریۆن ڕایگەیاند: "یەکێک لە هەرە پیسترین دوژمنی جووەکە ئەدۆڵف ئیخمان لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی ئیسڕائیلەوە دەستگیر کراوە و بە تۆمەتی جینۆساید لە ئیسڕائیل دادگایی دەکرێت."

ڕفاندن و دادگاییکردنی ئەدۆڵف ئیخمان لە سەرانسەری جیهاندا بووە مانشێتی سەرەکی ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنەکان، ئەم هەواڵە ئاگری لە خەیاڵەکانی

سـیلقیا بەردا، هەرچەنـدە یەکێـک لە ڕۆژە خۆشـەکانی ژیـانیبوو، بەڵام زۆر بە کوڵیش گریا، کاتێک گوێی لە شایەدی ڕزگاربووەکانی کەمپەکانی قڕکردن بوو.

دەسـتگیرکردنی ئـیخمان یەکێـک لە چـاپتەرە مژدەبەخشـە هەرە دیارەکـانی مێژووی مۆسادە کە بەهۆیەوە ناوی ڕێکخراوەکە کەوتە سەر زمانی هەر کەسـێک و بووە مـایەی ڕێـز و تەنـانەت بە پیرۆزکـردن. دەسـتگیرکردنی یەکێـک لە نـازییە داواکراوەکان وایکرد ئەندامانی دەزگای هەواڵگـری ئیسـرائیل هەسـت بە شـانازی بکەن کە توانای جێبەجێکردنی هەر ئەرکێکیان بە سەرکەوتوویی هەیە.

بۆ ماوەی دوو ساڵی دیکە سیلقیا لە پیشەی مامۆستایەتی لە هۆلـۆن بەردەوام بوو، هەرچەندە پیشەی مامۆستایەتی بەشێکی گەورەی ژیانی داگیر کردبوو، بەڵام هەسـتی کـرد حەز و ویسـتەکانی تێـر ناکـات، بـۆیە بەردەوام بە دوای کـارێکی سەختتردا دەگەڕا، ڕاوێژی بە دۆستەکانی کرد و چەندین چاوپێکەوتنی دۆزینەوەی کاری ئەنجامدا، بەڵام ئۆفەرەکانی بۆی دەخرانەڕوو لە خوار تواناکانیدا بوون، بۆیە لە پیشەی مامۆستایەتی بەردەوام بوو، بەردەوامـیش لە خـۆی دەپرسـی: ئایـا ئەوە هەمـوو ئەو کـارەیە کە دەتـوانێ بـۆ وڵاتەکەی بکـات؟ بەڵایەوە مامۆسـتایەتی بـایەخی هێنـدە نەمـابوویەوە، بـۆیە بیـری کـردەوە ئەگەر دەرفەتـی زیـاتری بـۆ نەڕەخسێت، لەوانەیە باشتر بێت بۆ باشوری ئەفریقـا بگەڕێـتەوە و شـوو بکـات و خێزانێک پێکەوە بنێت.

بەڵام وەرچەرخانێکی سەیر لە ژیـانی سـیلقیا ڕوویـدا، وەک بڵێـی چـارەنووس بیرخەرەوەیەکی دیکەی بۆ نارد بێت و وەڵامی دەزگای هەواڵگـری ئیسـرائیلی بـۆ پـرۆژەی بەرایـی مووشـەکی میسـڕ خوێنـدەوە، کاتێـک سـەرۆکی میسـڕ جەمـال عەبدولناسر بە شانازییەوە پلانی دروستکردنی مووشەکی زەوی بە زەوی ڕاگەیانـد کە لە توانایـدا هەیە بگـاتە هەر ئامـانجێکی ئیسـرائیل، بـۆ جێبەجێکردنـی ئەم

پلانەش شارەزایانی چەکی بالیستی ئەڵمانی و نەمساوی هێنابوو. هێشتا بیرەوەری هۆڵۆکۆست لە بیردانیدا نوێ بوون و خوێنی لێدەچۆڕایەوە، ئەوەتە دیسان خەڵکی جوولەکە لە میانەی هەوڵی زانایانی ئەڵمانیا و نەمسا (کە هەندێک لە نازیانی پێشوو و میسڕییەکان بە بەهێزترین دوژمنی ئیسڕائیل ناسراو بوون، لەژێر هەڕەشەی قڕکردن دایە).

دەزگای هەواڵگری ئیسڕائیل لەوپەڕی هۆشداریدا بوون بۆ داهێنانی ڕێگەی پوچەڵکردنەوەی هەوڵەکەی میسڕ شەو و ڕۆژ لە کاری گەرم و گوڕی چڕدا بوون، یەکەی ١٨٨ یەکەی کراکی دەزگای هەواڵگری کە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لە دەرەوەی سنووورەکانی ئیسڕائیل بەرپرسیار بوو، لەوپەڕی ئامادە باشیدا بوو. یۆسکا یارڤیی فەرماندەیان کە ئەفسەرێکی پێداگر و بە ئەزموون بوو ئەرکە قورسەکەی ڕێگەگرتنی پێشوەچوونی پڕۆژەی بەرایی مووشەکی میسڕی پێ سپێردرابوو، بە هەماهەنگی لەگەڵ مۆساد سەرکردایەتی هێرشێکی دژ بە زانایانی ئەڵمانی کرد کە سەروکاریان لەگەڵ پڕۆژەکەدا هەبوو.

بارەگای یەکەی ١٨٨ لە باڵەخانەیێکی کۆنی گەڕەکی سارۆنای تەلئەڤیڤ بوو کە پێشتر مۆلکی هاوواڵاتییەکی ئەڵمانیای کۆلۆنۆی تێمپلار بوو، تێمپلارەکان کۆمەڵە مەزهەبێکی کریستیانی هەڵگری ئەو باوەڕەن کە نیشتەجێبوون لە خاکی ئیسڕائیل هاتنەوەی دووەمی مەسیح بلەزتر دەکات، لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانیدا زۆربەیان هاوکاری نازییەکان بوون. ئەمەش بووە هۆکارێک دەسەڵاتدارانی بەریتانیا زۆربەیان بۆ ئۆسترالیا دەربکات.

ئەم باڵەخانەی گەڕەکێکی هێمنی وەک سارۆنا بە قرمیتە سوورە جوانەکانی و شەقامە تەنگەکانی بارەگای یەکەکانی هەواڵگری، ببووە هێمای شەڕکردن دژ بەو نازیانەی پێشوو کە پەناگەیەکیان لە وڵاتانی عەرەبی دۆزیبووەوە، هەروەها دژ

بەو زانا ئەڵمانیانەی سەروکاریان بە پیشەسازی مووشەکی میسڕی و دوژمنانی دیکەی ئیسڕائیلەوە هەبوو.

نووسینگەی بەرپرسی ناردنی زانایانی ئەڵمانیا بۆ میسڕ لە باڵەخانەیەکی یەکێک لە شەقامە قەرەباڵغەکانی فرانکفۆرتی ئەڵمانیا بوو، بۆمبێکی چێنراو بەقاچاغ بردرایە نووسینگەی سەرۆکی زانایانی ئەڵمانیا کە لە میسڕ کاریان دەکرد. پۆستە بۆمبڕێژەکە لە ئەڵمانیاوە ڕەوانەی کارگەی سەربازی حەلوانی میسڕ کرا کە تاقیگەی مووشەکەکانی لێبوو، کاتێک زاناکان پۆستەکەیان کردەوە یەکسەر بە ڕوویاندا تەقیەوە و زۆرێکیانی بریندار کرد، ئەم ئۆپەراسیۆنە بوێرە کە بە هاوکاری هەوڵی وێستگەی ئۆپەراسیۆنی هەواڵگری ئیسڕائیل لە ئەوڕووپا و میسڕ بەڕێوەچوو، سەرنجی جیهانی ڕاکێشا، سەرەنجام زۆر لە سەرکردەکانی جیهان هاتنە سەر خەت و کۆتاییان بە پرۆژەی مووشەکی میسڕی هێنا.

یەکەی ١٨٨ دوور لە چاوی خەڵکی بە هێمنی و بە نهێنی کاری خۆی دەکرد، ئەوانەی لە ریزەکانیدا بوون ڕێککەوتنێکی تایبەتیان واژوو کردبوو کە نهێنێ چالاکییەکانیان بۆ هیچ بەندەیەکی خوا نەدرکێنن، سیلڤیا پێشتر ناوی ئەو یەکەیەی نەبیستبوو، بەڵام یەکەی ١٨٨ ناوی ویان بیستبوو، هانا کچە هاوژووەرەکەی دۆستێکی هەبوو بە ناوی زڤیکا کە لە قوتابخانەی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت ماموستا بوو، لە یەکێک لە سەردانەکانیدا بۆ شوقەکەیان سیلڤیای ناسی و گفتوگۆیەکی دوور و درێژیان بە یەکەوە هەبوو. زڤیکا بە زیرەکی، ئینگلیزییە ڕەوانەکەی سیلڤیا و ویستی خزمەتکردنی دەوڵەتی ئیسڕائیل سەرسام بوو، بۆیە بە فەرماندەی قوتابخانەی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی گووت: پێموایە بۆ ئێمە کەسێکی پڕ بە پێستە.

لەنێو یەکەکانی هەواڵگریدا، یەکەی ١٨٨ لە ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ

هەردوو ڕەگەز یەکەم بـوو، یەکەم هەوڵـی ناونووسـکردنی ئـافرەت لە بـواری هەواڵگریدا لە ساڵی ١٩٤٨ لە سەردەمی شەڕی سەربەخۆییدا بوو. لە ڕاستیدا زۆر پێش دامەزراندنی یەکەی ١٨٨ ئافرەت لە ڕیزەکانی هەواڵگری ئیسرائیلدا خزمەتی کردووە. بۆ نموونە شولامیت کۆهین کشکی بە ڕەگەز ئەرجەنتینی کە لە ئۆرشەلیم نیشتەجێبوو لە تەمەنی شازدە ساڵی شوو بە بزنسمانێکی جووی لوبنانی دەکات و دەچێتە بەیرووت، سەرچاوەیەکی زۆر چالاکی پێدانی زانیاری پەیوەست بە سوپای لوبنانی بوو کە ئەوکات لەگەڵ ئیسرائیل لە جەنگدا بـوو، دواتـر کە یەکەی ١٨٨ دامەزرا ئـافرەتێکی گەنـج بە نـاوی دافنـا کە لە باتیـامی نزیـک یافـا گەورە ببـوو پەیوەندی بەو یەکەیە کرد، بـاوکی لە شـەڕی دووەمـی جیهـانی وەک ئەفسـەر لە ریزی سوپای بەریتانیا لە میسڕ خزمەتی کردبوو، دافنا شووی بە شـلۆمۆ گـال کـرد کە سیخوڕێکی نهێنی مۆساد بوو، چەند ساڵ دواتر، دافنـا هەرچەنـدە دووگیـانیش بـوو، بەڵام بـۆ کـۆکردنەوەی زانیـاری لە وڵاتێکـی عەرەبیـدا پەیوەنـدی بە هاوسەرەکەیەوە کرد.

جەنگاوەرانی نهێنی یەکەی ١٨٨ دڵسۆزییەکی تەواو و ئاشکرای بـێ قسـوریان بۆ کارەکەیان و ئەوانەش هەبوو کە دەیانناردن، نموونەی هەرە زەقـیش ولفگانـگ لـۆتزی کـوڕی بـاوکێکی ئەڵمانـی و دایکێکـی جـوو بـوو، کە بە ناسـنامەیەکی نازییەکانەوە لە قاهیرە یانەی ئەسپسواری دامەزراندبوو، بەهۆیەوە ببووە دۆستی ئەفسەرە باڵاکانی میسڕی و ئەڵمانی، هەر لەم ڕێگەیەوەش تـوانی تەواوی لیسـتی ناوی زانایانی ئەڵمانـی بەدەسـتبخات کە لە حەلـوان کاریـان دەکـرد. نموونەیەکی دیکەی زەق ئیلـی کـۆهین بـوو کە وەک بزنسـمانێک گەیشـتە دیمەشـق و تـوانی بخزێتە ناو بازنەی دەوروبەری حافز ئەسەدی سەرۆکی سـوریا و دۆسـتایەتییەکی نزیک لەگەڵ وەزیر و ئەفسەرانی سوپادا پەیدا بکات. کۆهینی لە دایکبووی میسڕ دوای ڕاهێنانی درێژخایەن لە ئیسرائیل لە یەکەی ١٨٨ قەیـد کـرا، تـوانی تـۆڕێکی

کۆمەڵایەتی تونـدوتۆڵ لە پـایتەختی سـوریا پێکەوەبنێـت تـا لەلایەن شـارەزایانی چاودێری ڕووسیاوە لە کاتی ناردنی پەیام بۆ ئیسرائیل دەستگیر بکرێت.

بە شێوەیەکی گشتی بیر لە وەرگرتنی کاندیدی دیکەی ئافرەت بـۆ یەکەی ١٨٨ لەنێو کۆچبەرانی نـوێ و قوتابیـانی بیـانی کرابـوویەوە کە هـاتبوون لە زانکۆکـانی ئیسرائیل بخـوێنن، تەنیـا ئەو ئافرەتـانە وەرنەدەگیـران کە لەنـاو ئیسـرائیل بـوون، بەڵکـوو لەوانەی دەرەوەش وەردەگیـران، یەکێـک لەو ئافرەتـانەی وەرگیرابـوو بـۆ چەندین ساڵ لە ئینستیوتێکی گشتی گەورە لە وڵاتێکی ناحەزی ئیسرائیل خزمەتی وڵاتی کرد.

زۆرێک لەو ئافرەتانەی لە ریزەکانی جەنگاوەر بوون، بەردەوام لە مەترسییەکی کوشـندە دەژیـان، چالاکییەکانیـان پـاڵنەر و دڵسـۆزیی تەواوی دەخواسـت لەگەڵ جۆرێـک لە لێهـاتوویی کردەنـی کە لەگەڵ ڕەگەزی بەرامـبەر یەکسـان بێـت، بە شێوەیەکی گشـتی ئەوان لە کارەکانیانـدا پێشـڤەچوونی باشـیان بەدیهێنـا، چـونکە کەمتر لە پیاوان جێی گومان بوون.

شەوێک لە گوندێکی عەرەباندا

ئێوارەیەکی ئاخر و ئۆخری مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٦٢، تازە گەرمای هاوین مالّئاوایی کردبوو، کزە بایەکی ساردی پایزێکی زوو لە ئاسماندا وەنەوشەی دەدا، سیلڤیا لەسەر جێگا کتێبی شەڕەکانی جووی جۆزایْفوس فلاڤیوسی دەخوێندەوە، دوای ڕۆژێکی هیلاک لە قوتابخانە، بڕیاریدا بەر لە خەوتن چاپتەرێک یا دووانی لێ بخوێنێتەوە، لەناکاو زەنگی تەلەفۆن لێیدا، کەسێک کە نەیدەناسی داوای لێبوردنی کرد لەسەر ئەوەی بەو درەنگە تەلەفۆن دەکات، خۆی بە گادی نوێنەری ئاژانسی حکوومەت ناساند کە بەدوای کارمەندن و پرسیاری کرد کە ئایا ئامادەیە بیبینێت و گووتی: من ئۆفەرێکی گرنگم بۆ تۆ هەیە.

سیلڤیا سەرسامی خۆی نەشاردەوە و گووتی: کێ بە تۆی گوتووە من بە دوای کاردا دەگەڕێم.

وەڵامە پەنهانەکەی پیاوەکە ئەوە بوو: دۆستەکانی تۆ ئەوەیان گوتووە، من پێموایە تۆ بۆ ئەم پۆستە گونجاوی و دەمەوێ لەبارەی ئەو کارەوە قسەت لەگەڵدا بکەم.

سیلڤیا گووتی: چ جۆرە کارێکە.

ناتوانم لەسەر تەلەفۆن باسی بکەم، ئایا سبەینێ دەستت بە تاڵە؟

سەرلەبەیانییەکەی وانەم هەیە.

دواتر ڕێککەوتن دوای ئەوەی سیلڤیا کارەکانی لە قوتابخانە تەواو دەبێت، سبەی پاشنیوەڕۆ لە کافێ هادلی لە شەقامی جودا هەلەڤی لە تەلئەڤیڤ یەکدی

ببینن.

گادی، ناوه ڕاستەقینەکەی مۆتی کفیر، فەرماندەی قوتابخانەی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی یەکەی ١٨٨ بوو، لە وادەی دیاریکراودا لە گۆشەیەکی کافێی ناوبراو لە سەر مێزێک دوور لە مێزەکانی دی لە چاوەڕوانی سیلڤیا بوو. سیلڤیا چووە ژوورەوە و چاوێکی خێرای بەو دەوروبەرەدا گێڕا و دەستبەجێ لەوی نزیک بوویەوە و مەزەندەی کرد، ئەوە ئەو پیاوەیە بانگهێشتی کرد چاوی پێی بکەوێت.

پیاوەکە بە دەست ئاماژەی بۆ کرد، ئەویش بە متمانەوە بە دەستی ئاماژەی بۆ کردەوە.

گادی گووتی: خۆشحاڵم بە ناسینت، چ دەخۆیتەوە. سیلڤیا داوای قاوەی کرد.

گادی ویستی لای سیلڤیا ڕوون بێت کە دەبێت گفتوگۆکەیان بە نهێنی بمێنێتەوە، بەڵام ناڕەحەت بوو لەوەی سیلڤیا بێزار بێت لە تەمومژی ئەو کارەی خەریکە پێشکەشی دەکات. بۆیە خاوی کردەوە و گووتی: هەرچییەکی لێرە دەیڵێین دەبێت لە نێوانماندا بمێنێتەوە.

سیلڤیا بە نیشانەی پرسیارەوە سەیری کرد و بە عیبری گووتی: مادامەکێ دەبێت بە نهێنی لە نێوانماندا بمێنێتەوە، بۆ ئێمە لە کافێ یەکدی دەبینین.

گادی بە گونجاوی نەبینی هۆکارەکە ئاشکرا بکات، چونکە هیچ پاڵێوراوێک بۆ دامەزراندنی لە دەزگا نهێنییەکانی ئیسرائیلدا بانگهێشتی بارەگای ناوەندی ناکرێت، نەمازە شوێنەکەی لای ژمارەیەکی کەم ناسراوە.

بۆی ڕوونکردەوە و گووتی: قاوەخانە بەهۆی ئەو ژاوەژاوەی هەیەتی باشترین شوێنە، لەم دۆخەدا کەس گوێبیستی قسەکانمان نابێت.

بە بیری هێناوە و گووتی: تۆ بە نیاز بووی کارێکم پێشکەش بکەیت.

گادی گووتی: سەرەتا دەمەوێ چەند پرسیارێکت لێ بکەم، ئەگەر بە لاتەوە زەحمەت نەبێت.

سیلڤیا گووتی: فەرموو.

گادی کۆمەڵێک پرسیاری لەبارەی پاشخانی بنەماڵە و هۆکاری کۆچکردنی بۆ ئیسرائیل، چالاکییەکانی ئێستا و پلانەکانی ئایندەی و هاوژووەرەکەی لە شوقە بەکرێ گرتووەکەیاندا لە تەلئەڤیڤ و لە وەختی دەست بەتاڵیدا خۆی بە چیپەوە خەریک دەکات لە سیلڤیا کرد. سیلڤیا بە خێرایی و بە ئاسانی و بە ڕوونی بە شۆخییەوە وەڵامی دایەوە.

گادی گووتی: ئایا تا چەند لە ژیانتدا ڕازیت، بە ژمارە وەڵامم بدەوە.

سیلڤیا گووتی: من دەڵێم نزیکەی هەشت لە دە ڕازیم، من مامۆستام، ئەوەش جێی بایەخە و خۆشە، بەڵام دڵنیام توانای بە جێگەیاندنی کاری زیاترم هەیە.

گادی: دەخوازی چ کارێک بکەیت.

سیلڤیا: کارێکی گریگتر و بە ئالینگاریتر.

گادی: بۆ نموونە.

چاوی زەق کردەوە و گووتی: بۆ نموونە خۆ تۆمارکردن لە سوپا.

گادی: چی ڕێگەی لێ گرتووی.

سیلڤیا گووتی: من بە تەمەنم، بەشێکیشی پەیوەندی بە کریستیانبوونی دایکمەوە هەیە، بە پێی ڕێساکانی جووێتی، من جوولەکەیەکی ڕەسەن نیم، لەگەڵ ئەوەشدا من هەست دەکەم جوولەکەم، بۆیە پێموانییە لە سوپادا وەربگیرێم.

گادی گووتی: من ناتوانم لە وەرگرتنت لە ڕیزەکانی سوپادا یارمەتیت بدەم، بەڵام

هەوڵ دەدەم لە ئاسایش کارێکت بۆ بدۆزمەوە.

سیلڤیا گووتی: دەکرێت بە دروستی پێم بڵێیت، تۆ نوێنەرایەتی کێ دەکەیت. بە چاو تێبڕینە ڕاستەوخۆکەی لە پیاوەکە وردبوویەوە.

گادی گووتی: من نوێنەرایەتی دەستەیەکی حکوومەت دەکەم، کار لەگەڵ وەزارەتی ئاسایش دەکات.

سیلڤیا: دەکرێت کەمێکم بۆ ڕوون بکەیتەوە ئەو کارەی پێشکەشم دەکەیت، چ جۆرە کارێکە؟

گادی گووتی: لەم قۆناغەدا نا، سەرەتا تۆ دەبێت بە تێست و تاقیکردنەوە تێپەڕیت بۆئەوەی دڵنیابین کە تۆ گونجاوی، تەنیا ئەوکات دەتوانین قسە بکەین کە بە دروستی چ کارێک دەکەیت.

ڕووی تێکرد و گووتی: بە لانی کەم بیرۆکەیەکم لەسەر ئەو کارە پێ بدە.

خەڵکانێکی زۆر پێیان نەدەکرا داواکارییەکانی سیلڤیا ڕەتبکەنەوە، خۆشی ئەوەی دەزانی.

گادی بۆ ساتێک وەستا و بە نادڵییەوە گووتی: باشە... کارێکی پڕ زەحمەتە و سەروسەودای لەگەڵ گەشتی بەردەوامی دەرەوەی وڵات هەیە. سیلڤیا شەنوکەوی ئەو گفتوگۆیانەی کرد کە تا ئەو سات کرابوون. هەڵبەت حەزی لە دۆزینەوەی کارێکی نوێی گرنگ دەکرد، بەڵام هێشتا لای ڕوون نەبوو کە چی کارێکی بۆ پێشنیاز دەکرێت، ئەوەی لای ڕوون بوو، هەمووی بە پەنهانی و بە نهێنی ڕووپۆش بوو. تەنانەت توانای مەزەندە کردنی قسەکانیشی نەبوو کە لەبارەی چیەوەن.

لەکاتی گفتوگۆکاندا، گادی تێبینی کرد، هیچ یەکێک لە ژن و پیاوانی ناو قاوەخانەکە چاویان لەسەر سیلڤیا نیە، بەڵکوو هەروەکو دوو کەسی ئاساییان

دەبینن کە بەیەکەوە گفتوگۆ دەکەن، کاتێک هەستان سیلڤیا وەپێش گادی کەوت. بە شێوەیەکی گشتی کاتێک پاڵێوراوێک بووە جێی سەرنج، باشترە پێش قبوڵکردنی لە یەکەی ١٨٨ دووجار بیربکرێتەوە، لە ڕاستیدا تا بلوێت، نابێت پاڵێوراوەکان کەسانی ئاشکرا و دیار بن، بەڵام سیلڤیا کاریگەرییەکی باشی لەسەر گادی دانا و دڵنیا بوو بەوەی لە توانایدایە لە هەر بارودۆخێکدا کار بکات و پێش بکەوێت.

لە دیدارێکی چەند ڕۆژ دواتریدا لە قاوەخانەیەکی دیکەدا لێی پرسی: ئەگەر پێت بڵێم، من لە هەوڵی دامەزراندنی تۆدام لە دەزگای هەواڵگریدا، لە وەڵامدا چ دەڵێیت.

سیلڤیا: زۆر پێی خۆشحاڵ دەبم.

لە ڕاستیدا من کارێکی لەم جۆرەم بۆ تۆ هەیە، بەڵام...

سیلڤیا: دەزانم، تۆ پێشتر پێت ڕاگەیاندووم کە دەبێت بە چەند تێست و تاقیکردنەوەیەکدا تێپەڕم.

گادی: دروستە.

سلیڤیا پرسی: تێستەکان چ جۆرێکن.

گادی: بەر لە هەموو شتێک، تاقیکردنەوەی دەروونییە، دوای ئەوە لێکۆڵینەوەی ئاسایشییە.

سیلڤیا: ئەوانە ماوەی چەند دەخایەنن.

گادی: چەند مانگێک دەخایەنێت.

سیلڤیا: دەکرێ وردەکاری زیاترم بدەیتێ، چونکە بێئەوەی بزانم چ کارێکم پێشکەش دەکەن، بەلامەوە سەختە بڕیار لە شتێک بدەم کە هیچی لەبارەوە

نازانم.

گادی بە هێمنی گووتی: تەنیا دەتوانم پێت بڵێم ئەو کارەی پێشکەشت دەکرێت، کارێکی گرنگ و نائاساییە.

سیلڤیا: ئایا بە مەترسییە.

گادی: هەندێجار.

سیلڤیا زەردەخەنەیەکی کرد و بە ئاسوودەیی پشتی بە کورسیەکەی دایەوە و گووتی: کەواتە، ئەمە ڕێک لەگەڵ من گونجاوە.

گادی: شتێکی دیکەش، ناوی ڕاستەقینەی من گادی نییە، بەڵام تۆ هەر بەو ناوە بانگم بکە، ئەگەر کارەکەت دەستکەوت، تا بڕیارێکی دیکە دەدەین بەناوی ئیلانا بانگت دەکەین.

پاش چەند دیدارێکی دیکە، گادی لەگەڵ شیمۆنی هاوڕێی لەبارەی سیلڤیا قسەی کرد، شیمۆن بەرپرسی دامەزراندنی جەنگاوەری نهێنی یەکەی ١٨٨ و تێستکردنی پالێوراوەکان بوو کە ئاخۆ گونجاون یان نا. شیمۆن دامەزرێنەر و مامۆستای یەکەی ئەفسانەیی میستائارڤیمی پاڵماک(legendary Mista'arvim unit of the Palmach) کە (یەکەیەکی تایبەتی سوپا) بوو بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، هەروەها جەنگاوەرێکی دێرین و شارەزای زمان، کولتوور و نەریتی عەرەب بوو، میستائارڤیم یەکەی ١٨٨ی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراند، ئەوانەی لە ڕیزەکانیدا بوون زۆر باش شارەزای جیهانی عەرەب بوون.

شیمۆن: چ مۆرکێکی لەسەر تۆ بەجێهێشت.

گادی: ئافرەتێکی کراوە، زیخ، بیرتیژ و ڕۆشنبیر دیارە، بە بۆچوونی من ئەگەر پێویست بێت لە توانایدایە کۆتی کراوەیی کەسایەتی خۆشی بکات.

شیمۆن بە بایەخەوە گوێی بۆ گادی گرتبوو و گووتی: زانیاری زیاترم پێ بڵێ.

گادی لەبارەی بنەماڵەی سیلڤیا لە باشووری ئەفریقا و چۆنیەتی هاتنی بۆ ئیسرائیل و کارکردنی وەک خۆبەخش و پیشەی ماموستایەتی ئێستای هەمووی بۆ شیمۆن باسکرد.

شیمۆن: پێتوایە بتوانێت لە وێستگەی دەوڵەتێکی دوژمن کار بکات.

گادی: بەڵێ، پێموایە دەتوانێت.

شیمۆن: دەمەوێت ببینم.

بە مەرجی تێپەڕاندنی سەرکەوتووانەی تێستەکان، بۆ خزمەتکردن لە ڕیزەکانی یەکەی ١٨٨ سیلڤیا دیاریکرا. یەکەی ١٨٨ بە فەرمی لەژێر سەرپەرشتی لقی هەواڵگری هێزەکانی بەرگری ئیسرائیل بوو. ئیزەر هاریل، سەرۆکی مۆساد، چەندینجار هەوڵیدا ئەو یەکەیە بگوازێتەوە سەر ڕێکخراوەکەی، بەڵام مۆشێ دایان، فەرماندەی گشتی هێزەکانی بەرگری ئیسرائیل دژ بوو.

لە ئۆکتۆبەری ١٩٦٣دا مێیر ئامیت، فەرماندەی لقی هەواڵگری بە کاتی بوو بە بەڕێوەبەری مۆساد، بەمەش ناتەباییەکە دامرکایەوە، یەکەی ١٨٨ بۆ ماڵە سرووشتییەکەی (مۆساد) گواستەوە و لەگەڵ هامیفراتز (Hamifratz) تێکەڵ کرا، مەبەست لە یەکەی پێشووی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی دەرەوەی ژێر فەرماندەیی ئیسحاق شامیرە کە دواتر بوو بە سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل. دواتر کۆلۆنێل یوسف یارقی بە سەرۆکی یەکە نوێیەکە دامەزرا، مێیر ئەمیت کە ناوی خوازراوی یارقی بوو (ڕێگەدۆزەرەوە) کاتێک پەیوەندی بە مۆسادەوە کرد لە نامەیەکدا بۆی نووسی: دەسکەوت و بەروبوومی یەکەکەت دەبێتە شەڕەفێکی گەورە بۆ تەواوی نەتەوە و بەشداریکی گرنگی پاراستنی ئاسایشمان... دڵخۆشم جارێکی دی

چارەنووس بەیەکەوە کۆی کردینەوە، ئەو بارودۆخەی تۆ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەیت، ڕەنگە زۆر ئاڵۆز و چڕ بێت، نەک لەبەرئەوەی ئێوە لەگەڵ بابەتی ژین و مردن مامەڵە دەکەن، بەڵکوو بە شێوەیەکی سەرەکی ئێوە گوم و بزرن، بەڵام چاوی جیهان لەسەر ئێوەیە.

بە دامەزراندنی یەکەی نوێی ئۆپەراسیۆنی تایبەت، گشت ئەندامانی یەکەی ١٨٨ بوون بە بەشێک لە سیستمی مۆساددا. لە ڕووی تیۆرییەوە گواستنەوەی ئەو یەکەیە بۆ چوارچێوەیەکی نوێ، گۆڕانکارییەکی قوڵی لە چالاکییەکانیدا دروست نەکرد، تەنانەت ئامانج و ئەرکیشی گۆڕانی بەسەردا نەهات، بەڵام بۆ ڕێکخراوەکە بووە هۆکارێکی زیادبوونی پێگە و بەها کە بگاتە ڕادەی ئەوەی ئەندامانی شانازی بکەن، هەروەها بووە هاندەرێک بۆئەوەی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکاندا کارامەیی خۆیان بە شێوەیەکی باشتر پەرە پێبدەن.

لەبەر هۆکارە ئاسایشیەکانەوە دانیشتنە تایبەتییەکانی سیلڤیا لەگەڵ پزیشکی دەروونی لە ماڵە تایبەتەکەدا بەڕێوەچوو.

پزیشکی دەروونی بە ئاوازێکی جوامێرانە و چاوی دۆستانە لە سیلڤیای پرسی: باس لە ترسەکانی منداڵی خۆتم بۆ بکە. لەوەشدا مەبەستی ئاشکردنی خاڵە لاوازەکان بوو بۆئەوەی بە شێوەیەکی دروست کەسایەتییەکەی هەڵسەنگێنێت.

سیلڤیا: من هەوڵم دەدا ببمە باشترین قوتابی پۆڵ، بەڵام لە سەرنەکەوتن دەترسام.

پزیشک: ئایا سەرکەوتوو بویت.

سیلڤیا: بەڵێ.

پزیشک: چیتر.

سیلڤیا: بەردەوام خەونێکی دووبارەبووم دەبینی، خەڵک بە دەمامکەوە

هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکەمان و هەموومان دەکوژن. ئەم جۆرە شتانە بە زۆری لە باشوری ئەفریقا ڕووەدەدەن. هەندێک لە هاوسێکانمان لە کاتی بەرگریدا لەلایەن دزەکان کوژران، لە ترسان لە خەو ڕادەپەڕم و دەلەرزم، هەستێکم هەیە، ڕەنگە لە هەر ساتێکدا ئەوە لە ماڵەکەماندا ڕووبدات، بە دروستی ئەوەش ڕووی دا کاتێک تەنیا تەمەنم هەشت ساڵ بوو، شەوێک لە نیوەی شەودا لە خەو هەستام، دنیا زۆر خامۆش بوو سەگەکانمان نەدەوەڕین، بەڵام لە ژووری مێوان گوێم لە دەنگێکی نامۆ بوو، هەستام و بەرەو دەنگە دەنگەکە چووم، دوو کەسم بینی لە پەنجەرەکەوە هاتنە ژوورەوە، ساتێک بوو هەستم کرد هەموو شت لە خاڵی بەستندایە و پڕ ترس بوو، بەڵام درکم بەوە کرد، دەبێت شتێک بۆ وەستانیان بکەم، ڕامکردە ژووری نووستنی باوانم و باوکم بە ئاگا هێنا، باوکم تفەنگەکەی هەڵگرت کە لە تەک جێگاکەیدا بوو، لەسەر نووکی پەنجە بە ئاڕاستەی ژووری مێوان چووین. بینیمان پەنجەرە شکاوە و دوو پیاوەکە مافورەکەیان پێچاوەتەوە، باوکم لوولەی تفەنگی تێکردن و تەقەی کرد، گوللەکان بەر هەردوو دزەکە کەوتن، یەکێکیان دەلحاز تەواو بوو، ئەویدیش بریندار بوو، خوێنی لێدەچۆڕا و لەتاو ئازار هاوار هاواری بوو. باوکم تەلەفۆنی بۆ پۆلیس کرد، منیش چوومە دەرەوە تا بزانم سەگەکانمان چیان بەسەر هاتووە، بینیم هەردووکیان تۆپیون، دیاربوو دزەکان هەردووکیان کوشتبوو. گەڕامەوە ژووری دانیشتن و سەیری دزە کوژراوەکە و بریندارەکەم کرد کە لەسەر زەوی کەوتبوون و گووتم: ئێوە هەردووکتان هەقی خۆتان وەرگرت، بە چاوێکی پڕ لە ترسەوە ئاوڕی لێدامەوە.

پزیشک گووتی: ئایا زەندەق ڕژای بوویت.

سیلڤیا: نەخێر، هەستم بە توڕەیی کرد.

دواتر، پزیشکە دەروونییەکە ڕاپۆرتی خۆی بەم شێوەیە نووسی:

یادەوەری سیلڤیا لەبارەی دزیکردن لە ماڵیان، کاتێک منداڵ بووە، بەڵگەی ئازایەتی و بیرتیژی ئەو دەسەلێنێ، لە ڕاستیدا بوێری نیشانەی توانای چارەسەرکردنی کێشەکانە لەژێر گووشاردا، سیلڤیا لەناو ماڵەکەیاندا گوێی لە دەنگە دەنگ بووە، بەڵام ئەمەی نەکردۆتە سەرچاوەی ترس و لەرز، بەڵکوو کردوویەتی بە ئەنجامدانی کارێکی کاریگەر، تەنانەت پاش ئەوەی باوکی دزێکیان دەکوژێت و ئەویدیش بریندار دەکات، ئەرکەکە بە سەرکەوتوو ناوەبات لەبەڕی ئەوەی بینینی کوشتن و خوێن بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا بیترسێنێت و شۆک بێت. وەک بڵێی بیەوێت بڵێت" کێشەکە چارەسەر بوو"

تاکە کاردانەوەیەک کە لێمان بینی، ئەوکاتە بوو کە بینی هەردوو سەگەکانیان کوژراون. سیلڤیا متمانەی بە باوکی هەبووە، بۆیە ڕایکردووەتە لای و لە خەوی بەئاگاهێناوە و پێشبینی ئەوەی کردووە باوکی بە هێمنی ڕەفتار لەگەڵ دزەکان دەکات. باوکی تەنیا نەپاراست، بەڵکوو کردوویەتی بە ئەندامی تیم و ڕێگەی داوە شایەتی کوشتن بێت. باوکی پشتی پێی قایم بووە کە نە هاوار دەکات نە ڕادەکات، ئەوان وەک تیمێکی ڕێکخراو کاریان کردووە. بە پوختی، سیلڤیا پشت بە دەسەڵات دەبەستێت و دەسەڵاتیش دەبێت پشتی پێ ببەستێت. بەرپرسیارێتی و چارەسەرکردنی کێشەکان توخمی بنچینەیی ژیانی ئەون. بیرتیژییەکەی هاندەرە بۆئەوەی بە بارودۆخی نا ئاشنا و گۆڕانێکی چاوەڕوان نەکراوی پڕ مەترسی نەتۆقێت، بەڵکوو پێشوازیان لێدەکات.

پزیشکە دەروونییەکە پرسیاری لێکرد: ئایا هیچ بیرەوەرییەکی بە ترسی دیکەی منداڵیت هەیە؟

سیلڤیا: هیچی دیکەم وەبیر نایەتەوە.

پزیشک: کاتی گەورە بوویت، لە چ دەترسای؟

سیلڤیا: دەترسام بە قەیرەیی سەر بنێمەوە، چونکە تا شازدە ساڵی هیچ بۆی فرێندێکم نەبوو.

پزیشک: ئایا هیچ جاری دیکە بووە لە خەو ڕاپەڕی بێئەوەی پەیوەندی بە دزییەوە هەبێت؟

سیلڤیا: زۆر بە دەگمەن.

پزیشک: کاتێک تۆ بیر لە ئەگەری بە سەرکەوتوویی تێپەڕاندنی هەموو تێستەکان دەکەیتەوە و لە کارەکە قەبوڵ دەکرێیت، ئایا بۆت ڕوون بووەوە لەوانەیە ڕوبەڕووی مەترسی، تەنانەت کوشندە بیتەوە؟

سیلڤیا: لەوە تێدەگەم.

پزیشک: ئایا ئەوە تۆ دەترسێنێت؟

سیلڤیا: کەمۆکەک.

پزیشک: ئایا لە مردن دەترسێیت؟

سیلڤیا: نەخێر، من لە شکست دەترسێم.

پزیشک: گریمان، تۆ بە ئەرکێک نێردرای، بەڵام هەندێ هەڵە ڕوویدا، لەوانەیە سەرتی لەسەر دابنێیت. ئایا واز دەهێنی و دەگەڕێیتەوە لای ئەفسەری بەرپرس و بۆی ڕوون دەکەیتەوە کە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە مەحاڵە؟

سیلڤیا: ئەگەر بۆم بلوێ بە سەرکەوتووی ئەرکەکە جێبەجێ بکەم، بەردەوام دەبم.

پزیشک: تەنانەت ئەگەر مەترسی بۆ سەر ژیانیشت هەبوو؟

سیلڤیا: بیر لە ژیانی خۆم ناکەمەوە، کاتێک باقەنەجمە ڕادەکێشم.

وەک هەر پـاڵێوراوێکی دیـکەی یەکەی ئۆپەراسـیۆنی تـایبەت، سـیلڤیاش بە لێکـۆڵینەوەی دورودرێـژی ئاسـایش تێـپەڕی و لەلایەن پزیشـکی جۆراوجـۆری دەروونیـیەوە تـاقیکرایەوە. ڕاپـۆرتە تایبەتەکـان، گوزارشـتیان لە ڕێزێکـی زۆر و جەختیان لە خۆناسین بە جوولەکایەتی، بوێریی، ڕاستگۆیی و چاپووکی دەکردەوە. لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکان ئاماژە بە قسەیەکی درابوو کە لە یەکێک لە دانیشتنەکان کردبووی" وشەی مەحاڵ لە فەرهەنگی مندا بوونی نییە"

پزیشـکە دەروونییەکـان بەو ئەنجـامە گەیشـتن کە سـیلڤیا بـۆ بـوون بە جەنگـاوەری نهێنـی شـیاو و گونجـاوە. حەزی بە کـارکردنی سـەربەخۆ هەیە لە شـێوەی ئەکـتەری سـەر شـانۆ، لە گفتوگۆکردنـدا بە زار و دەوە، وەک ئـافرەتیش تەنـانەت بـێ ئەوەی زۆری لە خـۆی بکـات، خـۆی ڕوخسـارێکی مێیـنەی سەرنجڕاکێشی هەیە.

دۆسیەی کەسی سـیلڤیا و هەڵسـەنگاندنی پزیشـکانی دەروونـی بە مەبەسـتی پێداچوونەوە و وردبینی بۆ بارەگای ناوەندی یەکەی١٨٨ بەرزکرایەوە.

لە چاوپێکەوتنەکانی هەڵسانگاندنی سیلڤیا کە بە بەشداری فەرمانـدەی یەکە، فەرماندەی قوتابخانەی ئۆپەراسیۆنی نهێنی، بەڕێوەبەری بەشـی بەسـەربازگرتن و سەرۆکی بەشی ئۆپەراسیۆنەکان ئەنجامـدرا، هەموویـان کۆکبـوون کە پێویسـتە لە ڕاهێنان قبوڵ بکرێت.

دوا هەڵسەنگاندنەکە دەڵێت:

بۆ سیلڤیا یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت شوێنێکی لەبار و شیاوە، مەیلێکی ئاشکرای بۆ سەربەخۆیی هەیە و کەسێکی هۆشمەندە، لە پەیوەنـدی دروسـتکردندا لەگەڵ خەڵکی دی زیرەکە و لە جموجۆڵیشـدا چووسـتە، بەو مەرجەی ڕێنـوێنی بکرێـت. باشتر دەبێت ئەگەر لە چوارچێوەی کاردا ئەندازەیەک لە ئـازادی پـێ بـدرێت، ئەو

بەوە شانازە کە چوارچێوەی کاری دۆزیوەتەوە و پشتی پێ دەبەستێت، شتێکە کە بە ڕاستی بە شانازییەوە پەیوەستە. ئەو کەمێک کێشەی لەگەڵ زۆر نزیکبوونەوە هەیە، بەڵام پێویستی بە بڕێکی زۆر نییە. بۆیە پێویستە مۆساد و ڕێنوێنیکارانی و ئەفسەران، بۆ ڕاگرتنی باڵانس لە نێوان نزیکبوونەوە و دوورکەوتنەوەدا ڕێنوێنی دروستی پێشکەش بکەن.

لە کاتێکی دیدا لە کافێیەکدا سیلڤیا چاوی بە شیمۆن، بەرپرسی بەسەربازگرتنی جەنگاوەرانی نهێنی کەوت، دەستی بە تووندی گرت و گووتی: تۆ قبوڵ کرای، ئێستا نۆرەی قۆناغی ڕاهێنانە، ئەگەر تێیدا سەرکەوتوو بوویت، جەنگاوەرێکت لێ دروست دەبێت.

سیلڤیا بڕوای نەدەکرد کە بە ڕاستی خەریکە دەبێتە ئەندامی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت، لە خۆشیاندا ئەژنۆکانی شل و شڵەژاو بوو، خەریک بوو فرمێسکی خۆشی لە چاوەکانی دەهاتنە خوارێ، بەرامبەر شیمۆن ڕوونیشت ولەخۆشیاندا دەمی گیرا. چونکە ئەم ڕۆژە ڕۆژێکی مەزن بوو، لەوانەیە مەزنترین ڕۆژی ژیانی بوو بێت. تێگەیشت کە چاپتەرێکی نوێ لە ژیانیدا دەستی پێکرد و خەریکە دەرگای دنیایەکی شاراوە و ون لە پێشیدا دەکرێتەوە.

سیلڤیا لە کافێکە هاتە دەرەوە، ژاوەژاوی شار و ڕەتبوونی پیادەڕۆیان بە تەکیدا و قڕ و هۆڕی ئۆتۆمبیلەکان هیچیان کاریگەریان بە سەر سیلڤیا نەبوو کە سواری هەوری خۆشی ببوو. ئاخر زۆر دڵخۆش و ئاسودە بوو، نەخاسمە ویستێکی بەهێزی بۆ نەخشاندنی پڕ بە پێستی بۆنەی دەست پێکردنی خاڵێک هەبوو کە ژیانی بۆ هێمایەک وەردەچەرخێنی. بۆیە لەم ساتە مژدەبەخشەدا حەزی دەکرد خەڵاتێکی سیمبوڵی بە خۆی ببەخشێت.

دوای وازهێنانی لە کارەکەی لە قوتابخانەدا، تەلەفۆنی بۆ دایک و باوکی کرد

بـۆئەوەی پێیـان ڕابگەیەنێـت کە خەریـکە لە پۆسـتێکی گرنگـی حکوومەتـدا دابمەزرێـت، هەروەهـا بیـری لە ئەنجامـدانی چەنـد ڕێکارێـک کـردەوە، بێگومـان حەزی دەکرد دەستە خوشکەکانی بـۆ نـانی ئیـوارە یـان چـوون بـۆ شـانۆگەرییەک یاخود کۆنسێرتێک بانگهێشت بکات. بەڵام هەستی کـرد هـیچ یەکێـک لەمـانە بـۆ ئەم بۆنەیە ناشێن. لە کۆتاییدا لە هەمووان زیاتر دڵی بیرۆکەیەکی گرت، یەکسـەر چووە وێستگەی سەرەکی پاسەکانی تەلئەڤیڤ، دوای سێ کاتژمێر و گـۆڕینی دوو پاس لەبەر دەرگەی ماسادا دابەزی، ئەو قەڵایەی هەزاران جوولەکەی شۆڕشگێڕ بە سـەرکردایەتی ئلیعـازر بـێن یـایر لەلایەن ڕۆمانییەکـانەوە گەمـارۆ دران، کاتێـک ڕۆمانییەکـان پەرژینەکەیـان بەزانـد و چـوونە ژوورەوە لاشـەی مردوویـی شۆڕشـگێڕەکانیان بینـی، چـونکە ئەوانە خۆکوشـتنیان هەڵبـژارد لەبـاتی ئەوەی ڕۆمانییەکان دەستگیریان بکەن.

سـیلڤیا خـۆی ڕەگەڵ گرووپێکـی گەشـتیاری ئینگلیـز زمانـدا و بە ڕێـگە پێچـاوپێچەکە سـەرکەوتن، هەرچەنـدە ڕێـگەکە ڕک و هەوراز بـوو، بەڵام بونیـاد پـتەوی و هێـزی ئیـرادە لە گەیشـتنە لـوتکەدا یارمەتیـدەری بـوون. لە کۆتـایی سەرکەوتنەکەیدا لەسەر یەکێک لە دیوارەکاندا پـارچە نـووسراوێکی گەورەی بینـی کە بە دەستخەتێکی نەناسراو نووسرابوو" هەرگیز جارێکی دی ماسادا ناکەوێت"

لەسەرەوەڕا سەیرێکی دەریای مردوو و بیابانی جودینی کرد و دەیان خێـوەتی لەشکری ڕۆمانییەکانی هێنایەوە بەرچاو کە گەمارۆی ماسادایان داوە. هەر شتێکی لەبارەی گەمارۆدانەکە خوێندبوویەوە، وەکو فلیم هەمووی هاتەوە بەرچاو. چاوی لە کەلاوەکە بـڕی و بیـری لە هـاواری منـدالّە برسـییەکان کـردەوە، زۆریـش بە ئـازایەتی و خـۆڕاگری شـەڕڤانە گەمارۆدراوەکـان سەرسـام بـوو کە لەبـڕی خـۆ ڕادەسـتکردن مردنیـان هەڵبـژارد. سـیلڤیا ماسـادای بە هـێمای قارەمـانێتی گەلـی جوولەکە دەزانی. هەرچەندە ئەو گەلە لە مێـژووی خۆیـدا تووشـی مەینەتـی زۆر

بـووەتەوە، بەڵام هەرگیـز ڕادەسـتی ویسـتی دوژمنەکـانی نەبـووە. لەوێ لەسـەر تڕۆپکی چیاکە کە شایەدی مردنێکی سەربەرزانەی جووە خۆنەچەمێنەکـان بـووە، بە خۆی گووت، ئەو ڕێکخراوەی ئێستا پەیوەندی بە ڕیزەکانییەوە کردووە لەپێنـاو بە نەمر هێشتنەوەی میراتی ئەو جووە ئازایانە دامەزراوە و بەڵێنـی بە خۆیـدا کە ناکرێت جارێکی دیکە ئەو مێژووە دووبارە ببێتەوە.

ئەپارتمانتە سێ ژوورییەکە لە نهۆمی دووەمـی باڵەخـانەیکی کـۆنی سـەنتەری شەقامی دزینگۆڵفی تەلئەڤیـڤ بـوو کە لە بـنەڕەتەوە مـوڵکی ژن و مێردێکـی بە تەمەنـی وجـاغکوێر بـوو، هاوسـەرەکە جەنگـاوەرێکی چـالاکی هەواڵگـری بـوو، بەشـــداری زۆر لە ئەرکەکـــانی دەرەوەی کردبـــوو، هاوژینەکەشـــی خـــاوەنی کتێبخانەبوو.

تۆلکا ڕۆزن، بەرپرسی دۆزینەوە و بەکرێگرتنی ئەپارتمانتی کـارە پێویسـتەکانی یەکەی ئۆپەراسـیۆنی تـایبەت بـوو، خـۆی گەیانـدە دانیشـتوانی ئەپارتمـانتەکەی شەقامی دیزلگۆڵف و لە ژن و مێردە بە تەمەنەکەی پرسی: ئایا دەکرێ بە دەمکـی یەکێک لە ژووڕەکانیان لێ بە کرێ بگرێت؟ بە ئەرێ وەڵامیـان دایەوە و تەنـانەت نەشیان پرسـی کـێ ژووڕەکە بەکـاردەهێنێ و بـۆ چ مەبەسـتێکە. ئەو ژن و مێـردە تاکە کەس نەبوون کە ئەپارتمـانتی خۆیـان یـان بەشـێک لە ژووڕەکـان لە خـزمەت پالێوراوەکانی خزمەتگوزاری نهێنـی دابنـێن، هەمـوو پالێوراوەکـانی جەنگـاوەرانی نهێنی ماوەی یەکەمی مەشـقەکانیان لەو ژوورانە یـان ئەپارتمانتـانە تەواو کـردووە کە لە جەنگاوەرە دێرینەکانی هەواڵگری یان کەسوکاریانەوە بە کرێ دەگیران.

بە هـاوڕێیەتی گـادی، سـیلڤیا بە کەمە کەلـوپەل و بزگـوڕە کەسـییەکان و ڕادیۆیەکی بچووکەوە گەیشتە شوێنی مەشقکردن، خودانی ئەپارتمانت چـاوەڕوانی هـاتنی بـوون. گـادی بە "ئیلانـا" سـیلڤیای بەوان ناسـاند، تەنـانەت لەم قۆنـاغە

سەرەتایەشدا، دەبوو خۆی لە ناسنامەی ساختە ڕابهێنێت.

خانەخوێ هیچ پرسیارێکی نا پێویستی نەکرد، هەر لە سەرەتاوە سیلڤیایان کەوتە بەر دڵ، دوای ڕادەستکردنی کلیلی ژوورەکەی، یەکڕاست بە پەلە چوونە ژوورێکی دی و دەرگایان لەسەر خۆیاندا گاڵەدا. چونکە پێشتر پێیان ڕاگەیاندرابوو نابێت هیچ حەقیان بەسەریدا هەبێت.

لە لایەن گادییەوە، ئەبراهام گەمەر بە ماموستای سیلڤیا دیاریکرا، گادی دوای خزمەتکردنی لە یەکەی کۆماندۆی پەرەشووت، پەیوەندی بە ڕیزەکانی یەکەی ناوبراوە کردبوو و لە قوڵایی ناوچەکانی دوژمن بەشداری چەندین چالاکی تۆڵە و بۆسە و دەوریاتی کردبوو. دوای بە کۆتاییهاتنی خزمەتەکەی وەک ئەفسەر لە ڕیزەکانی مۆساد وەرگیرا و بە یارمەتی گادی ڕێگەی یەکەی ١٨٨ی گرتەبەر و چەندین پلە و پۆستی وەرگرت. پێش ئەوەی بە ماموستای سیلڤیا دەستنیشان بکرێت، پێشتریش مەشقی بە چەندانی دیکە کردبوو کە دواتر بوونە تەواوکاری تیمی جەنگاوەران.

ئەبراهام گەمەر لە نیس زیۆنا هاتبووە دنیا، کاتێک تەمەنی تەنیا ساڵێک بوو، باوکی بە دەستی چەتەیەکی عەرەب کوژراوە، دایکی لەسەر ئەو و برا گەورەکەی دانیشت، چەندینجار داوای بوون بە ئەندامی لە کیبوتیز کرد، تا دواجار داواکەی لە لایەن کۆتزات سکیلەر قبوڵکرا و بۆ خۆی و دوو منداڵەکەی بووە پەسارە.

ئەبراهام پیاوێکی قۆزی چوارشانەی هێمن و خاکی، ئاشقە گەشتی دورودرێژ بوو. هاوڕێیەتی نێوان ئەبراهام و گادی ئەوکاتە پەرەی سەند کە لە کیبوتیز هاوسێ بوون، لە هەڕەتی لاوێتیاندا پێکەوە یاری سەبەتەیان دەکرد، دواتر هەردووکیان بەیەکەوە لە ڕیزی یەکەی جەنگ خزمەتیان کرد.

ژوورەکەی سیلڤیا ڕێک بەرامبەر حەوشەی پشتەوە بوو، کەسێک گوڵدانێکی

پڕ لە گوڵی تازەی لەسەر مێزی نووسینی ژوورەکەی دانابوو.

ئەو ژوورە بۆ نووستن و مانەوە تێیدا بەکار نەدەهات، تەنیا بۆ مەشق کردن بوو، چاوێکی خێرای بە ژوورەکەدا گێڕا و بۆ ئەو شوقەیە گەڕایەوە کە بەیەکەوە لەگەڵ هانادا تێیدا دەژیان.

بەیانی ڕۆژی دواتر بەخێرایی گەڕایەوە ئەپارتمانتی مەشق، کەمێک دواتر زەنگی دەرگا لێدرا، سیلڤیا دەرگای کردەوە و گادی بە هاوڕێیەتی پیاوێکی باڵابەرزی سەرڕەشی ڕوخسار جوان بینی لەبەر دەرگا وەستاوە.

دەیزانی ئەو پیاوەی بە ماموّستای دیاری کرابوو لەسەروبەندی هاتنیدایە، تامەزرۆی گەیشتنی بوو، چونکە تا ئەو ساتە چاو بە چاو نەیبینیبوو.

ئەبراهام گەمەر خۆی پێناساند و گووتی: ناوم ئۆدێدە. هەمیشە ماموّستاکانی یەکەی ١٨٨ ناوە ڕاستەقینەکانیان دەشاردەوە، مەشقکراوانیش لەم زەرورەتە تێدەگەیشتن.

بۆ ماوەیەکی درێژ ئۆدێد لەبەردەم سیلڤیا وەستا و دیراسەی کرد، سیلڤیاش بە هەمان شێوە دیراسەی ئەوی کرد.

وەک دوو نەناس، چارەنووس ئەوانی بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی هاوبەش پێکەوە کۆکردۆتەوە، سیلڤیا لە شکاندنی بەستەڵەکی نێوان خەڵکدا، لێزان و شارەزا بوو، زارخۆشییەکەشی ئامرازێکی بەکەڵک بوو.

سیلڤیا بە ڕووی گادی گرژییەوە و بە چاو داگرتنەوە پرسیاری کرد: مەبەست لەوە چییە؟

گادی گووتی: تێناگەم.

سیلڤیا بە زەردەخەنەیەکی گاڵتەجارییانە گووتی: پێموابوو گشت تێستە

بەراییەکانمـان تێپەڕانـدووە، تـۆ دەتەوێـت ببینـی کە ئـاخۆ مـن دەتـوانم وەک ئەستێرەکانی سینەما لەنجە بکەم؟

هەرسێکیان دایانە قاقای پێکەنین، لە ڕاستیدا سیلڤیا لە سەرنجدانی ئەبراهام وەک پیاوێکی کەمەندکێش دوا نەکەوت. دواتر گادی لەبارەی مامۆستایەکی دۆستی کە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچێکی مەشق پێکراو دروست کردبوو، قسـەی بـۆ سیلڤیا کرد و گووتی: مامۆستا دۆستەکەم هـیچ ڕاپـۆرتێکی بـۆ بەرپرسـەکانی بەرز نەکـردەوە، بەڵام کـچەکە ڕاپـۆرتی خـۆی بەرز کـردەوە. لە گرنگـی وەسـفکردنی شتەکانی ڕوویاندا بوو زۆر باش حـاڵی دەبـوو، نەمـازە لەبـارەی پەیوەنـدی لەگەڵ مامۆستاکەیدا. بۆیە دوای ماوەیەک مامۆستاکە لە ڕیزەکانی یەکە دەرکرا.

سیلڤیا: بۆ کچەکەشیان دەرنەکرد؟

گادی: لەبەرئەوەی کچە ڕاستییەکانی گووتبوو کە پیاوەکە نەیگوتبوو.

گادی بە سیلڤیای گووت، لە سەرینی ئەم ڕووداوە، فەرمان بە مامۆسـتاکان کـراوە، ماوەی نێوانیان لەگەڵ ئافرەتە مەشق پێکراوەکان بپارێزن.

ڕۆژی یەکەمی مەشـق تـایبەت بە ناسـاندن و تێڕوانینێکـی گشـتی ڕاهێنـانەوە تەرخان کرا. ڕۆژی دواتر سیلڤیا زوو لە خەو ڕابوو، لەسەر ڕێگەی خۆی لە دوکانی بەقـاڵەکەی هاوسـێی لەفەیەکـی گەرم و هەنـدێک پێخـۆری کـڕی. ئەبراهـامیش پرتەقـاڵی کڕیبـوو، سـیلڤیا فەرمـووی نـانخواردنی بەیـانی لە ئەبراهـام کـرد، دوای ژەمەکە سیلڤیا دوو دانە پرتەقاڵی سپی کرد، هەر دانەی بۆ یەکێکیان.

ئەبراهـام بە زەردەخەنەوە سـەیری کـرد و گـووتی: گـریمان تـۆ لە ژێـر دەمـامکی ڕۆژنامەنووسـێکی سـوێدی کـار دەکەیـت. یەکێـک لەوانەی بـۆ ڕۆژنـامەکەت چاوپێکەوتنت لەگەڵیدا کردووە بـۆ نـانی ئێـوارە بانگهێشـتی مـاڵەوەت دەکـات و

نازانێت تۆ چ پەیوەندییەکت بە ئیسرائیلەوە هەیە، لە کۆتایی ژەمەکەدا خانەخوێ پرتەقاڵێک بە هەر میوانێک دەدات، تۆ چ لە پرتەقاڵەکە دەکەیت؟

سیلڤیا لە مەبەستی پرسیارەکە نەگەیشت و گووتی: بێگومان سپی دەکەم و دەیخۆم.

ئەبراهام بە پێکەنینەوە گووتی: یەکسەر دەزانن تۆ خەڵکی ئیسرائیلی.

سیلڤیا بە سەرسوڕمانەوە گووتی: چۆن؟

ئەبراهام بۆی ڕوونکردەوە و گووتی: چونکە تەنیا ئیسرائیلییەکان پرتەقاڵ بەو شێوەیە سپی دەکەن کە تۆ کردت.

سیلڤیا شڵەژا و بە منگە منگەوە گووتی: وا بیرم لەوە نەکردۆتەوە.

ئەوە بەو مانایە دێت کە کارمەندی هەواڵگری دەبێت لە ئەندازەی خۆی هەموو شتێک بزانێت. تەنانەت دەبێت ئادابی خوانی ئەو وڵاتەش بزانێت کە چالاکی تێدا دەکات.

سیلڤیا هەناسەیەکی هەڵکێشا و گووتی: تێگەیشتم ئەوەی تۆ مەبەستتە، ئەوەیە دەبێت تێگەیشتن و شارەزایی تەواوم هەبێت بۆئەوەی بە کارامەیی ئەو کارە جێبەجێ بکەم کە پێم دەسپێردرێت.

ئەبراهام: ئێلینا، ڕێک مەبەستم ئەوەیە.

ڕۆژانە تا درەنگانی شەو ڕاهێنانیان دەکرد، وانەکان بە باشی دەڕۆیشتن و ئەبراهام سوپاسگوزاربوو کە فێرخوازێکی گورج و گۆڵە. سیلڤیا لە ئەنجامدانی هەر ڕاهێنانێک بە باشترین وردەکاری و هەر ڕووبەڕووبونەوەیەک بە زۆرترین زانیارییەوە لەسەر دووبارەکردنەوەی وردەکارییەکان سووربوو. لەبارەی پێشڤەچوونەکان هەر چەند ڕۆژێکیش ڕاپۆرتی خۆی بۆ گادی بەرز دەکردەوە.

لە کۆرسی ڕاهێناندا، سیلڤیا و ئەبراهام کاتی کەمی گفتوگۆکردنی تایبەتیان هەبوو، لێرە و لەوێ لە نێوان وانەکاندا لە کاتی ئیسراحەت و قاوە خواردنەوە یان نانخواردندا، سیلڤیا هەوڵی دەدا شتێک لەبارەی ژیان، هیوا و خێزانی ئەبراهام تێبگات، بەڵام ئەبراهام بە کورتی وەڵامی دەدایەوە، حەزی بە باسکردنی خۆی نەبوو، ئەوەش تەنیا لەبەر کەسایەتییە کەمدووەکەی نەبوو، بەڵکوو پەیوەندیشی بە نهێنییە توند و ڕێکوپێکەکانی ئاسایشی یەکەی ١٨٨ەوە هەبوو.

هەموو بەیانییەک ئەبراهام لە ئەپارتمانتی ڕاهێنان لە شەقامی دیزنگۆڵف، وانە پێویستەکانی بوون بە جەنگاوەرێکی نهێنی شارەزا بە سیلڤیا دەدا و فێری دەکرد. وەک: خوێندنەوەی نەخشەی شار، نەخشەی (کۆگان)، کردنەوەی وێنە کۆدەکان، ئەزبەرکردنی فەرمانی کردەکان، هەڵسەنگاندنی بارودۆخ، بەرگری لەخۆکردن، پەیوەندی چێکردن و کردنەوەی کۆدی پەیامەکان. هەروەها باسیان لە تیۆری تاقیب، ڕێگا، چۆنیەتی ڕاکردن لە کەسانی ڕوخسار گوماناوی و هەڵاتن لە شوێنی مەترسیدار کرد. سیلڤیا فێری بەڕێوەبردنی پێویستییە بنچینەییەکانی گەشتی جیهانی (ڤیزە، پاسپۆرت، بەکرێ گرتنی ئۆتۆمبیل و هوتێل) بوو. ئەبراهام لەگەڵ خۆیدا کەسێکی شارەزای هێنا تا فێری کۆدی مۆریسی بکات و بردیە ئەو مەیدانەی ڕاهێنان کە پێشتر شارەزاکە لە لایەک بۆمبێکی چاندبوو. هەروەها فێری ئەوەش کرا کە مەرج نییە پاکەتەکان هەمیشە نامەیان تێدا بێت، یان لەوانەیە شتێک وەک پارچە سابونێک دیار بێت، بەڵام ڕەنگە تەقینەوەیەکی کوشندە بێت. هەروەها فێرکرا ڕەنگە دوشی گەرماو بۆ شاردنەوەی ترانزمیتەر شوێنێکی نموونەیی بێت، لەوانەیە پۆڵیشی نینۆک وەک مەرەکەبی نهێنی بەکار بێت. سیلڤیا فێرکارێکی تامەزرۆ و هەزمکارێکی خێرای زانیارییەکان بوو. لە ڕاپۆرتی هەفتانەیدا بۆ فەرماندەی قوتابخانەکە، ئەبراهام پەسنی زانیارییە گشتییەکان و جێبەجێکردنی ڕاهێنانەکان و مۆتیڤە بە هێزەکەی سیلڤیای کردبوو، سیلڤیاش لە

بەرامبەر ڕاهێنانەکەدا سوپاسگوزاری بوو، ئەبراهام زۆر پێی سەرسامبوو کە دواجار پیشەگەرێکی ڕاستەقینەی لێدەرچوو.

سیلڤیا و مامۆستاکەی زستان و نیوەی هاوین لە ئەپارتمانەکە پێکەوەبوون، دوای ڕاهێنان ئەبراهام ڕۆیشت و سیلڤیاش گەڕایەوە شوێنی نیشتەجێبوونی. ئەو وەرچەرخانەی لە کەسێکی ئاساییەوە لە ژیانی نهێنی سیلڤیادا ڕوویدا کارێکی ئاسان نەبوو. بێگومان لەبارەی ئەوەی خەریکی چیە هیچی لە لای هانا نەدرکاندبوو، کاتێکیش هاوژووەکەی لەوبارەوە پرسیاری لێدەکرد، سیلڤیا بەوە وەڵامی دەدایەوە کە لە کۆڕسێکی ئەرشیفکردنی لیستی کارمەندانی وەزارەتی ئاسایش بەشداڕە. خۆ لاتەریککردن و نهێنییەکان بە گران لەسەر سلڤیا کەوتبوون. چونکە خۆشی حەزی لەوە بوو ئەو کارەی دەیکات لەگەڵ خەڵکی دیکەش هاوبەشی پێ بکات، بەڵام ئەوەشی دەزانی کە ئەوە ئەوپەڕی قەدەغەیە. بۆ یەکەمینجار یەکێک لە گەورەترین ئەرکی ئەستۆی تاقیکردەوە و بۆ ساتێکیش لێی پەشیمان نەبوو. بۆیە بە هەموو ئامرازێک کەوتە شەڕکردن لە دژی تەنیایی، وەك: خوێندنەوەی کتێب، بە تایبەتی ئەو ڕۆمانانەی لەبارەی ڕزگاربووانی هۆلۆکۆست بوو، گۆڕینەوەی نامە لەگەڵ باوانی و داڤیدی برای، وێنەکێشانی تابلۆی سروشتی بە ڕەنگی ئاوی و زەیتی.

لە نامەیەکدا بۆ باوانی سیلڤیا نووسیبووی: من وازم لە کاری مامۆستایەتی لە هۆلۆن هێناوە، لە کۆمپانیایەکی بازرگانی کە لقی لە سەرانسەری جیهاندا هەیە کارێکی نوێ دەکەم. کارەکە سەخت و خۆشە، ئەو خەڵکەی کاریان لەگەڵدا دەکەم، لەو جۆرە هەڤاڵانەن کە هەمیشە خەونم پێوەیان دەبینی. کەسانی پڕۆفیشناڵی زیرەک، چاپووک، ڕووح سووک و مەردن. زۆریش ڕێزم دەگرن. بۆیە سەختە پێیان سەرسام نەبیت کە دەبینی چەند دڵسۆزی کارەکەیانن و خاکین، زۆریش بایەخ بە وردەکارییەکان دەدەن. کەسانی سەرقافڵە و بێ وێنەن.

بەیانییەک ئەبراهام ئامێرێکی ڤیدیۆی لەگەل خۆیدا هێنایە ئەپارتمانتی ڕاهێنان و ئامادەی کرد. سیلڤیا هیچ بیرۆکەیەکی نەبوو کە دواتر چ ڕووەدات. ئەبراهام خڕ پەنجەرەکانی گاڵەدا و پەردەکانی داخست و گلۆپەکانیشی کوژاندەوە، فلیم دەستی پێکرد. فلیمەکە لەبارەی کچە شۆخێکی فەڕەنسی بوو کە کەوتبووە داوی خۆشەویستی مامۆستاکەی. لە ساڵیادی لە دایکبوونیدا مامۆستاکەی بانگهێشتی ماڵەوە کرد کە لە لادێ بوو، دۆست، باوانی و کەسوکار و مامۆستا خۆشەویستەکەی هەموویان لە بن گەڵای دارێکدا لە چواردەوری مێزێکی گەورە دانیشتبوون، دایکی کچەکە خزمەتی میوانەکانی دەکرد.

مامۆستاکەی سیلڤیا گووتی: هەوڵ بدە بزانە باوکەکە چی لەبەر بوو.

وێنەکانی فلیمەکە لە مێشکیدا بوون و گووتی: کراسێکی سپی، شەپقەیەک و پانتۆڵێکی ڕەش.

ئەبراهام: چیان دەخوارد؟

سیلڤیا: لەناو فەخفوریدا گۆشتاو، زەلاتەیەکی گەورە و نانی گوندەواریان دەخوارد.

ئەبراهام: ئەدی چیان دەنۆشی؟

سیلڤیا: شەرابی سوور.

ئەبراهام: ئایا هیچ لەزگەیەک لەسەر بوتڵەکان هەبوو؟

سیلڤیا: نەخێر.

ئەبراهام: نایابە.

فلیم بەردەوام بوو، بەڵام ئەبراهام ناوە ناوە دەیوەستاند و داوای لە سیلڤیا

دەکرد وردەکاری زیاتر باس بکات، وەک: وەسفکردنی ئەو ژوورەی تێیدا بوون هەندێ دیمەن هەبوون، هەروەها ژمارەی مانگاکانی لە پاوانەکە دەلەوەڕان، کە کچە و خۆشەویستەکەی بە پیاسە چوونە ئەوێ، هەروەها دووبارە کردنەوەی دەقی قسەی ئەکتەرەکان کە لە بارودۆخی جیاوازدا بە یەکدیان گوتووە.

لەسەر مێزەکەی ناوەڕاستی ژووری مەشق هەندێ وێنەی پەرشوبڵاوی خێزانی، جووتێ قەڵەم، دەفتەرێک، پاکەتێک، تەلەفۆنێک، چاویلکەیەک و جزدانێک هەبوو.

ئەبراهام بە سیلڤیای گووت بۆ ساتێک چاوێک بە سەر مێزەکەدا بگێڕێت. هەندێ پارچەی دیکەی لەسەر مێزەکەدا بڵاوکردەوە و گووتی: . ئێستاش چاوت داخە.

ئەبراهام گووتی: دەی پێم بڵێ کام بابەت کەوتۆتە گۆشەی سەرەوەی دەستە چەپی مێزەکە؟

سیلڤیا لە هەڵهێنان و ئەنجامدانی ئەمەدا سەرکەوت، نەخاسمە هەر لە منداڵیەوە توانای ناسینەوەی هەموو ئەو شتانەی هەبوو، جا بچووک بان یان بێ نرخ. لە قوتابخانەشدا بە یەکجار خوێندنەوە توانای ئەزبەرکردنی پەرەگرافی درێژی هەبوو.

زۆربەی ڕاهێنانەکانی سیلڤیا لە ژووری بوو کە بەهۆیەوەی فێری کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکان بوو، بەڵام هەمیشە سوپاسگوزاربوو کاتێک دەیانبردە دەرەوەی ئەپارتمانت و ڕێگەیان دەدا هەناسەیەکی پاک هەڵمژێت، نەک لە مەجالێکی سنووردارا تەوق بدرێت. لە بنکەیەکی بچووکی وشکە ڕاڕەوی ڕوبارێک لە دەشتی شارۆن دوور لە دەشتایی زۆر شت لەبارەی جۆرەها تەقینەوە و خۆدوورخستنەوە لە ڕووداوی ئاسایی و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کەرەستەی مەترسیدار فێربوو. یەکێک لە ڕێنوێنییەکان لەبارەی کردەوەیەکی هەواڵگری بوو

کە چەنـد سـاڵێک لەوەو پـێش لە ڕێـگەی ئامـادەکردنی کتێبێکـی بـۆمبڕێژکراودا جەنەڕاڵ مستەفا حافز، بەڕێـوەبەری هەواڵگـری میسـڕ و فەرمانـدەی یەکەیەکـی فیدایی تێیدا کوژرا. ڕێنوێنیکارەکە بە سیلڤیای گووت، حافز پیاوێکی زۆر وریا و بە هەسـت و نەسـت بـوو، بـۆیە نـاردنی نـامەی بـۆمبڕێژکراو کـارێکی مەحـاڵبوو، لەبەرئەوەی هەر پـاکەتێکی بگەیشـتبا دەسـتی تـاقی دەکـردەوە. شـارەزایانی هەواڵگـــری ئیســـرائیل بیرۆکەیەکـــی زۆر زیرەکانەیـــان داڕشـــت: بڕیاریانـــدا بەکرێگیراوێکی دووسەرە بە ناوی محەمەد ئەلتەلالکە بەکاربهێنن کە بۆ ئیسڕائیل و جەنەڕال حافز کاری دەکرد، تەلالکە بێ ئاگابوو کە ئیسـرائیل بە پەیوەنـدی ئەو لەگەڵ میسـڕییەکانەوە دەزانێـت. ڕۆژێـک کارمەنـدێکی هەواڵگـری ئیسـرائیل بە تەلالـکەی گـووت لـوتفی ئەلعەکـاوی فەرمانـدەی پۆلیسـی غەزە کە سـیخوڕێکی خۆمـانە لە بەرگـی کتێبێکـی ئاسـاییدا پێویسـتی بە ڕادیـۆیەکی شـاراوەی بچـووک هەیە، داوا لە سیخوڕە دوو سـەرەکە کـرا کتێـبەکە بـۆ ئەلعەکـاوی ببـات، ئەویـش یەکڕاسـت ڕازیبـوو. بێگومـان یەکەم کـار کە دەیکـات، کتێـبە بـۆمبڕێژکراوەکە بـۆ مستەفا حافز دەبـات و پێـی ڕادەگەیەنێـت کە فەرمانـدەی پۆلیسـی غەزە ناپـاکە. ئەلتەلالکە کتێبەکەی دایە دەست حافز و پێی گـووت ترانزمیتەرێکـی بچـووک بـۆ فەرماندەی پۆلیسی غەزە لەناویدا شاردراوەتەوە. حـافز لە گەیانـدنی زانیـارییەکە سوپاسـی سـیخوڕە دووسـەرەکەی کـرد و بـێ سـێ و دوو کتێـبەکەی کـردەوە و یەکڕاست تەقیەوە و کوشتی.

ڕێنوێنیکارەکەی سیلڤیا تەنیا ئەو حاڵەتەی بۆ باسکرد، بەڵام سـیلڤیا دڵنیـا بـوو کە لە زۆر کردەوەی دیکەی لەوە خۆشتردا دەستی هەبووە.

ڕاهێنانەکانی دەبوو سیلڤیا ئەنجامیان بدات، چڕ و جۆراوجۆر بوون. بۆ نموونە: دەبوو لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکەی شار گەشت بکـات و بەردەوام بڕۆنێـت کە ئاخۆ کەس تاقیبی ناکات. کاتێک هەستی کرد یەکێک بە دواوەیەتی، ڕێنـوێنی کـرا

خۆی بکا بە دوکانێک و لە دەرگەی پشتەوە خۆی بزر بکات. ئەگەر کەسەکە هەمان ڕێگەی ئەوی گرتەبەر، دەبێت دڵنیا بێت کە تاقیب دەکرێت، ڕێگەیەکی دیکە ئەوەیە، یەکسەر سواری پاس بێت و لە ناوەڕاستی ڕێگە دابەزێت، ئەگەر کەسەکە لە هەمان وێستگە دابەزی، مانای وایە ئەو کەسە تاقیبی دەکات. لە ڕاستیدا لە یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەتەوە کەسانێک بە دوای بوون بۆئەوەی بزانن لە حاڵەتی وادا چۆن خۆی ڕزگار دەکات. هەروەها ئەو وانەشی فێر کرا، کاتێک هەستی کرد تاقیبکەر لێی نێزیک کەوتۆتەوە و شوێنێکیش نیە خۆی لێ بشارێتەوە.

سیلڤیا حەزی بە مانۆڕکردنە، کاتێک داوای لێکرا ئاشنایەتی لەگەڵ دەوروبەرەکەی دروست بکات، بۆ نموونە، دانیشتن لەگەڵ هاوسێکانی لە کافێیەکدا بۆ قسەکردن لەبارەی بابەتگەلێکی وەک تەندروستی یا سەگی ماڵەوە. ئاخر ئەو لە دروستکردنی پەیوەندیدا لەگەڵ کەسانی غەوارە و نامۆدا توانایەکی لە ڕادەبەدەری سەیری هەبوو. چونکە گیانی دۆستایەتی، وزە بێ سنوورییەکەی، وای لە دەوروبەرەکەی دەکرد وا هەست بکەن کە چەند ساڵە دەیناسن. سیلڤیا خەسڵەتێکی دیکەی خۆی بۆ ئاشکرا بوو کە پێشتر لێی بێ خەبەر بوو: توانایەکی لە ڕادەبەدری هەبوو کە وا لە خەڵک بکات دڵی خۆی بۆ بکەنەوە و ڕازی دڵی خۆیانی بۆ ئاشکرا بکەن، چونکە هەستی نهێنیپارێزی و هاوکاریکاری لە کن دروست دەکردن. ڕێنوێنیکارەکەی پێی گووت، توانستی دروستکردنی پەیوەندی کەسی بێئەوەی گومان لە لای کەسەکە دروست بکات، یەکێکە لە پڕ بەهاترین کارە خزمەتگوزارییەکانی چالاکی نهێنیدا.

هەر جەنگاوەرێکی نهێنی پێویستی بە چیرۆکێکی شاراوە هەیە کە ببێتە بەشێکی جەوهەری و تەواوکاری بوونەکەی. ئەو کاتەی ناسنامەی ڕاستەقینەی چالاکوان ئاشکرا دەبێت، دروستکردنی ناسنامەیەکی ساختە و چیرۆکێکی شاراوەی

باش دەبێتە توخمێکی جەوهەری هەر کردەیەکی سەرکەوتوو. هەمدیس یەکەم هێڵی کارای بەرگریکردنیشە، کاتێک دەمامکی جەنگاوەرەکە دەکەوێت یان دەستگیر دەکرێت و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت. جەنگاوەرە تایبەتییەکان پاسپۆرتی ساختەی وایان بۆ پەیدا دەکرێت وەک بڵێی بەرگدروو بۆیانی دوری بێت.

بۆ نموونە وۆلفگانگ لۆتز لەکاتی بەجێهێنانی ئەرکێکیدا لە میسر، کاتێک دەستگیرکرا، پاسپۆرتە ئۆریجناڵە ئەڵمانییەکەی بەکارهێنا. لێکۆڵیار ناسنامەکەی پشکنی، بۆی دەرکەوت هیچ شتێکی شاراوە لە ناوی نووسراوی ناو پاسپۆرتەکەدا نییە و ناوی ڕاستەقینەی خۆیەتی. لەوەشدا بەخت یاوەری بوو، چونکە لە باوکێکی کریستیانی و خەتەنە نەکراو بوو. سەرەتا پێیانوابوو لۆتز ئەڵمانییە و بۆ خزمەتگوزاری نهێنی کار دەکات، بەڵام هەرگیز ئاشکرا نەبوو کە جوولەکەیەکی ڕەسەنی ئیسرائیلە.

وۆلفگانگ لۆتز نموونەی باڵای جیاوازی نێوان جەنگاوەری نهێنی و بەکرێگیراوی نهێنییە. لۆتز جەنگاوەر و ئەندامی یەکەی ١٨٨ و خاوەنی هۆنینەوەی چیرۆکێکی شاراوەی بڕواپێهێنەر بوو، بەڵام بەکرێگیراو لەپێناو پارەدا لە دژی وڵاتەکەی سیخوڕی دەکات. کاتێکیش دەستگیر دەکرێت هەمیشە بە تاوانێک تاوانبار دەکرێت: کە پێی دەگووترێت ناپاکی.

لە تاقیکردنەوەی توانا لەبارەی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ فیگەرە گشتییەکاندا، سیلڤیا چیرۆکێکی شاراوەی باوەڕپێهێنەری هۆنییەوە، لە هۆنینەوەی ئەو چیرۆکەدا تاکە مەرج ئەوە بوو کە نابێت هیچ پەیوەندییەکی بە باشوری ئەفریقاوە هەبێت. سیلڤیا بۆ چەند ڕۆژێک کاری لەسەر داڕشتنی چیرۆکێکی شاراوەی گونجاو کرد، لە کۆتاییدا ڕایگەیاند، بە هیوای ئەوەی ڕێگەی

چاوپێکەوتنی کەسایەتییە بەناوبانگەکانی ئیسرائیلی بۆ خۆش بکات، ناسنامەی پەیامنێری لەندەن دێیلی میرەری بۆ خۆی هەڵبژاردووە. ئەبراهام پاسپۆرتێکی بیانی بۆ دابین کرد و لە میانەی چەند پرسیارێکەوە وردەکاری چیرۆکە شاراوەکەی تاقیکردەوە، چونکە ئەگەر هەبوو لە لایەن ئەو فیگەرەی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکات، ئەو پرسیارانەی لێ بکرێت.

ئەبراهام: لە لەندەن لە کوێ دەژیت؟

سیلڤیا: لە سویس کۆتاج، شەقامی ٢٥ گرینکرۆفت.

سیلڤیا ئەو ناونیشانەی لە پێپەڕێکی ئینگلیزی تایبەت بە ئاگادارینامەی فرۆشتنی ئەپارتمانتێکدا دۆزیبووەوە، بۆیە دڵخۆش بوو بەوەی وەڵامێکی گونجاوی داوەتەوە.

ئەبراهام: دوا ڕاپۆرتت لەبارەی چیبوو کە بۆ دێیلی میرەرت نووسیووە؟

سیلڤیا: دیمانەیەک بوو لەگەڵ جۆن لوکارێی دانەر.

ئەبراهام: ئەگەر کەسانێک کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکەیت لە ناوی سەرنووسەری ڕۆژنامەکەی پرسی، چی پێدەڵێیت؟

سیلڤیا بە منگە منگەوە گووتی: بیرم لەوە نەکردۆتەوە.

ئەبراهام: ئەگەر داوای ژمارە تەلەفۆنی دەستەی نووسەرانی لێ کردی؟

سیلڤیا وای هەست کرد کە زەوی لە ژێر پێی ڕوودەچێت، ئەبراهامیش سەری خۆی بادا و گووتی: سیلڤیا هێشتا ماوتە و بەس نییە.

سیلڤیا دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت ناتوانێت چیرۆکێکی شاراوەی تەواو بهۆنێتەوە، زۆر پەست و بێتاقەت بوو، دیارە ڕاهێنان و خوێندنەوە زۆر لەوە

سەختتر بوو کە مەزەندەی دەکرد. هەرچەندە سیلڤیا بە دڵسۆزی هەموو ئەو شتانەی کرد کە داوای لێکرابوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەترسا لە کۆتاییدا نەتوانێت ببێتە جەنگاوەری نهێنی، چونکە لەوە ئاگادار بوو تەنیا ئەوانە هەڵدەبژێردرێن کە بە سەرکەوتوویی هەموو تێستە پراکتیکەکان تێدەپەڕێنن، بۆیە تێدا مابوو، ئەگەر شکست بهێنیت چارەنووسی چی بەسەر دێت.

ئەبراهام بۆ ئەنجامدانی ئینتەرڤیوێەک، سیلڤیای نارد کن بێبا ئیدلسۆن، سکرتێری ڕێکخراوی ئافرەتانی پێشەنگ، کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێت (نەعامات). سیلڤیا تەلەفۆنی بۆ نووسینگەی ئیدلسۆن کرد و خۆی وەک نوێنەری ڕۆژنامەی دێیلی میرەر ناساند و کاتێکی بۆ ئینتەرڤیوکە دانا. کاتێک لە وادەی دیاریکراو گەیشت زۆر بە دۆستانە و متمانەوە لە پێشوازیدا بوون، کەسیش داوای ناسنامەی ڕۆژنامەی لێ نەکرد.

ئاخر، دوای هەڵەکانی بە هاوکاری ئەبراهام پێداچوونەوەیەکی گشتی بە چیرۆکەکەی کرد و بۆ چاوپێکەوتنکەشی لەگەڵ ئیدلسۆن خۆی زیاتر تەیار کرد و زانیاری زیاتری لەبارەی ئەو ڕۆژنامەیە کۆکردەوە کە گوایە بۆ دیدارەکە ناردوویەتی، هەروەها شتگەلێکی لەبارەی نەداری خوێندەوە کە کاریگەری بەسەر گەورە و بچووکاندا هەیە، زۆریشی لەبارەی پرۆژەکانی ئافرەتانی پێشەنگ لە ناوچەکەدا خوێندەوە. بایۆگرافی ئیدلسۆنیشی وەک ئەندامی پێشووی کنێست و ڕێکخەری سەرکەوتنی زۆرێک لە پرۆژەکان ئەزبەر کرد. ئیدلسۆن وەڵامی گشت پرسیارەکانی سیلڤیای دایەوە و لەبارەی زانیارییەکانی لەسەر پرۆژەکانەوە سوپاسی کرد.

دوای چاوپێکەوتنەکە سیلڤیا بۆ لای ئەبراهام گەڕایەوە ئەپارتمانتەکە.

ئەبراهام: چاوپێکەوتنەکە چۆن بەڕێوەچوو؟

سیلڤیا وەڵامی دایەوە: نایاب بوو، هەستی کرد کە تێستێکی دیکەی ڕەنگاوڕەنگی بە سەرکەوتوویی تێپەڕاند.

شەوی ١ی کانوونی دووەمی ١٩٦٥، شەوێکی سارد و باران بوو، شەوێکی پڕ بە پێستی چالاکی نهێنی بوو، لە وەها شەودا پاسەوانان لە چاو شەوی ئاسایی کەمتر بایەخ بە وریایی دەدەن، بەڵام تیرۆریستان بۆ پەلامارەکانیان ئەم شەوانە بە دەرفەت دەزانن بۆئەوەی لە سەرانسەری جیهاندا دەنگ بداتەوە.

لە ژێر تەڕوتووشی و تاریکیدا، سێ ئەندامی فەتح لە دۆڵی بێسانە لە سنووری ئوردن دزەیان کردبوو، جلوبەرگە ڕەشەکانیان تەڕ و قوڕاوی ببوو، سەرماش بەستبوویانی. بۆمبێکی چێنراوی گەورەی لوولدراویان لە بەرگێکی دژە ئاو هەڵگرتبوو، سێ کەسەکە خۆیان خزاندە ناوچەیەکی ئیسرائیلی و لە نوقتەیەکدا خۆیان مەڵاسدا و نوقەیان لە خۆ بڕی، کاتێک دەورییەکی هێزی بەرگری ئیسرائیل بە نێزیکیانەوە تێپەڕی، بە پەلە هەستانەوە و بەرەو وێستگەی ئاوی نیشتیمانی قوچاندیان کە لە گۆشەی باکوری ڕۆژئاوای دەریاچەی کنێرێت (تەبەریە)بوو. لەو کردەوەدا مەبەست لێدان بوو لەو وێستگەیە کە ساڵێک پێشتر بە تێچووی سەدان ملیۆن دۆڵار کرابۆوە و ئاوی لە دەریای جەلیل و ڕوباری بانیاس لە سوریا و حەتزبانی لە لوبنانەوە بۆ ناوچە بێ ئاو و تێنووەکانی باشوری ئیسرائیل دابین دەکرد.

پلانەکە لە لایەن یاسر عەرەفاتەوە بڕیاری لێدرابوو، ئامانجیش تەقینەوەی پەمپی وێستگەکە بوو کە یەکەم کاری تەقینەوەی فەتح بوو، عەرەفات لە ئوردنەوە بە شڵەژاوی لە هەواڵی بیستنی ئەنجامەکە بوو بە هیوای ئەوەی ڕێکخراوەکەی لە وڵاتانی عەرەبیدا شکۆ بە دەست بهێنێت و ئەجێندای گشتی ڕێکخراوی فەتحیش لە سەرانسەری جیهاندا بڵاوبێتەوە، هەروەها لە بە

دەستهێنانی پشتیوانی بۆ هەوڵە بەردەوامەکانی ڕزگارکردنی فەڵەستین لە جووە داگیرکارەکاندا یارمەتیدەر بێت.

هەر سێ تیرۆڕیستەکە کاتێک بە ناو قوڕی کێڵگەکاندا بەرەو سیستمی هەستیاری ئاوەکە خشین، جلوبەرگیان هەمووی تەڕ ببوو، بۆئەوەی بەسەر پەرژینەکە باز بدەن و تەقینەوەکە لە هۆڵێ سەرەکی پەمپی وێستگەکە بچێنن و بە شێوەیەک قورمیشی بکەن کە دوای سێ کاتژمێر بتەقێتەوە تا دەرفەتی گەڕانەوەیان بۆ خاڵی پەڕینەوە لە ڕووبارەکە هەبێت کە لێوەی هاتبوون.

بێ وەستان دەستیان بە ئۆپەراسیۆنەکە کرد، بەڵام سێ تیرۆریستەکە نەیانتوانی بگەنە پەمپی وێستگەکە، چونکە کەتیبەیەکی دەورییەی سنووری ئیسرائیل شوێن پێی قوڕاوی ئەوانی بینی، بۆیە هەر زوو جەنگاوەران گەمارۆیاندان و داوای خۆ بەدەستەوەدانیان لێ کردن. هەرچەندە هەوڵی ڕاکردنیاندا، بەڵام تەقەیان لێکردن، دەستبەجێ دووانیان لێ کوژران، بەڵام سێیەمیان توانی ڕابکات.

یەکێک لەوانەی کوژرا، عەبدی تەمەن ٢٣ ساڵەی خزمی نزیکی عەلی سەلامە بوو. یاسر عەرەفات بۆ پرسە و سەرەخۆشی و نیشاندانی ڕێزی خۆی و پیاهەڵدان بە ئازایەتی کوڕەکەیان، لە عەمان سەردانی ماڵەکەیانی کرد. لەوێ عەلی بینی کە لەگەڵ دایک و خوشکی لە ماڵەکە بوو. عەرەفات بە خۆنازییەوە گووتی: هەرچەندە ئۆپەراسیۆنەکە لە ئامانجەکەیدا شکستیهێنا، لێ سەرنجی هەموو جیهانی ڕاکێشا کە ڕێکخراوێک هەیە و ناوی فەتحە و لە تەنگەهەڵچنین بە ژیانی جوولەکە بەردەوام دەبێت تا لە کۆتاییدا ناچاریان دەکات خاکەکە بۆ فەڵەستینییەکان چۆڵ بکەن، سلۆگانی فەتح ئەوە بوو: "ئەوەی بە هێز زەوتکراوە، هەر بە هێز وەردەگیردرێتەوە."

عەرەفات، بە تووندی عەلی لە ئامێز گرت و گووتی: "ئەمڕۆ لە هەر کات زیاتر

پێویستمان بە تۆیە، وەرە ڕیزەکانمانەوە."

بۆ عەلی زەحمەت بوو، لەم کاتەدا داواکەی ڕەت بکاتەوە، چونکە عەبد هەر تەنیا خزمی نزیکی نەبوو، بەڵکوو دۆستێکی زۆر نزیکی بوو، لەو کاتەی بە یەکەوە لە زانکۆی بیرزێت نزیک ڕامەڵا دەیانخوێند. خێزانی پرسەدار لە عەلی پارانەوە و گووتیان: عەبد دەیەوێت لە شوێن پێ هەڵگرتنیدا بەردەوام بیت.

لە ڕاستیدا، عەلی هیچ پلانێکی بۆ ئایندە نەبوو، هیچ هیوایەتێکی دیاریکراوی نەبوو هەوڵی بۆ بدات، تەنیا دەیویست لێی گەڕێن ئەوە بکات کە خۆی حەزی لێیەتی: ئەویش چەشە لە ژیان وەرگرتنبوو. بەڵام گووشاری ڕاستەوخۆی خێزانەکەی، عەرەفات و مەیلی خێزانەکەی بۆ بەردەوامیدان بە میراتی باوکی لەسەری لە هەڵکشاندابوو، دەرفەتی هەڵبژاردنی زیاتریان بۆی نەهێشتبۆوە. هیوادار بوو گوشارەکانی سەری بۆ چوونە ڕیزەکانی فەتح لە تاقیکردنەوەی شادییەکان کە ژیان پێشکەشی دەکات، ڕێگر نەبێت. بۆ ماوەیەکی زۆر بیری کردەوە و بەو باوەڕە گەیشت کە ئەو قوربانیدانە کەسییەی ئەوان لێی دەخوازن، هێندە سەخت و مەزن نییە.

دایکی خۆی لە عەلی نزیک کردەوە و بە جۆشەوە گووتی: ساتی بڕیاردانە، لە بیرت نەچێت تۆ کوڕی حەسەن سەلامەی، هەزاران کەس لە چاوەڕوانی ئەوەدان تۆ ئەرکەکەی تەواو بکەیت، نائومێدیان مەکە.

عەلی هەستایەوە سەر پێیان و بە عەرەفاتی گووت: من دێمە ڕیزەکانتانەوە.

عەرەفات سەیری کرد و لە خۆشیان ڕوخساری گەشاوە و بە گەرمی عەلی لە باوەش گرت و گووتی: دەمێک بوو چاوەڕێی بیستنی ئەو بڕیارە بووم.

هەفتەی جارێک سەرجەم مامۆستایانی قوتابخانەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت

لەبارەی بەڕێوەچـوونی پرۆسـەی مەشـق و پێشـکەوتنی مەشـقکارەکان بەیەکەوە گفتوگۆیـان دەکـرد. نووسـینگەی قوتابخـانەکە لە نهـۆمی سـێیەمی ئەپارتمـانتێکی ئاسایی باڵەخانەیەکی کۆنی سەرەڕێی چوارڕیانی شەقامەکانی ئەلێنبای و مـازاحی ناو بازاڕی تەلئەڤیڤدا بوو. ئەپارتمانتە سـێ ژووریـیەکە بنمیچێکـی بەرزی هەبـوو، پەنجەرەکـانی کە بەرامـبەر شـەقامەکە بـوو بە مـوحەجەرەی دار داخرابـوون، بـۆ ئەوەی سـەخت و مەحـاڵ بێـت بـۆ هەر کەسـێکی نزیـک باڵەخـانەکە بزانێـت لە ناوەوە چ دەگوزەرێت.

دوو لە ژووورەکانی لە لایەن یەکەی ١٨٨ەوە بە کرێ گیرابوون، هەنـدێک کـۆنە ڕایەخ و دۆڵابـی کـانزایی تێـدا بـوو، دوو تـابلۆی سروشـتی رێـوقێن رۆبـن بە دیوارەکـانی هەڵواسرابـوون، دیکـۆرە ئیسـپارتییەکە لە کەشـی گشـتییەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت دەوەشایەوە، ئاخر هەر ئەوە لە فەرماندە باڵاکانی چـاوەڕێی دەکرا بە ئۆفیسێکی سادە، بودجەیەکی بچووک و مووچەیەکی هاکەزایی کارەکـان ڕایی بکەن.

دوو ژووورەکە لە لایەن ورتزمانس بە کرێ درابوو کە ژن و مێردێکی خانەنشـین بوون و کوڕەکەیان پۆستێکی باڵای لە هێزەکانی ئاسایشدا هەبوو. ئەو ژن و مێردە لە ژووری سێیەمی ئەپارتمانتەکە دەژیان و هەمیشە بە پێکەنین و پێدانی کوپێـک چا سڵاویان لە کارمەندانی ئۆفیسەکە دەکرد، زۆربەی کاتەکانیان لە ماڵەوە بەسەر دەبرد، خۆیان وا پشاندەدا هیچ بیرۆکەیەکیان نییە لەبـارەی ئەوەی چ لەو ژوورانە دەگوزەرێـت کە بە کرێیـان دابـوو، تـاکە قسـەیەک کە هاوسـەرەکە بە ئاشـکرا بە کرێچییەکانی دەگووت، دوو دڵ مەبن ئەمن چاودێری نووسینگەکەتان دەکەم.

لە دیـدارە هەفتانەکەیانـدا ڕێنوێنیکـارانی قوتابخـانە گفتوگۆیـان لەبـارەی داهێنـانی هـونەری جەنگـی کـرد کە چـۆن لەگەڵ پێویسـتە تایبەتییەکانیانـدا

بیگونجێنن، هەروەها لەبارەی نـۆژەنکردنەوەی پرۆگرامـی ڕاهێنـان و خوێنـدن و باشـترین شـێوەی سەرپەرشـتیکردنی ڕاهێنـانی پاڵێوراوەکـان و هەڵسـەنگاندنی جێبەجێکردنەکەیان لەبـارەی هەمـوو شـتێکی پەیوەسـت بە مـتمانە بە خـۆکردن، پێداگیری و جۆشیانەوە کرد، لە دیدارەکەیاندا بەرزترین نمرەیان بە سیلڤیادا.

جەنگاوەرە نهێنییە بێوێنەکانی یەکەی ١٨٨ لەو کەسانەن: بـوێر و پێگەیشـتوو، سەرکێش و خۆ کـۆنترۆڵکەر، جەسـور و ڕەخـنە لە خـۆگر، سـەربەخۆ و گـوێڕایەڵ، ئەندێشەکار و پراکتیـک، سـادە و فێڵبـاز، یەک بڕیـار و شـەڕانی، سـەرکردایەتی و قبـوڵکردنی سـەرکردایەتی ئەوانـی دی. قوتابخـانەی ئۆپەراسـیۆنی تـایبەت لە دڵنیابوونەوەی ئەم خەسڵەتانەی قوتابییەکانی بەرپرسە.

ڕاهێنانی سیلڤیا هەنگاو بە هەنگاو بەردەوام بـوو، بەڵام بەرە بەرە سـەخت و ئاڵۆزتر دەبوو. بە تێپەڕبـوونی کـات لێـی چـاوەڕوان دەکرێـت ئەرکـی سـەخت و قـورس جێبەجـێ بکـات، تـا دواجـار بەو سـاتە دەگـات خـۆیی و ڕاهێنەرەکـانی کاردانەوەکـانی ببیـنن، کاتێـک لە سەرانسـەری وڵاتـانی عەرەبیـدا ئۆپەراسـیۆنی ڕاستەقینە جێبەجێ دەکات. بۆیە دەبوو تاقیکردنەوەی دڵنیایی بکـات کە ئـاخۆ لە کاتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی ڕاستەقینە لە ناوچەی دوژمن چۆن ڕەفتار دەکـات. ئەو دەروونناسەی دیداری لەگەڵ سیلڤیا کرد پێیوابوو سیلڤیا ئازا و بوێرە، بەڵام نە دەروونناسەکە نە ڕێنوێنیکارەکەی سـیلڤیا هـیچ بیرۆکەیەکیـان نەبـوو کە لە سـاتە ڕاستەقینەکاندا کاردانەوەی سیلڤیا چۆن و چی دەبێت، بۆیە تێسـتێکی پراکتیکیـان بۆی ئامادە کرد.

بۆ ئامادەسازی تێسـتەکە، داوا لە بەشـی دروسـتکردنی نەخشـەکان کـرا کـۆپی نەخشەیەکی ساختە چاپ بکات، تێبینـی گرنـگ ئەوە بـوو کە سـنووری ڕۆژئـاوای ئـوردن بە خـاکی ئیسـڕائیل بچوێنێـت و هەمـوو ئاواییەکـانی ئیسـڕائیل لەسـەر

نەخشەکەدا بسڕێتەوە، گوندێکی گەورەی عەرەب کە لە ڕاستیدا لە ناو سنووری ئیسرائیلدایە، پێویستە لەسەر نەخشەکە بیخاتە ناو سنووری ئوردن.

نەخشەکە لە پێش سیلڤیا دانرا و پێی گوترا "ئەرکی تۆ ئەوەیە بچیتە ئەو گوندە، پێویستە زانیاری تەواو لەبارەی هەڵکەوتەی شوێنی سەنتەری بیری ئاو، ڕێگەکانی گەیشتن و باڵاخانەکانی دەوروبەری کۆبکەیتەوە." سیلڤیا بە دیقەت نەخشەکەی خوێندنەوە و گووتی: ئەوە لە ئوردنە؟

بەڵێ وایە.

سیلڤیا گووتی: ئەوە ئاسان نییە.

ئایا پێت باش نییە بیکەیت؟

سیلڤیا بە پێداگیرییەوە گووتی: بە دڵنیاییەوە نەخێر. من تاقەتی چاوەڕوانیم نییە... دواجار ئێوە ئەرکێکی خەتەرتان پێ داوم.

سیلڤیا بۆ چەند کاتژمێرێک هەر خەریکی خوێندنەوەی تەواوی وردەکاری نەخشەکە بوو، لە مێشکی خۆی وێنەی ڕێگای چوونە ناو گوندەکەی گرت و لە بیرەوەری خۆیدا جێگیری کرد.

سیلڤیا چەند جارێک بەسەر چیرۆکە شاراوەکەیدا چوویەوە: وەک گەشتیارێکی باشوری ئەفریقا سەردانی ئەنتیپاتریس، قەڵای دێرینی هیرۆدی کردووە. هەرچەندە لە سنوور دوور نەبوو، بەڵام ڕێگەکەی ونکردووە. ڕۆژێک پێش وادەی ئەرکەکەی، ئەبراهام ئەوی بردە پاشماوەی قەڵاکە بۆئەوەی لەگەڵ ناوچەکە ڕابێت و بە متمانەوە دەست بە چیرۆکە شاراوەکەیدا بگرێت.

ئەبراهام پرسی: چ دەکەی ئەگەر داوای پاسپۆرتەکەتیان کرد؟

سیلڤیا: پێیان دەڵێم لە هوتێل جێم هێشتووە.

سیلڤیا دەیزانی ئەگەر لە لایەن ئوردنیەکانەوە دەستگیر بکرێت، ئەوان گوێ بە چیرۆکە شاراوەکەیدا نادەن و بە سیخوڕ تۆمەتباری دەکەن، دەیکوژن و لاشەکەی لە ناو کێڵگەیەکدا دەشارنەوە، کەسیش هێندە دانا نابێت، بزانن چی بەسەردا هاتووە. بەڵام کاردانەوەی ئەوان لەسەر پیشاندانی بڕی متمانە بەخۆکردن و تواناکانیەوە وەستاوە کە بڕوایان پێ بهێنێت سیخوڕی ئیسرائیل نییە.

چەند ڕۆژێک دواتر لە شەوێکی تەمومژی پایزدا ئۆتۆمبیلێکی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت سیلڤیای هەڵگرت و لەسەر پاشماوەی گۆڕی موسڵمانێک جێیهێشت و داوای لێکرا لەسەر نەخشە شوێنەکەی دیاری بکات.

هاوڕێکەی پێی گووت: ئەوەتە سنوور لە پێشتە، خوات لەگەڵ. سیلڤیا دەبوو خۆی بچێتە دامێنی گوندەکە و لە نێزیک بیرەکە بوەستێت و بە وەسفی تەواوی شوێنەکە بگەڕێتەوە، هیچ چەکێکی پێ نەدرا، ڕێنیشاندەرەکەی پێی گووت: نابێت پەیوەندی بە هیچ کەسێکەوە بکەیت، بۆ خۆ دوورگرتنیشت لە ئەنجامدانی شتەکاندا پشت بە توانای خۆت ببەستە.

مانگ خۆی لە پەنای هەورێکی قوڕس حەشاردابوو، کاتێک سیلڤیا بەرەو گوندەکە هەنگاوی نا، نقومی تاریکی بوو، بایەکی سارد لە تاڵە موەکانی قژی دەدا و ترسیش باڵی خۆی بەسەریدا کێشابوو. سیلڤیا لەوە تەواو دڵنیا بوو کە لەناو سنووری ئوردندایە. بۆیە ئەگەری کەوتنە دەست سەربازانی ئوردنی یا گوندییە توڕەکانی هەیە.

کاتێک لە گوندەکە نێزیک کەوتەوە، بۆنێکی ناخۆش لە ماڵەکانەوە دەهات، چونکە خەڵکی گوندەکە بە تەپاڵەی وشک خۆیان گەرم دەکردەوە، گوێی لە حەپەی سەگەکان بوو، کات نیوەی شەو بوو، بینینی یەکەم خانووی وەک پەیکەرێکی ترسناکی هاتە بەرچاو، بۆ خۆپاسکردن لە دوو سەگەکەی لێی نێزیک

دەکەوتنەوە و ددانیان لێی چڕ دەکردەوە لە دارەکانەوە لقە داڕێکی شکاند.

سیلڤیا بیرەکەی دۆزییەوە، شوێنە دروستەکەشی لە یادەوەری خۆی تۆمار کرد. لە یەکێک لە ماڵەکان کەسێک هاتەدەر و هەر زوو لەوناوە ونبوو، ئۆتۆمبیلێک گەیشت و لە بەردەم خانوویەکی بەردی یەک نهۆمیدا وەستا، سیلڤیاش خۆی لە پشت یەکێک لە خانووەکان حەشاردا، کە دۆخەکە هێمن بوویەوە بەرەو ئەو ئاڕاستەیە گەڕایەوە کە لێوەی هاتبوو، زۆر بە خێرایی بەدرێژایی ڕێگە خۆڵەکە ڕای کرد، چونکە هێشتا مەترسی هەبوو کە لەوانەیە یەکێک شوێنی کەوتبێت.

ڕێگەی گەڕانەوەکەی ئاسانتر بوو، چونکە ئێستا بە ڕێگەکە ئاشناترە، دوای تێپەڕبوونی کاتژمێرێک تارمایی مۆنۆمێنتەکەی بینی، هەناسەیەکی ئاسودەیی هەڵمژی، کاتێک بینی ئۆتۆمبیلەکە لە چاوەڕوانیدا وەستاوە.

پیاوەکە لێی پرسی: هەموو ئەوانەت هێنا کە داوامان لێ کردبووی. بێئەوەی بۆ سیلڤیا ئاشکرا بکات کە لە ڕاستیدا بە درێژایی کات هەر لە بەری سنووری ئیسرائیلدا بوو.

سیلڤیا گووتی: بەڵێ، پەیمانیشی دایێ کە لە چەند کاتژمێردا ڕاپۆرتێکی تەواوی بداتێ بە هەموو ئەو زانیارییانەی کۆی کردۆتەوە.

ئەو پیاوەی هەرگیز موجامەلەی نەدەکرد، گووتی: نایابە.

هەروەها گووتی یەک پرسیاری دیکەم هەیە: ئایا ترسای؟

سیلڤیا؛ نەخێر.

کاتێک عەلی حەسەن سەلامە لە ڕۆژێکی تەڕ و باراناوی ئۆکتۆبەری ١٩٦٥ ئۆتۆمبیلە وەرزشییەکەی لەبەردەم بارەگای ڕێکخراوی فەتح لە عەمان ڕاگرت، بەو چالاکییە گەرموگوڕانە سەرسام بوو کە لەناو باڵەخانەکەدا بەڕێوەدەچوون. پیاوە

چەکدارەکان سەر و خواری پێبلیکەکانیان گرتبوو، ئەوانەی دەچوونە ژوور و دەهاتنە دەرەوە، لە نێو خۆیاندا بە خۆشییەوە گفتوگۆیان دەکرد، هاوارێکی گەورە لە ئۆفیسی عەرەفاتەوە بەرزبوویەوە، هەموو ئەوانەی هاتنە دەرەوە شڵەژاو و پەست دیاربوون. عەلی هەوڵیدا بزانێت چ قەوماوە، پیاوێک کە باریک کلاشینکۆفی هەڵگرتبوو، گووتی: کارەساتە، کارەساتێکی گەورەیە.

عەلی بە ئارامگرییەوە لە دەرەوەی دەرگەی نووسینگەی عەرەفات لە چاوەڕوانیدا بوو، یەکەم ڕۆژی بوو لەناو ریزی فەتحدا و پێیوابوو لەگەڵ عەرەفات باس لە ئایندەی خۆی لە ڕێکخراوەکەدا دەکەن، دوای چەند کاتژمێرێکی دی سەرکردەی فەتح دەرفەتی ئەوەی بوو قسەی لەگەڵدا بکات.

دواجار عەلی کە چووە ژوورەوە بینی سەرکردەی فەتح لە باریکی پەست و پەژارەدایە و دەستی دەلەرزێ و چاوەکانی دەرپەڕیوون.

بە عەلی گووت: بمبووره، ئەمڕۆ ڕۆژێکی زۆر ناخۆشی منە. عەلی سەلامە بە بایەخەوە سەیری کرد و پرسی، چی وای لە عەرەفات کردووە ئەوها پەست و پەژارە بێت؟

عەرەفات بە عەلی گووت، لەو ڕۆژەی فەتحم دامەزراندووە، هەرگیز هیچ شتێکی وەکو ئەوەی ئەمڕۆ ڕووی نەداوە.

بە خەفەتبارییەوە بە عەلی گووت، دوای شکستی هەوڵی وێرانکردنی وێستگەی ئاوی ئیسڕائیل، فەتح چەندین جاری دی لەسەر سنوور پەلاماری هاووڵاتیانی ئیسڕائیلیداوە، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی نە لەسەر ئیسڕائیل نە لەسەر عەرەب دروست نەکردووە، بۆیە بەوە گەیشتین دەبێت ئۆپەراسیۆنەکی گەورە ئەنجام بدەین بۆئەوەی سەدایەک دروست بکات. بڕیارماندا بۆسەیەک لەسەر ڕێگەی تیبێراس- بێیسان بۆ پاسێک بنێینەوە و بیدەینە بەر دەستڕیژی گوللە، دواتر

یەکڕاست بگەڕێینەوە ئوردن. ئێمە لە سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنەکە دڵنیا بووین، بەڵام دیارە هەڵەبووین، ڕێک لەو شوێنەی بڕیاربوو بۆسەکە دابنێینەوە، سەربازانی ئیسڕائیل پێشتر خۆیان بۆ گەیشتنی خەڵکەکەی ئێمە لە مەڵاسدابوو، دەستبەجێ هەموو ئەندامانی تیمەکەمان کۆژران. پێمانوابوو ئەمە ڕێکەوتە و هەوڵماندا فەرامۆشی بکەین. چەند مانگێک دواتر لە ئەوپەڕی نهێنیدا پلانی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی گەورەترماندا، باشترین پیاوەکانمان کۆکردەوە و فەرمانمان پێکردن دزە بکەنە ناو کیبوتز ئەشدۆت یاکوف و هەتا پێیان دەکرێ زۆرترین خەڵک بکوژن. کاتێک ئامادەکارییەکان تەواوبوون، ئێمەش دوعای سەرکەوتنمان بۆ کردن، ئەمجارە دڵنیا بووم کە هیچ شتێک ناتوانێت ئۆپەراسیۆنەکەمان بوەستێنێت. بەڵام کاتێک کەتیبەکەمان بە دنیایەک چەک، تەقەمەنی و بۆمبەوە لە ئوردن پەڕییەوە، بۆسەیەکی ئیسڕائیلی لە چاوەڕوانیاندا بوون، لەگەڵ یەکەم دەستڕێژدا زۆربەی پیاوەکانمان کوژران، ئەوانەشی بە زیندوویی مانەوە دەستگیرکران و بۆ لێپرسینەوەیان بردن. لە ڕاستیدا دووەم شکست وایکرد بەو باوەڕە بگەم کە بۆسەکانی ئیسڕائیل ڕێکەوت نین.

عەلی بیرکردنەوەی سەرکردەکەی تەواو کرد و گووتی: ئایا مەبەستتە بڵێی ناپاکێک لە نێوماندا هەیە و هەموو وردەکاری ئۆپەراسیۆنەکان دەداتە ئیسڕائیلیەکان؟

عەرەفات زاری تێکئاڵا و گوتی: من دڵنیا نیم، بەڵام تەنیا ئەندامانی ئۆپەراسیۆنەکە ئاگایان لە پلانی ئۆپەراسیۆنەکە هەبوو. زۆر باش تاک بە تاکیان دەناسم و جێی متمانەن، هیچ بیانوویێک نابینم یەکێکیان کار بۆ ئیسڕائیل بکات.

عەلی پێشنیازی کرد و گووتی: ئەگەر لە دروستی هەستەکەت دڵنیای، باشترە کاتی خۆت بە دۆزینەوەی بە فیڕۆ نەدەیت.

خزمەتکارەکانی عەرەفات دوو کوپ قاوەی تاڵیان هێنایەوە ژووڕێ، هەردوو

پیاوەکە بە یەک فڕ هەڵیان قوڕاند و دواتر پەردا‌خێک ئاوی ساردیان بەسەردا کرد.

عەرەفات گووتی: تۆ خۆراکی بیرکردنەوەت پێدام، تۆ سەلاح خەلەف ئەبو ئەیاد دەناسی؟

عەلی وەڵامی دایەوە و گووتی: گوێبیستی ناوی بوومە. ئەبو ئەیاد هاوڕێیەکی کۆنی عەرەفاتە و خەڵکی لیدایە، ئەبو ئەیاد یەکێکە لە ئەندامانی دامەزرێنەری فەتح و سەرۆکی لقی هەواڵگری ڕێکخراوەکەیە.

عەرەفات بە دوایدا نارد، پیاوێکی کەتەی سمێڵ ڕەشی چاو زەق هاتە ژوورەوە، عەرەفات بە عەلی ناساند.

ئەبو ئەیاد گووتی: ناوی باوکت لە پێش ئێوەیە، ئەو بە زگماک سەرکردەبوو، هیوادارم شوێن پێی ئەو هەڵبگرن.

کاتێکی زۆریان بە گفتوگۆی ڕێزدارانە بە فیڕۆ نەدا، عەرەفات داوای لە ئەبو ئەیاد کرد دامەزرانەدنی بەشی ئاسایشی تایبەت بە شوێن پێ هەڵگرتنی بەکرێگیراوانی ئیسرائیل دەست پێبکات و گووتی: ئەمڕۆ ئەوە کێشەی هەرە بەرچاومانە. کاتێک عەرەفات پێشنیازی کرد عەلی بە سەرۆکی ئەم بەشە دابمەزرێت، ئەبوو ئەیاد لە دڵەوە ڕەزامەندی خۆی نیشاندا.

بەرپرسیارێتی ئەم بەشە ئەرکێکی ڕۆتینی نەبوو، پێویستی بە هەستێکی فراوان، خێرایی لە بیرکردنەوە و چاو تیژی هەبوو. هەرچەندە عەلی کەسێکی بە ئەزموون، زۆرزان، بەرزخواز و مەکرۆ بوو، بۆیە ئەو پۆستە لەوی دەوەشایەوە. بە عەرەفات و ئەبو ئەیادی گووت: سوپاستان دەکەم، من بە هەموو توانا‌وە هەوڵ دەدەم و ئیشاڵا خوا سەرکەوتووم دەکات.

تایبەت بە ژیانی شەوانە، بە هەموو پێوەرێک بەیروتی پایتەختی زیندووی

لوبنان کە لێوانلێوە لە یانە، ڕێستۆرانت و ئافرەت، زۆر لە عەمانی تێپەڕاندووە، چونکە پایتەختی ئوردن شارێکی خەوتووە، بە گشتی خەڵکەکەی زوو دەخەون و شەوانە دوکانەکانی دادەخرێن و گلۆپی شەقام و ماڵەکانی عەمان دادەگیرسێن بەر لەوەی ئاهەنگ لە بەیروووت دەست پێبکات.

پۆستە نوێیەکەی پێویستی دەکرد، عەلی سەلامە بە خێزانەوە ماڵی بۆ عەمان بگوێزێتەوە و دەستبەردای خۆشییەکانی بەیروووت بێت، حەزی بە پایتەختی ئوردن نەبوو: تاکە ڕێستۆرانتێکی بە دڵی تێدا نییەکە حەزەکانی تێر بکات، گەراجەکانی عەمان هیچیان لەبارەی خزمەتکردنی مەستەنگەکەی نەدەزانی، هیچ یانەیەکی شەوانەی لێ نییە و کچانی ئوردن زۆر کۆنزێرڤاتیڤن. کاتێک هاوژینەکەی پێی گووت ژیانی ئوردنی پێ باشترە، بە تورەیی ئاوڕی لێیدایەوە و تێگەیشت هاوژینەکەی وا بیر دەکاتەوە کە ئەم ژیانەی کەمتر دەرفەتی پێ دەدات دڵسۆزی ئەو نەبێت.

لە هەمان کاتدا، وێڕای ئەو هەموو کەموکوڕیانە، عەمان یەک قازانجی بەرچاوی هەبوو: پیشەیەکی گرنگ و ئەگەری پێگەیاندنێکی خێرای بۆ عەلی دەستەبەر کرد. پۆستە نوێیەکەی وەک کەسێکی بەرپرس شوێن پێی ئەو بەکرێگیراوانەیە دەکەوێت کە لە ڕیزەکانی ڕێکخراوی فەتح کار بۆ ئیسرائیل دەکەن. لە ڕاستیدا خۆشی حەزی بەو کارە بوو، بەڵام لە ژیانیدا یەکەمجارە ڕووبەڕووی ئالینگارییەکی ڕاستەقینە دەبێتەوە، خەڵک پێشبینی سەرکەوتنیان لێ دەکرد، هەر یەک لە عەرەفات و ئەبو ئەیادیش پشتیان پێی قایم بوو، بۆ ئەویش ئەم پۆستە ئەزموونێکی ناوازەبوو.

لە ڕاستیدا دەبوو زۆر وریا بێت و پارێزگاری تەواو لە ئاسایش بکات، چونکە بە هۆکاری پاراستنی ئاسایشەوە بەردەوام بارەگای هەواڵگری فەتح لە شوێنێکەوە

دەگوازرایەوە شوێنێکی دی. کاتێک یەکەمجار عەلی گەیشتە بارەگا، بارەگاکە لە باڵەخانەیەکی پاسەوانکراوی کەمپێکی ئاوەڕەکانی نێزیک عەمان بوو. کەمتر لە دە کەس کاریان تێیدا دەکرد و کاری سەرەکییان کۆکردنەوەی زانیاری بوو لەسەر ئامانجەکانی ئیسرائیل، تا عەلی نەگەیشت هیچ یەکێکیان هەرگیز کاریان لەسەر ئاشکراکردنی بەکرێگیراوە نهێنییەکانی ئیسرائیل نەکردبوو. عەلی ئۆفیسێکی تایبەتی دامەزراند و دەست بەکاربوو. لەوەش تێدەگەیشت بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکەی پێی ڕاسپێردراوە ئاڵۆز و سەخت، بەڵام لە سەرکەوتن دڵنیابوو. سەرەتا متمانەی بە کەس نەبوو، بۆیە بە تەنێ کارکردنی بە لاوە باشتر بوو. چەند ڕۆژێک هەر خەریکی ئامادەکردنی لیستێکی وردی هەموو ئەو خەڵکانەبوو کە بەشداری دیدارەکانی پەیوەست بە ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکان بوون. کاری دووەمی دەورکردنەوەی ڕێوشوێنەکانی ناردنی پلانی ئۆپەراسیۆن بوو کە چۆن لە بارەگای فەتحەوە بە پیاوانی مەیدان دەدرێت. یەکەم پێشنیاری بۆ عەرەفات و ئەبوئەیادی سەرۆکی هەواڵگری ئەوە بوو، پێویستە هەر زانیارییەک لەبارەی شوێنی پەلامارەکە تا دواسات لەوانەی پلانەکە جێبەجێ دەکەن بە پارێزراوی بمێنێتەوە. دەستبەجێ پێشنیازەکەی پەسندکرا، بەڵام ناکارایی پێشنیازەکەی زوو دەرکەوت، چونکە هێزی بەرگری ئیسرائیل لە پوچەڵکردنەوەی زۆربەی پەلامارەکانی فەتح و تەفروتوناکردنی تیمەکان بەر لە جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنەکانیان بەردەوامبوو. ترس باڵی بەسەر بنکەکانی ڕاهێنانی فەتحدا کێشا بوو، بە گشتی هەر کێیەک بە ئەرک بنێردرێتە دەرەوە، لەوانەیە بە زیندوویی نەگەڕێتەوە.

خوڵق و میزاجی عەرەفات بە پەرەسەندنە وێرانکارییەکانی ئیسرائیل بۆ تێکدانی ئۆپەراسیۆنەکانی فەتح تەواو خراپ ببوو، هەردووکیان عەرەفات و ئەبو ئەیاد ترس دایگرتبوون نەبادا شکستە یەک لە دوای یەکەکان زیان لە پێگەی ڕێکخراوەکەیان بدات، بۆیە تەکانیان لە عەلیدا درێژە بە لێکۆڵینەوەکانی بدات و

بەردەوام بێت. لە کۆبوونەوەیەکی ناکاودا کە تەنیا ئەو سێیەیان ئامادە بوون، عەلی سەلامە بە کراوەیی و سادەییەوە پێی گووتن: پێدەچێت بە کرێگیراوێک لەناو لقی ئۆپەراسیۆندا چێنرابێت.

عەرەفات زەرد هەڵگەڕا و گووتی: ئەوە نابێت، هەموو ئەندامانی ستافی ئۆپەراسیۆن جێی متمانەن، کەسیان بوێری ئەوەی نییە ناپاکیمان لەگەڵدا بکات.

عەلی وەڵامی دایەوە و گووتی: هیوادارم ئێوە ڕاست بن، پاشان داوای ڕوخسەتی لێکۆڵینەوەی لە ئەندامانی ستافەکەی لێکردن. عەرەفات بە نادڵی بە مەرجێک پەسندی کرد و جەختی کردەوە و گووتی: دڵنیابە پێ نەزانن کە ئێمە بە دوای ڕزگاربوون لەوان ئەو کارە دەکەین.

دەستگیرکردن و لێپرسینەوە

جۆرجینا رزق، کچێکی شۆخ و شەنگی دەموچاو خڕی قژ خورماوی بوو، باوکی کریستیانێکی ئەسمەری ڕێکپۆشی لوبنان بوو، دایکی ئافرەتێکی سپیلکەی قژکاڵی بە ڕەگەز هەنگاری بوو. ئەو خانووەی تێیدا دەژیان، خانوویێکی سێ نهۆمی گرانبەهای ڕاخراو بوو کە لە لایەن سوپایەک خزمەتکار بەڕێوە دەبرا، کەوتبووە گەڕەکی ئەشرەفییەی بەیروت کە کریستیانە خواپێداوەکان لەوێ دەژیان. خانووەکە زۆر لە کەنارە زێڕینەکەی کەنار ئاوەکانی دەریای ناوەڕاست دوور نەبوو.

جۆرجینا و فلیسیای خوشکی لە قوتابخانەیەکی تایبەت دەیانخوێند کە یەکێک بوو لە قوتابخانە هەرە باش و گرانبەهاکانی لوبنان، ڕۆژانە بە ئۆتۆمبیلێکی لیمۆزین دەبردرانە قوتابخانە و دەهێنرانەوە. جلوبەرگەکانیان لە پاریسەوە هاوردە کرابوو، کاتێک پێویستیان بە قژبڕین با، لە ماڵەوە لە سەر دەستی پرۆفیشنالترین کوافێر بۆیان دەکرا و تایبەت بۆ قژبڕینی ئەوان دەهاتە ماڵەوە.

جۆرجینا وەک شازادە خاتوون بەخێوکرابوو، خۆشەویست و نازداری باوانی بوو، مامۆستاکانی ستایشیان دەکرد، کوڕانی بنەماڵە خواپێداوەکان مەست و حەیرانیبوون، کەنیزەیەکی تایبەتیش شەو و ڕۆژ لەسەر یەک پێ لە خزمەتیدا بوو، جێی بۆ ڕێکدەخست و خواردنی بۆ دادەنا و فەرمان و داواکارییەکانی جێبەجێ دەکرد.

کاتێک یەکەمجار عەلی حەسەن سەلامە بووە ئەندامی فەتح تەمەنی ٢٧ ساڵ بوو، ئەوکاتە جۆرجینا تەمەنی تەنیا ١٤ ساڵ بوو. وەک زۆر خەڵکی دیکەی

بەیرووت، عەلییش ناوبانگی بنەماڵەی رزقی بیستبوو، ئەوکاتەی لە شاریش بوو زۆرجار بە تەنیشت دیواری خانووەکەیاندا ڕەتببوو، بێئەوەی دەرفەتی ئەوەی هەبێت پێ لەو ماڵەدا بنێت، چونکە باوکی هەرگیز تیرۆریستانی بانگهێشتی ماڵەکەی نەکردبوو، بەڵام بڕێکی زۆر پارەی بە ڕێکخراوە خێرخوازەکانی فەڵەستینی ناو کەمپی ئاوارەکانی لوبنان دەبەخشی، خۆشی لە ڕێکخراوێکی وەک فەتح بە دوور گرتبوو. بۆیە بەختی عەلی سەلامە بۆ چوونە ناو دڵی جۆرجینا ڕزق لاوازبوو، بەڵام چەند ساڵێک دواتر کە یەکتریان بینی، ژوان و دیدارەکە بۆ هەتایێ ڕەوتی ژیانیانی سەراوبن کرد.

کاتێک جۆرجینا تەمەنی شازدە ساڵبوو، باوکی دیدارێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی ئەلحەیاتی لوبنانی کرد، وێنەگری ڕۆژنامەکە وێنەی خانوو و جۆرجیناشی گرتبوو. ئەمەش یەکەمجاربوو لە ڕۆژنامەدا وێنەی بلاوبکرێتەوە، وێنەکەی سەرنجی خەڵکێکی زۆری ڕاکێشابوو. چەند ڕۆژێک دواتر، ڕێکخەری نمایشی شاجوانی لوبنان تەلەفۆنی بۆ کرد و داوای بەشداریکردنی لە کێبڕکێیەکی بچووکی شاجوانی لوبنان لێکرد. جۆرجینا بە ئەگەری بردنەوەی نازناوی شاجوانی ئافرەتانی لوبنان کەیفخۆش بوو. بۆ بەشداری کردن لەو پێشبڕکێیەدا داوای مۆڵەتی لە باوکی کرد، بەڵام باوکی بە تووڕەیی وەڵامی دایەوە و گووتی: بۆ تۆ شورەییە بە ڕووتی لەبەردەم ئامادەبووان دەربکەویت. باوکی پێیوابوو بەشداری کردنی کچەکەی لە پێشبڕکێی شاجواندا لە ئاست ناوبانگ و ڕێزی خێزانێکی وەک خێزانەکەیدا نییە و زیانی پێ دەگەیێنێت، لەوانەشە کاریگەری لە بزنسەکانیشی بکات. بەڵام دایکی جۆرجینا ڕای پێچەوانەی هەبوو، بڕیاریدا بەرگری لە ویستی کچەکەی بکات، هەروەها هیچ شتێکی هەڵەشی لەوەها ڕووداوێکدا بەدی نەدەکرد و هەموو هەوڵی خۆشی خستەگەڕ تا بڕوا بە هاوسەرەکەی بهێنێ. ئایا لە ڕابردووشدا کچانی بنەماڵە عەرەبەکان بەشداریان لە پێشبڕکێی شاجوانیدا نەکردووە، هەر بۆ

ئەو مەبەستە هانای بۆ خزم و ناسیاوانی خۆیان برد بۆئەوەی گووشار لە هاوسەرەکەی بکەن هەڵوێستی بگۆڕێت.

لە کۆتایی مشتومڕەکاندا دایک و کچ سەرکەوتوو بوون و نمایشەکە لە هۆڵێکی قەرەباڵغ لە ناوەڕاستی بەیروت بەڕێوەچوو کە لە نێو بیستویەک بەشداربووادا دادوەرانی نمایشەکە بە کۆی دەنگ جۆرجینایان بە شاجوان هەڵبژارد بەو پێیەی لە هەمووان جوانتر بوو. شاجوانی پێشووی لوبنان تاجە زێڕینەکەی لەسەر سەری جۆرجینا دانا. دوای ڕێوڕەسمەکە پەیامنێری تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان چواردەوریاندا.

لە ماوەی هەفتەیەکدا وێنەی جۆرجینا لەسەر بەرگی هەموو گۆڤارەکانی لوبنان دەرکەوت، چەندین دوکانی شەقامی حەمرا کە ناوچەیەکی هەرە تایبەتی بازاڕکردنی بەیرووتە وێنەی جۆرجینایان لە جامخانەی دوکانەکانیان هەڵواسی، پەیامنێری تەلەفزیۆنەکان و ڕۆژنامەنووسان داوای دیداری تایبەتیان لێ دەکرد، باوکی کاتێک لە زەنگی نەبراوەی تەلەفۆن تاقەتی چوو، یەکسەر هێڵی تەلەفۆنەکەی پچڕاند.

سەرەتا جۆرجینا بە بەناوبانگ بوونەکەی کەیفخۆش و مەستبوو، بەڵام هەرزوو هەستی کرد زیاتر ئابڕووی تکاوە، چونکە زۆر بەو نامانە پەست و بێزاربوو کە لە لایەن هاووڵاتیانی موسڵمانەوە پێی دەگەیشتن و لەسەر بەشداری کردنی لە نمایشی هەڵبژاردنی شاجواندا سەرکۆنەیان دەکرد، بۆیە بە درێژایی هەفتە لە ماڵ دەمایەوە بەو هیوایەی ڕۆژنامەکان مانشێتێکی دیکە بدۆزنەوە و سەرنج لەسەری لابەن. ڕێک کاتێک پێیوابوو شەپۆلی شۆرەت تێپەڕیووە، نامەیەکی فەرمی بەشداریکردنی لە نمایشی شاجوانی جیهانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە پێگەیشت، بەڵام لە ترسی توڕەنەبوونی زیاتری باوکی، جۆرجینا بانگهێشتەکەی

ڕەتکردەوە.

شنە بایەکی بەهار، ئاوە مەنگەکەی ڕوباری یارکۆنی هاروهاج کرد و بۆنی گژوگیای دەریا ئەو ناوەی تەنی، کاتێک خۆر لە خوار ئاسۆوە دەخزی، تیشکەکان بەلەمەکانی ناو ڕوبارەکە و ڕوخساری ئافرەتە شۆخەکەی بە قەراغ ڕوبارەکە پیاسەی دەکرد، ڕووناک دەکردەوە. ئافرەتێکی باڵابەرزی چاو کەسکی قژڕەش بە دەستێك داری ماسیگرتن و بە دەستەکەی دی بوخچەیەکی گەورەی جلکی هەڵگرتبوو، بەرەو باکور ڕووە و ڕووبارەکە ملی ڕێی گرتبوو.

کەمێک دواتر، لە قەراغ ڕوبارەکە دانیشت کە هێندە لەو ماسیگرانە دوور نەبوو لە چاوەڕوانی سەرئاو کەوتنی تۆپەکان چاویان لە ئاوەکە بڕیبوو وەک ئاماژەیەک کە ماسییەکی دیکەش بە داوەکەبووە. کاتێک کرمەکەی بە دارماسیگرەکەی وەکرد و هەڵیدایە ناو ئاوەکە ماسیگرەکان چاویان لەسەریبوو. ئەمە یەکەمجار و دواجاری سیلڤیا بوو بچێتە ڕاوەماسی، بەڵام لەو بابەتەدا بەخت یاوەری نەبوو، هەرچەندە وەک ماسیگرەکان ڕووت بوو بۆئەوەی لە کەناڵە کۆنکریتەکە نزیکتر بکەوێتەوە کە بەشێکی لەناو ئاوەکەدا بوو و نیوەشی بە گەڵای دار چنارەکەی ڕۆخ ڕوبارەکە داپۆشرابوو. هەرچەندە ماسیگرەکانی دی ڕاستەوخۆ چاویان لەسەر هێڵەکانیان بوو، بەڵام سیلڤیا سەرقاڵی نرخاندنی باشترین ڕێگەی گەیشتن بە کەناڵەکە بوو.

لە نێو دارەکانی ڕۆخ ڕوبارەکەدا، ئەبراهام و ڕێنوێنیکارانی دیکەی قوتابخانەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت لە نزیکەوە چاویان لە جوڵەکانی سیلڤیا بوو، هەرگیز چاویان لەسەری هەڵ نەگرت لەو ساتەی لە ڕوبارەکە نزیک کەوتەوە و جێگەی خۆی لە نێو ماسیگرەکانی کەنارەکە گرت.

ڕۆژ خۆی لە کەل ونکرد و تاریکی باڵی کێشا، ماسیگرەکان یەک لە دوای یەک

کەلوپەل و بەرهەمی ئەو ڕۆژەی خۆیان کۆکردەوە و بەرەو ماڵ گەڕانەوە. ئافرەتە شۆخەکە مایەوە و ڕووبار لە تاریکی شەو ئاڵابوو. دوو چاودێرەکەی چاوی خۆیان گـرژ کردبـوو، ماسـیگرەکانیان بینـی کە بە تەکیـدا تێـپەڕین و چیـتر سـیلڤیایان نەبینیووە، لەو ساتەوە تێگەیشـتن ئەو دەسـتی بەو ئەرکە کـردووە کە بەشـێک لە ڕاهێنـانی پێشـکەوتووی قوتابخـانەی ئۆپەراسـیۆنی تـایبەتبوو. ئەو تێسـتانەی کردوونـی بەڵـگەی تواناکـانی بـوو بـۆ زاڵبـوون بەسـەر سـەختییە فیزیکـی و مێنتاڵییەکانەوە.

لە ژێر تاریکی شەودا سیلڤیا خۆی گۆڕی و بـوو بە کـچە وەرزشـکارێکی کـێش سووک، داری ماسیگرتن و کەلوپەلەکانی کۆکردەوە و خستیە ناو جانتـاکە و لەنـاو دارستانەکەیدا جێیهێشت.

لە کەنـار ڕووبـارەکەوە خشـییە نـاو ئـاوەکە و لە کەنـاڵەکە نێزیـک کەوتەوە، چـونکە کاتێـک خـۆی وا نیشـان دەدا کە ماسـیگرە، زۆر بە دیـقەت دیراسـەی کەناڵەکەی کردبوو. کاتێک گەیشتە کەناڵەکە بەرەو کردنەوەی دەرگـاکە ڕۆیشـت، لە سەردانێکی زووتریدا، تێبینی ئەوەی کردبـوو کە بە پـارچە کـانزایەکی ژەنگـاوی داپۆشراوە، سیلڤیا پارچە کانزاکەی لابرد و خۆی لەناویدا گرمۆڵە کرد.

چەند ڕۆژێک زووتر ئەو ئەرکەی پێدرابوو و دەشیزانی ئەرکێکـی ئاسـان نیـیە. پـێش هەمـوو شـتێک چیرۆکێکـی شـاراوە هەبـوو کە وەک ماسـیگرێکی یـارکۆن هۆکارێکی لەوێ بوونی باشبوو. هەرچەندە ماسـیگرەکان زۆر سـەرنجیان نەدایـێ. کەناڵە کـۆنکریتەکە کێشـەیەکی گەورەبـوو، مەبەسـتی چـوونە نـاو ئـاوی یـارکۆن ئەوەبوو کە تۆڕبینە گەورەکانی وێستگەی کارەبای سارد دەکردەوە، ئەو ئـاوەی لە دەریـــاوە هەڵـــدەهێنجرا لە وێســـتگەی کارەبـــاکەوە لە ڕێـــگەی کەنـــاڵە کـۆنکریتەوەکەوە دەڕژایە نـاو یـارکۆن کە ئـاوەکەی دەگێـڕایەوە نـاو دەریـاوە.

ڕینوێنیکارەکانی سیلڤیا ئاگاداریان کردبووە لەوانەیە ئاوەکە گەرم بێت، بۆیە پۆتینی لەگەڵ خۆیدا بردبوو کە لەناو جانتای ماسیگرتنەکەی هەڵگرتبوو. لە ڕاستیدا ئاوەکە زۆر لەوە گەرمتر بوو کە مەزەندەی کردبوو، گەرمییەکەی لە پۆتینەکەیەوە چووە ژوورە و زۆر بە خراپی پێی سووتاند. لەم حاڵەتەدا لە دوو ڕێکار زیاتری لەبەردەم نەبوو: یان کشانەوە یاخود چوونە پێش، بەڵام سیلڤیا ڕێکاری دووەمی هەڵبژارد.

سیلڤیا مەزەندەی کرد تا دێت ڕێگەکە لە کەناڵەکەوە درێژ و سەختر دەبێت، هەوای ناوەوە شێدار و چڕ بوو، تاریکیەکەش ئاستەنگی چوونە پێشەوەی بۆ دروست کردبوو، هەستی کرد ناتوانی هەناسە بدات یا بزانێت بەرەو کوێوە دەڕوات، خۆی بە تەنیشتەکانی کەناڵەکە دەگرت نەبادا بخلیسکێ، خۆزگەی دەخواست ئەو مێردەزمەیە درێژە نەکێشێت، چەند جارێک بۆ ئیسراحەت ڕاوەستا و ددانی قڕس دەکردن و لەتاو ئازار دەگریا، بەڵام بڕیاری واز نەهێنان و شکست نەهێنانی دابوو.

سیلڤیا پاکەتێکی بە دەست گرتبوو کە بڕیار بوو بێ ئەوەی کەس ببینێت لە نزیک یەکێک لە تۆڕباینەکان بیچەسپێنێت. لەبەرئەوەی وێستگەی کارەبا ئامانجی چالاکی پەلاماری تیرۆریستییە، بۆیە باش پاسەوانی دەکرا. چونکە ئەگەر لە لایەن هەر کەسێکەوە ببینرێت، پاسەوانەکان ئاگادار دەکاتەوە و لەوانەیە دەستگیر بکرێت، ئەمەش بە مانای شکست دێت کە بێگومان دوا شتە بیخوازێت.

لە کۆتاییدا گوێی لە دەنگی تۆڕباینەکانی وێستگەکە بوو، چەندی زیاتر دەچووە پێشەوە ئاوە گەرمەکە زیاتر تەنگی پێ هەڵدەچنی، بە هێواشی بەرەو قەپاغەکە کشا و هەوڵیدا خۆی لە هەر جوڵەیەکی نەخوازراو بە دوور بگرێت نەبادا سەرنج ڕابکێشێت، سەری هەڵکێشا و دوو کارگوزاری بینی کە زۆر لێوەی

دوور نەبوون، بەڵام تێبینی ئەویان نەکرد.

ژووری تۆڕباینەکان گەورە و ڕووناک بوو، هەردوو تۆڕباینە زەبەلاحەکە کە کارەبایان دابین دەکرد لە ناوەڕاستی ژوورەکە بوون. سیلڤیا دوور لە چاوی کارگوزارەکان خۆی خزاندە پشت یەکێکیان و بە لچکی قۆڵی کراسەکەی شۆڕ پێی پۆتینەکەی سڕیەوە کە شۆڕنەواری تەڕیان لەسەر زەویەکە بە جێهێشتبوو. بە جوڵەیەکی چووست پاکەتەکەی بە یەکێک لە مۆتۆڕەکانەوە لکاند و بە خێرایش چاوێکی لە کارگوزارەکان بڕی کە هێشتا تێبینی ئەویان نەکردبوو، بەڵام کەسانی دیکە بە درێژایی ئەو ماوەیە تاقیبیان دەکرد، لە شۆڕنێکی شاراوەی ژوورەکەوە سەیری هەموو جوڵەیەکی ئەویان دەکرد، لەو ساتەی بازیدایە دەرەوەی کەناڵەکە تا چارجەکەی دانا. ئەویش یەکێک لە ڕێنوێنیکارەکانی بوو کە سەرپەرشتی جێبەجێ کردنەکەی بوو.

سیلڤیا گەڕایەوە دواوە بۆ ناو تاریکی کەناڵەکە و ئەویش قووتیدا، ڕێگەی گەڕانەوە خێراتر و ئاسانتر بوو، چەندی دەچووە پێشەوە ئاوەکە ساردتر دەبۆوە، کاتێک لە کۆتاییدا لەسەر ئاوی شیلەتێنی ڕووبارەکە وەستا، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا.

ئۆتۆمبیلەکانی سەر ڕێگە نێزیکەکە بە تەنیشتی تێدەپەڕین، مانگی پڕ لە ئاسمانەوە دەبریسکایەوە، هیچ گیانلەبەرێک لەسەر ڕێ هاوتەریبەکەی ڕووبار نەبوو، سیلڤیا سەرکەوتە سەر کەناری ڕوبارەکە، لەبەرئەوەی جلەکانی تەڕ ببوون لە جانتاکەیەوە جلە وشکەکانی دەرهێنا و لەبەری کردن، پۆتینەکەشی بە جووتێ کالە گۆڕی و بەرەو ڕوناکی گلۆپەکانی شار ملی ڕێگەی گرتەبەر کە کەمێک دوور لێیەوە دەبریسکانەوە.

دوو ڕێنوێنیکارەکە لە بۆسەکە دەرپەڕین و ڕێگەیان پێی گرت.

ئەبراهام گووتی: کارەکە چۆن بوو؟

سیلڤیا لەبەرئەوەی برسی و تێنوو بوو، گووتی: سەرەتا شتێکم بۆ بکڕن با بیخۆم.

ئەو ڕێنوێنیکارەی لە وێستگەی کارەباکە تاقیبی جوڵەکانی سیلڤیای دەکرد هاتە لایان و گووتی: کارێکی باشت کرد، ئەوەشی پێ گووت کە بە درێژایی ئەو ماوەیە تاقیبی دەکرد.

دواتر سیلڤیایان بردە دوکانی فەلافل فرۆشێک، چەند دانە فەلافلێکی تووون و پیتزایەکیان بۆی کڕی، سیلڤیا هێندە برسیبوو هەموویانی لرف کرد.

هێشتا ناو دەمی پڕبوو، گووتی: کارەکە هێندە ئاڵۆز نەبوو.

ئەبراهام گووتی: کاتێک گەیشتیتەوە ماڵ، دانیشە و ڕاپۆرتی خۆت بنووسە، دووسبەی دەست پێدەکەینەوە، بڕۆ ئەمڕۆ ئیسراحەت بکە.

عەلی سەلامە لەپێناو سەلماندنی ئەوەی ببێتە بەشێک لە فەتح پێویستی بە خۆ خزاندنە ناو وێستگەی کارەبا یا شوێنی پاسەوانکراو نەبوو، شکۆ و شانازی باوکی وەک سەرکردەیەکی ئەفسانەیی تیکتی چوونە ناو ڕێکخراوەکە بوو، هەروەها لەو ساتەی یەکەمجار لە بەشی هەواڵگریدا لەسەر کورسییەکەی ڕووبەشت بەشێکی وێنەکەی خۆی تەواو کرد. ئەندامانی باڵای فەتح دەستبەجێ ئەویان بە ئەندامێکی خۆشەویستی خێزانەکەیان دانا، لە هاتن و ڕۆیشتنەوەدا پاسەوانانی باڵەخانەکە بە ڕێزەوە سڵاویان بۆ دەکرد، ئەویش پێیوابوو هیچ شتێکی شاراوە لە سەر ڕێگەی گەیشتنی بە لووتکەدا بوونی نییە.

لە باوەشگرتنە گەرموگوڕەکە متمانەی زیاتری پێ بەخشیبوو، بەڵام عەلی دەیزانی ئەوەندە بەس نییە، لە بەرایی هەموو شتێکەوە پێویستە لە سەرخستنی ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە بوونی خۆی بسەلمێنێت. ئەوە یەکەم تێستە،

هەرچەندە سەخت و ئاڵۆزیشە. ئەو زانیارییانەی لەبارەی ستافی ئۆپەراسیۆن کۆی کردبوویەوە، ئاشکرای دەکەن کە ئەبو ئەیاد و خودی عەلی و شەش جەنگاوەری فەتح ئەندامی هەمیشەیین، ئەوانە هەموویان هەر لە سەرەتاوە بەشێک بوون لە ڕێکخراوەکە، ئەوانە هەموویان هاوڕێ و دۆستی کەسی عەرەفات و ئەبو ئەیاد بوون، زۆربەشیان پیاوی بنەماڵە و شۆڕشگێڕ و خاوەن مێژوویەکی پاکبوون، هۆکارگەلێکی دیار لە ئارادا نەبوو گومان لە هیچ کامێکیان بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ عەلی ڕوون بوو کە ستافی ئۆپەراسیۆن تاقە سەرچاوەی دزە پێکردنن و بووەتە هۆی ئەوەی لە لایەن ئیسرائیلییەکانەوە زۆربەی ئۆپەراسیۆنەکان پوچەڵ بکرێنەوە.

عەلی لە فایلی کەسی یەک بە یەکی ئەندامانی ڕۆنی کە پەیوەستبوو بە چالاکی هەر یەکێکیانەوە لەو کاتەی هاتبوونە ڕیزی فەتحەوە، هەندێکیان هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ڕێکخراوەکە یاوەری عەرەفات بوون. هەر یەکێکیان بە مەبەستی زیان گەیاندن بە ئیسرائیل پلانداڕێژەر و جێبەجێکاری چالاکییەکان بوون، بۆیە لەپێناو ئاشکراکردنی ئەوەی کام لەوانە لەگەڵ ئیسرائیل کار دەکات، هەوڵێکی چڕ و پێشکەوتوو و ڕەق پێویستبوو. عەلی هەستی کرد پێویستی بە یارمەتییە و نابێت بۆ یارمەتی بۆ لای عەرەفات و ئەبو ئەیاد بگەڕێتەوە، چونکە ئەوان متمانەیان بە پیاوەکانیان هەیە، ئەوەش هەزم ناکەن هیچ یەکێکیان بتوانێت ناپاکی لە ڕێکخراوەکەیاندا بکەن.

عەلی بیرۆکەیەکی هەبوو، لە ڕوودا جێبەجێ کردنی سەخت بوو، بەڵام کە بۆ ماوەیەکی درێژ بیری لێکردەوە زیاتر بڕوایهێنا کە باشترین پلانە. لە عەرەفات داوای مۆڵەتێکی تایبەتی چوون بۆ ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی کرد لەپێناو دیداری ئریخ میلکی، بەڕێوەبەری ستاسی، بۆئەوەی لە ئاشکراکردنی ئەو مۆڵەی لە ناو ستافی ئۆپەراسیۆنی فەتح چێنراوە یارمەتی بدات. ستاسی ڕێکخراوێکی ڕێکوپێکی

بەناوبانگی سیخوڕییە کە بە هاوکاری و لە ژێر سەرپەرشتی یەکێتی سۆڤیەت کار دەکات و وەک حاکمی بێ ڕکابەری ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی کۆمەنیست کار دەکات و چالاکییەکانی گەیاندۆتە گشت پارچەکانی جیهان بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە. سەرکردەکانی زۆر یارمەتی عەرەفاتیان دەدا و زیاتر لە جارێک بینیویانە و چەک و زانیاریان پێیداوە، عەلی ئاواتەخواز بوو یارمەتی بدەن.

عەرەفات بە نادڵیەوە مۆڵەتی سەفەر کردنی پێدا، هەرچەندە پێیوا نەبوو کاریگەری دەبێت، بەڵام نەیویست هەر لە ڕۆژانی سەرەتای بە ئەندامبوونیدا لە ڕێکخراوەکەیدا لەسەر ڕێگەی عەلی بوەستێت یا کارێک بکات ببێتە هۆی پەستبوونی.

سەردانەکەی عەلی لەوپەڕی نهێنیدا بوو: تەنیا عەرەفات و ئەبو ئەیاد بە سەردانەکەیان دەزانی. عەلی بە پاسپۆرتی خۆی بەرەو پۆڵەندا فڕی، لەوە دڵنیابووکە هێشتا ئیسرائیلییەکان لە بوونی ئەو بێئاگان و هەوڵ نادەن زیانی پێ بگەیەنن. بۆیە لە وارشۆوە بە شەمەندەفەر گەشتی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی کرد و ژوورێکی لە هۆتێل مۆسکۆ گرت. مەلوولی و کاولکاری بە ڕوخساری شارەکە دیار بوو. هۆتێلەکە باڵەخانەیەکی فرە نهۆم بوو. میواندارای چالاکوان و میوانەکانی حزبی دەکرد، خواردنەوە و کەیف و سەفاش بوونی نەبوو. لە هەر نهۆمێکدا ئافرەتێکی سەرپەرشتیکار دانیشتبوو، کلیلی خڕ ژوورەکانی لابوو، هاتن و چوونی هەمووانی تۆمار دەکرد. عەلی ئەوەی دەزانی کە هەر ژوورێک ئامێری گۆهداری تێدایە، بۆیە دەبێت هۆشیار بێت و تەنیا یەک تەلەفۆن بۆ نووسینگەی میلکی بکات.

دیداری نێوانیان لە بارەگای سەرەکی ستاسی لە شەقامی لیشتنبێرگ بەڕێوەچوو، ئریخ میلکی زۆر بە گەرمی پێشوازی لە عەلی کرد، پیاوێکی سەر

ڕووتاوەی تەمەن پەنجا و پێنج ساڵی کێش ڕێکبوو، ڕۆژانە وەرزشی دەکرد و ڕێجیمی دەکرد، خواردنی تەندروستی دەخوارد و ڕقیشی لە جگارە و خواردنەوە دەبۆوە، عەلی بە زمانی ئەڵمانی خۆی پێ ناساند، چونکە ئەوکاتەی لە ئەڵمانیا دەیخوێند فێری زمانی ئەڵمانی ببوو، مەبەستی سەردانەکەشی بە میلکی گووت، میلکی بە بێ دەنگی گوێی بۆ ڕادێرابوو. دواتر گووتی: لیستی ناوی گومانلێکراوەکانم بدەرێ، بەڵێنت پێدەدەم بە باشترین شێوە کاری خۆمان دەکەین.

میلکی کە ڕاوچییەکی دێرین بوو، میوانەکەشی بانگهێشتی گەشتێکی ڕاوکردن لە دارستانەکانی نزیک ئەو ناوەدا کرد. دەستە جلێکی ڕاوچیانی فیت بە پێوانە بە عەلی دا و هەردووکیان هێواش هێواش لە دارستانەکەدا بە دوای نێچیردا دەگەڕان، بەڕێوەبەری ستاسی کارمامزەکی کوشت، بەڵام هەموو جارێک گوللەکانی عەلی خوتی دەکرد، میلکی پلارێکی لە هەڤاڵە نوێکەیدا و گووتی: تۆ تا ئێستا ڕاوچییەکی پیشەگەر نیت، ڕاوکردنی ئاژەڵ و مرۆڤ ئەزموونی زۆری دەوێت، بەڵام فێر دەبیت.

میلکی فەرمانی بە کارمەندانی نهێنی ئەڵمانیا لە بەیروت و عەمان کرد، زانیاری لەبارەی شەش ئەندامەکەی ئۆپەراسیۆنی فەتح کۆبکەنەوە و سەیری پەیوەندییەکانی ئەو پیاوانە بە توخمە بیانییەکانی دەرەوەی عەمان بکەن. دوای چەند هەفتەیەکی کەم شوێن پێی ئەو ئافرەتە شۆخە لوبنانییەیان هەڵگرت کە دۆستی یەکێک لە گومانلێکراوەکان بوو. لە لێکۆڵینەوەیەکی نهێنیدا دەرکەوت، ئەو پیاوە بۆ جووتبوون لەگەڵ ئەو ئافرەتە خاوەن منداڵە، کرێی خانوو و دیاری گرانبەهای پێ دەدات، ستاسی ئەو زانیارانەی بۆ عەلی نارد، ئەویش بە نۆرەی خۆی تۆماری دارایی پیاوەکەی ڕۆنی و ئاشکرای کرد، خاوەن بالانسێکی گەورەی بانکە، وێڕای ئەو ڕاستییەی کە ئەو مووچەیەی لە فەتح وەردەگرێت بەحاڵ بەشی

بژێوی خێزانەکەی دەکات. ئەمەش ڕوونە کە گومانلێکراو لە سەرچاوەی دیەوە پارەی دەست دەکەوێت.

پرۆسەی چاودێریکردن لەسەر پیاوەکە تووندتر کرا، دوو لە هەڤاڵە متمانە پێکراوەکانی عەلی لە گەشتی داهاتوویدا بۆ بەیروووت تاقیبیان کرد و لە ئەپارتمانتی دۆستەکەدا تووشی سەرسوڕمانیان کرد. سەرەتا بە تووندی ڕەتیکردەوە کە زانیاری بە ئیسرائیلدا بێت، بەڵام نەیتوانی سەرچاوەی ئەو پارەیە ڕوون بکاتەوە کە بەهۆیەوە دۆستەکەی لەو ژیانە خۆشگوزەرانە دەژیێنێت.

عەرەفات، کاتێک ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی بە دەست گەیشت شۆکبوو، چونکە ئەو پیاوەی بە یەکێک لە پایگەکانی فرقەی ئۆپەراسیۆنی فەتح دادەنا، بەڵام لەو ساتەی بۆی دەرکەوت ناپاکی لە ڕێکخراوەکەیدا کردووە، ڕۆژانی ژیانی دیاریکرا، تیمێکی گورزوەشێن بەدوایدا چوون و شەوێک لە ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە کوشتیان، عەرەفاتیش ئەو پڕۆپاگەندەیەی بڵاوکردەوە کە ئیسرائیل تیرۆری کردووە.

یەکێک لە لێکۆڵیارەکان بە زمانی عیبری، کە کەسێکی تەمەن دەوروبەری چڵ ساڵی بااڵبەرزی پتەوی ڕەشتاڵەی قژ ڕەشبوو، گووتی: ئێوە کێن؟ سیلڤیا چاوی لە چاوی پیاوەکە بڕی و هەستی بەوە کرد کە بە ڕاستی پیاوێکی بێ بەزەیی و دڵڕەقە.

هاوڕێکەی جگەرەی دەکێشا و دوکەڵەکەی بە دەموچاوی سیلڤیادا پەرش دەکرد، لە پیاوەکەی دی گەنجتر و کورتتر بوو، ورگێکی گەورەشی بە بەر کەمەرییەوە هەڵواسیبوو.

سیلڤیا گووتی: من عیبری نازانم. ئەوان گۆڕیان بۆ ئینگلیزی.

سیلڤیا جارێکی دی پرسی: ئێوە کێن؟

گەشتیار، ناوت چیە؟

سیلڤیا ناوێکی هەڵەی دانێ کە بەشێک بوو لە چیرۆکە نهێنیەکەیدا.

یەکەم لێکۆڵیار پرسیاری کرد: کوا بەڵگەنامەکانت؟

ونم کردوون.

ئایا پۆڵیست ئاگادار کردۆتەوە؟

هێشتا نەمکردووە، تەنیا دوێنی ڕوویداوە.

لە کوێ دەژیت؟

لە هوتێل.

کام هۆتێل؟

هوتێلی سی ڤیو لە تەلئەڤیڤ.

ناونیشانەکەی چییە؟

ژمارە ٢٨ شەقامی بن یەهودا.

دووەم لێکۆڵیار بەرەو ڕووی ئەو خۆی لارکردەوە و بە دەنگێکی گڕ گووتی: ئایا پێتوایە ئێمە گێلین؟

لە پشتیەوە ئاوێنەیەکی گەورە هەبوو، وێنەی خۆی لە ئاوێنەکەدا بینی: سەروقژێکی ئاڵۆز، دەموچاوێکی بزرکاو و چاوێکی پڕ لە ترس.

تۆ لەناو کامپێکی سوپا دەستگیرکراوی کە هاتنە ژوورەوەی بۆ خەڵکی سیڤیل سنووربەزاندنە، ئێوە لەوێ چیتان دەکرد؟

من لە گەشتی سرووشتیم و ونبووم.

خەڵکی تەنانەت بە کن کامپی سەربازیش تێناپەڕن، کێ ئێوەی ناردووە؟

پێم گووتی من ونبوومە.

بۆچی گەشت بۆ ئەم ناوچە تایبەتە دەکەیت؟

پێیان گووتم، شوێنێکی زۆر جوان و دڵڕفێنە.

لە ژێر تاریکی شەودا تەنیا چەند کاتژمێرێک بەسەر تێپەڕبوونی سیلڤیا بە دەرگەی پەرژینی کەمپی سوپا تێپەڕببوو. ئەمەش تێستێکی دیکەی گرنگ بوو کە دەبوو تێیپەڕێنێت. بە پێی ئەو ڕێنوێیانەی لە ڕێنوێنیکارانی وەرگرتبوو، دەبوو سیلڤیا بچێتە ناو کەمپی ئەڵێنبی لە ئۆرشەلیم و بە زانیاری پڕی وەک دەستنیشانکردنی ڕێگەی گەیشتن، باڵەخانە و خاڵی ئێشکگرییەکان بگەڕێتەوە. پێشتر ئەبراهام چیرۆکە شاراوەکەی لەگەڵیدا تەتەڵە کردبوو.

چوونە ناو کەمپ کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام مەحاڵیش نەبوو، سەر لە ئێوارەیەکی درەنگ، کاتێک زۆربەی سەربازەکان خەوتبوون خۆی گەیاندە ناو کەمپەکە. باران دەباری و ئێشکگرەکانیش خۆیان لەناو قوڵەی ئێشکگریدا شەتەکدابوو، بێ ئەوەی کەس بە دوایدا بێت و دوای چاوگێران بە باڵەخانەکانی ئەو ناوە و کۆکردنەوەی داتاکان، خۆی کرد بە ناوەوە، هەر لەو دەوروبەرە ئەو سەربازانەی بینی کە پاسەوانی پەرژینەکەیان دەکرد، بەڵام ئەوان ئەویان نەبینی.

کەمپەکە لەناو بێدەنگیدا نقوم ببوو، جگە لە چپەی دڵۆپە باران، هیچ دەنگی خەڵک و ئۆتۆمبیل نەدەهات، سیلڤیا دەبوو شوێنی بارەگای فەرماندە و خاڵەکانی ئێشکگری لە بیرەوەری خۆیدا تۆمار بکات، بەڵام کاتێک لە ئامادەکاری جێهێشتنی کەمپەکەدا بوو، لە ناکاو ڕووناکی تیشکێک لە چاویدا و هەر ئەوەندەی زانی

چوار سەربازی چەکدار چواردەوریان گرتووە.

یەکێک لە سەربازەکان گووتی: تۆ لێرە چ دەکەیت؟

بە ئینگلیزی وەڵامی دایەوە و گووتی: من گەشتیارم و ڕێگەم ونکردووە.

سەربازەکە نەڕاندی و گووتی: نەجوڵێیتەوە، سەربازەکان ڕووناکیان خستە سەری و کەلوپەل و ئەویان فڕێدایە ناو ئۆتۆمبیلە سەربازییەکە و بۆ ناوەندی دەستگیرکرنی بارەگای ڕووسی لە ئۆرشەلیم گواستیانەوە. سیلڤیا پێشبینی ڕووداوی ئەمەی نەدەکرد و لە خەیاڵی ئەوەدا بوو کە دوای کەمێکی دی ڕێنوێنیکارەکانی دەزانن کە ئەرکەکەی تەواو نەکرد و دێن سەیری دەکەن. هیوای دەخواست پەلە بکەن.

لێکۆڵیارە بەڵابەرزەکە بەرەو لای سیلڤیا خۆی لار کردەوە، هەردوو دەستی لێکدەخشاند کە لە دەستی یاریزانی بۆکسینگ دەچوو، بە هێمنی گووتی: سەیرکە، دوو ڕێگەت لەبەردەمە، تەنیا دوو. یەکێکیان ئەوەیە ڕاستییەکانمان پێ بڵێیت، دووەمیان ئەوەیە بە بێدەنگی هێنیتەوە. هیوادارم لەبەر خاتری خۆت ڕێگەی یەکەم هەڵبژێری، ئەگەر وەڵامی پرسیارەکانمان بدەیتەوە، خواردنت بۆ دەهێنین و ڕێگەی خەوتنیشت پێ دەدەین. ئەگەر ڕێگەی دووەمیش هەڵبژێری، نەفرەت لەو ڕۆژە دەکەیت کە لە دایکبوویت، ئەوەشت لە هزردا بێت، هیچ کەس نەبووە، ئێمە لێکۆڵینەوەمان لەگەڵیدا کردبێت، لە کۆتاییدا ڕاستییەکانی نەدرکاندبێت.

سیلڤیا دەیزانی ئەوانە هەڕەشەی بنبۆش نین، پاساوی پارچە پارچەکردنیان هەبوو، هەر لەو کاتەوە ئەوەی دەزانی کاتێک لەبارەی میتۆدی لێکۆڵینەوە ڕێنوێنی کرابوو، ئەوانەی ئەویان ناردووەتە ناو ئەو کەمپە چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکەن، تەنانەت لە ژێر ئەشکەنجەشدا یەک وشە نەدرکێنێت.

سیلڤیا ڕایگەیاند: هیچم بۆ گووتن نییە. لێکۆڵیارە کورتەکە لێی نزیک کەوتەوە و بۆکسی بە ڕوویدا بەرزکردەوە، سیلڤیا چاوەڕێی بۆکسەکە بوو، بەڵام هیچ نەبوو.

لەسەر زەوییەکە پاڵکەوە.

سیلڤیا لەسەر زەوی پاڵکەوت، ئەویش لە پشتەوەڕا هەردوو دەستی تووند بەستا و نەڕاندی: کاتێک بڕیاری قسەکردنتدا بانگمان بکە.

هەردوو لێکۆڵیارەکە لە ژوورەکە چوونە دەرەوە و سیلڤیاشیان بە پاڵکەوتوویی لەسەر زەوی بە جێهێشت و چوونە ژوورێکی دی بەرامبەر ڕووی ئەو ئاوێنەیەی کە لەوێ سیلڤیا لەسەر زەوی پاڵکەوتبوو و دەیڕوانیە ژووری لێکۆڵیارەکان. سیلڤیا لە ڕووی دیکەی ئاوێنەکە بێئاگابوو کە ڕێنوێنیکارەکانی و فەرماندەی قوتابخانەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت لە دیوەکەی دی دانیشتوون و سەیری هەموو جوڵەیەکی دەکەن.

ژووری لێکۆڵینەوە تەنیا گلۆپێکی تێدا بوو، پێشی نەدەگوترا کە کات ڕۆژە یا شەوە، هەروەها لەوکاتەی دەستگیرکرابوو، کاتژمێرەکەشیان لێ وەرگرتبوو.

پەتی دەستی هێندە تووند بوو، گەیشتبووە سەر گۆشت و پاڵکەوتنەکەی لەسەر زەویە ڕەقەکە تاقەت ڕوکێنبوو، ئەوەی بۆ لابردنی ئەو بارە ناخۆشە دەیتوانی بیکات، بانگکردنی لێکۆڵیارەکان و درکاندنی ڕاستییەکان بوو، بەڵام سیلڤیا لێوی خۆی گەست و خۆی بێدەنگ کرد. بیری کردەوە هەر چییەک ڕووبدات من ناشکێم و ناکەوم، چونکە ماقوڵ نییە ئەوانە نا ئومێد بکەم کە ڕەوانیان کردووم.

سیلڤیا مەزەندەی کرد لەوەتەی لێرەیان بەستاوەتەوە و جێیان هێشتووە چەند

کاتژمێرێکی کەمی بە سەردا تێپەڕیووە، بەڵام گشت ئەندامەکانی بەدەنی ژانیان دەکرد و خوێن لە مەچکی دەچۆڕا. هەوڵیدا بخەوێت، بەڵام هەرچەندی کرد لە تاو ئازار نەیتوانی چاوەکانی لێک بنێت و بخەوێت. باش ئاگادار بوو کە زۆر کەس لە لێکۆڵینەوەدا بەزیون پاش ئەوەی بەو شێوەیە ئازار دراون. بۆیە لێی چاوەڕوان دەکرا لە کاتژمێرەکانی داهاتوودا دان بە هەموو شتێکدا بنێت، بەڵام لەسەر نەدرکاندن سوور بوو.

جارێکی دی ڕووی لە دەرگا کرد و هاواری کرد، لێکۆڵیارە باڵا بەرزەکە هاتە ژوورەوە.

سیلڤیا گووتی: دەمەوێ بچمە سەرئاوێ.

بە دەنگێکی نەرم و بە ڕێزەوە گووتی: باشە.

پەتەکەی دەستی کردەوە و بۆ سەر ئاو یاوەری کرد.

دوای ئەوەی کاری خۆی تەواو کرد، پیاوەکە گووتی: ئێستا لە لێکۆڵینەوەی خۆماندا بەردەوام دەبین.

سیلڤیا بە ساردی و خۆ کۆنترۆڵکردنەوە وەڵامی دایەوە و گووتی: شتێک لە ئارادا نییە، من پێشتر بە ئێوەم گووتووە، هیچ شتێکم بۆ قسەکردن نییە.

پیاوەکە لێیگەڕا بە بێدەنگی بە درێژایی ڕاڕەوەکە چەند هەنگاوێک بڕوات تا گەیشتە بەر دەروازەی ژێرزەمینێکی بچووک و گووتی: هەرچەند کاتژمێرێک یەکێک دێتە لات تا ببینێ ئایا بیرت گۆڕیووە یان نا.

پیاوەکە خێرا دەرگەکەی کردەوە و ئەوی پاڵ دایە ناو ژێرزەمینەکە و دەرگاکەی لەسەری کلیل دایەوە. ژێرزەمینەکە بێ پەنجەرە بوو و بۆن گرمخای لێدەهات، تەنیا قەرەوێلەیەکی ئاسن و سینگێک و شوێنی تەوالیتی تێدا بوو.

هەرچەندە زۆر پەرێشان و هیلاکبوو، بەڵام بەهۆی ڕووناکی گڵۆپی بنمیچەکە نەیتوانی بخەوێت، هەر بە ئاگابوو.

وەک بڵێی ئەوە ئەبەدییە، لە درزی بنەوەی دەرگا خوانچە خوراندنێک ڕەوانەی ژوورەوە کرا، سیلڤیاش برسی و تێنوو بوو خۆی گەیاندە خواردنەکە. هەرچەندە بێتام و کەمبوو، بەڵام فرمێسکی خۆشی بەسەر ڕوومەتی ڕێچکەی گرت و هەوڵیدا کۆنترۆڵی خۆی بکات، ئەوە سەرەتایە، بەڵام بە دڵنیاییەوە مەینەتی ناخۆشتر لە پێشە.

دواتر، کە هێشتا پێی نەدەگووترا ڕۆژە یا شەوە، دووبارە لە ژێرزەمینەکە بۆ ژووری لێکۆڵینەوە بردرایەوە، هەستی کرد هەندێ شت لە ژوورەکە گۆڕاوە، ئەو کورسییەی پێشتر لەسەری دانیشت، لەوێ نەماوە، بۆیە ناچار بوو لەسەر پێ بوەستێت.

لێکۆڵیارە باڵابەرزەکە لێی پرسی: ئایا کاتی تەواوت بۆ بیرکردنەوە وەرگرت، بڕیاری چیتدا؟

سیلڤیا: مێشکی خۆم نەگۆڕیووە.

پیاوەکە بە زەردەخەنەیەکەوە گووتی: تۆ کچێکی بەهێزیت، بەڵام ئێمە لە تۆ بەهێزترین، لە کۆتاییدا هەموو ئەو شتانەمان پێ دەڵێیت کە دەمانەوێ بیزانین.

بۆ ماوەیەکی درێژ لێپرسینەوەیان لەگەڵیدا کرد، بەڵام هیچ وەڵامی نەدایەوە. دواتر پیاوەکە ژوورەکەی بە جێهێشت و لێکۆڵیاری دووەم هاتە ژوورەوە، بەهۆی زۆر لەسەر پێ وەستان، قاچەکانی سیلڤیا ژانیان کرد، بەڵام دەیزانی وەک بەشێک لە پرۆسەکە ڕێگەی دانیشتنی پێ نادەن.

بە بێ دەنگی سەیری پیاوەکەی کرد، بەڵام بە هۆکارگەلێک هەستی بە ترس

نەکرد.

بە درێژایی ڕۆژ لە لێپرسینەوەکردن لەگەڵیدا بەردەوام بوون تا قاچەکانی لەوە زیاتر بەرگەیان نەگرت و بە بێ هۆشی کەوتە سەر زەوی، دوای چەند کاتژمێرێک لە ژێرزەمینەکە بە ئاگا هاتەوە و هەندێ شتی چاوەڕوان نەکراوی بینی: لە خوار جێگەکەیەوە ئافرەتێک بە جلی زیندانییەوە دانیشتووە، ئافرەتەکە لە سیلڤیا بە تەمەنتر بوو، ئافرەتێکی پڕ و چەنەبازبوو. ئافرەتەکە گووتی: منیان گرتووە تا پێیان بڵێم هاوسەرەکەم لە کوێیە، گومانیان هەیە کە زانیاری بۆ عەرەبەکان بردووە، بەڵام چەند مانگە ئەو وازی لە من هێناوە و جێیهێشتووم، لە هەنگینرا ئەوم نەبینیووەتەوە، لە سیلڤیای پرسی: تۆیان لەسەر چی دەستگیر کردووە؟

من لە ناوچەیەکی قەدەغەکراو سوڕاومەتەوە.

لەوێ چیتان دەکرد؟

من بە هەڵە لەوێ بووم.

باشە بۆ تۆیان گلداوەتەوە؟

چونکە شتێکم پێ نەگوتوون.

ئافرەتەکە گووتی: چیان دەوێت پێیان بڵێ، بۆ هێندە سەر ڕەقن.

لە ناکاو، وەک ئەوەی یەکێک هەست بکات، لەرزێک یا بروسکی بۆ دێت، سیلڤیا هەستی کرد هێزی لە جەستەدا نەماوە و هەستی کرد قوڵپی ڕشانەوە لەناو گەروویەتی و نقومی ترس بوو، ئایا خەریکە ببەزێت.

خۆی لە گۆشەیەکی ژێرزەمینەکە گرمۆڵە کرد، دووبارە خواردنیان بۆی هێنا، بەڵام پاڵی پێوەنا و لە خۆی دوورخستەوە. هاوڕێ ژێرزەمینەکەی لە قسەکردن نەکەوت، دەنگیشی بێزارکەر و وەڕسکاربوو. سیلڤیا ویستی بەسەریدا هاوار بکات

کە بێدەنگ بێت، بەڵام زۆری لە خۆی کرد و هاوارەکەی قووتدایەوە، جارێکی دی هەستەکانی ئاگاداری کردەوە و هێزی بۆی گەڕایەوە. نەخێر هیچ شتێک ناتوانی بمشکێنی نە ئێستا و نە لە دانیشتنی دادێی لێپرسینەوەدا.

دەرگای ژێرزەمین کرایەوە دوو لێکۆڵیارەکە لەبەر دەرگا وەستابوون و فەرمانیان بە هاوژێرزەمینەکەی سیلڤیا کرد ئەوێ جێبهێڵێ، ئەویش بێئەوەی یەک وشەی لە دەم بێتە دەرەوە لە جێگەکەیدا هەستایەوە و ژێرزەمینەکەی جێهێشت.

لێکۆڵیارە باڵابەرزەکە گووتی: هەستە چۆنە:

ئەوەتە دەبینی لە ژیاندا ماوم.

پیاوەکە گووتی: لەگەڵمان وەرە.

گەڕانەوە ژووری لێکۆڵینەوە، قاچەکانی سیلڤیا هەر بە ژان بوون، لێکۆڵیارەکە دەرگاکەی کردەوە، بەڵام سیلڤیا لە سەرسوڕمان چاوی زەق کردنەوە. ئەبراهامی ڕێنوێنیکاری لە ژوورەکە بینی و زۆر بە گەرمی سیلڤیای لە باوەش گرت و گووتی: پیرۆزە، شانازیت پێدەکەم.

کاتێک ئەوی نارد کەمپی سوپا تا ڕاپۆرتی خۆی لەسەر شوێنی ئەفسەران و سەربازگەکە بنووسێت، ئەبراهام ئەوەی بۆ سیلڤیا ڕوون کردەوە، ئەگەر دەستگیرکرای نەکەی ڕاستییەکان ئاشکرا بکەیت، بۆیە بەمانای وشە پابەندی ڕێنوێنییەکەبوو.

سیلڤیا پرسی: ئایا لێکۆڵیارەکان دەیانزانی من کێم؟

بێگومان.

سیلڤیا بە ئینگلیزی گووتی: بۆ ساتێکیش گومانم لێیان نەکرد، بە ڕاستی دۆزەخبوو.

ئەوەشیان پێ گووت، ئەو ئافرەتەی هاتە ژێرزەمینەکە ئەفسەری دەزگای ئاسایشی ئیسرائیل بوو، بۆ ئەوە نێردرابوو تا بڕوات پێ بهێنێت دان بە تاوانەکەتدا بنێیت.

ئەبراهام گووتی: تۆ لەو تێستەش دەرچووی.

ئایا هەموو ماوەکە لەوێ بووی؟

ئێمە لە ژووورەکەی تەنیشتەوە بەهۆی ئاوێنە و ئامێری گۆهداری ئاگامان لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەکە بوو.

ئایا هیچ هەڵەیەکم کرد؟

نەخێر، یەک تاکە هەڵەشت نەکرد.

هەمووتان پێویستە وا بیربکەنەوە کە من بە (فرچک درۆزنم).

پێمانوایە بۆ تۆ ئاسانە درۆ لەگەڵ ئەواندا بکەیت، لەکاتێکدا لەگەڵ ئێمە ڕاستگۆ بووی. هەستت چۆنە؟

پەرێشانم.

باشە، سیلڤیا، من پێم دەگووتی ئەمە ئاسانە، بەڵام ئەمانە هەمووی دەروازەی تاقیکردنەوەکانن.

سیلڤیای لە نزیک ئەو هۆتێڵە دابەزاند کە لە ئۆرشەلیم لە پێناو ئامادەکردنی بۆ ئەرکێکی دیکە لە شارەکەدا لێی دەمێنێتەوە کە تایبەتبوو بە چاودێریکردن، تێبینیکردن و پەیوەندی دروستکردن. بۆیە یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت ئۆرشەلیمی وەک بنکەی مەشق بۆ سیلڤیا هەڵبژاردووە، چونکە بۆی شارێکی بیانییە و هیچ بە شەقامەکانی ئاشنا نییە.

ئەبراهام پێی گووت: پێدەچێت برسیت بێت.

مردووی خەوم.

شەوباش، سبەینێ درێژەی پێ دەدەین و بەردەوام دەبین.

سەرکەوتنی عەلی لە ئاشکراکردنی بەکرێگیراوی ئیسرائیل لە ستافی گشتی فەتحدا بە نهێنی مایەوە، عەرەفات و ئەبو ئەیاد لە داننان بەوەی هەواڵگری ئیسرائیل دزەی کردۆتە ناو ڕێکخراوەکە ڕووگیربوون، بەڵام هەڤاڵە نزیکەکانیان ڕاستییەکەیان دەزانی و کارە باشەکەی عەلیان بەرزنرخاند. ئەمەش وای لە عەلی کرد لە جاران زیاتر هەست بە هێزی خۆی بکات کە یەکەمجارە لە ژیانیدا کارێکی گرنگ و بەهادار بکات. ئەمەش هانیدا زیاتر جۆشی بۆ پیشە نوێکەی هەبێت.

هەموو ڕۆژ زوو دەگەیشتە نووسینگەکەی و مامەڵەی لەگەڵ هەر ئەرکێکدا دەکرد کە لەسەریان دەسەپاند، بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی کاتی خۆی لە چۆنیەتی دڵنیابوون لە ئەوپەڕی ئاسایشی کۆبوونەوەی فەرماندە باڵاکانی فەتح بەسەر دەبرد، چونکە هیچیتر ڕێکخراوەکە بوار بە ناپاکی زیاتر لە ڕیزەکانی خۆیدا نادات.

لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٦٧ لە سەردەمی شەڕی شەش ڕۆژەدا، بەر لەوەی یەک تەقەش بکرێت، هەوای سەرکەوتن لەناو ملیۆنان عەرەبدا بڵاوبوویەوە و بە تێکڕایی وایان هەست دەکرد کە بۆ ئەم شەڕە تەواو تەیارن و پەرۆشی هەڵگیرساندنی بوون. لە لایەک بە پشت بەستن بە تەقەمەنییە زەوەندە کۆگاکراو و سوپا زەبەلاحەکەیان لە سەرکەوتن دڵنیا بن، لە لایەکی دیکەوە ئیسرائیلییەکان لاوازی و پەشۆکاویان پشاندابوو.

لە کۆتاییدا کە ئیسرائیل پێکەوە خۆیان کۆکردەوە و چوونە ناو شەڕ، سوپای ئوردن بۆی دەرکەوت زۆر لەوە کەمتر ئامادەن کە بیریان لێی کردبۆوە. لە کاتژمێرەکانی بەرایی ڕۆژی ٥ی حوزەیراندا، هێزەکانی ئاسمانی ئیسرائیل هێرشی کردە سەر

بنکەی ئاسمانی میسر، سوریا، ئوردن، عێراق و هەموو فڕۆکە جەنگییەکان و کارگۆکانی گواستنەوەیان پەکخستن. لە ڕۆژی ٦ی حوزەیراندا بەرەی یەکگرتووی عەرەب بە تەواوی تێکشکا، غەزە و کەرتی ڕۆژئاواش وەک بەشێک لە داگیرکردنەکانی ئیسرائیلدا خۆیان بینیەوە.

لە جیهانی عەرەبدا، هەستی تێکشکان و ئاگری تووڕەیی جێگەی هیوا زووەکەی سەرکەوتنی گرتەوە. لە دژی ئەم پاشاگەردانیە، سەرانی فەتح کۆبوونەوەیەکی بەپەلەیان کرد، لە کۆبوونەوەکەدا لەپێناو گێرانەوەی کەمۆکەک شکۆی عەرەبان، بڕیاری زیادکردنی پەلامارە تیرۆریستیەکانیان بۆ سەر ئیسرائیلدا، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئێستا کاراکتەری نوێ لە گۆڕەپاندا هەیە کە لەوان زیاتر هەوڵی بەو ئاڕاستە داوە. بۆ نموونە جۆرج حەبەش (دکتۆر)ی تەمەن ٤٢ ساڵی کریستیانی بە بنەچە خەڵکی شاری لیدا، لە شەڕی ١٩٤٨ لەگەڵ خێزانەکەیدا هەڵاتنە لوبنان. حەبەش دەرچووی فاکەڵتی پزیشکی زانکۆی ئەمەریکی بەیروتە، ماوەی چەند ساڵێک لە کلینیکی پزیشکی کەمپی ئاوارەکان کاری کردووە، دواتر خۆی بۆ دەرکردنی جوولەکە لە ئیسرائیل و گەڕانەوەی پەنابەرانی ١٩٤٨ بۆ سەر حاڵ و ماڵیان تەرخانکرد. دوای شەڕی شەش ڕۆژە ڕێکخراوێکی تۆندڕۆی مارکسی بە ناوی بەرەی ڕزگاریخوازی میللی فەڵەستین دامەزراند.

بە پێچەوانەی عەرەفات، حەبەش بڕوای بەوە بوو کە کاری تیرۆریستی لەناو سنوور و ناوچەکانی چواردەورەی ئیسرائیل بۆ وروژاندنی جیهان هیچ کاریگەری نابێت، بەڵکوو لەوە واوەتر چوو، داوای کرد پێویستە لە دەرەوەی خاکی ئیسرائیل کردەوە بکرێت بۆئەوەی ببێتە مانشێتی ڕۆژنامەکان و ڕای جیهانی بە بەرژەوەندی تێکۆشانی فەڵەستین بوروژێنێت. لە سالی ١٩٦٨ دوای چەند مانگێک لە ئامادەکاری ورد و نهێنیدا سێ تیرۆریستی بەرە، خۆیان کردبوو بە گەشتیار بە فڕۆکەی ئەل ئال لە ڕۆماوە گەیشتنە لیدا، لە ناوەڕاستی گەشتەکە بە

سەرنشینەکانیان گووت فڕۆکەکە رفێنراوە و بە زەبری چەک فڕۆکەوانەکەیان ناچار کرد بەرەو جەزایر بڕوات، دوای گفتوگۆیەکی چڕ و پڕ، ڕفێنەران لەبەرامبەر ئازادکردنی ئەو تیرۆریستانەی لە ئیسرائیل زیندانی بوون، سەرنشینەکانیان ئازاد کرد. سەرکەوتنی ئەم کردەوەیە بەرەی ڕزگاریخوازی میللی فەڵەستینی هاندا زنجیرەک ڕفاندنی دیکەش بەرامبەر فڕۆکەی ئیسرائیلی و پەلامارەدانی دەزگاکانی ئیسرائیل لە ئەوروپا ئەنجام بدات. هەواڵی ئەو پەلامارە تیرۆریستیانە لە سەرانسەری جیهاندا دەنگی دایەوە، بەتایبەتی لە وڵاتانی عەرەبیدا کە بەهۆیەوە ناوبانگی بەرە بەرز بوویەوە و بووە هۆی ئەوەی پلەدارە باڵاکانی فەتح چەند شەو نەخەون، هەروەها لەسەر دیوارەکان شت دەنووسران، عەرەفاتیش نەیدەتوانی خۆ لە خوێندنەوەیاندا بە دوور بگرێت. عەرەفات لەوە گەیشت حەبەش لەسەر هەقە: کاتی ئەنجامدانی کردەوی تیرۆریستی گەورە گەیشتووە، مایەی قبوڵکردن نییە بکەوێتە دواوەی جۆرج حەبەش کە بەو ڕێکخراوە بچووکە زۆر لە ڕێکخراوی فەتحی خاوەن هەزاران چەکدار بە دەستترە، بۆیە بۆ عەرەفات سەرکەوتن بووە کارێکی حەتمی، هەر زوو پلانێکی داڕشت کە ئەو و گرووپەکەی بەرە و ئاراستەیەکی دروست بجوڵێنێت.

بە پەلە عەلی بانگی نووسینگەی عەرەفات کرا و فەرمانی پێکرد و گووتی: جانتای خۆت بپێچەوە بەیانی سەردانی قاهیرە دەکەیت.

دواتر مەبەستی سەردانەکەی بۆ عەلی ڕوونکردەوە کە مەشقکردنە بە گرووپێکی متمانە پێکراو لە گەنجانی فەتح لە بنکەی خزمەتگوزاری نهێنی میسرِدا، نۆ لە ئەندامانی گرووپەکە زمانی بیانیشیان دەزانی دەرچووی زانکۆ بوون، ئەوانیدیش بکوژی پرۆفیشناڵ بوون، لە قاهیرە لەسەر دروستکردنی ناسنامەی ساختە، ئەنجامدانی کردەی تیرۆریستی ئاڵۆز، تیرۆرکردنی رکابەرە سیاسییەکان، دامەزراندنی ماڵی ئارام و هەڵاتن لە یاسا مەشق بکەن. لە ڕێگەی

گەڕانەوەیاندا بۆ عەمان دوای چەند مانگ لە مەشقکردن، نۆ کەسەکە بنکەیەکی یەکەی ئۆپەراسیۆنیان دامەزراند بۆئەوەی لە دەرەوەی سنووورەکانی ئیسرائیل پەلاماری تیرۆریستی ئەنجام بدەن. ئەم یەکەیان بە ناوی هێزی ١٧ ناوزەد کرد کە دواجار بووە سەرچاوەیەکی مەزنی شانازییەکانی عەرەفات.

سیلڤیا لە ماوەی مەشقدا زۆر کاتی نەبوو، بەڵام بە لانی کەم کۆتایی هەفتەی لەبەر دەستدا بوو، ئەو ماوەیەشی بە سەیران کردنی هەموو دەڤەرەکانی وڵات بەڕێ دەکرد، لە ئاوی دەریادا مەلەوانی دەکرد و وێنەی دیمەنەکانی دەگرت. لەوەش ئاگادار بوو کە هەرگیز نابێت وێنەی کەسێک یا شتێکی پەیوەست بە مەشقەکەی بگرێت.

سیلڤیا لەبارەی هیواکانی قسەی بۆ لێکۆڵیارەکانی کرد و زانیاریەکان کرانە ڕاپۆرت و درانە فەرماندەکانی یەکە، ئەوان بە بیستنی ئەمە خۆشحاڵ بوون و بڕیاریاندا بیکەن بە فۆتۆگرافەرێکی پرۆفیشناڵ، فۆتۆش لە چیرۆکی نهێنیدا کە لە سیلڤیا پەرەی پێدرا ڕۆڵێکی گەورەی گێڕا.

هەرچەندە لە مەشقدا بوو، بەڵام ڕێنوێنی کرا ناوی خۆی لە کۆڕسێکی پێشکەوتووی فۆتۆگرافی لە لای پاوڵ گۆڵدمان تۆمار بکات. پاوڵ یەکێک لە فۆتۆگرافە دیارەکانی ئیسرائیل بوو، سیلڤیا وەک کۆچبەرێکی نوێ خۆی پێناساند کە گوایە ئەشقە وێنەگرتنە و بڕیاری داوە لەم بوارەدا تواناکانی خۆی پەرە پێبدات.

گوڵدمان پرسیاری کرد: بۆ منت هەڵبژاردووە؟

پێشتر مۆساد چەند نموونەیەکی لە وێنەکانی گۆڵدمانی پێدابوو، سیلڤیا گووتی: لەبەرئەوەی من بە وێنەکانی ئێوە سەرسامم.

گوڵدمان جەختی کردەوە و گووتی: ئاخر هەرزان نییە.

سیلڤیا: نرخ لای من کێشە نییە.

گۆڵدمان بە بنەچە خەڵکی بۆداپێست بوو بەردەوام پایبی لە دەم بوو، لەگەڵ دینای هاوسەری و مەدینەی کچی لە ئەپارتمانتێکی بچووکی گوندی کفار سابا دەژیا، بەڵام فۆتۆگرافەرێکی پیشەگەربوو، ناوبانگی لە ئیسرائیل و سەرانسەری جیهاندا هەبوو. یەکێک لە وێنە هەرە بە ناوبانگەکانی، وێنەی لەسەر وەستانی بنگۆریون بوو لە کەنار دەریادا کە ژمارەیەک لە ڕۆژنامەکانی وڵاتان ئەو وێنەیان لێی کڕیبۆوە و زۆرجاری دیکەش لە لایەن ئەو ڕۆژنامانەوە داوای فۆتۆی ئۆڕیجنالّی دیکەی لێکراوە.

لەگەڵ ئەوەی گۆڵدمان فۆتۆگرافەرێکی پیشەگەربوو، بەڵام هەندێک سیفەتی ئەرێنیشی هەبوو، سووکایەتی بە زۆربەی خەڵکی دەوروبەری خۆی دەکرد، تەبیعەت خراپبوو، لە سووکایەتی کردنی هەرکەسێک کە بێزاری دەکرد، خێرابوو. ئەگەر پێویستی بە پارە نەبا، لەو کەسانە نەبوو ئەزموونی پیشەگەری خۆی بە سیلڤیا یا هەر کەسێکی دی بدات.

فۆتۆگرافەرە بااڵبەرز و ڕەقەڵەکە، قەمبوریەکەی پێشانی دەدا کەوتۆتە ژێر باری گرانی جیهان، بە ساردی وەڵامی داواکەی سیلڤیای دایەوە و پرسیاری لێکرد، دەخوازێت وەک فۆتۆگرافەرێک گوێبیستی ئەزموونی پێشووی بێت، کاتێک سیلڤیا هەندێک لە وێنەکانی خۆی نیشاندا، سووکایەتی و گاڵتەی پێکرد.

منگاندی و گووتی: تۆ هیچ نازانیت.

بە نادڵی وانەی یەکەمی بۆ ناساندنی سیلڤیا بە هەندێ کار و وەزیفەی کامیرا تەرخانکرد و هەندێ کاری فێرکرد کە سیلڤیا هەر نەشیدەزانی ئەوانە هەن.

گۆڵدمان گووتی: بەیانی جارێکی دی دەچم وێنەی بنگۆریۆن دەگرم، لەگەڵم وەرە و دوای میتۆدی کارەکانم بکەوە، بەڵام ئەوەت لە بەرچاو بێت، من کاتم نییە هەموو شتێکت بۆ ڕوون بکەمەوە. پشت بە زیرەکی خۆت ببەستە، بۆ خۆت ئەو شتانە ئاشکرا بکە کە ئەنجامیان دەدەم.

ڕۆژی دواتر بەرەو ماڵی بنگۆریۆن لە شەقامی سندوقی نیشتمانی جووڵەکە لە تەڵئەڤیڤ هاژووتیان (ئێستا شەقامی بنگۆریۆنە). پاوڵای هاوژینی بنگۆریۆن بە گومانەوە چاوی لە سیلڤیا بڕی تا ئەوکاتەی گۆڵدمان وەک یاریدەدەری خۆی پێی ناساندن. پاوڵا بە گاڵتەجارییەوە گووتی: ئەو زۆر جوانە ببێتە فۆتۆگرافەر. بنگۆریۆن خودی خۆی گرنگی بە چیرۆکی ژیانی سیلڤیادا و زۆر بەو ڕاستییە سەراسیمە بوو کە وەکو خۆبەخشێک گەیشتۆتە ئیسرائیل، پێشنیازی کرد ئەویش وێنەی بگرێت، بەڵام چاو تێبڕینێکی تووڕەی پاوڵا، وای لێکرد ئۆفەرەکەی بکێشێتەوە.

گۆڵدمان و سیلڤیا گەڕانەوە ستۆدیۆکەیان لە کفار سابا و لە پرۆسەی شوشتنەوە و چاپکردنی وێنەکاندا بەشداری بە ویشکرد. بە هۆی بۆنی قورسی مادە کیمیاوییەکان سیلڤیا ژانەسەری گرت، بەڵام گللەیی نەبوو. کاتێک وێنەکان ئامادەبوون گۆڵدمان گۆڤەکەی داگیرساند، سیلڤیا بە کواڵێتی وێنەکان حەپەسا و گووتی: "من هەرگیز بەم ستانداردە بەرزە ناگەم." گۆڵدمان بێ پێکەنین وەڵامی دایەوە: "تۆ هەرگیز وەکو من باش نابیت، بەڵام بە هەوڵدانی بەرچاو، لەوانەیە کەمێک نزیک بکەویتەوە."

سیلڤیا هەستی کرد لەگەڵ هەر وانەیەکدا باشتر فێر دەبێت. گۆڵدمان سیلڤیای فێرکرد چۆن وێنەی دیمەنی سرووشتی و وێنەی خەڵک لە نزیک و دوورەوە بگرێت، هەروەها چۆن فۆکس لەسەر بابەتەکان بکات و بایەخ بە وردەکارییەکان

بدات. سیلڤیا هەر کۆمێنێتێک یا هەر ڕێنوێنییەک کە گۆڵدمان دەیدا، بە تاسەوە ئەزبەری دەکرد. چونکە دەیزانی بۆ ئایندەی وەک جەنگاوەرێکی نهێنی لە یەکەی ئۆپەراسیۆنی نهێنیدا فێربوونی وێنەگرتن کارێکی جەوهەرییە و مەزەندەی دەکرد ڕەنگە بە ئەرکێکی سیخوڕی بنێردرێت و لێی بخوازرێت وێنەی بارەگایەکی نهێنی دوژمن یان وێنەی شوێن پێی تیرۆریستان بگرێت.

بۆ ماوەی سێ مانگ بە ڕێکوپێکی فۆتۆگرافەرە بەناوبانگەکەی دەبینی، تێبینی چۆنیەتی بڕیاردانی گۆڵدمانی کرد کە وەک باشترین وێنە، کام لەقتە بۆ ڕۆژنامەکانی ناوخۆ و دەرەوە بنێرێت و ئەو نامانەی دەخوێندەوە کە لە ئیدیتەری ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی ئەمریکا و ئەورووپاوە بۆی دەهاتن، لەوەش گەیشت کە لە سایەی ڕاسپاردەکانیەوە چۆن وێنەکانی باشتر بگرێت، ڕۆژێکیان کاتێک سیلڤیا وێنەکانی خۆی، کە وێنەی منداڵێک بوو لە پارکێکی گشتیدا، بە گۆڵدمانی نیشاندا، بۆ یەکەمجار ستایشی کرد و گووتی: خراپ نییە.

کاتێک فەرماندەکانی یەکە سەیری وێنەکانی سیلڤیایان کرد بە بینینیان زۆر کەیف خۆشبوون.

لە کۆتایی مەشقەکەیدا لە ئەپارتمانتی تایبەت بە ڕاهێنان سیلڤیا چاوی بە ئەبراهامی مامۆستا و گادی فەرماندەی قوتابخانەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت کەوت، دەفتەرێکی ئەستووری لەگەڵ خۆیدا هێنابوو کە تێبینییەکانی خۆی تایبەت بە پرۆگرامی مەشق نووسیبوو. دەستی بە خوێندنەوەی تێبینییەکانی کرد:"لە ماوەی مەشقەکەمدا، لەبارەی بابەتەکانی خوێندندا هەموو مامۆستاکان پڕۆفیشنال و پڕ زانیاری بوون. دەمەوێت سوپاستان بکەم بۆ ئەو دەرفەتەی پێتان بەخشیم بەوەی لەگەڵ ئەو مامۆستا نازدارانە کار بکەم کە زۆر زانا و دانا بوون. وێڕای ئەو ڕاستییە زۆرجار بە پێدانی کاتی سەخت و هەوڵی سنووردارکردنی تواناکانم، دواجار واتان

کرد هەست بکەم ئەرکێکم لە ئەستۆیە. من سوپاسی یەک بە یەکەتان دەکەم بۆ ئەو زانیارییانەی پێتان دام و ئەو ئەزموونە لە بیر نەکراوانە کە لەسەر دەستی ئێوە ڕاهێنانم لەسەر کردوون.

پرۆگرامی ڕاهێنانەکە بۆ دۆزینەوە و تاقیکردنەوەی تواناکانم دەرفەتی زۆریان بۆ ڕەخساندم، هەندێکیان بڕێکی زۆر لە هێزی جەستەیی و هۆشمەندیان دەویست کە هەندێک جار خۆم نزیک لە شکان دەبینیەوە. گەورەترین کێشە کە دەبوو لە ماوەی مەشقدا خۆمی لەگەڵدا ڕابهێنم، تەنیایی بوو، وەک دەزانن، من لە بنەماڵەکەم دابڕاوم و پەیوەندی کۆمەڵایەتی تۆخم دروست نەکردووە، زۆرجار خۆزگە دەخوازم بتوانم لەگەڵ خەڵکی دی هەست بە سەربەستی و ڕەحەتی بکەم، بەڵام تێدەگەم، ئەگەر بمەوێت ببم بە جەنگاوەر، پارێزگاری کردن لە دوور هێشتنەوەیان ئەو نرخەیە کە دەبێت بیدەم. لەگەڵ خۆم ئەوەم دووبارە دەکردەوە کە بۆ تێگەیشتن لە دوا ئامانجم، دەرفەتێکم پێدراوە لە سەرووی هەموو بایەخدانێکی کەسییە. بە زاڵبوونم بەسەر هەستە تایبەتیەکاندا زۆر دڵخۆشم.

مۆتی کفیر-گادی بە سۆزەوە گووتی: سوپاست دەکەم، بۆ یەکەمجاریش ناوە ڕاستەقینەکەی خۆی بۆ ئاشکرا کرد.

سیلڤیا بەرەو لای دۆڵابی ژوورەکەی چوو، کە گەنجینە سەرمۆرەکەی تێدا هەڵگرتبوو، گەنجینەکەی کردەوە و دوو پۆرتریتی دەرهێنا کە خۆی کێشابوونی، یەکێکان پۆرتریتی ئەبراهام، ئەویدیش پۆرتریتی مۆتی بوو.

گووتی: ئەوە یادگارییە لە منەوە بۆ ئێوە.

...بە سەرسوڕمانەوە لە پۆرتریتەکەیان ڕوانی و سوپاسیان کرد.

بە بۆنەی ماڵئاوایی کردنی، لە ڕێستۆرانتی زیۆن لە گەڕەکی یەمێنیتا ڤاینیارد ئێوارە خوانێکیان بۆی ڕێکخست، دوای ئەوەی لەسەر مێزەکەیان ڕووینشتن، ئەبراهام گووتی: من دیاریەکم بۆ تۆ هەیە.

ئەبراهام پاکێتێکی دایە دەست سیلڤیا کە سێتێک بۆیەی ئاوی و کۆپیەک لە شیعرێکی بە ناوبانگی ڕۆدیارد کیپلینگی تێدا بوو بەناوی "ئەگەر"

چەند ڕۆژێک دواتر، ئەبراهام ئەم یاداشتەی دەرکرد:

بەڕێز گەورەم،

بە کۆتایهاتنی ماوەی بنچینەیی ڕاهێنانی سیلڤیا ڕافائیل، دەخوازم ژمارەیەک کۆمێنتتان بۆ بنووسم:

١-پاڵێوراو خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزە، کەسێکی زیرەک و دانایە، توانای فێربوون و وەرگرتنی بڕێکی زۆر لە زانیاری هەیە. توانایەکی نایابی لە دروستکردنی پەیوەندیدا هەیە، هەستێکی زۆر پێشکەوتووی ڕێزگرتنی هەیە، لە تەنگانەدا شپرزە نابێت و توانای جیاکردنەوەی شتی جەوهەری لە لاوەکیدا هەیە، گیانی جووێتی بەرزە.

٢- ئەو ئەرکانەی بە پاڵێوراو سپێردرا وەک خۆی جێبەجێکردن، ئەگەرچی هەندێکجار سەختیش بوو.

٣- لەبارەی هیچ سەختیەک گوێم لە گللەیەکی ئەو نەبووە. کاتێک بۆ وانەی داهاتوو داوای فێربوونی بابەتی لێدەکرا، هەندێجار تا شەو دەیخوێندەوە لەپێناو ئەوەی بۆ ڕۆژی دادێ ئامادە بێت.

٤-هەموو مامۆستاکانی ستایشی دەکەن، لە ماوەی مەشقەکەیدا نمرەی نایابی وەرگرتووە، توانایەکی باشی دزەکردنی ناوچەی پاسەوانکراوی هەیە و

سەرکەوتووانە ئەرکەکانی لێکۆڵینەوەی بڕیووە.

٥-بە ڕوانینی خۆم توانایەکی دەگمەنی هەڵکردنی لەگەڵ دۆخە سەختەکان، بە سەربەخۆ کارکردن و جێبەجێکردنی باشترین شێوەی ئەوەی لێی داوا دەکرێ، هەیە.

دڵسۆزتان

ئەبراهام گەمەر

ڕۆژەکانی سیلڤیا لە قوتابخانەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت کۆتاییان هات، کاتی ئەوە هاتووە بەشی ئۆپەراسیۆنەکان سەرپەرشتی هەنگاوە گرنگەکەی دادێی سیلڤیا بکات.

ئامی، بەڕێوەبەری بەشی ئۆپەراسیۆنەکان، پیاوێکی تەمەن چڵ ساڵی باڵابەرزی چاویلکە لە چاوی (چاویلکەی هەتاوی) جوولەکەی بە بنەچە و ڕەفتار ئەڵمانی بوو: هەق و ڕەق، وردبین و ڕووگرژ.

مۆتی، لەگەڵ خۆیدا ئامی هێنایە ئەپارتمانتەکەی سیلڤیا و پێی ناساند.

ئامی بێ هیچ ئحمێک بە سیلڤیای گووت: تۆ لە سەروبەندی وەرگرتنی ناسنامەیەکی جودای، ئەمەش پرۆسەیەکە چەند مانگێک دەخایەنێت، لە قۆناغەکانی بەراییدا یەکێک لە ئێمە یارمەتیت دەدات، دواتر ئەفسەری سەرپەرشتکارت بۆ دادەمەزرێندرێت و ئەرکەکانت لەو وەردەگریت.

"تێگەیشتم"

"بە زۆری بە تەنێ کار دەکەیت، هەندێجاریش لە خاکی دوژمن. ئەمە کارێکی ئاسان نابێت: بە شێوەیەکی گشتی لەوانەیە کەس لە دەوروبەرت نەبێت فەرمانت بداتێ، بۆیە هەندێجار دەبێت هەم فەرمانـدە هەم جەنگاوەر بیت، دەخوازێت

هەموو تواناکانی خۆت بەکاربهێنیت و هەموو ئەو شتانە جێبەجێ بکە کە فێربوویت بۆئەوەی سەربەخۆیانە کار بکەیت.

سیلڤیا سەری ڕەزامەندی بۆی لەقاند.

" ڕێنوێنیکارەکانت پێیان گووتم تۆ گشت ئەرکەکانت بە سەرکەوتوویی جێبەجێ کردووە بێ ئەوەی لە سەختییەکان بترسییت، بەڵام ئێستا کاتی تێستی ڕاستەقینەیە، گەورەترین ئالینگاری ژیانت، ئایا تۆ ئەمەت قبوڵە و ئامادەی قبوڵ کردنیت.

بە خۆشیەوە گووتی: بەڵێ قبوڵمە.

دوای وەستانێک، ئامی هیوای بەختێکی باشی بۆی خواست و تەوقەیەکی تووندی لەگەڵکرد و ڕۆیشت.

سیلڤیا تێگەیشت کە کارەکە بەو ئاسانیە نییە. یەکێک لە کۆسپەکانی کە دەبێت هەر جەنگاوەرێک بە سەریدا زاڵبێت، ململانێ بەردەوامەکانی نێوان ژیانی کەسی و داواکارییەکانی کارە. کەسەکە دەبێت لەوە حاڵی بێت کە ئەرکەکان لە پێشەوەی هەموو شتەکان دێن. لەوەها بارودۆخێکدا پلاندانان بۆ پێکەوەنانی خێزان کارێکی سەخت دەبێت، کاتێک ئامادەکاری بۆ دانانی ئەرکێک دەکرێت، جەنگاوەر دەبێت دەست لە ژیانی کەسی بەربدات و لە خستنەڕووی پاساوی بڕواپێهێنەری بێ کۆتایی بەردەوام بێت، هەروەها دەبێت تا ماوەیەکی بێ سنوور پابەندبوونەکانی وەک پەیوەندی ڕۆمانسی، چالاکی وەرزشی و هیواکانی لە پلە دووداِ بێت و دەبێت تەواوی بایەخدانەکانی لەسەر ئەرکەکەی بێت و هەمیشە لە سەروودا بێت، هەڵکردن لەگەڵ ئەو بارودۆخەشدا تەنیا بە دڵێکی ئاسنی و پاڵنەرێکی بەهێز بەدی دێت.

وەک بەیروووت، قاهیرە شاری فرە ڕوخسار بوو، بە پێچەوانەی شاری عەمانی زێدی عەلی، زۆربەی مەشقە دژوارەکان لە بنکەی هەواڵگری لە دەرەوەی شار بە ڕۆژ بەڕێوە دەچوون، بۆیە شەوانە دەرفەتی چێژ وەرگرتن هەبوو، عەلی بە زەوق بوو، چونکە هەستی بە ئازادی تەواو دەکرد و لە جاران ئازادتر بوو، هاوسەر و حەسەنی کوڕی لەگەڵدا نەبوو، بە دوورکەوتنەوەی لە کۆتی خێزانی زۆر ئاسوودەبوو.

قاهیرە خۆشییەکی ئەوتۆی پێ بەخشی کە هەموو شتی لە بیر کردبوو، ئاخر، بودجەیەکی کراوەی لە فەتح وەرگرتبوو، لە باشترین ژەمە خۆراکی ڕێستوڕانتە گرانبەهاکەی هوتێلی شیپەرد لە کەناری نیل خەرجی دەکرد. شەو لە یانەی شەوانەی هاڕونە ڕەشید سەما و چاوچاوانێی دەگەڵ کچان دەکرد، جغارەی هاڤانای دەکێشا، بە پیلی پێنان بەخشیشی بە گارسۆن و کچانی سەماکار دەدا، بەڵام جیاوازی لە نێوان بارودۆخی ئێستا و ژیانی پێشووی وەک سەرەڕۆیەکدا هەبوو: ئێستا هێڵێکی تووندی لە نێوان کار و لەزەتدا کێشاوە، مانۆرەکانی مەشقی بە جدی وەرگرتووە و جۆش و پابەندی تەنانەت بۆ بنچینەترین ڕاهێنانەکان نیشانداوە، زۆرجار بۆ ڕاهێنەرەکانی شیدەکردەوە کە هیوادارە ئەم مەشقە بۆ سەندنەوەی تۆڵەی مردنی باوکی ساز و تەیاری بکات.

عەلی لە مەشقەکەدا کۆششی زۆری کرد، وەک هەمیشە دەیخواست زیاتر دەرکەوێت و پەسنی جەماوەر بە دەست بهێنێت، توانای خۆی وەک نیشانەشکێنێک سەلماند و بووە دەریاوانێکی شارەزا. هەردوو تێستی پراکتیکی و تیۆری بە سەرکەوتوویی بڕی، ڕاهێنەرەکانی کە ئەندامی دەزگای خزمەتگوزاری نهێنی میسڕی بوون، بێ قەید و مەرج پەسنیان کرد و گەرمترین پێشنیازیان پێدا.

کاتێک گەڕایەوە عەمان زۆربەی کاتەکانی لە بارەگای فەتح بەسەر دەبرد، نانی

ئێـوارەی لەگەڵ دۆسـتەکانی دەخـوار، تەنیـا بـۆ خەوتـن بەرەو مـاڵ دەبـوویەوە. لەبارەی مانەوەی لە میسرِ هیچی بە هاوژینەکەی نەگووت.

یەکەی تایبەت لەو نـۆ پیـاوە پێکهـاتبوو کە لە میسـرِ لەگەڵ عەلـی مەشـقیان کردبوو، پلانیان بـۆ چـالاکی نێـودەوڵەتی دارِشـت و عەلـی یەکێـک لە بەرپرسـانی قۆناغی یەکەم بوو: شانەیەکی فەتحی لە ڕۆما دامەزراند و قوتابیانی فەڵەسـتین و یارمەتیـدەرانی نـاوخۆی بـۆ جێبەجێکردنـی پەلامـاری تیرۆریسـتی لەسـەر خـاکی ئەورووپا بە سەربازگرت، عەلی دەرفەتی گەشتکردنی بـۆ ئیتاڵیـای لە دەسـتنەدا و چەشـەی لە گەشـتی ئەو ئەرکـانە دەبینـی کە لە کـۆنە عەمـانی بێـزارکەری دوور دەخستەوە، عەرەفاتیش بۆ مانەوەی لە ڕۆمادا کاتی بۆی دیاری نەدەکـرد، ئەمەش هێندەی دی لەگەڵ مەزاجی عەلی دەهاتەوە.

بەسەربردنی کات لە ڕۆمـا دەرمـانی دەردەکـانی بـوو، چـونکە ڕۆمـا زۆر لەوە خۆشتر بوو کە خەیـاڵی دەکـرد. ڕۆمـا لێوانلێـو بـوو لە شـوێنە دڵگیرەکـان هەر لە کافێکانی ڤیا ڤێنتۆوە بگرە تا یانە شەوانەکانی کە پڕ لە ئافرەتانێک بوون ئامـادەی هەموو جۆرە سەرکێشیەک بوون، بۆیە ئاسان بوو عەلـی بکەوێـتە ژێـر کـاریگەری خۆشـییەکان و دامەزرانـدنی شـانەکەی فەتحـیش هـیچ بـاجێکی لەسـەر نەبـوو، هەروەهـا لە بەسـەربازگرتنی خەڵکـی نـاوخۆی فەڵەسـتین و قوتابیـانی لاگیـر لە کێشەی فەڵەستینیشدا کێشەی نەبوو.

عەلی بەیانیـان زوو لە خەو ڕانەدەبـوو، ڕەنـگە بە هـۆی زۆر خـواردنەوە بـوو بێت، سەرەتا کوپێـک قـاوەی فـڕ دەکـرد و هەمـوو ڕۆژەکە بیـری لە دۆزینـەوەی شوێنێکی لەبار بۆ نێوەندی ڕێکخراوەکە دەکردەوە، دواجار لە نهـۆمی خـوارەوەی باڵاخانەیەکی نزیک تـاقگەی تریڤـی ئەپارتمـانتێکی بە کـرێ گـرت، گرووپەکەشـی هەرزوو تـابڵۆی یـانەی دۆسـتایەتی عەرەب- ئەورووپایـان بە دەروازەکەیـدا

هەڵواسی. عەلی زۆربەی کاتەکانی لە ناو زانکۆ لۆکاڵیەکان بەسەر دەبرد بە مەبەستی دروستکردنی شانەیەکی تێکەڵاو لە قوتابیانی عەرەب و ئەوڕووپی، ئەو ئەوڕووپیانەی پشتیوانی کێشەی فەڵەستین بوون بۆئەوەی لە کاتی خۆیدا کاری تیرۆریستی ئاڵۆز ئەنجام بدەن. کاتێک لە لایەن یەکێتی قوتابیانی زانکۆی ئیتاڵیاوە بۆ پانێڵێکی تایبەت بە مەینەتی پەنابەرانی ١٩٤٧ بانگهێشتی عەلی کرا، قوتابیانی ئیسرائیل و جوولەکە ڕێگەیان نەدا تەنانەت زاریش بکاتەوە، لە هۆڵە گەورەکەدا بووە شەڕ تا پۆلیس هات و شەڕەکەی بڕاندەوە.

کاتێک عەلی لە ڕۆما ئەرکەکەی تەواو کرد، لە نامەیەکدا عەرەفات داوای لێ کرد خزمەتێکی بچووکی موعەمەر قەزافی دۆستی بکات. لە نامەکە هاتبوو: "لە چەند کاتژمێری دی پاکەتێکت پێدەگات کە لە لایەن دیپلۆماتێکی باڵیۆزخانەی لیبیا لە ڕۆما نێردراوە."

چەند خولەکێک دواتر دیپلۆماتکارەکە کە یارمەتیدەرێکی سەرسەختی فەتح بوو، تەلەفۆنی بۆ کرد و واده و شوێنی دیدارەکەی لە گەراجی وێستگەیەکی شەمەندەفەر دیاریکرد. کاتێک عەلی گەیشتە شوێنی دیاریکراو، دیپلۆماتەکە پاکەتێکی دایە عەلی کە سێ تفەنگ و ئامێری بێدەنگ و تەقەمەنی تێدا بوو لەگەڵ ئەدرێس و ژیانی ڕۆژانەی کۆچبەرێکی تەڕابلوسی کە دوژمنی باوەکوشتەی قەزافی بوو.

دیپلۆماتەکە گووتی: دەبێت ئەو پیاوە بکوژیت.

عەلی هەرگیز ناوی ئەو کەسەی نەبیستبوو، بەڵام دەیزانی قەزافی بەرامبەر لەناوبردنی ئەو پیاوەی هێندە ڕقی لێی دەبێتەوە سوپاسی عەرەفات دەکات. بە یارمەتی دوو قوتابی ئوردنی کە پێشتر ڕایکێشابوونە ڕیزی فەتح لە ڕۆما، عەلی شوێنی قوربانی داهاتووی دیاریکرد و بڕیاریدا خۆشی بەشداری ئۆپەراسیۆنەکە

بکات.

لە شەوێکی تاریکی ئەنگوستە چاودا، دوای چاودێرییەکی چڕی ماڵی پیاوەکە، ئامانجەکە لە دەرگای پێشەوەی ماڵەکەی دەرکەوت، دوو قوتابیەکە تەقەیان لە پیاوەکە کرد و ڕەڤین، عەلی لە شوێنی خۆی مایەوە، دواتر لە پیاوە بریندارەکە نزیک کەوتەوە کە لەسەر شۆشتەکە کەوتبوو، لە نزیکەوە تەقەی لێکرد کە دڵنیا بوو مردووە خۆی لە تاریکیدا بزر کرد. ئەمە یەکەم کاری عەلی بوو کە بەدەستی خۆی خەڵک بکوژێت، ئەم کارەش وای کرد هەست بە ڕەزامەندی و خۆشحاڵی بکات.

ڕێنوێنیکارانی سیلڤیا بەوە دڵخۆشبوون، کاتێک زانیان سیلڤیا بە سەرکەوتوویی ماوەی مەشقەکەی تەواو کردووە، چونکە بەشی ئۆپەراسیۆن جەنگاوەری نهێنی لەو تەرزەیان پێویستبوو.

هەرچەندە هێشتا ڕێگەیەکی درێژ و سەخت لەپێش سیلڤیا ماوە بۆئەوەی ئامادەی دەست پێکردنی یەکەم ئەرکی بێت، بەڵام دەبوو شوێنەواری هەر پەیوەندییەکی بە ئیسرائیل و باشوری ئەفریقا بپچڕێنێت و ناسنامەیەکی نوێ دروست بکات، بەڵام لەبارەی سروشتی ناسنامە نوێکە یان ئەو شوێنەی بۆی ڕەوان دەکرێت، هیچ کەسێک قسەی لەگەڵدا نەکردبوو، تەنیا دەیزانی بەم زووانە ئەو کەسە دەبینێت کە لە لایەن بەشی ئۆپەراسیۆنەوە هەڵبژێردراوە، هەنگاو بە هەنگاو سەرکردایەتی بکات.

ئەو پیاوە ناوی ئیسحاق بوو، لە ئەڵمانیا لە دایکبوو، کوڕی پزیشکێکی بەناوبانگ بوو کە لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا وەک ئەفسەر لە سوپای ئەڵمانیا خزمەتی کردبوو، هەروەها خەڵاتی خاچی ئاسنی وەرگرتبوو. بنەماڵەکەی لە خانووبێکی جوان دەژیان و داهاتێکی باشیان هەبوو، لە لایەن کەسوکار و

دۆستانیشیانەوە قەدرگران بوون. پێشتر ئیسحاق بنەماڵەکەی هوشیار کردبووە کە کارەساتێک بەڕێوەیە، بە سامەوە لە پەرەسەندنی نازییەکانی ئەڵمانیای سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی دەڕوانی، بڕوای وابوو بارودۆخی جووەکان بەرەو خراپتر دەڕوات، بۆیە لە باوانی پاڕایەوە بۆ فەڵەستین کۆچ بکەن، بەڵام ئەوان ڕەتیان کردەوە و بڕوایان وابوو بەهۆی تۆماری نایابی خزمەتەکانی باوکیان بەر لە شەڕی جیهانیدا نازییەکان ئازاری ئەوان نادەن. نازییەکان ڕایەکی دیکەیان هەبوو، دواجار باوانی ئیسحاقیان ڕەوانەی ئۆردوگای دەستگیرکردن کرد و لەوێ مردن، بەڵام ئیسحاق کە پێشتر بە تەنێ کۆچی کردبوو، لە مردن ڕزگاری بوو.

ئیسحاق لەگەڵ خێزانێکدا لە حەیفا ژیا و لە قوتابخانەی ریالی عیبری دەستی بە خوێندن کردبوو، دواتر بە خۆبەخش چووە ڕیزی سوپای بەریتانیا و وەک تۆپچی لە شەڕی سەربەخۆیدا بەشداربوو. بە ماوەیەکی کورت دوای ئەوەی بە پلەی موقەدەم لە سوپا خانەنشینبوو، پەیوەندی بە ڕیزەکانی مۆسادەوە کرد و بووە بەرپرسی ڕێکخستنی کۆچکردنی نهێنی جووەکانی ئەفریقای باکوور بۆ ئیسرائیل. ئێستاش بۆ تاوتوێکردنی قۆناغی دواتری گواستنەوەی سیلڤیا ڕافائیل بۆ جەنگاوەر لە بارەگای یەکە بانگ کراوە. ئەمەش چەند ڕۆژێکی کەمە پاش گەڕانەوەی لە جێبەجێکردنی ئەرکێک لە باشووری ئەفریقا، هەرچەندە بە دامرکاندنەوەی تووڕەیی هاوژینەکەی زۆر سەرقاڵبوو، لەبەرئەوەی هاوژینەکەی پۆستکاردێکی لە هاوسەرەکەی بە دەست گەیشتبوو کە تێیدا ئاماژە بەوە کرابوو لە گەشتی نیشانشکێنیە لە ئەفریقا. بەڵام لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆی ئاشکرابوو کە لە بەشێکی جودای جیهان بووە.

ئیسحاق پیاوێکی کورتیلە، هێمنی کۆنێزرڤاتیڤ بوو، زۆر بە ئاسانی خۆی لەناو قەرەباڵغی دەپەستا بێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات، بەڵام دانا، زیرەک، متمانە بەخۆ، پشت بەخۆبەستوو، بوێر و وریا بوو. حەوت زمانی دەزانی و لە یەکەی

ئۆپەراسیۆنی تایبەت ناسراوبوو بەوەی دەتوانێ لە هەر بەشێک ڕۆڵ بنوێنێت و خۆی بگۆڕێت و بخزێتە هەر باکگراوندێک.

لەبەر داناییەکەی، ئیسحاق لە ڕیزەکانی ئەو تیمە وەرگیرا کە بۆ لەناوبردنی جەلادەکەی ڕێگای "هێربەرت زوکەرز" نارادرا. هێربەرت فڕۆکەوان و ئەندازیارێکی خەڵکی لاتڤیا بوو، لە شەڕی دووەمی جیهاندا لە کوشتنی هەزاران جوولەکە هاوکاری نازییەکانی کردبوو. زوکەرز، پیاوێکی دەموچاو سوورکەی پڕچ ماش و برنج بوو لە نزیک ساوپاوڵۆ- بەرازیل دەژیا کە دوای شەڕ وەک پەناگە خۆی لێ حەشاردابوو. بە شایەتی ڕزگاربووەکان، زوکەرز پارە و شتی گرانبەهای زۆری لە قوربانییەکان دزیووە، پارەیەکی زۆریشی لەپێناو هەڵاتنیدا بۆ ئەمەریکای باشوور و بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی بەرزایلی خەرج کردووە. لەوێ تا ڕادەیەک مووفلیس بوو، قوتی ڕۆژانەی بە بەلەمی بەندەرەکە و فڕۆکەی ئاوی لەکاتی پشوودا پەیدا دەکرد، هاوژین و کوڕ و زڕ کچەکەشی لەو کارەدا لەگەڵیدا بوون.

ئیسحاق لە ژێر پەردەی بزنسمانێکی نەمساوی خۆی گەیاندە لای زوکەرز کە گوایە سامانێکی زۆری هەیە و دەخوازێت لە بواری پیشەسازی گەشتیاریدا لە ئەمریکای باشوور وەبەرهێنان بکات. یۆسکا یاریف فەرماندەی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت، هەرچەندە پێشتر کورتەیەکی لەبارەی ئەرکەکە بۆ باس کرابوو، بە ئیسحاقی گووت: بە پێی سەرچاوەکانمان زوکەرز دەزانێت ژیانی لە ژێر مەترسیدایە، تا ڕادەیەک لە هەموو کەسێک بە گومانە و لەوانەشە بە ئاسانی ئەو چیرۆکەت لێ نەکڕێت.

ئیسحاق بە پێکەنینەوە: دەیبینین.

یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت پاسپۆرتێکی نەمساویان بە ناوی ئەنتۆن کینسێلە بۆ ئیسحاق چێکرد و بە مەبەستی داڕشتنی چیرۆکە نهێنییەکەی ڕەوانەی

نەمسایان کرد. ئیسحاق لە نەمسا نووسینگەیەکی بە کرێ گرت و کارتی بزنسمانی خۆی ئامادە کرد، ژمارە بانکێکی بە ناوی کۆمپانیایەکی ساختە کردەوە و هەموو شتێکی پەیوەست بە سەلماندنی دانیشتووی ئەم شوێنەی پەیدا کرد، هەر لە وەسڵی ئوتووچییەوە بگرە تا بە تیکتی پاس و سینەما و وەسڵی چاویلکەی خوێندنەوە ڕادەگات، ئەمانەی هەموو خستە گیرفانی ئەو پانتۆڵانەی بۆ گەشتەکەی بەرازیل بوخچەی کردبوون. تەنیا ئەو جلوبەرگانەشی لەگەڵ خۆیدا برد کە لە نەمسای کڕیبوون، تەنانەت فڵچەی ددان و ماکینە کارەباییەکەی ڕیش تاشینیشی دروستکراوی نەمسا بوون.

پێشتر لە بەرازیل "کینسێلە" خۆی بە وەبەرهێنەرێکی پارەداری ئەورووپی ناساندبوو، پەیوەندیشی لەگەڵ وەزیری گەشتوگوزار دانابوو، ژمارە بانکیشی لە زۆر بانکی جودا کردەوە. چووە ساوپاوڵۆ و لەوێ لەو هوتێلەی تێیدا دەمایەوە گرووپێک بزنسمانی ناوەخۆی بانگهێشتی کۆبوونەوەیەک کرد، بە میوانەکانی گووت، نوێنەرایەتی گرووپێکی وەبەرهێنان دەکات کە دەخوازن پەرە بە کەرتی گەشتوگوزار لە باشوری ئەمەریکا بدەن، ئەویان بە مەبەستی دۆزینەوەی هاوبەشی بەرازیلی ناردووە. دواتر بردرایە چەند ناوچەیەکی گەشتیاری ناوخۆ بەو دەریاچەشەوە کە زۆکەرز بەلەمەکانی لێ ڕادەگرتن، کینسێلە وای پشاندا کە دەیەوێ لە ئاسمانەوە دیمەنەکان ببینێت و زۆکەرز بە خۆشحاڵیەوە بە فڕۆکە ئاوییەکەیەوە گەڕێکی پێ لێدا، لەم گەڕەدا سەرەتای پەیوەندی لە نێوانیاندا دروست بوو.

بە پێی وردەکاری ئەو پیلانەی هۆنرابۆوە، ئیسحاق و ئەندامانی تیمەکە تەڵەیان بۆ جەلادەکەی ڕێگا دانایەوە. ئیسحاق کە ئەڵمانییەکەی ڕەوان بوو، خۆی بە ئەفسەرێکی پێشووی ئەڵمانی ناساند کە لە شەڕی ستالینگراددا بریندار بووە، هاوکات لە قسەکانیدا زۆر هوشیار بوو نەبادا نوکتەیەکی ئەنتی سامی بگێڕێتەوە،

به مەراییەکانی بۆ زوکەرز خۆی کرد به میوانێکی خۆشەویستی ماڵەکەی. زوکەرزی بکوژ که به دوای ڕێگەیەکدا دەگەڕا بۆ ماوەیەک له کێشە دارایەکەی ڕزگاری بکات، خۆشحاڵی خۆی نەشاردەوە کاتێک ئیسحاق پێشنیاری دامەزراندنی زوکەرزی به مووچەیەکی بەرز وەک نوێنەری وەبەرهێنەرانی باشوری ئەمەریکا کرد. ئیسحاق له ڕێگەی نامەی به کۆد نووسراو بۆ ئەفسەری بەرپرس، باسی له پێشوەچوونەکان کرد، ئەویش به نۆرەی خۆی نامەکەی بۆ سندوقی پۆستەی مۆساد له ئەوڕووپا نارد.

کاتێک ئیسحاق له بەدەستهێنانی متمانەی زوکەرز دڵنیا بۆوە، بۆ مۆنتیڤیدیۆی پایتەختی ئۆرۆگوا بانگهێشتی گەشتێکی کاری کرد، پاشان له فڕۆکەخانەی لاتیڤیا سەرێکی بازاڕی زەوی و زاریاندا بەو بیانووەی لەوانەیە وەبەرهێنانی داهاتوویان بێت، تەنانەت به مەبەستی کڕینیان لەگەڵ خاوەنەکانیشیاندا گفتوگۆیان کرد، سەرەتا زوکەرز به حەزەوە هاوکار بوو، بەڵام کاتێک گەیشتنە شوێنی چوارەم، دڵی خرپەی کرد: شوێنەکە زۆر تاریک بوو، غەریزەکانی پێیان ڕاگەیاند که مەترسیەک له ئارادایە و هەوڵیدا ڕابکات، بەڵام کار له کار ترازابوو. سێ له جەنگاوەرەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەت پەلاماریاندا، زوکەرز که له ڕووی جەستەییەوە پتەوبوو، به ئاسانی خۆی به دەستەوە نەدا، وەک شێر شەڕی کرد و هەوڵیدا له دەست پەلاماردەران خۆی ڕاپسکێنێت، چونکە دەیزانی ژیانی لەسەر خۆ ڕزگارکردنی له پەلاماردەران وەستاوە، بەڵام ئەوان لەوی به تاقەتتربوون، دواجار به سێ گوللەی دەمانچەی بێدەنگ کۆتاییان به ژیانی هێنا.

ئیسحاق و تیمەکەی جەستەی زوکەرزیان خستە ناو سندوقێکی گەورەی دار که پێشتر ئامادە کرابوو، به زمانی ئینگلیزیش نووسیان زوکەرز له تۆڵەی کوشتنی جوولەکە کوژرا و به لەزگەش به سندوقەکەیانەوە چەسپاند و لەسەریان نووسی: " ئەوانەی هەرگیز له بیر ناکرێن"

پاشان پیاوەکانی مۆساد بەرەو فڕۆکەخانە ڕۆیشتن. تەنانەت ئیسحاق بە گێڕانەوەی ئەو ئۆتۆمبیلە و وەرگرتنەوەی ئەو پارەیەش ڕاگەیشت کە نواندبووی. ئۆرۆگوایان جێهێشت و بە خۆشی و شادییەوە گەڕانەوە ئیسرائیل، دوای ئەوەی کارەکەیان تەواو کرد بۆ حەسانەوە ڕەوانەی ماڵەوە کران.

دوای ئەوەی لە ئۆرۆگوا گەڕایەوە، فەرماندەی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بە دوای ئیسحاقی نارد و ئەرکێکی نوێی دایێ: کە دەبێت چیرۆکێکی نهێنی بۆ سیلڤیا چێ بکات و لە هەنگاوە بەراییەکانی بوون بە جەنگاوەری نهێنی یارمەتی بدات.

جارێکی دیکەش داوای لێکرا ئیسرائیل بە جێبهێڵێت، ئەمجارە بەرەو کەنەدا.

دوای گەڕانەوەی لە ڕۆما، عەلی سەلامە لە عەمان لە لایەن یاسر عەرەفات بە گەرمی پێشوازی لێکرا و هەردوو ڕومەتیشی ماچ کرد و پەسندبارانی کرد و ئاماژەی بەوەدا کە ئەرکەکەی بە پاکی بە جێگەیاندووە. شانەکەی فەتح لە ڕۆما بە نیانی کاری خۆی دەکرد، لە کوشتنی ئەو پیاوەی هەندەرانیش لەسەر داوای قەزافی، هیچ ئاسەوارێک بە جێ نەهێڵدرابوو تا پۆلیسی ئیتاڵیا دەستی بە ئەنجامدەران بگات. لە هەموو ئەوانە گرنگتر کە عەلی کۆی کردبۆوە لیستی ناوی ئەو گەنجانەی ئیتاڵیا بوو کە بۆ ئەنجامدانی هەر پەلامارێک ئامادەن، کاتێک داوایان لێبکرێت. عەرەفات ئاشکرای کرد کە عەلی ناگەڕێتەوە بەشی هەواڵگری ئەبو ئەیاد، بەڵکوو دەبێت لە پۆستێکی بەرزتر دابندرێت.

لەوکاتەی لە ڕۆما بوو، ئوردن بە شێوەیەک گۆڕابوو کە بە عەلی نەناسراو بێت، ئەمەش لە ٢١ی ئاداری ١٩٦٨ لەگەڵ دەست پێکردنی هێرشی هێزی بەرگری ئیسرائیل بۆ سەر کەرامی ڕوویدابوو. لەو هێرشەدا وێڕای لەناوچوونی چەند تانکێک و لۆری و ئۆتۆمبیلی زرێپۆش، زیاتر لە ٢٨ سەربازی ئیسرائیل کوژران و

سێ کەسیش بێ سەروشوێن بوون. لە هێرشەکەدا ١٨٨ سەربازی ئوردنی کوژران، عەرەفات توانی بە سواری ماتۆرسکیل خۆی لە مردن دەرباز بکات، ئیسرائیلەکان بەو ڕێگەیەی هاتبوون، بە هەمان ڕێگە گەڕانەوە.

فەڵەستینییەکان ئەو ئۆپەراسیۆنەیان وەک "سەرکەوتنێکی مێژوویی" بۆ خۆیان تۆمار کرد کە دوای کارەساتی شەڕی شەش ڕۆژە بووە ئەستێرەیەکی درەوشاوەی شەوەزەنگی جیهانی عەرەبی. فەتح بارەگای خۆی بردە ناوجەرگەی ئوردن و سەدان خۆبەخشی ڕاکێشایە ڕیزەکانی ڕێکخراوەکەی، بەمەش بوونی فەڵەستینیان لە شانشینی ئوردن زیادی کرد، فەتح کۆنترۆڵی تەواوی کەمپی ئاوەرەکان و هەڵسوڕاندن و سزادانی ئەوانەی گرتە دەست خۆی کە بەرگری دەسەڵاتی بکردبا، بە ویستی خۆیان سەرانەیان لێ دەستاندن بێ ئەوەی حساب بۆدەسەڵاتی بەرپرسانی ئوردن بکەن. لە شار و شارۆچکەکاندا مەفرەزەکانی فەتح بە شەقامەکاندا دەسوڕانەوە، متمانەی تەواوی خۆیان بە هێزی خۆیان نیشان دەدا، قاوەخانەکانیان پڕکرد و بە خراپی ڕەفتاریان بەرامبەر خەڵکی خۆجێیی دەکرد و گاڵتەیان بە بەرپرسانی سوپا دەکرد، ئەگەر هەوڵیدابا دەستێوەردان بکات. فەتح لە ڕێگەی باڵادەستبوونی فەڵەستین لە ئوردن دەوڵەتێکی لەناو دەوڵەت بەڕێوە دەبرد. لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی ئوردندا، ئەمە مایەی لێخۆشبوون نەبوو، بۆیە لە هەر کاتێکدا ئەگەری تەقینەوەی هەبوو، هەروەها بۆ مەلیک حوسێنیش ڕوون بوو ئەگەر دەستوبرد نەکات، لەم نزیکانە فەتح پڕ دەداتە کۆشکەکەیی و کۆتایی بە تەختەکەی دەهێنێت. مەلیک لە هەوڵیدا بۆ هێور کردنەوەی فتیلی شەڕ چەند جارێک سەردانی بارەگاکانی سوپای کرد، ڕەوەندەکان کە پشتیوانی مەلیک بوون، داوایان کرد تا درەنگ نەکەوتووە پێویستە ڕێکخراوەکەی عەرەفات تەفرو تونا بکرێت، بەڵام مەلیک لە دەرکردنی وەها فەرمانێک دوودڵ بوو، چونکە دەیزانی لە ئەنجامی خوێنڕشتن تێکڕای شانشینەکەی وێران دەبێت.

کات لەگەڵ مەلیک حوسێن نەبوو، ئارامگرتنەکەی بووە هۆی ئەوەی فەتح بوێرتر بن، وای لێهات ڕێگەیان دادەخست، بە بیانووی ئەوەی بە دوای هاوکارانی ئیسرائیلدا دەگەڕێن، بە ویستی خۆیان ئەو ناوەیان دەپشکنی. هەموو شەوێک مەلیک لە کۆشکەکەیەوە بە ئاڕاستەی ناوەندی شار گوێی لە دەنگی دەستڕێژی دەبوو، بەمەش تورەبوون و بێزارییەکەی دەچووە سەرووتر و لێی دەڕژایەوە.

ناخۆشی و پەژارە لەناو پلەداری سوپا بڵاوبوویەوە، جەنەڕاڵەکان هەستیان کرد لەبری ئەوەی پەیامێکی سەربازی توند بۆ شەقامی شارە هەڵچووەکان بنێردرێت، بەڵام مەلیک بە ڕێگەنەدان بە سوپا بۆ کۆتکردنی فەتح سوپای لاواز کردووە. لە سەرەتای ساڵی حەفتا، کاتێک مەلیک سەردانی کەتیبەیەکی تۆپخانەی نزیک عەمانی کرد و مەمکدانی ئافرەتانی بەسەر لووڵەی تانکەکانەوە بینی، پرسیاری کرد: ئەوە چییە؟

لە لایەن فەرماندەی کەتیبەکەوە پێی ڕاگەیەندرا: "ئەوە جلوبەرگی نوێمانە لەوەتەی تۆ ئێمەت مێ کردووە ، ئێمە ئەو جلانە دەپۆشین."

مەلیک ڕەنگی هەڵبزڕکا و بە مەزاجێکی خراپەوە گەڕایەوە کۆشک، لەوەش ئاگادار بوو کە بێ دواخستن دەبێت کارێک بکات، هەرچەندە ئەو خەریکی مشتومڕی چۆنیەتی جێبەجێکردن بوو، فەڵەستینییەکان بە دروستکردنی دۆخێکی تایبەتی ڕووگیر خەڵاتیان کرد. بەرەی میللی ڕزگاریخوازی فەڵەستینی سەر بە جۆرج حەبەش، چوار فڕۆکەی لە کۆمپانیای ئاسمانی جۆراوجۆر ڕفاند و لە فڕۆکەخانەی داوسۆنی نزیک زەرقای ئوردن نیشتنەوە، سێسەد بارمتە گوازرانەوە عەمان و لە وێوە ئازادکران. ئەمەش دوا زیلکە پووشی دەستی مەلیک بوو. هەرچەندە فەتح دەستی لەو کارەدا نەبوو، بەڵام مەلیک تێگەیشت ئەگەر کاردانەوەی نەبێت غروری ئەنجامدەران پەرەدەستێنێت و بەردەوامی بەمجۆرە

پەلامارانە دەدەن، کۆبوونەوەیەکی بە پەلەی لەگەڵ فەرماندە باڵاکانی سوپا کرد و فەرمانی پێکردن، شەڕ دژی فەڵەستینیەکان ڕابگەیەنن.

هەمان شەو هێزێکی گەورەی سەربازانی ڕەوەندەکان کە دڵسۆزی مەلیک بوون هێرشیان کردە سەر کەمپی ئاوارەکان و هەر پیاوێکی چەکداریان بینیبا یان گومانی لێکرابا سەر بە ڕێکخراوی تیرۆریستی فەتحە تەقەیان لێی دەکرد. لە کاتژمێری یەکەمی هێرشەکەدا بە سەدانیان لێ کوژرا و بریندارەکان لە کۆڵانە تەنگەبەرەکاندا هاواری فریاگوزاریان دەکرد، بەڵام ئوردنییەکان ڕێگەیان نەدا کەس بە هانایانەوە بچێت. هاوکات سوپا هێرشی کردە سەر بنکەی مەشقی فەتح، هەر کێی لەوێ بوو یان کوژرا یان بریندار کرا و کۆگەی چەکیان تێکوپێکدا و ئاگریان لە نووسینگە و بارەگای فەرماندەکان بەردا، لە تەواوی شار و شارۆچکەکانی ئوردن چەکدارانی فەتح لە ماڵەکانیان دەرهێنران و لە بن دیواران وەستێندران و بێ دادگایکردن کوژران، چەندانیان توانیان ڕابکەن و لە ئوردن پەڕینەوە و لە سەربازانی ئیسرائیل پاڕانەوە بۆئەوەی پەنایان بدەن.

سوریا بە هانای عەرەفاتەوە چوو، ٣٠٠ تانکی ڕەوانەی سنووری ئوردن کرد، ئەمەش ترسی لای مەلیک دروست کرد، بۆیە هانای بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان برد، ئەمەریکاش داوای لە ئیسرائیل کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی زرێپۆشی سوریا هێز بنێرێت. لەسەرینی ئەم داوایە بە درێژایی سنوور تانکی ئیسرائیل بەرەو بەرزاییەکانی جۆڵان و سنووری سوریا جوڵەیان کرد، سەرەنجام سوورییەکان پاشەکشەیان کرد و یەک تانکی سوریش لە سنووری ئوردن نەمان.

وەکو زۆربەی لوبنانییەکان، جۆرجینا رزق شاجوانی لوبنان لە تەلەفزیۆنەکانەوە سەیری شەڕی نێوان چەکدارانی فەڵەستین و سوپای ئوردنی دەکرد. پەیامنێرەکە باسی لە کوشتنی دەیان کەس لە کەمپی ئاوارەکان و هەڵاتنی

سەرکردەکانی فەتح دەکرد. ڕاپۆرتەکانی بە لاوە سەرنجڕاکێش نەبوو، چونکە نەیدەزانی کێ سەر بە فەتحە، بە دواداچوونی شەڕەکەش بۆ ئەو زەحمەت بوو کە لەسەر چییە.

هاوکات عەلی سەلامە و هاوژین و کوڕەکەشی بە ئۆتۆمبیلەکەیانەوە بۆ خۆ دەربازکردن لە دەورییەی هێزەکانی ئوردن ملی ڕێگەیان گرتبووەبەر، زەینەب بە درێژایی ڕۆیشتنەکە هەستی بە ناڕەحەتی دەکرد، چونکە بە منداڵی دووەمی دووگیانبوو. ئۆتۆمبیلەکانی دیکەی سەرکردەکانی فەتح ملی هەمان ڕێگەیان گرتبوو، هەڵاتووەکان بە کاروانی بچووک دەجوڵانەوە، زیاتریش بە شەوان بوو، سنووری سوریان بڕی و لەوێوەش چوونە بەیروووت. عەلی سەلامە لە ڕۆژئاوای بەیروووت خانوویێکی بە کرێ گرت کە لە ماڵە تازەکەی عەرەفات و ئەبو ئەیاد دوور نەبوو، هەواڵەکان بڵاویان کردەوە کە سوپای ئوردن لە ڕاوەدوونان و دەستگیرکردنی ئەندامانی ڕێکخراوە فەڵەستینییەکان بەردەوامە و زۆربەی ئەوانەی کوژراون فەرماندەی باڵای فەتحن.

عەرەفات بە تووڕەییەوە بەڵێندا: "تۆڵەکردنەوەمان بە ڕێوەیە و ڕەشەکوژییەکەی بە "بلاک سێپتەمبەر" ناوزەد کرد، کە دواتر یەکێک لە گرووپە توندڕۆ و تێکدەرەکانی فەتح بەم ناوە ناوزەد کرا و عەلی سەلامە بووە بەڕێوەبەری ڕێکخراوە نوێیەکە.

پاتریشیا ڕۆکسنبێرگی تەمەن سی ساڵە کە لە کۆمپانییەکی گەورەی مۆنتریالی کەنەدا سکرتێری بەشی ڕاسپاردە و میرات بوو، زۆر حەزی بە ئۆپێرا و گەڕانی ناو سرووشت بوو، هیچ کاتێک ئەو گومانەی نەبوو کە کەسێک لە کەنەدا بە هەمان ناسنامە و ناو، تەنانەت ئەکسێنتی ئاخافتنی وی هەبێت.

پاتریشای ئەسڵ لەگەڵ جووتە پشیلە جمکەکانیدا لە ئەپارتمانتێکی بچووکی

ناو جەرگەی شار دەژیا. بەهارێک لەگەڵ بۆی فڕێندە جووکەی بە گەشتێک سەردانی تاڤگەکانی نیاگارای کرد، لەوکاتەی لە کافێیەک بە یەکەوە دانیشتبوون و سەیری دیمەنەکانیان دەکرد، دۆستەکەی داوای بینینی پاسپۆرتەکەی لێکرد.

بە سەرسورمانیەوە پرسی: بۆ؟

دۆستەکەی گووتی: براەرانێکم بە دوای پاسپۆرتی کەنەدی دەگەڕێن.

پاتریشیا داوای ڕوونکردنەوەی لێکرد، بەڵام دۆستەکەی وردەکاری زۆری بۆ باس نەکرد و گووتی: تەنیا دەتوانم ئەوەت پێ بڵێم، کە دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ مەبەستێکی گرنگ پێویستی بە پاسپۆرتەکەت هەیە.

پاتریشا ئەوەی دەزانی کە دۆستەکەی پشتیوانکارێکی دڵسۆزی ئیسرائیلە و گووتی: بۆ ماوەی چەند پێویستیان بە پاسپۆرتەکەم هەیە؟

تەنیا بۆ ساڵێک یان دووان.

چێکردنی چیرۆکی شاراوە بۆ مۆسادێک پێش ئەوەی بکەوێتە واری جێبەجێکردن پرۆسەیەکی ئاڵۆزە. سەرەتا شارەزایانی مۆساد ناسنامە دروستکراوەکە تاقیدەکەنەوە لەپێناو ئەوەی بزانن ئایا لەگەڵ جەنگاوەرە نهێنیەکە دەگونجێت و کێش ئەمە دەکات.

یەکەم، دەبێت وەسفی کەسی جەنگاوەرەکە لەگەڵ وردەکاریی ناو پاسپۆرتە نوێیەکە بێتەوە.

دووەم، جەنگاوەرەکە دەبێت زمانی ئەو وڵاتە بە ڕەوانی بزانێت، هەروەها شارەزای ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیانی بێت.

ئیسحاق بە حوکمی بەشداریکردنی لە ئەرکی ئاڵۆزدا، بیری لەوە نەکردەوە کە چێکردنی ناسنامەیەکی نوێی تایبەت بۆ سیلڤیا قوڕس بێت. زۆربەی ئەرکەکان

کەوتبووە سەر شانی سیلڤیا و دەبوو بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگە نوێکەدا کات و ئارامی بە دەستبهێنێت، ئەمەش پێویستی بە ڕادەیەک لە هەوڵ و جوڵە هەبوو. ئەم جۆرە کارەش هیچ جۆرە مەترسیەک دروست ناکات. دواجار ئیسحاق مەزەندەی کرد لە ماوەی یەک دوو مانگدا بە سەرکەوتوویی پرسی چێکردنی ناسنامەی نوێ بۆ سیلڤیا چارەسەر دەکات.

لە لایەن شارەزایانی مۆساد پرۆسەی گۆڕینی پاسپۆرتی پاتریشیا دەستی پێکرد و هەموو داتاکانی لە پاسپۆرتەکە نووسرابوون گوازرانەوە تەنیا ئەوە نەبێت کە پاتریشا سێ ساڵ لە سیلڤیا گەورەتر بوو، شارەزایانی بواری دۆکیومێنتی مۆساد پێویستیان بە گۆڕینی وێنەی سیلڤیا بوو بۆئەوەی تەمەنەکەی وەک تەمەنی پارتیشیا دەربکەوێت، سیلڤیا گلەیی لە گۆڕانکارییەکەدا هەبوو و گووتی: بۆ منتان وا گەورە نیشان داوە؟

ئیسحاق بۆ ڕوونکردەوە کە ئەمە بەشێکە لە دروستکردنی ناسنامە نوێیەکەوە، ئاماژەیەکی دایێ کە لەوانەیە ڕەوانەی شوێنێکی دوورتر لێرە بکرێیت، بۆئەوەی دەرفەت نەدرێت هیچ کەسێک بیناسێتەوە و هەوڵی چێکردنی چیرۆکە شاراوەکە تێکبدات.

دوای گفتوگۆیەکی دوورودرێژ یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بڕیاریدا سیلڤیا ڕەوانەی ڤانکۆڤەر لە کەنارەکانی ڕۆژئاوای کەنەدا بکات، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو بڕیارە ئەوەبوو کە هەر پارێزگایەکی کەنەدا سەربەخۆیە، بۆیە دەرفەتێکی بچووکیش نەبوو یەکێک لە مۆنتریاڵەوە بەکارهێنانی پاسپۆرتەکەی پاتریشیا ڕۆکسنبێرگ لە ڤانکۆڤەر ئاشکرا بکات.

لەم خاڵە بە دواوە سیلڤیا دەتوانێت خۆی بە وێنەگری هەواڵ بناسێنێت کە چیرۆکە شاراوەکەیەتی و لە زۆر بواردا لەگەڵیدا گونجاوە. سیلڤیا خاوەن چاوێکی

تیژە و بە ئاسانی لە خەڵک نزیک دەکەوێتەوە و توانایەکی باشی کۆنترۆڵکردنی تەکنیکی وێنەگرتنی هەیە. لە ڕوانگەی یەکەوە تەنیا ترسێکی بچووک ماوە، چونکە پێشتر هیچ جەنگاوەرێکی نهێنی مۆساد وەک پەیامنێر خۆی نەگۆڕیوە، هۆکاری ئەوەش لە لایەک پەیامنێران لە نێوان خەڵکی عەرەب سەرچاوەی گومانن، ئەمەش وا دەکات بەردەوام چاویان لەسەر هەر غەوارەیەک بێت کە هەوڵ بدات لێیان نزیک بکەوێتەوە. لە لایەکی دیکەوە پەیامنێر بە ئاسانی دەگاتە هەر شوێنێک و دەتوانێت زانیاری زیندوو کۆبکاتەوە و بێ هیچ زەحمەتێک دەریان بهێنێت. سەرباری ئەوەش سیلڤیا نایابترین وێنەی گرتووە و بە شێوەیەکی سرووشتیش لەگەڵ کامیرا هەڵسوکەوت دەکات، ئەمەش بە نۆرەی خۆی وای لێدەکات بە ئاسانی خۆی وەک وێنەگری هەواڵ بسەپێنێ.

ئیسحاق لە ڤانکۆڤەر دوکانێکی کامیرای بە سیلڤیا نیشاندا بۆئەوەی پێشکەوتووترین پێداویستی وێنەگرتن بکڕێت. سیلڤیا لە گیرفانی خۆی پارەی کەلوپەلەکانیدا، وەک موچەکەی، بودجەکەشی زۆر سادە بوو، دەبوو لە کاتی خۆیدا ڕاپۆرتی هەموو خەرجیەکانی بەرز بکاتەوە.

سیلڤیا لە ڤانکۆڤەر خۆی بە تەنیا بینی و خۆی بۆ ڕاهاتن ئامادە دەکرد، ئەپارتمانێکی ڕایەخراوی لە نهۆمی شەشەمی باڵەخانەیەک لە یەکێک لە شەقامە تەنگەکان بە کرێ گرت کە دەیڕوانیە سەر بەندەرەکە، لە پەنجەرەکەوە پاپۆڕە جوانەکان و کەشتیە گەورەکانی دەبینی خەڵکیان بۆ گەشتی دەریایی سێ ڕۆژە بۆ ئالاسکا دەگواستەوە. بە شێوەیەکی گشتی کەشوهەوا زستانی بوو، بەڵام پلەی گەرمی هەرگیز نەدەگەیشتە ژێر سفر و بەفریشی کەم لێ دەباری، ڤانکۆڤەر شارێکی جوان و هێمن و ئارام بوو، زۆریش قەرەباڵغ نەبوو، شانازیشی بە ڕێستۆرانتە تایلەندی، چینی، ڤێتنامی و ژاپۆنییەکانیەوە دەکرد، ڕێستۆرانتە ماسییەکانی ناوبانگێکی نێودەوڵەتیان هەبوو.

سیلڤیا ژیانێکی ڕۆژانەی کەنەدیانەی دروستکرد و دڵنیا بوو کە دەبێت باجی بدات و خۆی لە پارەدانی لیستەکان لە سوپەرمارکێتە خۆجێییەکان بە دوور بگرێت، پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ دراوسێکانی هەبوو، لەبارەی کارەکەی وەک وێنەگر قسەی بۆ دەکردن و وێنەی هەموو منداڵانی باڵەخانەکەشی گرت و بە خۆڕایش دانەیەکی بە باوانیاندا. هەرچەندە وریا بوو کە زۆر دەرنەکەوێت، هاوکات لەوێ بە شێوەیەک دەژیا کە کەس بە دوایدا ناگەڕێت، جاروباریش لەکاتی بۆنەی لە دایکبوون و بۆنەکانی دیکە سەردانی ماڵی هەندێ لە دراوسێکانی دەکرد، هیچ کاتێکیش بە دەستی بەتاڵ نەدەچوو، دیاریەکی هەر لەگەڵ خۆیدا دەبرد. سااڵێک دواتر بۆی دەرکەوت کە کارمەندێکی دیکەی خزمەتگوزاری نهێنی لە هەمان باڵەخانەدا ژیاوە، ئەویش ئۆلگا ڤلادیمیرۆڤیچ پانکۆڤسکی روسی بووە کە زانیاری سەربازی لەبارەی تۆپە نهێنییەکانی لەشکری سوور بە ڕۆژئاوا داوە و چەندین جاریش بۆ دیداری ئەفسەرانی هەواڵگری بەریتانی و ئەمەریکی سەردانی شوێنی جیاجیای لە سەرانسەری جیهاندا کردووە. کاتێک چالاکییەکانی لە لایەن KGB ئاشکرا کراوە، بە تاوانی ناپاکی گەورە بە ئامادەبوون و لەبەرچاوی کەسوکاری لە سێدارە دراوە.

سیلڤیا بە ئارامییەوە لە ژیانە ڕۆتینە ڕۆژانەکەیدا بەردەوام بوو، هەموو ڕۆژێ سەردانی دوکانەکانی خۆراکی ناو سوپەرمارکێتە خۆجێییەکەی دەکرد، بەرە بەرە دۆستایەتی لەگەڵ ئەو خەڵکە پەیدا کرد کە لەوێ کاریان دەکرد. ڕۆژانە کاتێکی باشی بۆ ئاشنابوون بە شارەکە بەسەر دەبرد و ئەرکی بوو ڕێگە گشتییەکان، شوێنە دیارەکان و بازاڕ و کۆگا گەورەکان لە بیرەوەریدا تۆمار بکات. هەروەها فێری چۆنیەتی گۆکردنی شێوەزاری خۆجێیی بوو، پایسکلێکی لە کۆمپانیای "ڕۆکی ماونتنی" کەنەدی کڕی، هەموو کۆتایی هەفتە بە سواری پایسکل دەچووە دەرەوەی شار، هەفتەی چەند جارێکیش ورتکە نانی بۆ باڵندەکانی "پارکی

ستانلی" دەبرد، بە بۆیە و زەیت تابلۆی سرووشتی دروست دەکرد، بەردەوامیش ئیسحاقی لە پێشڤەچوونەکان ئاگادار دەکردەوە. پاشنیوەڕۆیەکی یەکشەمە لە هوتێل ڤانکۆڤار چایەکی ئینگلیزی خواردەوە، لە زستاندا وێنەی مەلەوانە ئازاکانی کەناری کیتسیلانۆی گرتبوو، یەکێک لە وێنەکانی بە ڕۆژنامەی "ڤانکۆڤەر سەن"ی کەنەدی فرۆشت و ناوی پاتریشیا ڕۆکسێنبێرگ لە ژێر وێنەکەدا نووسرابوو کە پرۆفیشنالّی ئەوی وەک وێنەگر دەسەلماند، لە بەرامبەردا ١٥٠ دۆلّاری وەرگرت و بە پارەکەی بۆیەی زەیتی و ستاندی وێنەکێشانی کڕی.

لە کاتی مانەوەی لە ڤانکۆڤەردا سیلڤیا لە دیدار و ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیلی و هاوولّاتیانی باشوری ئەفریقا یان خوێندنەوەی ڕۆژنامەکانی ئیسرائیل وریا و بە ئاگابوو، زانیارەکانی کە چ لە ئیسرائیل ڕوویداوە لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکانی کەنەدا بەدەستدەهێنا، ئەو ماوەیەش هێشتا ئیسحاق لە ئیسرائیلەوە ڕێنوێنی پێ دەدا.

ڕێکخەرانی پێشبڕکێی شاجوانی جیهانی لە میامی بە وەلّامە نەرێنیەکەی جۆرجینا ڕزق شۆکبوون، چونکە لە مێژووی پێشبڕکێکەدا ڕووی نەداوە کەسێک دەرفەتی بەشداریکردن ڕەت بکاتەوە، بۆیە هەزمی ڕەتکردنەوەکەی جۆرجینایان پێ نەکرا و لەسەر بیرۆکەی بەشداریکردنی عەرەبێک لە پێشبڕکێکەدا پێداگیربوون. بۆیە بە ئاسانی وازیان نەهێنا، بۆ بڕواپێهێنان و ڕازیکردنی جۆرجینا نوێنەرێکی خۆیان نارده لای، بەلّام بێ سوود بوو. لە کۆتاییدا خۆیان بە شەخسی سەردانی بەیروویتیان کرد و چوونە مالّەکەی و کەسێکی کاریگەریان نارد تا گوشاری لێ بکات و ڕۆژنامەنووسەکانی ناوخۆشیان بڕوا پێهێنا خۆیان بۆ بەشداری پێکردنی لەو پێشبڕکێیەدا تەرخان بکەن، بۆ ماوەی دوو ساڵ جۆرجینا لەسەر ڕەتکردنەوەی بەشداریکردنی سووربوو، بە بانگەشەی ئەوەی کە ڕومالّێکی فراوانی ڕۆژنامەوانی لە چاوەڕوانی بەشداریکردنی ئەون لە کێبرکێی شاجوانی

جیهانیدا، ئەویش حەز بەوە ناکات، دواجار بە مەرجی ڕێگەدان بە باوانی لەو گەشتەدا یاوەری بکەن، بە بەشداریکردن لە پێشبڕکێیەکەدا ڕازیبوو.

وەک پێشبینیکراو بوو، میدیا بە ناوبانگەکانی میامی بە تاسەوە پێشوازیان لە بەشداریکردنی کرد، وێنەگران لە فڕۆکەخانەوە چاوەڕوانی بوون، ئەندامانی خێزانی ڕزق، ئەوانەی لە پۆرتلاند، ئەریگۆن، کیوبیک، کەنەدا نیشتەجێبوون، بە تایبەتی بۆ بەشداریکردن هاتنە میامی، تەلەفزیۆنی لوبنانیش بۆ ڕومالّکردنی بۆنەکە تیمێکی تایبەتی بۆ میامی نارد.

پێشبڕکێیەکە لە بەهاری ١٩٧١ لە هۆڵێکی گەورەی ئاهەنگ گێڕان لە میامی بەڕێوەچوو، پێشبڕکێکاران کە شاجوانی ئیسرائیلیش ئیتی ئۆرگاد بەشداربوو چوونە سەر ئەو ستەیجەی وەک کۆشکی پادشا ڕازاندرابوویەوە، هەموویان فیستانێکی سپی درێژیان پۆشیبوو، وەک پشیلە ڕێیان دەکرد و هۆڵەکە کرابووە دوو بەش، تەلەفزیۆنەکان ڕاستەوخۆ ڕێوڕەسمەکەیان بۆ ملیۆنان بینەر لە ناو ماڵەکانیاندا دەگواستەوە.

بە شێوەیەکی گشتی هەموو وایان بیر دەکردەوە کە شاجوانی بەرازیل یان هۆڵەندا نازناوەکە دەباتەوە، ئەو دووانە هەردووکیان مۆدێل و جوان و بەناوبانگ بوون، کەسیش پێیوانەبوو دادوەر جگە لە یەکێک لەم دووانە تاجەکە بە یەکێکی دیکە بدات، بەڵام بڕیارێکی دیکەیاندا و جۆرجینا رزقیان هەڵبژارد، ئەمەش مێژوویبوو: جۆرجینا یەکەم پشبڕکێکاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو کە نازناوی شاجوانی جیهان بباتەوە.

جۆرجینا ڕزق لە سەرپەرشتکاری ڕێوڕەسمەکە نزیک بۆوە و ئامادەی قبوڵکردنی تاجی شاجوانی بوو، لە خۆشیاندا لێوەکانی تەتەڵەیان دەکرد و بە مینگە مینگ گووتی: سوپاست دەکەم، جارێکی دیکەش چواردەوری بە سوپایەک

لە پەیامنێر. مایکرۆفۆن و کامیرامان گیرابوو کە لەگەڵ دایک و باوکی وێنەیان دەگرت.

لە هەفتەکانی دواتردا جۆرجینا هەموو ئەوانەی کرد کە شاجوانەکانی پێشوو کردبوویان: گەشتێکی سەرانسەری جیهانی کرد، لە پرسگەکانی نیویۆرک و لەندەن، هەروەها لە تۆڕی خێرخوازی پیرۆ و ڤێتنام دەرکەوت، چاوی بە سەرۆک و سەرۆکوەزیرانی وڵاتان لە باشووری ئەفریقا و کەنداوی فارس کەوت. لە زۆربەی ئەو شوێنانەدا پرسیاری ئەوەی لێدەکرا کە ئایا پشتیوانی لە کێشەی فەڵەستین دەکات، ئەویش بە ئەرێنی وەڵامی دەدانەوە بێ ئەوەی بچێتە ناو وردەکارییەکانەوە، داوای لە پەیامنێران کرد " لەبارەی خۆمەوە پرسیارم لێ بکەن" ئەو پرسیارانەم لێ بکەن کە لە هەر شاجوانێکی دیکەی جیهان کراوە.

شەش هەفتە دواتر گەڕایەوە بەیرووت و لە فڕۆکەخانە بە چەپڵەڕێزان پێشوازی کرا، لە ڕێگەی چوونەوەی بۆ شار، بە درێژایی ڕێگا خەڵکێکی زۆری بە ئاڵاوە بینی کە وێنەی ئەویان بە تاجەوە بەرز کردۆتەوە، کاتێکیش گەیشتەوە ماڵەوە بینی ماڵەکەیان پڕ لە چەپکە گوڵ کراوە.

لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا جۆرجینا ڕزق لە شەو و ڕۆژێکدا بوو بە بەناوبانگترین کەسایەتی لە وڵاتدا، کچانی شۆخ لاسایی بڕین و شانەکردنی قژیان دەکردەوە و بۆ ماوەی چەند کاتژمێر لە دەرەوەی ماڵەکەیاندا چاوەڕوانی هاتنە دەرەوەیان دەکرد بۆئەوەی وێنەیەکیان بۆ واژوو بکات، هاوینەهەواری خلیسکانی سەر بەفر لە چیای شوف مافی هەڵگرتنی ناوەکەی کرییەوە، ئۆفەری چەندین گرێبەستی بەشداریکردنی لە فلیم و ڕێکلام لە لایەن دەسەڵاتی گەشتوگوزاری لوبنانییەوە خرایە بەردەست و بە سەردەستەی کارمەندانی "کازینۆ دو لیبان" دامەزرا کە کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و دەوڵەمەندەکانی عەرەب لەوێ قوماریان

دەکرد، هەروەها لەگەڵ خوشکەکەی بوتیکێکی پۆشاکی کردەوە و لە هەموو چالاکییەکی کۆمەڵایەتیدا میوانی شەرەف بوو.

جۆرجینا لە ڕێستوڕانتە تایبەتەکان و یانەکانی شەوانی لوبناندا یاوەری لەگەڵدا بوو، بەڵام بە بەردەوامی دەگۆڕدران. هەروەها پلانی کردنەوەی زنجیرەیەک بوتیکی پۆشاکی لە سەرانسەری لوبنان هەبوو، چەندین داخوازیکاری هەبوو، بەڵام بە هیچیان ڕازی نەبوو، چونکە هێشتا کۆمەڵێک شتی دەویست تەواویان بکات بەر لەوەی لەگەڵ پیاوێک دەست بە ژیان بکات.

هەرگیز خەیاڵی نەدەکرد بەم نزیکانە پیاوێک دەبینێت و سەرتاپای ژیانی دەگۆڕێت.

لە ٢٨ی نۆڤێمبەری ١٩٧١ لە ژووڕێکی تایبەتی نانخواردندا لە نهۆمی دووەمی هوتێل شیراتۆن قاهیرەدا، گارسۆنەکان لەبەردەم ئامادەبووانی ئەنجوومەنی بەرگری عەرەبدا دەهاتن و دەچوون، ئەم ئەنجوومەنە کە سەر بە کۆمکاری عەرەبی بوو، زوو زوو بۆ تاوتوێکردنی پرسە ئەمنییەکانی تایبەت بە وڵاتانی ئەندام کۆدەبوونەوە. بریسکەی نیل لە پەنجەرەکانەوە دەگەیشتە ژووری نانخواردن و لێرە و لەوێش شەوقی خۆر دەبینرا کە لە بەلەمی ماسیگرەکانی سەر ئاوەکەی دەدا، لە دەرەوە و ناوەوەی ژووری نانخواردن پاسەوانی چەکدار داندرابوون کە کاریان دابینکردنی سەلامەتی ئەندامانی ئەنجوومەن بوو.

وەسفی ئەلتاڵی تەمەن پەنجا ساڵی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی ئوردن و سەرۆکی شاندی وڵاتەکەی، لە خواردن بۆوە و لەگەڵ هاومێزەکەیدا دەستی بە قسەکردن کرد، کاتێک هەستاوە بۆئەوەی بەرەو ژووری کۆنفرانس بگەڕێتەوە کە بڕیار بوو چەندین پلانی جۆراوجۆر لە دژی ئیسرائیل دابڕێژن.

ئەلتاڵ دۆستی شەخسی و جێی متمانەی مەلیک حوسێن، یەکێک بوو لەوانەی

گوشـاریان له مەلیـک حوسـێن کـرد فەتـح لەنـاو بەرێـت، خۆشـی سەرپەرشـتی لێکۆڵینەوەکان و ئەشکەنجەدانی ئەندامە سەرەکییەکانی ڕێکخراوەکەی دەکرد کە له لایەن هێزەکـانی سـوپای ئـوردنەوە دەسـتگیر کرابـوون. عەرەفـات گوێبیسـتی تێوەگلانی ئەلتاڵ له پرۆسەی له سێدارەدانی چەکـدارانی فەتـح ببـوو، بـۆیە داوای دەسـتبەجێ تیرۆرکردنـی کـرد و جێبەجێکردنـی ئەم کـارەش به گرووپـی "بـلاک سێپتەمبەر" سپێردرا.

ئەلتـاڵ به یـاوەری پاسـەوانی تـایبەت به ڕاڕەوە ڕازاوەکە تێـپەڕی و تەوقەی لەگەڵ ناسیاوەکانی کرد. هەر ئەوکات هاوژینەکەی پێی ڕاگەیاند لەگەڵ هـاوژینی شـانەکانی دی گەشـتێک بەنـاو شـاردا دەکەن و ئێـوارە دەگەڕێـتەوە و هیـوای سەرکەوتنی کۆنفرانسـەکەی بـۆی خواسـت. هەرچەنـدە پاسـەوانەکان چاویـان به ڕاڕەوەکەدا خشاند، بەڵام هیچ شتێکی جێ گومانیان بەدی نەکرد.

پاسەوانەکانی که زوو درکیان کرد، به جـوانی سـەیری شـوێنەکەیان نەکـردووە. چونکه له گۆشەیەکی ژوورەکه گەنجێکی ڕەشتاڵەیان بەدیکـرد که گـوایە ڕۆژنـامە دەخوێنێتەوە، به هێواشـی لەسـەر کورسـییەکەی هەسـتایەوە و به ئاڕاسـتەی تـاڵ هاته پێشەوە و هاواری کرد " ناپاک" و دەمانچەکەی هەڵکێشا و پێـنج گـوللەی له تاڵدا، پێش ئەوەی پاسەوانەکانی پـێ ڕابـگەن وەڵامـی بـدەنەوە، تـاڵ کەوتە سـەر زەوی و تەقەکەرەکەش که گەنجێکی تەمەن بیست و سـێ سـاڵی بـوو " مەنسـور خەلـیفە" خـۆی هاویشـتە سـەر زەوی و به تـامەزرۆوە خـوێنی ڕژاوی سـەرۆک وەزیرانـی لێسـتەوە و نەڕانـدی: "ئەوە ژەمـی نیـوەڕۆمە، هەرگیـز ژەمـی وا باشـم نەخواردووە."

وەسـفی ئەلتـاڵ به هـۆی بـرینەکەیەوە کاتژمێرێـک یـا زیـاتر دواتـر مـرد، خزنەتگوزاری نهێنی میسڕی بکوژەکەی دەستگیر کـرد، له یەکێـک له بنکەکانیانـدا

دایانە شانەی لێکۆڵینەوە و هیچ یەکێک لە لێکۆڵیارەکان ڕەحمیان پێی نەکرد کە خوێن جەستەی داپۆشیبوو، ئازارێکی تووندی هەبوو، لە مردنیش نزیکبوو، مەنسور ناسنامەی هەڤاڵەکانی ئاشکرا کرد، کاتێک لە هەوڵی هەڵاتندا بوون، بەڵام لە هەمان ڕۆژدا دەستگیرکران. دەرکەوت هەموویان ئەندامی گرووپی بلاک سێپتەمبەرن، ئەمەش یەکەم جاربوو ناوی ئەو ڕێکخراوە لە مانشێتی ڕۆژنامەکاندا دەربکەوێت.

مەلیک حوسێن بە بیستنی تیرۆرکردنی هەواڵی سەرۆک وەزیرانەکەی حەپەسا و تۆقی، ئەو ڕووداوە خوێناوییە بۆ بیرەوەرییەکانی ڕۆژی ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٥١ی گەڕاندەوە کە تێدا مەلیک عەبدوڵای باپیری تیرۆرکرا، ئەو کاتە مەلیک حوسێن تەمەنی شازدە ساڵبوو، بە یاوەری باپیری بۆ نوێژکردن دەچووە مزگەوتی ئەقسا لە ئۆرشەلیم، بەڵام فەڵەستینییەکان تیرۆریان کرد و لە لایەن کاروانی موفتی ئۆرشەلیمەوە تەقە لە مەلیك عەبدوڵای یەکەم و نەوەکەی کرا، مەلیک دەمودەست تەواو بوو، بەڵام حوسین دەربازی بوو بەهۆی ئەو قەڵغانە زێڕەی لە سینگی بەستبووی، کە گوللەکەی گێرایەوە، لەو ڕۆژەوە تێگەیشت فەڵەستینییەکان بە ڕەحەتی دانانیشن و لە هەوڵەکانیاندا بۆ کوشتنی واز ناهێنن.

دوای تیرۆرکردنی تاڵ، گشت زانیارییەکانی لەبارەی بلاک سێپتەمبەر کۆکرابوونەوە گەیشتنە ئەرشیفی مۆساد لە تەلئەڤیڤ، بەڵام لە ڕاستیدا دۆسیەکە مەیلەو بەتاڵبوو، تەنیا ئەوەی زانرابوو ئەوەبوو کە ئەم ڕێکخراوە بۆ تۆڵەکردنەوە لە کوشتارگەکەی ئەندامانی فەتح لە ئوردن دروست کراوە، ئەو پیاوەشی ناوی سەلاح خەڵەف (ئەبو ئەیاد) کە پێشتر سەرۆکی هەواڵگری بوو بە فەرماندەی ئەو گرووپە دامەزرێندراوە، هەر بەتەنیا مۆساد نەبوو هیچ شتێکی لەبارەیانەوە نەبوو، بەڵکوو بە زەحمەت لەناو خودی فەتحیش کەم کەس هەبوو بزانێت ئەو ڕێکخراوە چەند ئەندامی هەیە، کێ سەرۆکایەتیان دەکات؟ چەند کەسێک لەوان

دەیانزانی عەقڵی پشت ئۆپەراسیۆنەکە، بکوژ پەیداکەر و پلانی تیرۆرکردنی تاڵی داڕشتووە لە حەسەن سەلامەی دەستە ڕاستی ئەبو ئەیاد زیاتر کەسی دیکە نییە.

تەنانەت بەو کەمە زانیارییەی لەبارەی بلاک سێپتەمبەر هەیانبوو، لە کن دەزگای هەواڵگری ئیسرائیل ئەوە ئاشکرابوو کە ئەو ڕێکخراوە خەریکە دەبێتە مەترسی. بۆیە بە پەلە سەرچاوەی زانیاری لە لوبنان و عەمان دروستکران بە مەبەستی کۆکردنەوەی هەر وردەکارییەکی پەیوەست بە زنجیرەی فەرماندەی ڕێکخراو، پلانی ئۆپەراسیۆن، شوێنی بارەگاکانی، بنکەکانی مەشق و کۆگای چەکەکانی. بۆ ئەو مەبەستە ئەوانەی بۆ مۆساد کاریان دەکرد بە بەیروت و عەمان بڵاوکرانەوە و پێشکەوتووترین ئامێریان بەکارهێنا و سەرچاوەی زیاتریان چاند، بەڵام ئەو زانیارییانەی دەستیان کەوتبوو و کۆیان کردبۆوە ئاشکرایان دەکرد کە بلاک سێپتەمبەر لە تیمێک پێکهاتووە، چەند ساڵ پێشتر لە بنکەیەکی دەزگای خزمەتگوزاری نهێنی میسڕ مەشقیان کردووە و عەلی سەلامە یەکێک لە بەرپرسە باڵاکانی ئەو تیمەیە. سەرانی مۆساد زۆر بە وردی کەوتنە خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکانی تایبەت بە بایۆگرافی و کەسایەتی عەلی سەلامە و گەیشتنە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر کە عەلی دوژمنێکی بەهێزە.

لە ئێوارەیەکی ساماڵی وەرزی بەهاردا پیاو و ژنێک لە ڕێستوڕانتێکی بچووکی ڤانکۆڤاری دوور لە ڕێستوڕانتە ڕاقی و قەرەباڵغەکان یەکدیان بینی کە دەکەوتە بەرامبەر شۆڵدەری کەشتییە نەفەرهەڵگرەکانی کە گەشتی کورت مەودا و درێژ مەودایان دەکرد، لە ڕێستوڕانتەکە دووی دیکە دانیشتبوون و لە نێوان خۆیاندا بە ئینگلیزی دەئاخڤتن.

ئیسحاق لە کاتی خواردنی خوانچە سەلەمونەکەی کە هەڵمی لێ هەڵدەستا بە زەردەخەنەوە بە سیلڤیای گووت: دەمەوێت پێت ڕابگەیەنم تۆ خەریکە

دادەمەزرێیت. ڕێک شەش مانگ بوو سیلڤیا گەیشتبووە ڤانکۆڤار، بە چاوی گەشەوە سەیری کرد و بە پێداگیرییەوە گووتی: دەی پێم بڵێ.

ئیسحاق گووتی: بەو خێراییە نابێت، تا ئێستا تۆ تەنیا قۆناغی یەکەمی ناسنامە نوێکەت بڕیووە، دەبێت لەناو بارودۆخی نوێی ئەو ژیانەدا بتوێیتەوە، ژیانێکی ڕۆتین دروست بکە و لە کن دراوسێکانیشت ناسراوبە. ئێستا بەرەو قۆناغی دواتر دەڕۆیت کە مەبەست تاقیکردنەوەی ناسنامەکەتە و دەبێت چووست بیت و پشت بەخۆت ببەستیت و بیسەڵێنیت کە پاتریشا ڕۆکسێنبێرگ بۆ یەکەم ئەرکی ڕاستەقینەی ئامادەیە.

ئیسحاق بە سیلڤیای گوت یەکەی ئۆپەراسیۆنەکان دەیەوێت تۆ لە ئاژانسێکی نێوەدەوڵەتی فۆتۆگرافیدا بچێنێت کە بارەگاکەی لە پاریسە، بۆی شیکردەوە ئەو بڕیارە لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییە دراوە کە بنکەیەکی لەباری کارکردنە و هیچ گومانیش دروست ناکات.

سیلڤیا گووتی: باس لە کام ئاژانس دەکەیت؟ لەو ڕۆژەی سیلڤیا بووە بە وێنەگری هەواڵ، زانیارییەکی بەرچاوی لەبارەی ئاژانسەکانی وێنەگری نێودەوڵەتی کۆکردبۆوە.

ئیسحاق گوتی: تا ئێستا هیچ بیرۆکەیەکم نییە، تەنیا ئەوەندە دەزانم، بۆ تۆ پاریس باشترین شوێنە کە دەستبەکار بکەیت.

هەروەها لەوەش ئاگاداری کردەوە وەرگیران لەم جۆرە ئاژانسانەدا کارێکی ئاسان نییە، سەدان فۆتۆگرافی فەرەنسی هەن زۆر لە سیلڤیا بە ئەزموونترن و چەندینجار لە دەرگای ئەو ئاژانسانەیان داوە، تەنیا باشترینیان ئەو شانسەی بووە بتوانێت وێنەکانی بە نێودەوڵەتی بکات.

ئیسحاق بە سیلڤیای گووت ڕۆژی دواتر بە مەبەستی دیداری بزنسمانێکی بەریتانی کە لە رابردوودا لە دروستکردنی پەیوەندی دروست لە شوێنی دروستدا یارمەتی مۆسادی داوە سەردانی لەندەن دەکات. لە دیدارەکەدا ڕوون دەبێتەوە کە ئایا ئەو پیاوە دەتوانێت لەگەڵ ئاژانسی فۆتۆگرافی فەڕەنسیدا ئەو پەیوەندییە دروست بکات. ئیسحاق پەیمانی بە سیلڤیادا بە زووترین کات ئەنجامی دیدارەکەی بۆ بنێرێت.

سیلڤیا خەونی بەو ساتە دەبینی، ئەوەتە بە ناسنامەیەکی نوێوە دەچێتە پاریس کە بە دڵنیایی لەوێ وەک جەنگاوەری نهێنی مۆساد یەکەم ئەرک وەردەگرێت. سیلڤیا بۆ ماوەی زیاتر لە کاتژمێرێک بە شەقامە چۆڵەکانی گەڕەکەکەیدا سوڕایەوە بۆئەوەی بزانێت، ئایا کەسی بە دواوە نییە، چونکە وریایی ببووە بەشێک لە بوونیەوە.

دیدارەکەی ئیسحاق لەگەڵ بزنسمانەکەی بەریتانیا لە یانەیەکی سەر ئاوەڵەی پیاوان لە نزیک مەیدانی ترافالگار ڕوویدا و پێی گووت، لە پاریس بۆ خزمێکی کەنەدیم کە ئافرەتێکی وێنەگرە، بە دوای کارێک دەگەڕێم. بزنسمانەکە هیچ پرسیارێکی ناپێویستی نەکرد و پەیوەندی لەگەڵ هیچ ئاژانسێکی فۆتۆگرافی نەبوو، بەڵام بەڵێنیدا کە خەمێک لەم پرسە بخوات. ڕۆژی دواتر تەلەفۆنی بۆ ئیسحاق کرد و گووتی: لە پاریس دیدارێکم لەگەڵ کەسێک ڕێکخستووە کە پەیوەندییەکانی زۆر لە من باشترن.

ناوی چییە؟

ناوی میشێل دو کارسۆنە، فلیمسازە، ئایا ئەم ناوەت بیستووە؟

نەخێر.

کەسێکی جووە و پشتیوانکاری ئیسرائیلە.

پێـدەچێت میشـێل دو کارسـۆن حەزی بە یارمەتیـدان بێـت، پەیوەنـدی بە دۆسـتێکی خـۆی کـردووە کە لە پـاریس ئاژانسـێکی فۆتـۆگرافی نێـودەوڵەتی بەڕێوەدەبات و داوای ناوی فۆتۆگرافەرەکە دەکات.

ناوی پاتریشیا ڕۆکسێنبێرگە.

پیاوە فەرەنسییەکە پرسیاری کرد: ئایا بەڕاستی کەسێکی شارەزایە؟

زۆر شارەزایە.

لویس دالّمازی دۆستی کارسۆن، خۆی خاوەنی ئاژانسی فۆتـۆی دالّـماز بـوو کە ئۆفیسـەکەی لە نزیـک فڕۆکەخـانەی ئـۆرلی بـوو، بزنسـمانێکی بە ئەزمـوون و وێنەگرێکـی خـاوەن خەڵاتبـوو، وێنەکـانی ئاژانسـەکەی لە سەرانسـەری جیهانـدا دابەش دەکرێن و هەموو گەورە ڕۆژنامەکان کڕیارینە.

لەسـەر داوای کارسـۆن، دالّـماز داوای بینینـی سـیلڤیای کـرد، سـیلڤیا تیکتـی فڕۆکەی کڕی و بە باوەشێک لە وێنەی کارەکانیەوە گەیشتە پاریس، یەک وێنەشـی تێدا نەبوو ناسنامە ڕاستەقینەکەی ئاشکرا بکات، چونکە هیچ یەکێـک لە وێنەکـان لە باشوری ئەفریقا و ئیسرائیل نەگیرابوون.

دێسەمبەری ١٩٧١، دیمەنی پاریس سەرنجی ڕاکێشا، خانووە کۆنەکـان، بـۆن و هەڵاوی نانی تازە پراژاوی فڕنییەکان، ئافرەتە شـۆخەکان، ئاوپڕژێنەکـان کە لەگەڵ کازیوەدا لە لایەن پاکەرەوەکانی شەقام بەکاردەهاتن، خشـەی گەسـکی دەسـتیان کە لە ڕووی بەردی شۆسـتەکان و قیـڕی شـەقامەکان دەخشـان، بـۆنی کەسـتەنە سووڕەوەکراوەکانی نزیـک کەوانەی سـەرکەوتن، پـردە جوانەکـانی سـەر ڕووبـاری سیان و بەلەمەکان کە لە ڕۆیشتندا مژێکی تەنکیان لە دوای خۆیان جێدەهێشت.

فەرەنسا چواررياننێکی گەورەی نێوەدەوڵەتییە، پەڕینەوەی سنوور بۆ وڵاتانی دیکەی ئەوروپی کارێکی ئاسانە، ئەمەش هاندەربوو، چونکە ئەوکاتە ڕای گشتی فەرەنسا زۆر پشتیوانی ئیسرائیل بوو، سیلڤیا بە بوونی لە وێ زۆر دڵخۆش بوو.

لویس دالماز بە کەمێک گومانەوە پێشوازی لە سیلڤیا کرد، بە ئەزموون فێربببوو کاتێک دۆستێک یان ناسیاوێک هەوڵ دەدات بڕوای پێ بهێنێ وێنەگرێک لە کۆمپانیاکەی وەربگرێت، بە شێوەیەکی گشتی کەسێکە جۆرێک کەموکوڕی پیشەگەری هەیە. بە ئینگلیزییەکی ئاواز قورسەوە، داوای بینینی وێنەکانی لێکرد. سیلڤیاش پۆرترێیت و وێنەی دیمەنەکان، ڕووداوە وەرزشییەکان، خۆپیشاندان و مانگرتنەکانی لە بەردەمی بڵاو کردنەوە.

دالماز لە بن لێوانەوە گووتی: خراپ نین.

پرسیاری لە سیلڤیا کرد، لە کوێ ڕاهێنانی پیشەگەریت وەرگرتووە. سیلڤیا بیری کردەوە ئەگەر ڕاستییەکەی پێ بڵێ، ئەوا پاشخانە ئیسرائیلییەکەی ئاشکرا دەبێت، بۆیە گووتی: لە ڤانکۆڤار خوێندوومە.

کەی دەتوانیت دەستبەکار بیت؟

تەنیا چەند ڕۆژێکی کەمم بۆ بە کرێ گرتنی ئەپارتمانتێک پێویستە، دوای ئەوە دەشێم دەستبەکار بکەم.

دالماز دوو هەفتەی بۆ نیشتەجێبوون پێدا.

دوای ئەوەی لە دالماز جودابووەوە، سیلڤیا چووە لای چەند نووسینگەیەکی بە کرێدانی ئەپارتمانت، بە وەرگرتنی ڕەزامەندی لە یەکەی ئۆپەراسیۆن، ئەپارتمانتێکی یەک ژووری لە لا شەقامێکی ناوجەرگەی شار بە کرێ گرت کە لە بارەگای تەلەفزیۆنی فەرەنساوە نزیکبوو. دواتر تێلی بۆ ئیسحاق کرد، ئەو پیاوەی لە

ماوەی مانەوەی لە ڤانکۆڤار مەشقی پێدا و یارمەتیشیدا کە لە ئاژانسی دالّماز کاری دەست بکەوێت. ئیسحاق دڵخۆشبوو بەوەی توانیویەتی ئەپارتمانتێک بە کرێ بگرێت و ژمارەی کوشکێکی تەلەفۆنی گشتی پێدا و گووتی: تۆ هەموو ڕۆژێک دەتوانیت لە نێوان کاتژمێر دوازدە و دووی پاشنیوەڕۆ تەلەفۆن بۆ ئەم ژمارەیە بکەیت، ئەو پیاوەی چاوەڕێی تێلی تۆ دەکات ئەفسەری سەرپەرشتکارتە و خۆت ئامادە بکە.

کاتێک لە کاتژمێری دیاریکراو تێلی کرد، دەنگێکی ئاشنا وەڵامی دایەوە و بڕوای بە گوێیەکانی خۆی نەکرد.

بە هەڵچوونەوە گووتی: بە ڕاستی ئەوە تۆی؟

بەڵێ ئەوە خۆمم و کەسێکی دی نییە.

دەرکەوت ئەفسەری کەیسەکەی ئەبراهام گەمەرە، ڕێنوێنیکارەکەی پێشووی لە قوتابخانەی ئۆپەراسیۆنی تایبەتدا، تەنانەت ئێستاش بە ناوی ڕاستەقینەی خۆی بانگی نەکرد، تەنیا بە ناوە خوازراوەکەیەوە (ئۆدێد) بانگی کرد، چونکە لە فەرەنساش ڕێگە پێدراو نەبوو ژمارە تایبەتییەکەی بزانێت یان لە ماڵەوە سەردانی بکات یاخود خێزانەکەی ببینێت. ئەبراهام لەگەڵ هاوەڵەکانیدا لە پێدانی ڕێنمایی و وەرگرتی ڕاپۆرتەکانیدا بەرپرسی بوو، هەروەها کاری وێش بوو هەرچییەکی سیلڤیا داوای بکات بۆی دەستەبەر بکات.

لە ڕاستیدا، ئەفسەری کەیس کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر ژیانی جەنگاوەرەکان هەبوو، لە هەر کاتێکدا دەبوو بە تەواوی بزانێ لە کوێیە بۆئەوەی لە کاتی پێویستدا دەستبەجێ پەیوەندی پێبکات. لە کافێ و ڕێستوڕانتەکان بە ناوی دیداری کۆمەڵایەتی یەکدیان دەبینێ، بەڵام کرۆکی گفتوگۆکانیان لەبارەی ئەرکەکانی ئۆپەراسیۆنەوە بوو. لە زۆر باردا دۆستایەتییەکی سەربەخۆیانە لە

نێوان جەنگاوەر و ئەفسەری کەیس پەرەدەستێنێ، هەرچەندە ئەفسەری کەیس بڕیار دەدات و جەنگاوەر جێبەجێی دەکات، بەڵام ڕێنماییەکانی ئەفسەری کەیس فەرمانێکی بڕاوەیە و دەبێت بە تەواوی جێبەجێ بکرێت تەنیا لە حاڵەتی نەخۆشکەوتندا نەبێت.

سەرەڕای دۆستایەتی سنووردارییان، ئەفسەری کەیس و جەنگاوەر لە بارودۆخە گۆڕاوەکاندا یەکتری دەناسن. کاتێک ئەفسەری کەیس لە پۆستێکی دی دامەزرا یا گواستراوەوە و ئەفسەرێکی دی جێگەی گرتەوە، ئەو و جەنگاوەرەکە دەبێت بە ماوەی سازان و ڕێکخستنی خەسڵەتی کەسی و شێوازی کارکردن لەگەڵ یەکتری تێپەڕن، ئەمەش پرۆسەیەکی سانا نییە.

دوو هەفتە دواتر سیلڤیا تێلی بۆ داڵماز کرد و گووتی: من ئامادەی کارکردنم.

نایابە، من ئەرکێکی گرنگم بۆ تۆ هەیە، خێرا وەرە، چاوەڕێت دەکەم.

بە میترۆ بەرەو ئۆفیسەکەی چوو، وەک پیشەی خۆی چاوێکی گێڕا کە ئاخۆ کەس تاقیبی ناکات، وەک ڕێکارێکی خۆپارێزی بەر لەوەی بگاتە شوێنەکەی چەند جارێک میترۆکەی گۆڕی.

کاتێک پێی نایە ناو نووسینگەکە، داڵماز لێی پرسی: تۆ دەزانی سۆمالی فەرەنسا کەوتۆتە کوێ؟

لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقایە.

زۆر ڕاستە، خۆت بۆ ڕۆیشتن ئامادە بکە.

بۆچی؟

گرژی و ئاڵۆزییەکان سەریان هەڵداوە و پێدەچێت شەڕی ناوخۆی لێ بکەوێتەوە.

کەی دەبێت بڕۆم؟

هەتا دەکرێت چەند زوو بێت، باشە.

تێلی بۆ ئەبراهام کرد و وێنەکەی خستە بەر دەستی. ئەبراهامیش لەبارەی ئۆفەرەکەی دالّماز ڕاپۆرتی بۆ بارەگای سەرەکی یەکەی ئۆپەراسیۆن بەرز کردەوە. ئەوانیش ڕەزامەندیان نیشاندا و لیستێکی دورودرێژی پاراستنی سەلامەتیان بۆ سیلڤیا نارد کە پێویستبوو پەیڕەویان بکات.

وێڕای ئەوەی گرژییەکان لەوپەڕی گەرمیدا بوون، سۆمالّیلاندی فەڕەنسا کە ولّاتێکی نیو ملیۆن کەسییە و کەوتۆتە ڕۆژهەلّاتی ئەفریقاوە (ساڵی ١٩٧٧ سەربەخۆیی بە دەستهێناوە و ئێستا پێی دەگوترێت جیبۆتی) ڕێک دانەیەک بوو لە باخچەی عەدەن. چیای سەرکەش، بیابان، ئاژەڵی کێوی لەگەڵ بەندەری تیجۆرای نزیک پایتەخت کە کەناراوەکانی بۆ مەلەوانی لە بارن. لە ئاوە کەسکونییەکەوە، ڕەنگە هەندێ لە بە ناوبانگترین شوێنی چوونە ژێر ئاوی وا بدۆزیتەوە کە لە جیهاندا کەم وێنە بن. لە هەندێ بەشی کەنار ئاوەکەدا شارک هەیە، بەڵام پێناچێت مەترسیان بۆ سەر مرۆڤ هەبێت، بۆیە دەشێ بێ هیچ ترسێک لە ڕۆخ ئاوەکەدا مەلەوانی بکەیت.

کاتێک سیلڤیا گەیشتە ئەوێ، ولّاتەکە لەسەر لێواری لەناوچوونداِ بوو، نزیکەی سێیەکی دانیشتووانەکەی لە ئەندامی هۆزی ئافەرین پێکهاتووە کە لە سەدەی سێی پێش زایەنەوە لە ئەسیوپیاوە ڕاهاتوونەتە ئەوێ، دواتر سۆمالّییەکان گەیشتوونەتە ئەوێ و لەگەڵ خۆشیاندا ئایینی ئیسلامیان هێناوە، فەڕەنساوییەکان جیبۆتی پایتەختیان دروست کردووە، وەک پیشەی خۆشیان کلتوور و زمانی فەڕەنسیشیان بلّاوکردۆتەوە و ناوچەکە بووە بە کۆلۆنی فەڕەنسا. چەند دەیەک دواتر، لەوێ ڕیفراندۆمێک بەڕێوەچوو، زۆربەی دانیشتووانەکەی لاگیری مانەوەی

بەردەوامی کۆنترۆڵی فەڕەنسا بوون، بەڵام زۆربەی ناڕازیبوونەکانی بوونی فەڕەنسا لە سۆماڵییە موسڵمانەکان بوون و مەبەستییان دامەزراندنی حوکمڕانی ئیسلامی بوو. بە هۆی شۆینە ستراتیژییەکەی لە سەر دەروازەی دەریای سوور و تەنگەکانییەوە فەڕەنسا بەرژەوەندییەکی تایبەتی لە وڵاتەکەدا هەبوو. بۆ دامرکاندنەوەی بێسەروبەری و گەڕاندنەوەی سیستەم داوای جوڵە لە سوپای فەڕەنسا کرا. لەبەرئەوەی بابەتێکی جێ بایەخی فەڕەنسا بوو، ڕۆژنامەکانی فەڕەنساش ڕووداوەکانی ئەوێیان کردبوو بە مانشێتی لاپەڕەکانی یەکەمی خۆیان.

پایتەخت لە ژێر قەدەغەی هاتووچۆدا بوو کاتێک فڕۆکەیەکی ئاسمانی فەڕەنسی لە پاریسەوە لە فڕۆکەخانە بچووکەکەیەوە دابەزی، نەفەرەکان لە لایەن پاسەوانی سەربازی فەڕەنسییەوە بۆ ناو شار یاوەری کران، لە ڕێگای چوون بەرەو شاردا سیلڤیا بە چاوی خۆی لاشەی بۆگەنبووی لە ڕۆخ شەقامەکەدا بینی، ئەو پێشتر ژوورێکی لە هوتێل میرامار گرتبوو کە دەکەوێتە ناو جەرگەی شار، وێڕای هۆشداریيەکانی کارمەندانی پێشوازیکاری هوتێلەکە، بەڵام ئەو بە دوو کامێراوە میراماری بە جێهێشت و چووە دەرەوە.

سیلڤیا وێنەی ئەو خۆپشاندەرانەی چرکاند کە بەرانگژی کەسایەتییە سەربازییەکان بوونەوە، هەروەها وێنەی ئەو دوو بەرەیەشی گرت کە تەقەیان لە یەکدی دەکرد، چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەو بازرگانە فەرەنساویانەش کرد کە بە چەکەوە لە ماڵەکانیاندا سەنگەریان گرتبوو. گوللە بە تەکیدا ویزەیان دەهات، بەڵام هیچ نەدەترسا، تەنیا خۆی بە زەویدا و لە وێنە گرتندا بەردەوام بوو.

ڕۆژێک چووە ناو کەمپی سەربازانی فەڕەنسا کە کەوتبووە دەرەوەی شار، چاوی بە ئەفسەر و سەربازان کەوت، یاوەری تیمی شەڕە تەقەکانبوو، بە چاوی خۆشی دەستگیرکردنی سۆماڵییەکانی بینی کە دواتر وڵات بەدەرکران. وەک ئەوەی

لە لایەن ئاژانسی دالّمازاوە ڕێکخرابوو، لە ڕێگەی فڕۆکەی سەربازییەوە وێنەکانی خۆی دەنارەوە پاریس.

لە دوا ڕۆژی مانەوەیدا، بۆ مەلەوانی کردن چووە سەر دەریای سوور، کەنارەکە چۆڵ و حۆڵ بوو، بەلام سەدای شەڕە تەقە زۆر بە ڕوونی دەبیسترا، کەلوپەلی چوونە ژێر ئاوی بە کرێ گرت و گەشتێکی ژێر ئاوی بە ناو مەرجانەکاندا کرد. کاتێک گەڕایەوە پاریس، هێشتا وێنەکانی لەسەر ڕوپەڕی یەکەمی ڕۆژنامەکاندا دەردەکەوتن، چونکە ئەو تاکە وێنەگر بوو کە لە فەڕەنساوە بۆ بە دۆکیومێنتکردنی بێسەروبەری و شڵەژانەکە نێردرابوو. لویس دالّمازی بەڕێوەبەری ئاژانسی وێنەگرتن کە ئەوی ڕەوانەی ئەو شوێنە کردبوو لە بەرامبەر کارە باشەکەیدا سوپاسی کرد و پاداشتێکی تایبەتی کرد.

عەلی سەلامە بە پاسپۆرتی ساختەوە گەشتی سەرانسەری ئەوروپای کرد، سەردانی میونخ، برۆکسل، ئەمستردام، پاریس و مەدریدی کرد. دەچووە هەر شوێنێک بە یارمەتی بالْیۆزخانەکانی وڵاتانی عەرەبی بە تایبەتی بالْیۆزخانەی لیبیا، خانەی نوێی بلاک سێپتەمبەری دادەمەزراند و ژمارەیەک پیاوی دەستەبژێری لە چواردەوری خۆی کۆدەکردەوە، چەک و تەقەمەنی بۆیان دەستەبەر کرد و لەو شوێنەیان حەشاردا کە لەسەری ڕێککەوتبوون.

گەشتە ئەوڕووپییەکەی عەلی سەلامە مەبەستی دیکەشی لە پشتبوو، ئەو بە دوای دۆزینەوەی خەڵکانێک بوو، بتوانن هێرشی گەورە ئەنجام بدەن. بەڵام ئەوە تەنیا پلان بوو، بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکانیشی تەنیا بە دوای پیاواندا نەدەگەڕا.

عەلی مەبەستی بوو، بلاک سێپتەمبەر لە ئاستی جیهاندا پلەی یەکەمی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بگرێت. ئامانجەکەشی ئەوە بوو ڕێکخراوەکە ببێتە هەڕەشەیەکی بەردەوام بۆ حکوومەت و تاکەکانەوە، بەتایبەتی ئیسڕائیلییەکان. بۆ

ئەم مەبەستە لەبەر پلانێکی فراوانـدا بـوو کە بتوانێـت کۆتـایی بە هێرشـە تیرۆریستییە سنووردارەکان و کوشتنە پچڕ پچڕەکان بێنێـت. چـونکە لە بـاتی ئەمە هێرشە گەورەکـان لە سەرانسـەری جیهـان سـەدای دەبێـت و تـرس و تۆقانـدنیش بڵاودەکاتەوە.

هەرچەندی عەلی لە وردەکاری پلانەکەی ڕوودەچوو، هێندەی دیکە بە جـۆش و خرۆشتر دەبوو، ئەگەر سـەرکەوتوو بێـت، پێیوابـوو هەمـوو جیهـان گوێیـان لەو دەبێت. لەوەش ئاگادارببوو کە سەرکەوتن بە شـارەزایی ئەوانەوە پەیوەسـتە لەنـاو کارەکەدان، چەندی تیمەکە زەبروەشـێن، پیشـەیتر بـن، لە کارەکانـدا هەڵە کەمـتر ڕوودەدات.

سەردەستەی تیمەکە ئەبو سنێینا کوڕی خێزانێکی موسڵمان بـوو کە یەکێـک لە گەورەترین و ڕێزلێگیراوترین کەسەکانی خەلیل بوو. بـێ دوودڵـی لە لایەن عەلـی هەلبژێردرا. ئەبو سنێینا بوو کە چوار ساڵ پێشتر فەرمانی ڕفاندنی فڕۆکەیەکی ئەل ئالی بۆ جەزایر دەرکرد. ئەو نەک تەنیا لە ڕفاندنی فڕۆکە بە ئەزموون بوو، بەڵکوو لە پرۆسـەی گفتوگـۆی بەڕەڵاکردنـی بارمتەکانیشـدا بەرامـبەر گۆڕینەوەیـان بە تیرۆریستە زیندانیکراوەکان لە ئیسرائیل مەعلان بوو. بۆیە عەلی پێیوابـوو بـۆ ئەم ئەرکەی ئێستا کەس لەوی شیاوتر نییە.

دواتـر کەسـێکی دروزی بە نـاوی عەبـدولعەزیز ئەلئەتـرەش بە ئەنـدامێکی چالاکی بلاک سێپتەمبەر هەڵبژارد. عەزیـز کـچە دۆستێکی شـۆخی بە نـاوی ڕیـما تانوس هەبوو، بـێ دایک و باوک بوو کە لە دێرێکی بێت لەحم گەورە ببوو، دواتـر چوو بووە بەیـروووت. ئەو کـچە لەوێ بە تەنیـا دەژیـا و مـوفلس و بـێ پـارە بـوو، قوربانی لاقەکردن و دەستدرێژی کردنە سەریش بوو. ڕیـماش ڕازیبـوو بێـتە ڕیـزی تیمەکە و پێشنیاری تڕێزا هالسای دەستە خوشکیشـی کـرد کە کچێکـی کریسـتیان

بوو، پێشتر لە قوتابخانەی پەرستیاری عەککا قوتابی بوو. ئەو کچە، دوای ئەوەی خێزانەکەی ڕەتیانکردەوە هاوسەرگیری لەگەڵ خۆشەویستەکەی بکات کە کوڕێکی موسڵمان بوو ڕایکردبووە لوبنان. تڕێزا لەبەرئەوەی لاگیرێکی سەرسەختی خەباتی فەڵەستین بوو، کاتێک عەزیز لێی نزیک کەوتەوە تا بیهێنێتە ڕیزی تیمی زەبروەشێن، زۆر بە خێرایی ڕازیبوو.

هەر چواریان پاسپۆرتی ساختە و تیکتی فڕۆکەیان بۆ بڕۆکسل درایە دەست، ئەوان هیچ ترسیان لە پشکنین نەبوو، چونکە پێشتر سەریان لە فڕۆکەخانە دابوو ڕۆتینەکەیان بۆ ئاشکرا ببوو، لە دوای فڕۆکەخانە هەر یەکەیان بە تاکسی جودا چوونە وێستگەی شەمەندەفەر بۆ هێنانی ئەو دەمانچە و تەقەمەنیانە کە لە ڕێگەی جانتای دیپلۆماسی باڵیۆزخانەی لیبیاوە بە قاچاغ گەیەندرا بووە بەلژیکا.

١٨ی ئایاری ١٩٧٢ تیرۆریستان گەڕانەوە فڕۆکەخانەی بڕۆکسل و لەوێوە بە گەشتی سافێنا بەرەو فڕۆکەخانەی بنگۆریۆن سواربوون، ئاسایشی فڕۆکەخانەش چەکە شاراوەکانیان نەدۆزییەوە.

گەشتەکە ٩٩ سەرنشینی هەڵگرتبوو. دوای پاشنیوەڕۆ کاتێک کارمەندانی گەشتەکە لە پێشکەشکردنی خواردنی نیوەڕۆ بوونەوە، یەکێک لە تیرۆریستەکان قیتبۆوە و دەمانچەکەی هەڵکێشا و ڕایگەیاند: ئەم فڕۆکەیە ڕفێنراوە. داواشی کرد پێویستە ئەو پەیامە بگەینێتە حکوومەتی ئیسڕائیل کە تیمەکە سەرنشینەکان ئازاد دەکات ئەگەر ئیسڕائیل تیرۆریستە زیندانیکراوەکان ئازاد بکات، بەڵێنی ئەوەشیدا کە سەرنشینە ڕفێنراوەکان بە سەلامەتی بگێڕێتەوە لوبنان. دوای ئەوەی گەشتەکە گەیشتە فڕۆکەخانەی بنگۆریۆن گفتوگۆکان دەستیان پێکرد، بەڵام لە ئۆپەراسیۆنێکی ئازایانەدا، یەکەی کۆماندۆی سەر بە فەرماندەی باڵای هێزی بەرگری ئیسڕائیل، خۆیان کرد بە تیمی سەرزەوی و چوونە ناو فڕۆکەکە و دوو

پیاوەکەیان کوشت و هەردوو ئافرەتەکەشیان دەستگیر کرد و سەرنشینەکانیان ئازاد کرد.

دەستبەجێ هەردوو ئافرەتەکە ڕاپێچی لێکۆڵینەوە کران، ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکردن دەیانویست بزانن کێ ئەوانی بۆ ئەرکی ڕفاندەکە ڕاسپاردووە، هەردوو ئافرەتەکە، ترێزا و ڕیما کە هەر یەکەیان لە ژووری جودای لێکۆڵینەوە بوون، قسەکانیان وەک یەکبوو کە ئەوان لە لایەن ئەندامانی بلاک سێپتەمبەرەوە نێردراون.

لێکۆڵیارەکە داوای کرد: ئێمە ناومان دەوێت.

ناویان ئەلئەترەش و عەلی سەلامە بوو.

پرسیاریان کرد: چ لەبارەی سەلامەوە دەزانیت؟

"شتێکی زۆر کەم" ئێمە تەنیا یەکجار ئەومان بینیووە، کاتێک باسی ئۆپەراسیۆنەکەی بۆ کردین و پاسپۆرت و تیکتیشی داینێ.

لە کوێ دەژێت؟

هیچ بیرۆکەیەکمان نییە.

ئەوان لەسەر قسەکانیان سوور بوون، تەنانەت دوای لێکۆڵینەوەیەکی دورودرێژیش.

ڕفاندنی فرۆکەی سابێنا بۆ هەواڵگری ئیسرائیل شۆکێک بوو.

هیچ یەکێک لە بەشداربووانی کۆبوونەوە نائاساییەکە کە لە نووسینگەی زیڤی زامیر، بەڕێوەبەری مۆساد بەڕێوەچوو پێشبینی ڕوودانی ئەم ڕووداوەیان نەدەکرد. دوای هێرشە بەردەوامەکانی فەتح بۆ سەر ئیسرائیلییەکان لە ناوچەی داگیرکراودا،

سەرۆکی فەرمانـدەی باشـوور ژەنەڕاڵ ئاریـان شـارۆن بە یـارمەتی یەکەی دەستوەشێن توانیبووی بوونێکی بەهێزی سەربازی لە کەرتـی غەززە دابمەزرێنێـت و وایکردبـوو هێرشـەکان بە تەواوی خـاو ببـنەوە. وەهـا دیـاربوو کە تیرۆریسـتان ئاگربەستیان ڕاگەیاندبێت، بەڵام وەک هەر جـار بێـدەنگیی جـۆرێکە لە فریـودان. ئەو هەستەی لەسەرینی سەرکەوتنەکانی شارۆن باڵی بەسـەر ئیسـرائیل کێشـابوو، تەمەن کورت بوو.

هێشتا هەواڵگری ئیسـرائیل لەبـارەی بـلاک سـێپتەمبەر لە تاریکیـدابوو، ئەوان مەزەندەی ئەوەیان کردبوو کە لەوانەیە پلانی ڕفاندنی فڕۆکەی ئیسـرائیل هەبێـت یان لە ئاسمان بتەقێندرێتەوە کە تەنیا ئەگەر بوو، بەڵام ڕفاندنی فڕۆکەی سابێنا بۆ فڕۆکەخانەی بنگۆریۆن پێشبینییەکەی کردە ڕاستی.

لە تێڕوانینی مۆسادەوە، عەلی سەلامە جێـی بـایەخی سـەرەکییە، بەڵام تـا ئەو ساتە زانیارییەکی کەمیان لەبارەی ژیانییەوە هەبوو، لەو کـاتەی بـووەتە سـەرۆکی بلاک سێپتەمبەرەوە. عەلی کەسـێکی تەمـومژاوی بـوو، تەنـانەت ئۆتۆمبیلەکەشـی فرۆشتووە و ئێستا بێ ئۆتـۆمبیلە و خۆشـی لە چـوون بـۆ شـوێنی گشـتی بە دوور دەگرێـت، چـوارەوری خـۆی و خێزانەکەشـی بە پاسـەوان تەنیـوە. تەنیـا ئەبـو ئەیادی سەرۆکی هەواڵگری شوێنی ئەو پێ دەزانێت و دەزانێت خەریکی چییە.

بەشی کۆکردنەوەی زانیاری مۆساد، لقی هەواڵگری هێزی بەرگـری ئیسـرائیل و وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل فەرمانیـان پێکـرا بەمەبەسـتی کـۆکردنەوەی زانیـاری پەیوەست بە عەلی سەلامە گەرانەکانیان فراوان بکەن. وێنەی تیرۆریستە فێڵبـاز و غەنەچییەکەیان بڵاوکردەوە کە بە ئینگلیـزی و ئەڵمانییەکـی ڕەوان قسـە دەکـات، پیاوێکی توندوتیژە و بکوژێکی ڕاستەقینەیە. پێـدەچێت گـورگێکی بە تەنیـای بـێ دۆسـت بێـت و هـیچ بە هـاوژینەکەی نالێـت، زۆر بە دەگـمەن شـەو لە مـاڵەوە

بەسەر دەبات. هیچ شتێک لەبارەی عەلی سەلامە لە لای هەواڵگری ئیسرائیل زانراو نەبوو، هەروەها لەبارەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ باڵیۆزخانەکانی لیبیا و جەزایر کە چەک و تەقەمەنی و زانیاری پێویستیان پێدەدا، تەنانەت ئەوەشیان نەدەزانی کە لە ئەورووپا لە کۆی دادەنیشێت و هیچیان لەبارەی خووە ڕۆژانەکانی نەدەزانی، دیسان زانیارییەکی زۆر کەم بەردەستبوو لەبارەی پەیوەندییەکانی عەلی بە ستاسی و بە سەربازگرتنی قوتابیانی فەڵەستینی لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپادا.

هەروەها ئیسرائیلییەکان لەبارەی زۆر ڕاستیی گرنگی ژیانی عەلی بێئاگا بوون، هەرچەندە پێوەبوون خاڵە لاوازەکانی بە دیاربخەن، بەڵام ئەو هەموو هەوڵەکانی لەسەرپلاندانانی هێرشی تیرۆریستی چڕکردبۆوە و وەک ئەوەی بەرامبەر ڕفاندنی فڕۆکەی سابێنای کرد کە لە پلانی خۆیدا بوو، ئەبو ئەیادیش بە پەرۆشەوە لێی وەرگرتەوە.

کاتژمێر دەی شەوی ٣٠ی ئایاری ١٩٧٢ فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانی فەڕەنسا لە پاریسەوە فڕی و لە فڕۆکەخانەی بنگۆریۆن نیشتەوە. لە ماوەی وەستانی لە ڕۆما سێ ئەندامی ڕێکخراوی سوپای سووری ژاپۆنی بە پاسپۆرتی ساختەوە سەرکەوتنە ناو فڕۆکەکەوە، کەسیش جانتاکانی نە پشکنیبوون.

لە فڕۆکەخانەی بنگۆریۆن بە هێمنی جانتاکانیان لەسەر زەوی تێرمینال کردەوە و تفەنگ و نارنجۆکەکانیان دەرهێنا و تەقەیان لەسەرنشینەکان کرد، هەروەها نارنجۆکیشیان بەولاو بەملادا هاوێشت، لەم ڕووداوەدا ٢٤ سەرنشین کوژران کە زۆربەیان ئەو کریستیانانە بوون کە بۆ زیارەتی خاکی پیرۆز هاتبوون. یەکێک لەو ئیسرائیلیانەی کوژرا، پرۆفیسۆر ئەهارۆن کاتزیر بوو کە شارەزاییەکی نێودەوڵەتی کیمیاگەری بوو، هەروەها یەکێک لە دامەزرێنەرانی بۆردی زانستی هێزی بەرگری

ئیسرائیل بوو، تەنیا یەک تیرۆریستیش لە ژیان مایەوە کە ناوی کۆزۆ ئۆکۆمۆتۆ بوو. لە هەوڵێکێ چڕ و بەکارهێنانی میتۆدی جۆراوجۆردا هەواڵگری ئیسرائیلی بۆیان دەرکەوت تیمە تیرۆریستییەکەی ژاپۆن بە پێی پلانێک کاریان کردووە کە لە لایەن بلاک سێپتەمبەرەوە داڕێژراوە، بەمەش ڕوون بوویەوە کە پێویستە ڕێ لەو مارە گەورە بگیردرێت، بۆیە سەرپەڕاندنی بووەتە پێویستییەکی بەپەلە.

زیندانیکردن لە کەمپی ئاوارەندا

بەیرووت بە "پاریسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" ناوزەدە، داگیرکاری فەڕەنسا لە دوای خۆی شێوازە ژیانێکی جوانی بەجێهێشت کە لە پاش کۆتایهاتنی داگیرکردن کاریگەری سیاسەتی فەڕەنسا هەر مایەوە، بەیرووت پارەدار و بانکی گەورەی عەرەبی زۆری لێ هەڵکەوتووە، شوێنێکی گەشتیاریی پڕ لە یانەی شەوانەیە. لە ڕۆژدا بەیرووت شارێکی بازرگانی جەنجاڵە و گەشتیاران خۆ دەدەنە بەر تیشکی هەتاوی کەناراوەکانی و بە پەلە بۆ سەیر کردنی تاوەرەکانی دەوروبەری شار لە کەشتییەکان دادەبەزن، ڕێستوڕانت و یانەکان لە ئێواراندا دەرگاکانیان دەکەنەوە، خەڵک بە دەنگی مۆزیقا هەڵدەپەڕن و سەما دەکەن، ناوچەکانی جێ ڕابواردن قەرەباڵغن و سەرخۆشەکان لەسەر شەقامەکان دەکەون.

لە ١٩٧٠ لە پشت تیشکە درەوشاوکانی بەیرووت و لە پشت ئەو قەرەبالّغی و ژاوەژاوەدا، جۆرە چالاکییەکی دیکەش ڕوویدا، بە پاسپۆرتی ساختەوە ژمارەیەک تیرۆریستی مەشق پێکراو لە دەرەوەڕا گەیشتن و بە نهێنی لە کەمپی ئاوارەکاندا لەگەڵ فەڵەستینییە خانەخوێکانیان کۆبوونەوە و نەخشەی پەلاماردانی ئیسرائیل و لەقکردنی متمانەیان داڕشت، ئەوانە لە ئەندامانی تاخمی بایەدر ماینهوفی ئەڵمانی، پسپۆر و شارەزای تیرۆرکردن و تەقینەوە، سوپای سووری ژاپۆنی و ئەندامانی باڵای تیرۆریستان یا ڕێکخراوی لیوای سووری ئیتاڵیا پێکهاتبوو. تەنانەت کارلۆسی گەورە تیرۆریستیشیان لەگەڵدا بوو کە لە کوشتن و بڕین و کاولکاریدا ناوبانگی نێودەوڵەتی هەبوو.

لە کەشێکی خامۆشی دوور لە خەم و خەفەت لە ڕێستوڕانتێکی تایبەت لە

شـەقامی سـەیفەدین خەتیـب لە بەیـرووت، جۆرجینیـا ڕزق لەگەڵ دەسـتەیەک دۆست و هاوڕێیدا لەسەر مێزێک ڕووینشـتبوو، شـاگردەکان لەبەریـان دەهـاتن و دەچوون و خاوەن ڕێسـتوڕانتەکە خـۆی خزمەتـی دەکـردن، ئەوانـیش بەدەم نـان خواردنەوە دەتریقانەوە، دواتر چوونە ناو حەشاماتی شوێنی سەماکردنەکە.

جۆرجینا و دەستەخوشکەکانی پشتیان لە دەروازەی ڕێسـتوڕانتەکە بـوو، بـۆیە هەستیان بە هاتنە ژوورێی عەلـی سـەلامە و هاوڕێکـانی نەکـرد، عەلـی لەو مێـزە نزیـک کەوتەوە کە لە لایەن شـاگردەکانەوە پـاک دەکـرایەوە و ژنـی جـوان و قەشەنگ لە چواردەوری مێزەکاندا ڕوونشتبوون. بەڵام کاتێـک چـاوی بە جۆرجینـا کەوت تەزووییەکی شادیی پێداهات، بەهۆی زۆر دەرکەوتنی وێنەکانی لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکاندا، یەکڕاست ناسییەوە.

جۆرجینـا لە هەمـوو ئەو ئافرەتـانەی لە ڕێسـتوڕانتەکەدا بـوون جـوانتر بـوو، کاتێک گەڕایەوە سەر مێـزەکەی، عەلـی لێـی چـووە پێشـەوە و بـۆی چەمـایەوە و داوای لێکرد کە ئایا دەتوانێت سەمای لەگەڵدا بکات؟

جۆرجینا سەیرێکی کـرد و نەیناسـی، بەڵام وەک کـوڕیکی قـۆزی بینـی کە تـی شێترێکی نیو قـۆڵی ڕەشـی تـا سـەر ماسـولکەی لەبەردابـوو، عەلـی بە زەردەخەنە سیحراوییەکەی کە پێشتر دڵی چەندان ئافرەتی ڕفاندبوو، یەکسەر دەستی خۆی بۆ درێژ کرد و بردییە شوێنی سەماکردنەکە.

هەر زوو ئەو جـووتە جوانەبـوونە چەقـی چـاوتێبڕینی ئامـادەبووان، بەیەکەوەش سەمایەکی باشیان کـرد، عەلـی باسـکی لە پشـتی جۆرجینـا ئاڵانـدبوو، جۆرجینـاش دەستی لەسەر شانی عەلی بوو، گووتی: ناوم عەلییە، عەلی حەسەن سەلامە.

جۆرجینا وەڵامی دایەوە: ئەو ناوە بە لامەوە ئاشنایە.

عەلی گووتی: ڕەنگە بە هۆی ناوی باوکمەوە بوو بێت کە ناوی حەسەن سەلامە بوو، سەرکردەی شەڕی ١٩٤٨ی فەڵەستینییەکان بوو.

شتێکی هاتەوە بیر کە لە قوتابخانە فێر ببوو و گووتی: چ دەکەیت؟

من لەپاڵ یاسر عەرەفات پۆستێکم لە فەتح هەیە.

جۆرجینا مووچڕکی پێیداهات، چونکە پێشتر هیچ کەسێکی فەتحی نەبینیبوو، هیچ لە دۆستەکانی پەیوەندیان بەو ڕێکخراوە توندڕۆیە نییە، ئەوەی لەبارەی فەتحەوە دەیزانی تەنیا ئەوانەی مانشێتی ڕۆژنامەکان بوو، ئەوانەش بەسبوون کە ڕقی لێیان بێتەوە.

ویستی بزانێت: ئایا خەڵک دەکوژیت؟

تەنیا پیاوی خراپ دەکوژم.

ئافرەت و منداڵیش دەکوژیت؟

پرسیارەکە عەلی شپرزە کرد.

تەنیا ئەوکاتەی هیچ چارە نەبێت.

بە تۆنێکی جۆرێک لە سەرزەنشتەوە گووتی: چارە هەمیشە هەیە.

بە لێبوردنەوە گووتی: سەیر بکە، جووەکان یەکەمجار ژن و منداڵیان کوشت، لە ١٩٤٨ تەواوی گوندە عەرەبنشینەکانیان تەختکرد و دانیشتووانەکەیان لە ماڵەکانیاندا دەرکرد و ڕێگەی گەڕانەوەشیان نادەنێ. قوڵا ئەو گوندەی تێیدا چاوم بە دنیا هەڵهێناوە، ئەویش داگیرکراوە و تەختکراوە، گوندنشینەکان دەرکراون، جۆرجینا ئێمە لە شەڕدایین، لە شەڕیشدا خەڵکی بێگوناهیش دەکوژرێن.

پێدەچوو ئەمە بۆ جۆرجینا ناموّ بێت کاتێک گوێبیست بوو لە ڕێستوڕانتێکی

هێمن و خۆشدا قسەی وا دەکرێت، چونکە کات و شوێنەکە هی قسەی لەمجۆرە نەبوو، گووتی: من داوای لێبوردنت لێدەکەم کە تۆم ڕاکێشایە ناو ئەو گفتوگۆیە، پێم باشترە قسە لەسەر شتی دی بکەین.

بۆ نموونە لەبارەی چییەوە؟

لەبارەی تۆوە.

دەتەوێت چ بزانیت؟

شتە گرنگەکان.

پرسیار بکە و منیش وەڵامت دەدەمەوە.

ئایا زگورتیت؟

نەخێر، خێزاندارم.

لە سەرسوڕمانیدا چاوەکانی زەقبوونەوە، ئایا هاوژینەکەت لێرەیە؟

نەخێر.

بۆ نەخێر؟

دیسان پەشۆکا و بە منگەوە گووتی: پەیوەندیمان زۆر باش نییە.

تێگەیشتم.

مۆزیقا وەستا و عەلی یاوەری جۆرجینای کرد بۆ مێزەکەی و گووتی: دەتوانم جارێکی دی بتبینمەوە؟

ئاوڕی لە عەلی دایەوە و گووتی: پێموانییە، ڕەنگە مەحاڵ بێت.

عەلی گەڕایەوە سەر مێزەکەی و نائومێد و پەژارە بوو، ئاخر لەوە پێش هیچ

ئافرەتێک هەرگیز داواکاری ئەوی ڕەت نەکردۆتەوە، بەڵکوو بێ ماندووبوون ئافرەتی ناچار دەکرد بکەونە سەر قاچەکانی، بەڵام جۆرجینا جودابوو، بۆیە ڕەتکردنەوەکەی وای لێکرد بۆ بەدەستهێنانی لە جاران سوورتر بێت.

بانگی شاگردەکەی کرد و مستێک پارەی خستە ناو دەستی، شاگردەکە لەبەرچاوان ونبوو، دواتر بە بوتلێک شامپانیای نایاب گەڕایەوە کە بۆ مێزەکەی جۆرجینای کڕیبوو و بردی لە پێشی دانا.

شاگردەکە گووتی: ئەوە لەو بەڕێزەی مێزەکەی دواترەوە هاتووە.

جۆرجینا بە سەر دانەواندن سوپاسی کرد، شاگردەکە سەری بوتڵەکەی پچڕاند و بەرداخێکی بۆ جۆرجینا تێکرد، جۆرجینا داوای لێکرد بەرداخی دۆستەکانیشی پڕ بکات. دوای کەمێک دەستە خوشکەکان هەستان و ڕۆیشتن، لە هەستاندا جۆرجینا بە تیلەچاوێکیش سەیری عەلی نەکرد.

ئاژانسی فۆتۆگرافەری دالّماز و نووسینگەی دەرەوەی فەڕەنسا بە وێنەکانی سیلڤیا سەراسیمە بوون کە لە جیبۆتی گرتبوونی، پێشنیاری کردنەوەی پێشانگایەکیان لە پاریس بۆی کرد، سیلڤیا ڕاپۆرتی خۆی بۆ ئەبراهامی ئەفسەری کەیس بەرز کردەوە و داوای لێکرد کە چیان پێ بڵێت. پرسیارەکە خرایە بەردەم بارەگای یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت و تاوتوێ کرا کە ئاخۆ دەسەڵاتی ئەو جۆرە ڕووداوە گشتییەیان هەیە یان نا؟ چونکە لە هەر بۆنەیەکدا کە خەڵکێکی زۆر تێیدا بەشدار بن، هەمیشە ئەو مەترسییە لە ئارادایە، ڕەنگە کەسێک پەیدا بێت و سیلڤیا بناسێتەوە، بەڵام دوای هەڵسەنگاندی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکان بڕیاردرا پێشانگاکە بەڕێوەبچێت، چونکە پێگەی سیلڤیا وەک فۆتۆگرافەرێکی نێودەوڵەتی زیاتر جێگیر دەکات، بەمەش دەتوانێت بە ساناتر دەستی بگاتە هەر وڵاتێکی عەرەبییەوە.

وێنەکانی بە دیوارەکانی هۆتێلی ریتز لە کۆشکی ڤۆندووم هەڵواسران، لە کاتی کردنەوەی پێشانگاکەدا سەدان گڵۆپ لە سورەیا هەڵواسراوەکانی بنمیچی هۆڵەکە دەبریسکانەوە، هۆڵەکە لە دەستەبژێری کۆمەڵگەی فەڕەنسی، ڕۆژنامەنووسان و نوێنەرانی باڵیۆزخانەکانی بیانی بە جلوبەرگی ئێوارانەوە جەمەی دەهات، هەموویان پەرۆشی بینینی فۆتۆگرافەرەکە بوون کە ناوەکەی بە لای زۆربەیانەوە نەناسراوبوو. پێشانگاکە بە ناونیشانی" ژیان لە جیبۆتییەوە: فۆتۆگرافی پاتریشیا ڕۆکسێنبێرگ" بوو. نوێنەری وەزارەتی کولتووری فەڕەنسا لە وتەی بەخێرهاتندا بە دەنگی بەرز پەسنی پێشانگاکە و فۆتۆگرافەرەکەی کرد.

وێنە ڕەنگاوڕەنگ و ڕەش و سپییەکان هەموویان لە چوارچێوەیەکی داری وەک یەک گیرابوون، پێشتر هەندێکیان لە ڕۆژنامەکانی فەڕەنسیدا بڵاوکرابوونەوە، بەڵام هەشیانبوو یەکەمجار بوو دەخرێنەڕوو، وێنەکان لە شەڵەژان و بێسەروبەرییەکانی جیبۆتی – لاشەی مردووان لە چەقی شەقامەکان، منداڵی چاو بە فرمێسک لە باوەشی دایکیان، گەلەکۆمەکی پەلامارەرە تورەکانی دژ بە دامەزراوەی بزنسمانێکی فەڕەنسی- پێکهاتبوون. لە پاڵ دیمەنە تێکچڕژاوەکان، جۆرەها پۆرترێیتی ناوخۆی کاریگەریش هەبوون کە بە کامێرای سیلڤیا چرکێندرابوون: پیاوماقوڵانی هۆزی ئافەری بە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگی خۆیانەوە، جوتیارانی سۆمالی لە ناوچە کۆستکەوتووەکاندا خەریکی کێڵانی زەویە وشک و برینگەکانیان بوون، کەسایەتی سەربازی فەڕەنسی، خێزانێک لەبەردەم کەپرێک دانیشتوون و نان دەخۆن، بێوەژن، منداڵەکان لەسەر شەقامەکان دەڕۆزە دەکەن، ماسیگرەکان بە دیار تۆڕە هەڵدراوەکان بۆ ناو ئاوی کەنداوەکە لە چاوەڕوانیدان.

بە مەبەستی گوێگرتن لە ئەزموونەکانی، میوانەکان دەورەی سیلڤیاندابوو، ئەو ڕۆژە سیلڤیا بێ هیچ خشڵ و مکیاژکردنێک عەزییەکی ڕەشی درێژی پۆشیبوو. لەناو جەماوەرەکە لە هەمووان دیارتربوو، نەک بەهۆی بااڵبەرزییەکەیەوە،

بەڵکوو بەهۆی شۆخییەکەیەوە، زۆر لە میوانەکان داوای گۆڕینەوەی کارتیان لێی کرد.

یەکێک لە سەردانیکەرەکان کە دیپلۆماتکارێکی باڵای باڵیۆزخانەی ئوردن بوو بایەخی تایبەتی پێدا و خۆی پێناساند و پێی ڕاگەیاند کە زۆر بە وێنەکانی کاریگەرە، سیلڤیا دەرفەتەکەی قۆستەوە و وەڵامی دایەوە کە خەونی ئەوەیە وێنەی پۆرترێیتی کەسایەتی بەناوبانگ و خەڵکی ئاسایی وڵاتانی عەرەبی بچرکێنێت.

دیپلۆماتەکە پرسیاری کرد: ئایا هیچ سەردانی ئوردنت کردووە؟

نەخێر تا ئێستا سەردانم نەکردووە.

دەخوازیت سەردانی بکەیت؟

بە خۆشحاڵییەوە.

دیپلۆماتکارەکە کەمێک لە سیلڤیا بە تەمەنتربوو، پرچی ماش و برنج بوو، سیلڤیا وا پێچەسیا کە ئەو بایەخدانەی پێشانی داوە زیاتر لەبەر خاتری پیشەگەرێتیەکەیەتی، زۆر بەبایەخەوە گوێی بۆ چیرۆکی دیپلۆماتکارەکە ڕادێرابوو کاتێک باسی گەل و حکوومەتی ئوردنی بۆ دەکرد، کاتێک حەشاماتەکە پەرتەیان کرد، دیپلۆماتکارە ئوردنییەکە پێشنیاری ئێوارەخوانێکی بۆ کرد، سیلڤیا هیچ هۆکارێکی ڕەتکردنەوەی پێشنیارەکەی نەدۆزییەوە، دیپلۆماتکارەکەش ڕێستوڕانتی ڕیتزا هوتێلی هەڵبژارد کە یەکێک لە ڕێستوڕانتە گرانەکانی پاریسە.

لە کاتی نانخواردن ئوردنییەکە حەزی بەوە بوو هەموو شتێک لەبارەی بزانێت بە پاشخان و پیشەکەشییەوە. سیلڤیا پێی ڕاگەیاند کە لە کەنەدا لە دایکبووە و لە ڤانکۆڤار ژیاوە، پێشتر پێش ئەوەی بێتە پاریس وێنەکانی لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆ

بڵاوکردۆتەوە.

دیپلۆماتکارە ئوردنییەکە بەڵێنی پێدا، هەوڵ دەدات وەک میوانی وەزارەتی ڕاگەیاندنی حکوومەت بانگهێشتی وڵاتەکەی بکات" ژمارەی تەلەفۆنەکەی بۆ نووسی. کاتێک نانەکەیان تەواوکرد، داوای لێکرد کە دەخوازێت بە ئۆتۆمبیلە لیمۆزینەکەی باڵیۆزخانە بیباتەوە ماڵەوە، بەڵام سیلڤیا زۆر بە ڕێزەوە خواستەکەی ڕەتکردەوە.

بە درۆ گووتی: من لەو نزیکە دەژیم.

دەتوانم جارێکی دی بانگهێشتی ئێوارە خوانێکت بکەمەوە؟

بێگومان.

سیلڤیا گفتوگۆکانی خۆی لەگەڵ ئوردنییەکە کردە ڕاپۆرتێک و بۆ ئەفسەری کەیسی بەرزکردەوە. ئاماژەی بەوەشدا ئەگەر داوەت کرا، پێویستی بە ڕوخسەتی تایبەتی بارەگای سەرەکییە بۆ سەردانیکردنی ئوردن.

لویس دالّمازی سەرۆکی ئاژانسەکە بە بیرۆکەکە ختووکەی هاتێ و گووتی: پێشتر هیچ لە وێنەگرەکانمان نەچوونەتە ئوردن، ئەگەر تۆ بکاری بابەتە گرنگەکان وێنە بگریت، وەک ئاوارەکان، سەربازەکان و سەرکردە ناوخۆییەکان، من دڵنیام دەتوانین وێنەکانت بە ئاژانسەکانی جیهان بفرۆشین.

دوو ڕۆژ دواتر دیپلۆماتکارە ئوردنییەکە تێلی بۆ سیلڤیا کرد و پێی ڕاگەیاند وەزارەتی ڕاگەیاندن لەسەر سەردانەکەی ڕەزامەندە و بە عەرەبی گووتی: "وا مەزەندە بکە کە وڵاتەکەمان مالّی خۆتە و هەر زووش بۆی کرد بە ئینگلیزی و گووتی: "کاتێک بۆ نانی نیوەڕۆ یەکدیمان بینی وردەکاری زیاترت بۆ باس دەکەم."

داوای لێکرد لە سپادۆن بلو یەکدی ببینن کە ڕێستۆرانتێکی بەناوبانگی

خواردنه دەریاییەکانه. کاتێک سیلڤیا گەیشته ئەوێ، دیپلۆماتکاره ئوردنییەکه پێشتر له سەر مێزێکی تەنیشت پەنجەرە له چاوەڕوانیدا بوو، لەبەری هەستایەوە سەر پێ و به گەرمی دەستی گووشی و گووتی: به هاتنەکەت زۆر خۆشحاڵم.

سیلڤیاش گووتی: هەروەها منیش خۆشحاڵم، ئەوەش ڕاستبوو، چونکه بۆ ئەو سەردانی ئوردن خۆشییەکبوو، یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بێ سێ و دوو لەسەر گەشتەکەی ڕەزامەندبوو، ئاخر پەیوەندی گرتن لەگەڵ خەڵکه کاریگەرەکانی وڵاتانی عەرەبی هۆکارێکی جدی هێنانه ناو ڕیزی جەنگاوەری نهێنی سیلڤیا بوو. بەمەش سیلڤیا هەستی به لەخۆڕازیبوون کرد، ڕێچکه سەختەکانی که تا ئەوکات گرتبووەبەر دروستکردنی ناسنامەی نوێ له ڤانگۆڤار، قبوڵکردنی له ئاژانسێکی فۆتۆگرافی پاریسیانه، ناوبانگ پەیداکردن وەک گەورە وێنەگرێکی هەواڵ بێ کێشه بەڕێوەچوونه، لەگەڵ ئەوەی نەیدەزانی له ئایندە ڕوبەڕووی چ سەختییەک دەبێتەوە، بەڵام گەشبینبوو.

دیپلۆماتکاره ئوردنییەکه پێی گووت: له چەند هەفتەی داهاتوودا سەردانی وڵاتەکەی دەکات، بەوەش خۆشحاڵه پێی ڕابگەیەنێت که له گەشتەکەیدا دەبێته ڕێنمایکاری و گووتی: "سۆزی ئەزموونێکی له بیر نەکراوت دەدەمێ".

پێش ئەوەی له چەند هەفتەی داهاتوودا گەشتی ئوردن بکەن، هەرچەندە به ئەرکی ڕاستەقینەی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی لەوێ نەبوو، بەڵام قسەی لەگەڵ ئەبراهام کرد و ڕێنوێنیەکانی لێ وەرگرت. له ڕاستیدا ئەگەر پێویستی کرد لەوانەبوو داوای ئەنجامدانی هەندێ خزمەتگوزاری لێ بکرێت. ئەو لەمجۆرە جەنگاوەرانه نەبوو یەک ئەرکی دیاریکراو ڕاپەڕێنێت، بۆ نموونه(چاودێریکردنی ئامانجێکی تایبەت)، چونکه ژیرییەکەی ڕێگەی ئەنجامدانی کاری جۆراوجۆری پێدەدا، بەڵام فەرماندەکانی پێشبینیان نەکرد بتوانێت له ئوردن شتێکیان بۆ بکات،

بە لانی کەمی لەم گەشتەیدا.

هەڤاڵەکەی لە فڕۆکەخانەی عەمان پرسی ڤیزەی بۆ ڕێکخست و لە خاڵی کۆنترۆلی پاسپۆرتیشدا یاوەری کرد، لە دەرەوەش ئۆتۆمبیلێکی فەرمی بە ئاڵای ئوردنەوە لە دەرەوە چاوەڕێبوو، شوفێرەکە دەرگەی بۆ کردنەوە، پێشتریش لە هوتێل ڕێجنس لە عەماندا ژوورێکی بۆ گرێدرابوو.

عەمان "شارێک لەسەر حەوت گرد" پایتەختی ئوردنە و بارەگای کابینەی حکوومەتە، بەشە کۆنەکەی هەر لە ئۆرشەلیم دەچێت، هەرچەندە بەشە نوێکەی بە خانووە لە بەرد دروستکراوەکان، باخچەکان، شەقامە قەرەباڵغەکان، وەک بەشی نوێی ئۆرشەلیم وایە، ئەو دیپلۆماتکارەی لە پاریس بینیبووی وەک ڕێنیشاندەری سیلڤیا سەرەتا بۆ سەنتەری شار کە زۆربەی شوێنە مێژوویەکانی لێیە گەشتێکی بە سیلڤیا کرد و سەردانی کۆشکی ئومەیەیانکرد کە بەسەر شار دەڕوانێت، سەردانی پەرستگای هیرۆکلسی ڕۆمانیان کرد و لە ڕێستۆرانتێکی بە ناوبانگ برنج و گۆشت بەرخ و ماستاویان خوارد و خواردەوە، شاگردەکان بە جلوبەرگی میللییەوە وەک میوانی شەرەف خزمەتیان کردن و سەرمێزەکەیان پڕ کرد لە خواردنی بەچێژ لەگەڵ تەمرهیندی کە جۆرە شەربەتێکی شیرینی خورمایە.

لە سێ ڕۆژی داهاتوودا سیلڤیا و هاوڕێکانی بە درێژی و پانی وڵاتدا گەشتیان کرد، لە عەقەبە لە باشوورەوە تا جەرەش لە باکوورەوە، لە وادی ڕەمەوە بۆ بەترا، سیلڤیا وێنەی خڕ ئەو دیمەنە جوانانەی چرکاند کە لە ڕێگەدا دەهاتنە پێشی: فرۆشیارەکانی کەناراوەکانی عەقەبە نانی گەرمیان دەفرۆشت (تیەچاوێکیشی دایە ئیلات) عارەبانچییەکان گەشتیارانیان بۆ بەترا هەڵگرتبوو، بیابانشینەکان، دیمەنی خەڵک بە جلوبەرگی میللییەوە، بەشێک لە بارەگاکانی ملیتاری، چونکە ڕێگەی درابوو بە ئازادی خۆی وێنە بچرکێنێت.

بیرەوەری دیدارە کورتەکەی لەگەڵ جۆرجینا ڕزق ببووە مۆتەکەی عەلی سەلامە، دەچووە هەر جێیەک یاوەریبوو، بیر و هۆشی بردبوو، هەرگیز هیچ ئافرەتی دی هێندەی ئەو سەرنجی ڕانەکێشابوو.

لە مێشکی خۆیدا هەزاران جار گفتوگۆ کورتەکەیانی دووبارە دەکردەوە کە لە شوێنی سەماکەدا هەیانبوو. هەستی کرد کۆنترۆڵی خۆی لە دەستدایە و هەندێ قسەی کرد زۆر باشتر بوو نەیکردبان، بەلایەنی کەم لە قۆناغی سەرەتای دۆستایەتییەکانەوە، پێیوابوو بە خۆ ئاشکراکردنی وەک ئەندامی فەتح ئەوی پەرێشان کردووە و بووە هۆی ئەوەی دان بە دژی ویستی خۆی بنێت کە پەیوەندی بەو چالاکییانە هەیە خوێنی تێدا دەرژێت، سیمای بە بیر هاتەوە کاتێک بەوەی زانی.

وێڕای هەموو شتێک، وەک کەسێک چۆن لە کانی ئەڵماسدا بە دوای بە نرختری گەوهەردا دەگەڕێت، عەلی سوێندی خوارد دواجار بە هەر نرخێک بێت، هەر دەبێت دڵی جۆرجینا بەدەست بهێنێت، ڕۆژی دواتری یەکەم دیداریان تێلی بۆ کرد و جارێکی دی بانگهێشتی ئێوارە خوانی کرد، بەڵام جۆرجینا بانگهێشتەکەی ڕەتکردەوە.

عەلی داوای ڕوونکردنەوەی کردوو و گووتی: بۆ؟

لەبەرئەوەی چەند شتێکی تۆ، منی بێزارکردووە.

ئایا ئەوە تۆی بێزار کردووە کە من ئەندامی ڕێکخراوی فەتحم؟

بەڵێ.

ئایا ئەوە تۆی بێزار کردووە کە من خێزاندارم؟

بەڵێ ئەوەش.

باشە، ئەوانە دوو هۆکارن کە پێویستە یەکدی ببینین و قسەیان لەبارەوە بکەین.

لە ڕاستیدا ئەوانە دوو هۆکاری باشن کە یەکدی نەبینین.

عەلی هەموو وزەی خۆی بەکارهێنا بۆ باوەڕپێهێنانی تا ڕازی بکات، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت کە دەستبەرداری ویستەکەی بوو، پاشنیوەڕۆکەی چەپکە گوڵێکی گەورەی بۆ ماڵەکەی نارد بە کارتێکی واژووکراو: "لە پیاوێکەوە کە بە ڕەتکردنەوە ڕانەهاتووە." لەگەڵ گوڵەکانەوە نامەیەکی بۆ نارد و دڵی خۆی بەو پارچە شیعرەی جوبران خەلیل جوبران بۆ کردبۆوە کە دەڵێت (خۆشەویستی ویست نییە، بەڵکوو بۆ خۆتێر کردنی خۆیەتی) دوو هەفتە دواتر نامەیەک بە دە گوڵدانەوە گەیشت بۆ دانانی ئەو چەپکە گوڵانەی ڕۆژانە بۆی ناردبوو.

عەلی تاقیبی ئەو یانە شەوانەی کرد کە جۆرجینا ئێوارانی لێ بەسەر دەبردن، دوو سێ جارەک داوەتی سەماکردنی کرد، بەڵام کاتێک بە یەکەوە سەمایان کرد جۆرجینا بە بێدەنگی مایەوە، عەلی چەند جارێکی کەم چووە ئەو گازینۆیەی جۆرجینا کاری تێدا دەکرد و هەوڵیدا گفتوگۆی لەگەڵدا بکات، بەڵام بە تەواوی فەرامۆشی کرد. تاکە هیوای ئەوە بوو جۆرجینا هێشتا ئەوی لەبەرچاو نەکەوتووە، بەڵکوو تەنیا چوونەپێشەکەی ڕەتکردبۆوە.

بەر لەوەی سەردانی دەرەوە بکات، لەوکاتەی دووڕە و لێرە نییە تەرتیبی کردبوو ڕۆژانە گوڵ بۆ جۆرجینا بنێردرێت. کاتێک گەڕایەوە بۆ یەکلاکردنەوەی پرسەکە چەند ناسیاوێکی نارد ماڵیان. شەش مانگ دوای یەکەم چاوبازی، دواجار جۆرجینا ڕازی بوو ئێوارە نانێکی لەگەڵدا بخوات، عەلی سەری خۆی تاشی و یەکێک لە قاتە جوانەکانی پۆشی و بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی دەکرد کاتێک جۆرجینا لە ڕێستۆرانتەکە وەژوورکەوت. بە لەنجە و لار و شاهانە لە مێزەکەی

نزیک کەوتەوە و چاوی لە چاوی بـڕی و گـووتی: تـۆ هەمیشـە ئەوەی دەتەوێـت بەدەستی دەهێنیت، وانییە؟

من ئەوە بەدەست دەهێنم کە بۆم گرنگە.

جۆرجینا گرژییەوە و گووتی: من زانیاریم لەبارەی تۆوە کۆکردۆتەوە، ئەو خەڵکەی تۆ دەناسن، گووتیان تۆ کەسێکی سەرڕەق، زیخ و بیرتیژی، هەروەهـا گووتیـان تـۆ کەسێکی چاونەترسی و لە هیچ شتێک ناترسێیت.

من تەنیا لەو کەسانە دەترسێم کە لە من زیرەکترن.

بە برۆ بەرزکردنەوەی سەرسوڕمانییەوە گووتی: ئایا کەسانێک هەن؟

بە داخەوە زۆر هەن.

لە ڕێستوڕانتەکەوە چریکەی گۆرانی ئوم کەلثوم دەهات، عەلی بەو بۆنەوە داوای بوتڵێک شەرابی کرد.

جۆرجینـا دریـژەی بە قسـە دا و گـووتی: هیـوای تەمەنێکـی دریـژ و ژیـانێکی بەختیارت بۆ دەخوازم.

سوپاست دەکەم.

گوێبیست بوومە کە هەندێ جار ژیانت لە مەترسیدایە.

هەندێجار.

ئایا نەدەبوو کارێکی دیکەی سەلامەتتر بدۆزیتەوە؟

هەرگیز هەوڵم نەداوە، من پابەندم بەوەی دەیکەم.

ئایا ئەوە بێزارت ناکات ژنەکەت بێوەژن بێت و منداڵەکان بێ باوک بن.

ئەوانە زۆر بێزارم دەکەن، بەڵام من ڕێچکەیەکی دیاریکراوم گرتۆتەبەر و ناتوانم بیگۆڕم. من بە بیرەوەری و وەسیەتی باوکم و بە ناوی گەلەکەم کار دەکەم.

جۆرجینا گووتی: تێگەیشتم، بەڵام چاوەکانی پەژارەیان پێوە دیاربوو، عەلی موچڕکێکی خۆشی بە جەستەی داهات کاتێک بینی ئەو نیگەرانە لەو ڕیسکانەی دەیکات، عەلی ئەوەی وەک ئاماژەیەک بینی کە جۆرجینا بایەخی پێدەدات.

ئەوان خواردنێکی لوبنانی ئامادەکراو بە ستایلی فەڕەنسیان خوارد، دوای نانی ئێوارە جۆرجینای بردەوە ماڵی خۆیان، جۆرجینا هەستی بە جێبێکی سەر ئاوالا کرد کە سێ چەکداری تێدایە و بە دوایانە. بە لەرزەوە گووتی: ئێمە تاقیب دەکرێین؟

خۆ مەشڵەژێنە، ئەوانە پاسەوانەکانی خۆمن.

کاتێک لە نزیک دەرگای خانووەکەی باوکی وەستان، عەلی لێی پرسی کە ئاخۆ جارێکی دی یەکتر دەبینەوە، ئەمجارە جۆرجینا ڕەتی نەکردەوە، عەلی دەیویست لە باوەشی بگرێت و ماچێکی گەرمی بکات، بەڵام بوێری ئەوەی نەبوو.

جۆرجینا گووتی: من ئەم ئێوارەیە کاتێکی خۆشم بەسەر برد و بە پەلە لە دەرگا ئاسنە گەورەکە چووە ژوورەوە.

هۆشیاری و وریایی بەشێکی بنەڕەتی سرووشتی سیلڤیا بوو، مامۆستاکانی چەندین جار دووبارەیان کردبۆوە کە جەنگاوەری نهێنی باش، دەبێت ئەوەی لەبەرچاو بێت لەوانەیە لە هەر ساتێکدا گومان لەسەر خۆی دروست بکات. بۆیە پلانی بۆ هەر جوڵەیەکی هەبوو، هەر ڕووداوێکیشی لەبەرچاو دەگرت و خۆشی بۆ هەر ئەگەرێک ئامادە کردبوو. هەر کاتێک لە ئوردن بۆ وێنەگرتن بچووبایەتە دەرەوە، میتۆدی تێستێکی زۆر باشی بەکاردەهێنا و پێی دەگووت کە ئاخۆ کەسێک دەستی لە شتەکانی داوە یان نا، لەو کاتەی لە ژوورەکەی نەبووە: تاڵە

قژێکی لەسەر جانتاکەی دادەنا، کاتێک دەگەڕایەوە ژوورەکەی سەیری تاڵە قژەکەی دەکرد کە ئایا هێشتا لە شوێنی خۆی ماوە یان نا؟

دوو ڕۆژ بەر لە کۆتایی مانەوەی لە ئوردن، سیلڤیا داوای کرد سەرێک لە کەمپی ئاوارەکان بدات بۆ وێنەگرتنی دیمەنەکانی ڕۆژانەی ئاوارەکان لە کەمپدا، هەڤاڵەکانی هیچ هۆکارێکی ڕێگەگرتنیان لەبەردەم ئەو داوایە نەبینی، بۆیە بۆ کەمپی ئەلوەحدات یاوەریان کرد، سیلڤیا کراسێکی ڕەشی درێژ و سەرپۆشێکی خستە سەری، لەگەڵ هەڤاڵەکەی بە دۆڵە تەنگبەرەکان ڕۆیشتن و سەردانی خانووچکە لە خشت و دار دروستکراوەکانی کرد کە بە هەڕەمەکی دروست کرابوون، لە ڕێگەی وەرگێڕەوە قسەی لەگەڵ نیشتەجێبووەکان کرد و وێنەی ئەو منداڵە ورتکە و هەراشانەشی گرت کە خوازیار بوون وێنەیان بگرێت.

سەردانەکەی مایەی سەرنجڕاکێشانی حەشامەتێکی زۆر بوو، هەراشاکان بە سەرنجەوە لێیان دەڕوانی و منداڵەکانیش داوای پارەیان لێی دەکرد، هەموو شتێک بە ئاسایی دەڕۆیشت تا دوو پیاوی چەکدار پەیدابوون و پاڵیان بە خەڵکیەوە نا و لێی نزیک کەوتنەوە، لوولەی تفەنگەکانیان لەسەر سەری سیلڤیا و هەڤاڵەکەی ڕاگرت و داوای کرد بزانن ئەوان بۆچی لێرەن و چ دەکەن. دیپلۆماتکارە ئوردنییەکە ڕوونی کردەوە کە ئەو لە لایەن وەزارەتی ڕاگەیاندنی ئوردنییەوە ڕاسپێردراوە یاوەری ئەو فۆتۆگرافەرەی پاریس بکات، بەڵام ئەوە باوەڕی بە دوو چەکدارەکە نەهێنا و بە چەکەکانیانەوە هەڕەشەیان کرد و میوانەکانیان بردە لای بینایەکی بەرد، سیلڤیا و هەڤاڵەکەیان لەسەر زەوی دانیشاند و داوای بینینی پێپەڕەکانی ئوردنیان کرد، ئوردنییەکە جیزدانەکەی دەرهێنا و ناسنامەکەی نیشاندان، سیلڤیاش پاسپۆرت و ناسنامەی ڕۆژنامەگەرییەکەی دەرهێنا و نیشانیدان.

دیپلۆماتەکە هەڕەشەی کرد و گووتی: ئەوە بە ئاسانی بەسەرتاندا تێناپەڕێت.

یەکێک لە چەکدارەکان هاواری کرد: بێدەنگ بە.

بەدوای کەسێکیان نارد کە ئینگلیزی دەزانی، پیاوێک هات و ئەو پرسیارانەی وەردەگێڕا کە سیلڤیان پرسیار باران دەکرد.

وێنەی چت دەگرت؟

نیشتەجێبووانی کەمپەکە.

ئایا وێنەی چەکدارنت گرتووە؟

نەخێر.

بۆ ئەم کەمپەت هەڵبژارد؟

لەبەر ئەوەی من زنجیرەیەک وێنە بۆ ئاژانسەکەم ئامادە دەکەم.

ئایا قەت سەردانی ئیسرائیلت کردووە؟

بە هێمنی وەڵامی دایەوە و گووتی: هەرگیز. پاسپۆرتەکەشی یەک ستامپی ئیسرائیلی پێوە نەبوو.

ئایا هاوڕێی ئیسرائیلیت هەیە؟

نەخێر یەک تاقە برادەریشم نییە.

ئایا شووت کردووە؟

نەخێر، شووم نەکردووە.

ئایا دۆستت هەیە؟

نەخێر نیمە.

ئایا وێنەگرتن تاکە سەرچاوەی داهاتتە؟

بەڵێ.

داوای ئەدرێسی مانەوەی لە ئوردن و پلانی گەشتی ئایندەیان لێکرد، هەڕەشەی کوشتنیشیان لێی کرد ئەگەر دەرکەوت درۆ دەکات. سیلڤیا ڕاستەوڕاست سەیری ناوچاوی کردن و وەڵامی گشت پرسیارەکانی دانەوە. لەکاتی مەشقکردنیدا لە مۆساد، بە لێکۆڵینەوەی دژوار تێپەڕی کە مەبەست لێی ئامادەکردنی بوو بۆ شتی ڕاستەقینە، ئەو فێرکرابوو بەرامبەر پرسیارەکان بوەستێ بێئەوەی مێشکی لە دەست بدات یا دەست لە چیرۆکە نهێنییەکەی هەڵگرێت.

لێکۆڵیارەکان دەستیان بەسەر فلیمی ئەو وێنانەدا گرت کە گرتبوونی، یەکێکیان فلیمەکەی برد و لە ژوورەکە چووە دەرەوە، سیلڤیا و هەڤاڵە ئوردنییەکەشی لەگەڵ یەکێکی دیکە بە جێهێشت. دیپلۆماتکارەکە بە هەڤاڵەکانی گووت، من داوای لێبوردنتان لێدەکەم و نەدەبوو ئەوە ڕووبدات. پیاوە چەکدارەکە بەسەریدا نەڕاندی کە بێدەنگ بن و لوولەی تفەنگەکەی تێکردن. ژوورەکە زۆر گەرم بوو، تەنانەت هیچ کەسێک ئامادە نەبوو بەرداخێک ئاویشیان بۆ بهێنێت.

ئەو پیاوەی فلیمی وێنەکانی لەگەڵ خۆیدا برد، گەڕایەوە و وێنەکانی دایەوە دەست سیلڤیا و گووتی: ئێستا بڕوا دەکەین کە تۆ سیخوڕی ئیسڕائیل نیت، هەموو وێنەکان پۆرتریێتی نیشتەجێبوانی کەمپن، تەنانەت یەک وێنەی چەکدارانی تێدا نەبوو، لەبەرامبەر ئەو بەدحاڵیبوونە داوای لێبوردن دەکەم، بەڵام دەبێت ئێوەش لەوە تێبگەن کە بۆچی ئێمە دەبێت بە دیقەت بین. ئێمە لە لایەک لە لایەن ئوردنییەکانەوە دەچەوسێنرێینەوە، لە لایەکی دیکەشەوە بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی ئیسڕائیلییەکاندایین.

هەڤاڵەکانی سیلڤیایان گەیاندەوە بەر دەرگای هوتێلەکە، یەکڕاست هەر کە

چووە ژوورەکەیەوە، سەیری تاڵە قژەکەی کرد کە ئاخۆ هێشتا لەسەر جانتاکەی ماوە، کە بینی ماوەتەوە، دڵنیا بوویەوە کە هیچ کەسێک گومانی لێی نەکردووە یان لە کاتی نەبوونیدا کەس دەستی لە شتەکانی نەداوە.

جەنگاوەرانی نهێنی ئیسرائیل، لە گرووپێکی هەڵبژاردەی تێکەڵ لە ژن و پیاو پێکهاتووە کە لە سەر عەردی دوژمن و لە نێو ئەو عەرەبانە کردەوە دەکەن کە لە وڵاتی دیکەدا دەژین. ئەوانە بە سەرە ڕمی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت دادەنرێن، بە شێوەیەک ڕاهێنراون چاونەترسانە لە بارودۆخی نائاساییدا چالاکی بکەن. یەکێک لە بەرپرسیارەتیان تەواوکردنی ئەو زانیارییانەیە کە لە لایەن هەواڵگری ئیسرائیل، هێزی ئاسمانی و دەستەکانی دیکە بە دەستهاتوون. یەکێک لە ئەرکەکانیان پێدانی زانیاری و وردەکاری پەیوەست بە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانە بە ئۆپەراسیۆنی تایبەت لەبارەی فەرماندە، بنکەکانی مەشق و پسپۆرانی تەقینەوەیان. ئەرکی ئەوان چاودێریکردنی کەس و ئامادەگی وەڵامدانەوەی بارودۆخە پێشبینیکراوەکانە. ڕەنگە جەنگاوەری نهێنی لە هەر ساتێکدا ئاشکرا بێت، ئەگەر لە وڵاتێکی غەیرە عەرەبی دەستگیر بکرێت، گومانی تێدا نییە یان زیندانی دەکرێ یان لەو وڵاتە دیپۆرت دەکرێتەوە، بەڵام ئەگەر لەسەر عەردی دوژمن دەستگیر بکرێت، بێشک دەکوژرێت.

مەترسییەکان هەر چییەک بن، لە گشت ئەرکێکدا هاوشانی جەنگاوەری نهێنییە، بەڵام لە کۆرسەکانی مەشق و تەنانەت دواتریشدا لەگەڵ ئەوە ڕادێن، کە چۆن بەهۆی توانایانەوە باوەڕ بە خۆیان بهێنن کە " بەرامبەر بە من ڕوونادات،" ئەمەش بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان یارمەتیدەرە و دەخوازێت تەواوی توانای خۆیان بخەنەگەڕ.

لەسەر هێمای چوارجار لە دەرگادانی ئەو خانووە ڕێککەوتن کە سیلڤیا

ئەفسەری کەیسی خۆی تێدا دەبینی، بەتایبەتی ئەو کاتانەی بارودۆخ لەبار نەبوایە لە کافێیەک یان ڕێستوڕانتێکدا یەکدی ببینن. بە شێوەیەکی گشتی لە پاریس ئەپارتمانتی تایبەت بە چالاکییەکان لەو باڵەخانانە بە کرێ دەگیران کە دەرگەوانیان نەبوو، چونکە لەوانەیە دەرگەوان مەترسی دروست بکات. بێگومان هەر ئەو مەترسی دروست ناکات، بەڵکوو لەوانەیە کارمەندانی پرسگەی هوتێل، شوفێرەکان یان درواسێی چەنەباز، بە ویست یان ناویست ببنە یارمەتیدەری دەسەڵاتدارانی ئاسایشی ناوخۆ، ئەوانە مەترسی ڕاستەوخۆ نین، بەڵام لەوانەیە بە هۆی خۆهەڵقورتانیان لە کردەیێکی هەستیار ڕووبەڕووی مەترسی بێتەوە.

سیلڤیا دوای بیستنی دووجار لە دەرگەدان، وەستانێک و دوو لێدانی دیکەدا، کە دەرگەی ئەپارتمانتەکەی کردەوە ئەبراهامی لەبەردەمی خۆی بینی، ئەبراهام کاتژمێرێک پێشتر تێلی بۆ سیلڤیا کردبوو و گەیشتنی خۆی پێڕاگەیاندبوو، هەروەها پێشووتریش لەسەر کۆدی نێوانیان ڕێککەوتبوون. بۆیە سیلڤیا لە چاوەڕوانی هاتنیدابوو، بەڵام هیچی لەبارەی هاتنەکەیەوە نەدەزانی، چونکە لەسەر تەلەفۆن لەوبارەوە گفتوگۆی لەگەڵیدا نەکردبوو.

ئەبراهام لەسەر قەنەفەی ژووری دانیشتن ڕووینشت، سیلڤیا قاوەیەکی بۆی هێنا، بەڵام لێی وەرنەگرت. موتی لە دەرگایدا، کە تازە کرابوو بە بەڕێوەبەری پێشکەوتووی بارەگای یەکەی ئۆپەراسیۆنی نهێنی لە ئەوڕووپا و داوای کردبوو لەو دیدارە بەشدار بێت.

ئەبراهام بە دەنگە گڕەکەی گووتی: تۆ لەبەر سەفەری لەناوبردنی کەسانێک دایت، بەڵام ئەرکێکی زۆر ئاڵۆزە.

ئیدی تاقیکردنەوە نییە، بەڵکوو ئەرکی ڕاستەقینەیە. هەرچەندە ئاڵۆز و مەترسیدارە، بۆیە ئەم ئەرکە تەنیا بە جەنگاوەری بە ئەزموون دەدرێت. وێڕای

سنووردارى ئاستى ئەزموونى، بەڵام پێیان وابوو لە شنگ و تاقەتى سیلڤیا دایە، جێبەجێبکات.

سیلڤیا پرسیارى کرد: شوێنى ئەو کەسە لە کوێیە؟

ئەبراهام ناوى دەوڵەتێکى عەرەبى دوژمنى هێنا.

سیلڤیا بە ترسەوە مەسەلەى لاڤۆن (میشاپ)ى وەبیرهاتەوە، کاتێک داوا لە دەیان جووڵەکەى میسرى کرا بۆ بەرژەوەندى ئیسرائیل سیخورى بەسەر ئەو وڵاتەوە بکەن کە زێدى لە دایکبوونیانە، بەڵام لە لایەن دەسەڵاتى میسرەوە دەستگیر و ئەشکەنجە و زیندانى کران. هەرچەندە داواکارییەکى گشتى لێهاتوو بەرگرى لە جووڵەکە تۆمەتبارەکان کرد کە لە ئیسرائیل مەشقیان بینیبوو، بەڵام دادوەرەکانى میسرى تاقەتى گوێ گرتنیان لە مشتومڕى یاسایى نەبوو، بەڵایانەوە گرنگ بوو تونترین سزایان بەسەردا بسەپێنن بۆئەوەى لە ئایندەدا کەسى دى بوێرى ئەوە نەکات کارى وا بکات. دوو لە تۆمەتبارەکان، دکتۆر مۆشى مەرزوق و شاموئێل ئەزار بە مردن حوکمدران، ئەوانى دى بە چواردە ساڵ زیندانى کران. لە دواى ماوەیەکى کورتدا، لە میسڕ جەنگاوەرێکى نهێنى ئیسرائیل بە ناوى ماکس بێنێت بە تۆمەتى سیخورى زیندانى کرا و لە زیندانەکەیەوە خۆى کوشت.

سیلڤیا بە هێمنى پرسیارى کرد: ئایا ڕێى تێدەچێت کۆتاییەکەى وەک پرسى لاڤۆن بێت؟

ئەبراهام وەڵامى دایەوە: هیوادارم وا نەبێت. مەسەلەى لاڤۆن عەردى بن پێى دەزگاى هەواڵگرى ئیسرائیلى هەژاند، بەڵام ئەبراهام پێى باش نەبوو لەسەر ئەوە قسە بکات.

بوونى جەنگاوەرى نهێنى لە خاکى دوژمندا کە بەلاى ئیسرائیل ستراتیژییە،

لەبەرئەوەی دەستی ئۆپەراسیۆنی سەربازی دەوڵەتی ئیسرائیل کراوە دەکات، نەخاسمە هەندێک چالاکی، جەنگاوەر خۆی ئەنجامی دەدات، هەندێکی دی بە هاوکاری تایبەتی پاشکۆی هێزی بەرگری ئیسرائیل ئەنجام دەدرێت، وەک ئۆپەراسیۆنی "بەهاری لاوان" کە جەنگاوەرانی ئۆپەراسیۆنی یەکەی تایبەت یارمەتی هێزی بەرگری ئیسرائیلیاندا و لە هێرشێکدا ئەندامێکی باڵای فەتح لە بەیروت کوژرا. کاتێک جەنگاوەری نهێنی ڕەوانەی خاکی دوژمن دەکرێت، هەمیشە ئەو پرسیارە بنەڕەتیانە دێنە پێش: ئایا تەنیا سینگلەکان دەنێردرێن یاخود ئەوانەی خێزاندارین؟ لە بڕیاراندا بارودۆخی تایبەتی لەبەرچاو دەگیردرێت.

لە کاتی پێدانی پوختەی ئەرکەکە، ئەبراهام ناوی تیرۆریستەکەی بە سیلڤیا گووت کە لە ولاتێکی عەرەبی نیشتەجێیە، کەسێکی ڕۆشنبیر و ساماندارە و پەیوەندی دۆستایەتی تۆکمەی لەگەڵ پۆلیس و پلەدارە سەربازییەکاندا هەیە، چەکێکی زۆری کڕیووە و لە هێرشکردن و بۆمبی خۆکوژیدا بۆ لاواز کردن و شکاندنی شکۆی ئیسرائیلدا بەکاردێت.

لەم ولاتەدا پۆلیسی نهێنی لە هەموو شوێنێکدا هەیە، ئەو گەشتیارانەی لە ڕێگەی ئاسمانی یان دەریاوە دەچنە ئەم ولاتە بە وردی دەپشکنرێن و هەر بیانییەکی نیشتەجێ جێی گومانە، بەڵام هەر ئەندامێکی دەزگا هەواڵگرییەکان لەوە ئاگاداڕە کە باشترین تۆڕی بەرگری بێ درز نییە، هەمیشە ڕێگەیەک بۆ دزەکردن هەیە، تەنانەت لە ولاتێکی تۆکمەشدا، مۆسادیش ڕێگەی دۆزیوەتەوە.

ئەبراهام گووتی: ئێمە لە داڕشتنی پلانی ئەم ئۆپەراسیۆنەدا کاتێکی بەرچاومان تەرخان کردووە، هەموو ڕێگاکانی گەیشتن بەم ولاتەمان دەورکردووە، بۆیە بڕیارماندا ڕێگەی دەریایی سەلامەتر، ئێوە لەگەڵ جەنگاوەری بە ئەزموونداتیمێک دەبن، دووان لە ئێوە خۆتان بە تازە بووک و زاوای مانگی هەنگوینی

نیشان دەدەن، ئۆتۆمبیلێکی تایبەت بۆ ئەم ئۆپەراسیۆنە ئامادە کراوە و لەسەر پشتی پاپۆڕ باری دەکەن. ئۆتۆمبێلەکە بۆمبڕێژکراوە و بە باشی گرمەشێر کراوە و دۆزینەوەی مەحاڵە، بە گوێرەی سەرچاوەکانمان ئاسایشی بەندەری دەریاکان ماندوو و هیلاکن.

ئەبراهام باسی دروستکردنی چیڕۆکە نهێنییەکەی لەگەڵ سیلڤیا کرد و ڕێنوێنی کردەکەی پێدا، ئەگەر خوا نەخواستە کێشەیەکی میکانیکی لە ئۆتۆمبیلەکەدا ڕوویدا (بەهیچ شێوەیەک نابێ بۆ چاککردنەوەی لە لای میکانیکی جێبهێڵدرێ، ئەگەر شکستەکە خەتەریش بێت، پێداگیری بکەن کە پەلەتانە و دەبێت بە زووی چاک بکرێتەوە، لەوەشدا میکانیک چەندی داوای کرد لە پێناو خێراکردنی پرۆسەکە بیدەنێ) نەخشەیەکی هەموو ڕێگەیەکی گەشتیاریشیان بۆ دابینکرا، سیلڤیای وریا کردەوە و گووتی: ئاگادار بن لە کاتی لێخوڕیندا لە خێرایی دیاریکراو تێ نەپەڕێنن.

هەروەها گووتی: لە ڕۆژی دیاریکراودا، چەند ڕۆژێک دوای گەیشتنتان، ئێوە ئۆتۆمبیلەکە لە دەرەوەی شوێنی ئامانجەکە لە مەیدانێکی ناوەڕاستی پایتەخت پارک دەکەن. ڕۆژی دواتر ئاهەنگی نیشتمانییە، پیاوەکە دایناوە بۆ بەشداری کردن لە ڕێپێوانێکی جەماوەریدا، کاتژمێر ١١ی بەیانی لە ماڵ بچێتە دەرەوە. کاتێک دێتە دەرەوە، ئێوە بە ڕیموت کۆنترۆڵ ئۆتۆمبیلەکە بتەقێننەوە و دەستبەجێ وڵاتەکە جێبهێڵن.

ئەگەر ئەوان دەستگیرمان بکەن چی ڕوودەدات؟

ئێمە لە کن خۆمانەوە بۆ ڕزگارکردنتان تواناکانمان دەخەینەگەڕ.

هەر لەو ڕۆژەدا، ئەبراهام سیلڤیای بەو جەنگاوەرە ناساند کە بە قەولان هاوسەریەتی و هاوتەمەن بوون، بەڵام سیلڤیا هیچی لەبارەوە نەدەزانی، جگە

لەوەی دەیزانـی چەنـد زمانێـک دەزانێـت لە سـەرووپانەوە زمـانی ئینگلیـزی، هەروەهـا پێشـتریش لە زانکـۆی سـۆربۆن لە پـاریس قوتـابی بـووە. هەردووکیـان چەندینجار بە چیرۆکە نهێنیەکەیاندا چوونەوە و وردەکاری ڕێنوێنی پەیوەسـت بە ئۆپەراسیۆنەکە و ڕێگاکانی پەیوەندی کردن بە ئەفسەری کەیسەکەیان لە حـالەتی پێویستدا پێدرا. ئەوان بە شەخسی ڤیزەی چوونە ژووروەوەی ئەو وڵاتەیان وەرگرت کە سەردانیان دەکرد.

ئۆتـۆمبیلەکە ڕادەسـتی سـیلڤیا و هاوبەشـەکەی کـرا، پێویسـتە لە سـنووری دیاریکردنی خێراییدا هوشیار بن و خۆشتان لە وەها بیرکردنەوەیەک بە دووربگرن کە ئێـوە لەنـاو تەڵەی مـردن ڕووینشـتوون. فلیمێکـی فەرەنسـی بە ناونیشـانی (شـەپۆلەکانی تـرس)ی وەبیـر سـیلڤیا هێنـاوە کە داوا لە پـاڵەوانەکە کرابـوو تانکەرێکی پڕ لە نیترۆگلیسرین لە ڕێگەیەکی خۆڵی دژوار لێخوڕێت. بەڵام سـیلڤیا بە شۆخییەوە گووتی: بەڵام جیاوازییەکی گەورە هەبوو.

ئەرێ، جیاوازییەکە چی بوو؟

ئەو فلیم بوو، بەڵام ئەوە ڕاستەقینەیە.

زۆر بە لێزانـی پلانـی گەشـتەکەیان دارشـت، جـووتێ حەلقەیـان کـڕی و بـۆ خۆشیان کامێرا و دۆکیومێنتی خاوەنداری ئۆتۆمبیلەکەشـیان دابینکـرد. جلـوبەرگی ئاسـاییان لەبەرکـرد و دوا ڕێنوێنیـان لەبـارەی چـالاککردنی ئـامێری تەقیـنەوەکە وەرگرت، ئەو ڕیموت کۆنترۆڵەی ئۆتـۆمبیلەکەی پـێ دەتەقێـنرایەوە، زۆر بە باشـی لەناو ئۆتۆمبیلەکە شاردرابۆوە.

کاتێک گەیشتنە بەندەرەکە، درکیان کرد پێویستە زوو جێگەیەک لەسەر پشـتی پاپۆرەکە بگرن، دیاربوو پڕبـوو، بـۆ چەنـد ڕۆژی دیـکە تیکـت بەردەسـت نەبـوو، هاوبەشەکەی سیلڤیا دەستپێشخەری کـرد و خـۆی لە کـاپتنەکە نزیـک کـردەوە و

بڕێک دۆڵاری خستە ناو دەستی، چەند خولەکێک دواتر جێیەکی بۆیان پەیدا کرد.

وەک پێشبینی کرابوو، هیچ زەحمەتییەکیان لە بەندەرەکە بۆ دروست نەبوو، بەرپرسانی بەندەر بەرامبەر ئەو بیانیانەی بە ئۆتۆمبیلەوە بۆ گەشت دەهاتن پشکنینەکی سەرپێیان بۆ دۆکیومێنت و کەلوپەلە کەسییەکان دەکرد، کاتێک هیچیان نەدۆزیایەتەوە، هیوای مانەوەیەکی خۆشیان بۆ دەخواست و پاسپۆرتەکانیان مۆر دەکرد و ڕێگەی چوونە ژوورەوەی ئۆتۆمبیلەکەیان دەدا.

دوو جەنگاوەرەکە ژوورێکیان لە هوتێلێکی نوێ گرت و خۆیان وەک دوو بووک و زاوای بە سەر بردنی مانگی هەنگوینی نیشاندا.

لەبارەی ڕاگەیاندنی دوا گۆڕانکاری لە پلانەکەدا، چاوەڕێی گەیشتنی دوا پەیامیان لە پاریسەوە دەکرد، چونکە داوایان لێکرابوو لە ڕێکەوت و کاتی دیاریکراودا لە ژوورەکەیاندا چاوەڕوانی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی بە کۆد بکەن ڕۆژێک پێشتر یان دوای ئەوە. تەلەفۆن نەکرا، سیلڤیا و هاوبەشەکەی بەرامبەر ئەو بێدەنگییە نارەحەت بوون و دەیانزانی نابێ لەوە زیاتر لە ژوورەکەیاندا بمێننەوە، چونکە لە نێو ستافی هوتێلەکە گومان دروست دەبێت. بۆیە بە دوای هەندێ کارەوە بوون کە پاساو بۆ مانەوەیان لە ژوورەکە بدات. ئێستا کاتی تاقیکردنەوەی دانایی سیلڤیا هاتووە، هیچ یەکێک لە مامۆستاکانی ئەویان بۆ ئەم ئەگەرە تەیار نەکردبوو. بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک مێشکی خۆی کۆکردەوە و لە کۆتاییدا بیرۆکەیەکی بۆ هات. خۆی لە یەکێک لە خزمەتگوزارەکانی هوتێلەکە نزیک کردەوە و پێی گووت ئەو و هاوسەرەکەی وێنەکێشی پرۆفیشنالن و بە دیمەنەکانی لە پەنجەرەی ژوورەکەیانەوە دەیبینن حەیران بوونە و داوای لێکرد تەختەیەک و کاغەزی وێنەکێشان و بۆیەیان بۆ بکرێت، خزمەتگوزاری هوتێلەکە چەند کاتژمێرێک گەڕا تا توانی بە نرخێکی گران پێداویستەکان لە هونەرمەندێکی

خـۆجێیی بکرێـت که له وێنەکێشـانی دیمەنـی سرووشـتی بـۆ گەشـتیاران تایبەتمەندبوو.

سـیلڤیا و هاوبەشـەکەی تەختەکەیـان له نزیـک پەنـجەرە دانـا و دەسـتیان به وێنەکێشانی دیمەنەکان کـرد: مـزگەوت، شـەقامەکان و خانووەکـانی دراوسـێ. به ماوەیەکی کورت ژووڕەکەیان پـڕ له تـابلۆ کـرد و کارەکەیـان به هەر کارمەنـدێکی هـوتێلەکه پشـاندەدا که دەچـوونه ژووڕەکەیـانەوە. هەنـدێک له کـارکوزارانی هـوتێلەکه داوای کێشـانی وێنەیـان لێیـان دەکـرد، "هونەرمەنـدەکانیش" بەڵێنیـان پێدەدان که کاتیان هەبوو وێنەیان دەکێشن.

سێیەم ڕۆژ تەلەفۆنه چاوەڕوانکراوەکه کرا، کورت و پوخـت بـوو: وەک چـۆن پلانی بۆ داڕێژراوە، ئۆپەراسیۆنەکه جێبەجێ دەکرێت.

وازیان له تەختەکه هێنـا و کـاتی خـۆ ئامـادەکردنی کـارەکه هـاتووە، هەردوو جەنگاوەرەکه به مەبەستی بەسەرکردنەوەی ئەو شوێنەی دەبوو تەقینەوەکەی لێ ڕووبـدات لەگەڵ پلانـی گەیشـتن و ڕێـگەی دەربـازبوون، له هوتێـل دابەزیـنه خوارەوە. کاتێک سـیلڤیا و هاوبەشـەکەی به مەبەسـتی کڕینـی جـگەرە لەبەردەم کۆشکێک وەستان، ئـافرەتێکی بـاڵاپۆش لێیـان نزیـک بـۆوە و به زمـانی ئینگلیـزی پرسی کاتژمێر چەندە؟ تێگەیشتن که جێی باوەڕ نییه ئافرەتێکی موسڵمانی باڵاپۆش له شـەقام له پیـاوێکی بیـانی نزیـک بکەوێـتەوە. وەڵامـی پرسـیارەکەی دایەوە و چرپاندییه بن گوێی سیلڤیا که ئەوان تاقیب دەکرێن خۆتی لـێ بشـارەوە بـا لەوێ بوەستێ و بچۆرە لایەکەی دیکەی شەقامەکه. بـۆ نەگبەتـی هەسـتی کـرد ئـافرەتە باڵاپۆشەکه له دواوەی دەڕوات، چووە ناو دوکانێک، ئـافرەتەکەش به دوایـدا چـوو ناو دوکانەکه، کاتێک له دوکانەکه هاتە دەرەوە جارێکی دی ئـافرەتەکه خـۆی لـێ نزیک کردەوە و گووتی: پێویسـتت به یـارمەتی هەیە؟ وەڵامـی دایەوە و گـووتی:

نەخێر، من باشم. بۆیە خێراتر ڕۆیشت و هەموو تاکتیکێکی خۆ شاردنەوەی بەکارهێنا کە لە لایەن یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت فێرکرابوو، تا لە کۆتاییدا توانی خۆی لە ئافرەتەکە دەرباز بکات، دواتر گەڕایەوە هۆڵی هوتێلەکە و هەوڵیدا پەشۆکانەکەی بشارێتەوە و سیلڤیای بۆ تەواوکردنی بەسەرکردنەوەکە نارد. دوای کاتژمێرێک سیلڤیا گەڕایەوە و گووتی: پێموانییە ئێمە تاقیبکراو بین، بەڵام هاوبەشەکەی هێشتا هێور نەببۆوە، دڵنیا بوو کە کەسانێک گومانیان لێیان کردووە.

دواتر تێگەیشتن، ئەو ئافرەتەی خۆی لە هاوبەشەکەی سیلڤیا نزیک کردەوە تەنیا ئافرەتێکی سۆزانی بووە، دیارە هەندێ لە سۆزانییەکانی ئەم شارە حیجاب دەپۆشن، بۆ وروژاندن و سەرنجڕاکێشانی گەشتیاران بە پرسیاری سادە خۆیان لێیان نزیک دەکەنەوە.

بەیانی ڕۆژی دواتر سیلڤیا و هاوبەشەکەی بە مەبەستی بەسەرکردنەوەی ئەو شوێنەی بڕیاربوو ئۆتۆمبیلەکەی لێ بتەقێنرێتەوە هاتنە دەرەوە، بە ناو شەقامە قەرەباڵغەکاندا ڕێگەی خۆیان کردەوە، زۆر بە دیقەتیش لە دەوروبەری خۆیان ڕوانی کە ئایا کەس بە دوایانەوە هەیە. کاتێک گەیشتنە گۆڕەپانەکەی بەرامبەر ماڵی سەرکردەکەی تیرۆریستان، زۆر بە باشی کێوماڵی ناوچەکەیان کرد، سیلڤیا ڕەنگی هەڵبزڕکا و گووتی: تۆش ئەوە دەبینی کە من دەیبینم؟

هاوبەشەکەی وەڵامی دایەوە و گووتی: بەڵێ دەبینم، پێمواید ئێمە لە کێشە داین.

وەک بەشێک لە سااڵیادەکە ژمارەیەک ستاند لە چواردەوری ماڵی قوربانییە دەستنیشانکراوەکە (ئامانجەکە) دانراوە، سەدان کەس لە ناوچەکە خڕبوونەتەوە، دەخۆن و دەخۆنەوە و ئاڵاکان دەشەکێنەوە و وێنەی سەرکردەکەشیان گەورە کردووە، بە تەواوی ڕێگەیان داخستووە و بوونەتە هۆکاری وەستانی هاتووچۆش.

سیلڤیا چرپاندییە گوێی هاوبەشەکەی: لە ئەنجامی تەقینەوەکە کۆمەڵێک خەڵک دەکوژرێت.

تۆ ڕاست دەکەیت، دەبێت ئەمە بگەیەنین.

تەلەفۆنیان بۆ پاریس کرد، لە وەڵامدا ئەوانیش گووتیان: لە ماوەی یەک کاتژمێردا تەلەفۆنتان بۆ دەکەینەوە، زانیارییەکەیان بۆ فەرماندەی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بەرز کردەوە کە مەزەندەیان کردبوو گۆڕەپانەکە بەو شێوەیە قەرەباڵغ نابێت و ژمارەی قوربانییەکانیش کەمتر دەبن.

پاریس هەر ئەو ڕۆژە پەیوەندیان کردەوە و پەیامەکەیان بۆ سیلڤیا کورت و پوخت بوو: دایکت نەخۆشە و یەکڕاست بگەڕێوە ماڵێ.

ئەم پەیامە مانای وابوو: ئۆپەراسیۆنەکە هەڵوەشایەوە.

ئەمە یەکەمجار نەبوو مۆساد لە دوا ساتدا ئۆپەراسیۆنی پلان بۆ داڕێژراو هەڵوەشێنێتەوە. هەندێجار پەرەسەندنێک وادەکات دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی بارودۆخەکە ببێتە پێویستی، سەرەنجام تەواوی ئۆپەراسیۆنەکە هەڵوەشێتەوە یان بۆ کاتێکی دی دوابخرێت.

سیلڤیا و هاوبەشەکەی ئۆتۆمبیلەکەیان بار کردەوە ناو پاپۆڕەکە و بەو ڕێگە گەڕانەوە کە پێیدا هاتبوون، لە نیوەی گەشتەکەیاندا هەردووکیان لە تەنیشت لێواری پاپۆڕەکە وەستان و سەیری یەکیان کرد و پێکەنین، حەلقەکانیان داکەند و تووڕیان هەڵدا ناو دەریا.

هاوبەشەکە بە سیلڤیای گووت: ئەوە دووەمجارە لە دواساتدا یەکێک لە ئۆپەراسیۆنەکانی هەڵدەوەشێتەوە.

لەبەر هەمان هۆکار؟

ڕێک وایە، ئەوان ویستوویانە بە هەر نرخێک بێت خۆیان لە مردنی کەسانی بێ گوناە بە دوور بگرن.

بە گوێرەی کۆدی ئاسایشی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت، قەدەغەیە جەنگاوەر شتێک لەبارەی بەشداریکانی خۆی لە ئۆپەراسیۆنەکانی پێشوودا بە ئەندامانی دیکەی تیمەکەی ڕابگەیەنێت، بەڵام هەڤاڵەکەی سیلڤیا بەرگەی نەگرت یەکێک لە یەکەم ئەرکی وەک جەنگاوەر پێ ڕانەگەیەنێت کە تایبەت بوو بە شوێن پێ هەڵگرتنی زەید موکاسیی بازرگانی ئەسینا و یەکێک لە ئەندامانی سەرەکی فەتح لە یۆنان، گومان هەبوو، ئەو تیرۆریستە لەبەر دایە بە مەبەستی تەقینەوەی بەندەری حەیفا باریک مێوژ ڕەوانەی ئیسرائیل بکات کە بڕێکی زۆر تەقەمەنی تێدایە. لە کاتی خۆیدا مۆساد پیلانەکەی ئاشکرا کرد و لە نزیک مالّی بازرگانەکە بۆسە دانرایەوە بۆئەوەی لەوکاتەی بەرەو شوێنی کارکردنی دەچێت تەقەی لێ بکرێت.

بە ماوەیەکی کورت دوای کردەی لەناوبردنی، دەرکەوت دەستپێشخەری بارەکە سەرۆکی لقی ئەسینای فەتحە، بۆیە فەرماندرا بە باشی چاودێری بکرێت.

ئەندامانی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت لە کاتی خۆی گەیشتنە ئەپارتمانتەکەی، کاتێک ئەو لە مالّ نەبوو ئەوان ئامێری تەقینەوەیان لە ژێر مێزی ناوەڕاستی ژووری میوان بۆ دانا و یەکێک لە جەنگاوەران بۆ چاودێری کردن لە خالّێک لە دەرەوەی باڵەخانەکە جێگیر بوو کە بەباشی ئەپارتمانت و مێزەکەی لێ دیار بوو. جەنگاوەرەکە چاوەڕوان بوو تا ئامانجەکە گەیشت و چووە ژووری میوان، لەوکاتەدا دەبوو بە ڕیموّت کۆنترۆڵ ئامێرەکە بتەقێنرێتەوە. دیاربوو ئەندامەکەی فەتح دۆستێکی هەبوو، ناوە ناوە سەردانی دەکرد، هەر کاتێک بهاتبایە لای لەسەر مێزەکەی ناوەڕاست ڕاموسان و دەستبازیان دەکرد، ئەو مێزەی لە ژێریدا ئامێری

تەقینەوەکەی پێوە چەسپ کرابوو.

جەنگاوەرەکە زۆر بە ئارامی چاوەڕوان بوو تا پیاوەکە بە تەنێ دەمێنێتەوە، بۆ نەگبەتی هەر جارێک دەردەکەوت کە کەنارەکە سافە، کچەکە دەردەکەوتەوە. بەڵام ڕێنوێنی وابوو لەو کردەیەدا تەنیا دەبێت پیاوەکە بکوژرێت نەک کەسی دی، بۆیە سەرەنجام کردەکە هەڵوەشایەوە، دواجار ئەندامەکەی فەتح کاتێک بە تەنیا ئۆتۆمبیلەکەی لێدەخوڕی، لەناوبردرا.

کاتێک سیلڤیا و هەڤاڵەکەی لە پاپۆر دابەزین، پەیوەندیکارەکە بۆ ڕزگارکردنیان لە ئۆتۆمبیلە بۆمبڕێژەکە چاوەڕوانی دەکردن، هەردوو جەنگاوەرەکە بە جودا بەرەو پاریس سواری شەمەندەفەر بوون. ئەبراهام لە ڕێستۆرانتێکی بچووک لە مۆنتاپارناس ئەوانی بینی و ڕاپۆرتێکی تەژی لەسەر ئەوەی ڕوویدا لێ وەرگرتن.

سیلڤیا بە سەرسامی لێی ڕوانی و گووتی: ئەوەم هەرگیز لە بیر ناچێتەوە کە تۆ ئەو ئۆپەراسیۆنەت هەڵوەشاندەوە بۆئەوەی خەڵکی بێ تاوان نەبنە قوربانی. من بەو مۆراڵە بەرزەت زۆر سەرسامم.

لە ڕۆژئاوای بەیرووت ئافرەتان بە پەچەوە دەچوونە ناو باڵەخانەیەکی گەورە، ئەوان موسڵمانی پابەند نەبوون، بەڵکوو بۆ ئەوە پەچەیان پۆشیبوو تا نەناسرێنەوە.

پاسەوانێکی چەکدار ڕێگەی پێگرت و داوای لێکرد خۆی بناسێنێت، بەڵام ئافرەتەکە گووتی هیچ ئامرازێکی خۆناساندنی نییە و ڕایگەیاند: "سەرۆک چاوەڕێی من دەکات و ناوم زەینەبە" کە ڕۆژێک پێشتر بە مەبەستی دیدار تەلەفۆنی بۆ سەرۆک کردبوو.

پاساوانەکە زەنگی بۆ ئەپارتمانتی عەرەفات لێدا، عەرەفات گووتی: باشە، ڕێگەی بدەن، من چاوەڕێی ئەوم.

پاساوانەکە پێکەنینەکەی قووتدایەوە، ئاخر یەکەمجار نەبوو ئافرەت سەر دەکەوتنە ناو ئەپارتمانتەکەی عەرەفاتەوە. عەرەفات پیاوێکی ڕەبەنی ٤٢ ساڵ تەمەن بوو، پێشتریش چاوچاوێنی لەگەڵ سکرتێرەکەی و ئافرەتی دی هەبووە کە هەندێکیان بە نهێنی و هەشبوون بە ئاشکرا سەردەکەوتنە ناو ئەپارتمانتەکەیەوە.

هاوسەرەکەی عەلی سەلامە لە دەرگایدا و عەرەفات خۆی دەرگەی لێکردەوە، یەکڕاست پەچەکەی لابرد و پەژارەیی خۆی نیشانیدا و بە نەرمی گووتی: سوپاست دەکەم کە ڕازیبووی هەبینی، هیوادارم بێزارم نەکرد بیت.

عەرەفات بە پێکەنینەوە گووتی: من دڵخۆشم بە بینینت، من زۆر بە عەبدولقادر حوسەینی خزمتانەوە سەرسامم، ئەو شەڕوانێکی دلێری کێشەی فەڵەستین بوو.

زەینەب سەری سوپاسگوزاری بۆ لەقاند، لەو کاتە پیاهەڵدانەکانی عەرەفات هیچ جێی بایەخ و سەرنجی نەبوون، چونکە بیر و خەیاڵی لە لایەکی دی بوو و گووتی: من دەخوازم لەبارەی بابەتێکی تایبەتەوە قسەت لەگەڵدا بکەم، لەبەرئەوەی تاکە کەسی بتوانی یارمەتیم بدەی. عەرەفات سەیری کرد، تەنیا یەکجار لە ئاهەنگی زەماوەندەکەیدا ئەوی بینیبوو، عەلی هەرگیز لەگەڵ عەرەفات یان ئەندامانی دیکەی فەتح لەبارەی هاوژینەکەی گفتوگۆی نەکردبوو، هاوژینەکەشی هەرگیز نەچووبووە ئەو شوێنەی عەرەفات، بۆیە عەرەفات واقوڕمای بوو کاتێک تەلەفۆنی بۆ کرد کە دەیەوێ ببینێت.

عەرەفات فەرمووی ڕوینشتنی لێکرد و ئەویش لە ڕۆخی قەنەفەکە دانیشت و عەرەفاتیش بەرامبەری دانیشت، ئافرەتەکە دەستی بە قسە کرد و گووتی:

ماوەیەکی زۆر دوودڵ بووم بەر لەوەی بـڕیمە لات، بەو هیـوایە بـووم کێشـەکە لە خۆیدا چارەسەر بێت، بەڵام چارەسەر نەبوو، بۆیە ئەمڕۆ من لێرەم.

تۆ باس لە کام کێشە دەکەیت؟

باس لە عەلی دەکەم، ئەو کێشەکەیە.

گوێم لێتە، چیت هەیە قسەم بۆ بکە.

کاتێک من شووم پێی کرد، پێموابوو ڕاسترین شتە دەیـکەم. خێـزانەکەم زۆر بە تووندی پشتیوانیان لەوە کـرد. هەمـوو شـت ڕێکخـرا و لە وەهـا حاڵەتـدا بـاس لە خۆشەویستی ناکرێت، بەڵام من پێموابوو تا سەر ئێسقان خۆشمویست و شەیدای مەردایەتییەکەی بووم، من بە بینینی مەرایی پیاوەکانی دەوروبەری دڵخۆش بووم، دیسان دڵخۆش بووم کاتێک پۆستی باڵاتری وەرگـرت، هەڵـبەت هەر لە سـەرەتاوە دیار بوو کە شووکردن بە ئەو کارێکی ئاسان نییە، لەوەش ئاگـادارببووم کە ئەو زۆر لە من جودایە، حەزی لە کـات بەسـەربردن و لەززەتـی ژیـان و سـەمای یانەکـانی شەوانبوو، بەڵام بە ئاوات بووم دوای ژنهێنان بگۆڕێت، بەڵام نەگۆڕا، ئەو بەردەوام لە ماڵ بـزرە تەنیـا لەگەڵ گەردی بەیـانی پەیـدا دەبێـتەوە، جـاری وا هەیە چەنـد ڕۆژێک بە تەواوی ون دەبێت، من لە پێناو خۆشەویسـتیدا هەمـوو ئەو تـاڵاوییەم چەشت. بە هیوابووم دوای پەیدابوونی منداڵ هەموو شـت بگۆڕێـت، بەڵام دوای ئەوەی حەسـەن لە دایکبـوو، عەلـی هەر بەردەوامبـوو، کاتێـک عوسـمان، دووەم کوڕمان هاتە دنیا، دیسان هیچ گوڕانکارییەک بەسەر ڕەفتارەکانیدا نەهات، عەلـی هـیچ بـایەخ بە مـن و منـداڵەکانی نـادات، ئەوان تەنیـا ئەوە دەزانـن کە باوکیـان پـاڵەوانێکی نـاودێرە، هەمیشـە پرسـیارم لێـدەکەن، کەنگـی دەگەڕێـتەوە مـاڵ و کەمێـک کاتیـان لەگەڵـدا بەسـەر ببـات، بەڵام عەلـی تەنیـا بـایەخ بە شـتەکانی دەرەوەی ماڵەکەی دەدات نەک خێزانەکەی، بۆیە لەوانەیە ژنێکی دی یان زیـاتری

هەبێت.

عەرەفات گووتی: بە داخەوە بۆ بیستنی ئەوانە. بەڵام ئەوەی ئەو ژنە لەبارەی هاوسەرەکەی بە عەرەفاتی گووت، ئەوی شۆک نەکرد، چونکە لەوە ئاگادار بوو کە عەلی بە دوای ئافرەت و چێژەکانی ژیانە.

زەینەب لە قسەکانیدا بەردەوام بوو و گووتی: ئێمە گفتوگۆ و قڕەیەکی بێ کۆتاییمان لەبارەی پەیوەندیمانەوە هەبوو، لێپپارامەوە لە ماڵ بمێنێتەوە بۆئەوەی کاتی زیاتر لەگەڵ منداڵەکاندا بەسەر ببات، پەیمانیدا وا بکات، بەڵام خاوەنی گفتی خۆی نەبوو. عەرەفات بەرداخێک ئاوی دایێ، ئەویش بە هێواشی فڕی کرد و گووتی: کارەکەی بووەتە گشت ژیانی و بەرپرسیارەتی زیاتر و زیاتری خستووەتە ئەستۆی خۆی و جار هەیە بۆ چەند هەفتەیەک لە ماڵ ون دەبێت.

عەرەفات بە سۆزەوە گووتی: من چۆن دەتوانم یارمەتیت بدەم؟

" من دەزانم زۆر هەیە داوای بکەم، بەڵام هیچ ڕێگەچارەی دیم نەبوو، من دەمەوێت، ئەگەر دەشێ... کاتژمێری کاری بۆ ڕێکبخرێت بۆئەوەی بایەخی زیاتر بە خێزانەکەی بدات. ئایا دەتوانن بەرپرسیارێتی سەر شانی کەمێک سووک بکەن؟ لەوانەیە ئەوە یارمەتیم بدات ژیانی خێزانیمان چاک بکەمەوە."

عەرەفات کەمێک داما و گووتی: "من تێدەگەم بۆچی تۆ هاتووی من ببینی، من دژت ناوەستمەوە، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیەت لەبەرچاو بێت کە هاوسەرەکەی تۆ ئەندامێکی سادەی فەتح نییە، بەڵکوو ئەو یەکێکە لە پیاوە باڵاکانم، ئەرکگەلێک جێبەجێ دەکات کە لەباریدا هەیە شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرپا بکات. زەینەب ئەوە بابەتێکی پیرۆزە و گرنگە پیاوێکی خاوەن ئەو هەموو بەرپرسیارەتییە پشتیوانی بکرێت. هەروەها بۆ ئەو فەرمانێکە بە بێ هیچ دوودڵییەکی ناپێویست ڕۆڵی تەواوی خۆی بگێڕێت.

زەینەب بە لێبڕانەوە گووتی: ئەو تەنیا پیاوی باڵای فەتح نییە، زۆربەیان خێزانیان هەیە و تا ئێستاش کاری خۆیان دەکەن.

عەرەفات هەستایەوە و پیاسەیەکی بەناو ژوورەکەدا کرد بۆ دۆزینەوەی گوزارەیەک کە حەزی بە گووتنی دەکرد. دواجار ئاوڕی لێدایەوە و بە تورەییەوە گووتی: تۆ و من مافی ئەوەمان نییە عەلی لە کارەکەیدا پەک بخەین. پێشنیار دەکەم بە ئارامی چاوەڕێ بکەیت. لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان کاتێک ئامانجەکەمان دەپێکین، ئێمە هەموومان دەتوانین بە هێمنی لێی دانیشین و کاتی خۆمان بۆ خێزان تەرخان بکەین.

زەینەب نائومێدتر لە پێشتر ئەوێی بە جێهێشت، یاسر عەرەفات (ئەبو عەمار) کە دوا هیوای بوو یارمەتی نەدا. فەتح بۆ ئەو لە ئایندەی خێزانەکەی زۆر گرنگتر بوو، هەروەها زۆر لە پێشان دڵنیاتربوو کە دواجار بە یەکجاری عەلی لە دەست دەچێت.

هەندێجار لە ڕۆژانی هێمنی دوای کردەکان، لە دوای خۆشی و مەترسییەکانی چالاکییەکاندا، تەنیایی وەک ژەهری مارێکی کوشندە خۆی لە دەمارەکانی سیلڤیا دەئاڵاند، ئاماژەکانی بە نێو تەمەن چوون لەسەری دەرکەوتبوون، فەرامۆشکردنی ئەمەش بۆ ئەو سەخت بوو کە تەمەن دەڕوات و ناگەڕێتەوە بێ ئەوەی دەرفەت ڕەخسابێت کەمێک کات بۆ پێویستیەکانی خۆی تەرخان بکات. هەرچەندە ئەو هێشتا شۆخ و شەنگە، بەڵام بە تەنێ ماوەتەوە، بۆیە ئەمە هەندێجار نیگەران و پەستی دەکرد.

لەو ڕۆژانەی تەنیایی تەنگی پێهەڵدەچنی، ئەو بە دوای ڕێگەیەک دەگەڕا تا بۆی بلوێ خۆی سەرقاڵ بکات، داوای پێدانی ئەرکی چرکاندی وێنەی زیاتری لە ئاژانسی دالّماز دەکرد، کتێبی دەخوێندەوە، وێنەی لە کەنارەکانی سیانا دەکێشا،

هۆنراوەی بۆ یادی لە دایکبوونی ئەندامانی ماڵباتەکەی دەنووسی و نانی ئێوارانی لە ڕێستوڕانتێکی بچووکی لۆکاڵی دەخوارد، بەڵام هەر تەنیا و هەمیشە بە تەنیا بوو.

مەزەندەی کرد سییەمین ساڵیادی لە دایکبوونیشی هەر بە سادەیی بەڕێ دەکات، بەڵام تەواو جودا دەرچوو. بەیانییەک بەرهەمهێنەری ئاژانسی دالّماز تێلی بۆ کرد و داوای لێکرد ڕومالّی کەوتنەگەڕی نوێترین کەشتی گەشتیاری لە سیانا بکات، داواکەش لە شێوەی فەرمانبوو. دیارە بەڵێنی گەشتێکی ناوازەی بەهارە بە یاوەری خەڵکی نوێ بۆ سیلڤیا شێوازێکی نموونەیی ئاهەنگی لە دایکبوونەکەی بوو.

کەشتی گەشتەکە لەبەر هەتاو سپی دەچۆوە، کورسی پانوپۆڕ لە خوارو و سەروو لە پشت پەنجەرە ڕووناکەکانەوە ڕیزکرابوون، تاخمی کەشتییەکە بە یەکپۆشە سپیەکانیانەوە دەبریسکانەوە و بە زەردەخەنەو چەمینەوەو پێدانی پێکێک شامپانیا پێشوازیان لە میوانەکان دەکرد.

سیلڤیا خۆی بەناو میوانەکاندا کرد، هەرچەندە قومی لە شامپانیا دەدا و موقەبیلاتی کاڤیاری دەکرۆشت، لە چرکاندنی وێنەشدا بەردەوامبوو، پیاوێکی باڵابەرزی کەشخەی ڕێکوپێک لە تەکیەوە بە کامێرای گەورەی پرۆفیشناڵەوە وێنەی دەچرکاند، خۆی بە هانز ڕاوخ لە ئاژانسی ماگنام بۆ فۆتۆگراف بە سیلڤیا ناساند، هانز لە سیلڤیا گەنجتر بوو بە ئینگلیزییەکی ڕەوانی ئەکسێنت ئەڵمانی قسەی دەکرد، سیلڤیا سوپاسی کرد لەسەر پەسنکردنی ئەو گۆشانەی کە بۆ وێنەگرتن هەڵی دەبژاردن، بەڵام هەستی کرد لە تەنیشتی نابزۆێ، بۆیە گومانی لا پەیدابوو کە لەوانەیە تاقیبی بکات، گومانەکەشی ئەو کاتە زیاتربوو کە زوومی کامیراکەی تەنیا لەسەر کەشتییەکە نەبوو، بەڵکوو دەیخستە سەر سیلڤیاش، بۆیە

بیـری کـردەوە کـێ دەڵێـت، ئەویـش کـامیراکەی بـۆ داپۆشـینی چـالاکی دی بەکارناهێنێت.

کەشـتیەکە بە گەڕ کەوتـوو و لە کەنـارەکە دوورکەوتەوە و بەرەو ناوەڕاسـتی ڕووبارەکە لەنگەری گرت، هانز بۆ نانی نیوەڕۆ بانگهێشتی سیلڤیای بۆ سەر پشتی کەشـتییەکە کـرد، ئەویـش نەیتـوانی ڕەتـی بکـاتەوە. لە پشـت دیـمەنە سەرنجڕاکێشەکانی شار هانز باسی ژیانی خـۆی بـۆ سـیلڤیا کـرد کە لە ئەڵمانیـا لە خێزانێکی کاسۆلیک لە دایکبووە، دواتر بە خێزانەوە چـوونەتە یۆنـان و لە ئەسـینا وەک فۆتۆگرافەر دەستی بەکار کردووە، ئێسـتاش لە پـاریس هەمـان کـار دەکـات. سـیلڤیا بە هـانزی گـووت ئەوەی دەتـوانم پێـت بڵـێم لە چوارچێـوەی چیرۆکـی نهێنیدایە، بە چاوپۆشی کردن لە ئەفسەری کەیس و هاوبەشەکەی لەو چـالاکییەی لە دوا ساتدا هەڵوەشایەوە، هانز ئەو هاووڵاتییە بوو کە سیلڤیا مـاوەیەکی درێـژە قسەی لەگەڵ کەسی دی نەکردووە.

جارێکی دی سیلڤیا لە خۆی پرسی، ئەگەر ئەو بە ڕاستی سـیخوڕ بێـت، ئەگەر ئەو چیـرۆکەی بـۆی باسـکرد فێڵێکـی هەڵبەسـتراوی هەنـدێ دەزگـای هەواڵگـری نەناسراو بێت، لەوانەیە هانز نوێنەرایەتی ڕێکخراوێکی دوژمـن بکـات کە بە دوای ئەندامانی مۆسادن و لە هێرشـەکانی ئەم دوایـیە بەرپرسـیاربن. ئایـا ئەو بـۆ سـەر کەشتییەکە لە ژێر پەردەی فۆتۆگرافەر تـاقیبی دەکـات؟ زۆر بە باشـی وردبـۆوە و هەوڵیدا شتێک بدۆزێتەوە ڕێگەیەکی پێ بـدات، بەڵام هیچـی نەدۆزیـیەوە، هـانز زۆر بە ڕێزەوە ڕەفتاری کرد، ڕەنگە وەک دەستگیرانی چاوەڕوانکراوی یەکەم دیدار کەمێک شڵەژاو دیار بووبێت. لە کۆتایی گەشتەکەدا بەر لەوەی هەر یەکێکیان بـۆ چاپکردنی وێنەکانیان بە لایەکدا بڕۆن، هانز سیلڤیای بۆ ئێوارە خـواردنەوەیەک لە بـارەکەی نزیـک بانگهێشـت کـرد. سـیلڤیا دووڵ بـوو، لە ڕاسـتیدا دەیویسـت بانگهێشتەکەی قبووڵ بکـات، بەڵام هێشـتا ئەو سـووکە گومـانە بەری نەدابـوو کە

لەوانەیە ئەمە تەڵە بێت، چەندین سیناریۆی بە خەیاڵدا هات، هەر یەکێکیان لەویتر ترسناکتر بوون. دەترسا هانز دەرمانخواردی بکات و ڕایکێشێتە پەنایەکی تاریک و بیکوژێت و بۆی دەربچێت بێ ئەوەی شوێنەوارێک بە جێبهێڵێت. لە کاتی مەشقدا هەمیشە ئەوەی بە بیر دەهێنرایەوە کە لەوانەیە ئەمجۆرە شتانە ڕووبدەن تەنانەت بەرامبەر جەنگاوەری نهێنی هۆشیار و وریاش.

بۆیە بە درۆ گووتی: ئەم ئێوارەیە زۆر سەرقاڵم، ژمارەی خۆتم بدەرێ کاتێک دەست بەتاڵ بووم تێلت بۆ دەکەم.

هانز مکوڕ بوو گووتی: دوای تەواوبوونی کارەکانت ئێمە دەتوانین یەکتر ببینین، من زوو ناخەوم.

بەڵێنی پێدا کە ئاگایان لە یەکتری دەبێت، بەڵام هێشتا بەرامبەر ئەگەری مەترسی هوشیاربوو. لەبەر سووربوونی خۆی چەند کاتژمێرێک دواتر لە یەکێک لە کافێکانی کۆشکی چایلۆن چاوی بە ئەبراهام کەوت و لەبارەی یەکتربینینی لەگەڵ هانز قسەی بۆ کرد.

ئەفسەری کەیسەکەی پێی گووت: ئایا هیچ شتێکی وای کرد کە گومانێکت بۆ دروست بکات؟

پێموانییە.

ئایا داوای ئەدرەسی لێکردی؟

نەخێر.

هەستت بەرامبەری چۆن بوو؟

پیاوێکی زۆر لاو بوو.

ئایا دەتەوێ پەیوەندیت لەگەڵیدا هەبێت؟

پێموایە.

باشە، چەند ڕۆژێک چاوەڕێ بکە تا ڕاستی ئەو پیاوە ئاشکرا دەکەین کە کێیە.

ئەبراهام خۆشحاڵ بوو کە سیلڤیا لەوکاتەی لە یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت خزمەت دەکات هیچ پەیوەندییەکی خۆشەویستی نەبووە، چونکە دەیزانی پەیوەندی خۆشەویستی بەهۆی لێکەوتەی نەویستراوەوە چ کاریگەرییەکی جدی لە ئۆپەراسیۆنەکان دەکرد. بەڵام نەشیدەتوانی ڕێگری لە سیلڤیا بکات پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ پیاوێکدا هەبێت، چونکە لە گرێبەستەکەیدا هیچ بەندێک نییە ڕێگری بکات کە نابێت پەیوەندی و دۆستایەتی بکات. سیلڤیا ئافرەتێکی تەندروست بوو، وەک ئافرەتێکی دی پێویستی بە سۆز هەبوو، ئەوەش ڕوونبوو زوو یا درەنگ کەسێک دەبینێت و عاشقی دەبێت.

بەڵام وەک هەر نیشتەجێبووەکی دیکەی بیانی هانزیش جۆرە ڕیسکێکە، ئەبراهام بابەتی سیلڤیای بە سەرووی خۆی ڕاگەیاند، ئەوانیش لە ڕێگەی کەناڵەکانەوە خۆیان لە هەواڵگری ئەڵمانی نزیک کردەوە کە مامەڵەی لەگەڵ ئەم جۆرە کارانە دەکرد و داوایان لە ئەڵمانیا کرد سۆراغێکی ئەو پیاوەیان بۆ بکات، بێ ئەوەی داوا بکەن ئەو زانیاریانەیان بۆ چییە. ئەڵمانییەکان زۆر بە وردی بابەتەکەیان تاقیکردەوە و گوهداری تەلەفۆنەکەیان کرد، گوێبیستی گفتوگۆیەکی بوون کە جێی گومانبوو، کاتێک هانز لەبارەی داپیرە نەخۆشەکەیەوە بە گوێگرێکی نادیاری گووت: "پێی بڵێ من هەموو توانای خۆم بۆ بەدەستهێنانی دەرمانەکە دەخەمەگەڕ و دڵنیام سەرکەوتوو دەبم"

پێدەچوو ئەمە پەیامێکی کۆدار بێت.

ئاشکراکردنی لێکۆڵینەوە لە هانز لە لایەن دەزگای ئاسایشی ئەڵمانییەوە بە خێرایی ئەنجام درا و زانیاری لەبارەی خێزان و دۆستەکانی کۆکرایەوە، هەروەها ئینتەرپۆڵیش سۆراغی کرد ئایا هیچ ڕێکۆردێکی تاوانی هەیە، کارەکانیشی لە لایەن ئەو ئاژانسەی کاری تێدا دەکرد چۆن هەڵسەنگێنراوە. دوا ئەنجامیش ئەوە بوو کە هانز هیچ پەیوەندییەکی بە ڕێکخراوە شەڕانگێزەکانەوە نییە. دیارە پیاوەکە هەموو ڕاستییەکانی لەبارەی خۆی بە سیلڤیا گوتووە و هیچ هۆکارێک نییە گومانی لێ بکرێت. مۆساد بێ هیچ ناڕەزاییەک ڕاپۆرتەکەی ئەڵمانیای وەک خۆی وەرگرت، ئەبراهام بە سیلڤیای گووت: قلەکەت هیچ کێشەیەکی نییە. کاتێک ئەوەی بیست سیلڤیا گەشایەوە و دڵی بە تونەتر لێیدا، شاد بوو بەوەی ئازادە دۆستایەتی لەگەڵ هانزدا ببەستێت.

هەرزوو تەلەفۆنی بۆ کرد و گووتی: بەداخەوە کارەکانم درێژەیان کێشا و کارم زۆر بوو چرکەیەکیش دەرفەتم نەبوو.

دڵنیای کردەوە و گووتی: گوێی مەدەرێ، منیش بە دوای سۆراغی دەرمانێکی تایبەتی بۆ داپیرەم لە ئەسینا سەرقاڵ بووم.

دۆزیتەوە؟

بەڵێ، بەڵام زۆری پێچوو، دوێنێ دەرمانەکەم بۆی نارد، ئەویش بۆی نووسیوم کە بە کاری دەهێنێت و یارمەتی دەدات.

دڵخۆشم بە بیستنی ئەوە.

سیلڤیا پرسی: ئەم ئێوارەیە سەرقاڵی؟

لە ڕاستیدا نەخێر، دەمەوێ نانێکت لەگەڵدا بخۆم.

بڕیاریاندا لە ڕێستۆرانتێکی خێزانی یەکدی ببینن کە دەکەوتە پشت باڵەخانەی

ئۆپراوە کە هانز خـاوەنەکەی دەناسـی. سـیلڤیا کـاتێکی تـایبەتی بـۆ هەڵبژاردنـی پۆشینی جلوبەرگێکی تایبەت بۆ ئەم ئێوارەیە تەرخان کرد.

هانز کاتێک ئەوەی بینی گووتی: تۆ زۆر سەرنجڕاکێش دەرکەوتـووی، سـیلڤیاش بە خۆشیەوە تێبینی سەرنجدانی ئامادەبووانی کرد.

دواتر سیلڤیا نەیدەزانی بڕیار بدات کە ئاخۆ ئێوارەکە بەهۆی نانەکە خۆشـبوو یان بەهۆی دۆستەکەیەوە بوو. هانز کەسێکی ڕووخۆشی قسە خۆشبوو، سیلڤیا بە بایەخەوە گوێی بۆ چیرۆکی گەشتە فراوان و کاتە خۆشەکانی ڕابردوو و هەڵگەڕان بە سەر چیاکانی ڕادێرابوو.

دواتر لەبارەی ژیان و شوێنی دانیشتنی پرسی کە لە کوێ فێری وێنەگرتن بووە، سیلڤیا هەستی بە ناڕەحەتی کرد کە لەوە زیاتر ڕاستییەکانی لێ بشارێتەوە و فێـڵ لە پیاوێک بکات کە زۆری خۆش دەوێت.

دەتەوێت تا ماوەیەکی زۆر وێنەگری بکەیت؟

پێموایە.

من نامەوێت.

بۆ؟

هەست دەکەم هیچی دی جێی بایەخم نییە. هەسـت دەکەم هەمـوویم کـردووە، وێنەی سیاسەتمەداران لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتیدا، گەشتی نوێی کەشـتی و یەکەم بەفرباریـن لە پاریس، بە ڕاستی من لەمانە ماندوو بووم.

ئەوە بەو مانایە دێت کە هیچی دی بۆ ماگنام کار ناکەیت؟

پێشتر ئەوەم کردووە، ئەم هەفتەیە پێم گووتن کە واز دەهێنم.

چ کارێک دەکەیت؟

هەندێک پارەم پاشەکەوت کردووە کە تا ماوەیەکی درێژ دەمژێنێت، دوای ئەوە بە دوای کارێکدا دەگەڕێم.

بە چ ئاڕاستەیەک؟

تا ئێستا نازانم، بەڵام دەبێت کارێکی گرنگ و خۆش بێت. من ناتوانم کاری بێزارکەر بکەم.

هانز، بە هیوای بەختێکی باش.

هانز بابەتەکەی گۆڕی و گووتی: ساڵی دادێ دەمەوێت بچمە سەر چیای ئێڤەرست، زۆرم پێ خۆش دەبێت ئەگەر تۆش لەگەڵمدا بێیت.

سیلڤیا پێکەنی و گووتی: ئەگەر تا ئەوکات برادەر بین.

سیلڤیا نەیدەتوانی خۆی لە بەراورد کردنی هانز بە ئاڤری بە دوور بگرێت، ئاڤری کۆنە دەزگیرانەکەی باشوری ئەفریقای بوو، بەڵام هانز تەواو لە ئەو جودا بوو، چونکە هانز وای لە سیلڤیا کردبوو هەست بکات کچێکی گەنجە و تازە خۆشەویستی دەکات، ئاڤری کۆنە برادەرێکی باشیبوو، پێش ئەوەی بزانێت کە خۆشی دەوێت و عاشقی بووە، بەڵام دیارە بینینی هانز وای کردووە بزانێت خۆشەویستی یانی چی، لە چاوەکانیشیدا خوێندییەوە کە ئەویش هەمان هەستی بۆ ئەو هەیە.

هانز گووتی: ماوەیەکی زۆرە کچێکی وەک تۆم نەبینیووە.

هەردووکیان دەست لەناو دەست بەرەو ئەپارتمانتەکەی هانز ڕۆیشتن و لەوێ شەرابیان نۆشی و بە کامی دڵ ڕاموسانیان کرد، هانز کەوتە خەوێکی قوڵەوە، بەڵام سیلڤیا زۆری لە خۆی کرد نەخەوێت نەبادا لە کاتی خەوتنیدا نهێنییەک

ئاشکرا بکات. کاتێک بینی دەڕەوە ڕووناک بووەتەوە، ترسێک دایگرت، چونکە لە بیری چووبۆوە ئەبراهام ئاگادار بکاتەوە لە کوێیە، هەروەها یەکەمجاریشی بوو ڕێسایەکی بنەڕەتی پیشەگەری خۆی بشکێنێ: ڕاپۆرتی خۆی بدات لەسەر شوێنی مانەوەی بۆ حاڵەتێکی بە پەلە. بۆیە داوای لێبوردنی لە هانز کرد کە دەبێت بچێتە سەر کار و لە تەلەفۆنێکی گشتی کافێکی نزیکییەوە تێلی بۆ ئەبراهام کرد کە شەو هەوڵی نەداوە پێی بگات.

ئەبراهام پرسی: تۆ لە کوێ بوویت؟

وەڵامی دایەوە: لەگەڵ هانز بووم.

ئەبراهام پلاری لێدا و گووتی: پێدەچێت عاشق بوو بیت؟

تۆ ڕاست دەکەیت، ڕێک ئاوام بەسەر هاتووە.

لە دوا ڕاپۆرتی پێکەوە گرێدراوی دەزگای هەواڵگری ئیسرائیلدا، دیار بوو عەلی سەلامە بەردەوام سەردانی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا دەکات و شانەیەکی بچووکی بلاک سێپتەمبەری دامەزراندووە، مەشق دەکەن و خۆیان بۆ ئەنجامدانی فەرمانەکان لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئەڵمانیا ئامادە دەکەن. ڕاپۆرتەکان ئاشکرایان کرد کە عەلی بە نهێنی لەگەڵیاندا کۆبوونەتەوە، بەڵام هەمیشە فێڵی لە وەکیلەکانی مۆساد دەکرد کە بۆ لەناوبردنی بە دوای بوون.

زانیارییە ساکارەکان هی ئەوە نەبوون فەرماندەکانی مۆساد تیمێکی پیشەگەر بنێرنە دوای ئەو پیاوەی کە داواکراوی هەرە لە پێشبوو، بۆیە بڕیاریاندا هەوڵەکانیان لە ئەڵمانیا چڕتر بکەنەوە، لێ زوو بۆیان دەرکەوت کە ئەمە کارێکی ئاسان نییە. چونکە عەلی سەلامە بە پاسپۆرتی ساختە گەشتی دەکرد، زوو زوو ڕوخساری خۆی دەگۆڕی، هەندێکجار ڕیشی دادەنا، جاری واش هەبوو بارۆکەی

لەسەر دەنا و چاویلکەی ڕەشی لە چاو دەکرد. بەردەوامیش خۆی وەک بزنسمانێکی لوبنانی دەناساند و خۆشی لە بەکارهێنانی هاتوچۆی گشتی بە دوور دەگرت. پێی باشتر بوو بە ئۆتۆمبیلی ئەو کەسانە لە شوێنێکەوە بچێتە شوێنێکی دی کە متمانەی پێیان هەبوو، دەمانچەکەی هەمیشە سوارکراو و پڕ فیشەکبوو، دوو پاسەوانیش بەردەوام یاوەری بوون، هیچ ساتێک خەمسارد نەبوو کە مۆساد بە دوایدا دەگەڕێن، بۆ خۆدزینەوە لە دەستگیرکردن هەموو حیلەیەکی بەکاردەهێنا.

وێڕای چاودێری تووند و تەرخانکردنی بڕێکی گەورەی پارە بۆ کەسانی جۆراوجۆر بۆئەوەی لە پاکتاوکردنی عەلیدا یارمەتی مۆساد بدەن، بەڵام لە پێناو دیاریکردنی شوێنەکەی پێویستیان بە نوێترین، داهێنەرترین میتۆدی ناڕاستەوخۆ هەبوو.

بۆ دۆزینەوەی گشت لقە جۆراوجۆرەکان، هەواڵگری ئیسرائیلی هەوڵەکانیان چڕ کردبۆوە و بە دوای ئەو گومان لێکراوانەبوون کە بە ئەندامی بلاک سێپتەمبەر ناسراوبوون، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر شوێنی مانەوەی عەلی سەلامە شەو و ڕۆژیان پێکەوە دەبەستەوە، فرانکفۆرت کە شارێکی قەرەباڵغی بازرگانی بوو، سەنتەرێکی گەورەی چالاکی عەرەبی بوو لە ئەڵمانیادا، سەرۆکی مۆساد بڕیاریدا بەشێکی بەرچاوی هەوڵەکانیان لەوێ بێت، تەڵەیەکی زیرەکیان لە فرانکفۆرت دانایەوە، کە لەڕووداو ساده و بێ وەیبوو، بەڵام چانسی سەرکەوتنی هەبوو.

چیرۆکێکی نهێنیان هۆنیەوە کە تەواو باوەڕپێهێنەر بوو. بزنسمانێکی ئوردنی بە ناوی سەمیر ئەلعەینی کە لە وڵاتانی عەرەبی سەرۆکی پرۆژەکان بوو، لە ئەپارتمانتێکی ئامادەکراوی ناوجەرگەی شاردا دەژیا، سەمیر پیاوێکی ڕەبەنی خۆش مەشرەبی تەمەن چڵەکان بوو، هەروەها کەسێکی قۆز و کراوە بوو، زۆر برادەری

هەبـوو، بە تـایبەتی لە نـاو ڕەوەنـدی عەرەبیـدا. زۆرجـار ئـاهەنگی لەنـاو ئەپارتمانتەکەتـدا دەکـرد و بە خۆشـیەوە تەختە بەتاڵەکـانی خەوتنـی لە خـزمەت لاوانی فەڵەستینی بوو کە زۆربەیان ئەندامی فەتح بوون و حەزیـان لە شـەوچەرە بـوو. پڕۆپاگەنـدەی میواندۆسـتییەکەی وەک ئـاگری پـووش لەنـاو لاوانـی عەرەب بڵابۆوە، هەموویان دەهاتن و یەک دوو شەویان لە ئەپارتمانتەکەیدا بەسەر دەبـرد و چێژیان لە مێزە ڕازاوەکەی وەردەگرت. ئەو لە یارمەتیدانی دەزگا خێرخوازەکانی فەڵەسـتین چـاوتێربوو، بە شـێوەیەکی ڕێکوپێـک سـەبەتەی خـۆراکی بـۆ کەمپـی ئاوارەکان لە لوبنان و ئوردن دەنارد، بەڵام هیچ بایەخی بە سیاسەت نەدەدا.

چالاکییە بازرگانییەکانی سـەمیر تەنیـا فێڵێکبـوو: نهێنییەکـی قـوڵ و ناڕۆشـنی هەبوو لە کن هیچ کەس ئاشـکرا نەبـوو، نـاوە ڕاسـتەقینەکەی مۆشـێ لیڤـی بـوو، خۆشی جەنگاوەرێکی نهێنی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بوو، مۆساد هیوای بەوە بوو، ئەو تیرۆریسـتانەی لە ئەوڕووپـاوە ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدیان بە چالاکییەکـانی عەلی سەلامە هەیە لە گفتوگۆکانیانـدا کە لە ئەپارتمـانتەکە دەمـانەوە بە سـەهوو زانیاری لەبارەی شوێنی عەلی ئاشکرا بکەن، کاتێـک گەڕان بەدوای عەلـی سـەلامە چڕکرایەوە، فەرماندەکانی یەکەی ئۆپەراسیۆنەکان هیواخواز بوون ئەو زانیاریـانەی لە ئەپارتمانتەکەوە دەبیستن، دواجار بە نێچیرەکەیان بگەیەنێت.

سەمیر ئەلعەیـن هەمـوو شـتێکی بـۆ میوانەکـانی مەیسـەر کردبـوو بـۆئەوەی هەست بکەن لە مـاڵی خۆیانـدان، لەسـەر دیوارەکـان وێـنەی مزگەوتـی ئەقسـا و موســـڵمانێکی ڕازاوە بە بەردی گرانبەهـــا بە نـــاوی حەمســـە هەڵواســـیبوو، لە ناندینەکەیـدا بەردەوام قـاوەی عەرەبـی بە هێـل و خـواردن لەگەڵ نـانی گەرمـی هەبوو کە هەمـوو بەیانیـان لە فڕنـی گەڕەکێکـی ئاوارەکـانی شـار دەیکڕی. هەر میوانێک سەربەستبوو لەوەی ئەو خواردنەی حەزی لێـدەکات بـۆ خـۆی ئامـادەی بکات، هەروەها هیچ کاتێک بێـزاری لە قـاپ و قاچـاغە پیسـەکانی سـەر سـینگی

ناندینەکەی دەرنەدەبڕی، هەروەها خۆی میوانەکانی بە ئۆتۆمبیل دەگواستەوە ئەو شوێنەی بۆی دەچوون، تەنانەت لە کاتی پێویستیدا پارەشی پێ دەدان.

میوانەکان سەربەست کرابوون لەگەڵ خۆیاندا هاوڕێکانیشیان بهێنەوە ئەپارتمانتەکە و بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی خانەخوێ بانگهێشتی مانەوەشیان دەکردن، کاتێکیش لیڤی لەوێ نەبا لە لایەن مۆسادەوە گفتوگاکانیان بە باشی چاودێری دەکرا. هەرچەندە توانیبوویان زانیارییەکی باش کۆبکەنەوە، بەڵام یەک تاکە وردەکاریش نەبوو کە بە عەلی سەلامەیان بگەیەنێت.

هەر ئەندامێکی مۆساد کە هەڵگری ناسنامەی ساختەبوو، هەمیشە بەو هەستەوە دەژیا کە لە هەر ساتێکدا ئەگەری ئەوە هەیە شتێک بێتە ڕێگەی پلانەکانیانەوە، چونکە قسە لە زمان دەرچوون یان بێ ئاگاییەک یاخود ڕووداوێکی لابەلا بۆ وێرانکردنی سەرکەوتووترین چیرۆکی نهێنی بەسبوو، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات مۆشێ تەواو تێکەڵی کۆمەڵگەی عەرەبی لە فرانکفۆرت بوو، پێ نەدەچوو هیچ هەڵەیەک بێتە ڕێی، بەڵام چارەنووس شتێکی جیاوازبوو.

ڕۆژێک میوانی کوڕێکی بە بنەچە فەڵەستینی هاوواڵاتی ئوردنی بەرپرس لە پەیدا کردن و بە سەربازکردنی خۆبەخش بۆ ڕێکخراوی بلاک سێپتەمبەر لە ئەوروپا دایکی لەگەڵ خۆیدا هێنایە ئەپارتمانتەکەی سەمیر. ئەو ژنە کە بە بنەچە جووبوو، بەڵام لە پێناو شووکردن بە عەرەبێکی ڕۆژهەڵاتی ئیسرائیل موسڵمان ببوو، ژنەکە کە لە ناوەڕاستی تەمەندا بوو، جلوبەرگی تەقلیدی عەرەبی دەپۆشی بۆ چەند ڕۆژێک لە ئەپارتمانتەکەدا مایەوە و چێشتی بۆ میوانەکان لێدەنا، لە ڕۆژی سێیەمی مانەوەیدا، مۆساد گۆهداری گفتوگۆی نێوان ئەو و کوڕەکەی بوو کە بە کوڕەکەی گووت: خانەخوێیەکەتان جێی گومانە.

کوڕەکەی بە سەرسوڕمانەوە گووتی: چ وای لێکردووی وا بیر بکەیتەوە؟

پێموایە جوولەکەیە.

کوڕەکەی پێکەنی و گووتی: ئەمە مەحاڵە، من ماوەیەکی دوور و درێژە دەیناسم، ئەو لە ئوردن لە دایکبووە و گەورە بووە، هەروەها لایەنگرێکی سەر سەختی فەتحە و دوژمنی باوەکوشتەی ئیسرائیلە.

دایکی پێداگربوو و گووتی: لەگەڵ هەموو ئەوەشدا، شتێک لە ئاوازی دەنگیدا جێی باوەڕنەکردنە، من لە دووری چەند میلێکەوە بۆنی جوولەکە دەکەم، لە بیریشت نەچێت من بە جوولەکەیی هاتوومەتە دنیا.

یەکێکی دیکە لە کوڕەکان هاتە ناو گفتوگۆکەیان، هەبوو گاڵتەی بە قسەی پیرەژنەکە هات، هەشبوو مەسەلەکەی بە جدی وەرگرت.

کوڕی پیرەژنەکە بەڵێنی بە دایکیدا و گووتی: کە سەمیر گەڕایەوە ئێمە ئەوە ئاشکرا دەکەین.

ئەوە بۆ ئەفسەری کەیس بەسبوو کە داوای دیدارێکی بەلەز و لەناکاو لە لێڤی بکات.

بە کورتی پێی گووت: نهێنییەکەت تەقیەوە، دوام کەوە.

لێڤی شۆکبوو، بە لایەوە سەختبوو کە چۆن نهێنییەکەی تەقیوەتەوە، بۆیە یەکسەر چووە فڕۆکەخانە و بەرەو ئیسرائیل فڕی، هەرگیز جارێکی دی ڕووی لە ئەڵمانیا نەکردەوە.

لە بارەگای سەرەکی بلاک سێپتەمبەردا بۆ هەر ئەندامێکی ڕێکخراوەکە فایلێکی نهێنی تایبەت بە ئەندامەکانی لە وڵاتە عەرەبیەکان، ئەورووپا و ئاسیا پارێزراوبوو، فایلەکان تەنیا زانیاری نوێی تایبەت بە ئەندامەکان تێدا نەبوو، بەڵکوو وردەکاری تەواوی ئەو چالاکیانەی دەرەوەی ڕێکخراوەکەشی تێدابوو،

زۆربەی ئەندامانی بلاک سێپتەمبەر لە ئەوروپا ژیانە پیشەگەرەکەیان وەک چیرۆکی نهێنی بەکاردەهێنن، ئەمەش وادەکات مۆساد بە زەحمەت بە شوێنیان بکەوێت.

عەلی سەلامە بە بەردەوامی ئەو فایلانەی هەڵگێڕ و وەرگێر دەکرد لەپێناو هەڵبژاردنی کەسانی گونجاو بۆ کردەوەکانی کە پێویستیان بە پیشەگەری پڕ زانیاری لە بواری جیادا هەبوو، هەر لەم ڕێگەیەش محمەد مەسالْحەی دۆزییەوە.

مەسالْحەی تەمەن ٢٧ ساڵ لەدایکبووی حەیفابوو. لە شەڕی ١٩٤٧دا کاتێک تەمەنی تەنیا سێ ساڵبوو، خێزانەکەی ڕەڤیبوونە کەرتی ڕۆژئاوا، کاتێک گەورە بوو بە مەبەستی خوێندن ڕووی لە ئەڵمانیا کرد، دوای بە دەستهێنانی بڕوانامە لەوێ مایەوە، مەسالْحە لە لایەک ئەندازیارێکی بالْای تەلارسازیبوو، لە میونخ نووسینگەی هەبوو، وێنە و نەخشەکانی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەبوونەوە، لە لایەکی دیکەوە بە نهێنی سەر بە فەتح و ئەندامێکی ڕێکخراوی بلاک سێپتەمبەر بوو.

پاشنیوەڕۆیەکی ساف و بێگەردی ١٨ی تەموزی ١٩٧٢، کەمتر لە دوو مانگ لە دوای هێرشە خوێناوییەکی فڕۆکەخانەی بنگۆریۆن. عەلی لە میونخ چاوی بە مەسالْحە کەوت و بە نهێنی لە ئەپارتمانتێکی گەشتیاری لە دەرەوەی شار کۆبوونەوە. دوو پاسەوانەکەی سەلامە چەکدار بوون و چەکەکانیان لە ژێر پۆشاکەکانیان شاردبۆوە و پاسەوانیان لە ئەپارتمانتەکە دەکرد، تەنیا ڕێگەیان بە مەسالْحەدا بچێتە ژوورەوە، دوای ئەوەی دڵنیابوون کە چەکدار نییە.

ئەم دیدارە بۆ عەلی سەلامە زۆر گرنگ و بنچینەیی بوو، چونکە خەریکی داڕشتنی بناغەی گەورەترین ئۆپەراسیۆن بوو کە بلاک سێپتەمبەر ئەنجامی بدات. سەرکەوتنەکەی تەنیا نابێتە دەستکەوتێکی گەورە بۆ ڕێکخراوەکە، بەڵکوو سەری

عەلیش بەرز دەکاتەوە.

عەلی دەستی پێکرد و گووتی: لە ڕۆژنامەکاندا خوێندوومەوەتەوە کە تۆ سەروسەودایەکت لەگەڵ باڵەخانەی ئۆڵەمپیک لە نزیک میونخدا هەیە.

تەواوە.

ئایا ئەوە بەو مانایە دێت کە تۆ لە چوونە ژوورەوەی ناو ئەو باڵەخانەیەی میوانداری وەرزشوانان دەکات، سەربەستی؟

بێگومان.

عەلی گووتی: مەسەلەکە، ئێمە پێویستیمان بە تۆ هەیە. نیازی خۆشی ئاشکرا کرد کە دەخوازێت بیکاتە فەرماندەی ئەو تیمە جەنگاوەرە ڕاهێنراوەی بلاک سێپتەمبەر کە ئەرکیان هێرشکردنە سەر ژوورەکانی وەرزشوانە ئیسرائیلەکان و بە بارمتە گرتنیانە بۆئەوەی بەو تیرۆریستانەیان بگۆڕنەوە کە لە ئیسرائیل زیندانن، داواشی لە میوانەکەی کرد کە ئەوەی پەیوەستە بەو ئەرکە لەوپەڕی نهێنیدا دەمێنێتەوە.

ئەرکی مەسەلەکە پلاندانانی ڕێگەی چوونە ژوورەوەی تیمەکە بۆ ناو گوندی ئۆڵەمپیک و نیشانکردنی شوێنی مانەوەی ئیسرائیلییەکان بوو، کە کاتیش هات سەرکردایەتی هێرشەکە بکە و پاشەکشە بکە.

مەسەلەکە بە جۆشەوە بە عەلی گووت: جێبەجێکردنی داواکارییەکەت بۆ من مایەی شەرەفمەندییە.

دوای ئەوەی عەلی بۆ لوبنان گەڕایەوە، بە پەلەپرۆزێ ١٥ لاوی بە دەستوبردی فەتحی بە سەرباز گرت و ڕەوانەی کەمپی ڕاهێنانی نەهر بەردی لە باکوری وڵات کرد کە چەند میلێک لە بەیروتەوە دووربوو. لەوێ لە لایەن ئەندامانی

ڕێکخراوێکی تیرۆریستی نێودەوڵەتی و ئەندامانی هەواڵگری ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات مەشقیان پێکرا و فێرە بەکارهێنانی جۆرەها چەک و چۆنیەتی کاراکردنی چەرچکردنی تەقینەوە، شەڕی ناو باڵەخانە، بە بارمتەگرتن و ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ دوژمن کران. هیچ یەکێک لە مەشقەکەران شتێکیان لەبارەی سرووشتی ئەو ئەرکە نەدەزانی کە مەشقیان بۆی دەکرد. تەنیا مەزەندەی ئەوەیان دەکرد کە ئەرکێکی گرنگە، مادامەکێ عەلی سەلامە ڕۆژانە لە کەمپ ئامادەیە بۆئەوەی خۆی شەخسی چاودێری پێشڤەچوونەکە بکات.

لە کۆتایی ڕاهێنانێکی چڕی یەک مانگیدا، زۆر لە بەشدارانی مەشقەکە ڕەوانەی ماڵەوە کرانەوە و تەنیا هەشت مەشقکراوی هەرە سەرکەوتوویان هێشتەوە، عەلی سەلامە بە تەنیا لەگەڵ هەر هەشتیان دانیشت و پێی گووتن بەمنزیکانە لەبارەی ئەنجامدانی ئەو ئۆپەراسیۆنەی بەشداری تێدا دەکەن زانیاری وەردەگرن.

لە پێناو بە قاچاغ ئاودیوکردنی چەکی پێویست لە لوبنانەوە، عەلی لە ڕیزی فەتحدا ژن و پیاوێکی دامەزراند کە دەبوو لە جانتاکانیانەوە ڕەشاش و تەقەمەنی هەڵبگرن و هەر خۆشی دەربازبوونی بێکێشەی جانتاکانی لە گومرگ ڕێکخستبوو، پێشتر بە پارە لەگەڵ یەکێک لە گەورە ئەفسەری گومرگی فڕۆکەخانەی کۆلۆگنا ڕێککەوتبوو بۆئەوەی چاو لە چەکە قاچاغەکان بپۆشێت.

لە ئابی ۱۹۷۳ قاچاغچییەکان بە فڕۆکەی لوفتانزا لە بەیروتەوە بەرەو کۆلۆنگا فڕین، پیاوەکە گرانبەهاترین قاتی پۆشیبوو، خۆشترین کۆلۆنیای لە خۆیدابوو، زۆریش لە خۆڕازیبوو، ئافرەتەکەی لەگەڵیدا بوو، ناسک و شۆخ بوو، عەزیبەکی هێندە کەشخەی لەبەربوو، وات دەزانێ کچە مۆدیلەکانی ناو گۆڤارە فاشیۆنەکانە، لەگەڵ خۆیانەدا چەوار جانتایان بردبوو و لە لایەن ئەفسەری گومرگەوە لە

فڕۆکەخانەی ئەڵمانیاوە پێشوازیکران، ڕێنمایی بە کارمەندەکانی کرد تەنیا یەک جانتای بپشکنن و گەشتیارەکان ڕێگە پێدراو بوون بە هەڵبژاردنی کردنەوەی ئەو جانتایەی کە سەدان مەمکدانی تێدابوو، بۆیە خۆیان بە کردنەوەی سێ جانتاکەی دی بێزار نەکرد کە ڕەشاش و نارنجۆک و تەقەمەنی تێدابوو.

هەردوو گەشتیارەکە بە تاکسی بەرەو میونخ ڕۆیشتن و جانتاکانیان لە لۆکەڕێکی بەکرێ لە وێستگەی شەمەندەفەر شاردەوە، لەگەڵ نوێنەری عەلی سەلامە کۆبوونەوە و کلیلەکەی لێوەرگرتن بۆئەوەی کە گەیشتە میونخ ڕادەستی عەلی بکات.

وادەی ئۆپەراسیۆنەکە نزیک کەوتبۆوە، عەلی لە بەیروووت هەر هەشت مەشق پێکراوەکەی بەیەکەوە کۆکردەوە و تیکتی فڕۆکەی بۆ ڕۆما و بەلگراد خستە ناو دەستیان، هەر یەکەیان بە گەشتی جودا و پاسپۆرتی ساختە و ناسنامەی قوتابی لە زانکۆکانی ئەوڕووپاوە فڕین. لە ڕۆما و بەلگراد هەر هەشتیان بەرەو میونخ فڕین. مەسەڵحە و یاریدەرەکەی کە لە شەڕی گەریلادا شارەزابوو لە ئەپارتمانتەکەی مەسەڵحە لەگەڵیاندا کۆبوونەوە و وردەکاری تەواوی لەبارەی ئۆپەراسیۆنەکە پێدان، مەسەڵحە ئاگاداری کردنەوە و گووتی: هێرشکردنە سەر شوێنی مانەوەی ئیسرائیلەکان بە ڕیسکە، لە بەرایی هەموویانەوە، لەوانەیە پاسەوانانی گوندی ئۆڵەمپیک بتانبینن، لەوانەشە ئیسرائیلییەکان تەقەتان لێبکەن، بۆیە هوشیار بن.

عەلی سەلامە گەیشتە میونخ و ئەو ڕۆژانەی بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکە مابوون، لەگەڵ هەڤاڵەکانی لە ئەپارتمانتێکی بە کرێی پاسەوانی کراودا بە مەبەستی پلاندانان و دەرکردنی فەرمان لەگەڵ محەمەد ئودا مایەوە کە ناوی خوازراوی ئەبو داود بوو و بە دووروودرێژی باسی ئۆپەراسیۆنەکەیان بۆ تیمەکە کرد.

کاتژمێر چـوار و نیـوی بەیـانی ڕۆژی ٦ی ئەیلـوولی ١٩٧٢، دوای کـۆکردنەوەی چەک و تەقەمەنییەکان، هەشت تیرۆریستەکە بەسەر دیـواری گونـدی ئۆڵەمپیـک بازیاندا و خۆیان گەیاندە شوێنی ئیسـرائیلییەکان، دوای کوشـتنی دوو وەرزشـوانی ئیسرائیلی، نۆیەکەی دیکەیان بە بارمتە گرت.

هەر یەک لە عەلی سـەلامە و ئەبـو داودیـش بـۆ چـاودێری کردنـی هێرشـەکە خۆیـان گەیانـدە نزیـک گونـدی ئۆڵەمپیـک، کاتێـک گوێیـان لە دەنگـی تەقەبـوو، تێگەیشتن کە ئۆپەراسیۆنەکە تەواوە و کاتی قوچاندنە. چوونە لای ئەو ئۆتۆمبیلەی لە نزیکەوە چاوەڕوانی دەکردن و سواربوون و یەکسەر بەرەو فڕۆکەخـانە چـوون، پێشتر تیکتی گەشتی ئیتاڵیایان بۆ ڕۆما بڕیبوو، دوای پیشاندانی پاسـپۆرتی سـاختە زوو بەرەو ڕۆما فڕین، لەوێوەشەوە عەلی سەلامە بەرەو بەیروت و ئەبو داودیش بەرەو بەلگراد و وارشۆ فڕی کە بۆ چەند ساڵێک لەوێ خـۆی شـاردەوە بەر لەوەی بە یەکجاری لە ئوردن نیشتەجێ بێت.

هێزەکـانی ئاسایشـی ئەڵمانیـا پـاش بیسـتنی یەکەم تەقە گەیشـتنە ئەوێ و بە گەیشـتنیان تێگەیشـتن کە چ قەومـاوە. یەکەم هەڵسـەنگاندنیان بـۆ بـارودۆخەکە بەمشـێوەیە بـوو: هەر هەوڵێـک بـۆ زاڵبـوون بەسـەر هێرشـبەراندا ژیـانی ئیسـرائیلییەکان دووچـاری مەترسـی زیـاتر دەکـات، سـەرەتا بـۆ دۆزینـەوەی چارەسـەرێکی کـارا لەگەڵ ڕفێـنەران کەوتـنە گفتوگـۆ کـردن. زیڤـی زامیـری بەڕێوەبەری مۆساد بە پەلە بەرەو میـونخ بە ڕێکەوت و داوای کـرد بەشـداری لە گفتوگۆی نێوان ئەڵمانیا و تیرۆریستەکاندا بکات. زیڤـی پاشـخانێکی دەوڵەمەنـدی سەربازی هەبـوو (وەک سـەرۆکی فەرمانـدەی باشـوور)، بەڵام لەگفتوگـۆکردنی بە بارمتەگیراواندا بێ ئەزموونبوو، چەند جارێک ئەڵمانییەکان دووبارەیان کردەوە کە داوای هیچ یارمەتییەکی دەرەکیان نەکردووە، پێویستە زامیر لە دووڕەوە چاودێری ڕووداوەکە بکات، بەڵام ئەوەی بینی هەرگیز مایەی قبوڵ کردن نەبوو.

لە گفتوگۆکەدا ئەڵمانییەکان ئۆفەرێکیان پێشکەش کرد کە لە بنکەکانی هێزەکانی ئاسمانی ئەڵمانیادا فڕۆکەیەک لە خزمەت ڕفێنەران تەرخان دەکەن و بۆ ئەو شوێنەیان دەگوازێتەوە کە ئەوان دەیانەوێت. لە ڕاستیدا فڕۆکەکە بۆ هیچ شوێنک نەدەفڕی، بەڵکوو تەنیا جۆرە فێڵێکی ڕزگارکردنی بارمتەکان بوو.

ڕفێنەران ئۆفەرەکەیان قبوڵ کرد، بەڵام لەو ساتەی لە پاسەکە دابەزین و بەرەو فڕۆکەکە ڕۆیشتن، ئەڵمانییەکان تەقەیان لێکردن، تیرۆریستان شێت و هاربوون و دەستڕێژیان لە بارمتەکان کرد، لە شەڕە تەقەکەدا پێنج تیرۆریست کوژران و ئەوانەی بە زیندوویی مانەوە، دەستگیرکران و درانە لێکۆڵینەوە.

کاتێک عەلی سەلامە گەیشتە بارەگای بلاک سێپتەمبەر لە بەیرووت، شانەیەکی توڕەی پڕ لە چالاکی بینی، پیاوەکانی باسی شەڕە تەقەی نێوان هێزەکانی ئاسایشی ئەڵمانیا و تیرۆریستانیان بۆی کرد و عەلیش بە خۆنازییەوە بە ڕوویاندا خەنیەوە. عەلی زۆر بایەخی بەو ڕاستییە نەدا کە بارمتەکان کوژراون و هیچ گۆڕینەوەیەکی زیندانیانی ناو زیندانەکانی ئیسرائیل لە ئارادا نییە، بەڵکوو زیاتر بایەخی بە ڕومالّە فرەوانە میدیاییەکەی ڕووداوەکەدا کە پێیوابوو بەرژەوەندی جیهان دەخوازێت جەخت لە خەباتی فەڵەستین بکات، بەمەش مەبەستەکەی جێی خۆی گرت.

تا درەنگی ئەو شەوە، هەرچەندە نیشتەجێبووانی کەمپی ئاوارەکان لە ئاهەنگی کوشتنی وەرزشوانانی ئیسرائیلی بەردەوامبوون، عەرەفات فەرماندە باڵاکانی ڕێکخراوی فەتحی کۆکردەوە و بە ئامادەبوونی ئەوان پەسنی عەلی کرد و ئەوانیش پێکرا هاواریان کرد: "ئێمە هەموومان بلاک سێپتەمبەرین" عەرەفات چەند جارێک عەلی لە ئامێز گرت و لەسەر یەکدی دەیگووتەوە: " تۆ کوڕی منی، کوڕی منی"

عەلی بە فەخر و شانازییەکی زۆرەوە گەڕایەوە نووسینگەکەی و دەیویست شەق لە ئاسنی گەرم هەڵدات و خەیاڵی پڕبوو لە بیرۆکەی هێرشی دیکەی تیرۆریستیدا.

لە سەر شاشەی تەلەفزیۆن لە ئەپارتمانتە بچووکەکەیدا لە پاریس، سیلڤیا بە وردی چاوی لەسەر ڕووداوەکانی میونخ بوو، دیمەنە سامناکەکان ڕاویان کرد: تیرۆریستی دەمامکدار لەسەر دیواری وەرزشوانانی ئیسرائیلی و گفتوگۆیەکانی ڕفێنەران لەگەڵ ئەفسەری ئاسایشی ئەڵمانیا، گەیشتنی بارمتەکان بە بنکەیەکی ئاسمانی سەربازی، دابەزینیان لە پاس و ڕۆیشتنیان بەرەو فڕۆکە لە ژێر هەڕەشەی چەکی تیرۆریستان و گەمارۆدانی بنکە سەربازییەکە لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی ئەڵمانیا و دەستڕێژییەکان. فڕۆکەیەک گڕی گرت و هەندێک لە گڵۆپەکان لە ئەنجامی شۆرتی کارەباوە کوژانەوە، بۆ چەند ساتێک تەنیا دەنگی تەقەی تیرۆریستان و هێزەکانی ئاسایشی ئەڵمانیا دەبیسترا، دواتر بێدەنگیەک باڵی کێشا و پاشان یەکێک لە پێڕەوەکان هاتە سەر شاشە و ڕایگەیاند، پەخش لە سەرانسەری ئەڵمانیاوە وەستاوە و نازانرێت کەی دەست پێدەکاتەوە.

سیلڤیا بڕوای بەوە نەکرد کە بە چاوی خۆی بینی، هێرشی تیرۆریستی لە ناوەوە و دەرەوەی ئیسرائیلدا بە ڕێژەیەکی خێرا چەند قات بووەتەوە، بەڵام ئەمە یەکەمجارە هێرشبەران ئەو بڕیە پیشان بدەن. ئەوان دوودڵ نەبوون لە پەلاماردانی شوێنێکی نێودەوڵەتی لە ڕووداوێکی وەرزشی جیهانیدا و وەرزشوانانی ئیسرائیلی بە بارمتە بگرن. سیلڤیا لە خۆی پرسی، پاسەوانانی ئاسایشی ئەڵمانیا لە کوێ بوون کاتێک تیرۆریستان چوونەتە گوندی ئۆڵەمپیک، نەیدەزانی ئایا ئاسایشی ئیسرائیل هەوڵیانداوە ڕێگە بە تیرۆریستان بگرن کاتێک بە ڕێگەوە بوون بۆ بنکەی ئاسمانی، سیلڤیا کۆمەڵێک پرسیاری هەبوو، بەڵام پەخشی تەلەفزین وەڵامی یەک لە پرسیارەکانیشی پێ نەبوو.

بەیانی ڕۆژی دواتر زوو لە خەو ڕابوو بە مەبەستی کڕینی ڕۆژنامەی ئینگلیزی چووە دەرەوە، لەبارەی کوشتارگە تۆقێنەرەکەی وەرزشوانە ئیسرائیلییەکانی چەند هەواڵ و ڕاپۆرێکی خوێندەوە کە لە ئەنجامی هێرشی ئەڵمانییەکان بۆ سەر ڕفێنەران ڕوویدا. ئەم ڕووداوە کوشتارگەی نازییەکانی دەرهەق بە خزمەکانی لە ئۆکرانیا بە یادهێنایەوە کە ئەوەتە جارێکی دیکە دووبارە خەڵکی بێ گوناە هەر لەبەرئەوەی جوولەکەن کوژران.

بە مانشێتێکی بچووک ڕۆژنامەی هێرالّد تریبیۆن نووسیبووی، بلاک سێپتەمبەر کە لە لایەن عەلی سەلامە سەرکردایەتی دەکرێت لە پشت ئۆپەراسیۆنەکەیە، وتارێک بە کورتی باسی لە چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە و بایۆگرافی سەرکردەکەی کردبوو، هەروەها بە تیرۆریستێکی بە ئەزموونی ملهوڕی چاونەترس وەسفی کردبوو کە لە مردن بێباکە.

سیلڤیا لە ڕۆژنامەی دی چەندین وتاری دیکەشی خوێندەوە، هەموویان دەمیان کردە ژەقن، چونکە دەبینێت چۆن ئیسرائیلیان تازیەبار کردووە، بۆیە پێویست بوو بەرپرسانی باڵای مۆساد کۆبوونەوەیەکی بە پەلە بکەن.

لە بێزاریان پێویستی بە یەکێک بوو قسەی لەگەڵدا بکات بۆئەوەی هەستی خۆی دەربڕێت و پشتیوانی بکات، نەیدەتوانی بۆ لای هانزی خۆشەویستی بچێت، چونکە قەدەغەبوو پەیوەندی خۆی بە ئیسرائیلەوە ئاشکرا بکات، لە لایەکی دی تەنیا وەک برادەرێکی ڕاستگۆ لە پاریس پێی کاریگەربوو. جگە لە ئەبراهام هیچ ئەندامێکی دیکەی مۆسادی لە پاریس نەدەناسی. ئەویش بە ڕێوشوێنی گەرانەوەی بۆ ئیسرائیل سەرقاڵبوو، چونکە ماوەی خزمەتکردنی لە پاریس تەواو ببوو. ئەفسەرە سەرپەرشتکارە نوێیەکەی بۆئەوەی جێی ئەفسەرەکەی پێشوو بگرێتەوە و بە داڤید دەیناسی تازە گەیشتبوو.

لە بێزاریاندا تەلەفۆنی بۆ داڤید کرد و داوای کرد بیبینێت. کاتێک یەکدیان بینی، داڤید تێبینی سووربوونەوەی چاوەکانی کرد، بەڵام پێویست نەبوو پرسیار لە هۆکاری چاو سووربوونەوەکەی لێ بکات، چونکە خۆشی بە کارەساتەکە خەفەتبار بوو.

سیلڤیا وتارەکەی هێرالْد تریبوونی پێشاندا و گووتی: پێموایە ئیستا سەلامە ئامانجی سەرەکیمانە. ئەفسەرە سەرپەرشتکارە نوێیەکەی وەڵامی دایەوە و گووتی: منیش وای دەبینم. هەرچەندە هێشتا کەسیش هیچی پێڕانەگەیاندبوو.

سیلڤیا گووتی: هیوادارم کاتێک ئەوە ڕوودەدات، بەبم بە بەشێک لەو ئۆپەراسیۆنە. سیلڤیا تۆ باش دەزانی ئەو بڕیارە نە بەدەست منە نە بەدەست تۆیە. ئەگەر پلانێکی لەم جۆرەش هەبێت باشترە لە یەکێک لە وڵاتە عەرەبیەکان ڕووبدات نەک لێرە. من پێشتر لە وڵاتی عەرەبی بوومە، لە ئەگەرەکان ناترسم، هەموشی بۆ ئەوە بوو بەدوای وەڵامێکدا بگەڕێ بڕوا بە سیلڤیا بهێنێت. دواجار گووتی: هیوادارم ئەوە لەبەر چاو بگرێت. سیلڤیا گووتی: داڤید ئەوەندە بەس نییە، تۆ پەیوەندیت بە بەڕێوەبەرانی مۆسادەوە هەیە، ئەم گفتوگۆیەیان بۆ بەرز بکەوە.

لەو ڕاپۆرتەی داڤید لە ئەفسەرەکەی پێش خۆی وەریگرتبوو، لەوە گەیشتبوو کە وێڕای ئەوەی سیلڤیا کەسایەتییەکی جێی متمانەبوو، هەروەها ئەندامێکی بە دیسپلینیش بوو، هەرگیز بۆ خۆی داوای شتێکی نەکردووە.

سیلڤیا گووتی: ڕەنگە تۆ بەوە ڕانەهاتبی ئەندامێکی ڕێکخراوەکە هیچ شتێک بۆ خۆی داوا نەکات، بەڵام زۆربەی کەسوکاری باوکم لە هۆڵۆکۆست لەناوچوونە. ئەڵمانەکان نەیان دەتوانی ئەو هەموو جوولەکە کۆمەڵکوژ بکەن، ئەگەر قوربانییەکان بەرگریان لە خۆیان کردبا، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی کە بۆ

هـاتمە ئیسـرائیل و دواجـار پەیوەنـدیم بە مۆسـادەوە کـرد، بڕیارمـدا بەرگـری لە جوولەکە بکەم بۆ ئەوەبوو ڕێگری بـکەم ئەوەی لە هۆڵۆکۆسـت ڕوویـدا جـارێکی دی ڕوونەداتەوە. سەلامە لە کوشتنی جووەکان بەڕپرسـە، بەوەنـدەش ناوەسـتێت تا دەستی نەبڕین، من دەمەوێ یەکێک بم لەوانەی ئەو کارە دەکەن.

داڤید گووتی: تۆ ئـافرەتێکی بـوێری، ئەوەی لە دەسـتم بێـت بـۆتی دەکەم کە کات هات داواکارییەکەت بە هەند وەربگیرێت.

دۆسیەی هەڵسەنگاندی لایەنی سایکۆلۆژی سیلڤیا دەڵێت، "کەسـێکە نـاتوانێ ڕەحەت و بێکار دانیشێت." ئەو دەیزانی کەسێکی تایبەتە و خاوەنی توانایەکی نـا ئاسایی جۆراوجۆرە.

حکـوومەتی ئیسـرائیل بـۆی ڕوون بـوویەوە کە دەبێـت بە پەلە وەڵامـی کوشتارگەی یازدە وەرزشوانەکەی میونخ بداتەوە. هێزی ئاسمانی دەست بەکاربوو، فڕۆکەکـانی ئیسـرائیل کەمپـی ئاوارەکـانی لە لوبنـان و سـوریا بۆردومـان کـرد و ژمارەیەکی زۆری لەو پیاوانە کوشتوبڕ کرد کە مەشقیان دەکـرد. هەرچەنـدە ڕوون بوو کە ئەوەنـدە بـۆ لە ڕەگەوە هەڵتەکانـدنی ڕێکخـراوی تیرۆریسـتی بەس نیـیە، هاوکـات زانیـاری گەیشـت کە بـلاک سـێپتەمبەر لە ترسـی هێرشـەکانی ئیسـرائیل بارەگاکەی لە بەیروووت بە تەواوی چۆڵ کردووە. زۆربەی سەرکردەی ڕێکخـراوەکە و سـەرانی ڕێکخـراوە تیرۆریسـتەکانی دی چـوونەتە ژێـر زەمینەکـان و خۆیـان شاردۆتەوە، عەرەفات پاسـەوانی خـۆی تووندتر کـردووە، بـۆیە هـیچ دەرفەتێکـی دەستبەجێ بۆ سنوردارکردنی تیـرۆری عەرەبـی نەمـاوەتەوە، ئیسـرائیل کەوتبـووە بارودۆخێکی داتەپیوو، چونکە ڕوونبوو تەنیا بە ئۆپەراسـیۆنێکی گەورەی کوشـتنی تیرۆریسـتان شـتێک بەدەسـت نـایەت، بەڵام وەڵامـدانەوەیەکی دەسـتبەجێش پێویسـت بـوو، وێـڕای ئەوەی بـێ کـاریگەر و دوور لە ترسـبوو. جـارێکی دیـکە

فڕۆکەکان هێرشیان کردەوە سەر لوبنان و پانتایی بۆردومانەکەیان فراوان کرد، ئەمجارە ژێرخان و بارەگاکانیشی گرتەوە. سەرەنجام خەڵکێکی زۆر کوژران و بریندارببوون. هەرچەندە بووە سەردێری ژمارەیەکی زۆر کەمی ڕۆژنامەکان، بەڵام ڕۆژنامەکانی ئیسرائیل ڕەخنەیان لەو ئۆپەراسیۆنە گرت و ڕای گشتیش بەو ئاڕاستەیە بوو کە ئیسرائیل ئامانجی خۆی نەپێکاوە.

عەلی حەسەن سەلامە بە سەرکەوتنی لە کردەی میونخ غرور و متمانە بە خۆکردنێکی لە ڕادەبەدەر گرتبووی، وەڵامەکەی ئیسرائیلیشی بە هەڵوێستی لاواز و شڵەژان لێکدایەوە، بۆیە پێیوابوو بۆ لێدانی مۆراڵی نیشتمانی کاتی هێرشێکی دیکە بۆ سەر ئیسرائیل هاتووە. هەندێجار دوای بۆردومانەکانی ئیسرائیل دەگەڕایەوە بارەگای سەرەکی و بە پلانە کۆن و نوێکانیدا دەچۆوە، ئەندامەکانی ڕێکخراوەکەشی لە ئەوروپا ئاگادار کردبۆوە و فەرمانی دابوو زنجیرەیەک ئەرک جێبەجێ بکەن.

چەند ڕۆژێک دواتر یەکەیەکی ڕفاندنی تیرۆریستی فڕۆکەیەکی نەفەر هەڵگری ئەڵمانییان ڕفاند و ڕایانگەیاند، ئەگەر ئەڵمانەکان سێ بکوژەکە ئازاد نەکەن کە لە کوشتارگەکەی میونخ بە زیندوویی مانەوە، ئەوان بارمتەکان دەکوژن، ئەڵمانەکان سەریان هێنایەبەر هەر سێ دەستگیرکراوەکەی ئازاد کرد و بەرەو لیبیا فڕین، لەوێش لە ڕێپێوانێکی جەماوەریدا بە گەرمی پێشوازی کران و چەندان خەڵک تەنیا لەپێناو تەوقەکردنێک لەگەڵیاندا لە بن دەست و پێیان مردن، وەک ئەوەی ئەوانە لەسەر زەویدا پەیامبەری خودا بن.

ئەم سەرکەوتنە هانی بلاک سێپتەمبەریدا چەند ڕۆژێک دواتر پەلاماری چەند شوێنی جیا بدات. ئامی سکۆری، پاشکۆی کشتوکالی لە باڵیۆزخانەی ئیسرائیل لە لەندەن، وەک ڕۆژانی ئاسایی کاتێک بەیانییەکەی بۆکسی نامەکانی کردەوە کە

مەزەندە کرا لە لایەن پەیمانگەیەکی ئەکادیمییەوە بۆی ڕەوان کرابێت یەکسەر لەناو دەستی تەقیەوە و دەست بەجێ کوشتی، زادۆک ئۆفیر کە کارمەندێکی مۆساد بوو لە برۆکسل لە کافێیەکەی ناو شار لە چاوەڕوانی عەرەبێک بوو بۆ فرۆشتنی زانیاری لەبارەی تاخمی تیرۆریستان لە ئەوڕووپادا، بەڵام بێ ئاگابوو لەوەی ئەو کەسەی بە نیازە ببینێت، ئەندامی بلاک سێپتەمبەرە و خۆی بۆ تاڵترین سوپرایز ئامادە کردبوو. کەسە عەرەبەکە لە ئۆفیر نزیک کەوتەوە و دەمانچەکەی هەڵکێشا و تەقەی لە ئیسڕائیلیەکە کرد و بەسەختی بریندار کرد، بۆ چەندین مانگ لە نەخۆشخانە کەوت تا لە کۆتاییدا توانی بە پێی خۆی بگەڕێتەوە سەر کارەکەی.

لە ئەنجامی ئەو پەلامارانەدا ئیسڕائیلی و جوو لە هەموو شوێنێکدا لە ترس و دڵەڕاوکێدا بوون، ڕێوشوێنی سەلامەتی لە دژی تیرۆریزم لە هەموو ناوەندەکانی ئیسڕائیل و جوولەکە لە دەرەوە گیرایەبەر، بەتایبەتی ڕێوشوێنی ئەمنی تووند لە پەرستگا و پەیمانگاکانی ڕۆشنبیری دەستی پێکرد. لە ئیسڕائیل و جیهانی جوودا ڕوون بوویەوە کە تەنیا وەڵامدانەوەیەکی دەمکوتکەرانەی ئیسڕائیلی خزمەت بە لغاوکردنی ڕێکخراوە تیرۆریستەکان دەکات.

لە دژی ئەو پاشاگەردانییەدا گۆڵدا مایری سەرۆک وەزیرانی ئیسڕائیل کۆبوونەوەیەکی بە پەلەی بە کابینەی حکوومەتەکەی کرد، ڕوخسارە خەفەتبارەکەی گوزارشت بوو لە ئازەرەکانی و گووتی: ئەم ڕەوشە قابیلی لێخۆشبوون نییە، داواشی لە وەزیرەکان کرد بە بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی فراوانکردنی شەڕ دژ بە تیرۆر بگەن و جەنگاوەری زیاتری نهێنی پەیدا بکەن و ئۆپەراسیۆنی زیاتر ئەنجامبدەن. بۆ ئەو مەبەستەش بەڵێنی بودجەیەکی کراوەی بە بەڕێوەبەری مۆسادد و هیواشی خواست هەر شتێک لە دەسەڵاتیدا بێت، دەیکات و ڕیسک بە جەنگاوەرە نهێنییەکان لە کاری ناپێویستدا ناکات.

لە بارەگای مۆسادیش پلانێک بۆ لەناوبردنی هەموو ئەوانە داڕێژرا کە دەستیان لە پەلامارەکەی میونخدا هەبووە، ئێجا لە هەر شوێنێکدا بن. فەرمان بە یەکەی ئۆپەراسیۆنەکان کرا خۆیان بۆ ئەنجامدانی کردەوەکان ئامادە بکەن بۆئەوەی هەرکاتێک فەرمانیان پێگەیشت دەستبەکاربن.

عەلی سەلامە ئاگادارببوو کە ئیسرائیل دژ بە ڕێکخراوەکەی لەبەر فراوانکردنی چالاکییەکانیدایە و بێ هیچ شلەژانێک بە پیاوەکانی گووت: شەڕ بەڕێوەیە، بەڵام ئێمە سەرکەوتوو دەبین، لەوان بەهێزترین و هیلاکیان دەکەین و تێکیان دەشکێنین.

عەلی لە بارەگای بلاک سێپتەمبەر لە نووسینگەی باڵەخانەیەکی تەواو پاسەوانیکراو لە ڕۆژئاوای بەیروووت کۆبوونەوەیەکی بە فەرماندەکان کرد. پەی بەوە برد نابێت دەست لە ئەژنۆ دابنیشێت هیچ شتێک بەرامبەر هێرشە لەگینەکەی ئیسرائیل نەکات، هەرچەندە لەوەش بە ئاگابوو کە ئەگەرەکانی ئەنجامدانی کردەوە زۆر سنووردار بووە.

ئەمەش زیاتر بەهۆی ئەو ڕاستییە بوو کە کۆمپانیاکانی هێڵی ئاسمانی لە دژی ڕفاندنەوە ڕێوشوێنە ئەمنییەکانی توندتر کردبوو، بەتایبەتی ئەوەی بە بازگەی ئاسایشی فڕۆکەخانەوە پەیوەستبوو. بۆیە ئەنجامدانی هێرشی تیرۆریستی لە شێوەی ئەوەی میونخ و دابەزینی یەکەکانی بلاک سێپتەمبەر لە فڕۆکەخانەکانی ئیسرائیلیدا مەحاڵبوو، بەڵام عەلی پەی بەوە بردبوو کە نابێت لە ئەنجامدانی کردەوەی دی دوا بکەوێت، نەخاسمە بلاک سێپتەمبەر لە سەرانسەری جیهانی عەرەبیدا جێی خۆی کردبۆوە و مایەی ڕێز و خۆشەویستیبوو، بەڵام ئەگەر ڕێکخراوەکە لە بەرامبەر مۆساد لاوازی خۆی پیشان بدات، لەوانەیە ئەم ڕێزە کاڵ بێتەوە یا بە بەرژەوەندی ڕێکخراوێکی دیکە بشکێتەوە.

بۆ چەندین کاتژمێر فەرماندەکانی بلاک سێپتەمبەر پلانی چەند کردەوەیەکی جۆراوجۆریان تاوتوو کرد، هەندێکیان لە ڕێگەی بەلەمی کۆماندۆ یان فڕۆکەی چارۆگەدارەوە پێشنیاری ناردنی یەکەی تیرۆریستیان لە لوبنانەوە بۆ ئیسرائیل کرد، هەروەها تاوتوێی تیرۆرکردنی باڵیۆزانی ئیسرائیلیان لە وڵاتانی ئەوروپا کرد، بەڵام لە هەمووان بوێرتر ئەو پێشنیارە بوو کە لە لایەن عەلی سەلامەوە خرایەڕوو: وێڕای بازگەکانی ئاسایش لە فڕۆکەخانەکانەوە، بەڵام پیشانیان دەدەین کە توانای تەقاندنەوەی فڕۆکەی ئێل ئالمان El Al plane هەیە.

لە ڕاستیدا پلانێکی زۆر دڵخوازبوو، عەلی ئەوەشی دەزانی کە لە بەرامبەر شیمانەیەکی قەبە دایە و ئاسایشی گشت نووسینگەکانی هێڵی ئێل ئال لە سەرانسەری جیهاندا - لەژێر کۆنترۆڵی شاباک (ئاژانسی ئاسایشی ئیسرائیل) دایە کە لە دابینکردنی ئاسایشی ئیسرائیل لە ناوخۆ و دەرەوەدا بەرپرسیارە تۆڕێکی بەرگری تۆکمە دامەزراوە و هیچ گەشتیارێک بە بێ تێپەڕبوون بە بازگەی ئاسایش دەربازی نابێت.

یەکێک لە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە گووتی: تەقاندنەوەی فڕۆکەی ئێل ئال مەحاڵە.

عەلی پێکەنی و وەڵامی دایەوە: وشەی مەحاڵ لە فەرهەنگی ئێمەدا بوونی نییە.

فەرمانی بە پیاوەکانی کرد کار بۆ بەدەستهێنانی خشتەی سێ مانگی داهاتووی گەشتەکانی ئێل ئال لە ئەوروپاوە بۆ ئیسرائیل بکەن و زانیاری پەیوەست بە جۆری ئەو فڕۆکەیە کۆبکەنەوە کە بۆ هەر گەشتێک بەکاردێت.

بە متمانەوە بەڵێنیدا و گووتی: ئێمە فڕۆکەکە دەتەقێنینەوە، پێشتریش پیشانمان داوە کە توانای جێبەجێکردنی مەحاڵترین ئەرکمان هەبووە. عەلی بۆ پلانەکەی بە تاسەوەبوو، لەژێر پەردەی پیاوێکی ئایینی بەرەو ڕۆما فڕی و بە

نهێنـی چـاوی بە یەکێـک لە هەواداره مـتمانە پێکراوەکـانی بە نـاوی عـادل وائـل زوێتار، نوێنەری بلاک سـێپتەمبەر لە ئیتاڵیـا کەوت. بەهـۆی پاشـخانە کولتـووریيە دەوڵەمەنـدەکەیەوە عەلـی زۆر بە زوێتـار سەرسـامبوو، ئەو کـوڕی بنەمـاڵەیەکی ڕۆشنبیری بەڕێـز بـوو کە چـواردە سـاڵ پێشـتر لە نابلسـەوە بەرەو ڕۆمـا کۆچیـان کردبوو. باوکی مێژوونووسبوو، کاری فەیلەسوفەکانی فەڕەنسی بۆ زمـانی عەرەبـی وەردەگێڕا، عادل ٣٨ ساڵ بـوو، وەکـی بـاوکی کتێـب و وتـاری بـۆ زمـانی عەرەبـی وەردەگێڕا، لە باڵیۆزخانەی لیبیا لە ڕۆما بە مووچەیەکی کەم وەرگێڕبوو، هەروەها وانەشـی بە گـرووپە ئیسـلامییەکان دەدا، پێشـتر مەیلـی لە خوێنـدنی هـونەرە جوانەکـان و مۆسـیقابوو، پیـاوێکی ڕەبەنبـوو، جلـوبەرگی سـاکاری مەلائاسـای دەپۆشی، کەسێکی سەوزەخۆر بوو، پیاوێکی زۆر ماڵداریکەر و بگربوو.

عەلی پلانەکەی خۆی بۆ زوێتار شیکردەوە، شـەش کـاتژمێر دوای دیـدارەکەیان بەرەو بەیرووت بەڕێگەوە بوو، کاتێک فڕۆکەکەی نیشتەوە هەناسـەی ئاسـودەیی هەڵمژی. لە نیشتمان هەمیشە هەستی بە ئاسایشی زیاتر دەکرد.

عادل زوێتار ئەرکەکەی زۆر بە جدی وەرگرت، لە نـاو هەڤاڵەکانیـدا دوو کـوڕە عەرەبـی لاوی هێنـایە ڕیـز کە لە زانکـۆی ڕۆمـا قوتـابی بـوون و ئامـادەی جێبەجێکردنی بێ قەید و شەرتی هەر وشەیەکی بـلاک سـێپتەمبەر بـوون، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ دۆزینەوە و بە دەستهێنانی دڵـی دوو کـچ ئـۆفەڕێکی چەوری خسـتە بەردەمیـان، لە هەڵبژاردنـی کچەکانیشـدا دەسـتی تەواو واڵا کردبـوون، ئەوانـیش دەستبەجێ بۆ ڕاوە کچ چوونە دەرەوە، ئامانجەکەش بەدەستهێنانی مـتمانەی دوو کچەکە بوو بۆئەوەی بیانهێنن و جانتاکانیان ببەنە ناو ئەو فڕۆکەیەی ئێـل ئـال کە بەرەو ئیسرائیل دەفڕی، جانتاکانیش پڕ لە تەقینەوە و ئەو کەرەستانە کرابـوون کە توانای کوشتن و بریندارکردنی زۆرترین خەڵکی ئیسرائیلی هەبوو.

وەرزی هاوینبوو، کەناری سپیڕلۆنگای نزیک ڕۆما لە گەشتیاری گەنج و پیر جمەی دەهات، بۆ کاتژمێرێک زیاتر ئەو دوو عەرەبە بە کەنارەکەدا سوڕانەوە تا لە کۆتاییدا دوو کچی گەنجیان بەدی کرد کە لەسەر ملە زەردەکە خۆیان وەبەر تیشکی خۆردابوو، یەکێکیان زۆر شۆخ و شەنگ بوو، هەردووکیشیان کەمێک خەپە و نێچیری ئاسانبوون.

دوو عەرەبە گەنجەکە لێیان نزیک کەوتنەوە و چەند بوتلێکی خواردنەوەی ساردیان بە دەستەوە بوو، یەکسەر خواردنەوەکەیان پێشکەشی کچەکان کرد، ئەوانیش بە خۆشحاڵییەوە قبوڵیان کرد. لە گفتوگۆی نێوانیاندا دەرکەوت قوتابی ئینگلیزن و بۆ بەسەربردنی پشووی هاوین هاتوونەتە ئیتاڵیا، کوڕەکان وەک کوڕی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی ڕامەڵا خۆیان بە کچەکان ناساند کە لە ڕۆما دەخوێنن.

بۆ ئێوارەکەی هەردوو کەپڵەکە چوونە ڕێستوڕانتێکی قەرەباڵغی نزیک هێڵی شەمەندەفەر، دواتریش خۆیان لە ئەپارتمانتی کوڕەکان دۆزیەوە، هەر زوو لە نێوانیاندا ڕاموسان و لە ئامێزگرتن پەرەی سەند، بەڵایەنی کەم بە دیاری چەپکە گوڵ و خۆشمدەوێی، کچەکان دەستەمۆ کران. هەردوو کەپڵەکە هەموو کاتیان پێکەوە بەسەربرد، هەردوو کچە ئینگلیزەکە بە یاوەری کردنی کوڕەکان قایلبوون بە مەبەستی سەردانی کردنی خێزانەکانیان لە ڕامەڵادا. دوو کوڕە عەرەبەکە چوار تیکتی گەشتی فڕۆکەی ئێل ئالیان لە ڕۆماوە بۆ فڕۆکەخانەی بنگۆریۆن کڕی، بۆ دڵخۆشی کچەکانیش نەخشەی گەشتێکی چڕ و پڕیان بە سەرانسەری ئیسرائیل دارشت کە هەر چواریان پێکەوە دەیکەن، بەڵام دوو ڕۆژ بەر لە پلانی گەشتەکە هەردوو عەرەبەکە ڕایانگەیاند بەهۆی بارودۆخێکی چاوەڕوان نەکراو بۆ چەند ڕۆژێک لە ڕۆما دوا دەکەون، پێشنیاریان کرد کچەکان بێ ئەوان گەشتی خۆیان بکەن و لەو هوتێلەی تەلئەڤیڤ بمێننەوە کە پێشتر بۆیان گرداون و بڕۆن سەیری دیمەنەکانی شار بکەن تا ئەوانیش دەگەن. کچەکان بە دڵخۆشییەوە باوە گۆیان

دانەوە و ڕازیشبوون ئەو ڕیکۆردە لەگەڵ خۆیاندا بۆ برای دۆستەکەیان بەبەن و بە کچەکانیان گووت: ئەو دێت بۆ وەرگرتنی دیاریەکە، ئەو دوو کچە گومانیان نەبوو ڕیکۆردە بەستەزمانەکە چارچی بە هێزی تەقینەوەی تێدایە. عادل زوێتار ئامێری تەقینەوە و بەرزە پێوەری بۆمبی بە ڕیکۆردەرەکە چەسپ کردبوو، کاتێک فڕۆکەکە بگاتە ئاستێکی دیاریکراو ئۆتۆماتیکی بتەقێتەوە.

ئەو جانتایەی ڕیکۆردەکەی تێدابوو بە بازگەی ئاسایشی فڕۆکەخانەی ڕۆما تێپەڕی و بار کرایە ناو فڕۆکە و پێشبینی دەکرا نیوەڕۆ بفڕێت. ئەوکاتەی ئامادەبووانی گەشتەکە خەریکی پێدانی ژەمێکی گەرم بە نەفەرەکان بوون و دوو کچە ئینگلیزەکەش بە یەکەوە دانیشتبوون و بە دڵخۆشییەوە لەبارەی دۆستە نوێکانیان قسەیان دەکرد.

عەلی سەلامە و عادل زوێتار پلانی ئۆپەراسیۆنێکی تۆکمەیان داڕشتبوو، بەڵام ئەوەی نەیاندەزانی ئەوەبوو، بەهۆی هەوڵەکانی پێشتری تەقینەوەی بۆمب، دیوارەکانی شوێنی بارکردنی جانتاکان بە تەبەقەیەکی پۆڵای بە هێز داپۆشرابوو کە قەڵغانێکی پتەوی لە نێوان ئەو بەشە و بەشەکانی دیکەی فڕۆکە دروست کردبوو. لەوکاتەی فڕۆکەکە بەسەر دەریای سپی ناوەڕاست تێدەپەڕی بۆمبەکە وەک نەخشەی بۆ دانرابوو تەقییەوە، بەڵام هیچ پەکخستنی دروست نەکرد، نەفەرەکان گوێیان لە ژاوەژاوێکی ناڕوون لە ژێرەوە بوو، بەڵام لە کاری خۆیان بەردەوامبوون و بە تەواوی بێ ئاگابوون، بەڵام فڕۆکەوانەکان یەکڕاست درکیان کرد کە چی ڕوویداوە، گلۆپێکی سوور لەسەر ئامێری فڕۆکەکە دەرکەوت و ئاگاداری کردنەوە کە تەقینەوەیەک لە شوێنی بارکردنی جانتاکان ڕوویداوە. سیستمی ئاگادار کردنەوە ئاماژەی بەوەدا کە وێڕای تەقینەوە، بەڵام مەترسی لەسەر فڕۆکە و نەفەرەکاندا نییە. لە ڕاستیدا هەموو شتێک ئاساییبوو کاتێک فڕۆکەکە لە فڕۆکەخانەی بنگۆریۆن نیشتەوە.

نەفەرەکان لەناو فڕۆکەکە گلدرانەوە تا ئەفسەرانی ئاسایش لێکۆڵینەوەی خۆیان لەسەر شوێنی جانتاکان تەواوکرد، کاتێک پاشماوەی ڕێکۆردەرەکەیان دۆزیەوە و جانتاکانیان پشکنی، هەردوو گەنجە ئینگلیزەکە دەستگیر کران و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرا، هەر ئەوکاتیش دوو کچەکە تێگەیشتن کە ئەوان قوربانی پیلانێکی چەندە تۆکمەن.

پۆلیسی ئیتاڵیا لە ئیسرائیلەوە ڕاپۆرتێکی پێگەیشت کە لە فڕۆکەخانەی ڕۆماوە تەقینەوە بە قاچاغ بار کراوەتە ناو فڕۆکەوە، ئەوانیش دەستبەجێ کەوتنە ڕاوەدونانی ئەندامانی فەتح لە شار و عادل زوێتاریان دەستگیر کرد کە براکەشی ماوەیەکی زۆر نەبوو بە گومانی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ بلاک سێپتەمبەردا لە ئەڵمانیا دەرکرابوو. زۆر بەوردی لێکۆڵینەوە لەگەڵ عادل کرا، بەڵام لەبەرئەوەی پۆلیس هیچ بەڵگەیەکی تێوەگلان یا دەست هەبوونی لە پەلامارەکەدا لەسەری نەدۆزییەوە، ئازادکرا. ئەو دوو عەرەبەی کچەکانیان فریودابوو بۆ بە قاچاغ بردنی تەقینەوە بۆ ناو فڕۆکەی ئێل ئال خۆیان ونکرد بێ ئەوەی ئاسەواریان دیار بێت.

عادل بە مودێکی باشەوە گەڕایەوە سەر کارەکەی خۆی لە باڵیۆزخانەی لیبیاوە، کەس نەکارا بیسەلمێنێ کە ئەو چی کردووە و ئەویش بیری نەدەکردەوە کەسێک هەبێت لەسەر ئەو ڕۆڵەی لە تەقینەوەکەدا هەیبوو دوای بکەوێت. دەرگەوانی ئەپارتمانتەکەی لە پیازا ئەنەبلیانۆ بە زەردەخەنەیەکی هێمنەوە پێشوازی لێکرد و لە نەبوونیدا کەس چاودێری نەکردووە، تەنانەت نامەش نەبوو. عادل چووە ئەپارتمانتەکەی خۆیەوە و لە نووسینی وتارێکدا بۆوە و خەوت.

لە پاریس سیلڤیا ڕافائیل بە ئەرکی وێنەگرتن لە پشت پەردەی شانۆی ئۆلیمپیا بوو کە بابەتەکەی لەبارەی یاڤس مۆنتاد بوو، لە ژووری خۆگۆڕینەکەیدا وێنەی ئەو هونەرمەندانەی دەگرت کە بە نیازی نواندنبوون و سەرقاڵی گفتوگۆ بوون

لەگەڵ جێبەجێکاری ئۆرکستراکە و واژووویان بۆ هەوادارانیان دەکرد کە دزەیان کردبووە پشت پەردەکانەوە. کارکردن لە شانۆ بۆ سیلڤیا خۆشییەکی چەند کاتژمێری بوو، شەیدای ئەوە بوو لەگەڵ هونەرمەندەکان شان هەڵتەکێنێت، بەتایبەتی پیشەکەی ئەو هەڵەی بۆ ڕەخساندبوو لە نزیکەوە چاوی پێیان بکەوێت. لە ڕاستیدا بە هەر ئەرکێکی وێنەگرتن دڵخۆشبوو کە لە لایەن ئاژانسەکەوە پێی ڕادەسپێردرا. ئەو کارە بۆ ئەو و ئەفسەری سەرپەرشتیار مایەی ئاسوودەییبوو، ئەمەش بەو مانایەی بەردەوام لە ئەرکی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت ئامادەیە.

بە تاکسی فلیمی نمایشی یاڤیس مۆنتاندی بۆ نووسینگەی ئاژانسی فۆتۆگرافەری دالّماز برد کە لەوێوە بەسەر گەورە ڕۆژنامە فەرەنسی و ئەورووپییەکان دابەش دەکرا، دوای نیوەی شەو بۆ ئەپارتمانتەکەی گەڕایەوە.

بەرلەوەی پێڕابگات کوپێک قاوە بۆ خۆی ئامادە بکات زەنگی تەلەفۆن لێیدا، داڤید ئەفسەری سەرپەرشتیار لەسەر هێڵ بوو و گووتی: بەداخەوە، خوشکەکەت لە ڕووداوێکدا ئازاری پێگەیشتووە، بە هێمنی کۆدی پەیامەکەی شیکردەوە، واتە " بارودۆخەکە دژوارە، پێشنیار دەکەم لە پاریس بمێنیتەوە تا کات دێت و پێدەچێت لە چەند کاتژمێری داهاتوودا شتگەلێک ڕووبدەن.""

سیلڤیا پرسیاری کرد: ئایا بارودۆخی هێندە خراپە؟

بەڵێ پاتریشیا بەیانی سەردانی دەکەین.

تەلەفۆنەکەی دانایەوە و هەستی بە دەنگی لێدانی دڵی لە سینەیدا کرد، مانای کۆدەکە ڕوونە "یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت ئەرکێکی بۆی هەیە." کاتێک داڤید گووتی ڕۆژی دواتر سەردانی خوشکە برینداڕەکەت دەکەین، بەو مانایە دێت کە بەم نزیکانە پاتریشیا بە تەواوی دەزانێت ئەرکەکە چییە، ئەوەی یەکڕاست بە

مێشکیدا هات بلاک سێپتەمبەر بوو.

هەنووکە سیلڤیا لە چاو پێشان کەمتر خۆشحاڵە، کاتێک بۆ پاکتاوکردنی سەرکردەیەکی تیرۆریستی ڕەوانەی وڵاتێکی عەرەبی کرا. ئێستا شەو تا بەیانی بەئاگایە، ئەرکە نوێیەکە جۆش و خرۆشیان وروژاند، ئاسانبوو خەیاڵ بکات کە لەوانەیە ئامانجەکە گەورە تیرۆریستێک بێت، بەڵام دەبێت کامەیان بێت؟ دەبێ ئۆپەراسیۆنەکە لە کوێ ڕووبدات؟ ئایا هێشتا دەنێردرێتە هێڵی پشتەوەی دوژمن یان ئۆپەراسیۆنەکە لە ئەوڕووپا ڕووەدات؟

یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی مۆساد بۆ ئەنجامدانی کردە لە سەر خاکی دوژمن و دۆست دامەزراوە. ئامانجی سەرەکی هێرشکردنە سەر تیرۆریستانە لە کوێیەک بن، هەر ئۆپەراسیۆنێک پێویستی بە پلانێکی تۆکمە و هەڵسەنگاندنی بنەڕەتی ڕەوشەکە هەیە، زانیارییە هەواڵگرییەکان کۆدەکرێنەوە و ئەنالیزە دەکرێن، لەسەر ئەو بنەمایە بڕیارەکان دەدرێن. تیمە باش ڕاهێنراوە شارەزاکان بڕیار لە کاریگەرترین و سەلامەتترین هۆیەکانی نزیکبوونەوە لە ئامانجەکە، ڕێوشوێنەکانی ئۆپەراسیۆنەکە، ڕێگەی دەربازبوون دوای کۆتاییهاتنی ئەرک دەدەن. ئەگەری شکستهێنانی ئۆپەراسیۆنەکەش لەبەر چاو دەگیردرێت، لە بەرایییەوە بڕیاری پەیوەست بەوەش دەدرێت کە پێویستە لە ئەگەری دەستگیرکردن و ئاڵۆزی دیپلۆماتیدا چ بکرێت، لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕێوشوێنانە بۆ ئەرکە نوێیەکەی سیلڤیا ناپێویستی خۆیان سەلماندبوو.

سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر سیلڤیا چاوی بە داڤید کەوت و پوختەیەکی ئەرکەکەی بۆ باسکرد، دەبێت دەستبەجێ سەردانی ڕۆما بکات و پەیوەندی بەو تیمەوە بکات کە لە هەوڵی دیاریکردنی شوێنی عادل زویتاردان، وەها بۆی وەسف کرابوو کە پیاوێکی تەمەن ٤٥ ساڵەی بە بنەچە نابلسییە و دەرچووی

بەشی ئەدەب و فەلسەفەی زانکۆی بەغدایە و دانیشتووی لیبیایە، بەڵام بۆ ڕۆما کۆچی کردووە، ئینگلیزی، فەرەنسی و ئیتاڵییەکی ڕەوان دەزانێت، هەروەها وەرگێری کتێبی عەرەبییە بۆ ئیتاڵی، لە نزیک پیازا ئەنەبێلیانۆ لە ڕۆما ئەپارتمانێکی هەیە، بەڵام ڕاهاتووە زۆربەی کاتەکانی لە ماڵی برادەرە کچەکانیدا بەسەر بەرێت، سیلڤیا زۆر بەجوانی لەو وێنەیەی زویتار ورد بوویەوە کە لە بن داڕێکی پارکێک دانیشتووە و کتێب دەخوێنێتەوە.

لەناو شەمەندەفەری شەوانەی پاریس، سیلڤیا تۆزقاڵێکیش هەستی بە ماندوو بوون نەکرد، لە تاریکیدا سەیری ئەو شارانەی دەکرد کە پێیدا تێپەڕ دەبوو، بیری لە هانز ڕاوخی خۆشەویستی و دوا ژوانی نێوانیان و نانخواردنی ئەو ئێوارەیە دەکردەوە کە هانز ئامادەی کردبوو، هەروەها بەیەکەوە نایابترین بوتڵە شەرابیان نۆشکرد. سیلڤیا بە هانزی نەگووت کە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا سەردانی ڕۆما دەکات، چونکە لەوانەبوو پرسیاربارانی بکات و ئەویش نەتوانێت وەڵامی بداتەوە، سیلڤیا لە کاتی ماڵئاواییدا ئاماژەی بەوەدا کە لە ڕۆژانی دادێدا سەرقاڵ دەبێت، ئەوەشی دەزانی هەرچەندەکی بەو ئەرکەوە خەریک بێت دەرفەتی پەیوەندی کردنیشی بە خۆشەویستەکەی نابێت، پرسیاری کرد، باشە دەبێ کاردانەوەی چی بێت کاتێک دیارنەمانەکەی بۆ دەرکەوت و چۆن دیارنەمانەکەی بۆ ڕوون بکاتەوە کاتێک بۆ پاریس گەڕایەوە.

کاتێک خەو لە چاوی زڕا، بە مەبەستی گەڕانێک بەناو شەمەندەفەرەکەدا چووە دەرەوە، جووتێ عاشق لە یەکێک لە ژوورە بچووکەکاندا وەنەوەزیان دەدا و سەری ژنەکە لەسەر شانی پیاوەکەبوو، نیمچە زەردەخەنەیەک لەسەر لێوەکانی بوو، لە دڵی خۆیدا گووتی، هیچ پێ ناچێت ئەو کچە گەنجە وەک من شتێکی شاراوەی هەبێت.

لە مینـبەری وێستـگەی ناوەنـدی ڕۆمـادا، ئەنـدامێکی یەکەی ئۆپەراسـیۆنی تایبەت کە ڕۆژی پێشتر گەیشتبووە ڕۆما، چـاوەڕێی سـیلڤیای دەکـرد. وەک پێشـتر ڕێککەوتبـوون دەبـوو سـیلڤیا بەو ملپـێچە شـین و بە ئەسـتێرە نەخشـێنراوە بیناسێتەوە کە پیـاوەکە بەسـتابووی، دەسـتی سـیلڤیای گووشـی و بـردییە لای ئەو ئۆتۆمبیلەی لە چاوەڕوانیدا وەستابوو کە لە نووسینگەی ئـاڤیس بە کرێـی گرتبـوو. لە میانەی گەشتەکەیاندا پـوختەیەکی چیـرۆکە نهێنیەکانیـان باسـکرد و جانتـایێکی دەستی ڕەنگ خۆڵەمێشی بچووکی ژنانەی دایە دەست سیلڤیا کە بۆ گرتنی وێنەی نهێنی کامیرای لەناویدا چەسپ کرابوو، سیلڤیا خۆشی لەو تاکتیکانە مەعلان بوو.

لەبەر هۆکـاری ئەمنـی ئۆتـۆمبیلەکە کەمێـک دوورتـر لەو هـۆتێڵە وەسـتا کە سیلڤیا بە ناوی پاتریشا دوو ڕۆژ پێشتر ژووڕێکی گرابوو، جانتاکـانی دانـا و خـۆی گەیانـدە لای جەنگاوەرەکـان کە لە خـوارەوە چـاوەڕێی بـوون. دوای پیاسـەیەکی کورت بە شەقامەکانی ڕۆما، هەڤاڵەکەی باڵەخانەیەکی ڕەنگ خۆڵەمێشی گەورەی نیشاندا و گووتی: ئەوە باڵیۆزخانەی لیبیایە.

هاوکات، لە بەیرووت عەلی سەلامە نامەیەکی لە عادل زویتارەوە پێگەیشت و تێیدا نووسرابوو: "ئەمن لە پۆلیس گیرام و لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا کرا، بەڵام هیچیـان لەسەرم نەدۆزییەوە، ئامادەی جێبەجێ کردنی ئەرکی داهاتووم."

عەلـی بـۆ ئەم پیـاوەی پلانـی گەورەی لە ڕۆمـا هەبـوو، بەڵام بـۆ ڕۆژی خـۆی هەڵگرتبوو. وێڕای ئازادکردنی عـادل بەهـۆی نەبـوونی بەڵـگەوە، لەگەڵ ئەوەشـدا نـارەحەتبوو، چـونکە پێیوابـوو ڕەنـگە پۆلیسـی ئیتاڵیـا خـراپتر تـاقیبی بـکەن و مۆسادیش زەفەری پێ ببات، بروسکە وەڵامەکەی عەلـی تەنیـا چەنـد وشـەیەکی تێدا بوو: "باوکم بە دوای دۆزینـەوەی شـوقەیەکی تـازەیە." کـۆدەکەی بەو مانـایە بوو: لە ئەپارتمانتەکەی ئێستادا بگوازەوە و شوێنێکی دی بدۆزەوە تا کاتێکی نادیار

خۆت ون بکە."

سیلڤیا ئەو جانتایەی وەرگرت کە کامیرای شاراوەی تێدابوو، ساندەویچێکی کڕی بە مەبەستی خواردنی چوو لە پارکێکی گشتی دانیشت لە شوێنێک کە بە ئاسانی چاودێری دەروازەی باڵیۆزخانەکە بکات، هاوبەشەکانی زۆر لێیەوە دوور نەبوون و لەناو دارەکاندا چاودێری بوون.

خەڵکانی دی کە لەسەر تەختەکان دانیشتبوون لەتە نانیان بۆ کۆترەکان فڕێ دەدا، سیلڤیاش هەمان شتیکرد، بەڵام ئاگاشی لە دەرەوازەکە بوو نەبادا ئەو پیاوە لە باڵیۆزخانەکە دەربچێت کە بۆ گرتنی وێنەی ئەو نێردرابوو. دواجار پاشنیوەڕۆ کابرای بینی کە لە باڵەخانەکە هاتە دەرەوە و کۆمەڵێک کتێبی لە بن هەنگڵی بوو، بە کامیرا شاراوەکەیەوە وێنەی گرت و کەوتە دوای، زویتار بە پاس چووە نووسینگەی کۆمپانیای پێتری نێلی بۆ بڵاوکردنەوە و بۆ ماوەیەک لەوێ مایەوە، دواتر لە دوکانی بەقالەکە هەندێ خواردنی کڕی و سەردانی ئەو ژنەی کرد کە پەیوەندییەکی سۆزداری لەگەڵدا هەبوو، سیلڤیا و هاوبەشەکەی ئۆتۆمبیلەکەیان لە گەراجێکی ئەو نزیکانە پارک کرد و خۆشیان وەکو دوو خۆشەویست دەرخست.

لەو کاتەدا نامەبەرێک کە بۆ گەیاندنی ئەو بروسکەیەی لە عەلیەوە هاتبوو لە دەرگای شوقەکەی زویتاریدا، لەبەرئەوەی لە ماڵ نەبوو، نامەکەی لەسەر دەرگا بە جێهێشت و بۆ گەیاندنی بروسکەکانی دی ڕۆیشت.

کاتژمێرێک دواتر زویتار ماڵی کچە دۆستەکەی بەجێهێشت، سیلڤیا و هاوبەشەکەی بە ئۆتۆمبیل دوای کەوتن، ئەو سواری پاس بوو لە وێستگەیەکی نزیک شوقەکەی دابەزی و بەرەو ماڵ بۆوە، کاتژمێر دە و نیوی شەو دوو چەنگاوەری نهێنی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت لە کۆڵانێکی نزیک چاوەڕوان

بوون، هێمای دووجار پێکردن و کوژانەوەی گڵۆپی ئۆتۆمبیلە بە کرێ گیراوەکەیان واتای دەست بەکاربوون بوو.

عادل کلیلەکانی لە گیرفانی دەرهێنا و بەرەو ئەسانسۆرەکە چوو، هێشتا نەگەیشتبوو دوو جەنگاوەرە نهێنییەکە بە دەمانچەی جۆری بریتیای بێدەنگ دوازدە گوللەیان لێیدا و هەڵاتن.

زویتار یەکەم گەورە تیرۆریست بوو کە لە دوای کوشتارگەکەی میونخ پاکتاوکرا، زۆرانی دیکەش پێشتر ئامانج بوون.

توانای درۆکردن بێ چاو داخستن و بە ڕاست دەرخستنی چیرۆکی نهێنی و ناسنامەی ساختە، زیندووترین خەسڵەتی جەنگاوەرانی نهێنی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەتن، چونکە لەوانەیە درکاندنی ڕاستی دووچاری مەترسیان بکاتەوە.

هەرچەندە درۆکردن ببووە بەشێک لە سرووشتی سیلڤیا، چونکە لە مۆساد فێرکرابوو چۆن بە ئاسانی ڕاستی بشارێتەوە، بەڵام ئەوەیان چیرۆکێکی جیایە کاتێک ناچارە درۆ بۆ ئەو پیاوە بکات کە خۆشی دەوێت و لە هەموو کەس لێی نزیکترە. وەک هەر جەنگاوەرێکی دی هەمان گرفت ڕووبەڕووی بۆتەوە: ئایا درۆی لەگەڵدا بکات یان ڕاستییەکەی پێ بڵێت؟ چۆن ڕێی تێدەچێت درۆ لەگەڵ خۆشەویستانی بکات؟ چۆن یەکێک بەرامبەر بارودۆخێک لێبوردە دەبێت، کاتێک دڵ دەیەوێ هەموو شتێک ئاشکرا بکات، بەڵام عەقل ڕێگە نادات؟

هەر دوای گەڕانەوەی لە ڕۆما، سیلڤیا لە دەرگەی هانز ڕاوخیدا کە چەند ڕۆژێک بوو یەکدیان نەبینیبوو، تەنیا یەک پرسیاری لێکرد کە سیلڤیا لێی دەترسا: لە کوێ بووی؟

بە هێمنی گووتی: لە کار بووم، ڕاستییەکەی درۆ نەبوو.

نە دەکرا تەلەفۆنم بۆ بکەی؟

تەلەفۆنی لێ نزیک نەبوو، ئەمەشیان لە ڕاستی دوورنەبوو.

هانز بە وردی سەرنجی دایێ و سیلڤیاش هەستی کرد ئەوە جۆرێک لێپرسینەوەیە و گووتی: پاتریشا تۆ ئافرەتێکی شاراوەی، ئایا ئەوەت بە مێشکتدا هاتووە کە من هیچ لەبارەی تۆوە نازانم؟

سیلڤیا وەڵامی دایەوە: من نهێنی هێندە قوڵم نییە. بێگومان ئەوە درۆبوو.

ژیانی ڕابردوو و ناسنامەی ڕاستەقینەی ڕێک ئەوەیە: نهێنییەکی لە نزیکەوە پاسەوانی کراو.

هانز بۆ نانخواردن داوەتی دەرەوەی کرد، لە میانەی گفتوگۆیەکەیاندا، سیلڤیا لێی پرسی: کاتێک من لێرە نەبووم چت دەکرد؟

بۆ خۆم بە تەنیا لەم ناوە دەخولامەوە، پیاسەم دەکرد و شەرابم نۆش دەکرد.

ئایا بە دوای کاردا نەگەڕای؟

هەوڵمدا، بەڵام هیچی لێ وەبەر نەهات.

سیلڤیا بە درێژایی نانخواردنەکە ڕاڕا و پەشۆکاو بوو بەهۆی بیرۆکەی ئاخۆ دەبێت لە شاردنەوەی ڕاستییەکە لێی، بەردەوام بێت.

کاتێک گەڕانەوە ئەپارتمانتەکەی، لە کۆتاییدا بۆیڕی ئەوەی پەیدا کرد داوای لێبوردنی لێ بکات: هانز داوای لێبوردنت لێدەکەم، دەبێت زوو بگەڕێمەوە سەرکار، لەوانەیە بۆ چەند ڕۆژێکی دی لێرە نەبم.

ئەمجارەش واقی وڕما و گووتی: ئەمجارە بۆ کوێ ون دەبیت؟

دانّماز ئامادەکاری دەکەن بە ئەرکێکم بنێرن.

ڕێک، بۆ کێندەرت دەنێرن؟

ئەوەیان نەهێنیـیە. بەڵام بـڕوای نەهـات و گـووتی: مـن لەوە تێنـاگەم کە ئاژانسـی دالّماز ئەرکی نەهێنی هەبێت.

ئەوان داوایان لێکردم لەوبارەوە گفتوگۆ لەگەڵ کەسدا نەکەم.

سەیرە، من تێناگەم.

هانز وازی لێ بهێنە، هیچی دیکەم نییە.

لەبری ئەوەی لە درۆکردن لەگەڵیدا بەردەوام بێت، سـیلڤیا ئەپارتمـانتی هـانزی جێهێشت و چوو بە شەقامەکانی پاریسدا خـولایەوە، شـەوێکی بـێگەردی هـاوین بوو، مەحشەری گەشتیاران لە نزیک کەوانەی سەرکەوتن خەریکی وێنەگرتن بوون و لە کافێکانی بۆلیڤارد دو چامپس ئلیسیز دانیشتبوون. گوێی لە دەنـگ و قیـژەی خۆشـی ئەوانەبـوو کە بـۆ یەکەمجاریـان بـوو پـاریس دەبیـنن، دیـاربوو لەنـاو هەمووواندا ئەو دڵتەنگتر و بە کێشەتر بـوو، خۆشەویستەکەی بیـری داگیرکردبـوو. نـیگەران و پەسـت بـوو ئەگەر بەم نزیکـانە کارێـک نەدۆزێـتەوە، لەوانەیە لە شوێنێکی دوورتر بە دوای ئایندەی خۆیەوە بگەڕێت، بەهۆی دووربوونی ناچـاری، هەنـدێجار دەبێـت بە ئەرکـی بە پەلە لە ژیانیـدا ون بێـت، گومـانی تێـدا نـیـە پەیوەندییەکەیان بە ئازار دەبێت و لەوانەشە کۆتایی پێ بێت. ئایا دەکرێت واز لە یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بهێنێ بۆئەوەی لەگەڵیدا بێت. ئەوە یەکەمجار نەبوو ئەو بیرۆکـانەی بە مێشـکدا بێـت، بەڵام ئەوەشـی دەزانـی کە کـاتەکە زۆر دژوارە، ئەنـدامان لە ئەوڕووپـا لەوپەڕی گەرمیـدان و سـیلڤیاش بەشـێکی دیـاری هەمـوو ئەوانەیە. ئەو کچێکی بە ئەزموون و بە توانایە، سەرسوڕمانی بێ مەرجی بەرپرسـە باڵاکانی خۆی بەدەستهێناوە، ئەوان خۆشترین ساتەکانی ژیانیان بۆ دابـین کـردووە و دەرفەتـی ئەوەیـان بـۆ ڕەخسـاندووە بە ویسـت و خەونەکـانی بگـات. بـۆیە

دادپەروەری نییە ئێستا وازیان لێ بهێنێ، باشە کە وازی هێنا، چ کارێک بکات، هیچ کاری دیکە بە کارکردنی بۆ مۆساد بەراورد ناکرێت و دووریشە قایلی بکات. ڕاستە وازهێنان سوودی خۆی هەیە، چونکە ئەویش هانزی هەیە و لەگەڵ ئەودا دەژیێت و شووی پێدەکات و منداڵی دەبێت، چونکە خۆزگەی دەخواست هانز باوکی منداڵەکانی بێت، بۆیە ئێستا وازهێنان لێی زۆر ئازاربەخشە.

بە خەیاڵێکی قوڵەوە لەسەر تەختەیەکی ئاسن لەژێر داریکەوە دانیشت کە گەڵاکانی وەک کەزی شۆڕ ببونەوە. دوای نیوەی شەو گەڕایەوە ئەپارتمانتەکەی، هەرچەندە کات درەنگ بوو، بەڵام تەلەفۆنی بۆ ئەفسەری سەرپەرشتیار کرد و گووتی: دەبێت بتبینم. ئەفسەرەکە بۆ بەیانی کات و شوێنی دیدارەکەی ڕێکخست.

کاتێک یەکدیان بینی لێی پرسی: چ قەوماوە.

لەبارەی گفتوگۆکەیەوە لەگەڵ هانز قسەی بۆ کرد.

ئەفسەرەکەی گووتی: لەبارەی پەیوەندیەکەت لەگەڵیدا قسەم بۆ بکە، ئایا بە جدییە؟

زۆر جدییە، من ئەوم خۆشدەوێت و ئەویش منی خۆشدەوێت، من نامەوێ لە دەستی بدەم یان بۆ خاتری ئەو واز لە مۆساد بهێنم. بۆ من بەردەوامی پەیوەندیم لەگەڵیدا زۆر گرنگە، بەڵام کارەکەشم خۆش دەوێت، من لەوە زیاتر ناتوانم درۆی لەگەڵدا بکەم. باشە پێت چۆنە بیهێنینە ریزی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەتەوە؟

داڤید گووتی: من نازانم چ بڵێم، من قسە لەگەڵ سەرووی خۆم دەکەم.

فەرماندەکانی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بە پێشنیارەکەی سیلڤیا حەپەسان، چونکە یەکەمجارە روبەڕووی بارودۆخێکی وا ببنەوە. لەوەش زیاتر، لە ئەنجامی

پرسی لاڤۆن لە ١٩٥٤ گرووپێک جووی میسڕ کە ئەندامی چالاکی هەواڵگری ئیسڕائیل بوون بۆ ماوەی چەندین ساڵ زیندانی کران و دوو ئەندامی گروپەکەش لە لایەن دەسەڵاتی میسڕەوە لە سێدارە دران، بۆیە بڕیارێک درا نابێت جەنگاوەرانی یەکدی دەناسن بهێنرێنە ریزەکانی، بەڵام ڕێزیان لە سیلڤیا گرت و ئێستا لە هەر کات زیاتر پێویستیان بە خزمەتی ئەوە، هەروەها ئابلوقەدانی سەرکردەکانی تیرۆریستانی عەرەب لە قۆناغێکی گرنگدایە. دەستکەوتەکان بۆ خۆیان قسە دەکەن و بەڵێنی بەدیهێنانی دەستکەوتی زیاتریش لە ئایندە دراوە. ئەوان درکیان بەوە کردبوو لەوانەیە هانز واز لە پەیوەندییە خۆشەویستییەکە بهێنی ئەگەر بزانێت سیلڤیا درۆی لەگەڵدا کردووە، ئەمەش کێشەی گەورەی بۆ دروست دەکات و ناشزانرێت چەندی دەوێت تا دەتوانێت بەسەریدا زاڵ بێت، بۆیە خۆیان لەبەردەم کێشەیەکی ڕاستەقینە دۆزیەوە.

لە یەکەم تێڕوانیندا بە سەربازگرتنی هانز ڕاوخ بۆ یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت کارێکی بێ نرخبوو، بەڵام کە زیاتر تاوتووکرا، زیاتر پەی بەوە بردرا کە لایەنی ئەرێنی خۆشی هەیە. لە پاش هەموو ئەوانە، هانز بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت گشت پشکنینە ئەمنییەکانی تێپەڕاندووە و بۆیان ساغ بووەتەوە کە کەسێکی پاکە، قبوڵ کردنی لە مۆساد، نەمازە لە یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت، بە دڵنیاییەوە پەیوەندییەکانی بە سیلڤیاوە تۆکمەتر دەبێت، دواجار ڕاستییەکە دەزانێت و بەهۆی وابەستەبوونی بە سیلڤیاوە بە خۆڕایی درێژە بە خزمەتکردن دەدات.

کاتێک داڤید بە سیلڤیای ڕاگەیاند کە لە ڕووی تیۆرییەوە فەرماندەکانی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بیرۆکەکەیان قبوڵە، لە جێی خۆی حەپەسا، چونکە لە ڕاستیدا بڕوای نەدەکرد ئەمە ڕووبدات و لە کۆتاییدا گووتی: تۆ ناتوانی خەیاڵ بکەی کە ئەمە چەندە دڵخۆشی کردووم، من دەزانم بڕیارێکی ئاسان نەبوو، لە ئەگەری مەترسییەکانیش بەئاگام، بۆیە ئەوەی ئێوە کردووتانە زۆر بە بەرزی

دەینرخێنم و هەرگیز لە بیری ناکەم.

دەمانەوێ تەنیا لەوە بگەیت کە تۆ بە لای ئێمەوە چەند گرنگی، سیلڤیا لە خۆشیان فرمێسک لە چاوەکانیدا قەتیسبوون و بە چرپە گووتی: ئەوە گەورەترین شتێکە کە تا ئێستا کەسێک بۆی کردووم.

داڤید و سیلڤیا گفتوگۆیەکی چڕ و پڕیان لەبارەی ئەوە کرد کە چۆن ئەم هەواڵە بە هانز بگات.

باسی مۆسادی لەگەڵدا مەکە، تەنیا ئەوەی پێ ییژە کە تۆ کۆمپانیایەک دەناسی کاریان کۆکردنەوەی زانیاری جۆراوجۆرە، ئەوەشی پێ ییژە کە کۆمپانیاکە پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە و لە ئەورووپادا بە دوای نوێنەرێک دەگەڕێت. ئێمە دەیخەنە ژێر زنجیرەیەک تاقیکردنەوە، ئەگەر بە سەرکەوتوویی تێپان پەڕێنێت، ئەوکات سروشتی ڕاستەقینەی کارەکەی پێ ڕادەگەیەنرێت و ئەوەشی پێ دەگووترێت کە تۆ بۆ مۆساد کار دەکەیت، بەڵام سپاردنی ئەرک لە یەک شوێندا بە هەردووکتان ئەگەرێکی نەختێک لاوازە.

ئەوەیان کێشەیەک نابێت.

هەمان ڕۆژ سیلڤیا پێشنیارەکەی خستە بەردەم هانز، زۆر بە باشی گوێی بۆ ڕادێرابوو، لەبارەی کۆمپانیاکە و جۆری ئەو کارەی پێشکەشی دەکەن داوای وردەکاری زیاتری کرد. سیلڤیا گووتی هیچ بیرۆکەیەکی لەوبارەوە نییە، هیواشی خواست ئەوە دوا درۆ بێت کە بەرامبەری دەیکات.

دوای ئەوەی هانز چاوی بە نوێنەرانی یەکە لە پاریس کەوت، بۆ تاقیکردنەوە داوەتی ئیسرائیل کرا و پێشی ڕاگەیەندرا کە ئەرکێکی نهێنی پێ سپێردراوە، بۆیە دەبێت بە ناسنامەیەکی ساختەوە سەردانی ئیسرائیل بکات، سەرەنجام بە ناوێکی

خـوازراو پاسـپۆرتێکی ئیسـرائیلیان لەنـاو دەسـتی دانـا. ئەفسـەرانی ئاسـایش لە فڕۆکەخانەی ئـۆرلی لە پـاریس دوای ئەوەی فەرمـانی دەسـتگیر نەکردنیـان پێکـرا ڕێگەیاندا سواری فڕۆکە بێت.

لە فڕۆکەخانەی بنگۆریۆن لە لایەن کەسێکەوە یاوەری کرا کە پێشـتر هەرگیـز یەکدیان نەبینیبوو، ئەو کەسە لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ شوقەیەک لە شـەقامی بلـوچ لە تەلئەڤیـڤ. ئێـوارەکەی بـۆ نـانخواردن و سـەیرکردنی دیمەنەکـانی شـەوانەی تەلئەڤیڤ و یافا چووە دەرەوە، هـانز چەشـەی لە دیمەنەکـان وەرگـرت و زۆر بە وردیش دیراسەی خەڵکەکەی کرد و هەوڵیدا لەوە بگـات چـی ئەو وڵاتە دڵـی ئەو هەموو خەڵکەی ڕاکێشاوە.

ڕۆژی دواتر بۆ تاقیکردنەوە بە ئۆتۆمبیل هـانز بەرەو نووسـینگەیەکی بچـووک لە ناوەڕاستی شار چوو، لە ژوورەکەدا دوو ئینگلیزمان و دەروونناسـێکی سـەر بە یەکەی ئۆپەراسـیۆنی تـایبەت هەبـوون، تەوقەیـان لەگەڵیـدا کـرد و پێیـان گـووت تاقیکردنەوەکـان بـۆ چەنـد ڕۆژێـک بەردەوامیـان دەبێـت و تەنیـا بە تەواوبـوون دەتوانێـت باسـی دەرفەتـی کـار بکـات. لە ڕۆژانـی بەر لە دەسـت پێکردنـی تاقیکردنەوەکاندا، بۆ سـەیرکردنی دیمەنەکـانی ئۆرشـەلیم و بەرزاییەکـانی جـۆڵان هانزیان بردە دەرەوە.

بـۆ مـاوەی سـێ ڕۆژ لە بەیـانییەکی زووەوە تـا دەرەنگـی شـەو هـانز لە ژێـر تاقیکردنەوە و ئینتەرڤیوی گشـتگیردا بـوو بـۆئەوەی بڕیـار بـدەن کە ئایـا بـۆ کـار گونجاوە یان نـا. لە چـاوپێکەوتنەکەدا کە بە زمـانی ئینگلیـزی بـوو پرسـیارەکان بە سـەردەمی منـداڵی و پەیوەنـدی لەگەڵ خێـزانەکەیەوە تـایبەت بـوون، هەروەهـا داوای پێشکەشکردنی چارەسەر بۆ بارودۆخی ناهەموار و وەڵامی ئەو پرسـیارانەی لێکـرا کە تـایبەت بـوون بە تـاقیکردنەوەی مـتمانە بە خـۆکردن و هەڵچـوون و

هەڵکردن لەگەڵ ماندووبوون و هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە نائاساییەکاندا. هەروەها لەبارەی پەیوەندیشی بە سیلڤیاوە دیداری لەگەڵدا کرا.

لەگەرمەی تاقیکردنەوەکاندا هانز بە پێکەنیەوە گووتی: من لە ژیانمدا چەندان چاوپێکەوتنی کارم کردووە، بەڵام هەرگیز شتی وا نەبوون، ئایا پێتان وا نییە زێدەڕۆیی دەکەن.

یەکێک لە ئەندامانی تیمەکە بە کورتی وەڵامی دایەوە: ئەوە چۆنیەتی شێوازی کارکردنی ئێمەیە. بەهۆی ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە، ئێمە بە دەگمەن پاڵێوراوی نەشیاو قبوڵ دەکەین.

کاتێک تاقیکردنەوەکان کۆتاییانهات، تیمەکە بە مەبەستی بڕیاردان لەبارەی هانز کۆبوونەوە، زۆربەیان پێی سەرسام بوون و دواجار بڕیاری وەرگرتنی هانزیان لە ڕیزەکانی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت و ڕاهێنان و دزەپێکردنی بۆ کەناری وڵاتێکی عەرەبیدا، ئەو چیرۆکە نهێنییەی بۆیان هۆنیەوە ڕێگەی پێدەدا بە جوانی ئەرکەکانی جێبەجێ بکات بێئەوەی کەس گومانی لێ بکات.

دوای تاقیکردنەوەکانی لە ئیسرائیل بۆ ئەنجامدانی کاری نهێنی، قبوڵکردنی لە یەکە پێ ڕاگەیەندرا، ئەوکات تێگەیشت کە کام ڕێکخراو ئەوی بە سەربازگرتووە، هەر ئەوکاتی پێی ڕاگەیەندرا کە سیلڤیاش لە هەمان یەکە کار دەکات.

لەبەر خۆیەوە پێکەنی، دواتر بە سیلڤیای گووت: من گومانم هەبوو، بەڵام بەڵگەم نەبوو. بڕیاردرا لە ژێر پەردەی کۆمپانیای هەنارە و هاوردەوە هانز ڕەوانەی وڵاتێکی دوژمن بکرێت، ئەرکەکەشی دابینکردنی زانیاری بوو لەبارەی جۆڵە سەربازییەکان، بارەگا ئەمنییەکان و چالاکییە تیرۆریستییەکان لە شارە سەرەکییەکاندا.

دوای ئەوەی گەڕایەوە پاریس، قبوڵکردنی لە کاردا بە سیلڤیا ڕاگەیاند، ڕێگە بە سیلڤیا نەدرابوو هیچ شتێک لەبارەی پلانی ئاراستەکراوی پێ ڕابگەیەنێت. ئەویش هیچی نەگووت، سیلڤیا پەی بەوە بـرد کە لەمەودوا تەواو لێـک دوور دەکەونەوە. بێگومان سیلڤیا وای دانـابوو هـانز لە ئەورووپـا جێگیـر دەکرێـت، بەڵام ئاشـکرایە مۆساد بە پێی پێویستی ئەرکەکانی بۆ دیاری دەکات.

تـا ڕادەیەک، سـیلڤیا و هـانز ڕۆژانە یەکـدیان دەبینـی یـادەوەری شـیرینیان کۆکردبۆوە بۆئەوەی کاتێک لێک دادەبڕێن لەگەڵ خۆیاندا بیـبەن. دەسـت لە نـاو دەسـت لەنـاو پارکەکـان پیاسـەیان دەکـرد، لە ڕێسـتوڕانتەکان نانیـان دەخـوارد و سەردانی پێشانگەکانیان دەکرد و دیاری بچووکیشیان بۆ یەکدی دەکڕی.

لە ڕووکەشدا پێویست نەبـوو ژیـانی تـایبەتی کردەکـانی مۆسـاد کـاریگەری لە کاریاندا بکات، بەڵام لە ڕاسـتیدا ئەوە کێشـە نەبـوو. چـونکە گـۆڕینی بەردەوامـی ژیـان لە نێـوان ژیـانێکی سرووشـتی و ژیـانی ئەرک لە ژێـر مەرجـدا تەنیـا بەوانە دەکرێت کە خۆڕاگرن، بۆیە زەحمەتە خۆت بۆ هاوسەر و ماڵەوە تەرخان بکەیت، کاتێک ناچاری بۆ ئەرکێکی هەڕەشەئامێز دوور بکەویتەوە و خۆت گـووم بکەیـت لە ترسی ئەوەی ڕەنگە سەرت لەسەر دابنێیت یان دەسـتگیر بکرێیـت یـان کەسـە خۆشەویستەکانت بڕفێندرێن، تەنانەت ئەگەر هیچ بیرۆکەیەکیشیان نەبێت کە تـۆ لە کـوێی یـان چ دەکەیـت، بـۆیە لە وەهـا دۆخێکـدا هەڵوەشـانەوەی خێـزان ئەگەرێکی دوور نییە.

دوا دیداری نێوان سیلڤیا و هانز زۆر سۆزداری بوو، هانز چەپکە گـوڵێکی بـۆی کـڕی و لە ئەپارتمـانتەکەی ئەو شـەوی لەگەڵـدا کـردەوە، بەیـانییەکەی ماڵنـاوایی کردنیان بەلاوە سەختبوو و لە هەنجەتێک دەگەڕان بۆئەوەی زیاتر لەگەڵ یەکدی بمێننەوە. کاتێک سیلڤیا فراوینی ئامادە دەکرد، هانز گووتی: کاتێک ئەوانە هەموو

کۆتاییانهات، جارێکی دی بەیەکەوە دەبین، ئینجا نۆرەی من دێت نانی بەیانی دانێم. سیلڤیا تا وێستگەی میترۆ یاوەری کرد و لەسەر پێبیلکەکان بۆ ماوەیەکی درێژ یەکدیان لە باوەش گرت.

سەرەتا سیلڤیا هیوادار بوو هانز زوو پەیوەندی پێ بکات، بەڵام هەر زوو ڕوون بوویەوە کە ئەمە سەختە، چونکە بەکارهێنانی تەلەفۆن و نامە گۆڕینەوە جێی مشومڕ نییە. چەند مانگێک تێپەڕی نە هانز هیچ هەواڵێکی لەبارەی سیلڤیاوە هەبوو، نە سیلڤیاش هیچی لەویەوە بە دەست گەیشت.

نا ئومێدی و تەنیایی وایان کردبوو سیلڤیا هەست بکات بەرامبەر دیوارێکی بۆشە و هیچی لە دەست نایەت. دوای ئەوەی ئاشکرابوو دڵدارەکەی کەوتۆتە ڕێگەیەکی داخراو، بناغەی هەژی و ئایندەکەشی لێڵ بوو، هەرچەندە خەڵکی دی لە دەوروبەریدا هەبوون، بەڵام پەرۆشی بۆ هانز بڕستیان لێ بڕیبوو، لێ بە تێپەڕبوونی کات ئەوەی لەم بارودۆخەدا بە خەیاڵدا نەدەهات ڕووبدات، بە کردەنی ڕوویاندا، هانز بە خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگە نوێیەکە سەرقاڵبوو، هەموو هەوڵێکیشی بۆ بە دەستهێنانی متمانەبوو. سیلڤیا درکی کرد زیاتر و زیاتر لێی دادەبڕێت و زیاتر بە کار و بەو ئەرکە نوێیە مژوڵە کە پێی سپێردرابوو. پەی بەوەش برد کە ماوەیەکی زۆر بەسەر یەکدی بینەوەیان تێپەڕیووە، ئایا دەتوانن جارێکی دی تێهەڵچنەوە؟

تایبەت بە مۆساد هیچ گللەییەکی نەبوو، چونکە لەسەر داوای ئەو خۆشەویستەکەیان قبوڵ کرد کاریان لەگەڵدا بکات، کاری مەحاڵیان بۆی کرد ڕاستی کارەکەی بە هانز بڵێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئەنجامەکە شتێکی جیا بوو. وێنەی هانز زۆر بەلەز لە یادگەی کاڵ بوویەوە و کەمتر و کەمتر بیری لێ دەکردەوە.

ئەفسەری سەرپەرشتیار پێی ڕاگەیاند بەم نزیکانە هانز بە ئەرکێکی دی دەچێتە وڵاتێکی دوورتر، بەڵام سیلڤیا هەواڵەکەی بە کەم بایەخەوە وەرگرت، تەنها لەڕووی مۆرااڵیەوە لە وردەکاری زێتری پرسیار کرد.

داڤید بە پێکەنینەوە گووتی: کوا جۆش و خرۆشی جارانت؟

پێدەچێت بە هەڵم بوو بێت.

ئایا پەشیمان نیت؟

من لە لەدەستچوونی دەرفەتی پێکەوەنانی خێزان پەشیمانم.

گوێی پێ مەدە، دڵنیام هێشتا کات بە بەری ماوە بۆ دۆزینەوەی کەسی شیاو.

لەبیری مەکە، من لە تەمەنی چل ساڵی نزیک دەکەومەوە، ڕەنگە چانسەکەم وابێت بێ پیاو ژیان بگوزەرێنم.

ئەمە یەکێک لە کارە دەگمەنەکان بوو کە سیلڤیا هەڵەی تێدا کرد.

داڤید وێنەی پیاوێکی تەمەن پەنجا ساڵی نیشاندا و گووتی: ئەم پیاوەت لە یاد ماوە؟

وێنەی پیاوەکەی بەلاوە نامۆ نەبوو، بەڵام بە یادی نەدەهاتەوە لە کوێ بینیویەتی. ئەفسەری سەرپەرشتیار بە یادی هێنایەوە و گووتی: ئەوە وێنەی ئەو پیاوەیە کە لە کردنەوەی پێشانگاکەت لە ڕیتز بەشداربوو. دواتر ئەو کارتی تەلەفۆنەشی بە یاد هێنایەوە کە لە لایەن د. مەحمود هەمشاری پێیدرا لەگەڵ کارتی هەندێ بەرپرسی باڵای دیکەی عەرەب کە ئامادەی پێشانگاکە بوون و هەموویان درایە دەست یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت.

سیلڤیا گووتی: ئێ ئەوە چیە؟

ئەمڕۆ ئەو پیاوە لە ئەوڕووپا ئەندامێکی سەرەکی بلاک سێپتەمبەرە. بە فەرمی مامۆستای مێژووە و وەک نوێنەری فەتح لە پاریس کاردەکات. لە ڕاستیدا پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ عەلی سەلامەدا هەیە و کاروباری بە قاچاغ بردنی چەک و تەقەمەنی بۆ ئەندامانی بلاک سێپتەمبەر لە ئەوڕووپا ڕێکدەخات و هەماهەنگی بۆ کردەوەکانی تیرۆریستان دەکات. ئێمە دەزانین لە ساڵی ١٩٧٠ دەستی لە تەقینەوەی فڕۆکەی سویسایر هەبوو کە لە زیورخەوە بەرەو تەلئەڤیڤ دەچوو کە لە ئەنجامدا ٥٧ نەفەر و سەرتاپای تاقمی فڕۆکەکە گیانیان لەدەستدا، هەروەها هەر ئەویش لە ساڵی ١٩٦٩ لە کاتی سەردانی سەرۆک وەزیران بنگۆریۆن بۆ کۆپنهاگن دەستی لە هەوڵی کوشتنیدا هەبوو. ئەوەش دەزانین کە لە ئەپارتمانتەکەی لە پاریس چەکی کۆکردۆتەوە.

با گریمان بکەین: ئەو لە لیستی لێدانەکانماندایە.

بە ڕاستیتە.

ڕۆڵی من لەم ئەرکەدا چییە؟

هیوادرین هەمشاری تۆ بناسێتەوە، ئەگەر تۆی نەناسییەوە، بە یادی بهێنەوە کە تۆ بۆ ڕۆژنامەیەکی فەرەنسی کار دەکەیت و هەوڵبدە دیداری لەگەڵدا بکەیت و وێنەی بگرە، ئەوەی لەسەر تۆیە لە دەرەوەی ئەپارتمانتەکەی دیدارێکی دوو کاتژمێری لەگەڵدا ڕێکبخەیت.

خێزاندارە؟

هاوژینەکەی فەرەنسییە، ناوی ماریە کلۆدییە و کچێکیان هەیە، هاوژینەکەی هەموو بەیانییەک دەچێتە سەرکار و کچەکەشی دەچێتە قوتابخانە، هەتا نیوەڕۆ ئەپارتمانتەکەی چۆڵە، ئێمە دەتوانین لەو کاتانەدا بچینە ناو ماڵەکەی.

چی پێ بڵێم ئەگەر لەو ڕۆژنامەیەی پرسی کە کاری بۆ دەکەم؟

پێی بڵی کە تۆ بۆ ئاژانسی داڵماز کار دەکەیت کە وەک دابەشکار کاردەکات و دیمانەکە بە سەر ڕۆژنامەی جۆراو جۆر دابەش دەکات.

داڤید ژمارەیەکی ساڵێک پێشتری ڕۆژنامەی لاوانی ئەفریقای دایە دەست سیلڤیا کە دیدارێکی هەمشاری تێدابوو، لە لایەن بەشیر یاحمەد پەیامنێری ڕۆژنامەکە لەگەڵیدا کرابوو. سیلڤیا بای ئەوەندە فەرەنسی دەزانی وتارە ئۆریجینالەکە بخوێنێتەوە. لە دیمانەکەدا هەمشاری قسەی لەبارەی مافی فەلەستینییەکان بۆ حوکمڕانیکردنی وڵاتی خۆیان کردبوو، هەروەها ڕەخنەی لە هەڵوێستی ئیسڕائیل بەرامبەر عەرەب گرتبوو، ڕای خۆشی دەربڕیبوو کە ئەگەر عەرەب لە دژی ئیسڕائیل یەکگرتووبن، دەوڵەتی فەلەستین دەمێک بوو دامەزرابوو، لە وتارەکەدا هەمشاری نکۆڵی کردبوو پەیوەندی بە هیچ ڕێکخراوێکی تیرۆریستییەوە هەبێت.

سیلڤیا ڕۆژنامەکەی دانا و گووتی: باشە، کەی دەبێت دیدارەکە بکرێت؟

ئەمڕۆ تەلەفۆنی بۆ بکە و یان بۆ سبەی یان دوسبەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ دابنێ، دواتر شوێن و کاتەکەیم پێ بڵێ.

زۆر نایابە.

دەنگێگی نێرانە وەڵامی تەلەفۆنەکەی سیلڤیای دایەوە، ئەویش خۆی پێ ناساند، هەمشاری ناسییەوە.

پرسیاری کرد: ئەم ڕۆژانە کار لەسەر چی دەکەیت، ئایا پلانی پێشانگای نوێت هەیە؟

بە دڵنیاییەوە.

پێشانگاکەت لەبارەی چییە؟

بە شێوەیەکی سەرەکی پۆرترێیتە، من لە ئوردن بووم، ژمارەیەک وێنەی کارەکتەرە گرنگەکانم گرتووە.

بە داوەتنامەکەت دڵخۆش دەبم.

لە بیری ناکەم داوەتنامەت بۆ بنێرم.

سیلڤیا پرسی کە چۆنە و چ دەکات؟

وەڵامی دایەوە: زۆر باشم، دەرس دەڵێمەوە و دەنووسم.

سیلڤیا پێشنیاری دیدارێکی لەگەڵیدا کرد.

لەسەر چ بابەتێک؟

لەبارەی کارە ئەکادیمییەکان و بۆچوونە سیاسییەکانت.

من پێشتر دیدارێکم لەگەڵ ڕۆژنامەی لاوانی ئەفریقا هەبوو.

سیلڤیا مەزەندەی کرد باسی ئەو دیدارە دەکات و یەکڕاست گووتی: بەڵام ئەوە ساڵێک بەر لە ئێستا بوو، گەورەم. لە هەنگینڕا بە شێوەیەکی گشتی پەرەسەندنی زۆر لە جیهان بە تایبەتی لە جیهانی عەرەبیدا ڕوویداوە، بۆچوونەکانت زۆر بە بەهان.

بە ڕاستی؟

بە ڕاستی.

ڕێککەوتن بەیانی ٨ی دێسەمبەری ١٩٧٢ لە کافێیەک لە نهۆمی عەردی ئەپارتمانتەکەی هەمشاری لە باڵەخانەی ژمارە ١٧٥ی شەقامی ئیلیسێ دیدارەکە بکەن.

سیلڤیا بە ئەفسەری سەرپەرشتیاری گووت: بەیانی کاتژمێر دە دیدارەکە دەکەم.

داڤید گووتی: ئێمەش ئامادە دەبین.

هەمشاری لە وادەی دیاریکراودا گەیشت، کاتێک چووە ناو کافێیەکە چاوێکی خێرای بە دەوروبەرەکەدا گێڕا، تەنیا چەند نەفەرێک لەوێ بوون و هیچیشیان جێی گومان نەبوون، تەنانەت ئەو پیاوە کەشخەیەی دانەیەک لە ڕۆژنامەی لۆمۆندی دەخوێندەوە کە لە ڕاستیدا ئەندامی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بوو تایبەت بۆ پاسەوانیکردنی سیلڤیا نێردرابوو.

هەمشاری بەرەو مێزێک لە پشتەوەی کافێکە چوو کە سیلڤیا لەوێ چاوەڕێی دەکرد، ماچێکی موستەهەقی لەسەر هەردوو کوڵمی کرد.

هەمشاری موجامەلەی کرد و گووتی: تۆ زۆر جوان دەردەکەوی، چۆنی باشی؟

داوای قاوەیان کرد و دیدارەکەیان دەست پێکرد، سیلڤیا لەبارەی پێشبینییەکانی پەیوەست بە پەرەسەندنەکانی جیهانی عەرەبی، کاریگەری ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان بەسەر وڵاتانی عەرەبی و جیهان بە گشتی و لەبارەی کار و خێزانەکەی پرسیاری لێکرد. هەمشاری بە پوختی و ڕوونی وەڵامی دایەوە و تۆڕەیی خۆی بەرامبەر سەرکردە عەرەبییەکان دەربڕی کە وەکو پێویست پشتیوانی لە کێشەی فەڵەستین ناکەن. بەرگری لە مافی گەڕانەوەی ئاوارەکانی عەرەب کرد و ڕایگەیاند ئەم خەباتە دژی ئیسڕائیل بەردەوام دەبێت تا فەڵەستینیەکان گشت ئامانجەکانیان بە دەست دەهێنن. زۆربەی وەڵامەکانی هەر ئەوانەبوو کە سیلڤیا پێشبینی کردبوون، لەگەڵ ئەوەشدا لە پرسیارکردن بەردەوام بوو، چونکە ڕێنوێنی پێ درابوو، دەبێ بۆ ماوەیەکی درێژ سەرقاڵی بکات، پرسیارە بێ کۆتاییەکانیشی بە مانای ئەوە دەهات کە ئەو لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەدا سەرکەوتووە، لە دەفتەرەکەی خۆیدا سەرجەم ئەو وشانەی نووسیەوە کە هەمشاری دەیکردن، هەروەها وێنەی گرت و بەڵێنیشی پێدا دانەیەکی ئەم دیدارە

بۆ هەموو ڕۆژنامەکان بنێرێت. ئەوان کاتژمێر دوازدە و چارەگێک لێکدابڕان و دوا داواکاری هەمشاری ئەوە بوو کە "لە بیرت نەچێت، وشە بە وشەم بۆ دەربهێنی."

سیلڤیا بە پەلەپروزی بە کۆڵانێکی تەنگەبەردا ڕۆیشت و خۆی لە کافێیەکە دوورخستەوە، ئاسمان خۆڵەمێشی بوو، پیادەڕۆکانیش لەبەر پەلەی خۆیان سەرنجیان بە لای سیلڤیاوە نەبوو، سیلڤیا هەستی بە ئاسودەیی دەکرد بەوەی لە دوورخستنەوەی هەمشاری لە ئەپارتمانتەکەیدا سەرکەوتوو بوو بێئەوەی گومان بکات. هەرچەندە دەشیزانی چ چارەنووسێک چاوەڕێی دەکات، بەڵام پەست و نارەحەت نەبوو، چونکە تاوانی هێندە گەورەی کردبوو، هی لێخۆشبوون نەبوون، بەڵکوو هەر دەبوو بە سزای خۆی بگات.

کاتێک دڵنیابوویەوە کەس تاقیبی ناکات، تاکسییەکی گرت و بەرەو ئاژانسی دااڵماز ڕۆیشت، دکتۆر مەحمود هەمشاریش بەرەو ماڵەکەی شۆڕی کردەوە، هاوژین و کچەکەشی هێشتا نەگەڕابوونەوە، چووە سەر مێزەکە و لێی دانیشت، زەنگی تەلەفۆن لێیدا، ئەویش هەڵیگرت و یەکسەر لەناو دەستیدا تەقیەوە کە پێشتر ئەوکاتەی لە کافێ لەگەڵ سیلڤیا دیداری هەبوو، تەلەفۆنەکەی بۆمبڕێژ کرابوو، بەهۆیەوە هەمشاری بە سەختی بریندار بوو، کەمێک دواتر لە نەخۆشخانە گیانی سپارد.

کاری سەخت و مەترسیداری دەمار گرژبوون و ژیانی بەردەوام بە وریایی و تەنیایی، ئەمانە هەموو بەسەر یەکەوە کاریگەریان لە سیلڤیا کردبوو، وای هەست دەکرد بەرە بەرە ئارامی لەدەست دەدا و کارەکەی چیتر خۆشی پێ نابەخشێت. تا ڕادەیەک هەموو شەوێک بە مۆتەکە خەبەری دەبۆوە و دووچاری نەخۆشی گەدە ببوو.

لە لای داڤید دانی بەوەدا نا: نازانم چیم بەسەر هاتووە.

داڤید پێکەنی و گووتی: تۆ پێویستت بە پشوو هەیە.

ناوە ناوە، لە دوای ماوەیەکی پڕ لە ستڕێس و چالاکی تاقەتپڕوکێن، جەنگاوەران بە مەبەستی پشوو ڕەوانەی ئیسڕائیل دەکران. داڤید ئەفسەری سەرپەرشتکاری سیلڤیا بیری کردەوە کە سیلڤیا کاری سەختی زۆر کردووە، ڕەنگە بە پێدانی پشوویەک وزەی وەبەربێتەوە، ئەو پێشنیارەی خستە بەردەم فەرماندەکانی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت، ئەوانیش پێشنیارەکەیان قبوڵ کرد. لە لای خۆیەوە سیلڤیاش پێشنیاری کرد لە هەمان کاتدا پشوو بە هانزیش بدرێت بۆئەوەی ئەویش بێتە لای و کەلێنی پردی نێوانیان پر بکەنەوە. بۆ بەدبەختی لەو وڵاتەی هانزی لێ چێنرابوو، گیرۆدەی ئەرکێکی ئاڵۆزبوو، بۆیە ئەگەری هاتنی نەبوو.

پاسپۆرتێکی ئیسڕائیلی درایە سیلڤیا، لە پێناو دڵنیابوون لەوەی کەس بە دواوەی نییە لە پاریسەوە بەرەو بڕۆکسل بە شەمەندەفەر ڕۆیشت، بۆ چەند کاتژمێرێک پیاسەیەکی بەناو شاردا کرد، دواتر بەرەو ئیسڕائیل سواری فڕۆکەبوو. کاتێک گەیشتە ئیسڕائیل حەپەسا، چونکە لە ماوەی ئەوەندە ساڵەی ڕابردوو کە لە لایەن مۆساد ڕەوانەی دەرەوە کرابوو، چەندین ئاوەدانی نوێ و پارکی تازە لە هەموو شوێنێک و ڕێگەی خێرای نوێ دروست کرابوون.

لە تەلئەڤیڤ بەرامبەر ئەو کۆڕنیشەی تەلئەڤیڤ و یافای پێکەوە دەبەستەوە ئەپارتمانتێکی ڕایەخراوی بچووکی بۆ بەکرێ گیرا، حەزی بەوە بوو لەو هەیوانە دابنیشێت کە بەرامبەر دەریای ناوەڕاستبوو، بەردەوام سەیری بەلەمی ماسیگرەکانی دەکرد کە بە ئاوەکە تێدەپەڕین، تا ڕادەیەک هەموو بەیانیان دەچووە سەر دەریا بۆ چەند کاتژمێرێک لەو ئاوە فەیروزییە مەلەوانی دەکرد.

بۆ سەرانسەری وڵات گەشتی کرد، نامەی دوورودرێژی بۆ خێزانەکەی لە

باشوری ئەفریقا نووسی، تێیدا پێیانی دەگووت کە ئەو لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەی کاری تێدا دەکات و نووسینگەی لە زۆر وڵاتی جیهاندا هەیە زۆر کەیفخۆشە. هەروەها سەردانی ئەو خێزانەشی کرد کە لە کیبوتز جان شمۆئیل بەخێویان کرد، هەروەها بە زەیت و بۆیەی ئاوی وێنەی تابلۆی سرووشتی دەکێشا و بۆماوەیەک ناسنامە جیاوازەکانی بەلاوە نا.

بەشێک لە پشووەکەی سیلڤیا بە دیداری فەرماندەکانی تایبەتبوو کە بووە هۆی نوێکردنەوەی شێوازەکانی ڕاوەدونانی تیرۆریستان، نەمازە عەلی حەسەن سەلامە و فێرە تەکنیکی نوێی هەواڵگریش بوو، بە پەسندکردنی کارەکانی زۆر دڵخۆشبوو ، بەڕێوەبەری مۆساد خۆی تەوقەی لەگەڵدا کرد و هیوای هەمان سەرکەوتنی لە ئایندەدا بۆ خواست.

فەرماندەکانی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت هەر لە یەکەم ساتی گەیشتنی سیلڤیا بە خاکی ئیسرائیل نازانێکی زۆریان پێی بەخشی و هەموو هەوڵێکی خۆیاندا بۆ ئەوەی باشترین پشووی لە یادنەکراوی بۆ مەیسەر بکەن، سەیرانیان پێی کرد و بردیانە ڕێستۆرانتەکان، یەکێکیان داوەتی کۆنسێرت و پێشانگای مۆزەخانەی هونەری تەلئەڤیڤی کرد، بە هاوڕێ کۆنەکانی گووت کە لە ئەوڕووپا لەبارەی کارەوە لەگەڵ کۆمپانیا بازرگانە گەورەکان کۆبووتەوە. هەروەها باسی مووچە زەبەلاحەکە و پلانی گەڕانەوەی بۆ ئیسرائیل کرد دوای ئەوەی گرێبەستەکەی تەواو دەبێت، کەسیان نەیاندەزانی ئەو قسانەی لە ڕاستییەوە دوورن.

لە ماوەی پشووەکەیدا سیلڤیا پەیوەندی بە ئەبراهام گەمەرەوە کرد کە دوای گەڕانەوەی لە پاریس پۆستێکی بااڵی لە یەکەی ئۆپەراسیۆن وەرگرتبوو. بۆ یەکەمجار ناسنامەی ڕاستەقینەی ئەو پیاوەی زانی کە یەکەم ئەفسەری

سەرپەرشتکاری بوو، داوەتـی مـاڵەوەی کـرد و چـاوی بەدینـای هـاوژینی کەوت، ئەبراهـام پێـی گـووت لە پـاڵ کـارکردنی لە مۆسـاد لە زانکـۆی تەلئەڤیـڤ یاسـا دەخوێنێت.

سیلڤیا گووتی: من هەمیشە خەونم بە خوێنـدی سـایکۆلۆژیاوە دەبینـی، بەڵام پێموانییە لە ئایندەیەکی نزیکدا بکارم ئەوە بکەم.

بە تێپەڕبوونی کات پشووەکەی کۆتاییهات و لە هاوڕێکانی دابڕا، پڕاوپڕ بوو لە وزە و نەیتوانی لەوە زیاتر چاوەڕوانی گەڕانەوەی سەرکار بکـات. ئەو خەمـۆکی و ترسانەی ببوونە بەشێک لە ژیـانی نهێنیـدا هەمـووی تێپەڕانـد، یەکسـەر گەڕایەوە بڕۆکسل، لەوێشەوە بە شەمەندەفەر بەرەو پاریس ڕۆیشت، داڤید لە گێر دو نۆرد چاوەڕوانی بوو.

سیلڤیا پرسی: ئەوە چ بووە؟

وەڵامی دایەوە: من کاتی هەناسەدانیشم نەبوو.

کار هێندە زۆرە؟

بە تۆن کار هەیە.

هیچ کارێک بۆ من هەیە؟

بە تایبەتی بۆ تۆ کار هەیە.

سـاڵی ١٩٧٢ لە کۆتاییەکـانی نزیـک دەبـۆوە، تێکۆشـانی مۆسـاد لە دژی بـلاک سـێپتەمبەر پێـی نـابووە قۆنـاغێکی سـەخت و دڕنـدانەتر، ئیسـڕائیلییەکان بـاڵا دەستبوون، هەرچەندە ژمارەیەک گەورە ئەفسەری ڕێکخـراوەکە پاکتـاو کرابـوون، بەڵام هێشـتا عەلـی سـەلامە هەر گەورەبـوو. لەو چەنـد مـانگەی جەنگـاوەرە نهێنییەکان پەلامـارە دژە تیرۆرەکانیـان دەسـت پێکردبـوو، یەک تـاقە جەنگـاوەری

نهێنی مۆساد نەکوژرا، لەبەرامبەردا ژمارەیەک ئەندامی بلاک سێپتەمبەر لەناو بردرابوون.

یاسر عەرەفات لە خەمۆکییەکی قوڵ ڕووچوو بوو، بانگی عەلی سەلامەی کرد و فەرمانی پێکرد پەرە بە ئۆپەراسیۆنەکانی بدات و پەلامارێکی لە شێوەی کوشتارگەکەی میونخ ئەنجام بدات، چەندی بۆی دەلوێ بە کرێگیراوەکانی مۆساد لەکاربخات، لە شەرمەزاریاندا عەلی سەری خۆی داخستبوو، هەرچەندە ئەو ئاوا نەبوو، بەڵام ئاشکرابوو عەرەفات ڕێک ئەوەی دەویست، بۆیە لەناکاو ئەو سەرکردە نەرم و ڕەفتار باوکانەیە گۆڕا و بوو بە بەڕێوەبەرێکی ڕەقی ئەنجام ویست.

عەلی وەک بەرگریکردنێک لە خۆی گووتی: تۆ دەتوانی پشتم پێ ببەستی و هێشتا دەتوانم مەندەهۆشت بکەم.

بە پەستییەوە بۆ نووسیگەکەی گەڕایەوە، بە ڕێگەیەک لە ڕێگەکان، مۆساد بە وەشاندنی گورزی کەمەرشکێن لە ڕێکخراوەکەی داشی سواربوو. عەلی لەوە گەیشتبوو دەبێت لەپێناو هەڵگیرانەوەی بارودۆخ و بەدەستهێنانەوەی ڕەزامەندی عەرەفات و گێرانەوەی ڕێز بۆ پیاوەکانی گشت تواناکانی خۆی کۆبکاتەوە.

هەر لەو کاتەدا یەکێک لە موریدەکانی خۆی بە ژووڕێدا کرد و هاواری کرد: پشیلەکەیان(هرە) کوشت. عەلی لە حەپەساویدا چاوەکانی مۆڵەق بوون، چونکە ئەوە نەبوو کە لەو ساتەدا دەیویست.

حوسێن ئەلهۆر، نوێنەری ڕێکخراوی بلاک سێپتەمبەر لە قوبرس پەیوەندییەکی پتەوی لە نیقۆسیا لەگەڵ هەواڵگری ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتدا هەبوو، لە ڕێگەی ئەو تیرۆریستەکان بۆ مەشق ڕەوانەی کامپەکانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات دەکران. هەر لە ڕێگەی ئەوەوە چەک، تەقەمەنی و پێداویستی تەقینەوە لە ڕێگەی نیقۆسیاوە لە

ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات دەگەیشتە دەستی بلاک سێپتەمبەرەوە. عەلی، ئەلهێری بە یەکێک لە ئەندامە سەرەکییەکانی هەژمار دەکرد و پرسی: چۆن کوژراوە؟

ئەلهێر لەگەڵ برادەرێکی لە باڵیۆزخانەی ڕووسیا دوای نانخواردنی ئێوارە بۆ هوتێلەکەی گەڕاوەتەوە، کاتژمێر یەکی بەیانی خەووتووە، کەمێک دواتر بۆمبێکی چێنراو لە ژوورەکەیدا تەقیوەتەوە، بنمیچەکەی ڕووخاندووە و ژوورەکەشی وێران بووە، بەر لەوەی بتوانێ داوای یارمەتی بکات گیانی سپاردووە.

عەلی سەری خستە ناو هەردوو لەپی و بێدەنگییەکی قوڵ دایگرت، چونکە بە لایەوە ئاشکرابوو کە کێ لە کوشتنی ئەلهێر بەرپرسیارە، هیواخوازبوو بتوانێت تۆڵەی بکاتەوە بەر لەوەی مۆساد ئۆپەراسیۆنێکی دیکەی سەرکەوتوو ئەنجام بدات، بەڵام نەیتوانی بە خێراییەکی پێویست بجوڵێتەوە.

کەسی دووەمی لیستەکە پرۆفیسۆر باسل ئەلکوبەیسی بوو کە بە بنەچە عێراقی بوو، لە زانکۆی بەیروت وانەی یاسای دەگوتەوە و پسپۆرێکی دێرینی چالاکی تیرۆری بوو. ساڵی ١٩٥٦ ناچار کرابوو عێراق بە جێبهێڵێت دوای ئەوەی لە هێرشێکی تیرۆریستی دژ بە حکوومەت تێوەگلابوو. چەند ساڵێک دواتر بە یارمەتی کەسێکی دیکەی عێراقی کە بە قاچاغ چووبووە ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەلکوبەیسی پلانی کوشتنی بنگۆریۆنی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلی داڕشتبوو کە بەسەردانێک لەوێبوو، بەڵام ئەو ئۆتۆمبیلەی دانرابوو لە تەنیشت فڕۆکەکەی بنگۆریۆن بتەقێتەوە لە کاتی خۆیدا لە لایەن بەرپرسانی ئاسایشی ئەمریکاوە دۆزرایەوە. ئێف بی ئای بۆ گەڕان بە دوای ئەنجامدەرانی ئەو ئۆپەراسیۆنە لێکۆڵینەوەی دەست پێکرد، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی پەیوەندی ئەلکوبەیسی بەو پەلامارە ئاشکرا بکەن.

لە سەرینی ئەمەوە ئەلکوبەیسی ڕووی لە پاریس کرد و لە هوتێلێکی گچکە لە

نزیک ماده‌له‌ینا ده‌مایه‌وه. کردبـوویه خـوو هه‌مـوو به‌یـانییه‌ک له کـافێیه‌کی ئه‌و نزیکانه قاوه‌ی ده‌خواردەوه و تـاقی به‌یـانییه‌که‌ی له کتێبخـانه‌ی سـۆربۆن به‌سـه‌ر ده‌بـــرد و شـــه‌وانه‌ش له‌گه‌ڵ ئه‌نـــدامانی بـــلاک ســـێپته‌مبه‌ر کۆده‌بـــۆوه که له سه‌رانسه‌ری ئه‌وڕووپاوه بۆ ڕاوێژ ده‌هاتنه لای.

له کۆتـایی یه‌کێـک له‌و کۆبـوونه‌وانه‌دا کۆبه‌یسـی له ڕێـگه‌ی گه‌ڕانه‌وه‌یـدا بـۆ هوتێله‌که‌ی کاتێک له کلێسای ماده‌له‌ینا تێپه‌ڕی دوو پیاو ڕێگه‌یان پێی گرت و نـۆ گوللەیان لێیدا و هه‌ڵاتن بێئه‌وه‌ی هیچ شوێنه‌وارێک به‌جێبهێڵن.

به‌یانی داهاتوو عه‌لی سه‌لامه له به‌یرووت هه‌واڵی تۆقێنه‌ری پێگه‌یشت، بـۆیه به پەله داوای فه‌رمانده باڵاکانی ڕێکخراوه‌که‌ی کرد، به‌ڵام به‌ر له‌وه‌ی پـێ ڕابگـات کۆبێته‌وه، زانیاری به ئازارتر و شۆکتر گه‌یشتن: که‌سـی دووه‌مـی ئه‌لهـڕ له نیقۆسـیا کوژراوه، له هوتێل دوای ئه‌وه‌ی ده‌خه‌وێت به‌هۆی بۆمبێکی پێشکه‌وتوو کوژرا.

له‌م خاڵه‌وه، عه‌لی سه‌لامه زانی تا له‌وه زیـاتر چـاوه‌ڕوان بێـت، یه‌کێکـی دی جێگه‌ی سه‌رۆکی بـلاک سـێپته‌مبه‌ر ده‌گـرێته‌وه. عه‌ره‌فـات ده‌یه‌وێـت ده‌سـت به شه‌ڕێکی خوێناوی بکات که کۆمه‌ڵێک پەلاماریشـی له‌گه‌ڵـدا بێـت، عه‌لـی له‌وه‌ش گه‌یشتبوو که ده‌بێت که‌لوپه‌له‌کانی ڕاده‌ست بکات و چه‌ندی زووتـر ئه‌وه بکـات، باشتره. به‌ڵام خـۆی وەک یـاریزانێکی بۆکسـینگ ده‌هـاته به‌رچـاو که پێیه‌کـانی له ژێـری ده‌له‌رزن و چاوه‌کانیشـی به بۆکسـان سـوور هه‌ڵـگه‌ڕاون، به‌ڵام ئه‌وه به‌و مانایه نیـیه که له ده‌ره‌وه‌ی حه‌له‌به‌یه، بـۆیه ئالنگارییه‌کـانی ئێسـتا وایـان کـرد له جاران پێداگیرتر بێت، وێـڕای ئه‌و داته‌پیـنه کـاتییه، به‌ڵام هێـزی خـۆی به ده‌سـت ده‌هێنێته‌وه و سه‌رکه‌وتوو ده‌بێت.

دوا به‌دوای کوشـتنی وەرزشـوانه ئیسـڕائیله‌کان له میـونخ و بیسـت و چـوار نه‌فه‌ره‌که‌ی فڕۆکه‌خانه‌ی بنگۆریۆن، گۆڵـدا مـایری سـه‌رۆک وەزیـران زنجیـره‌یه‌ک

کۆبوونەوەی بە پەلەی لەگەڵ زیڤی زامیری بەڕێوەبەری مۆساد، مۆشێ دایانی وەزیری بەرگری و یەگال ئالۆنی جێگری سەرۆک وەزیران کرد. سەرۆک وەزیران پەست و نیگەران بوو لە ئەگەری پەلامارێ دی لە دژی ئیسرائیلییەکان و دامەزراوەکانی جوو لە دەرەوەدا، گەورە سەرچاوەی ناڕەحتییەکەشی بلاک سێپتەمبەر بوو، نەمازە پێشتر توانای خۆی بۆ وەشاندنی گورزی کەمەرشکێن بەرامبەر ئامانجی هەستیار پیشاندابوو. لەوەش تەواو ئاگادار بوو تا عەلی سەلامە لە بەرپرسیارێتیدا ماینێتەوە، خوێنڕشتن بەردەوامی دەبێت.

لە کۆبوونەوەی شوباتی ساڵی ١٩٧٣ لە نووسینگەی خۆیدا، بەڕێوەبەری مۆساد بەڵگەنامەیەکی نهێنی دایە مایر، کاتێک سەرۆک وەزیران خوێندییە دەموچاوی زەرد هەڵگەڕا، بە پێی بەڵگەنامەکە سەرچاوەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لە ئەوروپا پیلانێکی گەورەیان ئاشکرا کردووە کە لە لایەن خودی عەلی سەلامە داڕێژراوە. بە گوێرەی پلانەکە تیمێکی سەر بە بلاک سێپتەمبەر فڕۆکەیەکی ئێل ئال لە پاریس یان ڤییەنا دەڕفێنن و بۆمبڕێژی دەکەن، فڕکەوانەکانیش ناچاردەکەن فڕۆکەکە بەسەر ئیسرائیل بفڕێت بۆئەوەی بەسەر شارەکەیدا بتەقێننەوە، خۆکوژەکانیش لە نێو ئەو قوتابییە عەرەبانەوە هەڵبژێردراون کە لە فەرەنسا و نەمسا ئەندامی ڕێکخراوەکەن.

وەزیری ئاسایش داوای کرد" ئایا ئەو پلانە جێبەجێ دەکرێت؟

زامیر وەڵامی دایەوە: پێشتر ئەگەری سەرکەوتنی هەبوو، بەڵام ئێستا نا.

ئایا هێشتا چانسی سەرکەوتن هەیە؟

هەمیشە چانسی سەرکەوتن هەیە.

شتی دیکەش هەبوو کە وایان کردبوو گۆڵدا مایر لە دڵەڕاوکێدا بێت، بلاک

سێپتەمبەر لە تۆڵەی پاکتاوکردنی پیاوەکانی لە کوشتنی جەنگاوەرێکی نەێنی لە ئەوڕووپا بە ناوی باروخ کۆهین سەرکەتووبوو کە بە ناوێکی خوازراو (مۆشێ کۆهین یەشای) لە ئیسپانیا چێنرابوو، کۆهین تۆڕێکی بەکرێگیراوی فەڵەستینی بەڕێوەدەبرد کە زانیاریان لەسەر چالاکی ڕێکخراوە تیرۆریستەکانی عەرەب لە ناوچەکە پێدەدا. کاتێک سەلامە بەو تۆڕەی زانی، بەکرێگیراوێکی خزاندە ناوییەوە بۆئەوەی زانیاری هەڵە بە کۆهین بدات، ناوی کۆهین سەرتۆپی لیستی ئەو جەنگاوەرانەی مۆسادبوو کە لە هەوڵی پاکتاوکردنی عەلیدا بوو.

سبەینەیەکی ساردی زستان، کۆهین لە پشتەوەی کافێی مەدرید دانیشتبوو، لەگەڵ بەکرێگیراوێکی دوو سەرە گفتوگۆیەکی قوڵی هەبوو، گومانیشی نەدەکرد کە دەچێتە ناو تەڵەوە، کاتێک دەوروبەری کاتژمێر یازدە کافێکەی بەجێهێشت، دوو پیاو لێی نزیک کەوتنەوە، بە دەمانچەی بێدەنگ سێ گوللەیان لە سینگیدا و پێش ئەوەی ئەمبولانس و پۆلیس بگات بۆی دەرچوون، باروخ پێش وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی گیانی سپارد.

سەرۆک وەزیران بە دەنگێکی زوڵال گووتی: بەڕێزان، ڕێگەی بەردەوامبوون بەمە نادرێت، وەستاندنی عەلی سەلامە فەرمانە پێش ئەوەی جارێکی دی کارەسات ڕووبدات.

سەرۆکی مۆساد گووتی: بە پێی مەزەندەکانمان، ئێمە زۆر لە جاران لە پێشتر لێی نزیک کەوتووینەتەوە و زۆربەی پیاوە سەرەکیەکانمان لە ئەوڕووپا پاکتاو کردووە، شانە ڕێکخراوەکانیان لە پاریس و ڕۆما لە ئاژاوەدان، وێڕای نیازەکانی سەلامە، لە ساڵی ڕابردووەوە هیچ شانەیەکی نوێ دانەمەزراوە.

گۆڵدا مایر قسەکەی پێ بڕی و گووتی: ئەمانە هەمووی چمان پێ دەڵێن؟

ئەمانە پێمان دەڵێن لەوانەیە بەم نزیکانە عەلی سەلامە بەیروت بەرەو ئەوڕووپا

بەجێبهێڵێت لەپێناو ڕێکخراوەکەی لە ئەورووپادا. ئێمە چاومان لەسەریەتی و پلانمان بۆ ئەم ئەگەرە هەیە. ئەوەشی بە سەرۆک وەزیران گووت کە ناوی نهێنی عەلی لە مۆساد "میری سووڕە" لەبەرئەوەی دەستی بە خوێن سووڕە. سەرۆک وەزیران وەڵامی دایەوە و گووتی: هەڵبژاردنێکی گونجاوە.

جگە لە بەشێک لە ژمارە تەلەفۆنەکانی و ڕاستی ئەوەی کە فەرەنسییەکی ڕەوان دەزانێت، سیلڤیا هیچی دیکەی لەبارەی داڤیدی ئەفسەری سەرپەرشتکار نەدەزانی، هیچ بیرۆکەیەکی نەبوو کە ئایا لە دایکبووی ئیسرائیلە یان ماوەی چەند ساڵە لە ڕیزەکانی مۆساد خزمەت دەکات، هەروەها ئەدرێسەکەشی نەدەزانی و نەشیدەزانی ئایا هاوژین و منداڵی هەیە، هەرگیز لەبارەی ژیانی تایبەتییەوە داوای هیچ وردەکارییەکی لێ نەکردبوو، لەبەرئەوەی دەیزانی هیچی دەست ناکەوێت.

پەیوەندی نێوان ئەفسەری سەرپەرشتکار و جەنگاوەر لەسەر بنەمای متمانە، نزیکی کەسێتی، تێگەیشتن و ڕاپۆرت وەستاوە، هەرچەندە ئەفسەری سەرپەرشتکار هەموو شتێک لەبارەی جەنگاوەرەکە دەزانێت، بەڵام بە هۆکاری ئاسایشەوە جەنگاوەر هیچ شتێک لەبارەی ئەفسەری سەرپەرشتکارەوە نازانێت، ئەمەش ئاڵۆزییە.

سیلڤیا دۆستایەتی کەسێتی لەگەڵ هیچ یەکێک لە جەنگاوەرانی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت لە ئەورووپادا نەبوو، تەنانەت کاتێک پێکەوە وەک یەک تیمیش کاریان دەکرد ناوی ڕاستەقینەی کەسیانی نەدەزانی، ئەوانیش هیچیان لەبارەی ئەو نەدەزانی، تەنیا ئەو بەشە نەبێت کە وەک بەشێک لە چیرۆکە نهێنیەکەی بەکاری دەهێنا.

لە یەک دوو بۆنەدا لە میانەی کردەوەدا تیمی زەبر وەشێنی بینیبوو، بەڵام بە

زۆری ئەوان لە ژێـــر پەردەی تاریکیـــدا ئەرکەکانیـــان ئەنجامـــدەدا بـــۆئەوەی نەناسرێنەوە. ئەوەی لێیـانی بینیبـوو ئەوەیە ئەوان زۆر بە لێهـاتوویی و خێرایـی ئەرکی خۆیان جێبەجێکـردووە، وەک شـوفێری پێشـبڕکێ بە ئۆتۆمبیلەکانیـان بـۆی دەردەچوون. ئەوەندەی دەیزانێ ئەوەیە کە هـیچ کەسـێکیان لە لایەن هێزەکـانی ئاسایشی ئەو وڵاتانەی کاری تێدا دەکەن دەستگیر نەکـراون. شـانازی بەو ڕاسـتییە دەکرد کە بە یارمەتی ئەو توانیویانە دەستیان بە کەسی دروست لە شوێن و کـاتی دروستدا بگات. گرینمانەی ئەوەشی کردبـوو لە دۆخێکـی نـاهەموار، ئەگەر هێـزی زیاتر گەیشت و بەرگری هەبێت لەوانەیە ئەنجامـدەر دووچـاری مەترسـی بکـات، بەڵام لەوانەیە لە هەڵاتن و شاردنەوەی شوێنەواریاندا یارمەتیان بـدات، نەخاسـمە مەشقیشـی لەسـەر بەکارهێنـانی چەک کردبـوو، متمانەشـی بە خـۆی هەبـوو کە دەتوانێـت لە شـەقامی پێچاوپێچیشـدا بە خێرایـی لێبخوڕێـت و بەرەو نـاوچەی سەلامەتیان ببات.

هەرچەندە لە سەرەتاوە سەخت و مەیلەو مەحاڵ دیاربوو، بەڵام ژیان بە دوو ناسنامەوە ببووە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی سیلڤیا. کاتە بەتاڵەکـانی بە باشـکردنی زمانی فەڕەنسی، خوێندنەوە، وێنەکێشان و سەردانی مۆزەخـانە و سـینەما گچـکە هونەرەییەکان بەسەر دەبرد کە فیلمی کوالێتی بەرزیان پشـان دەدا. دراوسـێکانی هەموو بەیانییەک ئەویان بە هەڵگرتنی نانی فەڕەنسی لە بن هەنگڵییەوە دەبینی وەک بڵێـی لە فەڕەنسـا لە دایکبووبێـت و گەورە بووبێـت. هەمیشـە بە کـامیرای پێشکەوتوو کە بە شانیەوە هاتبووە خوارەوە دەچـووە دەرەوە، نـامە گـۆڕینەوەی لەگەڵ دایک و باوکی لە یەکێک لە نووسینگەی پۆستەکانی شار لە ڕێگەی نـامەی تۆمارکراوەوە ئەنجام دەدا. دەرگەوانەکە کە لە نهۆمی عەردی ئەپارتمـانەکە دەژیـا شانازی بەوە دەکرد کە هەموو شتێک لەبارەی کرێچییەکانی باڵەخانەوە دەزانێت، لەوە باش ئاگادارببوو کە خانمە جـوانەکەی نهـۆمی سـێیەم هەرگیـز لەگەڵ خۆیـدا

پیاوی بۆ ناو شوقەکەی سەر نەخستووە و هەندێجاریش بە جانتایەکی بچووکەوە دەڕۆیشت و بۆ چەند ڕۆژێک دیار نەدەما. کاتێک جارێک لە سیلڤیای پرسی هەموو جارێ دەچیتە کوێ، سیلڤیا بە کورتی وەڵامی دایەوە: بۆ وێنەگرتن دەڕوات.

سیلڤیا هەمیشە خۆی لە دیداری خەڵکی ئیسرائیل یان باشوری ئەفریقا دوورە پەرێز دەگرت لە ترسی ئەوەی ڕووبەڕووی یەکێک نەبێتەوە بیناسێتەوە. بە گشتی ئێواران لە شوقەکەی خۆی دەمایەوە، خواردنی بۆ خۆی ئامادە دەکرد، ئەو شەرابەی دەخواردەوە کە حەزی لێبوو، وتاری تەنزئامێزی بۆ کارمەندانی هەواڵنامەی داڵماز ئیدیت دەکرد کە تاخچەی کتێبەکانی تەنیبوو. لە مارکێتەکە پەردەی گوڵداری دەکڕی و بە پەنجەرەی شوقەکەی هەڵدەواسین کە مەبەست داپۆشینی ڕووی ئەپارتمانتەکانی باڵەخانەکانی دیکە بوو، لە ڕۆژانی پشوودا کەلوپەلە هونەرییەکانی لە نزیک سیان دادەنا و وێنەی دیمەنەکانی ڕووباری دەکێشا.

بەپێی ڕاپۆرتەکانی پێشکەشی مۆسادی دەکرد مانگانە مووچە و خەرجییەکی هاکەزای وەردەگرت، زۆربەی پارەکەی لە پێداویستە بنەڕەتییەکان و کتێبە هونەرییە دەست دووەکان خەرج دەکرد و لەو کوشکانەی دەکڕین کە بە درێژایی سیان هەبوون، هەرگیز لە بوتێک جلوبەرگی گرانبەهای نەدەکڕی و نەدەچووە سالۆنەکانی جوانکاری و لە میانەی بە پێ ڕۆیشتن بە سەرانسەری پاریس پاریزگاری لە ڕێکی جەستەی خۆی دەکرد.

لە ئاشکرابوونی بێ خەمبوو، چونکە دڵنیابوو کە چیرۆکە نهێنییەکەی زۆر مەحکەمە، بەڵام هەر کاتێک شوقەکەی جێدەهێشت، دەبوو هێشتا لەوە دڵنیا بێت کە کەس تاقیبی ناکات، ئەمەش پێوەرێکی ئاسایشی بنەڕەتیبوو کە دەبوو

سروشتی دووەمی هەر جەنگاوەرێکی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بێت.

زستانی ١٩٧٣ بەرە بەرە بەرەو کۆتایی دەچوو، بەهاریش لەسەر گەیشتن بوو، یەکەم خونچەی سەر گەڵا ڕووتەکانی دارەکانی بۆلیڤاردی پاریسییەکان دەرکەوت، خەڵکی پاڵتۆکانیان لە ماڵ جێدەهێشت، کەپلەکان لەسەر کەناری ڕووبارەکاندا دەبینران کە یەکدی لە ئامێز دەکەن.

هەندێجار سیلڤیا سۆزی بۆ ڕابردوو باڵی دەگرت و هانزی خۆشەویستی بە یاد دەهاتەوە، داخی بۆ هاتنی بەهار هەڵدەکێشا کە چۆن لەگەڵیدا قۆڵ لە قۆڵ بە شەقامەکانی پاریس دەسوڕایەوە، بەڵام توانی خۆی کۆبکاتەوە، چونکە هانز بووەتە ڕابردوویەکی دوور و هەستی کرد قەدەر وای کردووە بە بێ ئەو بژێت.

بە قەولان جەژنی ئیستەر لە پاریس کاتی چەشەوەرگرتن و حەسانەوە بوو، هەرچەندە نابێت پەرە بە پەیوەندی کەسێتی بدات، لەگەڵ ئەوەشدا سیلڤیا داوەتی نانخواردنی لەگەڵ خێزانی یەکێک لە هاوڕێکانی کار قبوڵکرد، ئاژانسی دالماز بە هۆی پشووەوە هیچ ئەرکێکی نوێی نەدابوێ و چەند ڕۆژێکبوو هیچ هەواڵێکی لە داڤیدەوە نەبوو. لە نانەدینە بچووکەکەی شوقەکەیدا قاوەیەکی خواردەوە و بڕیاریدا بۆ بەسەربردنی ڕۆژەکە سەردانی لۆڤەر بکات، بەڵام بەرلەوەی بڕوات زەنگی تەلەفۆن لێیدا و ئەفسەری سەرپەرشتکار لەسەر هێڵبوو و گووتی: دەبێت هەر ئێستا بتبینم.

سیلڤیا بە پەلە بەرەو شوێنی دیدارەکە ڕۆیشت و مەزەندەی کرد ڕەنگە جارێکی دی داوای لێ بکات لە دیاریکردنی شوێنی تیرۆریستێکی داواکراودا بەشدار بێت و هیوای خواست بە سوود بێت.

داڤید بە پێکەنینەوە پێشوازی لێکرد و گووتی: خەیاڵ بکە ڕەوانەی کێندەرێت دەکەین؟

سیلڤیا بە پێکەنینەوە گووتی: بۆ گەرماوێکی هەتاوی لەسەر ریڤیریا.

ئەمجارەش خەیاڵ بکە؟

بۆ یەکەمجار بریسکەی چاوەکانی داڤید بینی، چاوتێبڕینەکانی داڤید هەمیشە ساردو سڕ و بزنسی بوون، کاتێک ئەرکەکەی دایێ گووتی: بەسە، دەی ئەوەندەم بە هەڵواسراوی مەهێڵەوە.

بە چرپە گووتی: سەلامە.

بە ڕاستییە، ئایا تۆ بە جدیتە؟

بێگومان بە جدیمە.

دواجار ئەو ساتەی سیلڤیا چاوەڕوانی دەکرد هات و گەیشت.

داڤید گووتی: بنۆڕە، من داواکارییەکەت بە جدی وەردەگرم.

زۆر جوانە.

پێویستە تۆ هەر ئێستا بڕۆیت.

بۆ کوێ؟

بەیرووت، تا ئێستا من ڕێگە پێدراو نیم وردەکاری زیاترت لەبارەی خودی ئۆپەراسیۆنەکەدا پێ بڵێم، بەڵام وەک دیارە ڕەنگە لە ئاستێکی فراواندا بێت، تۆ وەک فۆتۆگرافەری هەواڵ دەچیتە بەیرووت، هەر ئەمڕۆ لە هوتێل ساندز لە کۆرنیشی ڕۆخ دەریا ژووریێک بگرە، پاش ئەوەی لە هوتێل جێگیر دەبیت ئۆتۆمبیلێکی پێنج شەش نەفەری سەرباری شوفێر بە کرێ بگرە. کاتژمێر دەی ئێوارە بڕۆ بارەکە، کەسێک بە ناوی جێیمس مۆرگان لە لەندەنەوە خۆت پێ دەناسێنێت، لەگەڵیدا بە لوتف بە، یەکێکە لە جەنگاوەرە نهێنییەکانمان. ڕۆژی

دواتر گەشتێک بە بەیروووتـدا بـکە، پـێکەوە لەگەڵ جەنگـاوەرانی دی شـوێن پێـی سەرکردەی ڕێکخراوە تیرۆریستەکان هەڵگرن، وەک یاسر عەرەفات، عەلی سـەلامە و جـــۆرج حەبەش کە پێشـــبینی دەکـــرێ لە چەنـــد ڕۆژی داهـــاتوودا لەپێنـــاو فراوانکردنی ئۆپەراسیۆنەکان لە دژی ئیسرائیل لە بەیروت کۆببنەوە، هەندێکیان ماڵیان لە شەقامی ڤێـردونە، سـەلامەش لە هەمـان شـەقام دەژیێـت، تـۆ ڕێنـوێنی زیـاتر لە مۆرگـان وەردەگریـت. ئەوەشـت لەبەرچـاو بێـت، بەیـروت دوو ڕووی هەیە، یەکێکیان لە چـاوی ڕووت بـزرە، ئەوی دیکەشـیان لە ژێـر ڕوودا شـاراوەیە، ئێستا لوبنان لە لایەن دوو حکوومەتەوە بەڕێوە دەبرێت: حکوومەتێکی فەرمی لە بەیـروت و حکـوومەتی تیرۆریسـتانی فەڵەسـتینی کە هێـز و کاریگەریـان بە دەستهێناوە. کارێکی حەتمییە زانیاری چروپڕترمان لەبارەی سەرکردەی تیرۆریستان دەستکەوێت.

داڤید بۆ وەرگرتنی ڤیزا و کڕینی تیکتی فڕۆکە بۆ بەیروت ڕێنمایـی پێویسـتی سـیلڤیای کـرد، ئەویـش یەکڕاسـت دەسـت بەکـاربوو کە دەبـوو دوو ڕۆژ دواتـر، کاتژمێر سێ و نیوی پاشنیوەڕۆ بە هێڵی ئاسمانی فەڕەنسی بەرەو بەیروت فـڕی، پاسپۆرتە کەنەدییەکەی بە ناوی پاتریشیا ڕۆکسنبێرگ کارابوو، بە ڤیزەی لوبنـانیش مۆر کرابوو، هیچ هۆکارێک نەبوو بۆ ڕێگە گرتنی لە چوونە ناو وڵاتدا.

پرسی وەرگرتنی مۆڵەتی لە ئاژانسی دالّماز ڕێکخسـت و چـووە شـوقەکەی بە مەبەسـتی کـۆکردنەوەی کەلوپەلەکـانی، کـاتژمێر یەک و نیـوی پاشـنیوەڕۆ جانتـا بچووکەکەی هەڵگرت و چووە سەر شەقام و دەستی بۆ تاکسیەک ڕاگرت. لەکـاتی ڕاوەستانی لەسەر شۆستەدا هەستی بە ئازارێکی زۆری گەدە کرد، بەڵام فەرامۆشی کرد و بە شوفێرەکەی کە بۆی ڕاوەستا گـووت بیبـاتە فڕۆکەخـانە، بەڵام لە ڕێـگەدا ڕەوشی تەندروسـتی خراپتربـوو، لە هـۆش خـۆی چـوو. شـوفێرەکە سـیلڤیای بـردە نەخۆشخانە و لەوێ دەرکەوت تووشی ژانی ڕیخـۆڵە زیـادە هـاتووە، پزیشـکەکان

پێیان گووت: دەبێت هەر ئێستا نەشتەرگەریت بۆ بکەین، هەرچەندە زۆر لەبەریان پاڕایەوە نەشتەرگەرییەکە دوا بخەن، لەبەرئەوەی کەمێکی تر دەبێت لە فڕۆکەخانە بێت، بەڵام پزیشک گووتی: من بە گومانم مەدام، تۆ ئەمڕۆ بتوانی بفڕی، بەیانی یان دوو بەیانی، ئەگەر ئێستا نەشتەرگەریت بۆ نەکەین بارودۆخت زۆر خراپ دەبێت. نووسەرانی نەخۆشخانە دەستیان بە نووسینی تەواوی بیمەی تەندروستییەکەی کرد، سیلڤیا داوای کرد تەلەفۆنی بۆ بهێنن و تەلەفۆنی بۆ داڤید کرد و ئەوەی ڕوویدا پێی ڕاگەیاند.

داڤید خێرا پزیشکێکی دیکەی بۆ نارد بۆئەوەی ڕایەکی دی بدات، پاشان کاتێک لە نەخۆشخانە سەردانی کرد لە لایەن هەردوو پزیشکەوە پێی ڕاگەیەنرا کە هیچ ڕێکارێکی دی نییە، جگە لە نەشتەرگەری نەبێت، ئەمەش یەک هەفتەی دەوێت هەتا بە تەواوی چاک دەبێتەوە. هیوای چاکبوونەوەی بە پەلەی بۆ خواست، سیلڤیا ڕووی خۆی لە داڤید وەرگێرا و دەستی بە گریان کرد، کاتێک بە عارەبانە بەرەو ژووری نەشتەرگەریان برد.

پیاوێک بە پۆشاکی ژنانەوە

دوای نەخۆش کەوتنی سیلڤیا و لە نەخۆشخانە خەواندنی، جێگەکەی بە جەنگاوەرێکی دیکەی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت پڕ کرایەوە کە لە ٤ی نیسانی ١٩٧٣ گەیشتە بەیروت. هەمان ڕۆژ پەیوەندی بە پێنج جەنگاوەری دیکە لە یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەتەوە کرد کە هەریەکەیان بە گەشتی جودا و لە شوێنی جیاجیای ئەوروپاوە هاتبوون و لە فڕۆکەخانەوە لە کۆمپانیای ئاڤیس و هێرتزەوە ئۆتۆمبیلیان بەکرێ گرتبوو. لە سێ هۆتێلی جیاوازی ڕۆخ کۆرنیشی بەیروت شوێنیان گڕدا کە لە لایەن نووسینگەی گەشتوگوزاری ئەوروپاوە بۆیان دەستەبەر کرابوو. هەموویان پێکەوە لەگەڵ ئەو جەنگاوەرەی جێگەی سیلڤیای گرتبۆوە، جانتاکانیان لە ژوورەکان جێهێشت و هاتنە دەرەوە بۆ پەیدۆزکردنی ڕێگەکانی ناوچەکە لەپێناو دیاریکردنی ڕێگەی ئاوەدانی و کەنارەکەدا.

بۆ دەست پێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە هێشتا پێنج ڕۆژ مابوو، شەش جەنگاوەرەکە لە خولانەوە بە شەقامەکانی بەیروت بەردەوامبوون بۆ چاودێری کردنی ئەوەی چ لەو دوو باڵەخانەیەی شەقامی مەدام کۆری و قێردوم دەگوزەرێت، باڵەخانەی یەکەم شوێنی حەوانەی نوێنەرانی بەرەی ڕزگاریخوازی میللی فەڵەستینبوو، باڵەخانەی دووەمیش شوێنی ئەندامانی بلاک سێپتەمبەربوو. لە ڕێگەی کۆدی پەخشەوە جەنگاوەران تەواوی زانیارییەکان لەبارەی بنیاد و سیستمی ئاسایشی دوو باڵەخانەکەوە دەگواستەوە.

لە ئیسرائیل فەرماندەکانی یەکەی پەیدۆزی ئەرکانی گشتی بە وردی لە هەردوو باڵەخانەی شەقامی کۆری و قێردونیان کۆڵیەوە و بەدوای دۆزینەوەی باڵەخانەیەکی هاوشێوەی ئەو باڵەخانەیە وێڵبوون کە تیرۆریستانی تێدابوو،

دواجار گەڕەکێکی هاوشێوەیان لە باکوری تەلئەڤیڤ بەدیکرد و لە ڕۆژانی دواتردا تیمی کۆماندۆ بە مەبەستی مانۆڕ و ڕاهێنان هێرشیان کردە سەر ئەو گەڕەکە و بە نیشتەجێبووەکانیان ڕاگەیاند: پێویستە بە دڵەڕاوکێ ناکات، بەڵکوو ئەوە تەنیا مانۆڕێکی سوپایە.

لە ٩ی نیساندا چوار بەلەمی مووشەکی سەر بە هێزەکانی دەریاوانی ئیسرائیل لە حەیفاوە خۆیان گەیاندە کەنارەکانی بەیروووت کە ٤٠ کۆماندۆی سەر بە یەکەی پەیدۆزی ئەرکانی گشتی هەڵگرتبوو، هەموشیان پڕچەک بوون و پۆشاکی مەدەنیان لەبەربوو، هەندێکیشیان بارۆکەیان لەسەر نابوو. یەکێک لەوانە یەهود باراک بوو کە خۆی کردبوو بە ئافرەت، دواتر بووە سەرۆکی ئەرکانی گشتی سوپای ئیسرائیل و پاشانیش سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل.

بە ماوەیەکی کورت لە دوای نیوەشەو، بەلەمی مووشەکەکان لە کەناری بەیروووت بەرامبەر کەناری دۆڤ گیرسانەوە و سەربازەکانیش بە چووپ بۆ کەنارەکە گوازرانەوە. لەو بەرەوە لە کەناری دەریاوە شەش ئۆتۆمبیل لە چاوەڕوانیدا وەستابوون کە لە لایەن جەنگاوەرانی نهێنی مۆسادەوە بە کرێ گیرابوون.

بە بێدەنگی سەربازەکان چوونە ناو ئۆتۆمبیلەکان و بەرەو شار لێیان خوڕی، ئۆتۆمبیلەکان لە مەودایەکی کورتی نزیک باڵەخانەی تیرۆریستانەوە وەستان و سەربازەکان بە چووست و چاپوکی دەرپەڕینە دەرەوە، هێزەکە بوو بە دوو کەرت، هەندێکیان بەرەو باڵەخانەی شەقامی کۆری ڕۆیشتن کە فەرماندە باڵاکانی بەرەی ڕزگاریخوازی میللی فەڵەستینی تێدابوو، ئەوانی دی بەرەو باڵەخانەی شەقامی ڤێدرون ڕۆیشتن کە فەرماندەکانی بلاک سێپتەمبەری لێبوو. پێشتر وێنەی سەرکردەی ئەو تیرۆریستانە بە سەربازەکانی ئیسرائیل پیشان درابوو کە پێشبینی

دەکرا لەناو باڵەخانەکەدابن و ئامانجی پەلامارەکەبوون. بەر لەوەی سەربازەکان بەرەو لوبنان بێن ئەو گرووپەی بۆ هێرشکردنە سەر باڵەخانەکەی شەقامی ڤێدرون ڕاسپێردرابوون، وێنەی چوار گەورە تیرۆریستیان پیشان درابوو کە لە نێوانیاندا داواکراوی سەرەکی عەلی سەلامەش هەبوو. ئۆپەراسیۆنەکەش لە ژێر ناوی "بەهاری لاوان" بوو.

هێزەکە لە ژێر تاریکی شەوەزەنگدا بە خێرایی و چاپووکییەوە دەستیان بە جوڵەکرد پاش چاودێرییەکی بەراییانەی ناوچەکە بۆ ئەو ڕێگەیەی پێشتر لە لایەن یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت نەخشەی بۆ داڕێژرابوو. وەک زۆر پرسی دیکە، جەنگاوەرانی نهێنی یارمەتییەکی بەرچاویان پێشکەشی دەستەی جێبەجێکاری ئۆپەراسیونەکە کرد.

کاتێک سەربازەکان لە باڵەخانەی بەرەی ڕزگاریخوازی میللی فەڵەستین نزیک کەوتنەوە، دوو پاسەوانەکەی بەر دەرگا ئەوانیان بەدیکرد، پاسەوانەکان حەپەسان کاتێک دەستە کەسێکی سیڤیلیان بینی بەرەو ڕوویان دێن و گومانیان نەبرد کە ئەوانە چەک و تەقەمەنیان هەڵگرتبێت، بەرلەوەی پەی بەوە ببەن چ ڕووەدات، لە مەودایەکی کورتدا تەقەیان لێکردن و هەردووک لەوێدا کوژران.

لە هەمانکاتدا کۆماندۆکان پەلاماری باڵەخانەی دووەمیاندا، پەڕەشووتوان و سەربازەکان چوونە ژوورەوە، ژوور بە ژوور گەڕان و لەناو خەودا تەقەیان کرد و تیرۆریستیان کوشتن. هەندێکیان توانیان تەقە لە پەلامارەدەران بکەنەوە کە بەهۆیەوە دوو لە پەڕەشووتوانان کوژران و هەندێکیش بریندار بوون، بەڵام ئەوانی دی درێژەیان بە شەڕدا. هەندێک لە ئەندامە سەرەکییەکانی هەردوو ڕێکخراوە تیرۆریستییەکە لەگەڵ سێ فەرماندەی بلاک سێپتەمبەر کوژران تەنیا هەرە داواکراویان ڕزگاربوو. ئەو شەوە عەلی حەسەن سەلامە لە باڵەخانەیەکی

پاسەوانیکراوی ئەو دەوروبەرە مابوویەوە، کاتێک گوێی لە شەڕە تەقەبوو، وای مەزەندە کرد کە شەڕی نێوان دوو گرووپی پێکناکۆکی فەتحە.

دوای شەڕێکی گەرم کە تیرۆریستی دیکەش هاتنە ناو شەڕەتەقەکە، هاوکات هێرشکرایە سەر ئەو کارگەیەش کە بۆ دروستکردنی چەک و مینی ژێرئاو لە لایەن فەتح بەکاردەهێنرا. پاشان هەر بە خێرایی سەربازە ئیسرائیلییەکان برینداری‌کانیان هەڵگرت و بە پەلە بەرەو لای ئۆتۆمبیلەکان ڕۆیشتن کە لە چاوەڕوانیاندا بوون، لەوێشەوە بە خێراییەکی زۆر بەرەو کەنار لێیان خوڕی و هەر شەش جەنگاوەرە نهێنییەکەی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت ئۆتۆمبیلە بە کرێگیراوەکانیان بە جێهێشت و سواری بەلەمی چووپ بوون و بۆ لای بەلەمی مووشەکەکان ڕێگەی گەڕانەوەیان گرتەبەر. بەلەمەکانی سەر بەهێزی دەریای ئیسرائیلیش بە خێرایی قولابیان لێکردەوە و گەڕانەوە کەنارەکانی ئیسرائیل.

سیلڤیا خووی بە خوێندنەوەی ئەو چیرۆکە سیخوڕییانە گرتبوو کە تێدا ئافرەتە سیخوڕە نهێنییەکان بۆ وێنەگرتنی سەرانی دەوڵەت و جەنەڕالەکان بەکاردەهێنران کە لە پەنای دڵداری و خەوتن لەگەڵیاندا نهێنییەکانی دەوڵەتیان لێ دەردەهێنان. هەروەها لەبەر خۆی پێکەنینی بەوە دەهات کاتێک خوێندییەوە پیاوە سیخوڕە کاریزمەکان پەیوەندی ڕۆمانسیان لەگەڵ قوربانییەکانیان دروست کردووە. بە پێی ئەزموونەکانی دەیزانی کە لە ڕاستیدا جیهانی نهێنی زۆر لەو جیهانە دوورترە کە لە دەرەوەڕا دەبینرێت. سیخوڕە ڕاستەقینەکان هەرگیز هێندە سەرنجڕاکێش و شەنگ نەبوونە کە لە چیرۆکی کتێبەکاندا وێنایان دەکرێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش حەپەسا، کاتێک بە ماوەیەکی کەم دوای چاکبوونەوەی داڤید وێنەی پیاوێکی بااڵبەرزی کەشخەی چوارشانەی پیشاندا کە ئەمە بە ئامانجی دواتر دیاریکراوە.

سیلڤیا پرسی: ئەم کوڕە قۆزە کێیە؟

لەوانەیە تۆ هەرگیز ناوی ئەوتان نەبیست بێت، ئەوە ناوی محمەد بودیایە.

ئەوە فەڕەنسییە یا عەرەبە؟

جەزایریییە.

یانی ئەندامی بلاک سێپتەمبەرە؟

بەڵێ.

چیتر لەبارەی ئەم پیاوە دەزانن؟

ئافرەتان شێت و شەیدای ئەون، ئەویش چاک دەزانێت چۆن بۆ کردەوە تیرۆریستییەکان دەستەمۆیان بکات.

داڤید بە سیلڤیای گووت، لە ٧ی نیسانی ١٩٧١ کەمێک پێش جەژنی مەسیح ناوی دەرکرد، کاتێک بلاک سێپتەمبەر پلانی هێرشێکی تیرۆریست گەورەی لە ئیسڕائیل دارشتبوو. پلانەکەش بەمجۆرە بوو، چەند ژن و پیاوێک کە هاوواڵاتی فەڕەنسی بوون بە فڕۆکەی جیا و بە جۆرە تەقینەوەیەکی نوێ دەگەنە ئیسڕائیل کە لە ئامێرەکانی پشکنینی فڕۆکەخانە بە دەرناکەون.

سەرچاوەیەکی هەواڵگری ئەو زانیارییەی بە دەسەڵاتداراندابوو، لە سەرینی ئەو زانیاریانە ئاسایشی فڕۆکەخانە تووندتر کرا، لە نێو کەرەستە بە گومانەکانی دیکەدا، جانتای ئەو دوو کچە فەڕەنسییەی کە گوایە بۆ بەسەربردنی پشوو بە گەشت هاتوونەتە ئیسڕائیل، زۆر بە وردی پشکنرا. پۆدرەکی سپی لەناو جانتا و پاژنەی ئەو پێڵاوانەیان دۆزرایەوە کە لە پێیانبوو. دەستبەجێ پۆدرەکە بۆ تێست ڕەوانە کرا، دەرچوو جۆرە مادەیەکی تەقینەوەی بەهێزە، بۆیە هەردوو ژنە شۆخەکە برانە ژووری لێکۆڵینەوە.

هەردوو ژنەکە نادیە و مادلیانا برادلی کە کچی بزنسمانێکی دەوڵەمەندی مەغریبی بوون و لە پاریس دەژیان ڕاپێچی بنکە کران. ئەوان لە لێکۆڵینەوەدا بانگەشەی ئەوەیان کرد کە هەردووکیان لە ڕێگەی پەیوەندی ڕۆمانسییەوە لەگەڵ پیاوێک تێوەگلاون و لەسەر حسابی ئەو هاتوونەتە ئیسرائیل. بەهەرحاڵ ئەو پۆدرەی تەقینەوەی لەناو جانتا و پاژنەی پێڵاوەکانیان شاردۆتەوە و گووتیان: دەبوو چاومان بە گەشتیاری دیکەی فەڕەنسی بکەوێت کە پێشتر هاتوونەتە ئیسرائیل. لەئەنجامی ئەم دانپێدانەدا هێزەکانی ئاسایشی ئیسرائیل ژن و مێردێکی بە تەمەنی فەڕەنسیان دەستگیر کرد کە لە هوتێلێکی سەنتەری تەلئەڤیڤ مابوونەوە، لە ئەنجامی پشکنینی ژوورەکەیاندا دەرکەوت لەناو ڕادیۆکەیاندا ئامێری تەقینەوە دانراوە، ڕۆژی دواتر یەکێکی دیکەش دەستگیرکرا کە ئافرەتێکی گەنج بوو بە ناوی ئەڤلین بورج لە پاریسەوە هاتبوو بۆئەوەی بە یەکەوە ئەو بۆمبە دابنێنەوە و لە جەژنی مەسیحدا لە ژووری نانخواردنی هوتێلێکی گەورەی کەناردا بیتەقێننەوە. لینکی پەیوەندی نێوان جووتە خوشک و ئەڤلین بورج و هاوژینی پیاوە بە تەمەنە فەڕەنسییەکە، هەمووی محەمەد بودیا بوو کە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ هەر چواریاندا هەبوو. داڤید کاتێک بە پەنجەی ئاماژەی بە وێنەکەدا، بە سیلڤیای گووت: ئەوە ئەو پیاوەیە.

سیلڤیا گووتی: ڕەنگە تۆماڕێکی سەمەرەی هەبێت، ئەی وا نییە!

داڤید لە قسەکانی بەردەوام بوو، گووتی: چەند ڕاستییەکی دیکە لەبارەی بودیاوە، پێشتر ئەو پیاوە لە لایەن بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی (کە ڕێکخراوێکی نهێنی جەزایریە) بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی بۆ پاریس نێردراوە، بەڵام دەستگیرکرا و سێ ساڵ خرایە زیندانەوە، دوای لە زیندان بەربوونی گەڕایەوە جەزایر، بەڵام لەوێ ئۆقرەی نەگرت، دواجار بەرەو فەڕەنسا سەری هەڵگرتەوە. لە پاریس بە بەڕێوەبەری شانۆیەکی بچووک دامەزرا. سێجار ژنی هێناوە و تەڵاقی

داوه، ئەڤلین بورج کاشیری شانۆکەی بوو.

بودیا، پێش ئەوەی پەیوەندی بە بلاک سێپتەمبەرەوە بکات پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ گرووپە تیرۆریستە فەڵەستینییەکان و سیخوڕانی هەواڵگری ڕوسیادا هەبووە، تیرۆریستێکی زۆر چالاکە، وەک حەلقەی پەیوەندی لە نێوان شانەکانی بلاک سێپتەمبەر لە ئەوڕووپا و قاچاغی چەک و داڕشتنی پلانی هێرشی گەورە دژی ئیسڕائیل و پەرستگاکانی جوو لەسەرانسەری جیهاندا کاری کردووە.

لە هەموو ئەمانەدا ڕۆڵی من چییە؟

ئێمە دەزانین بودیا لە کۆی دەژیێت، ئەوەش دەزانین لەو ڕۆژەی هەمشاری پاکتاوکراوە، بودیا خۆی لە شوێنی جەنجاڵ و دیداری غەواران بە دوور دەگرێت. ئەو پیاوە تەنیا یەک خاڵی لاوازی هەیە: شێت و شەیدای ئافرەتی جوان و ڕەندە. ئەگەر تۆ تاقیبی ئەو ئافرەتانە بکەیت کە شێت و شەیدایانە، دەرفەتی باش دروست دەبێت بۆئەوەی پێی بگەین، بزانە کام ئافرەت دەبینێت، کەی و لە کوێ دەیانبینێت، کەی لە ماڵەوە دەمێنێتەوە، چ جۆرە ئۆتۆمبیلێک لێدەخوڕێت، لە کوێ نان دەخوات.

دواتر داڤید بە سیلڤیای ڕاگەیاند کچە جەنگاوەرێکی گەنجیش پەیوەندیت پێ دەکات و گووتی: ئەو کچێکی زۆر زرنگە، بەڵام بێ ئەزموونە، ئەرکی ئاسانی بدەرێ، دواتر با بۆچوونیشت لەسەری بزانم.

داڤید، سیلڤیای بە کچە گەنجێکی بزۆز و پێداگری تەمەن ٢٨ ساڵی دەرچووی بەشی زانستی سیاسی زانکۆی تەلئەڤیڤ ناساند. هەروەها لیستی ناو و ئەدرێس و وێنەی لە دوور گیراوی شەش ئافرەتی فەڕەنسی دانێ کە پەیوەندی دڵداریان لەگەڵ بودیا هەیە.

هەردوو جەنگاوەرەکە دوو ڕۆژیان لە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دولبەرەکانی محەمەد بودیا بەسەر برد، یەکێکیان مامۆستای زانکۆبوو، ئەویدیان لە ڕێکخراوێکی فریاگوزاری ئاوارە فەڵەستینییەکان چالاکوانبوو، یەکێکی دیان تازە لە جەزایرەوە هاتبووە پاریس، دووانیشیان بەڕێوەبەری دوکان بوون، ئەوی دیشیان لە کۆمپانیایەکی یاسادا کاری دەکرد. دوای دوو هەفتە لە چاودێری کردندا، بودیایان بینی بۆ شوقەی ئافرەتە جەزایریەکە سەر دەکەوێت.

هەردوو ئافرەتە جەنگاوەرەکە خاڵی چاودێریان بەرامبەر ماڵی بودیا دانا، ئەمەش بۆ ئەوان دەرفەتێک بوو تا ببنە هاوڕێ، نەخاسمە بینیان خاڵی هاوبەشیان زۆرە، هەردووکیان شۆخ و شەنگ، بوێر و بە جۆشبوون، هەروەها هەردووکیان حەزیان بە هونەر و مۆسیقای کلاسیک هەبوو، شانازیشیان بە خۆیان دەکرد کە لە دەوڵەتی ئیسرائیلدا بەشدارن و شارەزاییەکی باشیان لەبارەی ڕێکخراوە تیرۆریستەکان بەتایبەتی بلاک سێپتەمبەرەوە هەبوو.

بەیانیەک ژنێکی قژکاڵی سینگ گەورەی مکیاژ تۆخیان بینی لە ماڵی بودیا دەرچوو، هەنگاوە گورج و بە متمانەکانی جێی گومان بوون، سیلڤیا زۆر بە وردی دیقەتی لە ئافرەتەکەدا، پاشان بە واقوڕماییەوە هاواری کرد، محەمەد بودیا خۆی وەک ژن گۆڕیووە.

سیلڤیا و هاوڕێکەی تا کافێیەک لە شەقامی گێر لازارە دوای کەوتن، لەوێ چاوی بە دوو کچی گەنج کەوت و بە ڕوخساریانەوە لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان دەکرد، دواتر بە پیادە چووە شەقامی هوسمان.

سەر لە ئێوارە بودیا گەڕایەوە ماڵ، هێشتا هەر جلکی ژنانەی لەبەربوو. بەیانی دواتر بە تراکسووتێکی شین و چاویلکەیەکی ڕەشەوە لە ماڵ دەرچوو، بە پیاسە بەرەو ڕێستورانتی سانت جێرمان ڕۆیشت، لەوێ لەگەڵ ئافرەتێکی جوان نانی

خوارد، دوای ئەوەی لێکدابڕان، لە کتێبخانە نزیکەکەوە هەندێ شتی کڕی و بە پێیان بەرەو ماڵ بوویەوە.

لە ڕۆژانی دواتردا سیلڤیا لەبارەی ئەنجامی چاودێرییەکەیانەوە بە بەردەوامی ڕاپۆرتی بە داڤید دەدا. کاتێک دەرکەوت بودیا شەوانە لە ماڵ دەبێت و بەیانیان کاتژمێر حەوت دەچێتە دەرەوە، فەرماندەکانی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت دەستبەجێ دەستیان بە پلانی گورز وەشاندن کرد، کاتێک ئامادەکارییەکان تەواوبوون یەکەیەکی بەکار ڕەوانەی ماڵی بودیا کرا، ئەوان ئۆتۆمبیلەکەی ئەویان دەناسییەوە کە لە نزیک باڵەخانەکە ڕایگرتبوو، بە ئەسپایی بۆمبێکیان لە ناویدا جێگیر کرد، بەیانی دواتر، کاتێک بودیا سلفی لێدا بۆمبەکە تەقیەوە و ئەوی پارچە پارچە کرد. جێی باسە لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمەکەیدا ژمارەیەکی زۆر ژنی جوان بەشدار بوون.

لە کۆتاییدا وەک ڕووناکییەک لە تاریکی شەوەزەنگدا، مۆساد زانیارییەکی پێگەیشت کە عەیامێکی زۆر لە چاوەڕوانیدا بوو، یەکێک لە سەرچاوەکانی ئەڵمانیا، هاوڕێی ئافرەتێکی گەنج کە خۆشەویستی بوو، لە هاوڕێکەی گوێی لێ ببوو کە بەم نزیکانە گەورە تیرۆرستێک دێتە شاری ئوملم لە باکوری ئەڵمانیا. سەرچاوەکە زانیاری تەواوی نەبوو کە سەلامە بۆ چ کارێک دێتە شارەکە، بەڵام پلانی هەیە چەند ڕۆژێک لەوێ بەسەر ببات.

دەستبەجێ چوار جەنگاوەری نهێنی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت ڕەوانەی شاری ئوملم کران، لە پاریس خاڵی چاودێری لە دەروازەکانی وێستگەی پاس و شەمەندەفەر دانرا. چەند ڕۆژێک دواتر یەکێک لەوان پیاوێکی بینیبوو کە لە قەدوبااڵ و ڕوخسارەوە لە سەلامەی دەکرد، جەنگاوەرەکان کەوتبوونە دوای پیاوەکە تا بە ئەپارتمانتێک لە نهۆمی دووەمی باڵەخانەیەکی کۆن لە بەری

ڕۆژئاوای شارەکە گەیشتبوو کە تەواوی شـەوەکە لێـی مـایەوە. جەنگاوەرەکـان بە درێژایی ئەو شەوە بە نۆبەت چاودێری باڵەخانەکەیان کـرد. کاتێـک بەیـانی هـات خەڵکـی زۆر دەچـوونە نـاو باڵەخـانەکە و دەهـاتنە دەرەوە، بەڵام ئەو پیـاوەی چاودێریان دەکرد، دیار نەبوو، دەرنەکەوت.

نیـوەڕۆ یەکێـک لە جەنگاوەرەکـان پیتزایەکـی گەرمـی کـڕی و خـۆی کـرد بە دلیڤەری پیتزا و لە دەرگەی ئەپارتمانتەکەیدا لە پێناو ئەوەی بزانێت ئایا سەلامە لە ژووریێیە یان نا، بەڵام کاتێک لە دەرگەیـدا کەس وەڵامـی نەدایەوە، هەرچەنـدە بە درێژایی ئەو ڕۆژە و ڕۆژانی دواتر لە چاودێریکردنی باڵاخانەکە بەردەوامیش بـوو. تیمەکە بە ناچاری بەو کۆتاییە گەیشتن کە عەلی توانیویەتی لە دەستیان دەربـازی بێت.

نا ئومێدییەکی تـاڵبوو، گەڕان بە دوای سـەلامە لە شـاری ئـوڵم و دەوروبەریـدا بەردەوامبوو، بەڵام بێ ئەنجامبوو. ئوڵم شارێکی بچـووکی سـەر کەنـاری دانوبـوو، هەروەها بۆ دەرچوون تیایدا چەندان ڕێـگەی ئۆتۆمبیـل و شـەمەندەفەر هەبـوو، بۆیە نەدەکرا خاڵی چاودێری بۆ گشت ڕێگاکانی چوونە دەرەوەی شار دابنرێت کە لەوانەبوو عەلی سەلامە بیگرێتەبەر.

دوای ئەوەی بە تەواوی دەرکەوت عەلی سەلامە لە خۆدەربازکردنی لە چنگـی مۆسـاد سـەرکەوتوو بـووە، پێشـکەوتنێکی دی دەرکەوت و ئومێـدی نـوێی بە تیمەکەدا، کاتێک لە سـەرچاوەیەکی نزیـک لە بـلاک سـێپتەمبەرەوە زانیـاری نـوێ گەیشت و باسی لە بوونی سەلامە لە ئـوڵم دەکـرد. دیـاربوو لە هەوڵـی پێکهێنـانی تیمێکدابوو بۆئەوەی لە تۆڵەی کوشتنی محەمەد بودیا لە پاریس باڵیۆزی ئیسرائیل لە سوید تیرۆر بکات.

هەموو هەوڵەکان لەسەر سوید چڕکرانەوە، سیستمی ئاسایشی پاسـەوانیکردنی

باڵیۆزخانە تووندتر کرا، پۆلیسی سوید لەوپەڕی وریاییدا بوون، ئەندامانی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بەرەو سوێد ڕەوانکران بە مەبەستی دیاریکردنی شوێنی ئەو تیرۆریستانەی بە نیازن تیرۆرەکە ئەنجام بدەن و ئاواتە خوازبوون عەلی سەلامەشیان لەگەڵدا بێت.

لەم سەروبەندەدا زانیاری زیاتر لەسەر شوێنی عەلی سەلامە گەیشتن، هەمووشیان لەوەدا هاوبەش بوون کە عەلی سەلامە ئەڵمانیای بەرەو وڵاتێکی ئەسکەندناڤیا جێهێشتووە. بارەگای سەرەکی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت ئاگادارکردنەوەی سووری داگیرساند، دیاربوو دواجار هیوایەک بۆ دەستگیرکردن و لەناوبردنی عەلی سەلامە پەیدابووە، بەڵام شوێنە دروستەکەی کوێیە و لە چ وڵاتێکی ئەسکەندناڤیا دەوەستێت، دیارنەبوو؟

ڕاگەیەنراو لە دوای ڕاگەیەنراو، بابەتەکەی ئاڵۆزترکرد. لە کۆتاییدا دەرکەوت بلاک سێپتەمبەر بە تەواوی دەستبەرداری پلانەکەی ستۆکهۆڵم بووە، بەهۆی ئەو ڕێوشوێنە تووندانەی لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئاسایشی سویدەوە بۆ پاراستنی سەلامەتی باڵیۆزخانەی ئیسرائیل لە سوید گیراونەتەبەر. هاوکات، بەپێی زانیاری ئاژانسە هەواڵگرییەکان، هەرچەندە سەلامە لە سویدە، بەڵام بڕیاری داوە لە وڵاتێکی دیکەی ئەسکەندناڤی کردەوەیەک بکات، بەڵام تا ئێستا کامە وڵاتە دیار نییە.

فەرماندەی باڵای یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت خۆی بۆ ئەو پەرەسەندنە نوێیە ئامادەکرد، جەنگاوەران بۆ وڵاتی جیاجیا نێردران و ڕێنمایی کران ئەوپەڕی توانای خۆیان بۆ دیاریکردنی پەیوەندییەکانی و شوێن و ئاشکراکردنی پلانەکەی سەلامە بخەنەگەڕ.

تیمێک لە جەنگاوەرانی نهێنی لەپێناو تاقیبکردنی کەمال بێنامانی بە ڕەگەز

جەزایری تەمەن ٢٨ ساڵە ڕەوانەی جنێف کرا کە هاوژینێکی سویدی هەبوو، بۆ خۆشی یەکێک لە هاوەڵانی سەلامەبوو. هەندێک وردەکاری گرنگ و جێ بایەخیان لەبارەیەوە ئاشکرا کرد: بەڕۆژ جلی کار لەبەر دەکات و لە کارگەیەکی دەوروبەری جنێف کار دەکات و بە پاس هاتووچۆی سەرکار دەکات. ئێوارانیش دەچێتە یانەیەکی دوورەدەست، لەوێ بیرە دەخواتەوە و چاوچاوانێ لەگەڵ ئافرەتان دەکات، ئاشکرا کردنی ئەمانە لە لایەن تیمەکەوە زۆری نەخایاند کە لەو بۆنانەدا چاوی بە ئەندامانی بلاک سێپتەمبەر لە ئەوڕووپا دەکەوێت. هەندێ جاریش بێنامان بە جورێکی زۆر جیاواز دەردەکەوێت: جلی کەشخە لەبەر دەکات و ئامادەی ئەو ئاهەنگانە دەبێت کە لە لایەن پاشکۆی دیپلۆماتکارە عەرەبییەکان و میوانە گرنگەکانی عەرەب ئەنجام دەدرێن، لەم بۆنانەدا هەموو پەیوەندییەکانی خۆی بە بلاک سێپتەمبەر دەشارێتەوە.

لە ١٤ی تەممووزی ١٩٧٣ ئەو جەنگاوەرانەی لەوێ دانرابوون، پەیامێکی بە پەلەیان بۆ فەرماندەی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت نارد: کەماڵ بێنامان لە باڵەخانەی شاندی سعودی لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوو و بە ئۆتۆمبیلێکی تابلۆی دیپلۆماسی بەرەو فڕۆکەخانەی جنێف ڕۆیشت و تەنیا جانتایەکی بچووکی گەشتی پێبوو، یەکسەر چووە دەرگای ساس و کەمێک دواتر بەرەو کۆپنهاگن فڕی.

هیچ یەکێک لە یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بە دروستی شتێکیان لەبارەی مەبەستی گەشتی ئەو جەزایریە نەدەزانی، ئەوەی هەبوو مەزەندەبوو کە لە نێویاندا وا لێکدرایەوە ڕەنگە بە ڕێگەی دیداری ئەندامانی بلاک سێپتەمبەر بێت بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ پەلامارێکی تیرۆریستی، ئەگەرێکی دی ئەوەبوو ڕەنگە عەلی سەلامە لە کۆپنهاگن بێت و بێنامان کە یەکێک لە کەسە سەرەکییەکانی ئەوڕووپای بوو لە ڕێگەی دیداری سەلامەوە بێت. بە هەر حاڵ دەبوو ئیسرائیلییەکان شوێن پێی بکەون، ژمارەی گەشتەکەی بە نوێنەرانی یەکەی

ئۆپەراسیۆنی تایبەت لە کۆپنهاگن درا، ئەوانیش بە پەلە بەرە فرۆکەخانە ڕۆیشتن.

دەرفەتێک هەبوو کە ڕەنگە بێنامان یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بە عەلی سەلامە بگەیەنێت، ئەمەش بۆ مۆساد گرنگبوو کە تیمێکی جەنگاوەران بۆ ئەسکەندناڤیا بنێرێت.

داڤید تەلەفۆنێکی بە پەلەی بۆ سیلڤیا کرد و گووتی: گشت پلانەکانت هەڵوەشێنەوە و خۆت بۆ گەشت ئامادە بکە. سیلڤیا لەبارەی ئاڕاستەی گەشتەکە پرسیاری لێ نەکرد، چونکە هەرگیز بە تەلەفۆن قسەیان لەبارەی بابەتەکانی کار نەدەکرد، بەڵام هەستی پێی ڕاگەیاند، ئەوە ئەرکێکی هاکەزایی نییە.

داوای کرد: ئایا شتێکی دی هەیە پێویست بکات بیزانم؟

لە ئێستادا نا، چونکە ئەویش هیچی لەبارەی وردەکاری پلانەکە نەدەزانی.

زیڤی زامیر بەڕێوەبەری مۆساد کە کاری لە پێشینەی ببووە پاکتاوکردنی عەلی سەلامە، بە فەرماندەی مارک هەراری تیمێکی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی دامەزراند بۆئەوەی لیستێک بە ناوی ئەو جەنگاوەرانە ئامادە بکات بۆئەوەی ڕەوانەی ئەسکەندناڤیا بکرێن، هەراری پیاوێکی بااڵبەرزی تەمەن پەنجاو چوار ساڵی بە ئەزموونبوو کە چەند ساڵ لە هەواڵگریدا کاری کردبوو، لەگەڵ گشت جەنگاوەرەکان هاوڕێیەتی هەبوو، چەندان جار بینیبویانی، بۆیە هەموو شتێکی لەبارەی ڕاهێنان و دەستکەوت و خاڵە لاواز و بەهێزەکانیانەوە دەزانی. لە ماوەی دوو ڕۆژدا لیستێکی بە ناوی جەنگاوەرە بەئەزموونەکان ئامادەکرد کە لە نێویاندا ئەبراهام گەمەر و دان ئاربێلی بە ڕەگەز دانیمارکی و سیلڤیا ڕافائیل هەبوو کە لە زۆر ئەرکدا ئازایەتی و لێهاتوویی خۆیان پیشاندابوو، لە هەموو شوێنێکدا هەراری بە دوای یەکێک دەگەڕا بتوانێت بە زمانی ئەسکەندناڤیان بدوێت، هەرچەندە مارینا گێلدنکۆفیشی بە ڕەگەز سویدی تازە دەستی بە پرۆگرامی ڕاهێنانی یەکەی

ئۆپەراسیۆن کردبوو، وێڕای بێ ئەزموونی لە بواری هەواڵگریدا، بەڵام بەهۆی پاشخانە ئەسکەندناڤییەکەیەوە ناوی ئەویش بۆ لیستەکە زیادکرا.

لەم سەروبەندە، ڕووداوەکان زۆر بە خێرایی پەرەیانسەند، بەکرێگیراوێکی عەرەب کە لە بەیروت بۆ ئیسرائیل کاری دەکرد زانیاری نوێی بۆ تەلەئەڤیڤ نارد و دووپاتی لەئەگەری گەیشتنە جێی عەلی حەسەن سەلامە دەکردەوە، بە گوێرەی ڕاپۆرتی پیاوەکە عەلی حەسەن سەلامە خەریکە دەگاتە دانیمارک بۆئەوەی بۆ پەلامارەدانە سەر ئامانجەکانی ئیسرائیل تیمێک بخاتەگەڕ، زانیاری بەپەلە دەگەیشتن. لقی هەواڵگری مۆساد ئاگادار بوو کە یەکێک لە هاوەڵانی سەلامە بە ناوی کەمال بێنامانی بە ڕەگەز جەزایری خەریکە دەگاتە دانیمارک، هەروەها عەلیش بەرەو دانیمارک کەوتووەتەڕێ. تا ڕادەیەک دڵنیاشبوون ڕەنگە ئەو دووانە یەکدی ببینن، بەڵام لە کوێ یەکدی دەبینن، لە دانیمارک یان نەرویج، لایان ئاشکرا نەبوو؟

هەرزوو دانیمارک لەو ئەگەرە دەرهێنرا، چونکە دیاربوو بێنامان نیەتی چوونە دانیمارکی نەبووە، لەبەرئەوەی ئەو فڕۆکەی ساس کە لە جنێڤەوە فڕی، پاشنیوەڕۆی ١٤ی تەممووز لە فرۆکەخانەی کۆپنهاگن نیشتەوە و نەشچووە تێرمینالی دەرچوون، بەڵکوو چووە شوێنی وەرگرتنەوەی جانتاکان و بەرەو دەرگای چوونە دەرەوە ڕۆیشت، لەبڕی ئەوە بەرەو تێرمینالی پشکنینی تیکتی ساس چوو کە ژمارەیەکی کەمی خەڵک چووبوونە ناو فڕۆکە. ئەو جەنگاوەرانەی بە دوای جەزایریەکەوە بوون، بلیتی چوون بۆ ئۆسڵۆیان لەسەر مێزەکەیدا بینی.

جەنگاوەرەکە لە ڕێگەی ووکی تۆکیبە شاراوەکەیدا، تەلەفۆنی بۆ ئەفسەری سەرپەرشتکار کرد و ئاڕاستەی ئەو پیاوەی پێ ڕاگەیاند کە بە دواوەی بوو. ئەویش زانیاریەکانی گەیاند و لە مۆساد خرۆشانێك دروستبوو. چونکە هەموو شتێک

ڕوونە: بێنامان و عەلی سەلامە بە نیازن لە نەرویج یەکدی ببینن، ئەمەش ئەو دەرفەتە زێڕینەبوو کە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانن.

ئەو تیمە جەنگاوەرە نهێنییەی کە بۆ پاکتاوی سەلامە دانرابوو، بەخێرایی ئامادەکارییەکانی تەواوکرد و لە ئیسرائیل و زۆر وڵاتی دیکەی ئەورووپییەوە بەرەو ئۆسڵۆ بە ڕێکەوت، سیلڤیا لە پاریس بە ڕێکەوت و لە پایتەختی نەرویج دان ئاربێڵی بینی، ئەو دووانە بە ساردی تەوقەیان لەگەڵ یەکدی کرد، چونکە سێ ساڵ پێشتر بە ئەرکێک لە ژێر چیرۆکی دوو خۆشەویستی ساختە بۆ وڵاتێکی عەرەبی دوژمن بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری ڕەوان کرابوون. بەڵام بەرلەوەی بگەنە شوێنی مەبەست بەلەمێکی دەوریە دەست بەسەری کردن. لە دەست بەسەرەکەیاندا فیلمی کامیراکانیان لێ فڕێدان و بۆ چەند کاتژمێرێکیش لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرا، بەڵام لەسەر چیرۆکە شاراوەکەیاندا پێداگربوون بە بانگەشەی ئەوەی کە تازە بووک و زاوان و ئەو وڵاتە دڵڕفێنەیان بەلاوە پەسندبوو تا پشوویەکی خۆشی لێ بەسەر بەرن. لێکۆڵیارەکان لە ئاشکراکردنی مەبەستی ڕاستەقینەی گەشتەکەیاندا سەرکەوتوو نەبوون، بۆیە لە کۆتاییدا ئازادیان کردن، بەڵام هۆشدارییەکی تووندیان پێدان کە نەکەن جارێکی دی ڕوو لەو وڵاتە بکەنەوە.

لە ئۆسڵۆ جەنگاوەرەکان لەگەڵ سەرۆکی تیم کۆبوونەوە کە پیاوێکی خڕکەڵەی کورتە باڵای تەمەن دەوروبەری چڵ ساڵبوو کە پێشتر یەکدیان نەبینیبوو. سەرۆکی تیم ئەندامێکی بە ئەزموونبوو، یەکێکبوو لە ڕزگاربووانی هۆلۆکۆست، بەهۆی ئازایەتی و زۆرزانییەوە خۆی لەبەر ترس و تۆقاندنەکانی شەڕی دووەمی جیهانی گرتبوو. بە سیلڤیای گووت، ئەوکاتەی جووەکانیان ڕاپێچی ناو لێڕێکی چڕکرد و هەموویان کوشت و فڕێیاندا ناو چاڵێکەوە، ئەو تەمەنی تەنیا دوازدە ساڵبوو، بەڵام بێئاگایی پاسەوانەکانی قۆستەوە و ڕایکرد و خۆی گەیاندە ناو تەبارە

گەنمەکانی ئەو ناوە و خۆی لە گوللەی ئەڵمانییەکان شاردەوە، بەڵام بەهۆی ئەو سەگانەی بە دوایدا ڕەوان کران، جارێکی دی دۆزیانەوە و زاڵمانە بە قۆنداغە تفەنگ کەوتنە سەری و لەگەڵ کۆمەڵێک جووڵەکەی دی لەسەر ڕۆخی چاڵەکەیان ڕاگرت، بەڵام بەر لەوەی ئەڵمانەکان تەقە بکەن، خۆی هەڵداوەتە ناو چاڵەکە و خۆی کردووە بە مردوو. دواتر لە تاریکیدا لە چاڵەکە هاتووەتە دەرەوە و جارێکی دیکە ڕایکردووەتەوە.

دواتر لە یەکێک لە کەمپەکاندا زیندانی کراوە کە لە لایەن ئەڵمانەکانەوە ڕێڕەوی هێزەکانی ئاسمانی ئەڵمانیایان پێ خاوێن و چاک دەکردەوە. ڕۆژێک فڕۆکەیەکی ئەڵمانی لە ئاسمان گڕ دەگرێت و دەکەوێتە سەر ڕاڕەوەکە، مێرد منداڵەکەش بەرەو لای فڕۆکە تێکشاکەوە ڕادەکات و دەبینێ فڕۆکەوانەکە بێ هۆش کەوتووە و سەری شۆڕبۆتەوە، ئەو مێردمنداڵە لە چەند خولەکێکدا پێش ئەوەی فڕۆکەکە بتەقێتەوە فڕۆکەوانەکەی ڕاکێشاوەتە دەرەوە. فڕۆکەوانەکە سەرکردەی پۆڵبوو ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێت، کاتێک چاکبۆتەوە بە دوای ئەو مێردمنداڵەی نارددووە کە ژیانی ڕزگارکردووە و بە خزمەتکاری خۆی دایمەزراندووە، ئەو مێردمنداڵە بەهۆی ڕزگارکردنی ئەفسەرەکە لە شەڕ ڕزگاریبوو. دوای ئاگربەست بە یارمەتی ئەفسەرێکی ڕوسی بە بنەچە جوو توانیویەتی ڕابکات و بەرەو ئیسرائیل کۆچ بکات و بەشداری شەڕی سەربەخۆیش بکات. پاشان لە ریزەکانی شاباک قبوڵ دەکرێت، لەوێشەوە بۆ مۆساد دەگوازرێتەوە و وەک جەنگاوەری نهێنی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت لە ئەوڕووپادا بەشداری چەندان ئەرکی کردووە.

لە ئۆسڵۆ، سەرۆکی تیم وردەکاری ئەرکەکەی بۆ تیمی شەڕکەر ڕوونکردەوە کە پێیان سپێردرابوو، کۆمەڵێک وێنەی عەلی سەلامەی دایە دەست هەر تیمێک و ڕایگەیاند: هۆکاری بوونی ئێمە لێرە، ئەو پیاوەیە. تکایە تێبینی ئەوەش بکەن

ڕەنگە لەم وێنانە نەچێت، چونکە ئەو وەستای خۆگۆڕینە، ئەوەشتان لەبەرچاو بێت، دوور نییە بۆ خۆشاردنەوە بارۆکە لەسەر بنێت، ڕدێن و سمێڵ دابنێت یا جلوبەرگی نائاسایی لەبەر بکات.

سیلڤیا زۆر بە دیقەت لە وێنەکان ڕاما و زۆریش کەیفخۆشبوو بەوەی زۆر نەماوە بەو کەسە بگەن کە لە لایەن مۆساد داواکراوترین کەسە، سووربوو لەسەر ئەوەی بە هەر نرخێک بێت، ئەمجارە ڕێگە نادات لە چنگی دەربازی بێت.

دوای لێکدابڕانی ماوەیەکی درێژ، سیلڤیا و ئەبراهام گەمەر لە ئۆسڵۆ یەکدیان بینیەوە، هەردووکیان هەم حەپەساو هەم دڵخۆشبوون کاتێک زانیان پێکەوە کاردەکەن. سیلڤیا بە ئەبراهامی گووت: "مایەی بەختیاریە بۆ بەشداریکردن لە هەمان ئەرکدا پێکەوە هەڵبژێردراوین" ئەوەی بە یاد هاتەوە کە بەیەکەوە زۆر باش کاریانکرد، کاتێک ئەبراهام لە قوتابخانەی ئۆپەراسیۆنی تایبەتدا مامۆستای بوو. جەنگاوەران یەکەم کۆبوونەوەیانکرد و پێیان ڕاگەیێندرا لەپێناو دوورکەوتنەوەتان لەو ئەگەرەی نەبادا بە هۆی ژمارەی کارتەوە شوێن پێتان هەڵبگیردرێت، نەکەن بە کارت پارە بدەن.

سیلڤیا و مارینا تەنیا ئافرەتی تیمەکەبوون، مارینا بە سیلڤیای گووت سەرەڕای بایەخدانی زۆری بەو ئەرکەدا، بەڵام هەست دەکات تەواو ئامادە نییە. کاتێک سیلڤیا لێی پرسی، بۆ؟ مارینا ڕوونی کردەوە کە ئەمە یەکەم ئەرکیەتی.

سیلڤیا هۆپەکی لە خۆی بینی، چونکە تا ئەو ساتەش زۆر متمانەی بەوانەی سەرووی خۆی هەبوو کە دەزانن چ بکەن. هەروەها پێیوابوو ئەوان جەنگاوەرە هەرە بە ئەزموونەکانیان بۆ ئەرکێکی وا ئاڵۆز و وردنارددووە، بەڵام بەم قسەیەی مارینا گومانی لا پەیدابوو و گووتی: لەوانەیە تۆ شتگەلێکی جودات هەبێت بتوانی بیکەیت.

مارینا گووتی: من سویدی دەزانم.

سیلڤیا گووتی: بەڵام ئێمە لە نەرویجین، ئایا شتێک لە زمانی نەرویجی دەزانیت.

تۆزێک دەزانم.

بۆ سیلڤیا دەرکەوت لەوانەیە مارینا حەلقەی بێهێزی تیمەکە بێت و کاریگەری لە سەرکەوتنی تیمەکە بکات و کێشەیەک بنێتەوە کە خۆی و ئەفسەری سەرپەرشتکار ئامادەکاری تەواویان بۆی نەکردبێت. لەگەڵ ئەوەشدا بە نادڵی وەڵامی دایەوە و گووتی: هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم. لە پێناو سەلامەتی بارودۆخەکە دەبوو داوا لە فەرماندەکانی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بکات بە بڕیاری بوونی مارینا لە تیمەکەدا بچنەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەرکەکە لە سەروبەندابوو، ئەندامانی تیم پێشتر هەڵبژێردرابوون و لە ئاڕاستە و شوێنی جوداوە گەیشتبوون، بۆیە ڕەنگە بڕیاردان لە گۆڕینی پێکهاتەی تیمی جەنگاوەران لە دوا ساتدا بە نەرێنی لەسەر ئۆپەراسیۆنەکەدا بکەوێتەوە.

سیلڤیا ڕێگەی نەدا ڕەشبینی دایبگرێت، هیچ ڕێگەیەکی دیکەی نەدۆزیەوە جگە لە بینینی لایەنە گەشەکە نەبێت: بێ لە مارینا، ئەو تیمەی ڕەوانەی نەرویج کرابوو لە جەنگاوەرانی بە ئەزموون و ڕاهێنراو پێکهاتبوو لە توانایاندا هەبوو هەر کێشەیەک بێتە پێشیان بە دروستی چارەسەری بکەن، بۆیە هیوادار بوو تیمەکە هەمووی پێکەوە بتوانێت قەرەبووی ئەو ئەندامە بێ ئەزموونەی بکاتەوە.

لە کاتژمێر و ڕۆژانی داهاتوودا، سیلڤیا پەشۆکاو و ڕاڕابوو، چونکە یەکەمجاری بوو متمانەی بە فەرماندەکانی سەرووی خۆی لەق بێت. کاتێک پرسیاری کرد، باشە ئەگەر شتگەلێکی خراپ لە پلانەکەدا هاتەپێش، ئەندامانی تیم چۆن ڕەفتار بکەن، چونکە لەبارەی چۆنیەتی کارکردن لە بارۆدۆخێکی وەهادا هیچ ڕێنوێنییەک بە ئەندامانی تیم نەدرابوو. لەوەش واوەتر، بە پێی زانیارییەکانی هیچ پلانێکی

ڕوون بۆ پاشەکشەکردن لە ئارادا نەبوو. لە ئەبراهام گەمەری پرسی، ئایا شتێک دەزانێت لە حاڵەتی شتەکان بە هەڵە ڕۆیشتن، پلانێک بوونی هەبێت، لە بەرامبەردا ئەبراهام بە هەڵتەکاندنی شانەکانی بێئاگایی خۆی نیشاندا و گووتی: ئەوەندەی بزانم بیریان لەوە نەکردۆتەوە.

بە سەرسوڕمانەوە پرسیاری کرد: بۆ نا؟

لەبەرئەوەی کەس بڕوا ناکات شتگەلێکی چاوەڕوان نەکراو ڕووبدات و وابکات پاشەکشە پێویست بێت. گەمەر لە کن سیلڤیا دانی بەوەدا نا، ئەویش لەوە نارەحەتە.

بە تێگەیشتنی سیلڤیا ئەو کەلێنە سەر بۆ ڕوودانی کارەساتێک دەکێشێت، چونکە ئەو لە بەشداری کردنی ئەرک بە تەواوی وردەکارییەوە ڕاهاتبوو، بەتایبەتی دەریچەی پاشەکشە، دەبوو بە وردی بیری لێ بکرابایەتەوە.

سێ جەنگاوەر لەسەر ئەو گریمانەی بە سەلامە دەگەن، ڕاسپێردران بە دوای بێنامان بگەڕێن. هەرچەندە هیچ یەکێکیان نەیدەزانی کابرای جەزایری لە کوێ دەمێنێتەوە تەنیا بە هیوابوون لە یەکێک لە هوتێلەکانی شاردا بیدۆزنەوە و پێشیان وانەبوو ئەوە کارێکی ئەستەم دەبێت، چونکە لە ئۆسڵۆ شوێنی زۆر بۆ مانەوە نەبوو. مارینا و دان ئاربێل کە تۆزێک نەرویجیان دەزانی لە ڕێگەی ڕێنیشاندەری تەلەفۆنی خۆجێیەوە لیستێکی بەناوی سەرجەم هوتێلەکان دروستکرد، تیمەکە لە نێوان خۆیاندا ئەرکی تەلەفۆنکردنیان بۆ هوتێلەکان دابەشکرد بۆئەوەی پرسیار بکەن کە ئایا بێنامان لایان دابەزیوە. گشت ئەو هوتێلانەی تەلەفۆنیان بۆی کرد لە هوتێلە هەرزانەکانەوە تا گران بەهاکان بە نەرێنی وەڵامیان دایەوە. دواجار دوای چەند کاتژمێر لە پرسیارکردن، ئەمجارە لە بەشە ناوخۆکانی قوتابیانی زانکۆی ئۆسڵۆوە دەستیان پێکرد، کارمەندی پرسگە

مانەوەی بێنامانی لەوێ دووپات کردەوە.

لەگەڵ بەرەبەیاندا، دان ئاربێل خاڵێکی چاودێری لە نزیک باڵەخانەکە دانا و چاوی لەسەر دەروازەی سەرەکیبوو، چەند کاتژمێرێک دواتر، بێنامانی بینی لە بەشی ناوخۆ هاتە دەرەوە و لە فرۆشگا بچووکەکەی سووچەکە سەندەویچێک و شەربەتێکی کڕی و گەڕایەوە. دان ئاربێل لە جێی خۆی نەجوڵا، ئامادەی بە دواکەوتنی جەزایییەکەبوو، کاتێک بۆ هەر کوێیەک بچێت. چەند کاتژمێرێک تێپەڕی بێنامان وەدەرنەکەوت و هیچ ئاماژەیەکیش نەبوو. ئاربێل گومانی لا دروستبوو کە هەڵەیەک هەیە، بۆیە بڕیاری سۆراغ کردنیدا. بەرەو دەروازە سەرەکییەکە ڕۆیشت و خۆی لە کارمەندی پرسگە نزیک کردەوە، کچە قوتابییە گەنجەکە سەری لەسەر ئەو کتێبە بەرزکردەوە کە دەیخوێندەوە، ئاربێل خۆی وەک هاوڕێی بێنامان پێ ناساند و داوای ژمارەی ژوورەکەی کرد.

کچەکە وەڵامی دایەوە و گووتی: نهۆمی یەکەم ژووری ١١٤. ئاربێل بە ئەسپایی بەرەو نهۆمی یەکەم سەرکەوت و ژوورەکەی دۆزییەوە، بەڵام دەرگای ژوورەکە کراوە و چۆڵبوو.

ئاربێل درکی بەوەکرد کە ئەو پیاوە لە دەرگەی پشتەوە چووتە دەرەوە، بۆیە چووە ناو ژوورەکە و بە دوای بەڵگەیەک گەڕا بەهۆیەوە بزانێت بێنامان بەرەو کام ئاڕاستە ڕۆیشتووە. لە ژوورەکەدا تەختەیەکی تەسک و دۆڵابێکی جلکان و دەستشۆرێکی بچووک هەبوو، تەنانەت هیچ جلوبەرگێک بە دۆڵابەکە هەڵنەواسرابوو، جانتاشی لێ نەبوو، بەڵام لەسەر تەختەکە وادەی چوونی شەمەندەفەر بۆ شاری لیلەهامەر کەوتبوو کە بە سەر وادەی ڕۆیشتنی شەمەندەفەرەکە (یازدە و پەنجاوپێنج خولەک) بە قەڵەم بازنەیەک کێشرابوو.

ئاربێل بە زەحمەتی بینی بێنامان بە ئەنقەست بۆ سەرلێشێواندن ئەمەی کرد

بێت، بە مەزەندەی ئەو دیارە پیاوەکە پەلەیبووە بە شەمەندەفەری لیلەهامەر بگات، بۆیە لە بیری کردووە ئەمە لەگەڵ خۆیدا بات یان بیدڕێنێت، کاتیش دە و چل خولەکی پێشنیوەڕۆبوو.

ئاربێل بە پەلە لە باڵەخانەکە دەرپەڕیە دەرەوە و تاکسییەکی ڕاگرت و داوای لێکرد بیگەینێتە وێستگەی شەمەندەفەر، ڕێگەکە بیست خولەکی خایاند، هێشتا کاتژمێرێک کەمتری مابوو پێش ئەوەی شەمەندەفەرەکە بەرەو لیلەهامەر بڕوات. ئاربێل ڕایکردە لای دەرگای ژمارە حەوت و خۆی لەو ئۆتۆمبیلانە دەربازکرد کە چاوەڕێی شەمەندەفەرەکەیان دەکرد، بەڵام ئەو پیاوەی نەدۆزییەوە کە بە دوایدا دەگەڕا، سواری شەمەندەفەربوو، لە چاوەڕوانی گەیشتنی ئاربێل خۆی بە چواردەوری ستوونەکە هەڵواسی. چەند کەسێکی گەنج و پیر هاتنە ناو شەمەندەفەرەکە، ئافرەتێک منداڵێکی لە باوەشبوو، حەمباڵێک چەند جانتایەک و سندوقێکی هەڵگرتبوو.

دوای چاوەڕوانییەکی درێژ، لە نزیک دەروازەی وێستگەکە بێنامانی بەدی کرد، بە دوودڵییەوە شوێن پێی هەڵگرت و بە دوایەوە ڕۆیشت. هەرچەندە پێدەچوو جەزایریەکە وریایی خۆی وەرگرتبێت، بەڵام تێبینی ئاربێلی نەکرد کە بە دواوەیەتی، لایدایە لا کۆڵانێکی تەنگەبەر و لە کافێیەکی بچووک هەڵوەستەی کرد و بە پێوە ئەسپیرۆیەکی خواردەوە، پاشان سەیری کاتژمێرەکەی کرد و بە جوانی لە دەوروبەری خۆی ڕوانی و بە پەلە گەڕایەوە وێستگەی شەمەندەفەر، تیکتەکی کڕی و چووە مینبەری حەوت و خۆی کرد بە ناو یەکێک لە هێڵی ئۆتۆمبیلەکانەوە، تابلۆیەکی ئەلیکترۆنی لە سەرەوەی پلاتفۆرمەکە ئاڕاستەی شوێنی شەمەندەفەرەکەی نیشاندەدا: لیلەهامەر، چەند خولەکێک دوای سواربوونی بێنامان شەمەندەفەرەکە ڕۆیشت.

ئاربێـل یەکڕاسـت تێلـی بـۆ خـاڵی یەکەی فەرمانـدە کـرد و زانیـاری نـوێی ڕەوانکرد، چەند خولەکێک دواتر زانیارییەکە گەیشتە دەست یەکەی ئۆپەراسـیۆنی تایبەت لە ئیسڕائیل. مایک هەراری کە خەریکی فـڕین بەرەو نەرویـج بـوو، دڵنیـا بووەوە کە بێنامان چووەتە هاوینە هەواڕە بچووکەکەی دەرەوەی شار تا بەنهێنـی لەگەڵ سەلامە کۆبێتەوە، فەرمانی بە تیمەکەدا هەر ئێستا دەسـت بە ئامادەکـاری چـوون بـۆ لیلەهـامەر بکـات و ئاربێلیشـی ئاگـادار کـردەوە لە چـاودێری کردنـی بێنامان بەردەوام بێت.

هەر لە فڕۆکەخـانەی ئۆسـڵۆوە تـیمەکە شـەش ئۆتـۆمبیلی بەکـرێ گـرت، هاوکات دان ئاربێلیش گەیشتە لیلەهامەر و شوێنی مانەوەی بۆ تیمەکە ئامادەکرد کە لەسـەر گەیشـتنبوو. هەر ژووڕێـک جـێگەی دوو یـان سـێ جەنگـاوەری تێـدا دەبۆوە، هەروەها ئەپارتمانتێکی سەرباریشـی بـۆ فەرمانـدەی تـیم و زیڤـی زامیـر بەڕێـوەبەری مۆسـاد و مایـک هەراری گـرت کە بـۆ فەرمانـدەیی کردنـی ئۆپەراسیۆنەکە بەڕێوەبوون.

هەر زوو تەواوی تیمەکە گەیشتە لیلەهامەر، ڕێنوێنیان درابووێ کە چاودێری لەسـەر سـەلامە تووند بـکەن و شـوێنەکەی بـۆ تیمـی گورزوەشـێن دیـار بـکەن بـۆئەوەی پاکتـاوی بـکەن و لەنـاوی بـبەن. سـەرباری سـیلڤیا و ئەبراهـام گەمەر هەندێ جەنگاوەری دیکەش هەستیان کردبوو شتگەلێک لە پلانی ئۆپەراسـیۆنەکە وەک ئەوە نییە کە دەبێت ببێت، هاوئاهەنگی لە چیـرۆکە نهێنییەکانیانـدا نەبـوو، تەواوی وردەکاریان پێ ڕانەگەیەندرابوو، هەندێکیان لە میانەی ئۆپەراسیۆنی دیکە یەکتریان دەناسی، بەڵام ئەوانی دی هەڤاڵانی خۆیان نەدەناسی. لە ڕاستیدا ئەگەر هەمووان یەکدی بە باشـی نەناسـن ڕەنـگە گرفـت دروسـت بێـت. بـۆ نمـوونە: بە شێوەیەکی گشتی لای ئەندامانی تیم ڕوون نەبوو، ئەگەر هەڵەیەک هاتە پێشـەوە چـۆن هەڵسـوکەوت بـکەن، ئەگەر دەسـتگیرکران، دەتـوانن پێـداگری لە چیـرۆکە

نهێنییەکانیان بکەن و لەگەڵ چیرۆکی ئەوانی دی دژ نەبێت.

کاتێک ئیسرائیلییەکان گەیشتن و لەو شوێنانە جێگیربوون کە بۆیان ڕێکخرابوو، هاوینەهەواری لیلەهامەر لەسەر خەوێکی قوڵی نیوەڕۆیانەدا بوو. یەکەم ڕۆژی لیلەهامەر گەرم و خنکێنەربوو، گشت دوکانی شەقامە سەرەکییەکان داخراوبوون، جگە لە پیتزا و کافێکان نەبێت. لە هاوینەدا ئەو شارە ٢٠ هەزار دانیشتووانییە لە گەشتیار چۆڵ و هۆڵە، تەنیا چەند هوتێلێک و هەندێ خانووی تایبەت پێشوازی لە گەشتیاران دەکەن، چونکە لەپێناو خولانەوە بە شەقامە سەرنجڕاکێشەکان و وێنەگرتنی وێنەی خانووە کۆنە لەدار دروستکراوەکان و سەردانی کردنی مۆزەخانەی لۆکاڵی، گەشتیاری کەم خۆیان لە بڕینی ڕێی ١٧٦ کیلۆمەتری باکوری ئۆسڵۆ دەدەن. لە زستاندا ساڵانە ٦٠٠ هەزار گەشتیار ڕوو لە لیلەهامەر دەکەن. ئەوکاتەی چیاکانی دەوروبەری لیلەهامەر تارای زیوین دەپۆشن و دەبێتە جێی سەرنجی پسپۆرانی وەرزشی خلیسکانەی سەر بەفر کە شارەکەش میواندارى پێشبڕکێی خلیسکانی نێودەوڵەتی دەکات. لە زستاندا لیلەهامەر لە سوری سڕبوون هەڵدەستێتەوە و هۆتێل و ڕێستوڕانتەکان جمەیان دێت، کافێکانیش ٢٤ کاتژمێر کراوەن، بە پێچەوانەوە لە هاوینان هیچ یەکێک لەوانە نابینرێت.

لە ١٦ی تەممووزی ١٩٧٣، جەنگاوەرانی مۆساد تاکە بیانییوون کە لە شەقامەکانی لیلەهامەر دەبینران. ئەو ژمارە کەمەی خەڵکی لۆکاڵ بە بینینی ئۆتۆمبیلە بریسکەدارە بە کرێگرتووەکانی سەر شەقامەکان حەپەسابوون. متمانەی جەنگاوەران بە سەرکەوتنی ئەرکەکەیان وای کردبوو ڕێوشوێنە ئەمنیەکان فەرامۆش بکەن. تەنانەت ووکی تۆکیەکانیشیان نەشاردبۆوە و بە ئاشکرا لەسەر شەقامەکان بەکاریان دەهێنا، بەڵام بەوشێوە بینینەیان لە لایەن خەڵکی لۆکاڵەوە سیلڤیای ناڕەحەت کردبوو، چونکە دوور نیە یەکێک لەوانەی دەیانبینێت،

هەڤاڵی حەسەن سەلامە بێت، تەنانەت سووکە گومانێکیش دەبێتە هۆی ئەوەی جارێکی دی تیرۆریستی داواکراو لە چنگیان دەربازی بێت.

فەرماندەی تیمەکە کە لە ئەپارتمانتێکی جودا لەگەڵ هەر یەک لە هەراری و زامیر دەمایەوە، فەرمانیان بە جەنگاوەران کرد لە هۆتێلە خۆجێیەکان، ڕێستوڕانت و کافێکانەوە بە دوای کەمال بێنامان بگەڕێن. دوای سۆراغ و گەڕانێکی زۆر لە دوکانێکی بچووکی پیتزا لە ناوەڕاستی شار دۆزییانەوە فراوینی دەخوات، دوای کەوتن و بۆیان ئاشکرابوو لە هوتێلی ڕێگینا دەمێنێتەوە کە کەوتبووە لا شەقامێکی ڕێگەی سەرەکی لیلەهامەر و تاڕادەیەک چۆڵبوو، بێنامان بە ناوێکی خوازراو لەم هۆتێلەدا دەمایەوە، چەند خولەکێک دواتر ئەم زانیارییە بۆ زیڤی زامیری بەڕێوەبەری مۆساد ڕەوانکرا. ئەم زانیارییە مۆراڵی زیڤی بەرزکردووە و دڵنیابوویەوە کە دواجار سەلامە لە تەڵەکە نزیکبووەتەوە.

ئەندامانی تیمەکە جۆرەها خاڵی چاودێریان لە دەوروبەری هوتێل ڕێگینا گرت، هەیانبوو لە پارکەکە پیاسەی دەکرد و خۆیان وا نیشان دەدا کە کڕیاری دوکانە بچووکەکەن، هەشیانبوو لە ژێر سێبەری دارەکاندا خۆیان بە خوێندنەوەی ڕۆژنامە سەرقاڵ کردبوو، هاوکات پێشتر ژمارەیەک وێنەی بێنامانیان وەرگرتبوو کە تێیدا بە ڕدێن و بێ ردێن هەبوو، هەموویان لە چاوەڕوانی دەرکەوتنیدا لە بۆسەدا بوون.

ڕۆژی دواتر بێنامان ژووری‌کەی جێهێشت، چووە ڕێستوڕانتی هوتێلەکە و نانی بەیانی خوارد، پاشان بە هۆڵە گەورەکە تێپەڕی و هاتە سەر شەقام. دیسان وریایی خۆی وەرگرت، نزیکەی کاتژمێرێک بەناو لیلەهامەر سوڕایەوە و سەیری بەلەمەکانی ناو دەریاچەی میسای کرد، هەمیشەش چاوی لەسەر دوروبەربوو. جەنگاوەران بە نۆرە چاودێریان دەکرد و خۆیان لێی دوور دەگرت بۆئەوەی

گومان دروست نەکەن.

دوای ئەوەی بۆ تاوێک لە کەنار دەریاچەکە ڕووینشت، بەرەو ئەو کافێیە چوو کە دەیڕوانیە چیایەکە، چووە ژوورەوە و لەسەر مێزێکی گۆشەیەکی دوور لە پەنجەرە دانیشت. شاگردەکە لێی نزیکبوویەوە و داواکارییەکەی وەرگرت، دوای کەمتر لە کاتژمێرێک دوو کەسی دی هاتنە کافێکە و لە لای دانیشتن، یەکێکیان پیاوێکی باڵابەرزی باریکەلەی پرچ ڕەشی بە سمێلبوو.

ئەو وێنانەی سەلامە کە بەسەر ئەندامانی تیمەکە دابەشکرابوون، وەکو پێویست ڕوون نەبوون. پیاوەکە لە وێنەکەدا بێ ڕدێنبوو، ڕوخساریشی زۆر باش دیار نەبوو، بەڵام ئەوە لە ناسینەوەی پیاوە بە سمێڵەکەی چووە ناو کافێکە کە سەلامەیە لەبەردەم تیمی چاودێری ڕێگر نەبوو. یەکێک لە جەنگاوەرەکان چرپاندی و گووتی: هیچ گومانێکم نییە، چونکە بە ئاشکرایی دیارە ئەو سمێڵە بۆ شاردنەوەی ناسنامە دانراوە.

هەر سێ پیاوەکە لە گفتوگۆیەکی گەرمدابوون، ئەو جەنگاوەرەی سەلامەی ناسییەوە ڕایکردە نزیکترین کابینەی تەلەفۆن و تێلی بۆ فەرماندەی تیم کرد.

ئایا تۆ دڵنیای خۆیەتی؟

سەدا سەد دڵنیام.

لە خۆشیاندا، سەرکردەی تیم تێلی بۆ هەراری کرد، هەراریش بە نۆرەی خۆی بە زامیری ڕاگەیاند. ئۆپەراسیۆنەکە بە قۆناغێکی جدی گەیشتووە، هەروەها کوشتنی سەلامە پێویستی بە وەرگرتنی ڕەزامەندی گۆڵدا مائیری سەرۆک وەزیران نەبوو، چونکە پێشتر ڕەزامەندی دابوو.

دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ زامیر، هەراری بە سەرۆکی تیمەکەی ڕاگەیاند لە ١٢ی

تەمموز سەلامە بکوژە.

لەم ساتە بە دواوە، بێنامان هەر لە بیرکرا وەک بڵێی هەر نەبووە، ئێستا فۆکەس لەسەر ئەو پیاوەیە کە لە وەسفدا لە سەلامەی دەکرد، دوای نزیکەی نیو کاتژمێرێک پیاوەکە ماڵئاوایی لە هەڤاڵەکانی کرد و ڕۆیشت، پایسکلێک لە پاڵ دیواری کافێکەبوو، سواری پایسکیلەکەبوو، دوای نزیکەی کاتژمێرێک گەیشتە شوێنی نیشتەجێبەکی هەرزانی کارکەراناوە و چووە ناو باڵەخانەکەوە، ئەوانەی بە دواوەیبوون بە درێژایی شەقامەکە خاڵی چاودێریان دانابوو.

درەنگانی بەیانی ڕۆژی دواتر پیاوەکە لە باڵەخانەکە هاتە دەرەوە، بە پایسکلەکەی چووە مەلەوانگەی یۆرکستاد و لەوێ جلی مەلەوانی لەبەرکرد و خۆی هەڵدایە ناو ئاو. لە ناو مەلەوانگە دەیان دایک و منداڵ و پیر هەبوو، گومانلێکراوەکە ئاوڕی لە یەکێکیان دایەوە و لەگەڵیدا کەوتە دەمودوو کردن.

هەرزوو مارینا گەلدنکوف دەستە جلێکی مەلەوانی بە کرێ گرت و چووە ناو ئاو، هەتا بۆی لوا خۆی لەو پیاوانەی ناوەڕاستی مەلەوانگەکە نزیک کردەوە کە لەگەڵ یەکدی دەدوان، گوێی بۆ ڕادێران و بە زمانی فەڕەنسی دەئاخڤن کە هیچ سەری لێ دەرنەدەچوو. دواتر لە ئاوەکە هاتە دەرەوە و بۆچوونی خۆی بە هەڤاڵانی تیمەکەی گووت کە لە دەرەوە چاوەڕوانبوون کە ئەو پیاوەی شوێن پێیان هەڵگرتووە، کەسێکی هەڵەیە.

ڕاپۆرتەکەی مارینا وێستێکی بە سیلڤیا کرد، ئاوڕی لە ئاربێل دایەوە و پێی گووت، بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لەبارەی سەلامە بەسەر جەنگاوەران دابەش کراوە، ئاماژە بە فەڕەنسی قسەکردنی نەدراوە و بە شڵەژاوییەوە گووتی: بێجگە لەوە، وێنەکەش ڕوون نییە، من وەکو وێنەگرێکی پرۆفیشناڵ قسە دەکەم، زۆر زەحمەتە لە میانەی وێنەیەکی وا خراپەوە ناسنامەی کەسێک بناسیتەوە، ئێمە

دووجـار پێویسـتیمان بە چێککـردنەوەی ناسـنامەی ئەو پیـاوە هەیە کە دوای کەوتووین، ڕەنگە ئەم حاڵەتە جۆرێک لە هەڵەی ناسنامە بێت.

ئاربێلیش مەترسی لە ناسنامەی دروستی پیاوەکە هەبوو، بەڵام کاتێـک سـیلڤیا پـارێزی خـۆی بە فەرمانـدەی ئەرکەکە ڕاگەیانـد، بەڵام بە لایەکیـدا چـوون، سەرکردەکانی تیم بڕوایان هەبوو کە بە شوێن پێی دروستی عەلی سەلامەن.

سیلڤیا بە متمانەی ئەوان دڵی ئۆقرەی نەگرت، چـونکە بـڕوای نەبـوو سـەلامە، ئەو پیاوەی چەندین ساڵە بـزرە و بە شـێوەیەکی گشـتی بە خۆگـۆڕین و پاسـەوان نەبێت دەرناکەوێت. چـۆن بە نـوێژی نیـوەڕۆ بـێ یـاوەر بە شـەقامی شـارێکی وا بچووک دەسوڕێتەوە کە بە ئاسانی دەبینرێت و تاقیـب دەکرێـت. دیسـان تێبینـی ئەوەشی کردبوو کە پیاوەکە بێ وەرگرتنی هیچ پارێزییەکی سەلامەتی دەچێتە ناو ئەو خانووە پەڕپووتەی ئەو سەری شەقام و بە درێژایی شەوەکە لێی دەمێنێتەوە. هەر بە سـادەیی ئەوە بـێ مانـایە و گـووتی: ئەوە هەڵسـوکەوتی گەورە تیرۆریستێکی ڕێکخراوێك نییە کە باش دەزانێت مۆساد بە دوای شوێن پێـی ئەون، بەڵام کەس گوێی لێی نەگرت. زۆربەی هاوڕێیانی تیم پێیان وابوو سـیلڤیا هەڵەیە، بە شـێوەیەک فەرمانـدەکانی ئۆپەراسـیۆنەکە دڵنیـابوون کە بەدوای پیـاوە دروستەکەن.

سـەرکردی تـیم گەیشـت و سـیلڤیا گومانەکـانی خـۆی لەگەڵیـدا باسـکرد، هەرچەندە لەگەڵیدا هـاوڕابوو کە دژبەرییەک لە کـارەکەدا هەیە، بەڵێنـی چێـک کردنەوەیدا، بەڵام دیارە قەدەر وابوو، بۆیە هیچ هەنگاوێکی بەو ئاڕاستەیە نەنا.

لە سـەروبەندی خـولانەوە بە چـوارەوری ئەو باڵەخـانەیەی مـاڵی قوربـانییە پێشبینیکراوەکەی لێبوو، سەرکردەی تیم بە هۆی تاریکییەوە کەوتە نـاو چاڵێـک و لە لاقـی ڕاسـتەی هەسـتی بە ئـازارێکی دژوارکـرد، بـۆیە بە کـۆڵی یەکێـک لە

جەنگاوەرەکان گەڕێندرایەوە شوێنی حەوانەوەی، بەڵام خولەک بە خولەک ئازار تینی زیاتری بۆ هێنا، لە ترسی لەبارچوونی ئۆپەراسیۆنەکە لە پەیوەندیکردن بە پزیشک و چوون بۆ نەخۆشخانەی لۆکاڵی شارە بچووکەکەش دوودڵبوو، هەرچەندە چەندە دانە حەبێکی ئازارشکێنی قوتدا، بەڵام هیچ یارمەتیدەر نەبوون.

لە کۆتاییدا هیچ ڕێگەیەکی دی نەبوو، جگە لە پەیوەندیکردن بە دکتۆر نەبێت، دوای ئەوەی دکتۆر هات و لاقی پشکنی و گووتی: هەرچی زووە پێویست دەکات لە نەخۆشخانە چارەسەر بکرێیت.

سەرکردەی تیم تێگەیشت کە دەبێت دەستبەرداری پۆستەکەی بێت، ڕێکاری خەوتنی لە نەخۆشخانەی نەرویج زۆر مەترسیدار بوو، بۆیە ڕاوێژی بە سەرووی خۆیەوە کرد و ئەوانیش هاوڕای بوون. فەرماندە بە شەمەندەفەر گەڕایەوە ئۆسڵۆ و یەکڕاست بۆ فڕۆکەخانە و یەکەم گەشتی بەردەستی دەستکەوت کە بۆ ڕۆما بوو، لەوێشەوە ڕاستەوخۆ بەرەو ئیسرائیل فڕی، هەراری جێگەی سەرکردەی تیمەکەی گرتەوە.

لە فڕۆکەخانەی بنگۆریۆن سەرکردەی پێشووی تیم بە تاکسی چووە نەخۆشخانەی هاشۆمەر، لەوێ دکتۆرەکان گووتیان: لە کاتی خۆیدا گەیشتی.

بە مەزاجێکی تەڵخەوە لە بەشی شکان لەسەر تەختەی نەخۆشخانە لێی ڕاکشا، ئاخر یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەو پیاوە خۆڕاگرییەکەی بوو، پیاوێک لە بارودۆخێکی تۆقێنەری سەردەمی جەنگی دووەمی جیهاندا بتوانێ لە چنگی نازییەکان دەربازی بێت، بەڵام ئێستا بە شکانی ئێسکی لاقیەوە تێ بکەوێت و لە یەکێک لە ئەرکە هەرە مەزنەکاندا دابببڕێت کە بەشداری کردن تێیدا ئاواتی هەر جەنگاوەرێکی نهێنی بوو.

لەم سەروبەندەدا، وێڕای ئەوەی پەتەکە لە گەردەنی ئامانجەکە تەواو نزیک کەوتبۆوە، بەڵام وا ڕەفتاری دەکرد کە لەم جیهانەدا شتێک نیە جێی بایەخی بێت. سەر لە ئێوارەی ٢١ی تەممووز تاوە بارانێکی هاوینەی خۆش دایڕشت، پیادەکان بە خێرایی تێدەپەڕین و لە ترسی تەڕبوون سەیوانیان هەڵدا بوو، پیاوەکە بە یاوەری ئافرەتێکی قژکاڵ کە ڕێینکۆتەکی زەردی لەبەر بوو خۆی کرد بە سینەما و تەنیا چەند کەسێکی لێبوو کە یەکێک لەو چەند کەسە جەنگاوەرێکی نهێنیبوو، لە شوێنێک دانیشتبوو زۆر لەو جووتە دڵدارە دوور نەبوو، ئەوانی بینی ئەو لەفەیان دەخوارد کە لە کافتریاکە کڕیبوویان و پێکەوە سەیری فلیمەکەیان دەکرد کە تایبەت بە قارەمانێتی هێزی ئاسمانی ئەمریکا لە جەنگی دووەمی جیهانیدا بوو.

سیلڤیاش بەشێکبوو لەو تیمەی چاودێری سینەماکەیان دەکرد و چاوەڕوانی هاتنە دەرەوەی جووتە دڵدارەکە بوون، بەڵام هێشتا ترس بەری نەدابوو، نەشیدەتوانی هەڵسوکەوتی بێباکانەی ئەو پیاوە هەزم بکات کە گوایە عەلی حەسەن سەلامەیە، ئاخر لەو ماوەیەدا یەکجاریشی نەبینی ئاوڕ لە دواوە بداتەوە بۆئەوەی بزانێت کەسی بە دواوەیە یان نا، بەڵکوو ئەو زۆر بە دڵنیایی و قۆڵ لە قۆڵی کەپلەکەی بەرەو سینەما ڕۆیشت، لە کاتێکدا کوشتنی لەسەر شەقام یان لەناو سینەما ئاسانترین کارێک بوو، بۆیە پێیوابوو ئەوە لە عەلی سەلامە ناوەشێتەوە و شتێک لەمەدا هەیە.

کاتێک کاتژمێر ١٠ و ٣٠ خولەکی شەو فیلمەکە تەواو بوو، دەرگاکان کرانەوە و خەڵکەکەش هاتنە دەرەوە، کابرای ڕەشتاڵەی سمێڵ ڕەش لەگەڵ کەپلەکەی چوونە نزیکترین وێستگەی پاسەکان، دوای چەند خولەکێک چاوەڕوانی، پاس هات و سەرکەوتن. دوو جەنگاوەر بە ئۆتۆمبیل دوایان کەوتن.

دوای چـوار ئێسـت، جـووتە دڵـدارەکە دابەزیـن، شـەقام کـپ و خامۆشـبوو، شەوقی شاشەی تەلەفزیۆنەکـان لە درزی پەنـجەرەی ئەپارتمانتەکـانەوە دەبیـنران، هەروەهـا لە پـارکە گشـتییەکەی بەرامـبەر وێسـتگەی پـاس کـچ و کـوڕە هەرزەکارەکانی گەڕەک دەبینران کە دەستبازی دەکەن.

کاتێک کەپڵەکان بەنیازی پەڕینەوەبـوون لە شـەقامی سـتۆرگتن، قەمەرەیەکـی ڤـاڵڤۆی ڕەنـگ خۆڵەمێشـی ڕێـگەی پێگـرتن، دوو پیـاوی دەستوەشـێنی سـەر بە یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت لەناو قەمەرەکە دەرکەوتن کە تەمەنیـان دەوروبەری ٣٠ ساڵ دەبوو، هەردووکیشیان ئەندامی پێشووی سـوپای بەرگـری ئیسـرائیلبوون، پێشتریش بەشداریان لەو ئۆپەراسیۆنانە کردبوو کە بۆ ئاسایشی ئیسـرائیل بـایەخی تایبەتیـان هەبـووە. یەکەمجاریشـیان نەبـوو بەشـداری لە پاکتـاوکردنی تیرۆرسـتی داواکراو بکەن. دوای مەشـق و ڕاهێنـانی بـاش ئینجـا دەسـتیان بە جێبەجێکردنـی ئەرکەکە دەکـرد، هەروەهـا زۆر بە ئەزمـوون و لێوەشـاوەبوون و متمانەشـیان بە ڕەوایەتی دۆزەکەیان و ئەوانەش هەبوو کە دەیان ناردن.

هەردووکیان دەمانچە بێدەنگەکەیان هەڵگێشا، کاتێک قوربانییەکانیان بە ترس و لەرزەوە لـووڵەی دەمانچەیـان بینـی بە نەرویجـی گووتیـان: تکـایە، لێـت دەپـارێمەوە ئەوە مەکە، بەڵام دەنگـی تەقە پاڕانەوەکەیـان کپکـرد، هەر چەنـدە تەقەکەرەکـان لەبەر چاویـانبوو ئـازاری کـچەکە نەدەن، ١٤ گوللەیـان بە پیـاوەکە وەنا. دەمودەسـت کەوتە سـەر چگـڵەکە و خـوێن فـیچقەی کـرد و ڤـالڤۆکەش بە خێرای قوچاندی. قیژەی ژنەکە لە شەقامەکە دەنگی دایەوە، هەندێک تەلەفۆنیـان بۆ پۆلیس کرد.

کاتێـک پـۆلیس گەیشـت، لە نێـو ئەو خەڵـکەی گردبـوونەوە دوو هەرزەکـاری گەڕەک کە جلوبەرگیـان بـێ سـەروبەربوو، بە پۆلیسـیان گـووت ئەوان لە پـارکە

گشتییەکەدا پێکەوەبوون و بە چاوی خۆیان تەقەکردنەکەیان بینیووە، کوڕەکە ژمارەی تابلۆی ئەو ئۆتۆمبیلەی نووسیبوو کە بۆی دەرچوو.

مایک هەراری کاتێک گوێبیست بوو پیاوە داواکراوەکە تەقەی لێکرا و کوژرا، لە خۆشیاندا چاوی گەشاوە، پێیوابوو بە مانشێتی گەورە ڕۆژنامەکانی ئیسرائیل و نێودەوڵەتی مردنی عەلی حەسەن سەلامە ڕادەگەیەنن کە چەندین مانگە مۆساد بە دوای ڕاوەدونانی تیرۆریستانە، بەڵام هیچیان بەو ئۆپەراسیۆنە مەزنەی لیلەهامەر بەراورد ناکرێن، هەر بەم بۆنەوە پیرۆزبایی لە ئەندامانی تیمەکە کرد و گووتی: ئێوە کارێکی فرە نایابتان جێبەجێکرد.

پۆلیسی لیلەهامەر سەرجەم ئەفسەرەکانی کۆکردەوە، چونکە دوای ماوەیەکی دوورودرێژ ئەوە یەکەم حالەتی کوشتنە کە ڕوبەڕوویان بێتەوە، بۆیە بڕیاری دۆزینەوە و دەستگیرکردنی بکوژیاندا. سەرۆکی پۆلیس بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند مەزەندە دەکات کوشتنەکە پەیوەندی بە بازرگانانی مادەی هۆشبەرەوە هەبێت. هەرچەندە کوژراو هیچ تۆمارێکی تاوانکاری نییە، بەڵام ئەو عەرەبێکی بە ڕەگەز مەغریبییە، هاتۆتە لیلەهامەر و ژیانی هاوسەری لەگەڵ ژنێکی ئەو شارە پێکهێناوە، هەر لێرەش کارمەندبووە، بەڵام وەک زۆربەی بیانییەکانی دی ڕەنگە بازرگانی مادەی هۆشبەر بووبێت.

ڕۆژنامەنووسان داوای ئاشکراکردنی ناسنامەی کوژراوەکەیان کرد.

سەرۆکی پۆلیس گووتی: ناوی ئەحمەد بوشیکیە.

لە کوێ دەژێت؟

لێرە لە لیلەهامەر دەژێت.

کاری چ بوو؟

ئەوەندەی بزانم، شاگردبوو.

پۆلیسی لیلەهامەر بە خێرایی دەست بەکاربوو، لە ڕادیۆ ژمارە تابلۆی ئەو ئۆتۆمبیلەی ئاشکرا کرد کە تاوانەکەی پێ ئەنجام درابوو، هەروەها کەوتە سۆراغکردنی خاوەنی ئۆتۆمبیلەکە.

بەیانی ڕۆژی دوای پاکتاوکردنەکە، ئەوکاتەی خاوەنی بە کرێدانی ئۆتۆمبیل لە فڕۆکەخانە دەرگای نووسینگەکەی کردەوە، مارینا گێلدنکۆف لە نۆرەی ڕادەستکردنەوەی ئۆتۆمبیلەکەبوو، دان ئاربێلیش لەوێبوو، بەڵام کاتێک زانی ئۆتۆمبیلەکەی هەڵاتووە، هەستی بە ناڕەحەتیکرد. لە خوا دەپارایەوە کەسێک ژمارەی تابلۆکەی نەنووسی بێت. لە پشت ئاربێل هاوواڵاتیەکی گەنجی نەرویجی لە چاوەڕوانی ڕادەستکردنەوەی ئۆتۆمبیلبوو، گوێی بۆ بەرنامەکانی ڕادیۆ هەڵخستبوو کە تێدا بێژەرەکە وردەکاری ئۆتۆمبیلە هەڵاتووەکەی باسکرد، کاتێک هەمان ژمارە تابلۆی لەسەر قەمەرەکەی پێش خۆی بینی، یەکسەر بانگی ئەو پۆلیسەی کرد کە لەو نزیکانە وەستابوو، پۆلیسەکەش لە ئاربێل نزیک کەوتەوە و داوای ناسنامەی لێ کرد، ئاربێلیش پاسپۆرتە دانیمارکییەکەی دایێ.

پۆلیسەکە گووتی: لێرە چ دەکەیت؟

گەشتیارم.

ئایا بە تەنێی؟

ئاربێل، لە بری ئەوەی بە ئەرێ وەڵامی بداتەوە، خۆی تووشی هەڵەیەکی وێرانکەرکرد.

نەخێر لەگەڵ کچە دۆستەکەمدام.

پۆلیسەکە پرسیاری کرد: ئەو لە کوێیە؟

گووتی: ئەو ئۆتۆمبیلە بەکرێ گرتووەکەی ڕادەست دەکاتەوە.

پۆلیسەکە بە پەلە بانگی قەمەرەی دەورییەی کرد، چەند خولەکێک دواتر دان و مارینا دەست بەسەرکران.

لەو سەروبەندەدا، ئۆتۆمبیلە بەکرێ گیراوەکەی دوو بکوژەکەی تێدابوو بەرەو ئۆسڵۆ بە ڕێگەوە بوو، ئەگەرچی ڕێنوێنی کرابوون بەرەو سنووری سوید بڕۆن، چونکە شەو و ڕۆژ بۆ تێپەڕینی ئۆتۆمبیلی هەڵگری تابلۆی نەرویج کراوەبوو بێئەوەی بە بازگەی پشکنین تێپەڕن. بەڵام بە هۆکارگەلێک هەراری فەرمانەکەی گۆڕی و پێی گووتن بگەڕێنەوە ئۆسڵۆ و لەوێ ئۆتۆمبیلەکە جێبهێڵن.

سەرەڕای فەرمانی ڕەوانە تایبەت بە خۆڕزگارکردنیان لەو چەکانەی لە کوشتنەکەدا بەکاریانهێناوە، بەڵام بکوژەکان چەکەکانیان لەناو ئۆتۆمبیلەکە شاردبۆوە، لەبەرئەوەی ڕۆژبوو، ترافیکی سەر ڕێگەی ئۆسڵۆ قەرەباڵغبوو، لە ناکاو لە نزیک هاوینەهەواری هامەر گلۆپی ئاماژەی ئۆتۆمبیلی پۆلیس و سڕەی دووروودرێژی ئۆتۆمبیلەکانیان بینی کە لە بەربەستەکە وەستاون و ڕێگەکە داخراوە.

جەنگاوەرانی ئیسرائیلی بەوە حەپەسان و واقوڕمای بوون و دڵنیابوون کە ئەو بەربەست دانانە جۆرە پەیوەندییەکی بەوانەوە هەیە. بەپەلە لە ئۆتۆمبیلەکە هاتنە دەرەوە و دەمانچەکانیان فڕێ دایە ڕۆخ ڕێگەکە و لە ئامادەکاری ئەوەدابوون بە پۆلیس بێژن ئەوان گەشتیارن، هاوکات هیوادار بوون هیچ کەس لە پێشەوەڕا وەسفی دروستی ئەوانی بۆ پۆلیس نەنارد بێت.

کاتێک نۆرەیان هات، پۆلیسی بەربەستەکە لە ئۆتۆمبیلەکەیان نزیکبۆوە و سەیری پاسپۆرتەکەیان کرد و بە خێرایی ئۆتۆمبیلەکەی پشکنی. یەکێک لە جەنگاوەران پرسیاریکرد، ئەوە چ بووە، ئەفسەرێک وەڵامی دایەوە، ویلی براندێت

ڕاوێژکاری ئەڵمانیا لەو شارە نزیکە، بۆیە ئەوان ڕێوشوێنی ئاسایشیان گرتۆتەبەر و گووتی: بە هیوای گەشتێکی خۆش و بەربەستەکەی بۆ کردنەوە.

دان ئاربێل و مارینا گلێدینکۆف، دوای گەیشتنیان بە بنکەی پۆلیس دەستەبەجێ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرا و لە لێکۆڵینەوەدا ڕەتیان کردەوە هیچ پەیوەندییەکیان بە کوشتنەکەوە هەبوو بێت، بەڵام بۆ بینینی ئۆتۆمبیلەکەی ئاربێل لەو شوێنەی بوشیکی لێ کوژراوە ڕوونکردنەوەیان نەبوو، پۆلیس تا ئەو ساتیش بڕوای وابوو ئەوانەی دەستگیرکراون بۆ پاکتاوکردنی حسابەتەکانی تایبەت بە مادەی هۆشبەر لە جیهانی خوارەوە هاتوونەتە لیلەهامەڕەوە.

گوشاریان لە مارینا کرد و هەڕەشەیان لێکرد، لە کۆتاییدا گووتی: من لە جیهانی خوارەوە نەهاتووم، من ئیسرائیلیم و لە لایەن مۆسادەوە نێردراوم.

ئارابێل لە زیندانێکی تاریک و تەسک دەست بەسەرکرا، هەستی کرد دەخنکێت و ناتوانێت هەناسە بدات. دواتر لێکۆڵیارە نەرویجییەکە بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەو گوشارە کاریگەری لە وردوخاشکردنی خۆڕاگری ئیسرائیلییەکەدا هەبوو. هەروەها گفتیدا ئەگەر ڕاستییەکانیان پێ ڕێژێ بۆ زیندانێکی فراوانتر دەگوازرێتەوە. ئاربێل هەرچییەکی دەیزانی لە دەستیانی نا و ئەدرێسی ئەو ئەپارتمانتەشی دایە پۆلیس کە جەنگاوەرەکانی دی لێی دەمانەوە. دوای گەڕان بەناو جلوبەرگەکانی ئاربێل پارچە کاغەزێکی شاراوەیان دۆزیەوە کە ژمارەی تەلەفۆنی یگال ئایالی پاشکۆی باڵیۆزخانەی ئیسرائیلی لە ئۆسڵۆ لەسەر نووسرابوو.

لێکۆڵیارەکە گووتی: ئەوە چییە؟

ژمارە تەلەفۆنی لە ناکاوە.

هاوکـات، حەوت جەنگـاوەرەکەی کە لە پشـتەوەڕا مـابوونەوە توانیـان لە لیلەهامەر ڕابکەن. هێشتا ڕۆژبـوو، بەڵام سـیلڤیا سـووربوو پێویسـتە دەسـتبەجێ گرووپەکە ئەوێ جـێ بهـێڵن، چـونکە هەر دواکەوتنێـک مەترسـی زیـاتر دروسـت دەکات. دواجار سیلڤیا و هەڤاڵەکانی خەریکی دەرچـوون بـوون و بەرەو لای ئەو ئۆتۆمبیلانە چوون کە لە لایان مـابووەوە، سـیلڤیا گـووتی: مـن دەمەوێـت تـا بـۆم بلـوێ لێـرە دوور بـکەومەوە. بەڵام کاتێـک دەرگەی ئەپارتمانتەکەیـان کـردەوە بە بینینـی گەمـارۆدانی باڵەخـانەکە لە لایەن پۆلیسـەوە شـۆکبوون کە لـوولەی تفەنگەکانیان لە ڕوویان ڕاگرتووە.

یەکێکیان بە ئینگلیزی لێی خوڕین و گووتی: دەستتان بەرز بکەنەوە.

کاتێک باقی تـیمەکە دەسـتگیرکران و کەلەپچەکـران، مایـک هەراری و زیڤـی زامیر ئەپارتمانتەکەیان جێهێشت و بە شەمەندەفەر بەرەو ئۆسڵۆ ڕۆیشتن، پـێکەوە لەگەڵ حەوت جەنگاوەری دی توانیان خۆیان بگەیننەوە ئیسڕائیل.

ئەفسـەرانی پۆلیسـی نەرویـج دوای دۆزیـنەوەی ژمـارە تەلەفـۆنەکەی نـاو جلـوبەرگی دان ئاربێـل، هەڵیانکوتـایە سـەر ئەپارتمـانتەکەی یگـال ئـایلا و دوو جەنگـاوەری دیکەیـان دۆزیەوە کە لەوێ خۆیـان حەشـاردابوو، ئەوانـیش دەسـتگیرکران. ڕۆژی دواتـر لە لایەن حکـوومەتی نەرویـجەوە ڕاگەیەنـدرا، یگـال کەسێکی نەویستراوە، یەکسەر بە خاو خێزانەوە سنووردارشی ئیسڕائیل کرایەوە.

چیرۆکی خۆشەویستی

ئەندامە دەستگیرکراوەکانی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بەجیا و بە ئۆتۆمبیلی پۆلیس بۆ بارەگای پۆلیسی ئۆسڵۆ گوێزرانەوە کە سەرپەرشتی لێکۆڵینەوەکەی گرتە ئەستۆ. کاتێک ساغبۆوە نوێنەرانی مۆساد ئەحمەد بوشیکیان کوشتووە، ڕەنگە ئەم لێکۆڵینەوەیە زیان لە پەیوەندی دوو قۆڵی نێوان نەرویج و ئیسرائیل بدات، بۆیە بایەخی پێدرا و پۆلیسی نەرویج لێکۆڵیارە هەرە بە ئەزموونەکانی خستە خزمەت و پەردەیەکی نهێنیشی بە چوار دەوەرەی لێکۆڵینەوەکەدا دروستکرد. کاتێک سیلڤیا گەیشتە بەر دەرگای بارەگای پۆلیس، پەیامنێر و وێنەگران هەموو هەوڵیان ئەوەبوو لێی نزیک بکەنەوە و مایکیان بەرامبەری ڕاگرت، بەڵام پۆلیس هەر کەسێکی پاڵ دەدا کەڕێگەی چوونە ناو بارەگاکەیان لێ دەگرت.

یەکسەر سیلڤیا بۆ ژووری لێپرسینەوە بردرا کە سێ ئەفسەری پۆلیس لە چاوەڕوانیدا بوون، بە هێمنی و پیشەییانە پێیان گووت، ئەوان لە شایەدی مارینا گێلدنکۆف و دان ئاربێلەوە وردەکارییەکەیان وەرگرتووە و بەڵێنیاندا "ئەگەر قسە بکا، حوکمدانەکەی سووکتر دەبێت" هەروەها پێیان گووت، هاوڕێکانی بە هەڵە ئەو پیاوەیان کوشتووە. سیلڤیا لەگەڵ خۆی بیری کردەوە "ئەگەر ئەوە ڕاستیەکەش بێت، جێی سەرسوڕمان نییە" سیلڤیا یەکسەر ئەو گومانانەی هاتەوەیاد کە لە کاتی ئەرکەکەدا خۆیان خزاندە مێشکییەوە. یەکێک لە لێکۆڵیارەکان گووتی: ئێمە لەو بڕوایەدا بووین کە مۆساد هەرگیز ناچەمێت، بەڵام دیارە هەڵەبووین.

هەروەها بە سیلڤیایان گووت، ئێمە پێشتریش دەمانزانی ناوی ڕاستەقینەت پاتریشا ڕۆکسنبێرگ نییە وەک لە پاسپۆرتە کەنەدییەکەتدا نووسراوە و هەندێ ڕاستی دیکەیان باسکرد و گووتیان: تۆ کەنەدی نیت، ناوی ڕاستەقینەت سیلڤیا

ڕافائیلە، تۆ کار بۆ مۆساد دەکەیت.

سیلڤیا بە ساردی چاوی تێبڕین و بێ دەنگبوو. هەرچەندە لە پرسیارباران کردنیدا بەردەوامبوون، بەڵام یەک تاقە وەڵامیشیان وەرنەگرت، چونکە بڕیاریدا بوو یەک وشەش نەڵێت، نە هەڕەشە و نە گفت نەیانتوانی ئەوەی دەیزانێت بۆیان باس بکات یان پێیان بڵێت.

ئەفسەری پۆلیس سیلڤیای لە ژوورێکی بێ پەنجەرە بەندکرد، ئاودەستی سووچی ژوورەکە بۆنێکی زۆر ناخۆشی لێدەهات، تەنیا چەند کاتژمێرێکی لە بەردەمبوو بە یەکجاری بتەقێتەوە، چونکە متمانەی بە بەڕێوەبەرەکانی پارچە پارچە ببوو. لە مێشکی خۆیدا پرسیارەکانی سەروبەندی قۆناغی پلاندانان و ڕەزامەند نەبوونی لە دانانی کەسانی بێ ئەزموون و نرخاندنی ناسنامەی ئەو کەسەی گوایە عەلی حەسەن سەلامەیە، لەگەڵ بە فیڕۆدانی کاتی ناپێویست بۆ پەلە نەکردن لە بەجێهێشتنی ئەپارتمانتەکەی لیلەهامەری لێک دەدایەوە و لە خۆی پرسی، چۆن دەبێت کەسانی بە ئەزموونیی ئۆپەراسیۆنی تایبەت پلانی نەزۆک بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکێکی وا هەستیار دابڕێژن؟

سیلڤیا پێیوابوو دەوڵەتی ئیسرائیل بۆرزگارکردنی ڕاگیراوەکانی هەموو هەوڵێک دەدات، بەڵام سەری سوڕمابوو چۆن تا ئێستا کەس سەردانی نەکردووە، نە نوێنەرانی باڵیۆزخانە نە پارێزەری بەرگری، ئاگای لەوە نەبوو مۆساد، وەزارەتی دەرەوە و تیمی یاسایی وەزارەتی دەرەوە لەڕۆژی دەستگیرکردنیانەوە هەوڵی سەردانی کردنیاندابوون، بەڵام دەسەڵاتدارانی نەرویج ڕێگەی پێ نەدابوون .

ژیان لە گرتووخانەدا دێوەزمەیە، بەندیخانەکەی سیلڤیا تەسک و تاریکبوو، تەنانەت نەیدەتوانی لەسەر تەختەکە تەواو ڕاکشێت، چونکە تەختەکە کورتبوو، ئەو خواردنەی بۆیان دەهێنا زۆر بێ تامبوو، قاوەکەی بۆیان دەهێنا ساردو

خەست بوو، ڕۆژنامە، کتێب و ڕادیۆشی لێ قەدەغەبوو، بە پاساوی سەلامەتی ئاسایشیەوە ڕێگەی هاتنە ناو مەیدانی ڕاهێنانیشی نەبوو. تەوای ئەندامی جەستەی ژانیان دەکرد، چاوەکانی لە تاریکیدا ڕانەهاتبوو، بێدەنگیەکەی کاریگەری لە دەمارەکانی کردبوو.

سیلڤیا ئایندەی لەسەر ئەو هیوایە هەڵچنیبوو کە ئیسرائیل بێدەنگ نابێت، بەڵکوو بەخێرایی کار بۆ ئازادکردنیان دەکات و گوشاری دیپلۆماسی لە دەسەڵاتدارانی نەرویج دەکات. لەوەش خراپتر، لە درێژەدان بە کارکردنی لەڕیزەکانی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت و چالاکییە نهێنییە مەترسیدارەکان، متمانەی بە فەرماندەکان و بڕوای بە سیستەمێک کە خۆی بەشێک بوو لێی لەقبوو، ئاخر ئەو بۆ سەرکێشی و ڕاکردن لە کێشە تایبەتییەکانی نەببووە مۆساد، بەڵکوو لەپێناو خەڵکی جوو و ئەوڕێبازە دروستە بوو کە بڕوای پێ هەبوو. هەروەها زۆر پشتی بە زیرەکی و لێهاتوویی فەرماندەکانی قایمبوو کە بوار بە دەستوەردانی چانس لە پلانەکانیان نادەن، بەڵام ئەو بڕوا و متمانەیەی وەک بڵقی سەر ئاو پوکانەوە، دڵنیاش نەبوو ئایا دەتوانێت لەژێر دەستی ئەوانە درێژە بە خزمەتەکانی بدات کە متمانەی پێیان نەماوە.

دواتر باوانی بە بیرهاتەوە، چونکە دەیزانی هەواڵی دەستگیرکردنی ئازاریان دەدات و خەمباریان دەکات، هەروەها بیری لە خۆشەویستی ئەوان دەکردەوە کاتێک منداڵبوو، چۆن لە هەڵبژاردنی ڕێگەی ژیانیدا سەربەستیان کردبوو، هیوای دەخواست دەرفەت بێتە پێشەوە بۆئەوەی شتەکانیان بۆڕوون بکاتەوە و کەمێک لە ئازارەکانیان کەم بکاتەوە کە چەشتوویانە.

لە کاتی ڕووداوەکەی لیلەهامەردا، عەلی سەلامە لە ئەپارتمانتێکدا بە دارشتنی پلانی تیرۆرکردنی دیپلۆماتکارانی ئیسرائیلییەوە سەرقاڵبوو، بۆیە لەڕووداوەکەی

نەرویج بێ ئاگابوو. دانیمارک بۆ عەلی مەترسیداربوو، نەمازە پیاوەکانی هەستیان بەوە کردبوو تاقیب دەکرێن و تەلەفۆنەکانیان چاودێری دەکرێن. بۆیە ئامۆژگاری عەلیان کرد لە دانیمارک دەرچێت، سەرەتا بە تۆندی بەرهەڵستیکردن، لەبەرئەوەی هیچ ڕێگەیەکی دی نەبوو، دواجار بڕیاریدا بەرەو ئیتاڵیا بڕوات و ڕێنمایی دارودەستەکەی لە ئەوڕووپا کرد بە نهێنی لەڕۆما ببینن و پلانی پەلامارێکی نوێی تیرۆریستی پێڕاگەیاندن. ئەوانیش هاوشێوەی پیاوەکانی لە دانیمارک پێیانوابوو کات بۆ چالاکییەکی لەمجۆرە لەبار نییە و هەڵەیە، چونکە عەرەبە کۆچکردووەکان چاوییان لەسەرە، بەتایبەتی ئەوانەی گومانی پەیوەندیان بەڕێکخراوە تیرۆریستەکان لێ دەکرێت. دواجار عەلی بڕیاریدا بگەڕێتەوە بەیرووت و چاوەڕوان بکات تا دۆخەکە هێور دەبێتەوە.

پاسەوانەکانی تا تێرمینال یاوەریانکرد، ڕۆژێک دوای ئەوەی گەیشتەوە بەیرووت، هەواڵی کوشتنەکەی لیلەهامەر بڵاوبوویەوە. هەندێک لە پیاوەکانی عەلی پێیانوابوو مۆساد لە پشت ئەم کارەدا بووە بە نیازی کوشتنی سەرۆکیان، بەڵام بە هەڵە یەکێکی دی پێوەبووە.

عەلی سەلامەی فەرماندەی بلاک سێپتەمبەر ئەوەی بە دەرفەتێکی زێڕین زانی بۆئەوەی گاڵتە بە مۆساد بکات، عەرەفاتی لەڕوداوەکەی لیلەهامەر ئاگادار کردەوە و لەسەر ئەو بابەتە ڕازیبوو عەلی لەگەڵ ڕۆژنامەیەکی عەرەبی دیدارێک بکات. لە دیدارەکەدا بەڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند، کوشتنی ئەحمەد بوشیکی سەلامەندی مۆساد ئەو هەواڵگرە تۆقێنەرە نییە کە لەڕابردوو وا وێنای دەکرا و گووتی: من دەزانم بە دوای منەوە بوون، بەڵام من بە ژیانم سەردانی نەرویجم نەکردووە. هەروەها لە دیدارێکی ڕادیۆی لوبنان‌دا، سەلامە بە لاف لێدانەوە گووتی: ئەگەر ئیسرائیل پێیانوایە دەتوانن من بکوژن، پێویستە دووبارە بیر بکەنەوە. چونکە تا ئێستا بۆیان نەکراوە، لە ئایندەشدا پێیان ناکرێت و سەرکەوتوو

نابن.

فەرماندەکانی مۆساد لە حەڤمەتان نینۆکی خۆیان دەکرۆشت، بەڵام عەلی لەوپەڕی میزاجدا بوو، وێنەیەکی دەم بە پێکەنینی خۆی گرت و لەگەڵ ئاگادارینامەیەکدا بۆ سەرجەم ڕۆژنامەکانی نارد کە بە نیازە لەگەڵ جۆرجینا ڕزق زەماوەند بکات.

کچە قەشەنگەکەی بەیروت دەمێکبوو چاوەڕوانی ئەو ساتەبوو، بۆیە پێشنیارەکەی عەلی قبوڵکرد، دواتر باوکی جۆرجینا بە مەبەستی قسەکردن عەلی بانگهێشتی ماڵەوە کرد، داوای لێکرد پێویستە لە کۆمپانیاکەیدا کار بکات و واز لەڕێگەی تیرۆر بهێنێت، بۆئەوەی بتوانێت خێزانێک پێکبهێنێت و منداڵەکانی گەورە بکات. عەلی وەڵامی ئەو داواکارییەی دایەوە و گووتی: ناتوانێت بە داواکارییەکەی ڕازی بێت، من بە کێشەی فەڵەستینەوە پابەندم، بەڵام خۆ شەڕ هەتاهەتایێ بەردەوام نابێت، کاتێک کۆتاییهات ئەو کاتە بە خۆشحاڵییەوە بەشداری لە کارەکانتدا دەکەم.

ئەو گفتوگۆیە جێی ڕەزامەندی باوکی جۆرجینانەبوو، بەڵام بەهۆی گووشارە بەردەوامەکانی کچەکەی بە ناچاری بەو زەماوەندە ڕازیبوو.

هوتێلی ئەلبوستان بە هەموو مێژووی خۆیەوە ئەو هەموو پاسەوانەی بە خۆوە نەبینیبوو کە چواردەورەی باڵەخانەکە و هۆڵ و ناندینی هوتێلەکەیان تەنیبوو. لە دەروازەی هاتنە ژوورەوەشدا خڕ میوانێک دەپشکنرا ئینجا ڕێگەی هاتنە ناو هۆڵە گەورەکەی سەمای پێدەدرا. ئەوانەی پاسەوانی کردنی ئاهەنگی زەماوەندەکەیان لە ئەستۆبوو سەر بەیەکەی هێزی ١٧ بوون کە لە دەستەبژێرەکانی یەکەی فەتح پێکهاتبوو. جگە لە میوانەکان، پەیامنێر، وێنەگر و تاخمی تەلەفزیۆن و ڕادیۆش بانگهێشتکرابوون بۆئەوەی جیهان بزانێت، ئەو

پیاوەی لە سەرووی لیستی داواکراوانی مۆسادە، لە ژیاندایە و لە خۆشییەکانی ژیانیش بەردەوامە. قسەش هەبوو کە تێچووی ئەم ئاهەنگە هەمووی لەسەر حسابی باوکی جۆرجینابوو.

عەلی و جۆرجینا بە خەندە و دەست لە ملانێوە کێکیان بڕی، پاشان پێدا هاتن عەرەفات و کەسایەتییەکانی دیکەی فەتحیان ماچ کرد. سەرانی حکوومەتی لوبنان، بزنسمان، ئەستێرەکانی سینەما و میوانانی مااڵی بووک لەگەڵ سەرانی ڕێکخراوە تیرۆریستەکان و میوانانی مااڵی زاوا خەریکی خواردنە بەتامەکان و سەیرکردنی سەماکارانبوون، بووکە عەزیە و چەپکە گوڵێکی سپی بە دەستەوە بوو، هێندە جوان دیاربوو کە هەرگیز پێشتر ئاوا گەشاوە نەبوو.

پێدەچوو هەموو بنەماڵە دیارەکانی لوبنان لە ئاهەنگی زەماوەندی عەلی و جۆرجینا ئامادە بووبن، تەنیا سێ کەس نەبێت، ئەوانیش: خێزانی یەکەمی عەلی و هەردوو کوڕەکەی (حەسەن و عوسمان) بوون.

زۆرجار مریەم و فێردیناند ڕافائیلی باوانی سیلڤیا لە خۆیان دەپرسی: ئەرێ بەڕاست، دەبێت کچەکەیان چ کارێک بکات. لە ساڵی یەکەمیدا لە ئیسڕائیل بەردەوام لەبارەی ژیان لە کیبوتز، تەلئەڤیڤ و کارکردنی وەک مامۆستا و جۆش و خرۆشی بۆ دەوڵەتی ئیسڕائیل نامەی بۆ دەنووسین. کاتێک بوو بە ئەندام لەڕیزەکانی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت، لە هیچ زانیارییەکدا بەشداری پێنەدەکردن. کە پێیانی ڕاگەیاند بۆ پاریس نێردراوە تا لە کۆمپانیایەکی گەورە کار بکات، هیچ کاتێک ئەدرێسی خۆی بۆیان ئاشکرا نەدەکرد، بەڵکوو ئەدرێسی نووسینگەی پۆستەی شارەکەی دابوونێ، کاتێکیش باوانی داوای ژمارە تەلەفۆنیان لێکرد، لە وەاڵمدا پێیانی گووت لەبەر کارەکانیەوە زۆر لە ماڵ نابێت، بۆیە ڕەنگە گەیشتن بە من لەڕێگەی تەلەفۆنەوە گونجاو نەبێت.

مـــریەم و فێردینـــاد لە نهێنـــی ژیـــانی کچەکەیـــان نەدەگەیشـــتن، بەڵام پشتیوانکارێکی تەواویبوون، بـۆ مـاوەی چەنـد سـاڵ نامەیـان بـۆ ژمـارەی پۆسـت بۆکسەکەی دەنارد، ئەویش لە نامەکانیدا تەنیا باسی جـوانی و دڵڕفێنـی پـاریس و ئەو کتێبانەی بۆ دەکـردن کە خوێنـدوویەتیەوە یـان باسـی ئەو شـانۆگەریانەی بـۆ دەکردن کە بینیویەتی، بەڵام هەرگیز باسی کارەکەی نەدەکرد. کاتێک لێیان پرسـی: ئایا هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەقینەی لەگەڵ پیاوێکـدا هەیە. لە وەڵامـدا گـووتی: "هێندە پڕ کارم، دەرفەتی هەناسە هەڵکێشانیشم نییە". لە هەمـوو ئەو مـاوەیەدا یەکجار سـەردانی کردبـوون، تەنـانەت ئەوجـارەش بە زەحـمەت قسـەی لەبـارەی ژیانی کارەوە کرد.

بە تێپەڕبوونی ساڵ تەندروستی فێردیناد بەرەو خراپی چوو، بەهـۆیەوە کەوتە سەر جێگا، چەنـد جـارێکیش لە نەخۆشـخانە خەوت. کەمـتر لە هەفـتەیەک دوای دەستگیرکردنی سیلڤیا، جەڵتەیەکی بە هێزی دڵ لێیـدا و بـردرایە ژووری چـڕ، ئەو نەشتەرگەرییەی بۆی کـرا هـیچ کـاریگەرییەکی بەسـەر دۆخـی تەندروسـتییەوەی نەبوو، هەستی کـرد رۆژانـی ژیـانی دیـاریکراون. لە دوا نامەیـدا بـۆ سـیلڤیا کە لە ئاوزینگداندا بوو، نووسی:

"کـچە خۆشەویسـتەکەم،لە نەخۆشـخانەوە ئەو نـامەیەت بـۆ دەنووسـم، بەداخەوە وەک دیـارە دۆخـی دڵـم تەواو خراپبـووە، زۆر بەداخـم کە لەوانەیە جارێکی دی نەتبینمەوە، بەڵام تەنانەت ئەگەر نەشتوانم لەگەڵتدا بم وەک ئەوەی دەمەوێت، بەردەوام وەک باوکێک کە تۆی زۆر خۆشـدەوێت یـادم بـکەوە، تکـایە زۆر ئاگات لە دایکت بێـت، کە ئێسـتا لە جـاران زیـاتر پێویسـتی بە تـۆیە لە خـوا دەپارێمەوە خێزانێک دروست بکەیت و منداڵ بهێنیتە دنیا بۆئەوەی شـوێن پێـت هەڵگرن و باسی منیان بۆ بکە".

ئاگات لە خۆت بێت

باوکی خۆشەویستت...

بـاری تەندروسـتی فێردینانـد ڕۆژ بەڕۆژ خـراپتر دەبـوو، دکتۆرەکـان هیـوای چاکبوونەوەیان لە دەستدابوو، دایکی ویستی بە پەلە بانگهێشتی سـیلڤیا بکـات، بەڵام نەیـدەزانی لە کـوێ بیـدۆزێتەوە. پەیوەنـدی بە باڵیۆزخـانەی ئیسـرائیل لە پریتۆریاوە کرد و داوای شوێنی کچەکەی لێکـردن و گـووتی: ئەو لە کۆمپانیـایەکی بازرگـانی لە پـاریس کـار دەکـات. کارمەنـدانی باڵیۆزخـانە بەیـارمەتی وەزارەتـی دەرەوە بۆیان ئاشکرابوو کە سیلڤیا کار بۆ مۆسـاد دەکـات، بەڵام فەرمانیـان پێکـرا ئەو زانیارییە بە خێزانەکەی نەدەن. لەم سەروبەندەدا لە نەرویج سیلڤیا کە پێشـتر پێی ڕانەگەیەندرابوو ئەگەر دەستگیرکرا دەبێت چ بکات، لە قۆناغی لێپرسـینەوەدا لە نکـۆڵیکردن بەردەوامبـوو کە هـیچ پەیوەنـدییەکی بە ئیسـرائیلەوە هەبێـت، مۆسـادیش لەو بـڕوایەدا بـوون لەم کـاتەدا دەبێـت ئاشـکراکردنی ناسـنامەی ڕاستەقینەی دوور بخرێتەوە.

تەرمی فێردیناند ڕافائیـل بە خـاک سـپێردرا، لەوکـاتەی سـیلڤیا لە بەنـدیخانەی ناوەندی بەندبوو، لە مردنی باوکیدا بێ ئاگابوو، تەنیا ئەوکاتەی بۆ دادگاییکردن لە دادگابوو، نوێنەری باڵیۆزخانەی ئیسرائیل هەواڵی مردنـی بـاوکی پێڕاگەیانـد، دوای ئەوە لێکۆڵیارەکـان ڕێگەیانپێـدا بە تەلەفـۆن قسـە لەگەڵ دایکیـدا بکـات، داخ و پەژارەی خـۆی بـۆ دایکـی دەربـڕی و پێیڕاگەیانـد کە دەسـتگیرکراوە، بە درێژایـی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە فرمێسک بەسەر کوڵمەکانی دەهاتنە خوارەوە.

دایکی بە خەفەتبارییەوە پێی گووت: باوکـت حەزی دەکـرد بەرلەوەی بمرێـت پێت شاد بێـتەوە، لەوڕۆژەی چـوویتە ئیسـرائیل تەنیـا یەکجـار تـۆی بینیـووە، ئەو کاتەی بە کورتە سەردانێک هاتیتەوە باشوری ئەفریقا. ڕۆژانە قسەی بۆ تۆ دەکـرد،

ئێمە هەردووکمان هیواخوازبووین جارێکی دیکە سەردانمان بکەیتەوە.

سیلڤیا گریا و گووتی: ناتوانم

دایکی گووتی: بەڕاستی بیرت دەکەم.

منیش بیرت دەکەم، دایکە.

هیچت ناوێت؟

نەخێر، سوپاست دەکەم.

نامەم بۆ بنووسە.

وا دەکەم.

دوای چوار کاتژمێرە ڕێ لە باکوری ئۆسڵۆ، میوانەکە گەیشتە دووڕیانێکی بچووک کە بۆ چەند گوندێکی دوورە دەست دەڕۆیشت، دواتر ڕێگەیەکی ناخۆشی گرتەبەر کەڕاستەوخۆ دەچووە ناو دارستانێکی چڕەوە، لەسەر تەختە دارێکی ڕۆخ ڕێگەکە ناوی (شیدت) و لە ژێریەوە بە پیتی ڕەش (ڕێگەی تایبەت) هاتنە ژووروەوە نییە، نووسرابوو.

ئەو ئۆتۆمبیلەی تابلۆی دیپلۆماتی هەڵگرتبوو لە ئاماژەکە تێپەڕی و بەڕێگەی خۆی بەردەوامبوو، لە پشت شوفێرەکە مێیر ڕۆزن ڕاوێژکاری یاسایی وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل دانیشتبوو کە دواتر بە باڵیۆزی ئیسرائیل لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دامەزرا، پاشتریش لە پاریس بووە باڵیۆز، کە لە نەرویجەوە تایبەت بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی کەیسی دەستگیرکراوانی تیمی جەنگاوەرانداهاتبوو. ئەوکاتەی هەموو بەندییەکان دانیان بەوەدا نابوو کە ئیسرائیلین.

ڕۆزن زۆر پەستبوو، گشت داواکارییەکانی لە دەسەڵاتدارانی نەرویج بۆ بینین

و گەیاندنی نامە و ڕۆژنامەکانی وڵات بە بەندییەکان ڕەتکرابوویەوە، تەنانەت کۆبوونەوەشی لەگەڵ داوکاری گشتی نەرویج بێ ئاکامبوو، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، سەرۆکەکانی نووسینگەی دەرەوە لەئۆرشەلیم و فەرماندەکانی مۆساد هەموو ئومێدیان لەسەر هەوڵەکانی ئەو هەڵچنیبوو. بۆیە نەدەبوو بە دەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە ئیسرائیل.

هەوڵەکانی ڕۆزن بۆ گەیشتن بە نووسینگەی ئانیاس شێدتی گەورە پارێزەرانی نەرویج تا بڕوای پێ بهێنێت کەیسی زیندانیکراوان وەربگرێت، بەرهەمداربوو. شێدت لە کابینەیەکی دووڕە دەست لە ناوەڕاستی دارستانەکەدا لە پشووبوو. دوای هەوڵدانێکی بێوچان ڕۆزن توانی لەڕێگەی تەلەفۆنەوە پەیوەندی لەگەڵیدا بکات.

پارێزەرەکە پرسیاری کرد: ئایا بە پەلەیە؟

زۆر بە پەلەیە.

شێدت داوای لەڕۆزن کرد لە کابینەکەیدا سەردانی بکات .

ئۆتۆمبیلەکە خۆی کرد بە ناو دارستانەکە و لە تاریکیدا بزربوو، شوفێرەکە لایتەکانی داگیرساند و لەسەرخۆ چووە خوارەوە. بۆنێکی بەهێزی گەڵای دار سنۆبەرەکان لە پەنجەرەکەوە دەهاتنە ژوورەوە، هەروەها ناوە ناوەش بزن و پشیلە کێوی بە پێش ئۆتۆمبیلەکەدا ڕەتدەبوون، نەڕە و لووڕەی ئاژەڵی کێویش لە دوورەوەڕا دەبیسترا، پلەی گەرمای ڕۆژیش بۆ سەرمایەکی دژوار گۆڕابوو.

دوای زیاتر لە کاتژمێرێک لە ناکاو خۆر دەرکەوتەوە و دارستانەکە کەوتە پشتەوە، پانۆرامایەکی سەرنجڕاکێش دەرکەوت: زنجیرە چیاکانی لوتکەکانیان خۆیان لە ئاسمان دەدا، تاقگە، دەریاچە و دۆڵی سەوز. لە ناوەڕاستی ئەو دیمەنە

دڵڕفێنە کابینەیەکی لە دار دروستکراو هەبوو وەک بڵێی لە چیرۆکە ئەفسانەکان دەرکەوتبێت، لە تەنیشت کوخەکە باخچەیەکی سەوزەوات هەبوو کە پڕ لە خاس و کەلەرمی پێڕاگەیشتوو بوو، بەرامبەر چیاکە پیاوێکی باڵابەرزی سەر ماش و برنجی تەمەن دەوروبەری شەست ساڵی بە پایپێکەوە دانیشتبوو. کاتێک ئۆتۆمبیلەکەی بینی لە تەک کوخەکە ڕایگرت، هەستایەوە و بەرەوڕووی مێیر ڕۆزن هات کە لە ئۆتۆمبیلەکەدا دابەزی دەستی یەکدیان گووشی. ئانیاس شێدت گووتی: پێدەچێت زۆرتان برسی بێت با بچین بەیەکەوە نانێک بخۆین.

لەسەر مێزێک دانیشتن کە جۆرەها خواردن و خواردنەوە هەر لە پەنیر، نانی مەزرەقە، میوە، پەنیری زەردی خۆماڵی لەسەر ریزکرابوو. شێدت بانگی لە شوفێرەکەی ڕۆزن کرد بێت لەگەڵیان دابنیشێت و گووتی: هەر چوار هەفتە جارێک لە هەموو وەرزێک و لە هەموو کەشوهەوایەکدا دێمە ئێرە، چونکە هیچ شتێک ناتوانێت جێگەی ئارامی و هەڵمژینی هەوایەکی پاکژ بگرێتەوە.

ئانیاس شێدت خاوەنی کۆمپانیایەکی دیاری بواری یاسابوو، بەیەکێک لەیاساناسە بە ئەزموونە هەرە باشەکانی ئۆسڵۆ هەژمار دەکرا، لە کۆمپانیایەکەدا ژمارەیەکی زۆر پارێزەر کاریان دەکرد و بە شێوەیەکی سەرەکی نوێنەرایەتی سیاسەمەدار و بزنسمانەکانی دەکرد. شێدت کە خاوەن سامان و زەویوزارێکی زۆر بوو، پەیوەندییەکی نایابیشی لەگەڵ حکوومەتدا هەبوو، باوکیشی پارێزەربووە، نوێنەری داواکاری دادگای ڤادکین کویزلینگ سەرۆک وەزیرانی نەرویج بوو کە بە تاوانی هاریکاریکردنی داگیرکاری نازییەکان لە جەنگی دووەمی جیهاندا بە تۆمەتی ناپاکی لەسێدارە درا.

شێدت لەگەڵ هاوژین و سێ منداڵەکەیدا لە خانوویەکی شاهانەی دەوروبەری ئۆسڵۆ دەژیا، هەر لەوێش ئاهەنگەکانی پێشوازی ساز دەکرد و بە

شێوەیەکی بەربڵاو لەڕۆژنامە خۆجێیەکان بڵاو دەبوویەوە. کەسێکی زۆر بەڕێز و تەنانەت جێی ڕێزی ڕۆژنامەکانیش بوو، هەروەها لە سەرانسەری نەرویج ناسراو بوو. جگە لەوەش کەسێکی بە هەڵویست بوو، کاتێک نازییەکان هەزاران نەرویجیان لە سێدارەدا، ڕەتیکردەوە کار بکات و دار لەسەر بەرد دابنێت، بەڵکوو بەرەو ئینگلتەرا ڕایکرد و لەوێ لە بنکەی ئاسمانی شاهانە بووە فڕۆکەوان و بێژمار بەشداری لە ئەرکی بۆمبارانکردنی دوژمن کردووە.

دوای فراوین ڕۆزن و شیدت لە کتێبخانەکەدا کە ژوورێک بوو لێوانلێو بوو لە کتێب و لە ناوەڕاستیشیدا مێزێکی کۆنی نووسین هەبوو، لە بارەی پرسی پارێزەری گفتوگۆیان کرد و نەرویجییەکە گووتی: مەزەندەی هاتنی تۆ بۆ ئێرە دەکەم. چونکە لەڕۆژنامەکاندا هەواڵی دەستگیرکردنی جەنگاوەرە نهێنییەکانی مۆسادی خوێندبووەوە. ڕۆزن بە هیواوە گووتی: خۆشحاڵ دەبم، ئەگەر دۆسیەی بەرگریکردن لە ڕاگیراوەکانمان لە ئەستۆ بگریت، چونکە پێیوا نەبوو بەندییەکان بێ دادگایی کردن ئازاد بکرێن و شیدت کەسێکی پرۆفیشناڵ بوو، بەڵام دڵنیای کردەوە ئەوەی بۆ بەرگریکردن لە دەستی بێت دریغی ناکات .

شیدت لەبارەی هەر یەکێکیانەوە داوای وردەکاری زیاتری کرد و گووتی: ئاخر دەستهەقی من گرانە .

ڕۆزن بە خێرایی وەڵامی دایەوە و گووتی: دەوڵەتی ئیسرائیل هەمووی دەدات. مۆساد بەو مەرجەی بەندییەکان بە سەلامەتی بگەڕێنەوە وڵات ئامادەی هەر بڕە پارەیەکە.

پارێزەرەکە گفتیدا و گووتی: کە گەڕامەوە ئۆسڵۆ سەیری کەیسەکە دەکەم.

لەو کابینە دوورەدەستەی کۆتایی دارستانەکە، شیدت و ڕۆزن هیچ هەواڵێکیان لەبارەی دەستپێکردنی ڕۆژی دادگاییکردنەکە نەبوو، هەروەها خەیاڵیان بۆ ئەوەش

نەدەچوو، لە کۆتاییدا ئەو کەیسە چ گۆڕانکارییەکی دراماتیکی لە ژیانی پارێزەرە نەرویجییەکە دروست دەکات.

ڕۆژانی سیلڤیا لە ناوەندی ڕاگرتن، درێژ، یەکدەنگ و پڕ لە بیرکردنەوەی بێزارکەربوو، سیلڤیا نەیدەتوانی خۆی لەگەڵ کەش، تاریکی و ئەو ژوورە بچووکە، خواردن، دورەپەرێزی زیندان ڕابهێنێت. هەموو لێپێچینەوەکردنێک لەگەڵیدا وەستابوو، چونکە بە هیچ شێوەیەک ئامادەی هاوکاریکردن نەبوو. تاکە کەسێک کە دەهاتە کنی و پەیوەندی لەگەڵیدا هەبوو ئەو پاساوانە ئافرەتەبوو کە ژەمەکانی بۆ دەهێنا. هەرچەندە ئافرەتەکە بە حاڵ چەند وشەیەکی ئینگلیزی دەزانی، لەگەڵ ئەوەشدا سیلڤیا یەک دوو جار هەوڵیدا قسەی لەگەڵیدا بکات، چونکە بۆ سیلڤیا پەیوەندی مرۆیی وەک ئەو هەوایەبوو کە هەڵیدەمژی، کەچی پاساوانەکە هەر وەڵامی نەدەدایەوە.

لەڕاستیدا ئەو ئەزموونەی سیلڤیا هێندە جیاواز نەبوو لە ئەزموونەکانی کە لەکاتی ڕاهێناندا وەک جەنگاوەری نهێنی بینیبووی. ئاخر بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی سەخت و مانەوە لە دووڕەپەرێزیدا زیاتر لە جارێک دەستگیرکراوە، بەڵام دەستگیرکردنەکانی پێشتر سنووردار بوو، بۆیە لە هەموو ژیانیدا هەرگیز وەک ئێستا هەستی بە تەنیایی نەکردبوو. تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە پێشتر بۆ ماوەیەکی کورت لەو ئۆپەراسیۆنە بێبەشبوو کە بە لایەوە یەکێک لە گەورەترین و گرنگترین کاری پیشەییبوو. ئێستاش بە تاوانبارکردنی کوشتن زیندانی کراوە.

کاتێک دەستگیرکار کاتژمێرەکەی دەستیشیان لێی وەرگرت، بۆیە هیچ ڕێگەیەک نەبوو بزانێت چەند ڕۆژ و هەفتەیە دەستگیرکراوە. تەنیا ئەوەندەی دەزانی هەموو ڕۆژێ لە کاتێکی دیاریکراوەوە دوو پاسەوانی ئافرەت دێن و دەیبەنە گەرماو و تا تەواو دەبێت چاوڕێی دەکەن و دوای گەرماو یەکڕاست

دەبردرایەوە کونە تاریکەکە و دەرگای لەسەر کڵۆم دەدرا. ئەوەش تەنیا کاتبوو کە سیلڤیا لەڕووناکیدا بەسەری دەبرد.

ڕۆژێکیان ڕۆناکی کارەبای بەدیکرد و گوێی لە تەپەی پێ و زرینگە زرینگی کلیلبوو، دەرگاکە کرایەوە و پاسەوانی زیندانی لە بەردەم خۆی بینی و پێی گووت: میوانت هاتووە، هەستە لەگەڵم وەرە.

هەردووکیان بە کۆریدەرە درێژەکەدا شۆڕ بوونەوە تا گەیشتنە ژوورێکی بچووکی بێ پەنجەرە. کاتێک چوونە ژوورەوە سیلڤیا مێزێک و دوو کورسی بینی، لەسەر کورسیەکیان پیاوێکی نەناسراوی قات لەبەری پۆشتەی بینی، بۆنی کۆلۆنیایەکەی جیهانی دەرەوەی دیوارەکانی زیندانی بەیاد هێنایەوە.

پیاوە نەناسراوەکە لەبەری هەستایەوە و دەستی گووشی، ئەو پیاوە باڵای بەقەد باڵای سیلڤیا درێژبوو، هەروەها ئینگلیزیەکەشی بێ گرێوگاڵ بوو.

پیاوەکە دەستی پێکرد و گووتی: من ناوم ئایناس شێدتە، لەلایەن حکوومەتی ئیسرائیلەوە ڕاسپێردراوم بەرگری لە تۆ بکەم. پاسەوانی زیندان هەڵیقورتاندێ و گووتی: "ئێوە تەنیا سی خولەکتان هەیە" یەکسەریش چووە دەرەوە و ئەوانی بە تەنیا جێهێشت.

سیلڤیا بە خەمباریەوە بەڕووی میوانەکەی گرژییەوە و لێی پرسی: پێتوایە دادگایی بکرێین.

پارێزەرەکەی وەڵامی دایەوە: بەداخەوە بەڵێ، نەرویج وڵاتێکە بەیاساوە پابەندە و ناتوانێت بێ دادگاییکردن گومانلێکراو ئازاد بکات.

چانسی ئێمە چەندە؟

بە پێی دەقی یاسایی، تۆ بە کوشتن یا هاوکاری کردنی کوشتن تاوانباری کە

بەهۆیەوە چەند ساڵێک لە زیندان دەبیت، بەڵام من هەموو هەوڵی خۆم دەدەم بۆئەوەی بڕوا بە دادگا بهێنم حوکمی تۆ و هاوبەشەکانت سووک بکەم.

چۆن ئەمە دەکەی؟

من بە تەنێ ئەوە ناکەم، پێکەوە لەگەڵ تیمێک پارێزەری زیرەک ئەوە دەکەم. هەر تیمێک بە جیا بەرگری لە بەندکراوێک دەکات. ئیرون شیمۆن پارێزەری پێشووی دەوڵەتەکەتان بۆ یارمەتیدانم لە ئیسڕائیلەوە دەگاتە ئێرە، ئێمە دەڵێین ئیسڕائیل لە لایەن ڕێکخراوە تیرۆریستەکانەوە ڕاکێشڕاوەتە ناو شەڕێک، ئەرکی ئێوەیە لەپێناو بەرپەرچدانەوەی تیرۆریستانەوە سزای بکوژەکان بدەن.

ئایا بەوە ئاموژگاریم دەکەی شایەدی بدەم؟

بەڵێ، ئەوان لە هەموو شتێک ئاگادارن. شێدت بایەخی بە بایۆگرافی، خێزان و وردەکاری مانەوەی سیلڤیا لە نەرویج دا، دەنگی نەرم و چێژبەخش بوو. سیلڤیاش هەر خولەکێک زیاتر خۆشی لە گفتوگۆکەدا دەبینی و پرسیاری کرد: پێم بڵێ لە دەرەوە چ ڕوودەدات، لەوەتەی دەستگیرکراوم ڕێگەی خوێندنەوەی ڕۆژنامەم پێ نەدراوە.

شیدت پێی گووت، ڕۆژنامەکان ڕومالێکی فراوانی کاروبارەکانی پەیوەست بە لیلەهامەریان کردووە کە ئیسڕائیل بۆ ئازاد کردنی بەندییەکان گوشار دەکات و پێشنیاری قەرەبوو کردنەوەی خێزانی بوشیکی کردووە، گریمانەکانیش بەو ئاقارەن لە دادگایی کردنی ئیسڕائیلییەکاندا، ئەم پێشنیارە کاریگەری لە سووککردنی حوکم بکات.

لە کۆتایی کاتی دیاریکراودا شیدت کاغەزەکانی خۆی کۆکردەوە و خستیانە ناو جانتاکەیەوە و گووتی: بە بینینیت خۆشحاڵبووم، تۆ ئافرەتێکی شازی.

سیلڤیا داوای لێبوردنی کرد کە بە جلی زیندانی ئەوی بینیووە، گرژییەوە و گووتی: لەم ساتەدا من زۆر باش دەرناکەوم .

شیدت کاتێک دەڕۆی بە بوێرییەوە گووتی: تۆ زۆر جوانیت.

چەند کاتژمێرێک دواتر، دوو پاسەوانەکەی زیندان دەرگەی قاوشەکەیان کردەوە و سیلڤیایان بۆ قاوشێکی بە پەنجەرە گواستەوە. سیلڤیا دڵنیابوو کە ئەوە کاری ئانیاس شیدتە. ئێستا ڕێگەی پێ دەدرێت لە ژووری بە کۆمەڵ ژەمەکانی بخوات و ڕۆژانە لە گۆڕەپانی زیندان پیاسە بکات، کەسیش ڕێگەی گفتوگۆکردنی لەگەڵ ژنە زیندانییەکانی دی لێ نەدەگرت، یەکێک لە ژنە زیندانی کراوەکان لەبارەی هۆکاری دەستگیرکردنەی قسەی لەگەڵدا کرد.

سیلڤیا بە گاڵتەوە گووتی: من کچێکی بانگخواز بووم.

زیندانییەکە لە تەوقی سەر تا بنە پێی سەیری کرد و گووتی: تۆ بە کرێگیراوی کێ بوویت؟

جەنگاوەرە نهێنییەکەی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت گرژییەوە و گووتی: بە شێوەیەکی سەرەکی بەکرێگیراوی عەرەبان بووم .

سیلڤیا لە قاوشە نوێیەکەیدا زۆر ئاسودەتربوو، بەڵام هەر بە تەنێ بوو، لە زیندانێکی پاسەوانی کراودابوو، تەنیایی وەک پێشان بەڵا نەبوو، چونکە ئانیاس شیدت لە زاڵبوون بە سەر خەمۆکیەکەیدا یارمەتیدا و ئەو هەستەشی پێدا کە کەسێکە دەکرێ پشتی پێ ببەستڕێت. لە میانەی سەردانە دووبارەبووەکانیدا جار لە جار گەرموگوڕتر خۆی پیشان دەدا، ئەو لە گووتنی شتە دروستەکان بە دەنگێکی نەرم لێزانبوو، وەک پزیشکێک چۆن گرێیەکی پیس لا دەبات، ئەویش خەمۆکییەکەی لابرد. دوای هەر سەردانێک سیلڤیا بیری لە دەست گووشینە

گەرمەکە دەکردەوە کە هێشتا بۆنی کۆلۆنیاکە لە لووتیدا مابوویەوە، هەستی بە خۆی کرد زۆر بیری لێ دەکاتەوە و بە وشە هاندەرەکان و گفتەکانی پێگیرە، بۆیە لە خۆی پرسی، دەبێت عەشقی بوو بێت.

سەرەڕای ئەوەی دەیزانی شیدت چەند ساڵێک لەوی بە تەمەنترە و خاوەن هاوژین و خێزانیشە و وەک عاشقێک نایەتە لای، بەڵکوو وەک هاوڕێیەک بۆ یارمەتیدانی لە کاتی پێویستیدا دێتە لای، بەڵام هەستەکانیشی جێگیربوون، کاتیشی بەو پرسیارە بە فیڕۆ نەدا کە ئاخۆ ئەو خۆشەویستییە ئاینەدەیەکی دەبێت؟ ئایا دەبێت ئەویش هەمان هەستی بەرامبەری هەبێت؟ گرنگترین شت ئەوە بوو لە نزمترین خاڵدا لێی پەیدا بوو، نەخاسمە ئەوکات سیلڤیا پێویستی بە پەیوەندییەکی مرۆیی گەرم و گوڕ و دڵسۆز و جوان هەبوو، هەموو ئەمانەشی لە پارێزەرەکەی بەدیکردبوو.

بە تێپەڕبوونی هەرڕۆژێک، ئایناس زیاتر و زیاتر بیرکردنەوەکانی سیلڤیای داگیرکرد. شەوانە هەر بێدارببوو، تەنیا بیری لە بەردەوامبوونی پەیوەندییەکە دەکردەوە. بیری لەیەکەم دیداری خۆی لە ژووری میوان و بایەخدانەکانی و شێوازی گوێگرتن و ئاوازی دەنگی ئەو دەکردەوە، بە بەردەوامی پرسیاری لە خۆی دەکرد، دەبێت ئەویش بیری لێ بکاتەوە؟ ئایا کاریگەری لەسەری دروست کردووە؟ ئایا لایەنە ئەرێنییەکانی دەبینێت؟

سیلڤیاش شتێکی کەمی دەزانی کە بیرکردنەوەکانی ئایناسی داگیرکردووە. کاتێک ناوەندی ڕاگرتنەکەی جێهێشت لەوە ئاگادارببوو کە سیلڤیا سۆزی ئەوی جوڵاندووە، چونکە بەر لەوەی سەردانی بکات لەڕۆژنامەکان لەبارەی کارو چالاکییەکانی سیلڤیاوە زۆری خوێندبۆوە، بەتایبەتی ئەو وتارانەی باسیان لەو ئۆپەراسیۆنانە دەکرد کە تێیدا بەشدار بووە و پەسنی ئازایەتی ئەویان لە دژی

تیرۆریستە چەکدارەکان لە سەرانسەری ئەوڕووپادا کردبوو. وتارەکان باسیان لەو ڕق و ترسە کردبوو کە لە لای سەرکردەی تیرۆرستان بە گشتی و عەلی سەلامە بە تایبەتی دروستی کردبوو. بۆیە شیدت پێشبینی ئەوەی دەکرد چاوی بە جەنگاوەرێکی قسە ڕەق و دەموچاو توڕە دەکەوێت، بەڵام لەبری ئەوە ئافرەتێکی جوان و نەرم و ژیری بینی کە هەر لەیەکەم دیدارەوە کاریگەرییەکی زۆری لەسەری بەجێهێشت.

وەک چۆن سیلڤیا بەیادەوەرەکانیدا چۆوە، شیدیتیش بە هەمان شێوە وردەکارییەکانی یەکەم دیداری بە بیر خۆی هێنایەوە. فرمێسک و پەرۆشییەکانی بۆ گوێگرتن لە دەنگی مرۆڤی بە بیرهاتەوە، بۆیە لە دڵەوە دانی بە خۆیدا نا کە زۆری خۆش دەوێت، ڕەنگە لەوەش زیاتر بێت کە خۆی پێی دەزانێت، لەگەڵ ئەوەشدا پەرەپێدانی خۆشەویستی لەگەڵ ئافرەتێک کە بەرگریکاریەتی دوا شتە کە بیەوێت، بەتایبەتی لەگەڵ یەکێک بە کوشتن تۆمەتبارە و لەگرتووخانە ڕاگیراوە. ئەوەشی دەزانی ئەگەر پەیوەندییەکەی لەگەڵ سیلڤیا درێژە پێ بدات ناتوانێت بە دروستی کارەکەی بکات، کاتێکیش ئەم شتانە ئاشکرا بن، ڕۆژنامەکان دەیکەنە مانشێت و کەرەستەی گۆشە و ستوونەکان، لە لایەن لێژنەی ئاکاری سەندیکای پارێزەرانی نەرویجەوەش لێژنەی لێکۆڵینەوەی لەسەر دروست دەکرێت.

پێیوابوو بارودۆخ بە هەر حالەتێک بێت، ڕەنگە هەر جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان ئەم دووانەدا مەحاڵ بێت، سیلڤیا تا ڕۆژی دادگاییکردن لە ناوەندی ڕاگرتن دەمێنێتەوە، دوای ئەوەش ئەگەر زۆرە بۆ چەند ساڵێک بنێردرێتە زیندان، بێگومان سەردانی دەکات، بەڵام دیدارەکانیان پەیوەندی بە کارەوە دەبێت و لە پشت شیشە ئاسنیەکانی زیندانەوە ئەنجام دەدرێت.

کاتێک چووە ناو باڵەخانەی شەقامی کارل جۆهانەس کە کۆمپانیاکەی لێیە،

ئانیاس شیدت زۆری لە خۆی کرد ئەو جۆرە بیرکردنەوانە تووڕ هەڵدات. دوای هەموو ئەوانە، هەوڵیدا بەوە بڕوا بە خۆی بهێنێت کە ئەوەش کەیسێکی دیە. بە تێپەڕبوونی کات، سیلڤیا لە ژیانیدا ون دەبێت، هەروەها ئەویش لە ژیانیدا ون دەبێت. ئەو پیاوێکی خاوەن هاوژین و منداڵ و شۆڕەت و پیشەیەکی باشە، بۆیە پێویست نەبوو ژیانی خۆی بە وەها لادانێک ئاڵۆز بکات.

وەک بەشێک لە باشبوونی بارودۆخەکانی سیلڤیا، قەدەغەی سەردانی کردنی نوێنەرانی باڵیۆزخانەی ئیسرائیل لە نەرویج و ئەلیزار پالمۆر بەرپرسی بایەخدان بە سیلڤیا و بەندییەکانی دی هەڵگیرا، بەڵێنی ئەوەیان پێدا کە بۆ دابینکردنی بەرگرییەکی یاسایی گونجاو هەموو هەوڵێکی خۆیان دەدەن. بۆیە لیستێکی بەناوی پێداویستەکانی وەک: کەرەستەکانی پاکوخاوێنی، جلی ژێرەوە، کتێب و ڕۆژنامە پێشکەش کرد لەگەڵ ئاگادارییەک کە هەنووکە دەسەڵاتدارانی زیندان ڕێگەی ناردن و وەرگرتنی نامەیان دەداتێ.

بەرلەوەی سیلڤیا جێ بهێڵێت، چەندڕۆژنامەیەکی ئینگلیزی زمانی دایە دەست سیلڤیا، بەڵام بە مانشێتی سەرەکی یەکێک لەڕۆژنامەکان "گومانلێکراوانی لیلەهامەر قورسترین حوکم دەدرێن" قیژەی لێ هەڵستا و بە ترس و لەرزەوە وتارەکەی خوێندەوە: "گوتەبێژێک بەناوی داواکاری دادگاییکردنی گومانلێکراوانی لیلەهامەر ئەمڕۆ ڕایگەیاند، بە پێی یاسا بەرکارەکانی نەرویج، پێشبینی دەکرێت گومانلێکراوان بۆ ماوەیەی دە ساڵ زیندانی بکرێن"

سیلڤیا هەستی کرد زەوی لە ژێر قاچەکانی ڕوو دەچێت. ماوەی دوای تەقەکردنەکەی لیلەهامەر هەرگیز بە ئاسانی تێناپەڕێت، بەڵام هیوای هەبوو کاتێک کەیسەکەی دێتە دادگا، دادگا حوکمێکی قورسی بەسەردا نەدات، لە هیکڕا درکی کرد کەڕەنگە دادگا وەک تاوانبارێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا بکات. ئاخر

سیلڤیا وەک ئافرەتێکی سینگڵی بێ منداڵ لە چڵ ساڵی نزیک دەکەوتەوە. دە ساڵ زیندانی، تەنانەت حەوت ساڵیش ئەگەر بەهۆی هەڵسوکەوتی باشیەوە زووتر ئازاد بکرێت، هەموو دەرفەتێکی شووکردن و دروستکردنی خێزانی لە دەست دەچێت، بیرکردنەوە و تاوتوێکردنی ئەو ئەگەرانە دووچاری خەمۆکییەکی گەورەی کرد، بۆیە خۆی لەسەر جێگا پاڵکەوت و بە کوڵ گریا، بەڵام بە داخەوە دیوارە ئەستوورەکانی زیندان گریانەکەیان خامۆش کرد. بۆیە زۆر لە جاران زیاتر پێویستی بەیەکێک بوو بیلاوێنێتەوە و دڵی بداتەوە و هیوا و ئازایەتی پێ ببەخشێت. سیلڤیا پەیوەندی لەگەڵ هاوزیندانییەکانیدا نەبوو کە لە شوێنێکی دوورتربوون یان لەگەڵ زیندانیانی دی، تەنانەت لێکۆڵیارەکانیشی هێندە بایەخیان پێی نەدەدا .

ڕەوشی تێکچوو، هەرچەندە کاری قورس و مەترسی چەندین ساڵە دەرەقەتی ڕوحی نەهاتبوون، بەڵام ڕوحە پۆڵاینەکەی و شۆرەتەکەی وەک جەنگاوەرێکی ئازا، پێدەچێت بێ مانەوەی هیچ شوێنەوارێک پوکابێتەوە. لەڕاستیدا ئۆپەراسیۆنێکی نەزۆکی وەک لیلەهامەر، زیندان و ئەو سزایەی چاوەڕێی دەکرد زۆر بە ئاسانی ئەو خەڵکانەش تێکدەشکێنێت کە لە سیلڤیا بە هێزترن.

بانگی پاسەوانەکەی کرد و داوای حەبی هێورکەرەوەی کرد، ئافرەتەکە وەڵامی دایە کە ئەوە لە دەسەڵاتی ئەودا نییە دەبێت ڕاوێژ بە سەرووی خۆیەوە بکات. دوای کەمێک هاتەوە و بە سیلڤیای گووت: " تەنیا دکتۆر دەتوانێت ئەو حەبانەت بۆ بنووسێت، ئایا دەتەوێت بانگی بکەم؟

نەخێر، سیلڤیا ناخوازێت هیچ غەوارەیەک بەو بارودۆخە تێکچووەی مێشک ببینێت. هەستی بە بێ دەستەڵاتی خۆی کرد و بەم لاو بەولای قاوشەکە دەخولایەوە، لە هیکڕا لە پڕمەی گریانیدا و بە دەمارگرژییەوە دەستی خۆی لێک

دەخشاند و حەزی شەڕ کردن تەنگی پێ هەڵچنیبوو.

هەرچەندە کات درەنگبوو، بەڵام تیشکی ڕۆژی لە دەرەوە دەبینی. لە نەرویج لە هاوین ڕۆژ بە شەویش هەر بە دەرەوەیە، هەر لەبەر ئەو هۆکارە پەنجەرەی زۆربەی ماڵەکانی وڵات بە پەردەی ڕەش دادەپۆشرێت بۆئەوەی بەری تیشکی ڕۆژ بگرن، کاتێک دانیشتووانەکەی دەیانەوێت بخەون. پەنجەرەی قاوشەکەی سیلڤیاش پەردەیان هەبوو، بەڵام ئەو خۆی حەزی نەدەکرد بە تەواوی قاوشەکەی تاریک بێت، ئەمەش وایکردبوو بە زەحمەت خەوی لێ بکەوێت.

لە هیکڕا ویستێکی بەهێزی قسەکردن لەگەڵ پارێزەرەکەی بە مێشکیدا هات، چونکە ئەو بە شێنەیی و تێگەیشتنەوە ڕەفتاری لەگەڵدا کردبوو، ئەوەشی پێ گوتبوو هەر کاتێک پێویستت پێمبوو، یەکسەر تەلەفۆنم بۆ بکە. ئێستاش لە هەر کات زیاتر پێویستی پێیەتی و دەخوازێت گوێی لە دەنگە خامۆش و هاندەرەکەی بێت. ڕەنگە بیریشی کردبێتەوە کە تەلەفۆن بۆ کردنی لە نیوەشەودا جێی قبوڵ نەبێت و دوور نییە ڕەتی بکاتەوە بێتە ئێرە، بەڵام تاکە کەسبوو کە هانای بۆ بەرێت.

کاتێک سیلڤیا داوای لە پاسەوانەکە کرد تەلەفۆن بۆ ئایناس شێدت بکات، پاسەوانەکە وەڵامی دایەوە: کات زۆر درەنگە.

من لەوە ئاگادارم.

ئایا ناتوانیت تا بەیانی چاوەڕوان بکەیت؟

نەخێر.

پاسەوانەکە ڕۆیشت و پاش کەمێک گەڕایەوە و گووتی: داواکارییەکەت پەسند کرا .

سیلڤیا به ترسەوە پرسی: ئایا تۆ دەزانی بەڕێز شێدت چۆن وەڵامی دایەوە؟

پاسەوانەکە وەڵامی دایەوە: نەخێر نازانم، ئەفسەری ئێشکگر قسەی لەگەڵدا کرد.

دوای کەمتر لە کاتژمێرێک شێدت دەرکەوت، پەشۆکاوبوو کاتێک لە ژووری میوان سیلڤیای بینی چاوەکانی سوور هەڵگەڕاون پرسی: بۆ گریاوی؟

هاتن و بوونی شیدت یەکسەر سیلڤیای هێور کردەوە و پێی گووت لەبەر هەستکردن بە بێ هیوایی گریاوە .

لەگەڵ ئەوەی شیدت لەسەر ئەو تەلەفۆنە بێ هۆکارە بەو درەنگە شەوە سەرزەنشتی سیلڤیای نەکرد، بە زەردەخەنەوەش پرسی: هەر ئەوەندە؟

سیلڤیا دانی بەوەدا نا و گووتی: دەبوو لەگەڵ یەکێک قسە بکەم، چونکە هەستم کرد مێشکم لە دەست دەدەم .

هەردووکیان بەرامبەر یەکدی دانیشتن، شیدت بە سۆزەوە سەیریکرد و لە چاوانییەوە تێگەیشت، لەناکاو لە کورسیەکەی هەستایەوە و لێی نزیک کەوتەوە و بە گەرمی لە باوەشیگرت.

بە نەرمی گووتی: وەرەی خۆت بەرزڕاگرە، ئاواتەخوازم خۆت بە هیچ شتێکی دادگاوە پەست نەکەیت. سیلڤیا سوپاسگوزاری ئەو نەرمی و هاندانەی بوو، سەری خۆی لەسەر شانی دانا وەک چۆن منداڵێک لە ئامێزی باوکی ئۆقرە دەگرێت و بە منگەوە گووتی: سوپاست دەکەم.

لە ئەپارتمانتە فراوانەکەیدا لە شەقامی بنزیۆن لە تەلئەڤیڤ، جودیث نسیهیۆ بەڕێوەبەری سەرچاوە مرۆییەکانی مۆساد، جانتا بچووکەکەی خۆی ئامادەکرد و تێلی بۆ تاکسی کرد بۆئەوەی بیباتە فڕۆکەخانە.

چەند کاتژمێرێک پێشتر لە نووسینگەکەی خۆیەوە پێی ڕاگەیەندرابوو کە

بەپەلە بەرەو نەرویج بفڕێت، خاوەنی پاسپۆرتێک بوو بە ناوی جودیث فریدمان کە ناوی پێش شووکردنیبوو. داوای لێکرابوو سەردانی زیندانییەکان بکات و هانیان بدات، ئەو حەلقەی پەیوەندی نێوان مۆساد و ئلیزەر پالمۆر، نوێنەری وەزارەتی دەرەوە بوو کە دۆسییەی زیندانییەکانی لە ئەستۆبوو. پالمۆر پێیوابوو چاوی بەڤێرژنی نوێی ماتا هاری، کچە شۆخە سیخوڕەکەی ئەڵمانیا دەکەوێت. بەڵام لەبڕی ئەوە ژنێکی قەڵەوی تەمەن هەڵکشاوی دیت کە چاویلکەیەکی ڕەش و پۆشاکێکی هاکەزایی پۆشیبوو، زیاتر لە دایکێکی جوو دەچوو.

جودیث نسیهیۆ لەبارەی سیلڤیاوە زۆری بیستبوو، بەڵام هەرگیز بە دیداری شاد نەببوو. جودیث لە بنەماڵەیەکی جووی بولگاریا لە دایکببوو، براکەی ئەندامێکی چالاکی هاگانابوو، چەکی بە قاچاغ بۆڕێکخراوەکە ئاودیو دەکرد. دواتر لە ژێر پەردەی ئەفسەری فەرەنسییەوە ڕۆڵێکی باڵای لە بە نایاسایی کۆچکردنی جووەکانی مەغریبدا هەبوو، وەک براکەی، جودیث کۆچی ئیسرائیلی کردبوو، بۆ خۆشی زایۆنییەکی دڵسۆزی دەوڵەتی ئیسرائیل بوو، هەروەها وەکی براکەی ناسنامەیەکی ساختەی هەبوو، خۆی بە ئافرەتێکی دەوڵەمەندی نا جووی هۆڵەندا نیشاندابوو کە لە کازابلانکا خاوەنی نووسینگەی گەشتوگوزارە، لە دوای گەڕانەوەی لەڕیزەکانی مۆساد کاریکرد، وێڕای شتگەلی دی بەشێکبوو لەو تیمەی بۆ دەستگیرکردنی ئەدۆلف ئیخمان ڕەوانەی ئەرجەنتین کرا، بەرپرسی چاودێری کردنی ئەو ئەپارتمانتە بوو کە خۆی لێ حەشاردا بوو تا ئەوکاتەی بۆ ئیسرائیل ڕفێندرا.

لە ساڵی ١٩٦٢ لە لایەن مۆسادەوە بۆ دیاری کردنی شوێنی یۆسەل شۆماخر نێردرا، ئەو منداڵەی لەڕوسیاوە لەگەڵ بنەماڵەکەیەوە بۆ ئیسرائیل کۆچیکرد و دوای ئەوەی بنەماڵەی تووشی تەنگژەی دارایی هات، باپیرەی سەرپەرشتی بە خێوکردنی گرتە ئەستۆ. کاتێک ڕەوشی باوانی باش بوویەوە، داوایان لێکرد

منداڵەکەیان بۆ بگێڕێتەوە، بەڵام باپیرەی کە جوویەکی باوەڕداری میا شیرم بوو، ڕەتی کردەوە بۆیان بگێڕێتەوە بە بانگەشەی ئەوەی کە باوانی دەیانەوێت بیگێڕنەوە روسیا و بیکەن بە کریستیان. یوسەل ونبوو، باپیرەشی ڕەتی کردەوە شوێنەکەی ئاشکرا بکات، بەڵام بەڕێنوێنی داڤید بنگۆریۆن، مۆساد بۆ دۆزینەوەی منداڵەکە دەستی بەکاربوو، پێشبینی دەکرا کوڕەکە لە لایەن کۆمەڵەیەکی تۆندڕۆی جوو لە ئەنتوریبی بولگارییەوە شاردرابێتەوە، بەهۆی باکگراوەندییە بولگاریەکەی و شارەزایی لە زمانی فلیمەنکییەوە، جودیث نێردرایە لای کۆمەڵەی ستامەر لە ئەنتوریب، لەوێ خۆی بە ئافرەتێکی باوەڕداری تۆندڕۆ ناساند کە بە دوای شووکردن دەگەڕێت، هەر زوو توانی متمانەی کۆمەڵەکە بە دەست بهێنێت، دواجار توانی ئاشکرای بکات کە منداڵەکە لەوێبووە، بەڵام بە قاچاغ نێردراوەتە ویلایە یەکگرتووەکان. پاش ماوەیەکی کورت نوێنەرانی مۆساد بۆیان دەرکەوت کەیوسەل لە بروکلنە، دواتر بۆ باوانی گەڕێندرایەوە.

پاسەوانەکە بەڕووی سیلڤیا گرژییەوە کاتێک دەرگەی قاوشەکەی لەسەری کردەوە و گووتی: سوپرایزێک چاوەڕوانت دەکات. لەڕێگەی چوون بۆ ژووری میوانان، سیلڤیا هەوڵیدا ئەو مەتەڵە هەڵبێنێت. بیری کردەوە ڕەنگە پارێزەرەکەی یان کەسێکی سەر بە مۆساد یان باڵیۆزخانە بێت، بەڵام کاتەکە زۆر لەوە زیاتری دەوێت تا سوپرایزی بکات.

ژووری میوانان زیاتر لە ژوورێکی ئاسایی میوان دەچوو تا ژووری میوانانی ناوەندی ڕاگیراوان. چەند شوێنێکی دانیشتنی هەبوو، وێنەکان لەسەر دیوارەکان هەڵواسرابوون، هیچ بەربەستێکیش بۆ جیاکردنەوەی ڕاگیراوان لە شوێنی میوانان نەبوو.

بۆ واقوڕمانی سیلڤیا دایکی و یەکێک لە براکانی لەسەر قەنەفەکان

دانیشتبوون، سیلڤیا خۆی هاوێشته باوەشی دایکی و فرمێسك لەسەر کۆڵمەکانی ڕێچکەیان بەست.

سیلڤیا دەستی بە پرسیاران کرد: ئەوە چۆن ڕوویدا...کەی گەیشتن؟

دایکی بە دەستەسڕەکەی فرمێسکەکانی سڕیەوە و گووتی: دوێنی گەیشتین، ئێمە لەڕۆژنامە و نامە یادگارییەکانتەوە شتگەلّی زۆرمان لەبارەی تۆوە خوێندووتەوە، ئێمە نەمان دەزانی ئاخۆڕێگەی سەردانی کردنی تۆمان پێ دەدەن، بەڵام هەستمان کرد هەر دەبێت بێین. لە هوتێلێکی نزیک ئێرە ژووڕێکمان گرداوە، بەخت یارمانبوو داواکاری سەردان کردنت ڕێچکەی دروستی خۆی گرت.

سیلڤیا بە هاوارەوە گووتی: من بە بینینی ئێوە زۆر خۆشحاڵم.

دایکی سیلڤیا باسی دوا ڕۆژەکانی باوکی بۆ سیلڤیا کرد، سیلڤیا بە نەرمی گووتی: لەوە دەترسام.

هەر سێکیان بۆ تاوێک بەبێ دەنگی دانیشتن و بیریان لەو باوکە دەکردەوە کە بەر لە مردنی نەیتوانی کچەکەی ببینێت.

لە کۆتاییدا دایکی گووتی: لێتان دەپاڕێمەوە لەبەرامبەر ئەو کۆستە خۆڕاگر بن.

دیارە من لەوە بەهێزترم کە بیرم لێ دەکردەوە.

تۆ هەمیشە کچێکی بەهێز بووی، تۆ هەمیشە دەتزانی چت دەوێت.

سیلڤیا گووتی: من داوای لێبوردن دەکەم لەسەر ئەو هەموو مەینەتانەی بەسەر تۆ، باوکم، براکانم و خوشکەکانمدا هێناومن، دەزانی بۆ من چەند بە ئازارە کە لە دوا ساتەکاندا لە سەرینی باوکم نەبووم.

دایکی گووتی: بەڕاستی کاتێک لەبارەی دەستگیرکردنەکەی تۆم خوێندەوە

شـۆکبووم، تێـدەگەم کـاتێکی سـەختتان هەبـووە، بەڵام شانازیشـت پـێ دەکەم، هەموو دۆسـت و بـرادەران تەلەفۆنیـان بـۆم کـرد و هاوسـۆزن، بەڵام مـن پێیـانم گـووت، دڵخۆشـم بەوەی هۆکـاری ونبـوونی ئەو هەمـوو سـاڵەم زانـی کە چیـان کردووە و بۆ کێیان کـردووە. ئێسـتا زانـیم کە تۆبـۆ خەونەکەت و دۆزێـک ژیـانی خۆت خسـتۆتە مەترسـییەوە کە لات چەنـد خۆشەویسـتە. دێـتەوە یـادم کە ئەوە چۆن دەستی پێکرد، دوا داواکاری ئەلێکس بوو، "پێویستە بۆ دڵنیابوون لە کوشتنی زیاتری جوولەکە هەموو شتێک بکەین."

سیلڤیا گووتی: من باشترین کارم کردووە، زۆر بە جدی کـارم کـردووە و دەسـتم لە ژیانێکی ئاسودە، منداڵ و ماڵی تایبەتی خۆم هەڵگرت، بەڵام کاتێک خەریکبـوو بە دوا ئامانجی خۆم بگەم، شکستم هێنا.

دایکی چەند وشەیەکی هاندانی لە ژێـر لێـوەوە کـرد، سـیلڤیایان ڕاچڵەکانـد و خەڵاتێکـی دایـێ: کە لە گۆشـتی وشـککراوەی ئاسـک و ژەمێکـی نیشـتمانیانەی باشوری ئەفریقا پێکهاتبوو. ئەو ژەمە بە زۆری لە گۆشتی مانگا یان بەرخ، تەنانەت فیلیش دروست دەکرێت، بەڵام باش و بەتامەکەیان گۆشتی ئاسکە .

سـیلڤیا بە ئـارامی خەڵاتەکەی دایکـی کـردەوە و دەسـتی کـرد بە خـواردنی، تامەکەی ئەوی بۆ سەردەمی منداڵی ماڵی باوانی گەڕاندەوە.

دایکی گووتی: ئەو کەسەی کار دەکات، هەمیشـە هەڵەش دەکـات، بـۆیە ئەنجـام گرنگە نەک وردەکارییەکان. کاتێک دێیتەوە سـەر خـۆت، ئەوکـات تێـدەگەیت کە چەندت جێبەجێ کردووە.

دایکە سوپاس بۆ هاندانەکانت.

براکەی سیلڤیا پرسی: لێرە چۆن ئیدارەی خۆت دەکەی؟

ئاسان نیـیە، بەڵام خەڵکـانێکی بـاش لە لامـن، نـوێنەری تـایبەتی مۆسـاد هـاتووە، جێگری باڵیۆز لە بڕی من زۆر بە جدی کار دەکات.

دایکی سیلڤیا هەڵیـدایێ و گـووتی: لەڕۆژنامەکـان وا بـاس دەکرێـت کە دادگـایی دەکرێن.

وا دیارە.

تۆ پێویستت بە پارێزەرێکی باشە.

من باشترین پارێزەرم هەیە.

ئایا جێی چاوانە؟

بەڵی، زۆر پشـتیوانمە، سەرمەشـقی پیشـەگەرانە و باشـترینی نەرویـجە، هەروەهـا پیاوێکی زۆر قسە خۆش و سەرنجڕاکێشە .

پێدەچێت شتێک لە نێوانتاندا هەبێت.

نا دایکە، شتێک لە ئارادا نیـیە، بەڵام ئەوەنـدە بەسـە کە هەیە، کاتێـک پێویسـتیم پێی دەبێت ئەو لێرە دەبێت.

ئایا مەسەلەی دادگا دەترسێنێت.

نا، ئێستا نامترسێنێت.

هیوادارم سزایەکی قورست بەسەردا نەدەن.

منیش هیـوادارم، ڕەنـگە ڕەوانەی زینـدانی ئافرەتـانم بـکەن، بیسـتوومە بـارودۆخ لەوێ زۆر لێرە باشترە.

سیلڤیا پرسیاری لەبارەی خوشک و براکانی لە باشوری ئەفریقا کـرد کە چـۆنن و چ دەکەن.

دایکی لێی پرسی: ئایا هیچت ناوێت؟

دایکە، تەنیا خۆشەویستی و پشتیوانی ئێوەم دەوێت و پێویستم بە هیچی دی نییە.

دایک و براکەی بۆ ماوەی زیاتر لە کاتژمێرێک لەگەڵ سیلڤیا مانەوە، ئەوەش دژێترین سەردان بوو کە لە ناوەندی ڕاگیراوان ڕێگەی پێدراوە. بۆ یەکەمجاربوو پاسەوان کاتی دیاریکراو دانەنێت، چونکە دەیانزانی چەند گرنگە ئەو سێیە بەیەکەوە بن.

دایکی گووتی: ئێمە بە نیازین بۆ ماوەیەک لێرە بمێنینەوە، بۆیە چەند جاری دیکە سەردانت دەکەینەوە.

سیلڤیا وەڵامی دایەوە: زۆر باش و لە جێیە، ئەوە زۆر یارمەتیم دەدات.

دوای ئەوەی دایک و براکەی ڕۆیشتن، سیلڤیا لە پرمەی گریانیدا، زۆر پەشیمان بوو لەو هەموو چەرمەسەرییەی بۆ باوانی دروست کردبوون نەیتوانی بۆ ماوەیەکی زیاتر لەگەڵیاند بێت و بە جێهێشتنی بێوەژنێکیش لەو دووڕەوە خەفەتێکی گەورە بوو.

ئۆسڵۆ شارێکی هێمن و ئارام بوو، بۆیە ڕۆژنامەکان بە ناچاری هەواڵە بێ بایەخەکانیان دەکرد بە مانشێتی سەرەکیان و زیاتر مامەڵەیان لەگەڵ سیاسەتی ناوخۆ دەکرد کە جێگەی بایەخدانی تێکڕای نەرویجییەکان نەبوو. کاتێک کەسێک تاوانێکی بکردبا بە شێوەیەکی بەربڵاو ڕۆماڵ دەکرا، بەڵام ئەوڕووداوانەش زۆر بە دەگمەن ڕوویان دەدا. بە پێی ئەم باکگراوندە، ڕووداوەکەی لیلەهامەر و دەستگیرکردنی کارمەندانی مۆساد هەڵلا و زەنایەکی گەورەی نایەوە و ڕۆژانە مانشێتی سەرەکیان بوو. ڕۆژنامەکان هەموو هەوڵێکیان دەدا بۆ بەدەستهێنانی

زانیاری نوێ لەبارەی کەیسەکەوە. دیمانەیان لەگەڵ هەموو ئەوانە دەکرد کە بە شێوەیەک لە شێوەکان بەڕووداوەکە پەیوەندیداربوون، وەک: بێوەژنی قوربانییەکە، خاوەن کارەکەی، هاوڕێتییە ئیسرائیلییەکانی نیشتەجێی نەرویج بەو مەبەستەی کە ڕەنگە زانیاریان لەسەر ئۆپەراسیۆنەکانی مۆساد هەبێت، نوێنەرانی دادگا و شارەزایانی بواری یاسا. تەنانەت ڕۆژنامەی بەربڵاوی هافتنپۆست پەیامنێری خۆی ڕەوانەی فەڕەنسا و ئیتاڵیا کرد بۆئەوەی ڕاپۆرت لەسەر سەرکردەکانی بلاک سێپتەمبەر و هاوڕێانیان بکات کە چۆن لەوێ کۆتایی بە ژیانیان هێناوە.

لە دیمانەیەکی تایبەتدا، پارێزەرێکی نەرویجی ڕایگەیاند، بەنیازە بەڵگەی تێوەگلانی ئەندامە دەستگیرکراوەکانی مۆساد لە کوشتنی ئەو تیرۆریستانە پێشکەش بکات.

کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٤ساردترین مانگی ساڵبوو، پلەی گەرمی لە ژێر سفربوو، بەفر شەقامەکانی داپۆشیبوو، ڕووبارەکانی دەوروبەری ئۆسڵۆ بەستبووی، بەڵام ئەمانە هیچیان نەبوونە ڕێگر لەبەردەم گردبوونەوەی پەیامنێران و تیمەکانی تەلەفزیۆن لە بەردەم باڵەخانەی یەکێتی ئەندازیارانەوە کە بڕیاربوو پرۆسەی دادگایی کردنی دەستگیرکراوانی لیلەهامەر لەوێ بەڕێوەبچێت کە تاکە باڵەخانەی بێ پەنجەرەی یەک دەرگەیی ناوەندی شاربوو، لەڕووی ئاسایشەوە زۆر لە باڵەخانەی دادگا پارێزراوتربوو کە پەنجەرەی گەورە و زیاتر لە دەروازەیەکی هەبوو. دەزگای ئاسایشی نەرویج لە ئەگەری هێرشی تیرۆریستی دژی تۆمەتباران بە ئاگابوو، بەڵام باڵەخانەی یەکێتی ئەندازیاران دەرفەتێکی باشتری بۆ پاراستنیان دابین دەکرد.

هەر لە کاتژمێرەکانی زووی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەکەمی دادگایی کردنەکەدا

پەیامنێران بە کۆلاوی خوری و گوێچکە بەست و پاڵتۆی لە سەرەوە تا بنەوە داخراوی ئەستوورەوە لە چواردەوری باڵەخانەکە گردبوونەوە. کاتژمێر ١٠ی ئەوڕۆژە حەوت ئۆتۆمبیلی پۆلیسی جام ڕەشی پاسەوانیکراو بە دوو ئۆتۆمبیلی سەر واڵای چەکدارەوە لەبەر دەرگای باڵەخانەکە وەستان و ئەفسەرانی پۆلیس چواردەوری دەستگیرکراوەکانیان گرتوو، کاتێک دەستگیرکراوەکان لە ئۆتۆمبیلەکان دابەزین بە پەلە بەردرانە ناو باڵەخانەکە. ئەفسەرانی دیکەی پۆلیسیش ڕێگەیان لە جەماوەری هەواڵنێران گرت، بۆیە هەر لە دوورەوە چەند وێنەیەکیان گرتن.

لە هۆڵە خۆڵەمێشییە تۆندوتۆڵ کراوەکەدا، مینبەرێک بۆ دادوەران و کورسی و مێزیش بۆ داواکاران و بەرگریکاران دروست کرابوو، لە پشتەوە شوێنێکی بڵندیش بۆ تۆمەتباران دروست کرابوو، شوێنی تایبەتیش بۆ پەیامنێران و خەڵکی ئاسایی دیاریکرابوو. ڕێگە بە وێنەگران نەدرابوو بێنە ناو هۆڵەکە، بۆیە ڕۆژنامەکان هونەرمەندانێکیان ناردبوو کە هێلکاری پرۆسەکە بکێشێت.

سیلڤیا لەگەڵ هاوڵانیدا لەسەر تەختەی دەستگیرکراوەکان دانیشتبوو و تیلە چاوێکیشی لەسەر پارێزەرەکەی بوو کە لە سەرووی تیمی پارێزەران دانیشتبوو، چاوەکانی ئانیاس شیدت بۆ ساتێکی کورت کەوتنە سەر سیلڤیا و جارێکی دی سەری خۆی بردەوە ناو پاڵتۆ ڕەشەکەیەوە، وەک ئەوەی پیشان بدات کە ئەو بۆ هیچ هۆی دیکە لێرە نییە، جگە لە جێبەجێکردنی ئەرکە یاساییەکەییەوە نەبێت، چونکە دەبووە مایەی داخ و کەسەر ئەگەر یەکێک لەڕاستەقینەی سۆزداریەکەی بەرامبەر سیلڤیا تێبگەیشتبا.

دادگایی کردنەکە لە نەرویج بەڕێوەچوو، بەڵام ڕێگە بە دەستگیرکراوەکان درا بە عیبری یان ئینگلیزی شەهادەی خۆیان بدەن. گیرا پیوهانسن لە لایەن داگاوە بە

وەرگێر دامەزرێندرابوو کە ئافرەتێکی تەمەن سی ساڵەی باریکەلەی چووست و بزۆز بوو، بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە حەیفا ژیابوو، کاتێک باوکی قەشەی کڵێسایەکی پرۆتستانتی شارەکەبوو، تۆڕێکی کڵێساکان و خانەی نەوجەوانانی لە جۆرەها شاری جیهان دروست کردبوو بە شاری حەیفا، ئاشدۆد و ئۆرشەلیمەوەش کە مەبەستی پێشکەشکردنی پێشوازییەکی گەرمبوو لە دەریاوان و زیارەتکارانی نەرویجییەوە.

دواجار نۆرەی سیلڤیا هات و چووە ناو بۆکسەکە بۆ شایەتیدان، بەڕوونی و دەنگێکی دلێرەوە وەڵامی پرسیاری دادوەرانی دایەوە، خامۆشییەک باڵی بەسەر جەماوەردا کێشابوو، کاتێک شایەتی لەسەر کەسوکارەکانیدا کە لەسەر دەستی نازییەکان لە ئۆکرانیا لە گەرمەی شەڕی دووەمی جیهانیدا، پیاو، ئافرەت و منداڵەکان لەناو بردران و گووتی: ئەوان لەبەر هیچ تاوانێک نەکوژران، جگە لەوە نەبێت کە جووبوون. چاوی جەماوەرەکە لەسەر ئەو ئافرەتەبوو کە لەناو بۆکسەکە وەستابوو و پێیانی گووت، لە ئیسرائیل و ئەورووپا خەڵکی بێ تاوان کوژران کە تاکە تاوانیان ئیسرائیلیبوون و جوویێتی بوو، جەختی لەوە کردەوە بکوژەکانی بە نهێنی و هەڕەمەکی خەڵکیان کوشت ئەندامی ڕێکخراوە تیرۆرییە تۆندڕۆکان بوون کە لە لایەن هەندێک دەوڵەتی دیاریکراوی عەرەبییەوە دانراون، جگە لە تاوانەکانی دیکەیان، بە کوشتنی یازدە وەرزشوانی ئیسرائیلییەوە تاوانبارن کە لە ساڵی ١٩٧٢ لە ئۆڵمپیکی میونخ بە خوێن ساردییەوە کوژران. هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە هاووڵاتیانی ئیسرائیل ئاشتیخوازن و ڕقیان لە شەڕە، تاکە هیوایان ئەوەیە وەک هەر کەسی دیکە ژیانێکی ئاسایی بژین، بەڵام ئامانجی سەرەکی ڕێکخراوە تیرۆرستییەکان تێکدانی ژیان لە ئیسرائیل و تۆقاندی دانیشتووانەکەیەتی. هەروەها گووتی: کاتێک بارودۆخ مایەی قبوڵ نەبوو، پەلاماری تیرۆریستییەکان ببنە کاری ڕۆژانە، گرووپێک لە جەنگاوەرانی نهێنی

بڕیاری وەستاندنیاندا. ئێمە بە شوێن پێی سەردەستەی تیرۆریستان عەلی حەسەن سەلامەوە هاتینە لیلەهامەر، نیازمان ئازاردانی ئەو بوو نەک کەسی دی. بەهۆی هەڵەیەکی وێرانکەر و ناوستراو پیاوێکی بێ گوناە هاتە کوشتن، بێگومان ئێمە زۆر بۆی بەداخین، ئەو خەڵکەی لێرە لە ژووری دادگا لەبەردەمتان وەستاون، تاوانبار نین، تاکە تاوانمان ئەوەیە، ئێمە بەڵێنمان بە خۆمان داوە لە دژی مەترسییە لەگینەکانەوە بەرگری لە خێزان و وڵاتەکەمان بکەین.

لەگەڵ ئەوەی سووربوو کە هیچ سۆزداریەکی بەرامبەر نیشان نەدەدات، بەڵام ئانیاس شیدت بە شێوەیەک سەیری سیلڤیای دەکرد وەک بڵێی حەبی خەوی دراوەتێ، دادوەر و جەماوەری ئامادەبوو چاویان لەسەری هەڵنەگرت. کاتێک قسەکانیشی کۆتاییهات چەپڵەیەکی خۆڕسکیان بۆ لێدا، بەڵام دادوەر داوای بێدەنگی کرد. دواتر لە گفتوگۆیەکی تایبەتدا گووتی: شەرفمەند دەبووم ئەگەر ئافرەتێکی وەک سیلڤیا هاووڵاتی وڵاتەکەم با.

سەرەڕای هەوڵەکانی تیمی بەرگریکار بۆ دوورخستنەوەی مۆساد لە وێنەکەدا، دادگا حوکمی بەوەدا کە هەواڵگری ئیسرائیل بەڕوونی لەڕووداوەکەی لیلەهامەر تێوەگلاوە. هەرزوو حوکمدانەکە دەرچوو: یەکێک لە دەستگیراوەکان ئازاد بوو، مارینا گێلدنکۆف بە تاوانی هاوکاری کوشتنەکە بە دوو ساڵ و نیو حوکمدرا، دان ئاربێل بە هەمان تاوان بە پێنج ساڵ زیندانی حوکمدرا، ئەبراهام گەمەر و سیلڤیا ڕافائیل بە هەمان تاوان بە پێنج ساڵ و نیو زیندانی کران. حوکمدانەکە لەوە قورستربوو کە سیلڤیا مەزەندەی دەکرد، هیواکانی سیلڤیا بەوەی دادگا بەرگرییەکانییان لەبەرچاو دەگرت بە هەوادا چوون.

دوو ئەفسەر بەرەو ئۆتۆمبیلی پۆلیس ڕێنوێنی سیلڤیایان کرد، ئانیاس شیدت کەوتە دوای و داوای ڕوخسەتی کرد کە بۆ ساتێک قسەی لەگەڵدا بکات و

سیلڤیای بردە لایەک و گووتی: هێندە خراپ نابێت، من سکاڵایەک دەدەمە دادگای باڵا.

سیلڤیا سەیری ناو چاوی کرد و گووتی: ئایا کاتێک دەدۆزیەوە لە زیندان سەردانم بکەیت.

گووتی: بێگومان، دەست لە تۆ هەڵناگرم.

کارەساتەکەی لیلەهامەر زۆر بە خراپی ناوبانگی مۆسادی لەکەدار کرد، بە تایبەتییەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت. فەرماندەی ڕێکخراوەکە بە ترس و لەرزێکی زۆرەوە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکان و دادگای ئۆسڵۆیان خوێندەوە. شکستە گەورەکە ڕای گشتی لەبارەی مۆساد گۆڕی و لە لایەن دەزگای هەواڵگریشەوە ڕەخنەی تووندیان لێگیرا. مۆساد وەڵامی ڕاپۆرتەکانی نەدایەوە و بە بێدەنگی پارێزگاری کرد.

هەریەک لە زیڤی زامیر و مایک هەراری پلان داڕێژەری ئۆپەراسیۆنی لیلەهامەر، ڕەتیان کردەوە قسە لەو پرسە بکەن. هەراری لەڕۆژنامەکانی خوێندەوە کە دەسەڵاتدارانی نەرویج داوای دەرکردنیان کردووە وەک کەسێکی پشت ڕووداوەکەی کوشتنی ئەحمەد بوشیکی. هەڵبەت هیچ دەرفەتێکی دی لەبەردەم حکوومەتی ئیسرائیلدا نەبوو، جگە لە جێبەجکردنی داواکارییەکە، بەڵام جارێکی دی هەراری هەرگیز ناتوانێت پێ لەسەر خاکی نەرویج دابنێت.

بە شێوەیەکی گشتی شکست باڵی بەسەر مۆساد کێشابوو، ئەوەی خراپتریشی کرد گاڵتە بەردەوامەکانی عەلی حەسەن سەلامە بوو کە لە بەیروت بە هەواداڕەکانی دەور درابوو و لە لایەن پاسەوانەکانیشی پارێزراو بوو، دڵنیاشبوو کە تووشی هیچ ئازارێک نابێت. گەورەترین دەرفەت بوو ڕەخنە لە دوژمنەکانی بگرێت، چەند جارێکیش بێ دوودڵی ئەوەی کرد و دووبارەی کردەوە.

سەلامە پێیوابوو مادام مۆساد تا ئێستا لە شوێن هەڵگرتنیدا شکستیهێناوە، دواجار بێزار دەبن و واز لەڕاوەدوونانی دەهێنێت، بەڵام ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگری لەبەرچاو نەگرتبوو: ئیسحاق ڕابین، سەرۆکی پێشووی ئەرکان بۆ جێگە گرتنەوەی گوڵدا مایر هەڵبژێردراوە، کە نەیارێکی گەورەی بوو، بۆیە ئیسحاق، هۆفی سەرۆکی نوێی مۆسادی بانگ کرد و ڕایگەیاند: مرۆڤ لە گەرمەی جەنگ لە مەیدان ناکشێتەوە، واز لە سەلامە مەهێنە و نابێت ڕێگە بدرێت جارێکی دی دەربازی بێت.

هۆفی سەری ڕەزامەندی لەقاند کە پێشتر پۆستی سەرەکی لە سوپای ئیسرائیلدا هەبووە و پەرۆشی جێبەجێ کردنی داواکارییەکانی ڕابین بوو.

بە هێزی زیادەوە شەڕ لە دژی بلاک سێپتەمبەر دەستی پێکردەوە، یەک لە دوای یەک پیاوە سەرەکییەکانی سەلامە پاکتاو دەکران و توانای کارکردنی ڕێکخراوەکە زۆر سنووردار کرا، مۆرالیان سفربوو، کردەوەکانیان لە کورتی دابوو و عەلی توانای ڕێگەگرتنی لە کێبرکێ و ناتەباییەکانی نێوان گرووپە پێکناکۆکەکان نەبوو .

لەگەڵ ئەوەشدا یاسر عەرەفات دوو بەرپرسیارێتی دیکەشی دایێ: سەرۆکی هەواڵگری فەتح و فەرماندەی هێزی حەڤدە کە یەکەیەکی تایبەتبوو، لە نێو مەبەستەکانیدا، پاراستنی سەرانی فەتح، بەتایبەتی عەرەفات خۆیبوو. عەرەفات سووربوو کە دەبێت لە دیدارەکانیدا لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەتانی عەرەبیدا عەلی ئامادە بێت. هەرچەندە بە فەرمی ئەوەی ڕانەگەیاندبوو، بەڵام دیاربوو کە عەلی بۆ جێگرەوەی خۆی تەیار دەکات.

لەو ڕۆژەی عەلی گەشتەکانی بۆ دەرەوەی وڵات سنووردار کردبوو، زیاتر جەختی لەسەر چالاکییەکانی ناو بەیروتبوو، بۆ مۆساد دەرکەوت دەتوانێت لەناو

بەیرووت لەناوی ببات.

دەزگای هەواڵگری مۆساد کەوتە کۆکردنەوەی هەر زانیارییەکی پەیوەست بە کاری هاکەزای ڕۆژانەی عەلی، وەك: لە کوێ کار دەکات، هاوڕێکانی کێن، دوای هاوسەگیری ئەو و ڤیرجینا لە کوێ دەژین و ئەدرێسی زەینەبی ژنی یەکەمی، لیستەکە ئەو ڕێستوڕانتانەشی لە خۆ دەگرت کە هاموشۆی دەکرد. لەئەنجامدا دەرکەوت، عەلی زۆربەی کاتی لەڕاهێنانی کارێتی بەسەر دەبات، بۆیە هەندێک کەسی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت پێیانوابوو ڕەنگە لەیەکێک لە سەنتەرەکانی لەشجوانی بەیرووت ڕاهێنان بکات. نوێنەرانی ڕێکخراوەکە لە بەیروت دەستیان بە دیاریکردنی شوێنی ئەو سەنتەرانە کرد و خۆیان کرد بە ئەندامی هەندێک لەو سەنتەرانە و ڕۆژیان لەم یان لەو سەنتەر بەڕێ دەکرد، قوڕساییان بەرز دەکردەوە و ڕاهێنانی پاسکیل سواریان دەکرد و لە حەوزی داخراو مەلەوانیان دەکرد، بەڵام عەلی لە هیچ یەکێک لەو سەنتەرانە نەبینرا.

تیمەکە حەوت مانگ بە شوێن دۆزینەوەی هۆڵی جێمی عەلی گەڕان، تا جارێک یەکێک لە ئەندامانی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت چووە ناو ساونەی سەنتەری لەشجوانی هوتێلێکی نێوەدەوڵەتی، لەمیانەی تەمتومانی ساوناکەدا ڕوخساری ئەو پیاوەی کەوتە بەرچاو کە مۆساد بە دوایدا دەگەڕان، بینی لەسەر تەختە دارێک بەڕووتی پاڵ کەوتووە و یەکێک لە ئامادەبوون بە پەڵکە داری تەڕ جەستەی دەشێلێت.

دوای ئاشکراکردنی یانەی تەندروستی عەلی، یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت دەستبەجێ کەوتە کار، بڕێکی زۆری مادەی تەقینەوەی ئاودیوی بەیرووت کرد، شارەزاییەکی بواری تەقینەوە بە مەبەستی بڕیاردان لەسەر ئەوەی بۆمبەکە لە کوێ دابنرێت و لە دووری چەند دەتوانرێت بتەقێندرێتەوە سەردانی ساونەکەی

کرد.

بە نیازبوون لەو ساتەی عەلی دەچێتە ناو ساونەکە، بۆمبەکە بتەقێنرێتەوە، بەڵام ئەو پلانە هەرگیز نەچووە واری جێبەجێکردنەوە، لەبەرئەوەی دەبووە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بێ گوناهی ئەو ناوە.

زیندانی بڕیدۆتس پێنالّی ئافرەتان بە پاس کاتژمێرە ڕێیەک لە ناوەندی باژێڕی ئۆسڵۆوە دوور بوو، دانیشتوانەکەی بە شێوەیەکی سەرەکی لە کرێکارانی کارگەکانی دەستی و نووسینگەی کارکەرانی چینی ناوەڕاست پێکهاتبوو. کۆنە قوتابخانەکەی پێشوو لە سێ نهۆمی دەوردراو بە پەرژینی بەرز پێکهاتووە و لە ناوەڕاستیدا دەرگایەکی ئاسنی گەورەی هەیە. هەروەها هیچ قولەی چاودێری و دەورییەک لە چواردەوەری پەرژینەکەی نییە، تەنیا یەک پاسەوانی لەبەر دەرگا هەیە، کاتێک لەوێ نەبێت، لەڕێگەی زەنگی ئەلیکترۆنی کەسێک بۆ دەرگا کردنەوە بانگ دەکرێت.

دەستکەوتنی جێگە لە زیندانی بڕیدۆتس پێنالّ ئاسان نەبوو. سیلڤیا بە ژمارەیەک تێستی سایکۆلۆژی تێپەڕی پێش ئەوەی وەک زیندانییەکی تەندروست قبوڵ بکرێت. هەموو ئافرەتێک کە لە ئۆسڵۆ بە زیندانیکردن حوکم دەدران خۆزگەیان دەخواست ڕەوانەی بڕیدۆتس پێنالّ بکرێت. هەر لەگەڵ گەیشتنیدا، سیلڤیا بردرایە ئەپارتمانتێکی تایبەتی کە دەیڕوانییە دارستانە چڕەکە. ئەپارتمانتەکە گەرماوی خۆی هەبوو، لەسەر مێزەکەی ناوەڕاستی ژوورەکە لەلایەن دەستەی کارگێڕی زیندان بۆ بەخێرهاتنی زیندانی نوێ کێکێکی تازە دانرابوو.

جودیث نیسیهیۆی نوێنەری مۆساد یەکەم سەردانیکەری سیلڤیا بوو.

جودیث پرسیاری کرد: ئایا دەتوانین شتێکت بۆ بکەین؟

سیلڤیا وەڵامی دایەوە: من تەنیا دەمەوێت ئێوە بۆ داخستنی حسابات‌ەکانی عەلی سەلامە هەموو هەوڵێک بدەن، ئیدی من ناتوانم ئەوە بکەم، بۆیە ئێستا نۆرەی ئێوەیە.

جودیث بەڵێنی بە سیلڤیادا هەر کە گەڕایەوە ئیسرائیل دەستبەجێ پەیامەکەی بە فەرماندەکانی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بگەیەنێت.

سیلڤیا بەڕەوشی زیندان حەپەساو و خۆشحاڵبوو، هەرچەندە پێشبینی گوڕانکارییەکی دەکرد لە چاو ڕەوشی سەنتەری ڕاگیراوان، بەڵام دەرکەوت زیندانی ئافرەتان شتێکی تەواو پێچەوانەیە، سیلڤیا ئەپارتمانتێکی سێ هۆدەی هەبوو، تاکە شتێک کە وای نیشان دەدا قاوشی زیندانە موحەجەرە ئاسنەکانی پەنجەرەکان بوو، مامەڵەی ئەوێ زۆر دۆستانەبوو. کارن پێتەرسۆنی بەرپرسی زیندان، لە دایک دەچوو تا بەرپرسی زیندان، بایەخی بە هەموو زیندانییەک دەدا، کاتێک پێویستیان بەیارمەتی هەبووایە یارمەتی دەدان، گوێی بۆ ڕادەدێران و وەک چالاکوانێکی کۆمەڵایەتی کاری دەکرد.

زیندانییەکان لە قاوشێکی فراوان، پاک و بایەخ پێدراو دەژیان و ڕووناکی لە پەنجەرە گەورەکانەوە لە قاوشەکەی دەدا، تەلبەندەکان زۆر کاریگەریان دروست نەکردبوو، زیندانییەکان ڕێگە پێدرابوون جلی ئاسایی لەبەر بکەن و بەشداری خولی جۆراوجۆری وەک: زمان، هونەر، مێژوو، پەروەردەی منداڵ و سایکۆلۆژی و بابەتی دیکە بکەن. سیلڤیا بواری سایکۆلۆژیای هەڵبژارد. نوریت گولان کە قوتابییەکی ئیسرائیلیبوو لە زانکۆی ئۆسڵۆ ئەدەبی نەرویجی دەخوێند لە لایەن ئلیزەر پالمۆر بەکرێ گیرا هەفتەی دووجار وانەی زمانی عیبری بە سیلڤیا و مارینا بدات. نوریت زوو درکی کرد کە ئەو دوو ئافرەتە زیاتر بایەخ بە گفتوگۆ گەرموگوڕەکانی ڕۆتینی ڕۆژانە دەدەن تا وانەکانیان، چونکە یەک لە دوای یەک

وانەیان پێدەدرا، تەنانەت کاتێک هەموو زیندانییەکان پێکەوە بان دوو ئافرەتەکە بەیەکەوە وەرنەدەگیران، هەفتەی جارێک هەموو زیندانییەکان چاویان بە دەروونناسێک بە ناوی لیۆ ئیتنگەر، ڕزگاربووی هۆلۆکۆست دەکەوت.

دوای چەند مانگێک لە ڕەفتاری باش، بەیاوەری چالاکوانی کۆمەڵایەتی ڕێگە بە هەردوو زیندانییە ئیسرائیلیەکە درا پاشنیوەڕۆکان لە کلینیکێکی دڕان لە ئۆسڵۆبەسەر بەرن. لەپێناو تەواو کردنی بروانامەی بکالۆریۆس لە بەشی هونەر لە زانکۆی تەلئەڤیڤ، ڕێگە بە ئەبراهام گەمەر درا بێ پاسەوان لە کتێبخانەی زانکۆی ئۆسڵۆ بخوێنێت. تەنانەت کاتێک بۆ نەشتەرگەری ئێسکەکانی پێویستی بە خەوتن لە نەخۆشخانە هەبوو بێ پاسەوانبوو.

ڕێگەش بە سیلڤیا درا بە ویستی خۆی نامە بنێرێت و وەربگرێت بێ ئەوەی لە لایەن دەسەڵاتدارانی زیندانەوە سانسۆر بکرێت، هەروەها ڕێگەی پێشوازی کردنی سەردانیکەرانی پێدرا بێ ئەوەی خزم یان نوێنەری فەرمی بن. یەکێک لەوانە ئفرایم کیشۆنی دانەر و شانۆنووسبوو کە لەگەڵ هاوژینەکەی بۆ پیشاندانی فیلمی (پۆلیس) لە تەلەفزیۆنی نەرویجی هاتبوونە ئۆسڵۆ، سیلڤیا هەرگیز ئەو سەردانە گەرموگوڕە دۆستانەی لەیاد ناچێتەوە .

سیلڤیا داوای خولی فێربوونی گیتاری کرد و شیانی خۆی لە فێربوونی ئەم ئامێرە نیشاندا، هەر زوو فێربوو بە جوانی بیژەنێت و یاوەری تیپی کۆرسی زیندان بکات لە وتنی گۆرانییە میللییەکانی نەرویجیدا کە دواتر چەند گۆرانییەکی ئیسرائیلیشی زیادکرد، ئەنیاس شیدت ڕۆژانە سەردانی سیلڤیای دەکرد، کاتێک دەیزانی دێت و لەسەر گەیشتنە بایەخی بەڕوخساری خۆی دەدا، ئەگەر کەشوهەوا ڕێگەی بدابا، لە سەر تەختەی ڕۆخی باخچەکە دادەنیشتن و بە کاتژمێر پێکەوە قسەیان دەکرد. لە زستاناندا لە تەک ئاگری ژووڕە گەورەکەی میوانانی

زیندان دادەنیشتن، شیدیت بەردەوام ئەو چوکلاتەی بۆ سیلڤیا دەهێنا کە حەزی پێدەکرد، کاتێک دەرفەتی پێدرا چەند کاتژمێرێک لە شارۆچکەکە بەسەر بەرێت، بەردەوام داوەتی ڕێستۆرانتێکی باشی کافێیەکی بەناوبانگی دەکرد.

سیلڤیا زۆر خۆشی بە سەردانەکانی شیدت دەهات، شیدت تەنیا دۆستێکی هوشیارنەبوو، بەڵکوو پیاوێکی ژیری جیهانیبوو، گفتوگۆکانیان لەبارەی بابەتی جۆراوجۆربوو، سیلڤیا زۆر لە جاران بەهێزتربوو کە دواجار پیاوێکی دۆزیەوە خۆشی بوێت و ڕێزی بگرێت. هیچ یەکێکیان لە لای هاوژین یان منداڵەکان شتێکیان باس نەکردبوو، سیلڤیا ڕێزی لەو ڕاستییە دەگرت کە ئەو خێزاندارە هانی نەدەدا لەبەر خاتری ئەو وازی لێ بهێنێت. بۆ ئەو دۆستایەتییەکەیان لە داواکردنێکی ناماقوڵ گرنگتربوو. جارێکیان بە بەرپرسی زیندانەکەی گووت: دەتوانم هەر ئەمڕۆ شووی پێ بکەم، بەڵام ئەو پرسیارەی لێ نەکردووم و منیش نامەوێت ئەو پێشنیارە بکە.

بەرپرسەکە دڵنیای کردەوە: کاتی بدەرێ.... ئەوە دەکات، من دەبینم چاوەکانی چۆن دەبریسکێنەوە کاتێک سەیرت دەکات.

چەند مانگێک دوای ئەوەی بردرایە زیندان، سیلڤیا نامەیەکی لە حەداس و شاموئێل زامیر ئەندامانی کوبیتز ڕامات هاکۆڤێشەوە پێگەیشت، لە نامەکەدا پێیان ڕاگەیاندبوو کە داڤیدی برا بچووکی بۆ ماوەی چەند ساڵە لە کوبیتز خۆبەخشە و لەبارەی ژیانە خۆشەکەیەوە قسەی بۆ کردوون، هەروەها لە کۆبوونەوەی گشتی کوبیتزدا بڕیاردرا بە ئەندامی شانازی قبوڵ بکرێت. حەداس مامۆستای پەروەردەی تایبەتبوو، بە بەرپرسی هەماهەنگی کردنی چالاکییەکان بەناوی سیلڤیاوە دانرا و تەواوی نامەکانی لە لایەن ئەندامانی کوبیتز نووسرابوون لەگەڵ وێنەکانی منداڵانی باخچەی ساوایان کێشابوویان، هەموویانی بۆ سیلڤیا

نـارد، هەروەهـا وێنەکـانی فیسـتیڤاڵی یەکەم میوەجـات و جەژن و ڕووداوی کولتووری جیاجیاشی بۆ نارد و حەداس بۆی نووسیبوو: ئێمە زۆر خۆشحاڵ دەبـین ئەگەر دوای ئازادبوونت سەردانمان بکەیت. ئـێمە خـانووت بـۆ دابـین دەکەیـن و ئەوەی لەدەستمان بێت بۆتی دەکەیـن، بـوونی تـۆ لەڕامـات هـاکۆڤێش بـۆ ئـێمە شەڕەفێکی گەورەیە.

سیلڤیا بەو دەستپێشخەرییە زۆر کاریگەربوو، ئیدی بەڕێکوپێکی نامەی لەگەڵ حەداس و شامونێل دەگۆڕییەوە، ئەو سـندوقە پرتەقـاڵەی بۆیـان نـاردبوو بەسـەر زیندانییەکانی دابەشکرد، لەبەر خۆی پێکەنـی کاتێـک پرتەقـاڵێکی پـاک کـردەوە و بەیادی هاتەوە مامۆستاکەی لە قوتابخـانەی یەکەی تایبەتـدا فێریکـرد چـۆن ئەوە بکات بێ ئەوەی گومان لەسەر خۆی دروست بکات.

سیلڤیا تەواوی نامە و وێنەکـانی لە لایەن کـوبیتز بـۆی نێردرابـوو، خسـتە نـاو ئەلبـومێکی تـایبەت، هـیچ یەکێـک لە ئەنـدامانی کـوبیتز پرسـیاریان لەبـارەی چالاکییەکانی لە مۆساد نەکردبوو، چونکە ئاگاداربوون وەڵامی ئەو جۆرە پرسیارانە ناداتەوە.

سەرباری نامەکانی لەڕامات هـاکۆڤێش پێـی دەگەیشـتن، سـیلڤیا بەو نامـانەش زۆر خۆشـحاڵبوو کە لە لایەن هاووڵاتیـانی ئیسـرائیل و جـووانی سەرانسـەری جیهـانەوە پێـی دەگەیشـتن، هەروەهـا نـامەیەکی زۆری لە کەسـوکاری ئەوانە پێگەیشت کە لە پەلاماره تیرۆریستەکان کوژرابـوون یـان برینـداربوون، لەگەڵیـدا پاکەتە شیرینی و جلوبەرگیان بۆی دەنارد، هەروەها چەند داواکاری هاوسـەرگیری بە لایەنـی کەم لە نیـو دەرزەن پیـاوەوە پێگەیشـت. لەبەرامـبەردا ئەویـش بە دەسـتوخەتی خـۆی بە زمـانی ئینگلیـزی وەڵامـی هەمـوو نامەکـانی دەدایەوە، بە بەردەوامی نامەی لەگەڵ دایکی و برا و خوشـکەکانی دەگـۆڕییەوە، لە نامەکانیـدا

باسی ژیانی زیندانی، بارودۆخی خۆی، کاری ڕۆژانەی خۆی و زیندانیانی دی و کارمەندانی زیندانەکەی بۆ دەکردن.

لە نامەکانیدا بەردەوام داوای لێبوردنی لێ دەکردن، "من تەنیا پەژارەی ئەو ناخۆشیانەم کە بۆتانم دروست کردووە و ئێوە لە خەمی مندا مەبن. ئێوە خۆتان دەزانن بەو بنەمایە کار دەکەم کە باوەڕم پێیەتی، وەک جووێک و زایۆنییەک پابەندم بەو ئەرکەی لەسەر شانمە و لەگەڵ بڕیارەکەی خۆشمدا لە ئاشتیداین، بارودۆخی زیندان زۆر باشە، دەرفەتێکی باش لە ئارادا هەیە لەوە زووتر ئازاد بکرێم کە پێشبینیم دەکرد."

سیلڤیا نامەی بۆ ئەبراهام گەمەر دەنووسی کە بۆ چەندین ساڵ دۆست و هاوڕێی بوو، داوای لە نورتی مامۆستای کرد دڵنیای بکاتەوە کە نامەکانی ئەوی پێدەگات.

بۆ ئەبرهامی مامۆستا و ڕێنوێنیکارم

دەبێت لەوە تێبگەیت، دوای تەواوی کاروبارە تۆقێنەرەکان چۆن هەست بکەم، پێدەچێت بەسەر بردنی کات لە زیندان بۆ من ئاسودەیی بێت و زۆریش سەخت نییە، بەڵام ناتوانم بیر لەوە نەکەمەوە کە چی ڕوویدا، چەندی زیاتر بیری لێ دەکەمەوە، زیاتر باوەڕ بەوە دەکەم دەکرا لە ڕووداوە داخبارەکانی لیلەهامەر دوور کەوتنایەتەوە، دوای لیلەهامەر شتێک لە ناخمدا شکاوە .... حەزی خزمەتکردنی خەڵکی لەگەڵ ئەو پیاوانەی زۆر ڕێزم دەگرتن، داخوراندووە. پاڵەوانەکانم پیاوی مەردبوون، بەڵام لەناکاو ئەوانم لەڕۆشناییەکی جیاواز دیت، چەندە مایەی بەزەییە....

دوای ئەوەی ئەبراهام لە خوێندنەوەی نامەکە بوویەوە، بە نورتی گووت بە سیلڤیا بڵێت، من بە تەواوی لەوە تێدەگەم کە هەست بەچی دەکات.

چەند ڕۆژێک دواتر لە تەلئەڤیڤەوە نامەیەکی پێگەیشت، نامەکە واژوو نەکرابوو، بەڵام دیاربوو لەلایەن یەکێک لە فەرماندەکانی مۆسادەوە نێردراوە کە لەناو زەرفێکدا شیعرێکی تایبەت بەوی هەبوو:

وەک گسکێکی کارەبایی گەورۆنە

مۆساد خەڵکە جۆراوجۆرەکان هەڵدەلووشێت

تەنیا باشترینەکان دەمێننەوە -

کۆمەڵە ئافرەتێکی نازدار

نایابترین هەڵبژاردەی پیاوان

هەموویان سەر تۆپی جەنگاوەرانی نهێنی بوون

لەسەرووی هەموشیەوە تا کۆتایی دڵسۆز بوون.

لە سەرکەوتن و

گەیشتن بە هەر ئامانجێک سور بوون

لە تاقیب کردنی ئەواندا لێزان بوون

تەنانەت لە شەوە زەنگیشدا.

لەڕیزەکانیاندا ئافرەتێکی

جوان، زیرەک و ژیر هەبوو

بەڵام یەک خەوشی هەبوو

لە سەرووی هەمووان وەستابوو.

هەموومانی بە نموونەیی دانابوو

بەو چاوە سەیری دەکردین

کە لەسەر زەوی

پەیامبەری خوداین.

تکایە بە دەنگی بەرز و ڕوون پێی بێژە

کە ئێمە هەموومان، ئێجا لەسەر وشکانی بین یان دەریا

هەرچەند دانا بین

پاش هەموو شتێک، مرۆڤین.

تکایە لێکی بدەوە، ئێمە لە ئاسمانەوە نەهاتووین

هەموومان هەڵەمان هەیە،

نەک شوێنەواری باڵەکان

ڕەنگە ئێمەش هەڵە بکەین.

دادگای باڵای نەرویج داوای تێهەڵچوونەوەکەی بەناوی زیندانیان پێشکەش کرابوو، ڕەتکردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتدارانی نەرویج نیازیان نەبوو تەواوی ماوەکە زیندانیانی ئیسرائیل لە زیندان بهێڵێتەوە. حکوومەت، وەزیرەکان، دەسەڵاتدارانی پۆلیس و بەرپرسانی زیندان هەموویان هاوسۆزی کەیسەکەبوون، بەڵام ڕێزگرتن لە یاسا بەلایانەوە گرنگبوو، نەرویجییەکانیش سەرەڕای گووشارە دیپلۆماسییەکانی ئیسرائیل، شانازیان بە حوکمدان و جێبەجێکردنی دادپەروەری دەکرد، بۆیە بە لایانەوە بابەت نەبوو ماوەی چەند لە زیندان دەمێننەوە.

لە ئەنجامی هەوڵەکانی ئیسرائیلەوە، ئەوانەی بە کوشتنەکەی لیلەهامەر تاوانباربوون گرەنتی زوو ئازادکردن و ناردنەوەی نیشتمانیان کرابوو، یەک تاکە

ڕۆژنامە ڕەخنەی لە بڕیارەکەی حکوومەت نەبوو، ئاخر ئەوانە تاوانباری تۆندڕۆ نەبوون، بەڵام جەنگاوەری نهێنیبوون، پاڵنەرەکان مایەی تێگەیشتنبوون هاوکات لەگەڵ ئایدیۆلۆژییەکەیاندا دەهاتەوە.

دواجار سیلڤیا و ئەبراهام گەمەر کە حوکمەکەیان لە هەمووان تووندتربوو، لە چاو هاوڕێکانیاندا دوا زیندانیبوون کە بەر نەدراون. هەرچەندە بە فەرمی ڕانەگەیەندرابوو، بەڵام قسە هەبوو بەم نزیکانە ئەوانیش ئازاد دەکرێن. پێیانوابوو بڕیارەکە شەپۆلێک پێشبینی لەناو ڕۆژنامەنووسان دروست دەکات کە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری کێبرکێی یەکدی دەکەن. ئانیاس شیدت بە سیلڤیای ڕاگەیاند لە هەر ساتێکدا پێشبینی گەیشتنی هەواڵی ئازادکردنی دەکات.

ژیانی سیلڤیا لە زیندان زۆر ئاسودە نەبوو، چونکە لە ئازادی کەسی بێبەش بوو، هەرچەندە بە تێپەڕبوونی کات بۆی هەبوو ڕۆژانی پشوو بێ پاسەوان بچێتە دەرەوە کە دەیتوانی بچێتە دوکانی پۆشاک و جوانکاری و پیاسەی ناو شار بکات، بەڵام زۆر ئاگای لە پاراستنی لەشولاری خۆیبوو، بۆیە لەگەڵ قاوەدا شیرینی نەدەخوارد، کاتێک ئایناس داوەتی قاوەخانەیەک یان ڕێستورانتێکی دەکرد.

سیلڤیا بۆ بیستنی هەواڵی ئازادکردنی لەسەر ئاو و ئاگربوو، حەزی بەوەبوو لە ئۆسڵۆ لەگەڵ ئایناس بژێت، بەڵام دەیزانی ئەوە مەحاڵە، چونکە ڕێگە بە زیندانیانی بیانی نەدەدرا لە دوای ئازادبوونیان لە نەرویجدا بمێننەوە. هەموو ئەوانەی پێشتر ئازادکرابوون بە هەمان پرۆسەدا تێپەڕیوون: لە زیندانەوە یەکسەر بۆ ناو فڕۆکە کە لە چاوەڕوانیاندابوو تا بیانباتەوە ئیسڕائیل. دوای گەیشتنیان و چەند ڕۆژ مانەوە لەگەڵ خێزانەکانیاندا بۆ قسە لێ وەرگرتنیان بە مەبەستی داخستنی کەیسی لیلەهامەر بانگی مۆساد دەکران.

چیڕۆکی خۆشەویستی ئایناس و سیلڤیا بە نهێنی مابوویەوە، کەس شتێکی لێ

نەدەزانی، تەنانەت هاوڕێ نزیکەکانی پارێزەر خۆشی هیچیان نەدەزانی، بەڵام تێبینیان کردبوو بەم دواییە لەگەڵ هاوژینەکەی لێک دوور کەوتوونەتەوە، چونکە پێشتر لەڕووداوە فەرمیەکاندا بەردەوام لەگەڵیدابوو، کەچی ماوەیەکە دیار نییە. هاوڕێ و خزمەکانی مەزەندەیان دەکرد ڕەنگە کێشەیەکیان هەبێت.

ئالیعازر پاڵمۆر، جێگری بااڵیۆزی ئیسرائیل لە ئۆسڵۆ، لەگەڵ زیندانیانی لیلەهامەر بەردەوام لە پەیوەندیدا بوو، بە بەردەوامی سەردانی سیلڤیای دەکرد و کتێب و ڕۆژنامەکانی ئیسرائیلی و ئەو ڕاپۆرتانەی دەگەیاندە دەستی کە بە هەوڵەکانی ئازادکردنیان پەیوەستبوون. بەر لە جەژن پاڵمۆر داوای لە دەسەاڵتدارانی زیندان کرد ڕێگە بە سیلڤیا و ئەبراهام گەمەر بدرێت، جەژن لەگەڵ خێزانەکانیان بکەنەوە و بەڵێنیدا لە کاتی خۆیدا بۆ زیندانیان بگێڕێتەوە. سێ ڕۆژ بەر لە جەژن داواکارییەکەی پەسند کرا و هەشت ڕۆژ مۆڵەتیان پێدرا.

بە ئۆتۆمبێلی بااڵیۆزخانە بردرانە ماڵی پاڵمۆر و هەریەکەیان ژوورێکی تایبەتی بۆ دابینکرا. ئەمەش یەکەم دەرفەتی ئەو دوو ئیسرائیلییە بوو باس لە شکستەکەی لیلەهامەر بکەن. ڕووداوەکان کاریگەری ئاشکرایان لەسەر ئەبراهام هەبوو، باسی لە هۆکارەکانی شکستکرد، ڕاستەوخۆ ئەو فەرماندانەی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی تاوانبارکرد کە پالن و جێبەجێکردنەکەی گرتبووە ئەستۆ، کاریگەری لە ناوبانگی مۆساد کرد و بە ئاسانی ساڕێژ نابێت. هەروەها گللەیی ئەوەشی کرد تیمی دەستگیرکراو بەناچاری باجێکی گەورەیاندا کە هەڵەی ئەوان نەبوو. لەوەدا سیلڤیا بە تەواوی لەگەڵیدا هاوڕابوو.

لە ئاهەنگی جەژندا هەندێ لە هاوڕێ جووەکانی پاڵمۆر و کارمەندانی بااڵیۆزخانە و ئایناس شیدت ئامادەبوون، هەموویان لەسەر مێزێک دانیشتن کە تایبەت بە خواردنی جەژنی بوو کە لە ئیسرائیلەوە هێنرابوو. پاڵمۆر بە شێوە

نەریتییەکەی خۆیان فیستیڤالەکەی کردەوە، وەک ئەوەی عادەتە، هەریەکێک دەبێت پارچەیەک لە هاجادا بخوێنێتەوە و سیلڤیا پارچەیەکی بە عیبری خوێندەوە. "ساڵی دادێ ئێمە لە کۆیلایەتی ئازادمان دەبێت" وەک ئەوەی باوکی لەڕێوڕەسمی جەژندا لە باشوری ئەفریقا ڕایدەگەیاند. ئایناس کە لە تەنیشتی دانیشتبوو، لە ژماردنی دە لێدانەکەی میسڕدا بەشدار بوو. پاشان نانیان خوارد و بەیاوەری سیلڤیا بە ژەنینی گیتار گۆرانیان گووت.

ئیمی کچە نۆ ساڵانەکەی پاڵۆر لەو ناوەدا دەسوڕایەوە و خۆی بە نانـدینەکەدا کرد کە دایکی خەریکی ئامادەکردنی قاوە و کێکبوو.

بە دایکی گووت: ئایا تێبینیت کردووە؟

شۆشانا بە سەر سوڕمانەوە گووتی: تێبینی چی بکەم؟

(شتێک لە نێوان ئایناس و شێدت هەیە).

ئیمی مەبەستت چییە؟

گوێم لێبوو، بەڤایکینگەکەم بانگیکرد. بە بەردەوامی بە سۆزەوە سەیری یەکدی دەکەن، لە بن گوێی یەکدی قسە دەکەن و پێدەکەنن، هەروەها دڵخۆش دیارن، دایکە ئەوانە یەکدیان خۆشدەوێت.

وەرزی بەهار هات، خۆر لە ژێر هەورەکان دەرکەوت، جارێکی دی لەسەر پەلکی دارەکان چڕینی چۆلەکەکان دەبیسترا، کلۆی بەفرەکانیش دەتوانەوە. زەنگی تەلەفۆنەکەی نووسینگەی ئەلیعازر لە باڵیۆزخانەی ئیسڕائیل لێیدا، بەڕێوەبەری نووسینگەی گشتی پارێزەرانی نەرویجی داوای دەستبەجێ بینینی کرد، بەڵام هۆکاری بینینەکەی ئاشکرا نەکرد.

پاڵۆر بە شڵەژانەوە چاوەڕوانی هاتنی کابرای نەرویجی بوو، چونکە ئەو

سەردانەی کەسێکی وا بەڕێزی نەرویجی کارێکی سادەی ڕۆژانە نەبوو، کاتێک گەیشت یەکڕاست چووە نووسینگەی پاڵمۆر و دەرگاکەی داخست. بەڕێوەبەرەکە گووتی: ئەوەی من پێت دەڵێم، دەبێت بە نهێنی لە نێوانماندا بمێنێتەوە، داوات لێدەکەم بۆ هیچ گیانلەبەرێکی نەدرکێنیت، تەنانەت بۆ کارمەندانی باڵیۆزخانەش.

پاڵمۆر بە سەرسوڕمانەوە گووتی: بەڵێن بێت.

بەڕێوەبەر بە دەنگێکی مۆزیقایی گووتی: ئەمڕۆ بڕیاری ئازادکردنی سیلڤیا و گەمەرماندا. پاڵمۆر دەیزانی لە کۆتاییدا ئەوە ڕووەدات، لەگەڵ ئەوەشدا پێیوابوو، کە کاتی هات هێندە دوور و قوڵ نابێت.

بەڕێوەبەر گووتی: نهێنیبوون پرسێکی گرنگە، ئێمە ترسمان لە گرووپە تیرۆریستییەکانە، ڕەنگە کاریگەری لە سەلامەتیان بکات.

پێشتر چوار لە زیندانییەکان ئازاد کراون، بێ زیان ڕۆیشتنەوە.

هاوڕێ، چیڕۆکی سیلڤیا و گەمەر جیاوازە، ئەوان تاکە تاوانباری دەستهەبووی کوشتنەکە بوون، نەخاسمە دادگاش بڕیاریداوە کە ئەوان ڕۆڵی سەرەکیان لە کوشتنەکەی لیلەهامەردا هەبووە. ئێمە باوەڕمان وایە ئەگەر هەواڵی ئازادکردنیان بچێتە دەرەوە، ئەگەر هەیە پێش ئەوەی بگەنە فڕۆکەخانە ببنە قوربانی پەلاماری تیرۆریستی.

جارێکی دیکە جەختی کردەوە کە کەس ڕێکەوتی ئازادکرنیان نەزانێت، تەنانەت دەسەڵاتدارانی زیندانیش. دواتر نووسینگەی داواکاری گشتی نەرویج وردەکاری پلانی دەزگای ئاسایشی نەرویجی بە پاڵمۆر گووت. بە گوێرەی پلانەکە پاڵمۆر داوای مۆڵەت وەرگرتنی دوو ڕۆژە بۆ هەریەک لە سیلڤیا و گەمەر لە بەرپرسانی زیندان دەکات بە ناوی بەشداریکردنیان لە ئێوارە نانخواردنی سااڵیادی

خێزانەکەی، نەرویجییەکە گووتی: ئەگەر هەیە بە داواکارییەکە ڕازی بن.

دواتر پاڵۆر داواکارییەکەی پێشکەش کرد و زوو ڕەزامەندیان نیشاندا، پاڵۆر بۆ سیلڤیای پێشنیازکرد، شتەکانی دەیەوێت لەگەڵ خۆی بهێنێت، هەمووی بخاتە ناو جانتایەک. کاتێک سیلڤیا گوێی لەمە بوو، یەکسەر مەزەندی کرد کە مەسەلەی ئاهەنگی لە دایکبوون تەنیا فێڵێکە بۆ لە زیندان دەرکردنیان و یەکسەر بەڕەو ئیسرائیل ڕۆیشتنەوەیە. لە خۆشیاندا کاتێک کەلوپەلەکانی کۆدەکردەوە دڵی بە تووندی لێدەدا و دەستەکانی دەلەرزین. گیتارەکەشی هەڵگرت و مادۆنی لە بەرپرس و کارمەندانی زیندان وەرگرت، بەڵام تێ نەدەگەیشتن بۆ هێندە دڵخۆشە، بۆیە بیری سیلڤیایان هێنایەوە: دوای دوو ڕۆژی دی دەگەڕێیتەوە.

سیلڤیا وەڵامی نەدانەوە، تەنیا گرژییەوە.

بەڕێوەبەرەکە گووتی: تۆ شتێک دەزانێت و پێمانی ناڵێیت.

سیلڤیا گووتی: من هیچ نازانم.

سیلڤیا سواری ئۆتۆمبیلەکەی پاڵۆربوو کە لە دەرەوەی دەرگاکە وەستابوو. کاتێک دەستیان بە لێخوڕین کرد، ئاوڕی دایەوە و بۆ دواجار سەیری زیندانەکەی کرد، سیلڤیا نزیکەی دوو ساڵێک زیندانیبوو: سەرەتا لە سەنتەری ڕاگرتن، دواتر لە زیندان. لەو ماوەیەدا هۆکارێک یارمەتیدا بەرامبەر ئاینەدەی گەشبین بێت، ئەویش: پەرەسەندی خۆشەویستی نێوان خۆی و پارێزەرەکەی بوو.

لەسەر ڕێگە ئەبراهام گەمەریشیان هەڵگرت، ئەویش مەزەندەی کردبوو کە ئاهەنگی لە دایکبوون تەنیا چیرۆکێکی نهێنییە. بۆیە شتەکانی خۆی کۆکردبۆوە و ئەو ڕادیۆیەشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو کە لە زیندان بە دەستی کەوتبوو. هەردووکیان لە پاڵۆریان پرسی، ئایا مەزەندەکانیان دروستن. بەڵام هیچ وەڵامیان

وەرنەگرتەوە.

ئێوارەکەی ئایناس شیدت گەیشتە ئەپارتمانتی پاڵمۆر، چونکە پێشتر پێی گووترابوو کە چ کارێک لە ئارادایە. ئەو و سیلڤیا پێکەوە ماوەیەکی درێژ لە ژووڕێکدا بوون و بە سیلڤیای گووت هەموو شتێکی بە هاوژینەکەی گووتبێ و ئێستاش دەستی بەڕێوشوێنی تەڵاقدانکردووە. ئەمەش یەکەمجار بوو ئایندەی خۆیان تاوتوێ بکەن و بەڵێنی پێدا هەرکە ئازادبوو، زوو هاوسەرگیری لەگەڵیدا دەکات.

سەرلەبەیانی زوو، پۆلیس لە دەرگەی ماڵی پالمۆریدا و پێکەوە سیلڤیا و ئەبراهام و پالمۆر سواری ئۆتۆمبیلی پۆلیسبوون کە لەلایەن ئۆتۆمبیلێکی پڕ لە ئەفسەری چەکدار پاسەوانی دەکرا. شەقامەکانی ئۆسڵۆ چۆڵبوون، پەنجەرەکان بە تەواوی داخراوبوون، هێشتا دوکانەکان نەکرابوونەوە، ئەو شەقامەی بەرەو فڕۆکەخانە دەچوو، قەرەباڵغ نەبوو.

لەبەر هۆکاری ئاسایشییەوە، دەبوو سێ لەوان یەکەمجار بچنە زیورخ، کاتێک فڕۆکەکە لە ئۆسڵۆ هەستا، سیلڤیا لە پەنجەرەوە سەیری خوارەوەی کرد و هیوای خواست بەو زووانە بگەڕێتەوە و شوو بە دڵدارەکەی بکات، ئەوەندە تەمەنەی ماوەیەتی لێرە لەگەڵیدا بەسەر بەرێت. بێگومان ئەوها بیرکردنەوەیەک ئارامیان بە مێشکە شڵەژاوەکەی دەدا کە لە دوای لیلەهامەر تووشی ببوو.

دوای وەستانێکی کورت لە زیورخ، سیلڤیا و ئەبرهام بە پاسپۆرتی ئیسرائیلییەوە سواری فڕۆکەی ئەل ئال بوون و بەرەو ئیسرائیل ڕۆیشتنەوە. ئیدی ناوی پاتریشیا ڕۆکسبێرگ لە بوون سڕایەوە و ناوی سیلڤیا ڕافائیل بۆ سەر ناسنامە ڕاستەقینەکەی گەڕایەوە.

هەواڵ و ڕاپۆرتی ئازادکردنی دوا دەستگیرکراوانی لیلەهامەر ئەوکاتە

بڵابوویەوە کە هەردووکیان نەرویجیان جێهێشتبوو، بەڵام دواتر بوو بە مانشێتی سەرەکی هەواڵەکان. تەنیا ڕێگە بە کەسایەتییە دەسەڵاتدارەکان، خزمە نزیکەکان و نوێنەرانی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی سەربە مۆساد درا لە فڕۆکەخانەی بنگۆریۆن لە چاوەڕوانی گەیشتنیاندا بن. دوای ئەوەی فڕۆکەکە نیشتەوە، هەریەک لەیائیل و میشال کچانی ئەبراهام بەڕاکردن خۆیان هاویشتە باوەشی باوکیان، هەروەها دینای هاوژینی، ئەمیتی کوڕی کە دوای دەستگیرکردنی لە دایکبوو، لە لایەک وەستابوو، لە نزیک کەوتنەوە لە پیاوێکی نامۆ دوو دڵبوو، کاتێک باوکی ئاوڕی دایەوە و باوەشی بۆی واڵاکرد، بە سەرسوڕمانەوە پرسیاری کرد: "من نەمدەزانی باوکم چاوی شینە." لە فڕۆکەخانەڕا خێزانەکە بە مەبەستی پشوودانێکی موستەحەق بۆ هوتێلێکی باشووری ئیسرائیل گوێزرانەوە.

ئۆتۆمبیلێکی کیبوتز ڕامات هاکۆڤێش سیلڤیای هەڵگرت و بەرەو ماڵی حەداس و شاموئێل زامیری گواستەوە، لەسەر شەڕەفی سیلڤیا، کیوبتز ئێوارە خوانێکی گەورەی ڕێکخستبوو کە میوانێکی زۆر و چەندین پەیامنێر و وێنەگریش ئامادە بوون، چەند هەفتەیەک دواتر مۆتی کیفر فەرماندەی قوتابخانەی یەکەی تایبەت بۆ ئێوارەخوان سیلڤیای داوەتی ماڵەکەی کرد، هەروەها ئیسحاق سیگەڤ، پارێزگاری غەزە گەشتێکی بۆ سینا و دەوروبەری پێکرد.

مانگێک دوای گەڕانەوەی بە مەبەستی وتە لێ وەرگرتن سیلڤیا بانگی بارەگای موساد کرا، بەڕێوەبەری مۆساد زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکرد و داخی خۆی بەرامبەر ئەوەی لە لیلەهامەر ڕوویدا پیشاندا. لەگەڵ ئەوەی بە هیچ پرسیارێکی ناپێویست کێشەیان بۆی دروست نەکرد، بەڵام هەستی کرد ناچارە بڵێت: "بۆ من گرنگە شایەدی لەسەر ڕووداوەکانی لیلەهامەر بدەم، سووریشم لەسەر ئەوەی شایەدییەکەم لە لایەن لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کاروبارەکان تاقیبکرێتەوە. ئەوانیش داواکەیان تۆمار کرد و داوایان لێکرد بە تەواوی توانستەوە کار لەگەڵ مۆساد

بکات. داواکەی ڕەتکردەوە و پێویستی بەڕوونکردنەوەی هۆکارەکانیش نەبوو. کاتێک هەستا بڕوات یەکێک لە فەرماندەکانی مۆساد تا ئۆتۆمبیلەکەی یاوەری بوو، پێی گووت: ئێمە سەلامەمان لە بیر نەکردووە، لە کۆتاییدا هەر دەیخەین و لەناوی دەبەین.

لەو سەروبەندە ئایناس شیدت بە مەبەستی کارکردن لەسەر ڕێگەدان بە گەڕانەوەی سیلڤیا بۆ نەرویج گەڕابوویەوە ئۆسڵۆ، پێشبینی نەدەکرد ئەم کارە کێشە بنێتەوە، بەڵام دەرچوو هەڵەبووە. هەرچەندە حکوومەت بەڵێنی گفتوگۆکردنی داواکارییەکەی پێدابوو، بەڵام ڕوونیان کردەوە کە بابەتەکە هەستیارە و گەرەنتی ئەنجامێکی ئەرێنی نییە.

لە ئەنجامی دزەکردنی زانیارییەک لە نووسینگەی دەروەی نەرویج لەبارەی نیەت و هەوڵەکانی گەڕانەوەی سیلڤیا بۆ نەرویج، وتارێک لەڕۆژنامەی داگێنبڵات بڵاوبوویەوە. ئەم ئاشکراکردنە وەڵامی فراوانی بەدوای خۆیدا هێنا، سەروتارەکان و نووسەرانی بەسەر دوو بەرە دابەشکرد: هەبوون پشتیوانیان لە گەڕانەوەی سیلڤیا دەکرد، هەشبوون دژی گەڕانەوەی بوون. بەرەی دژ بە بانگەشەی ئەوەی ناکرێت ڕێگە بە " تیرۆریستێکی ئیسرائیلی" بدرێت بگەڕێتەوە سەر شانۆی تاوانەکانی، یەکێک بەناوی یانسن شومان بۆڕۆژنامەی ناشنالی نووسیبوو "نەرویج نابێت ڕێگە بە تاوانباران بدات لە سنوورەکەیدا بژین" بەتایبەتی ئەوانەی لە لایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی جۆراو جۆرە ڕاوەدوو دەنرێن، ئێمە نابێت بارودۆخێک دروست بکەین دووبارە خۆیان لە شەقامەکانماندا ڕێچکە بگرێت. خاتوو ڕافائیل دەبێت ئەوە بزانێت لێرە پێشوازی لێ ناکرێت.

ڕای گشتی یەکەم گوللەی خۆی تەقاند، بەڵام سیاسەتکاران کارەکەیان تەواو کرد. دوای ماوەیەکی کورت، حکوومەتی نەرویج بە فەرمی وەڵامی دایەوە: سیلڤیا

بە پێدانی ڤیزا خەڵات ناکرێت .

ئایناس کۆڵی نەدا، لە دژی بڕیارەکە نووسینگەکانی حکوومەت و دادگاکانی یاسایی سکاڵاباران کرد، بەڵام هەوڵەکانی سەریان نەگرت. لە کۆتاییدا هەموو دۆستە دەستڕۆیشتووەکانی کۆکردەوە و بڕوای پێهێنان پشتیوانی لە کەیسەکە بکەن. تەنانەت هاوژینەکەی خۆی کە لەسەر تەڵاقدانیش بوو لەگەڵ بێوەژنەکەی ئەحمەد بوشیکی، ئەوانیش بەشداریان لە کەمپینی گەڕانەوەی سیلڤیا بۆ ئۆسڵۆ کرد.

ئایناس بۆ ئیسرائیل فڕی و خۆی گەیاندە کیبوتز ڕامات هاکۆڤیش، سیلڤیا بە خۆشحاڵییەوە بەخێرهاتنی کرد و بە سۆزدارییەوە یەکدیان لە ئامێز گرت، ئایناس پێی گووت، بڕیاری داوە لە ئیسرائیل لە لای بەنێتەوە تا ئەوکاتەی حکوومەتی نەرویج بڕیارەکەی دەگۆڕێت.

ڕۆژەکان بە هێواشی تێدەپەڕین، بەڵام بە هاندانی ئایناس بەناوی سیلڤیا لیژنەیەکی لە ئۆسڵۆ دامەزراند، ئەو لیژنەیە لەگەڵ پەرلەمانتاران و سەرنووسەری ڕۆژنامەکان کۆبوونەوە، وتاری پاڵپشتیان بڵاوکردەوە و لە تەلەفزیۆنە نیشتمانەکان قسەیان لەوبارەوە کرد.

ئەندامانی ڕامات هاکۆڤیش ئەوەی لە دەستیان هات کردیان بۆئەوەی ئەو دووانە وا هەست بکەن لە ماڵی خۆیاندان، بەڵام سیلڤیا و ئایناس حەزیان بە مشەخۆری نەبوو، بۆیە سووربوون دەبێت سوودێک بگەیەنن. سیلڤیا لە بێستانی پرتەقاڵ دەست بە کاربوو، ئایناسیش خەریکی بەخێوکردنی مریشک و کۆکردنەوەی هێلکەبوو. دواجار هەواڵ لە نەرویجەوە گەیشت کە ڕێوشوێنی تەڵاقدان کۆتاییهاتووە، واتە ئێستا هیچ بەربەستێک لەبەردەم ئەنجامدانی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو ئافرەتە نەماوە کە دولبەریەتی و خۆشی دەوێت.

چەنـد مانگێـک دواتـر لە مـاڵی ڕافائێـل لە باشـووری ئەفریقـا ڕێوڕەسـمی زەماوەنـدی ئەو دووانە بەڕێوەچـوو. بەڵام ڕافائیـل وازی لە کەیسـی گەڕانەوەی سیلڤیا بـۆ ئۆسـڵۆ نەهێنـابوو، هەر بەردەوامبـوو، نـامەی بـۆ سـەرۆک وەزیـران و وەزیری دەرەوەی نەرویج نووسی، تێیدا دووپاتی لەوە دەکردەوە کە ئەو و سیلڤیا بەیاسایی زەماوەنـدیان کـردووە و هـیچ شـتێک لەوە سرووشـتیتر نیـیە پێکەوە لە وڵاتی دایکدا بژین. چەند ماوە و بڕگەیەکیشـی لە حـوکمی دادگـا هەڵێنجـابوو کە گوزارشتبوون لە سۆز پیشاندان بەرامبەر پاڵنەرەکانی سـیلڤیا بـۆ بەشـداریکردن لە ئۆپەراسیۆنی لیلەهامەردا. هەروەهـا ئەوەشـی تێیـدا ڕاگەیانـدبوو کە سـیلڤیا خـڕ پەیوەنـدییەکانی لەگەڵ مۆسـاد پچڕانـدووە. چەنـد ڕۆژنـامەیەک بەو بانگەشـەیە کاریگەربوون و داوای پێداچوونەوە بە بڕیارەکەیان لە حکوومەتی نەرویجی کرد و هەفتەنامەی ئاگ بە مانشێتی گەورە وتارێکی نووسی: "حکـوومەتی نەرویـج دژی خۆشەویستییە"

وێـڕای هەوڵەکـانی هەڵوەشـانەوەی بڕیـارەکە، بەڵام بڕیـارەکەی حکـوومەتی نەرویجـی سـاڵێکی دیـکە درێـژەی کێشـا. هەریەک لە ئیسـحاق ڕابینـی سـەرۆک وەزیران و موناحیم بێگنی جێگرەوەی لەبڕی سـیلڤیا گووشـاریان لە نەرویـج کـرد. دواتر لە ساڵی ١٩٧٧دا ئایناس نامەیەکی فەرمی لە نووسـینگەی داواکـاری گشـتی نەرویجیـیەوە پێگەیشـت کە تێیـدا هـاتبوو، دوای سـەرلەنوێ تـاوتوێ کـردنەوەی کەیسەکە بڕیاری ڕێگەدان بە گەڕانەوەی خێزانە نوێیەکەی ئایناس بۆ ئۆسڵۆ درا.

سیلڤیا وەک خێزانی پارێزەرێکی ناودار کەوتە جۆرێک لە خۆشی، بۆ هـاوڕێ و کەسایەتییە ناوداڕەکانی لە ماڵەکەیانـدا ئـاهەنگی ڕێکدەخسـت، جـوانی، ژیـری و لێهـاتوویەکەی لە گفتوگۆکردنـدا، بەتـایبەتی ناوبـانگەکەی وەک جەنگـاوەرێکی نهێنی ئازا ژن و پیاو زۆر پێی سەرسامبوون، هەواڵی چالاکییەکـانی بە بەردەوامـی لەڕۆژنامەکانـدا بڵاودەبـوویەوە، خـانەی چاپەکـان بەرامـبەر مـافی بڵاوکـردنەوەی

چیرۆکـی ژیـانی پـارەیەکی زۆریـان خسـتە بەردەسـتی، تەلەفزیۆنەکـان لەبەری دەپارانەوە لەبارەی چالاکییەکانی مۆساد دیداریان لەگەڵدا بکـات، بەڵام بەڕێـزەوە هەموو داواکارییەکانی ڕەتکردەوە.

سیلڤیا بە تەواوی خۆی بۆ قۆناغە نوێکەی ژیانی و هاوسەرە خۆشەویستەکەی تەرخان کردبوو. دواجـار بە ئـازادانە وەک ئەوەی دەیویسـت دەهـات و دەچـوو، چیدی پێویستی بەوە نەبوو خۆی لە پەنای چیرۆکی نهێنـی بشـارێتەوە یـان ڕاڕا و دوودڵ بێت لەوەی کەسانێک تاقیبی بکەن. زۆرجار بۆ خۆشـی بە پێیـان دەچـووە بازاڕ و وێنەگران وێنەیان دەگرت و بەشداری لە ئاهەنگ و بۆنەکـان دەکـرد کە لە باڵیۆزخانەی ئۆسڵۆ بەڕێـوە دەچـوون، تەنیـا یەک شـت میزاجـی گرتبـوو، ئەویـش بەردەوامبوونی عەلـی سـەلامە بـوو لە کـردەوە تیرۆریسـتەکانیدا، چـونکە هێشـتا مۆساد نەیتوانیبوو بیوەستێنێت.

ئەوەی سیلڤیا لێی بێئاگابوو، ئەوەبوو کە عەلی سەلامە بە دوای کوشـتنیەتی و جێبەجێ کردنـی پلانـی کوشـتنی سـیلڤیا لە ئۆسـڵۆ ئامـادەبوو، هەمـوو شـتێک لە شـوێنی خۆیـدابوو: تیمـی بکـوژ، چەک، تەقەمەنـی و ڕێـگەی دەربـازبوون. بەڵام وێـڕای نهێنـی پـلانەکەی عەلـی، دزەکردنێکـی ئاسـایش بـووە هـۆی ئەوەی بگـاتە گوێچکەیەکی هەڵەوە. یەکێک لە شەش کەسەکەی تیمـی بکـوژ سـیخوڕێکی دوو سـەرەبوو، پـێش ئەوەی بچێـتە ئۆسـڵۆ پەیوەنـدی بە ئەفسـەرە سەرپەرشـتیارە ئیسـرائیلیەکەیەوە کـرد و باسـی پلانـی کوشـتنەکەی بـۆ کردبـوو. ئەفسـەری سەرپەرشتیاریش زانیارییەکەی بۆ سەرووی خۆی بەرز کردبۆوە.

بۆیە دەستبەجێ مۆساد دەزگای ئاسایشی نەرویج ئاگادار کـردەوە و ئەوانـیش دەسـت بەکـاربوون و بۆیـان ئاشـکرابوو کە تـیمەکەی عەلـی سـەلامە پێشـتر گەیشتوونەتە ئۆسڵۆ، ئەندامانی تیمەکە لە سێ هوتێلی جیادا دابەزیوون و پلانیان

کۆکردنەوەی چەکەکانە کە لە وێستگەی شەمەندەفەرە، دواتر لە نزیک ماڵەکەیدا بە مەبەستی کوشتنی بۆسە بۆ سیلڤیا دەنێنەوە .

پاشان نوێنەری مۆساد چاوی بە سیلڤیا کەوتوو لە پلانی کوشتنەکەی ئاگاداری کردەوە، کاتێک بەوەی زانی شۆکبوو، چونکە ناردنی پیاوکوژ لە لایەن عەلی سەلامە بۆ کوشتنی هەرگیز بە خەیاڵیدا نەدەهات، ئەو ئێستا هاووڵاتییەکی نەرویجییە و شووی بە پارێزەرێکی ناوداری نەرویج کردووە و ماڵێکی هەمیشەیی لە ئۆسڵۆ داناوە و بەڕەوانی بە نەرویجی دەئاخفێ بێ ئەوەی تۆنی بیانی بەسەرەوە بێت.

کاتێک پلانی کوشتنی سیلڤیا بۆ دەسەڵاتدارانی نەرویج ئاشکرابوو، لە چواردەورەی ماڵەکەیدا پاسەوانی ٢٤ کاتژمێریان بۆی جێگیرکرد و سووربوون لەسەر ئەوەی تا چارەسەری ئەو بابەتە دەکەن، لە ماڵەکەیدا بمێنێتەوە. بەڕێنمایی وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل، باڵیۆزخانەی ئیسرائیل لە ئۆسڵۆ داوای بینینی بە پەلەی ئێدوارد نۆردلی سەرۆک وەزیرانی نەرویجی کرد بۆ ئاگادارکردنی لەو زانیارییانەی لە لایەن مۆساد دەست کەوتوون. سەرۆک وەزیران دەیزانی مۆساد هەرگیز زانیاری هەڵەی بەسەردا تێناپەڕێت. بۆیە پلانی کوشتنی سیلڤیا ڕافائیڵ بە دروست وەرگرت و لە توڕەییان دەموچاوی سوور هەڵگەڕا و گووتی: "من خۆم بە شەخسی ئەو بابەتە لە ئەستۆ دەگرم ".

دوای ئەوەی باڵیۆز لە نووسینگەکەی چووە دەرێ و ڕۆیشت، سەرۆک وەزیران داوای کرد بە تەلەفۆن یاسر عەرەفاتی لە بەیرووت بۆ وەربگرن. کاتێک سەرکردەی فەتح پەیوەندی لە ئۆسڵۆوە پێگەیشت، سەر سوڕمان گرتی، چونکە هەرگیز چاوی بە سەرۆک وەزیران نەکەوتبوو، هەرگیز مەزەندەی ئەوەشی نەدەکرد ئەو بەرپرسە باڵایە تەلەفۆنی بۆ بکات.

بێ هیچ پێشەکییەک سەرۆک وەزیرانی نەرویج گووتی: بەڕێز عەرەفات، ئێمە لە لایەن سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو ئاگادار کراوینەتەوە کە ڕێکخراوەکەتان بە مەبەستی کوشتنی خاتوو سیلڤیا ڕافائیل شیدیت تیمێکی بۆ ئۆسڵۆ ناردووە. عەرەفات گووتی: من هیچ بیرۆکەیەکم نییە لەوەی تۆباسی چ دەکەیت. لەڕاستیدا عەرەفات ئاگاداری تەواوی وردەکاری پلانی تیرۆر کردنەکەبوو، شەخسی ڕەزامەندی نیشاندابوو.

سەرۆک وەزیران وەڵامەکەی فەرامۆش کرد، چونکە لە لای ئاشکرابوو عەرەفات ڕاستییەکەی پێ ناڵێت و بەجدیانە گووتی: بەڕێز، من دەمەوێ ئەوەت بۆڕوون بکەمەوە، خاتوو ڕافائیل شیدت هاووڵاتییەکی نەرویجییە، دەمەوێ هەر ئێستا گفتم بدەیتی کە خەڵکەکەت لە ئۆسڵۆ بانگ دەکەیتەوە، دەشمەوێ سوێندم بۆ بخۆیت کە هیچ یەکێک لەڕێکخراوەکەت پەنجە بۆ ئەو ئافرەتە درێژ نەکات.

عەرەفات تێگەیشت نکۆڵی کردن دادی نادات، ویستی گەمە بە کات بکات و گووتی: من لەگەڵ هەڤاڵانم لەوە دەکۆڵینەوە بۆئەوەی بزانین ئەو پاگەندەیەی تۆ باست کرد چ بنەمایەکی هەیە.

سەرۆک وەزیران بە پێداگیرییەوە گووتی: من لە سەر هێڵ چاوەڕوانم، بەڕێز عەرەفات گەرەنتیم لە تۆ دەوێت و هەر ئێستاش دەمەوێت.

عەرەفات تێگەیشت گەمەکە کۆتاییهاتووە، ئەگەر لە بێزارکردنی نەرویجییەکان بەردەوام بێت، کارێک بە دژی فەڵەستینییەکان دەکەن: هەر شەش ئەندامەکەی تیمی بکوژ دەگرن، نوێنەرایەتی فەتح لە ئۆسڵۆ دەردەکەن، قوتابیانی عەرەب دەردەکەن کە لە نەرویج دەخوێنن و لێناگەڕێت بچنەوە وڵاتەکەوە .

لە کۆتاییدا عەرەفات گووتی: باشە، لەسەر ئەو گریمانەی کە ئەو تیمەی تۆ باسی دەکەیت بەڕاستی لەوێن، من هەموو هەوڵێک دەدەم لە ئۆسڵۆ بکشێنەوە.

دیسان داوات لێدەکەم گفتم بدەیتێ کە ئێوە هەرگیز بیر لە ئازاردانی ئەو ئافرەتە نەکەنەوە.

دڵنیاییت دەدەمێ کە هەرگیز ئازاری پێ نەگات.

سوپاس بەڕێز عەرەفات.

عەلی سەلامە لە زاری سەرکردەی فەتحەوە گوێبیستی گفتوگۆی نێوانی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی نەرویجبوو، یەکسەر تێگەیشت ناتوانێت پلانی تۆڵەسەندنەوەکەی جێبەجێ بکات، ئەو ئافرەتە جەنگاوەری نهێنییەی بێ پسانەوە دوای کەوتبوون، ئێستا لە دەرەوەی گۆڕەپانە و پاراستنێکی ئاسنیشی پێ دراوە، لە حەژمەتان ددانی چێڕ کردنەوە، بەڵام هیچیشی لە دەست نایەت بیکات. بە تورەییەوە فەرمانی بە تیمەکەدا یەکسەر بگەڕێنەوە.

بە تێپەڕبوونی کات پەتی گەردەنی عەلی حەسەن سەلامە تووندتر بوو، ئاشکرابوونی پلانی کوشتنی سیلڤیا بە بیری هێنایەوە کە ئیسرائیلییەکان چەند لە نزیکەوە تاقیبیان کردووە و چەندە ئامادەن. بۆیە لە پێشان باشتر بۆی ڕوون بوویەوە کە مۆساد وازی لێناهێنێت هەتا لەسەر زەوی بڕوات. ئێستا حەزی بۆ ژیان لە پێشان بەهێزترە، نەخاسمە لەوکاتەی جۆرجینای مارە کردووە و منداڵێکی لێی هەیە. بۆیە لە هەر شت زیاتر پێویستی بە دۆزینەوەی گەرەنتییەک هەبوو کە هەم ڕێگە لە ئیسرائیلییەکان بگرێت هەم ڕێگەشی پێ بدات لە ژیان هێنێتەوە. بەدوای دەسەڵاتێک گەڕا کە کاریگەری بەسەر ئیسرائیل هەبێت و ناچاری بکات پلانی کوشتنی لەڕیشەوە هەڵتەکێنێت. تەنیا یەک هێز هەبوو ئەگەری سەرکەوتنی ئەوەی هەبێت، ئەویش: ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو.

وەک پیشەی ئاسایی خۆی، عەلی جوڵانەوەی داهاتووی بە وردی و زیرەکی

داڕشت، ویستی لە ئەمەریکییەکان نزیک بکەوێتەوە لە سۆنگەی دروست کردنی بارودۆخێک، ئەوان وا هەست بکەن کە بێ یارمەتی ئەو هیچ چارەیەکی دیکەیان نەبێت و ڕوبەڕووی زنجیرەیەک مەترسی دەبنەوە. بۆ گەیشتن بەمەش توانی باوەڕ بە عەرەفات بهێنێت کە بۆیان گرنگە بە نهێنی هاریکاری لەگەڵ ئەمەریکییەکان بکات. چونکە هەر ئەوان دەتوانن یارمەتی ڕزگاربوونی ڕێکخراوی فەتح بدەن لەو توخمە توندڕۆیانەی دەیانەوێت عەرەفات لە سەرکردایەتیدا بخەن، پێشنیازی کرد و گووتی: ئێمە زانیاری هەڵەیان بۆ دەنێرین، لەبەرامبەردا ئەوانیش بەڵێنی پاراستنمان پێدەدەن، هەر کاتێک پێویست بێت. عەرەفات بیرۆکەکەی لێ کڕی.

ئەوەی مابوویەوە بڕواپێهێنانی ئەمەریکییەکانبوو کە ئەو هاوپەیمانییە لەپێناو بەرژەوەندی ئەواندا پێکدەهێنێت. عەلی پلانێکی وای داڕشتبوو، بۆیە لەوە دڵنیابوو ئەمەریکییەکان بە باوەشی کراوە پێشوازی لێدەکەن. لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٧٦ تیمێک لە دڵسۆزانی خۆی بۆسەیان بۆ کاروانی ئۆتۆمبیلەکانی فرانسیس مالۆری باڵیۆزی نوێی ئەمەریکا لە لوبنان دانا، کاتێک بۆ ئەنجامدانی یەکەم دیداری لەگەڵ ئەلیاس سەرکیسی سەرۆکی لوبنان بەڕێوەبوو، بە چەند خولەکێک بەر لە گەیشتنی کاروانەکە بە شوێنی مەبەست، بارهەڵگرێک ڕێگەی پێگرت و تەقە لە نەفەرەکان کرا. هاوکات پیاوەکانی عەلی هەڵیان کوتایە سەر ئۆتۆمبیلەکەی باڵیۆز، پاسەوانەکانیان کوشت و ئەو و پاشکۆی ئابووری باڵیۆزخانەو شوفێرە لوبنانییەکەشیان ڕفاند و لە شوێنێکی نادیاریان شاردنەوە. هێزەکانی ئاسایشی لوبنان بە مەبەستی ڕاوەدوونانی پەلامارەدەران دەستیان بە کێوماڵێکی فراوان کرد، بەڵام یەک بەڵگەشیان دەست نەکەوت، ڕۆژی دواتر جەستەی پیاوە ڕفێنراوەکان لە ناوچەیەکی چوڵەوانی باشووری بەیروووت دۆزرانەوە .

بە دنەدانی عەلی سەلامە سەرکردایەتی فەتح ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە کە

بەشێک نین لەڕفاندن و کوشتنەکەدا و تۆمەتەکەیان خستە ئەستۆی گرووپە توندڕۆکانی ڕێکخراوەکە، هاوکات پۆلیسی بەیرووت چەند گومانلێکراوێکیان دەستگیر کرد، بەڵام هەرزوو ئازاد کران.

ئەمەریکییەکان بەڕوەداوەکەی لوبنان شلەژان، بەڵام لە نهێنی نزیک کەوتنەوەی عەلی لە نووسینگەی سی ئای ئەی لە بەیرووت و خستنەڕووی یارمەتی بۆڕاماڵینی گرووپە توندڕۆکانی فەتح خۆشحاڵبوون. هەروەها ئەوەشی بۆ ئەمریکییەکان ئاشکرا کرد کە ڕووسەکان نەخشەی ڕفاندی چارڵز وۆتەرمانی کارمەندی سی ئای ئەیان داڕشتووە، بە خێرایی چواردەوریان بە پاسەوانی تایبەتی تەنی و ڕێنوێنیان پێیدا خۆی لە سەردانیکردنی ناوچە مەترسیدارەکانی لوبنان بە دوور بگرێت.

شەوێک کاتێک عەلی لەگەڵ جۆرجینا لەیانەیەکی شەوانە هاتە دەرەوە، لە نزیکەوە لە لایەن پەلامارەدەرانەوە دوو گوللەی لێدرا و لە شوێنەکەش هەڵاتن، یەکسەر عەلی بۆ نەخۆشخانە گوێزرایەوە و بەخت یاریبوو، بریندەکەی سووکبوو. دوای چەند ڕۆژێک عەرەفات ڕایگەیاند پەلاماردانەکە لە لایەن یەکێک لەو گرووپانە ئەنجامدراوە کە بەرهەڵستی ئەون، بەڵام هیچ گومانلێکراوێک دەستگیر نەکرا.

ئەمریکییەکان بۆ ئیسراحەت عەلیان بانگهێشتی ئەمریکا کرد، ئەویش لەگەڵ جۆرجینا سەردانی ئەوێی کرد. بۆیەکەمجار لەوەتەی بووەتە تیرۆریست، ترسی نەما و دڵنیابوو کە ئەمەریکییەکان لە گوللە دەیپارێزن.

ساڵی ١٩٧٨ هێزێکی ئاسایشی پڕ چەکی قوڕسی بەریتانی چواردەوری هوتێل هیلتۆنیان گرت کە کۆنفرانسێکی نێوەدەوڵەتی لە دژی تیرۆری تێدا بەڕێوە دەچوو. نوێنەرانی دەزگا هەواڵگرییەکان و ڕێکخراوەکانی ئاسایش لەسەرانسەری

جیهان کۆبوونەوە بۆ گفتوگۆکردنی ڕێگەکانی شەڕی تیرۆریزم کە ئێستا هەڕەشە لە زۆر وڵات دەکات و شرۆڤەی پەرەسەندەکانی بزووتنەوەی تیرۆرستیان لە ئەوروپا و ئاسیا کرد و نیگەرانی خۆشیان دەربڕی کە ڕەنگە تیرۆر لە ئەمەریکاش بدات. بۆیە پێشنیاری ئەوەیان بەرز کردەوە دەخوازێت شەڕ دژی تیرۆر لە دژی پەرەسەندنی زیاتری مەترسییەکان کاریگەرتر بکرێت.

دوو لە بەرپرسە باڵاکانی مۆسادیش ئامادەی ئەو کۆنفرانسە بوون، ئەوان بۆ ئەوە هاتبوون تا بزانن ئەوانی دی پێشبینیان بەرامبەر ئاراستەی جیهانی تیرۆر چییە. لە خستنەڕووەکانیاندا بەوە گەیشتن کە چالاکی تیرۆریستی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دایکبووە و موسڵمانێکی زۆر بەناوی "شەڕی پیرۆز" لە دژی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانیدا بە سەربازکراون. ئەلقاعیدە تازە هاتبووە دامەزراندن، بەڵام نوێنەرانی مۆساد پێشبینی ئەوەیان بەرز کردەوە کە لە چوارچێوەی تیرۆریستی توندڕۆی ئەوتۆدا، بەم زووانە شەپۆلێکی کردەوەی تیرۆریستی سەرهەڵدەدات و کردەوەکانی ڕابردوو دەشارێتەوە .

نوێنەرانی سی ئای ئەی بە گەرمی دەستی شاندی مۆسادیان گووشی و بۆ ئەو چاوکردنەوەیە سوپاسیان کردن. هەرچەندە باسیان لە هاوپەیمانی خۆیان لەگەڵ عەلی سەلامە نەکرد، بەڵام پێشتر مۆساد زانیاری لەوبارەوە هەبوو. لەدیدارێکی نافەرمی نێوان ئیسرائیلی و ئەمەریکییەکاندا لە بارەکەی هوتێلدا، یەکێک لە ئەندامەکەی مۆساد نیگەرانی خۆی لەبارەی پەیوەندی نێوان سی ئای ئەی و عەلی سەلامە دەربڕی، ئیسرائیلییەکان ئەوەیان بە ئاماژەیەک بینی لەبەرئەوەی عەلی هاوکاریانە، نابێت هیچ شتێکی نەخوازراوی بەسەردا بێت.

بە کردەنی ئەمەریکییەکان ئەو ئاماژەشیاندا. یەکێک لەوان لە ئەندامێکی مۆسادی پرسی: ئێوە چ دەڵێن؟ ئەگەر داواتان لێ بکەین هەر چ پلانێکتان

بەرامبەر ئەو پیاوە هەیە، بیخەنە لایەکەوە.

ئێمە دەتوانین داواکارییەکەتان بۆ سەرووی خۆمان بەرز بکەینەوە، بەڵام ناتوانین هیچ گفتێکتان بدەینێ.

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئێوە بە ئاگربەستی ناوزەد بکەن؟

لەوانەیە وا بێت، بەڵام زۆر شت هەیە عەلی سەلامە وەڵام بداتەوە.

ئەمەریکییەکان پێشبینی وەڵامی جیاوازیان دەکرد.

یەکێک لەوان پرسیاری کرد: بۆ لێخۆشبوون و لەبیرکردن بەلای ئێوە هێندە گرانە؟

ئیسرائیلییەکە گووتی: ئەگەر ڕاستیت دەوێت، خواش لێی ببورێت، ئێمە لێیخۆش نابین.

ئامادەکارییەکانی هۆنینەوەی پلانی لە کارخستنی عەلەی سەلامە زۆر بە خێرایی دەچووە پێش، دوای تاوتوێ کردنێکی زۆر، دواجار یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت پلانێکی ئەوتۆی داڕشت کە توانای سەرکەوتنی هەبێت، بەڵام یەکەکە بۆ جێبەجێکردنی پێویستی بە دۆزینەوەی خەڵکانێکی گونجاو هەبوو، بۆیە بڕیاریاندا خڕ بەرپرسیارێتیەکە بخەنە ئەستۆی ئەوانەی لەڕوودا کاندیدی نائاسایی بوون. کچێکی شۆخی ڕژدی جوو، باوکی ئەندازیارێکی بەریتانی بوو، دایکی ئەکتەرێکی چیکی بوو کە لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانییەوە لە پراگەوە ڕایکردبوو بەریتانیا، دواتر خۆی لەسەر شانۆی لەندەن بینیەوە. ئەو بە سەربازگیراوە لە گەڕەکێکی نوێی پایتەختی ئینگلیز پێگەیشتبوو، لە قوتابخانەی تایبەت خوێندبووی، پاشان بەشی جوگرافیای لە زانکۆی لەندەن خوێندبوو، قوتابییەکی ئاسایی بوو، بەڵام زۆر حەزی بە وەرزش و گەشتی دوور بە ئۆتۆمبیلە منیمۆرسەکەی دەکرد، چەند ساڵێکی لە ئوسترالیا لەناو خزمەکانی بەسەر بردبوو،

دواتر چووبووە زانکۆی عیبری لە ئۆرشەلیم، لەوێ چاوی بە گەورە ڕاوکەری مۆساد کەوت، کـچە شـــۆخە ئینگلیـــزەکە هەر زوو بە ئـــۆفەری چـــوونە ڕیـــزی یەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت ڕازیبوو، دوای مانگێک تێست و لێکۆڵینەوە، لە ڕیکخـراوەکە قبوڵکرا.

بە پاسـپۆرتێکی نوێـوە گەیشـتەوە لەنـدەن و ئەپارتمـانتێکی بە کـرێ گـرت، لە لایەن ئەفسەری سەرپەرشتیارەوە ڕێنوێنی درایـێ خـۆی لە پەیوەنـدیکردن لەگەڵ دۆست و خێزانەوە بە دوور بگرێت، بۆ ماوەی سێ مانگ خۆی لە ژووری نا نەبادا لەسەر شەقام ببیندرێت، هەروەهـا بە شـلەژاوییەوە لە چـاوەڕوانی ڕێنماییەکـانی مۆسادبوو.

لە کۆتاییدا وشەکە گەیشت، کەلوپەلەکانی خـۆی کـۆکردەوە و بەرەو ئەڵمانیـا فڕی، لەسەر داوای مۆساد لە زانکۆی فرانکفۆرت خۆی بۆ خوێندنی زانسـتی ڕوەک و زیندەوەرزانی ناونووسکرد، لەپێناو ئەوەی ڕاستگۆییەک بە چیرۆکە نهێنییـەکەی بـدات لقێکـی دەزگـای خێرخـوازی سـویدی دامەزرانـد بـۆ یارمەتیـدانی منـدااڵن لەسەرانسەری جیهاندا. زۆربەی کاتەکانی بۆ کارکردنی ئامـانجەکەی تەرخـانکرد و خۆبەخشەکانی ئەڵمانیای هێنایە ناو دەزگاکەی و دەستیان بە کاری خێرخوازیکرد، هەروەهـــا بەنـــاوی ئەو منـــدااڵنەی لەیارمەتییەکـــان ســـوودمەندبوون وتـــاری سوپاسگوزاری بۆڕۆژنامەکان دەنارد، لە کۆمەکەکـانەوە مـووچەیەکی هاکەزایشـی بۆ خۆی بڕیوە.

لەوکاتەی لە ئەڵمانیابوو، هەندێ ئەرکی ئاسایی بۆ مۆساد دەکـرد، بەاڵم ئەوانە جۆشی ئەویان دانەدەمرکاندەوە، چونکە هەستی دەکرد لەباریدا هەیە کاری زیاتر بکـــات، بەاڵم نەیـــدەزانی کەنگینـــێ ئەو داوایەی لـــێ دەکرێـــت. ئەفســـەرە سەرپەرشتیارەکەی هیچ زانیارییەکی لەبارەی پلانەکانی ئایندەی بۆ هەڵ نەدەمااڵی

تا ڕۆژێکیان پێی ڕاگەیاند، بەرەو بەیووت بفڕێت. کاتێک گوێی لە وردەکاری ئەرکەکەبوو، دەموچاوی گەشایەوە، چونکە ڕێک ئەو ئۆپەراسیۆنەبوو کە چاوەڕوانییبوو.

لە میانەی دڵۆپە بارانە بەلێزمەکەی لە پەنجەرەی فڕۆکەکەی دەدا کە لەسەروبەندی نیشتنەوەبوو، خانووەکانی بەیروت مژ و ناڕۆشن دیاربوون، دەریا خۆڵەمێشی و تۆفانبوو، کەنار ئاوەکان چۆڵ و مەلوولبوون.

نەفەرێکی سەرپەشی باڵا مامناوەند کە لە کۆنترۆڵی پاسپۆرت نۆرەی گرتبوو، وەکو گەشتیارەکانی دی هێمن و متمانە بەخۆ دیاربوو. بەڵام ئەو پۆشاکە خراپەی بەری نیشانی دەدا کە هێندە مەیسور حاڵ نییە، چاویلکەیەکی هاوێنە ئەستووریشی لە چاوبوو.

ئەفسەری چاودێری سنوور پاسپۆرتە بەریتانییەکەی کردەوە کە دوا مۆری دەرچوونی فڕۆکەخانەی فرانکفۆرتی پێوەبوو. کارمەندەکە بەڕێزەوە لێی پرسی: لە فرانکفۆرت چت دەکرد؟

ئەویش لەبارەی دەزگای خێرخوازی قسەی بۆ کرد و ئاگادارییەکانی سەرڕۆژنامەکان و وێنەی سوودمەندەکانی پێ نیشاندا.

ئەفسەری پاسپۆرت ڕێنوێنی هەبوو، ئەگەر تۆزقاڵێک گومانی لە گەشتیارێک هەبوو، پێویستە بانگی ئاسایشی بکات. ئەو بیانیانەی سەردانی لوبنانیان دەکرد ئەگەری کێشە بۆ دروستکردنیان هەبوو، بەڵام گەشتیارەکەی لە ئەڵمانیاوە هاتبوو وەک کارمەندی نووسینگەیەکی داماو دیاربوو، بۆیە چەند پرسیارێکی ئاسایی لێ کرد تەنیا بۆئەوەی وا نیشان بدات کە کارەکەی خۆی بەڕێکوپێکی ئەنجام داوە.

دەتەوێت لێرە چ بکەیت؟

من بایەخ بەو منداڵانەی لوبنان دەدەم کە پێویستیان بەیارمەتی هەیە.

تۆ کاری زۆر هەیە بیکەیت، بەتایبەتی لەگەڵ منداڵانی ئاوارەکان.

وەڵامی دایەوە: دەزانم.

پاسپۆرتەکەی بەڕێکەوتی ١ی نۆڤێمبەری ١٩٧٨ هاتنە ژووروەوە بۆ مۆر کرد.

کارمەندەکە گووتی: دەبوو تۆ لە هاوین بهاتبای، لێرە زستان سارد و تووشە.

سەری لەقاند و بە زەردەخەنەوە گووتی: بۆ جاری دادێ ئەوەم لە بیر دەبێت.

لە شوێنی وەرگرتنەوەی جانتاکان، جانتاکەی خۆی هەڵگرت، ئەفسەری گومرگ جانتاکانی نەپشکنی، تەنانەت ئەگەر بیپشکنیش با هیچ شتێکیان نە دەدۆزیەوە، کێ گومانی لە سیشواری قژ وشکردنەوەکەی دەکرد کە ئامێرێکی پێشکەوتووی ڕیموت کۆنترۆڵی تێدا بێت و بۆمبێکی چێنراوی گەورە بتەقێنێتەوە.

بە تاکسی بەرەو هوتێل مێریدیان ڕۆیشت کە لە پێشەوە ژوورێکی لەوێ گرابوو، ڕۆژی دواتر چووە نووسینگەی فرۆشتنی خانووبەرە کە لە نزیک هوتێلەکەبوو، هەر بەڕۆتینی ئەو ناوەی پشکنینی کە ئاخۆ تاقیب دەکرێت.

نووسینگەکە فۆرمێکی پێ پڕکردەوە کە ناو، ژمارەی پاسپۆرت، باری خێزانی و جۆری ئەو ئەپارتمانتەی داوای دەکات، لە خۆی دەگرت: سێ ژووری ڕاخراو لەسەر شەقامی قێردون هەم بۆ نووسینگە هەم بۆ ماڵ بەکاربێت. بۆیە بە مەبەستی گەڕان بەدوای ئەپارتمانتێکی شیاو بە ئۆتۆمبیلەکەی ئەو لەگەڵیدا ڕۆیشت. خاوەن نووسینگەکە گووتی: زەوقت گرانبەهایە. قێردون یەکێکە لە نوێترین شەقامەکانی شار، هەر باڵەخانەیەک دەرگەوان و لۆبییەکی ئامادەی هەیە، نیشتەجێبووەکانیشی لە ئەندامانی پەرلەمان، بەرپرسانی حکوومەت، نووسەران و هونەرمەندان پێکهاتووە. ناوچەیەکی زۆر خۆش و هێمنە.

خـــاوەن نووســـینگەکە ئەپارتمـــانتێکی زۆر نایـــابی لە نهـــۆمی شەشـــەمی باڵەخانەیەکی گەورە نیشاندا، بە خێرایی سەرێکی پێدا گێـرا و گـووتی لەگەڵکـاری منـدا ناگونجێت. لەڕاستیدا ئەو هیچی بەرامبەر ئەپارتمانتەکە نەبوو، تەنیا جێـیەکە هەو نەبوو.

لە شەقامی ڤێردون دوو ئەپارتمانتی دیکەی بەتاڵ هەبوو، سەردانی ئەوانیشـی کرد، لە کۆتاییدا یەکێکیانی هەڵبژارد کە لە نهۆمی هەشتەم بـوو، شـوقەکە زۆر بە جوانی ڕایەخرابوو و هەیـوانێکی گەورەشـی هەبـوو کە دەیـڕوانییە باڵەخانەکـانی سـەر شـەقامەکە، تێبینـی کـرد پەردەی پەنجەرەکـانی نهـۆمی چـوارەم هەمـووی داخراون، بەڵام دەیزانی کێ لەوێدا دەژیێت: ئەو پیاوەی هۆکـاری بـوونی ئەوە لە بەیرووت.

چووە هەیوانی بەرامبەر شەقامەکە. خاوەن نووسینگەکە بۆ دنەدانی تـا بڕیـار بـدات گـووتی: ئەوە هێمنـترین شـەقامی سـەنتەری بەیـرووتە و لەوە هێمنـتر نادۆزیتەوە.

هەرچەندە کرێیەکەی کەمێک بەرزتربوو لەوەی پێشبینی دەکرد، بەڵام سازانی نەکرد و گووتی: مـن ئەو شـوقەیەم دەوێـت. یەکسـەر هەقدەسـت و دوو مانـگ پێشینەی کرێی شوقەکەی بە کاش بە خاوەن نووسینگەکەدا. گرێبەسـتەکەی واژوو کرد و کلیلەکانی وەرگرت، کاتژمێرێک دواتر جانتاکانیشی گەیشتن.

نیشـتەجێبووە نـوێیەکە خـووێکی ڕێکـوپێکی هەبـوو، هەمـوو بەیـانییەک لە شوقەکەی دەچووە دەرەوە، کاغەز و شیر و بەرچـایی چێشـتی بـۆ خـۆی دەکـڕی، پاش ئەوە بە داتسۆنە بەکرێ گرتووەکەی سـەردانی کەمپـی ئاوارەکـانی دەکـرد لە پێنـاو مەزەنـدەکردنی بـڕی ئەو پـارەیەی کە داوای بـکەن. دوای گەڕانەوەشـی لە کەمپی ئاوەرەکان دەچووە ناو شوقەکەیی و دەرگـای لەسـەر خـۆی دادەخسـت و

چەند تەلەفۆنێکی پەیوەست بە کارە فریاگوزارییەکانەوە دەکرد. هەر کاتێکیش دراوسێکانی لەسەر پێبیلکەکانەوە دەبینی داوای بەشداریکردنی لە کاری خێرخوازی لێ دەکردن کە تەنیا ژمارەیەکی کەمیان سەریان دەهێنایە بەر.

ئێواران گلۆپی شوقەکەی بەردەوام داگیرساو بوون، حەزی بە شەوانەی شار نەبوو، لەبڕی ئەوە لە ماڵەوە دەمایەوە و گوێی بۆ مۆزیقا ڕادەدێرا و لە پەنجەرەوە چاودێری باڵەخانەکەی بەرامبەری دەکرد. ئەگەر کەشوهەوا خۆش با لە هەیوانی شوقەکەی دادەنیشت.

جگە لەوە پیشەیەکی دیکەشی هەبوو کە دراوسێکانی لێی بێئاگابوون. لە پەنجەرەوە چاودێری وادەی هاتن و گەڕانەوەی دوو ئۆتۆمبیلی جۆری لاندڕۆڤەر و شۆفرلێتی دەکرد کە لە دەرەوەی باڵەخانەی بەرامبەر بە شێوەیەکی ڕێکوپێک گەشتیارانی هەڵدەگرت و دەیبردنە ناو بارەگای فەتح و دەیهێنانەوە. ڕۆژانە ئۆتۆمبیلەکان لە کاتژمێر ٩ و نیوی سەرلەبەیانی دەگەیشتن و لە کاتژمێر ٥ و چارەگیش دەگەڕانەوە. زۆر بە جوانی ڕوخساری ئەو پیاوەی دەبینی کە دەیانهێنا و دەیانبردەوە، لە میانەی ئەو وێنانەی بەر لە سەردانی کردنی بۆ بەیروت پێی نیشاندرابوو، پیاوەکەی ناسیەوە، ئەو پیاوەش عەلی حەسەن سەلامە بوو کە لە نهۆمی چوارەمی باڵەخانەی بەرامبەر دەژیا. بەهۆی ئامێری پەیوەندیکردنی ئەلەکترۆنییەوە کە تایبەت بۆ ئەو پرۆسەیە پەرەی پێدرابوو، خشتەی کاتەکەی بۆ یەکەی تایبەت نارد .

بۆ چەند هەفتەیەک لە ئەپارتمانتی شەقامی ڤێدرون مایەوە. هاوکات لە ئیسرائیلیش ئامادەکارییەکان لە دوا قۆناغدابوون، بە پێی پلانەکە کەسێک لە زیورخەوە بە پاسپۆرتی بەریتانییەوە لە فڕۆکەخانەی بەیروت دادەبەزێت و خۆی بە بزنسمان دەناسێنێت. ناوی خۆی لە هوتێلێکی کۆرنیش تۆمار کردبوو،

ئۆتـۆمبیلێکی جـۆری ڤۆلکسـواگنی بەکـرێ گـرت. ئۆتـۆمبیلەکەی لە گەراجەکەی هۆتێڵ پارککرد. ڕۆژێک دوای گەیشـتنی ئەو، کەسـێکی دی لە کەنەدەوە گەیشـتە بەیروووت، خۆی بە نمایندەی کۆمپانیـایەکی نێـودەوڵەتی تـایبەت بە دروسـتکردنی پێداویستی خـوان ناسـاند کە لە هـۆتێلێکی دیـکەی کـۆرنیش دابەزیبـوو، ئەویـش ئۆتـۆمبیلێکی بەکـرێ گرتبـوو، لە نیـوە شـەودا بەرەو کەنـارێکی چـۆڵی نزیـک بەیروووت لێی خوڕی. پاش ماوەیەکی کورت ژمارەیەک سەربازی سەر بە وەزارەتی بەرگـری ئیسـرائیل بە بەلەمـی چـوپی پـڕ لە تەقەمەنـی لە کەنـارەکە دابەزیـن و بەلەمە چـووپەکە بـۆ نـاو دەریـا گەڕایەوە، پیاوەکـانیش بەرەو ئەو گەراجە لێیـان خـوڕی کە هـاوڕێ بەریتانییەکەیـان ئۆتـۆمبیلەکەی خـۆی لـێ پـارک کردبـوو. گەراجەکە تاڕادەیەک چۆڵ دیاربوو کە بـۆ ئەنجامـدانی چـالاکی نهێنـی دۆخێکـی بێوێنەیە.

جووتە بەناو بزنسـمانەکە کە لە بـنەڕەتەوە ئەنـدامی یەکەی تـایبەتی سـەر بە مۆسادبوون، تەقەمەنییەکانیان بۆ ناو ڤۆلکسواگنەکە گواسـتەوە و بـۆ بەکارهێنـان ئامادەیـان کـرد وەک ئەوەی لە ئیسـرائیل ڕاهێنانیـان کردبـوو. لە پاشـدان ئۆتۆمبیلەکەیان بەرەو شـەقامی ڤێـردون لـێ خـوڕی و بە وریـاییەوە لە دەرەوەی باڵەخـانەی عەلـی سـەلامەیان پـارککرد. ئەنـدامانی بـلاک سـێپتەمبەر پەنـدیان لە پەلامارەکانی مۆسـاد دژی فەرمانـدەکانی ڕێکخراوەکەیـان وەرگرتبـوو، بـۆیە هـیچ سەرکردەیەکیان سواری ئۆتۆمبیلەکەی نەدەبـوو، ئەگەر لە لایەن پاسـەوانەکانیەوە نەپشـکنرێت. لەبەر ئەوە، مۆسـادیش بڕیاریانـدا تەقینـەوەکە لەنـاو ئۆتۆمبیلێـک دانـانێن و لە نزیـک ئۆتـۆمبیلی قوربـانییەکە پـارک بکرێـت نەک لەنـاو ئۆتۆمبیلەکەیدا.

لە پەنجەرەی ئەپارتمانتەکەیدا ژنە جەنگاوەرە نهێنییـەکە بە دەمـار گـرژییەوە سەیری دەکرد، کاتێک شوفێری ڤۆلکسـواگنەکەی بینـی بە هانگـاوی جێگیـرەوە لە

ئۆتۆمبیلەکە هاتە خوارەوە و دوور کەوتەوە و لە شەقامەکە ونبوو.

هەموو شتێک ئامادەبوو: تەڵەی مردن، پل وەنان بە دوگمەی ڕیموت کۆنترۆڵ، ئۆتۆمبیلی قوچاندنی ئەنجامدەرانی پەلامارەکە.

ئەو شەوە خەو نەچووە چاوی، چونکە تەواو لە سەرکەوتنی ئۆپەراسۆنەکە دڵنیانەبوو: گوڕانکارییەکی بچووک لە پلانی ئامانجەکە، هەڵەیەکی پەیوەند بە ئامێری تەقینەوەکە،یان هەڵەیەک لەڕیموت کۆنترۆڵەکەدا. هەروەها لەو ساتەدا تەواوی دەزگای هەواڵگری ئیسڕائیل پشتیان بەو قایمبوو.

بەرەبەیانییەکی زووی ڕۆژێکی ساردی ناوەڕاستی کانوونی دووەمی ١٩٧٩ لەبەردەم پەنجەرەکەی وەستا، شەقام چۆڵبوو، هیچ گیانلەبەرێک لەسەر شۆستەکان دیارنەبوو، تەنانەت ئۆتۆمبیلیش لە شەقام نەبوون. هێشتا دوکانەکان داخراوبوون. بەڵام ئەو جەنگاوەرە نهێنییە کەلوپەلەکانی خۆی لەناو جانتاکەیدانا و بردیە ناو سندوقی ئۆتۆمبیلەکەیەوە، چونکە نەیدەویست هیچ شتێک بۆ دوا خولەک بە جێبهێڵێت .

هەرچەندە ئێوارەکەی عەلی بینیبوو کە گەڕایەوە ماڵ، بەڵام ئەم بەیانییە نەیبینی لە ماڵ دەربچێت، تا درەنگانیش نەیبینبوو بگەڕێتەوە. بۆیە بە شڵەژاوییەوە لە چاوەڕوانی گەیشتنی هەردوو ئۆتۆمبیلەکە بوو کە بێن و هەڵیگرن. عەلی سەلامە لە ماڵەکەیدا لەگەڵ جۆرجینای هاوژینی نانی دەخوارد کە لەڕۆژانی کۆتایی دووگیانی دووەمیدابوو. عەلی بەڕێگەی چوونی بۆ بەشداری کردنی کۆنگرەی ئەنجوومەنی فەڵەستین بوو کە هەر شەش مانگ جارێک لە دیمەشق دەبەسترا، بە هاوژینەکەی گووت سبەینێ دەگەڕێتەوە.

جۆرجینا گووتی: ئاگاداری خۆت بە.

عەلی گرژییە و گووتی: دیمەشق بۆ من سەلامەتترین شوێنی سەر گۆی زەوییە. کاتژمێر ٣ و ٤٥ خولەک ئاسایشەکانی عەلی گەیشتن بۆئەوەی بیگەینن فڕۆکەخانە، ماچی ماڵئاوایی لە هاوژینەکەی کرد و گووتی: بیرت دەکەم.

جۆرجیناش چرپاندی و گووتی: منیش بیرت دەکەم، خوات لەگەڵ.

عەلی سواری شۆفڵێتەکەبوو، پاسەوانەکانیشی سەرکەوتنە سەر لاندڕۆڤەرەکە، ڤۆلکسواگنە بە کرێ گیراوە بۆمبڕێژەکە چەند مەترێک لەولاتر وەستابوو.

ساتی هاتووە.

لە پشت پەردەی پەنجەرەکەوە چاوێکی بە شەقامەکەدا گێڕا و پلی بەڕیمۆت کۆنترۆڵەکە نا، تەقینەوەیەکی گەورە لەڤۆلکسواگنەکە کەوتەوە و پارچە پارچەبوو، تەنانەت پەنجەرەی باڵەخانەکانی ئەو ناوەش ورد و خاشبوون. شۆفڵێتەکە گڕی گرت و عەلی بە قوڕسی بریندار ببوو، کات ٣ و ٥٥ خولەکبوو.

کاتێک جۆرجینا گوێی لە تەقینەوەکەبوو، ڕایکردە هەیوانەکە و دووکەڵی بینی لە ئۆتۆمبیلی هاوسەرەکەی بەرز دەبێتەوە و قیژاندی، دیارە دڵی خەبەریدابوو کە بۆ هەتایی عەلی لە دەست دەدا.

شەقامی ڤێردون پر بوو لە خەڵک، هەموو بەرەو شوێنی تەقینەوەکە چوون، ئەمبولانس و ئۆتۆمبیلی پۆلیس گەیشتنە شوێنەکە .

جەنگاوەرەکە سواری ئۆتۆمبیلەکەی بوو و بە خشکەیی بەناو ئەو قەرەباڵغییە ئەپارتمانەتەکەی بەرەو هوتێل مێریدیان بە جێهێشت، کە گەیشت چووە لۆبیەکە و لەسەر قەنەفە چەرمییەکە پاڵکەوت، چونکە بۆ دیداری ئەندامی تیمەکەی لەسەر کەناری دەریادا چەند کاتژمێرێکی لە پێش مابوو. یەکسەر داوای قاوەی کرد و کەوتە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان، دیمەنی تەقینەوەکە لەسەر شاشەی

تەلەفزیۆنەکە پیشان دەدرا، کامیرا وێنەی عەلی بە سەر دارەبازەوە نیشاندا.

دوای ئەوەی دنیا تاریکبوو، بە ئۆتۆمبیلەکەی بەرەو کەنارە چۆڵەکەی باشوور ڕۆیشت، دوو پیاوەکەی تەقینەوەکەیان ئامادە کردبوو پێش وی لەوێ چاوەڕوان بوون، دوای ماوەیەکی کورت بەلەمێکی سەر بە هێزی دەریایی ئیسرائیل هاتوو هەڵیگرتن.

بەندەری حەیفا لە تاریکیدا نقوم ببوو، کاتێک هەر سێکیان ڕۆیشتن. هەواکەی زۆر ساردبوو، نەرمە بارانێکیش دەباری، ئۆتۆمبیلێکییەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت ئەوانی بەرەو تەلئەڤیڤ گواستەوە. ئەرکەکەیان تەواو بوو.

بەڵام هێشتا پرسێک هەبوو مایەی بایەخدان بێت. حکوومەتی ئیسرائیل نوێنەری خۆی نارد لای کوڕەکەی ئەحمەد بوشیکی، ئەو پیاوەی لە لیلەهامەر بە هەڵە کوژرا، بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بڕەی پێویستە بدرێتە خێزانەکەی. دواجار کوڕەکە بە بڕی ٤٠٠ هەزار دۆلار قایلبوو لەبەرامبەر وازهێنانی لە تۆمارکردنی سکاڵا دژی دەوڵەتی ئیسرائیل.

سیلڤیا لەوکاتەی لە ژووری نانخواردن قاوەی دەخواردەوە، لە ڕۆژنامەکانی بەیانی هەواڵی کوشتنی عەلی سەلامەی خوێندەوە. سیلڤیا و ئایناس لە باشوری ئەفریقا لە شاروچکەی گرافڕێینت لە نزیک ماڵی خێزانەکەی خانووێکیان بۆ خۆیان کڕیبوو. دوای ئەوەی ئایناس خانەنشینبوو گواستیانە باشوری ئەفریقا، هەرچەندە سیلڤیا پێشتر پێشنیاری کردبوو ماڵیان ببەنە ئیسرائیل، بەڵام ئەم پێشنیارە بێ کەموکوڕی نەبوو، ئایناس عیبری نەدەزانی و لەوەش دڵنیانەبوو کە ئاخۆ دەتوانێت لەگەڵ ژیانی ئەوێ خۆی ڕابهێنێت. جگە لەوەش خێزانی سیلڤیا گوشاریان لێ کردن بێنە باشوری ئەفریقا. دایکی نامەیەکی بۆ سیلڤیا نووسیبوو کە دوای ئەو هەموو دابڕانە، خێزانەکەی پێشبینی دەکات سیلڤیا بگەڕێتەوە باوەشی،

"له خوا دەپاڕێمەوە پێش مردنم کاتێکت لەگەڵ بەسەر بەرم". سیلڤیا بەو نامەیە زۆر کاریگەربوو، بە هاوژینەکەی گووت: "دەمەوێ قەرەبووی ونبوونی چەند ساڵەم بۆ دایکم بکەمەوە." ئایناس لە هەستەکەی گەیشت و پێی گوت، من خۆم بۆ خانەنشینبوون و بەسەربردنی ژیانی ماوەم لەگەڵ سیلڤیا لە باشوری ئەفریقا ئامادە دەکەم.

هەتاو گەیشتبووە مێزی نانخواردنی بەیانی و باخچە جوانەکە، بەڵام سیلڤیا لە خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکانی تایبەت بە لەناوبردنی عەلی سەلامە لە بەیروت بەردەوامبوو. ڕۆژنامەکە لەبارەی بەرپرسیاری ڕووداوەکە هیچی نەنووسیبوو، بەڵام سیلڤیا بۆ ساتێکیش بە گومان نەبوو کە مۆساد دەستی تێدا نەبێت .

ڕووی لە ئایناس کرد کە لەسەر مێزی نانخواردن لە پاڵی دانیشتبوو، گووتی: ئەوە بخوێنەوە، بەڕاستی وتارێکی گرنگە.

بە وردی خوێندیەوە و پێکەنی و گووتی: پێدەچێت بازنەکەمان تەواو کردبێت.

خۆشحاڵم بەوەی دواجار دادپەروەری هاتەدی.

ئایا پەشیمانی لەوەی بەشدار نەبوویت؟

بێگومان.

ئایناس ماچێکی سیلڤیای کرد و بەمەبەستی کڕینی چەند کتێبێک لە سەنتەری شار چووە دەرەوە، کاتێک گەڕایەوە ماڵ سەری سوڕما کە سیلڤیای بینی پاڵ کەوتووە و چاوەکانیشی داخستووە. ئەمە چاوەڕوان نەکرابوو، چونکە برادەران بۆ نیوەڕۆ داوەتیان کردبوون، دەبوو ئێستا سیلڤیا خۆی گۆڕی بـا و ئامادەی ڕۆیشتن با.

بە نەرمی دەستی بە دەموچاویدا هێنا، بەڵام بینی تایەکی گەرمی هەیە.

سیلڤیا چاوەکانی کردەوە و گووتی: ئایناس داوای لێبوردن دەکەم، پێموایە نەخۆشم. ئایناس پێشنیاری داواکردنی پزیشکی کرد، بەڵام سیلڤیا ڕەتی کردەوە و گووتی: تەنیا هەڵامەتێکی خراپم گرتییە، ئەوەش تێدەپەڕێت.

دوای تێپەڕبوونی دوو ڕۆژ تایەکەی هەر دانەبەزی و گەدەشی ئازاری هەبوو، بۆیە بە داواکردنی پزیشک ڕازیبوو. پزیشکەکە جوانی پشکنی و گووتی: هیچ شتم نەدۆزیەوە، بەڵام بۆ تێست دەبێت بچێتە نەخۆشخانە، ئەوان دەتوانن باشتر دۆخەکەی دیار بکەن.

ئەنجامەکە دوای ٢٤ کاتژمێر دەرکەوت و تووشی شۆکیکردن. سیلڤیا و ئایناس لە نووسینگەی بەڕێوەبەری نەخۆشخانە دانیشتن و بە دەموچاوێکی خەفتبارەوە گووتی: داوای لێبوردن دەکەم، هەواڵی باشترم بۆ ئێوە نییە. سیلڤیا زەرد هەڵگەڕا، ئایناس هەتا توانی بە تووندی باڵی گرت، کاتێک پزیشک پێی ڕاگەیاندن کە سیلڤیا تووشی پەنجەشێر بووە.

هاوسەرەکەی پرسی: ئایا چارەسەری هەیە.

ئێمە هەموو شتێک دەکەین بۆ ئەوەی تەندروستی هاوژینەکەت باش بێت، لەوانەیە نەشتەرگەری بۆ بکەین، لەوانەشە نەیکەین، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا چارەسەری کیمیاوی پێویستە...

سیلڤیا و ئایناس گوێیان لە هەموو قسەکە نەبوو، لەوێ دەست لەناو دەست دانیشتن. بەیەک گورز هیوای بەسەربردنی ژیانێکی درێژ بەیەکەوەیان نەما.

ئایناس گفتی دایێ و گووتی: ئەمسەر و ئەوسەری دنیات پێ دەکەم. باشترین پزیشک و دەرمانت بۆ پەیدا دەکەم. ئێمە بەیەکەوە شەڕی ئەو دەردە دەکەین تا بەسەریدا زاڵ دەبین.

سیلڤیا بە لێوە لەرزەوە گووتی: ئایا دڵنیای سەرکەوتوو دەبین؟

هاوسەرەکەی بەڕووی پێکەنی و گووتی: بێگومان، تۆ دەزانـی ئـێمە هەردووکـمان بە جەنگاوەری لە دایکبووینە.

بـۆ چارەسـەرکردنی سـیلڤیا باشـترین پزیشـک هێـنرا، بەڵام زۆر درەنگبـوو. پەنجەشـێرەکە بەنـاو جەسـتەیدا بڵاوببـووەوە و ئـازارێکی دژواری هەبـوو، ئەو خۆشی نەیدەزانی دۆخی تەندروستی چەندە خراپە، چـونکە پزیشـکەکان هەمـوو ڕاستییەکەیان پێ نەگووت.

ڕۆژێـک بە هـاوژینەکەی گـووت: لەوە دڵنیـا نـیم، چارەسـەرییەکان یـارمەتیم بدەن. ئایناسیش وردە وردە گەشبینی لە دەست دەدا، چاوی لەسەر هـاوژینەکەی بوو کە ڕۆژ بەڕۆژ کێشی لە کورتی دەدا، قژی دەوەرین، دەموچاوی درێژ دەبوو و هێسکەکانی دەرپەڕیبوون.

لە پێناو دڵشاد کردنیدا، ئایناس گەشتێکی دەریایی بە سەرانسەری جیهاندا پـێ کرد، ژووریێکی شازیان لە سەرەوەی کەشـتییەک گـرت و بە چـوارەدەوری دەریـای کـاریبی و خـواروو ڕووبـاری یـانگتزی چـین و ڤینیسـیا، نـاپلس، کازابلانکـادا سوڕانەوە. سیلڤیا هەموو هەوڵێکی خۆیدا تا بە ئاسـایی و دڵخـۆش دەرکەوێـت و ئەنـدازەی ئەو ئـازەرەی هەیبـوو دەرنەخسـت، بە نهێنـی حەبـی ئازارشـکێن و ئارامبەخشی دەخوارد، بەسەر حەلەبەی دانس بازیدا و مەلەوانی کرد و لە گـازینۆ قومـاری کـرد. هەسـتێکی لە لا گەڵاڵە بـوو کە ئەوە دوا گەشـتی دەریـایی ژیـانی دەبێت.

لە دوا ئێوارەی گەشتە دەرییەکەدا، لە کاتێکدا لەسەر کەشـتیەکە وەسـتابوون و سەیری خۆر ئاوابوونیان دەکرد بە ئایناسی گووت: نـازانم چـۆن بـۆ ئەو هەمـوو خۆشییەی بە منت بەخشی سوپاست بکەم.

ئایناس باوەشی پێدا کرد و لە دڵەوە بە کوڵ گریا، چونکە تێگەیشت کە ئەوە خواحافیزکردنە. بۆ چەند ساڵێک پزیشکەکان توانیان چارەسەری بکەن، بەڵام دواجار پەنجەشێرەکە لە جاران بەهێزتر دەرکەوتەوە.

سیلڤیا و ئایناس بۆ ماڵئاوایی لە هاوڕێکانیان لە ئۆسڵۆ و برادەرانی سیلڤیا لەڕامات هاکۆڤیش دوا گەشتیان بۆ نەرویج و ئیسڕائیل کرد. سیلڤیا بارۆکەی لەسەرنابوو و لەسەر عارەبانەی دەستی دانیشتبوو، هەرچەندە خۆی وا نیشان دەدا کە تەندروستی باشە، بەڵام نەشی دەتوانی ڕاستی بشارێتەوە. لە کیوبیتز باوەشی بە ژمارەیەک هاوڕێدا کرد و گووتی: من دەمەوێت دوا ساتی ژیانم لە ئیسڕائیل بەسەر بەرم، بەڵام زۆر قەرزاری بنەماڵەکەمم، من خۆم لەوان دابڕاند، کاتێک گەنج بووم و بۆ ماوەی چەندین ساڵ یەکدیمان نەبینیەوە، بۆیە لەو ڕۆژەی جێم هێشتوون قەرزاریانم. بەر لەوەی ڕامات جێ بهێڵێت، حەداس و ساموئێل ئەلبومێکی وێنەیان پێیدا و بە چاوی پر لە فرمێسکەوە ماڵئاواییان لێی کرد، چونکە هەموویان دەیانزانی جارێکی دی نایبینەوە.

لە ئیسڕائیلەوە سیلڤیا و ئایناس بەرەو باشوری ئەفریقا گەڕانەوە کە دوا شوێنی بوو، هەردووکیان پێوەبوون باشترین ڕۆژەکانی ماویانە بەیەکەوە بەسەری بەرن، باسیان لەڕابردوو و ئێستا دەکرد، بەڵام خۆیان لە باسکردنی ئایندە بە دوور دەگرت.

دوا نامەی بۆ ئەڤیڤا نارد کە هاوڕێیەکی سەردەمی کارکردنی لە مۆساد بوو، کە تێیدا بە گیانی گەپەوە نووسیبووی:

پەنجەشێر خەسڵەتی باش و خراپی هەیە، ئەگەری زۆرە بە سەر ڕوتاوەیی بمرم، بەڵام بەهۆی نەخۆشیەکەمەوە هەموو ئەوانەم لەڕوخسارمدا تۆڕ هەڵدا کە حەزمان پێیان نەدەکرد، خەسڵەتێکی دیکەی ئەوەیە: ئێستا سێ بارۆکەم هەیە و

خۆشی لە هەموویاندا دەبینم.

لە ٨ی شوباتی ٢٠٠٥ لە تەمەنی ٦٨ ساڵیدا، سیلڤیا لە هۆش خۆیچوو، بە پەلە گەیەنرایە نەخۆشخانە و بۆ ڕۆژی دواتر کۆچی دواییکرد.

لە وەسیەتنامەکەیدا داوای کردبوو لە گۆڕستانی ڕامات هاکۆڤیشدا بە خاک بسپێردرێت، ئەو نووسینەی لەسەر کێڵی گۆڕەکەیدا نووسراوە لە لایەن هاوڕێکانی لەیەکەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت بڕیاری لێدراوە.

"بە هەموو دڵ و گیانەوە ولاتەکەم خۆشویست کە کاتیشم هات لە خاکەکەیدا نێژرام"...

لۆگۆی مۆسادیش لە تەنیشت نووسینەکە نەخشێندراوە.

سیلڤیا لە بەشی سەربازی گۆڕستانی کیبوتز لەسەر گردێکی بچووکی چواردەوردراو بە بێستانی پرتەقاڵ نێژرا لە نزیک گۆڕی ئەوانەی لە شەڕی سەربەخۆیی ساڵی ١٩٤٨دا گیانی خۆیان بەختکرد بۆ مانەوەی گەلی جوولەکە لەسەر خاکی خۆیدا کە سیلڤیا لە پێناو هەمان ئامانجدا درێژەی بەڕێبازەکەیاندا.

شوێنی دوا بارەگاکەی هێمای ژیانی لە هەموو شوێنێک دەدات و دەڕوانێتە سەر کیبوتز کە لە لای زۆر خۆشەویست بوو، هەروەها بەشێکی دانەبڕاوی ولاتە کە زۆربەی ژیانی خۆی بۆ بەختکرد و لەم ڕێگەیەوە تووشی مەترسی گەورە بوویەوە. کیبوتز بەمە کارێکی گەورەی کرد کە ڕێگەیدا ئافرەتێکی نا جوو لەسەر خاکەکەیدا بنێژرێت. لەڕۆژهەلاتەوە دیمەنی منارەکانی تیرا هەبوو، نزیک گوندی عارەبان کە شار و دانیشتووانەکەی هێڵی پشتەوەی زۆر لەو ئۆپەراسیۆنانە بوون کە سیلڤیا تێیدا بەشداربوو، هەم لە ناوچەی دوژمندا هەم لەڕاوەدوونانی تێرۆریستانی ڕێکخراوی فەلەستیندا. دوا ئارامگەی چەندە سیمبوڵییە: لەڕۆژئاواوە،

کـــێڵگەی ســـەوز و چەهـــچەهەی باڵنـــدەکان و بـــۆنی لیمـــۆ و پرتەقـــاڵ، لەڕۆژهەڵاتیشەوە دەنگی بانگ لەگەڵ شنەی بای شەماڵ دێتە گوێچکان.

لەڕێوڕەســـمی ناشـــتنیدا وتـــار لە لایەن هـــاوژینەکەی و ســـەرۆکی مۆســـاد خۆێنـــدرایەوە و مایـــک هەراری گـــووتی: تـــۆ خـــۆێنی ئیمراتۆریـــای شـــاهانە لە دەمارەکانتدابوو، جەنگاوەرێکی نهێنی ڕاستگۆ بوویت، نوێنەرێکی دڵسۆزی گەلـی ئیسرائیل بوویت، هەوڵەکانت بۆ سەرکەوتن ڕاستگۆ بـوون، زیـاتر لە جارێکـدا بـۆ ئەنجامدانی کاری مەحاڵ ژیانی خۆت خستە مەترسییەوە، سیلڤیا تۆ لە هەموومان چووی.

لە چواردەورەی گۆڕەکەیدا کە زۆربەیان لە هـاوڕێ و هـاوەڵە جەنگاوەرەکـان ونوێنەرانی مۆساد بوون بە چاوی پڕ لە فرمێسـکەوە سـەری خۆێـان دانەواندبوو. زۆرێکیان بە شەخسی دەیانناسی و پێکەوە بەشـداری ئۆپەراسـیۆنی خەتەرناکیـان کردبوو و لەویەوە فێری خۆشەویستی بۆ ژیـان و هەڵکـردن لەگەڵ بارودۆخەکـان ببوون. تەنیـا ئەبراهـان گەمەر کە یەکەم مامۆسـتای بـوو، دواتـر بـووە ئەفسـەری سەرپەرشتیاری لە پاریس و ئەنـدامی هەمـان تیمـی لیلەهـامەر، لەڕێوڕەسـمی بە خاکسپاردنیدا لەوێ ئامادەنەبوو، بەڵام لە سەنتەری بوژانەوە هەواڵـی مـردنەکەی پێگەیشـــت، هـــاوژینەکەی کە ســـیلڤیای دەناســـی لەڕیوڕەســـمەکەدا گـــووتی: هاوسەرەکەی فرمێسکی زۆری باراند کاتێک گوێبیستی مردنی قوتابیەکەی بوو.

لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا ئایناس خۆی لە مۆتی کیفر، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئۆپەراسیۆنی تایبەت نزیک کردەوە و هەردووکیان باسی سیلڤیایان کرد و گـووتی: "هیوادارم ڕۆژێک کتێبێک لەبارەی سیلڤیاوە بنووسرێت".

دوای ڕێوڕەسمەکە ئامـادەبووان بەرەو ئەو پێشـانگای وێـنەیە ڕۆیشـتن کە بـۆ یادەوەری سیلڤیا لە سـەنتەری فەرهەنگـی کیبـوتز ڕێکخرابـوو، پێشـانگاکەش ئەو

وێنانەی لەخۆ دەگرت کە لە ساڵانی بەرایی کارکردنی وەک خۆبەخش لە ئیسرائیل یان ئەوانەی لە ژێر ناوی پاتریشیا ڕۆکسنبێرگ لە وڵاتانی عەرەبی و لەگەڵ برادەرەکانی لە کیبوتز و هاوژینەکەی کە لەڕۆژانی کۆتاییدا ئاگاداریبوو، گرتبوونی. لە زۆربەی وێنەکاندا هەمیشە ڕوو بە خەندە و کەیفخۆش دیاربوو، هەروەها لەگەڵ ئەرکە قورسەکاندا هێمن و لەسەرخۆبوو کە ئەم ئەرکەی بە ویستەوە خستبووە ئەستۆی خۆیەوە.

دوا وتە...

هـیچ چیرۆکێـک بە دروسـتی بە کۆتـا نـایەت و هەر کەسـێکیش لە ژیانیـدا تایبەتمەندی خۆی هەیە و گشتگیر نییە. ئایا ئـێمە لەم کتێـبەدا توانیومـانە تەواوی لایەنە جۆراوجۆرەکـانی سـیلڤیا وەک هەیە وێنـا بکەیـن؟ ئایـا ئەو ڕووداوانەی باسمان کردوون، بە دروستی پێشان دەدەن سیلڤیا ڕافائێل کێیە؟ مەرج نییە.

لە مـاوەی کارکردنمـدا لە مۆسـاد، هاوڕێیانێـک بە مەبەسـتی گەڕان بە دوای ئەوەی چی وایکردووە ئەم کەسـە لە کەسـانی دی جـودا بێـت، بۆچـوونی خۆیـان دەربڕیووە.

لەم سـاڵانەی دواییـدا، لە میـانەی میـدیا، کتێـب و فلیمەکـانەوە، هەنـدێک لە پاڵەوانە مەزنەکانمان، وەکوو: ئیلی کۆهین، وڵفگانگ لـۆتز، بـارۆخ مزراحی،یاکۆڤـا کۆهین، ماکس بێنێت، ئێستاش سیلڤیا ڕافائیل، پەردەیان لەسەر لادراوە.

ئایـا خەڵـک بە شـێوەیەکی باشـتر بە ژیـانی ئەوان ئاشـنابوون لەوەی پێشـتر هەبوو؟ ئایا پاڵنەر، بڕیارەکان و ئەو ڕێچکەیەی ئەوانی کـرد بەوەی بـوون، ئەمـڕۆ ڕوونترن؟ گومانم هەیە.

من پسپۆری بواری دەروونی مرۆ نیم، تەنیا دەتوانم باس لەڕووداوەکان بـکەم، ئەوی دی بۆ خوێنەران جێدەهێڵم بۆئەوەی چۆن بخوازن، شیبکەنەوە.

پاڵەوان، گەورە ئەکتەری سەر شـانۆی مێـژووە، بەڵام زۆرجـار قەدەر وادەکـات کەسێک ببێت بە پاڵەوان کەڕەنگە خۆی ئەوەی نەویست بێت.

ئایا ئەوانە لە خەڵکی دی دەستکەوتی زیاتریان بە دەستهێناوە؟ مەرج نییە.

ئایا ئەوانەی بوونەتە ئەفسانە، خاوەن خەسڵەتی تایبەتبوون؟ ئایا باوان و مامۆستاکانیان پێشبینی ئەوەیان لێ دەکردن؟ بە گومانم.

دراماى ڕاستەقینە لە تێکەڵیەکی کار، بڕیار، کۆت، ئالینگاری و شەونخوونی پێکهاتووە.

بەخت یاوەرم بووە، چاوم بە زۆرێک لەوانە بکەوێت یان کاریان لەگەڵدا بکەم، بەڵام هیچ یەکێکیان لە ئەوی دی ناچێت. هەیانبووە بە ئەزموون هێزی چاودێری کردنی ئەوتۆی لا گەڵاڵە بووە بتوانێت بە خێرایی و بە وردی خەڵک و بارودۆخ هەڵسەنگێنێت. ئەو جۆرە خەڵکە بە دوور لە چاوی گشتی هەست بە ئاسودەیی دەکەن، تەنانەت ناسین و شۆرەتیشیان نەویستووە.

سیلڤیا پارچە قوماشێکی جودابوو، تەنانەت ئەوکاتانەی لە سێبەرێشدا ژیاوە وەک ئەکتەرێکی ناوداری سەر شانۆ بووە و بەردەوام لە بەرەوپێشچووندا بووە، بە شێوەیەک کاری کردووە وەک ئەوەی بزانێت ڕۆژانی ژیانی دیاریکراوە و کاتێکی زۆری بۆ بەجێگەیاندن لە بەردەست نەماوە.

بە حوکمی دانایی و زانیارییە فراوانیەکانیەوە توانای چارەسەرکردنی گرفتەکانی هەبوو، لە زۆر بواردا ئافرەتێکی هۆشمەند و پڕ زانیاریبوو، بە ئاسانی دەیتوانی متمانەی خەڵکی جۆراوجۆر بە دەست بهێنێت. جگە لە هەست بەرزییەکەی بەرامبەر گەلەکەیەوە، هاوکات ببووە بەشێکیش لە مێژووەکەیەوە.

هەرچەندە بە پێی ڕێساکان، جووش نەبوو، بەڵام بەرامبەر گەلی جوو و ئاینەدەکەی زۆر پابەندبوو. ئاخر ئەو وەک خۆبەخشێک ئامادەی هەموو قوربانیدانێک بوو.

ئەم کتێبە تایبەتە بە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی سیلڤیای ئافرەت و جەنگاوەر،

لێرەوە دەمەوێت سوپاسێکی گەرمی ڕام ئۆرێن بکەم کە بە باسکردنی ڕووداوەکان مێژووی ئێمەیان دەوڵەمەندتر کردووە. سوپاس بۆ میرای هاوژینم، دایک و باوکم (بێلا و یەهودا)، کە بەردەوام لە سرووشتی کارەکەمیان دەپرسی و لە کۆتاییدا توانیان شتکی لێ هەکرێنن، هەردوو کچەکەم (شیرلی و ئیفرات) بۆ بەرگەگرتن و سینگفراوانیان کە جاری وا هەبووە بۆ چەندین ڕۆژ لە دەرەوەی ماڵ ماومەتەوە بێ ئەوەی بتوانم هۆکاری لە ماڵ نەبوونمیان بۆ باس بکەم، سوپاس بۆ یۆسکە یارقی فەرماندە و هاوڕێم کە فێری کردم کاری هەواڵگری هەم هونەرە هەم پیشە.

سوپاسی پشتیوانی و هاندانی هاوڕێکانم و ئوڕ، تال، مەی و عومەری نەوەزاکانم دەکەم، بەو ئاواتەی ئەم کتێبە وەک شایاد و میرات خزمەتیان بکات. سوپاسی چارەنووس دەکەم کە منی کرد بە بەشێک لەو شیکردنەوەیە.

"ئەگەر جارێکی دی ئەمانە هەمووی ڕووبدەنەوە، خۆزگەی هیچ جیاوازییەک ناخوازم' (ئەلێکسەندەر پێن)

مۆتی کفیر